



Raman

RAMAN

136


مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی سێزدە/ ئەیلوولی ٢٠٠٨



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**

قەرەنی جەمیل



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


## ● دەق

– ئاورنگی پەرستن/ نەوزاد ڕەفعەت/ 3
– با.. ئەی جانانەترین با/ کەریم دەشتی/ 5
– تاڵە تیشکەکان/ سەباح ڕەنجدەر/ 9
– دلۆپا هێڤیێ/ عومەر دڵسۆز/ 12
– سروودی سەرفرازی/ لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیرباڵ/ 14
– داشی دامە/ حەکیم کاکەوەیس/ 20
– مەرگ و بیرە خەو/ ئەمین گەردیگلانی/ 24
– دوو لاقەکان کەی دەکەون؟/ کامیار ئەحمەدی/ 26
– هێسترێن من یێن رەشک/ سوزان سامانجی/ 28
– ژنی زیادی/ لە فارسییەوە: یاسین ئەمین پوور/ 30

## ● هەڤپەیڤین

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ
(د. ئازاد حەمەشەریف)/ ئا: ڕامان/ 37

## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

– ڕاوچی چرکە/ عەبدوڵڵا قەرەداغی/ 55
– چەند سەرنج و بۆچوونێک لەبارەی چیرۆکی کوردی لە
حەفتاکاندا/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل/ 61
– کاریگەری چەمکی خەون لە نۆڤلێتی
(خەونی جاڵجاڵۆکەکان)دا/ شوکر سلێمان/ 70
– ئەورووپا و ئەوانەی تر/ لە تورکییەوە: یووسف عیزەدین/ 78

## ● ئەزموون

– ئەزموونگە/ عەبدوڵڵا سەڕاج/ 84

## ● بیرەوەری

– کتێبی «گەڕۆکە ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» و
خۆ ئامادەکردن بۆ جەژنی سەری ساڵ/ مارف خەزنەدار/ 94

## ● وتار

– بیرکردنەوەی ماتماتیکییانە لە چیرۆکی
(سفری ئەفسانەیی)دا/ ئارام سدیق/ 97
– پێوەرێن داشکەستنێن دیدگەهان د ئەزموونا شیعرییا
(سەلیم بەرەکات)یدا/ ئەحمەد قەرەنی/ 102
– بەرزاییە هەواگرەکان، یان بەرزاییەکانی وەزەرینگ/
کەریم سۆفی/ 105

## ● هزر و فەلسەفە

– بارگۆڕینی فەلسەفە/ لە ئەڵمانییەوە:
د. حەمید عەزیز/ 109
– پاولۆس نهێنی گەڕانەوەی لە ناکاوی فەلسەفەی
هاوچەرخ/ ئازاد حەمە/ 119
– فەنتازیای دەسەڵاتی پیاوانە: خۆرهەڵات دەجمێ، بێ
دەنگ و دەستگیر دەکرێ/ لە سوێدییەوە: هەندرێن/ 134

## ● هونەر

– یارییە خەونێک لە ڕەباتەوە بۆ زانستگای کەمبریا/
د. فازیل جاف/ 137
– گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 144

## ● خوێندنەوەی کتێب

– زمان، هزر و کولتوور/ هاشم سەڕاج/ 148
– فەرهەنگی کوردی – کوردی (هەراشان) و چەند
سەرنجێک/ تاریق ساڵح/ 153

## ● زاراوەسازی

– فۆرمالیزمی ڕووسی/د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157

## ● ئێستێک

– زنجیرەیەک بۆ شانۆی جیهانی/ دانا ڕەئووف/ 160

# ئاورنگی پەرستن

**نەوزاد رەفعەت**

(١)

ئاگرۆکەی جگەرە نییە
کەوشێک دای مرکێنێتەوە
ئەوە ئاورنگ و چەخماخەی هەستی منە
کڵپەکڵپی ئاگردانی پەرستنە

(٢)

پێی مەڵێ: «تۆف و سەرمایە..
شەو درەنگە.. برۆرەوە
بەسە چیتر مەخۆرەوە..»
بچێتەوە کوێ؟!
ئەو بەدمەستە هەموو شەوێ
لە ئامێزی لانکی (مەی)دا دەخەوێ

(٣)

شیرینا من فرە دویرە
تەنراوە بە هەزار شوورە
نایگاتێ دادی(*) تەموورە
ئای!! خوایە گیان
تەنیا ئاسمان
ئاسمانی تۆ بێ سنوورە

(٤)

دڵم بەگۆزە تێدەگات
وا دەزانێت لە ختوخۆڕاش بیشکێنێت
گۆزە زۆرەو سبەینێ زوو
ڕێگای بازاڕ دەگرمەوە
یەکێکی نوو
تازە کوورە
لە پیرە گۆزە چییەکە دەکڕمەوە



(٥)

– ئەو تۆپەڵە ئاورنگانەی دڵی تۆ چین؟!
– چۆن بزانن.. کە جارێک نەیسووتاندبن کوورەی ئەوین؟!

(٦)

منیش شێخ بەدرەدینێکم (**)
گەردنم بە پەتەوەیە
کوا؟! هەر دەڵێن
فریاد ڕەسێک بەڕێوەیە

(٧)

مەپرسن بۆ وا داماوە
مەپرسن چۆن بەو سەرمایە
تەنیا و بێباک
لە پشت مێزێک هەڵکورماوە
کە ئەو هەرگیز لێرە نەبێت
کە هەر لەگەڵ جووتەکەیدا
ئاسماناو ئاسمان هەڵبفرێت
ئەم شارو ئەو شار بگەڕێت
تەلبەندەکان.. تخووبەکان ببەزێنێت
سەرماوسۆڵ چی بتەزێنێت؟!

**تەمووزی ٢٠٠٨**

*** هاوار.**

**** شێخ بەدرەدین کوڕی قازیی سیماونە.**

# با.. ئەی جانانەترین با

**کەریم دەشتی**

(١)
بەرلەوەی نوێژی ڕووناکی دابەستی
پێت وتم شەوقی من لە زەوی هەڵناکا
بۆ ئەوەی لەگەڵ با تێکەڵ بی و
بۆ مەملەکەتی خوا بچی

(٢)
ئەوەتا لەگەڵی جوانیتا دروست بووم
جوانی تۆش ئاگرە و هەدادانی نییە

(٣)
کە با هات لێم پرسی بۆ ماندووی
چ شەوقێ ڕایگرتووی بووی بەنوور
بخووردی عەنبەرت هێناوە
یا بەسەر کانیاوی ئەویندا ڕابردووی؟

(٤)
بای ئەزەل ناو لەپی کردووەوە
بریقەی خۆڵ ڕژا
هەمووی تەرمی جوانی ئەوین بوون
سیس ببوون وەک گەڵا

(٥)
کەس وەک من نازانێ با کە خەمگین دەبێ
لەکام لا هاتووە بۆ کام دڵ ڕەت دەبێ

(٦)
بەرلەوەی ژووری تاقانەی خۆت جێبێڵی
بەرەو ژوورە فراوانەکەی خوا بچی
تۆ شیری ئەوینت لە ناو بادا هەڵڕشت
تا بەرەو ئەبەدی هەڵبچی



(٧)

ئێستاکە جوانی تۆ لە بادا ون بووە
دەبێ وەک بەللووری ئەشکەوتان
پڕ نووری خوا بێ

(٨)

دەزانم ڕۆژێ دێ ئەم بایە
ڕامەدا بۆ گۆڕێ
ئەو کاتە دەزانی چۆن ئەوینی جوانیت
لەگڵی سینەمدا دەچۆڕێ

(٩)

ئەو ڕۆژەی پرچی با
وەک ئاڵتوون لە درەخت گیر ببوو
تۆم بینی لە ئاقیقێ دەچووی
پیرۆزەی شەفەقی لەگەردن ئاڵا بێ

(١٠)

سپێدان کە بایێ پەنجەرەی ژوورەکەم
بە پرووشەی سەر ئاوان دەڕشێنێ
دەزانم ئەوە تۆی
کە بات ڕاسپاردووە
تۆوی جاویدانی لە ڕۆحما بچێنێ

(١١)

بزانیایە قەدەر ڕوخسارت دەخاتە ناو بایان
ئەوینم لە بایان لوول دەدا
دەبوومە درەختێ تا هەموو سپێدان
لە شەوقی جوانی تۆ بکەومە سەمایان

(١٢)

ئەو ڕۆژەی کە باکان هەڵناکەن
دەچمەوە بناران
بەڵکو ئێ ڕێژنەیێ بۆنی تۆم بۆ بێنێ
کۆتایی بەکپی قەدەرم بهێنێ

(١٣)

دوای تۆ ئەو دڵەی من چەند وێرانە و
درەختەکان چەند خەمگینن

(١٤)

چی دەبێ ئەو بایە بۆ ساتێ وەستابا
لەدەستی پڕ شەوقی خوادا ڕەهابا
یا عەرشی جوانی تۆ
لە عەرشی نوورانی خوادا جیابا

(١٥)

خۆڵی تۆ ئەی پیرۆزەی ساماڵ
خۆڵی ناو چەمەنی باکانە
مەرکانەی دڵی تۆ
مەرکانەی شەڕابی ئەزەلی خواکانە

(١٦)

بەرلەوەی تۆ دەرگای ڕۆحی من
بۆ ئەبەد کلیل دەی
بەرەو ماڵی بای دوور بچی
دەمزانی تۆ شەوق و نوورێکی
بەرەو خوا هەڵدەچی

(١٧)

ئەو ڕۆژەی بە پەیژەی باو بۆران
لەناو با دەهاتییە خوارەوە
پاژنەی پێت لە ڕۆحما داگیرسا
ئێستا من بەنووری ئەوینت ئاشکرام

(١٨)

تۆ کە بای منیش وەک تۆ
کە دەنووسم هەرگیز ئاوڕ نادەمەوە
هەر ئاوڕدانەوەیەک شووشە شیعرێ
لە باخی دڵم دەشکێنێ
گوڵە پونگێ لەئاوی خوێنم سیس دەکا

(١٩)

مەلێ لەتاقی ئاسمان
لەناو بادا هەڵکورما بوو
زانیم بەسەر لەپی تۆدا
هێلانەی خۆی هەڵێنا بوو

(٢٠)

ئەڤینی تۆ وەک با وایە
کەبەناو سەرم هەڵدەکەی

هەناسەی کەون ڕادەگری
بڵێسەی ڕۆحم خۆش دەکەی

(٢١)

بووی بە با ئەی پەمۆی ڕۆحی من
بۆیە من هەمیشە بەدوای با ڕادەکەم
ئایا کێ دەتوانێ با بگرێ
ئینسان بێ و خوا نەبێ

(٢٢)

جوانی تۆ بای هەموو ئاسمانەکانە
تۆی با و وشەی خوا
لەڕەحمێ کەوتوونەتە خوار
تەنها ڕەحمی جمکەکانە

(٢٣)

با کە هەڵدەکا ئاوڕ بۆ دوا ناداتەوە
تۆش کە بەسەر خوێنما هەڵدەکەی
من لەپێش خۆت نابینی

(٢٤)

بەرلەوەی لە زەوی بتۆرێی
بۆ بانگی سەد ڕەنگی با بچی
بەرلەوەی کتێبی ئەوینم توڕ هەڵدەی
کتێبی خۆت نایە ناو سینە
تا بە باڵی بادا
بۆ تاقە بەرزەکەی خوا بچی

(٢٥)

با جار جار گەڵایێ هەڵدەگرێ
تا بیبەخشێ بە نووری ئاو
بەڵام تۆ ئەی بای ئەبەدی من
کە هەڵمدەگریت
دەمبەخشی بەگۆڕ

(٢٦)

بۆن و بەرامەی هەربایەکم بۆ هاتبێ
هەر بۆنی گەرمی تۆ بووە
بۆیە دەزانم با جگە لەتۆ
شتێکی تر نییە

(٢٧)

ناوێرم باسی تۆ بکەم
دەزانم با بە هەموو دنیای دەگێڕێ
بۆیە عیشقی تۆ تا ئەبەد
لەناو سینەو دڵی مندا هەر دەمێنێ

(٢٨)

لەوەتەی تۆ وا بوویت بە با
من هەر ڕۆژەی لە کەنارێ ئاگر دەگرم
دەزانم ڕۆژێ هەردێ
لەناو شووشەی بایەکی تووڕەدا بمرم

(٢٩)

باوەشێ بام توند توند لە ئامێز گرتبوو
هەستم بە خورپەی دڵی تۆ دەکرد
چۆن لە باوەشما خوێنی فڕینی
لە ڕۆحما دەکرد

(٣٠)

تۆ دەنگی بای
دەنگی هەدادانی باش
لە ماڵی خوداوە دێ

(٣١)

لەبەر ئەوەی تۆ لە هەموو لایێ هەڵدەکەی
بۆیە ماڵێکم هەیە لە زەوی
نەدەرگای هەیە نە دیوار

(٣٢)

زۆر کەڕەتان کە بە شوێن پێی بادا دەچم
زەوی هەموو جێ پاژنەی زیوینی تۆیە
بوونەتە کانی ئاقیق

(٣٣)

تۆ بایەکی سەختی
دەزانم ڕۆژێ دەخنکێم
ناوێرم هەناسە هەڵکێشم
دەترسم بکەویە سینەم
ناوێرم هەناسە دەمەوە
دەترسم لە سینەم بێیتە دەرەوە

(٣٤)
بۆ یەکەم جار شەختەی مێژووی چیا گۆڕا
ئاڵەکۆک سەری دەرهێنا
دنیای بینی هێجگار جوان بوو
لەو ڕۆژەوە ئاڵەکۆک پرچی لەخەنە نا
ئەوەکا بەفر بیناسێتەوە
دووبارە دنیای لێشارێتەوە

(٣٥)
کە بەسەر دەریاکان هەڵدەکەی
هەموو پەریەکانی دەریا
خۆیان بە با هەڵدەواسن
کە بەسەر منا هەڵدەکەی
هەموو دەمارە هەڵواسراوەکانم ئازاد دەکەی

(٣٦)
ئەو ڕۆژەی با
باسی جوانییەکانی تۆی دەکرد
وشەکانی وەکو دڵۆپە شەونم بوون
دەڕژانە سەر گەڵای ڕۆحم

(٣٧)
کە با بە سووکی هەڵدەکا
دەزانم ئەوە تۆی گۆرانی دەچڕی
کە با بە سەنگینی هەڵدەکا
دەزانم ئەوە تۆی
بۆ غەریبییەکانی خۆت دەگری

(٣٨)
ئەی نادیارتر لە با ئەی با
وەرە جارێ لە کوختەکەی من بخەوە
تا من بۆ ئەبەد بێدار بم

(٣٩)
قەدەر هات ئەوینی فڕاندم
تۆی کردە پەنجەی با
پرسیارێکە و دەیکەم
کە من جوانی دەمکوژێ
کوانێ خوا؟

(٤٠)
کە تۆ با بیت
ئایینی من تەنها لەبەر با وەستانە

(٤١)
کە لەژێر درەختەکانەوە دەوەستم
دەزانم تۆ وەکو با لەناو هەموو گەڵاکانی
ناوێرم چاوم هەڵبڕم
ئەوەکا گەڵایێ ببینم بوەرێ

(٤٢)
بای باکوور دێ
تۆ وەک بەفر لەناو ئەو بایەدا دیاری
بای باشوور دێ
تۆ وەک ئاو لەناو ئەو بایەدا دیاری
بای ڕۆژهەڵات دێ
تۆ وەک تیشک لەناو ئەو بایەدا دیاری
کە بای خۆراوا دێ
تۆ وەک درەختی پاییزی لەناو ئەو بایەدا دیاری

(٤٣)
بتوانیایە بای هەموو دنیام ڕادەگرت
تا لە ڕوخسارت بڕوانم
بەڵام ئاخ با چۆن بەمن ڕادەگیرێ
کە من خوا نیم و ئینسانم

(٤٤)
با پێی گوتم هێندە بەدوای من ڕامەکە
ئەڤینی تۆ مەحاڵێکە
لەجەستەی مندا ون بووە

(٤٥)
هەموو ڕۆژێ دەچمەوە لای بنارەکان
وەکو منالێ دەگریەم
بەڵام کە با فرمێسکم دەسڕێتەوە
هەست بە پەنجەکانت دەکەم

(٤٦)
ئەی جاویدانیترین با
تۆ هێندە بەرزبوویتەوە
دەترسم بووبیتە خوا

# تاڵە تیشکەکان

سەباح ڕەنجدەر



**حەسانەوە**

سوپاس و درووود بۆ ئازارەکانی ژیان
مرۆڤ دوای مردن
پێویستی بە چوونە بەهەشتە
جۆگەلە بباتە بن درەختی ئومێد و نەمری
میوە لە شکۆمەندی دوای زەردەخەنە زیاتر نییە
خودایە ئاگرێکم بۆ دەستنیشان بکە
چاوی هەموو بینینەکان بنووسێت
دڵم دەتوێنمەوە و گوێڕایەڵی دەبم
مردووەکان بە چ شێوەیەک دەگەڕێنەوە سەر زەوی

**قولاب**

خانووی بچووکی ڕاوکەرەکانی ماسی
لە ڕۆخ دەریان
ئاوازی هەڵخەڵەتاندنی لە ناو دەخوێندرێ
نزیک ببنەوە و سەر ئاو کەون
میوەی سەرلکمان بۆ ڕنیون
قولاب هاوێشتن دەست شل دەکات
ڕاوکەرەکان بە کەشتی شەڕ
دەچنە ناو دەریا
سێبەری مردن دەخەنە سەر
دەموچاوی مانگ لە مەنگی ئاودا
ئاوهایە سنجاقی مراز
لە دووگردی پەریان بدەیت
کاتێک لە درووود خوێندن بوونەتەوە
ڕاوکەریش لە برژانی ماسی
ئاگری ماڵیان دەکوژێتەوە و دوعایان گیرنابێت

**خنکان**

ئەم شەوە
بەچی دەچێت
کە ملپێچ و قەمسەڵەکەم لە سەر مێزی خواردنەوە
لەگەڵ شووشە بەتاڵەکان لە بیر کرد
با و باران لێیدام و نەخۆش کەوتم

با و باران ئەفسوونێکن درەوشاوە
جەستە بە خوێنی گەرموگوڕ داپۆشراوە
هەویری شیرینەمەنی
لە هەموو شت دڵنەرمترە
پیاوی خۆشبەخت ملپێچ و قەمسەڵەکەت بهێنەوە
مرۆڤ و سروشت یەکترییان خنکاند
خودا یەکەم شێوە کە بەخشی
سروشت بوو
دوا شێوەش دەموچاوی مرۆڤ
ئادەم ئەی بەدبەختی ئەمر

**تۆڕ**

پاڵم بە کەوانی بێشکەی منداڵەکەمەوە دا
لە تەلەفیزیۆنەکەش
دووکەس لە قوللە و کەلوو هاتنە خوارێ
مامەڵەی تۆڕی ماسییان کرد
ئەگەر لە تەلەفیزیۆنەکە بهاتبوونایە دەرێ
لەگەڵ یەک دادەنشتین
یاقووت و مرواری و ئەستێرە
دەکەونە خوارێ
بەرزاییەکانی سەر زەوی ئومێدن
وەک درەختی بەردار چاویان هەیە
هیچیان لە چاو ون نابێت
جەنگ لە سروودەکانماندایە
کوردستان لە ناو سروودی جەنگدا
شەهیدەکانی ڕوو سوورن
پیرەمێرد بەوە هێز کەوتەوە ئەژنۆ و چاوی
زانی واتای سروود و سروودبێژی چییە
بە توندی غاری دا تا بە دیداریان گەیشت
ئای دیداری ئەمری خەزنەی بەهرە و سرووشی

**گۆرانی**

ئەسپ تا ئەژنۆی لە ئاوێیە
بە کلکی جانەوەر دەکوژێت
پردیشی هێناوەتە پێش چاوی
کاروانچی بە دوایەوە
لە بن لێوان بە دەنگی شاد و ڕوون گۆرانی بۆ دەڵێ
ئەو دەمەی ئومێدێک لە گۆرانیدا بە کوڵە
کاروانچی دەتوانێت بڵێ
گۆرانی لە ئاکاودا
سارد نابێتەوە و گەرمی دەخاتە ڕەگی دڵ و جەرگ
ختووکەی ڕێگاش دەدات
ئای ئەسپ گیاندارێکی چەند بەختەوەری
دڵمان دەبینی

**مۆتەکە**

بە ناو شاری زەنگەزۆرە ڕەت بووم
ڕێوڕەسمی پێشوازی
خاوەن شکۆ ڕووبەڕووم بووەوە
گەشتێکم بە ناوی فریاکەوتنەوە دەست پێکرد
هەوای ناوچەکە ناخۆش بوو
سییەکانم نەخۆش کەوتن
لە ناو شاری زەنگەزۆرە نووستم
ڕێوڕەسمی پێشوازی
خاوەن شکۆ هاتە پێش چاوم
خەونێکم بە ئومێدی فریاکەوتنەوە بینی
سەید عەلی ئەسغەر و تیپی مۆسیقای نەگەیشتن

**پۆپیتە**

کەڵەشێرێک هەموو نیشانەکانی
شانازی بە پۆپیتەیەوە درەوشایەوە
بانگەوازی بۆ مریشکەکان کرد
تێکڕا هێلکەکانتان بهێنن
دەنووکی لێ بدەم
پاشان گرژییەکان ئاسایی دەبێتەوە
جوانیش بە دوای پێڵاوێکی ئاسنیندا گەڕا
دەستی کەوت
ڕووی لە کێوی قاف کرد و پێی لەسەر بەرد دانا
تەڵەکان هەموو تەقینەوە
کەروێشک بووە خاڵی درەوشاوە بە کوڵمی چیاوە

**شەرم**

ئەستێرەیەک
لە شەرمی کزبوونی فرمێسکی ڕشت
شوێنێکی نزیک هەواری خاڵی تەڕ کرد
شەرمی ئەستێرە لە ناو کتێبدا دەشکێ
هێمن لە شەوێک کە خۆزگەی تێدا دەخوازرا
کەوتەڕێ و دنیا لە بەرچاوی گەش بووەوە
کۆمەڵێک قەتێ و سوێسکەی
لە ماڵەکەی خۆیدا پەروەردە کرد
ئێمە هەموومان لە وڵاتەکەماندا خۆشمان ویست
گوڵەگەنمان لە شوێن پێی چاند
باران بە دوایدا باری
ئەوەتا بیرەدا دەڕوات
بە دڵماندا
خۆرێک لە سەر شانمان بەجێ دەهێڵێت

**بیرنەچوونەوە**

ڕەنگی خودا
ڕەنگی ئاو

ڕەنگی شیعر
پێکهێنەری هەرسێکیان منم
پەلکەزێڕینە قەردارمە و قەردەکەی بۆ نەگەڕاندوومەتەوە
لە مێوانداری و بۆنەدا دەیبینم
تەماشام دەکات و هیچ ناڵێت
کەسێک نییە
جارێک ڕەنگی خودا و ئاو و شیعری
بینیبێت و بیری چووبێتەوە
بیرنەچوونەوە بە هەموو ڕەنگەکان خۆی دەنوێنێ

**دڵتەنگی**

هەر ڕێگایەک وێڵ بوونێکی بەدواوەیە
وێڵیشە دەتگەیەنێتە قووڵایی گیان
دوای لە دایک بوونی حەمدی
خوێن لە ناخی چڵ ڕژا
زەوی بە شەونم تەڕ بوو
ڕۆژ نیوەی تەمەنی
بە دیار زەوییەوە ڕادەوەستێت و دادەمێنێ
شتێک بدۆزێتەوە
نەیدۆزییەوە
لە ئاوابووندا دڵتەنگییەکانی بەدی دەکات
هەر کێ دڵم بڕەنجێنێت
هەولێر دەملاوێنێتەوە
کاوێس ئاغاش مۆڵەتم لە مەرگ بۆ وەردەگرێ
گوێ لە گۆرانی ڕابگرم
شکۆی خودا لە دەورووپشتم
ئاڵایە هەڵدراوە
سێبەری بەسەر برینی قوربانییەکان دەکشێ

**شوێنپێ**

برووسک ڕووی بۆ ڕاگرتم
گوتی ڕستەیەکی بەکارم تێدا بنووسە
ئەسپ شوێن پێی خۆی فەرامۆش ناکات
شوێن پێ
چاوی ئەزەلی زەوییە

**شەهید**

لە تەختایی ناوچەوانی شەهیدێک
نووسیم
وڵات هێندەی ناوچەوانت بچووک بووەتەوە
پیاسەی تێدا بکرێ
چارەنووست دەبێتە پێخوست
هەموو ئەو شتانەت نەبینی کە پێویست بوو بیانبینی
گوڵ کە جوان بووە و لە بۆنەکاندا دەیکەینە دیاری
بە دڵۆپە خوێنی تۆ ڕسکاوە
شەهید خوێنی نەخۆش نییە
وەک یەکەم دڵۆپەی پەڵە پاک و بە پیتە
ئەی شەهید لە خەم نەخواردنی خۆتم
بێبەش مەکە و دیوانەکەی منیش
لە سندووقی ڕازەکانت هەڵگرە

**شاخ**

خۆڵێکی نەرم و جوان بوو
لە حەزی مانەوەیدا خۆی کردە شاخ
پیر بووە و خەو بە سەر
هەردوو چاوانیدا زاڵ بووە
لە تافی لاویدا چالاک و سەر ڕێژبوون لە نیاز
درەخت لە ناو سینگیدا دەڕوا
شەونمی پاراو
لای لایەی بۆ پێگەیینی میوەی دەکرد
با تێر سەیری ڕوخساری خۆڵ بکەم
گوێچکە شەیتانۆکە هەموو شتێکم تێدەگەیەنێت

**نەمری**

باخچە بە سۆزەکەم
بزەیەکی بۆ کردم و پرسی
ئەرێ وزەی گەرمی گەشەکردنم
لە ئاسمانەوە بۆ دێ یان لە زەوی
چاوێکم بۆ بینینی ژیان تەرخان کرد
چاوێکیش بۆ خەونبینین
چوومە ناو خەیاڵی نەمری
بەختەوەری هاوڕێیەتی کردم
خۆڵ و شتەکانی دیکەش گرینگن

**گفتوگۆ**

باوکم بە دوو ئەسپەکەی
دەنکە گەنمی لە چاوی کێڵگە
دەچاند و بە ڕووی دەخەنینەوە
سەرنج دەداتە گڵێنە و پێڵوویان
بانگیان دەکات هۆ منداڵەکانم
لە بن پەراسووی چەپی منیش
دڵێکی هەمیشە بە خورپە
پێش هەتاو هەڵدێ
چاندن گفتوگۆی خودایە لەگەڵ زەوی
شکۆ و شەرمی چاندن
گەمە بە هێڵەکانی چارەنووس دەکات
ئاگاداری کردووینەتەوە
بەرێوەیە بۆ مێوانیمان

# دلۆپا هێڤیێ

**عومەر دلسۆز**
**(جولەمێرگ)**

وەکی دلۆپەکێ یی تو
زەلال و بژوون
نەرم،
دلۆڤان،
ببڕیار،
خوەشکووک و سبەهی...

وەکی دلۆپەکێ:
هێدی هێدی بحەرکە ناڤا دلێ من،
وسا ب زەلال و بژوونیا خوە...
کانی ل کویە ئەو ئاڤزەما من؟

وەکی دلۆپەکێ:
خوەرست،
خوەڕوو،
خوەسەر،
و دلپاک هەمبێز بکە من.



دلۆپەکا ئاڤا بارانێ؛
دلۆپا شلیێ،
ئان ئا ئاڤزەمێن مێرگان،
کەڤیێن بەرفێ؛
ل نەوال و مەسیلان...
دلۆپا ئاڤەتیرکان؛
ئان نختەیا پاییزێ،
ئان تەڤیەکە هاڤینی،
ئان ژی بێژە؟

دە بێژە تو ژ کیژان چیا دزێی؟
ژ کیژان لاتێ هلتاڤێژی؟
ئاڤا کیژان ئاخێ یی؟

دلۆپەکا هێڤیێ یی تو...
ژ تینا چاڤێن تە،
ژ گڕنژینا ل سەر لێڤێن تە،
هەزار بهار ڤەدگەشن
کەنێ تە تژی ئەڤینە؛
زەلال،
خوەسەر،
پاقژ،
بژوونە!...

ژ ئاخا وەلاتەکی ڤەشارتی؛
کەسنەدیتی؛
کەسێ پێ لێ نەکری...

ژبن تاحتکێن بەرەزیڤی،
دناڤ کەڤیێن بەرفێ رە،
هێدی هێدی؛
زەلال، خوەڕوو،
و ب بلقەبلق هلتاڤێژی...

دلۆپەکی تو
دلۆپا ئاڤا زەمزەمێ؛
ژ ئاخا بەهار،
دلۆپا کانیا بەرچیا،
ژ خوەرکێن رووبارێ گەلیێ خانێ؛
ژ ریێزکێن ئەحمەدێ خانی،
ژ پاخلا چیایێ ریێژگارێ،
بەر ب گووزەڕەشێ ڤە دحەرکی...

زەلال،
سافی،
و بژوون...

ژ زۆزانێن خەلاتێ؛
ل نک خەج و سیابەندی،
ژ دلێ جودی؛
ب ئازوەریا عەگیدەکی،
دبی مەم و زین...

و تو؛
تو دلۆپ!...
د حەرکی ژ فەراشینێ؛
ل ناڤ مێرگ و چیمەنان،
ب دەلۆدینیا هەسپەکی چار بازکی؛
دچەهینی مەیدانێن زۆمان.

دلۆپەکی تو
ژ چار رەخێن وەلاتێ من دزێ،
د رۆژێن مرنی دە؛
و ڤەدژینی بیابانان؛
خوەزایا بەژی،
یا رووت و زوا.
شین دکی گول و کولیلکان.
ئاڤژێل تێخی وەلاتێ بەرمرنێ
و هێڤیا ددی ژیانێ!...


**ئەڤ هەلبەستە ژ دیوانا (بلا گۆتنەکە من و تە ژی هەبە) رووپەلێن (٥٨–٦٠) هاتیە وەرگرتن، کو ژ وەشانێن (پەرچەم)ە و ل سالا (٢٠٠٧)ێ ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن.**

**(رامان)**

# سروودی سەرفرازی

**ئەلڤارۆ دی کامپۆس**
**لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیربال**

**ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە زۆربەی هاوڕێیانی شاعیرم،**
**چونکە ئەلڤارۆ دی کامپۆس، پیس باش، پشتی کردۆتە سروشت و هێمنییەکانی؛**
**چاک توندوتیژ دڵی ئەمڕۆ و قەرەباڵغییەکانی لەت و پەت کردووە.**



**سروودی سەرفرازی**

(هەڵبژاردە)

لەژێر ڕۆشنایی ئازاردیدەی گڵۆپە کارەباییەکانی کارگەکاندا
تام لێ هاتووە و دەنووسم.
دەنووسم و ددانەکانم جیڕ، وەک ئاژەڵێکی دڕندە بەرامبەر ئەو جوانییە
بەرانبەر ئەو جوانییەی کە هیچ تۆزقاڵێکی
لەلایەن کۆنەپەرستەکانەوە پەی پێ نەبراوە.

ئاخ،
ئەی تایە و قەمەرە و لۆری و غرەغرە جاویدانەکانی غرە غڕڕڕڕڕڕڕ..
ئەی ئەو هێزەی لە ئامێرە ڕاکردووەکانەوە بڵاچە دەدا
ڕاکردوو بەناو دەرەوەی مندا لەناو کانگای من
ڕاکردوو بەناو هەموو ئەو دەمارانەم کە لەگەڵێدا هەڵدەتۆقن
بەسەر هەموو شکۆفەکانمدا
کە مڕ بووم هێندەی هەستیان پێ بکەم.

لێوەکانم وشک هەڵگەڕان ئەی هەرا و غەوغا
مۆدێرنەکان
هێندەی لە نزیکەوە هەر گوێتان لێ ڕابگرم
سەریشم ئەمەتا سووتا ئەی مەکینەکان
هێندەی بە ئەڵهاوە هەر بتانژەنم و
بتانکەمە بەستەی ئەلەستی ئەو هەموو ئەستەم.

تام گرتووە و تەماشای ئەم هەموو مەکینانە دەکەم
وەک ئەوەی تەماشای سروشت بکەم – سروشتی
مرۆڤایەتی لێوانلێوی ئاسن و ئاگر –
گۆرانیش دەڵێم
ئەمرۆم دەکەمە بەستەیەک، هەروەها دوێنێ و
سبەینێشم
چونکە ئەمرۆ ڕابردووە و هەم داهاتووش.
ئەمەتا، لەناو مەکینە و ڕووناکییە کارەباییەکاندان
چونکە زەمەنی ڕابردوویان لێ دادەچۆڕێ: ئەفلاتوون و
ڤێرژیل
هەروەها ئەسکەندەری مەقدۆنی و ئەسخیلۆس
هەموویان لەناو وایەر و مایەری پێوەندییە لاسلکییەکاندا
بەناو بۆڕی و بورغییەکاندا
غرەغرپیان دێ، دەزریکێنن
سووڕ دەخۆن، تەکان دەدەن.

ئاه،
خۆزگە دەمتوانی بەتەواوەتی وەک ماتۆڕێک خۆم
دەرببڕم
دەقاودەق وەک مەکینەیەک
وەک ئۆتومبیلێکی ئاخیر مۆدێل
زەفەرم بە ژیان ببردایە
دەرەقەتی هیچ نەبێ ئەمە هاتبام کە
بە جەستەم بەناو هەموو ئەم فەوزایەدا ڕۆ بچم
خۆم زیواڵ زیواڵ
کراوە

دەستەویەخە
بەناو ئەم هەموو بۆن و چەوری و گەرمایی و خەڵووزەدا
بەناو ئەم هەموو ڕووەک و ڕەشایی و ترووسکاییەی
بەرەو ئاسمان هەڵدەگژێن و
هەرگیز تێریش نابن.

ئەو جوانییە دڵڕفێنەی لە گەندەڵی سیاسیدایە
دزی و حیزی ناو دائیرە و دیپلۆماسییەتە خۆشەکان
زەندەقچوونی ناو جادەکان
جاربەجاریش هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی پاشا
هەواڵی ناو ڕۆژنامە گەڵحۆیەکان
ئەو وتارە سیاسییانەی ڕاستگۆیانە دەڵێن کە ڕاستگۆ
نین
دەنگوباسی گۆشە و ستوون و متوونەکان
تاوانەکان
بۆنی خۆشی چاپخانە
ئەو لافیتانەی تازە هەڵواسراون و هێشتا هەر تەڕن
زەرد زەرد بە خەتێکی سپی
چەندم خۆش دەوێن
هەمووتانم چەند خۆش دەوێ..
ئەو هەموو سەمادە کیمیاوییە، ئەو هەموو ئۆتومبیل و
لۆرییە بڵندانە،
پێشکەوتنەکانی بەستێنی کشتوکاڵ
خەریکە لەگەڵ بازرگانی دەبنە زانستێک!

ئەی ئەو سوارچاکانەی بەناو جیهانی پیشەسازیدا جرت و
فرت هەر دەگەڕێن
دەستی هاوکارییە مرۆڤایەتییەکانیشتان بەناو قوڕگی
هەموو کارگە و کۆمپانیا و دائیرەیەکی داڕزاویشدا
ڕۆچووە

ئەی جلوبەرگی ناو مغازەکان!
ئەی کچە مانکانەکان! ئەی ئاخیر مۆدیلەکان!
ئەی ئەو کەلوپەلە بێ کەڵکانەی

که هەموو خەڵک حەزدەکا بیانکڕێ!
سڵاوتان لێ بێ و خەنی لە خۆتان ئەی ئەو
سووپەرمارکێتانەی چەندین دەرگایان هەمیشە لەسەر پشتە!
خەنی لە خۆتان ئەی ئەو ئیعلاناتە کارەباییانەی
دەردەکەون و دەکوژێنەوە و دیسان هەڵدەبنەوە!
خەنی لە خۆتان ئەی ئەو هەموو شتانەی بەکار دێن
لەپێناو دروستکردنی ئەمڕۆمان بۆئەوەی ئەمڕۆمان لە دوێنێمان نەچێ!
تۆ، هێی، ئەی چیمەنتۆ، ئەی لەشکر، ئەی ڕێگاوبانە تازە دروستکراوەکان
ئەی پێشکەوتنەکانی بواری چەکە شکۆمەندەکانی کۆکوژی
ئەی مودەڕڕەعەکان، زیلە عەسکەرییەکان،
مەتەریۆزەکان، غەواصەکان، فڕۆکەکان..
هەمووتان
هەمووتانم خۆش دەوێ
من وەک جانەوەرێکی دڕندە هەمووتانم خۆش دەوێ
دەڵێی گۆشتخۆرێکم و ئیشتیهاتان دەکەم.
بەدکارانە نیگام ڕۆ چۆتە کانگاتانەوە
ئەی شتە زەبەللاحە هیچ و پووچ و بەکەڵک و بێ کەڵکەکان
ئەی شتە تەواو تەواو ئەمڕۆییەکان
ئەی هاوسەردەمەکانی من، ئەی فۆرمە تازە بابەتەکانی
سیستمی نوێی جیهان!
ئەی دەسکەنەکراوە مۆدێرنە دینامیکی و مەعدەنییە تازەکانی خودا!

ئاخ لەدەست کارگەکان، تاقیگەکان، کۆشکی هونەر و مۆسیقاکان، لوونا پارکەکان،
لەدەست مودەڕڕەعەکان، بەرزە پردەکان
من لەناو مێشکی داگیرساوی خۆمدا
وەک لەگەڵ ژنێکی جوان
ڕووت ڕووت لەگەڵتان ڕادەبوێرم
بەزمی من لەگەڵ ئێوە بەتەواوەتی بەزمی ناو نوێنە
کە ژنێکی شۆخ، بێ هیچ خۆشەویستییەک، خەڵتانی لەززەت بکەم:

ژنێک بەرێککەوت بینیبێتم و زۆر توند پێی ورووژابم.

ئای لەلا لە واجیهەی ئەو سووپەرمارکێتە گەورانە
ئای لەلا لە ئاسانسۆری ئەو ساختمانە بڵندانە
پەرلەمان، سیاسەت، چاودێرییە داراییەکانی بودجەکان
گۆژمە ساختەکارەکان
(هیچ گۆژمەیەک نییە عەینەن درەختێک سروشتی نەبێ
هیچ پەرلەمانێک نییە وەک پەپوولەیەک جوان نەبێ)

من ئامادەم لەناو کەڵبەکانی ئامێرێکدا بفلیقێمەوە
هەست بە چێژی ئەوەش بکەم کە خۆم سپاردۆتە دەست
ژنێک بملێسێتەوە
کەواتە،
ئاساییە ئەگەر فڕێشم بدەنە ناو فڕنەکان
یان لەژێر لینگی شەمەندەفەرێکیش بپلیشێمەوە
یان گەر بمکەنە پێستی پێڵاوی پاپۆڕەکان
ئەمە مازۆشیسمی مەکینەکانە
سادیزمی نوێخوازی بێ لێوارە؛ سادیزمی من و ئاژاوە!

من دەمەوێ هێندە بڵند بم
بە هیچ دەرگایەک وەنەچم.
بە ڕای من: تەنیا تەماشاکردن و تەماشاکردن: شزووزی جنسییە.
دە کەواتە، ئەی کاتێدراڵەکان
لێم گەڕێن سەرم بەناو هەموو کوخێکدا بکەم
چش لەوەی گەر منتان دیت لە شەقامەکان دەگەڕێمەوە و
خوێن تنۆک تنۆک لێم دادەچۆڕێ.
ئەی تراموا‌کان، ڕێگا شاخاوییەکان، ئەی میترۆکان
هێندە بمشێلن، هێندە بمهێنن و بمبەن
تا ئیتر کفت دەبم.
هەللە لا، هێی..

قا قا پڕ بە چەهرەم  پێ بکەنن
ئەی قەمەرە پڕ لە قەحپە و ئوتومبیلە پڕ
سەرسەرییەکان
ئەی ئەو قەرەباڵغییە ڕۆژانەیەی ناو شەقامەکان
کە کەسیش تێناگا دڵتان خۆشە یا ناخۆش
ئەی ئەو ڕووبارە هەزار ڕەنگەی کە دەتوانم تێیدا
هەر کاتێک و هەر چۆنێک بمەوێ خۆمێ تێدا بشۆم
ئاخ
چ جانەوەرگەلێکی ئاڵۆز، چەند شتی سەیر و سەمەرە
لەوێ، لەناو ئەو ماڵە بەرزانەدا حەشاردراون!

من لە ژیانی هەموویان ئاگادارم، گیروگرفتە
داراییەکانیان
شەڕی نێوان ژن و مێردەکان، هەرا، میراتەکان..
ئەوانەش دەناسم کە بەوپەڕی ڕێکپۆشی خۆیانەوە وەک
دەیانبینن دەردەکەون و
دەست دەکەنە جنێودان، زۆر ئاسایی، بە ئەم و بە ئەو..
کەچی کوڕەکانیان لەپێش دەرگای ئەسواقەکاندا
خۆیان فێری دزی دەکەن
کچە هەشت ساڵانەکانیشیان – من هەموو ئەم
شتانەم خۆ
پێ جوان و شیرینیشە –
بەپێش پیاوێکی بەناو ساڵکەوتووی قۆز کەوتوون و
دەیانبەنە ژێرزەمینی تاریکی عیمارەتێکەوە تا
دەسپەریان بۆ لێ بدەن!

ئەمەتا دەگەڕێنەوە ماڵ:
بەناو کۆڵانی هێندە تەنگ و ترووسک و بۆگەندا
هەر دەڵێی ڕاستەقینە نین هەرگیز.

مرۆڤگەلێکی سەیر.. وەک سەگ دەژین
لەناو چڵپاوێکی بەدەر لە هەموو سیستمێکی ئەخلاق:
دەڵێی تا ئێستاش هیچ دینێکی بۆ دانەبەزیوە
هیچ سیاسەتێک

تەنانەت هیچ هونەرێکیش ئاگای لێ نییە!

چەند خۆشم دەوێن
چونکە ئێوە دەستەویەخەی
هەموو شێوەکانی پێشکەوتن بوونەتەوە!
ئاژاوەیەکی سەرسوڕمێنە ئاژاوەی ناو قووڵایی
ئەم دەریای ژیانە!

ئاخ لەدەست ئاسن
پۆڵا، ئەلەمنیۆم، تەنەکە مەعدەنییەکان
لەدەست شۆستەکان
بەندەرەکان، ڕافیعەکان، گرێدەرەکان
لەدەست کارەساتەکانی شەمەندەفەر
کارەساتی داڕووخانی دیواری کانە خەڵووزەکان
نوقمبوونی لەززەتبەخشی پاپۆڕی نێو ئۆقیانووسەکان
لەدەست ئەو شۆڕشانەی لەم لا و لەولا هەڵدەگیرسێن
گۆڕانکاری قانوونەکان و دەستوورەکان
جەنگەکان، ڕێککەوتنەکان، لەشکرکێشییەکان،
هەرایەکان، زوڵم و زۆرییەکان، دەستدرێژییەکان..

ئای لە شەمەندەفەرەکان، پردەکان، ئوتێلەکان لە کاتی
نانخواردندا
تەلەفۆنە بێ تەلەکان
تونێلەکان
کەناڵەکان
ئای لەو هەموو ڕابردووە لەناو ئێستادا
ئای..
هەر لە ئێستاوە ئەو هەموو داهاتووە لەناو ئەمڕۆماندا!

ئا لەلا.. لا.. دەی، هەپ
من ئاگام لەوە نییە کە بەرەو دەرەوە دەسووڕێندرێمەوە
من بە هەموو شەمەندەفەرێکەوە گرێ دراوم
فڕێ دراومەتە سەر هەموو شۆستەیەک
لەناو پانکەکانی هەموو پاپۆڕێکدا دەخولێمەوە

دەی، هۆپ، دەی..
من گەرمایی میکانیکی و کارەباییم
هۆپ، لا، هۆپ، لا.. هێی
ئەها، هۆپ..
ززززززز زززز ززز زز ز ز  ز ز..
ئاخ
نەدەبوو لەناو خۆمدا
هەموو خەڵک بوومایە و
لە هەموو جێگەیەکیش لە یەک کاتدا !

لەندەن

## ڕێڕەوی کاتەکان

(کۆپلەیەک..)

بە هەموو شێوازێک هەستکردن بە هەموو شتێک
ژیان لە هەموو شوێنێکەوە
لە یەک کاتدا هەمان شت بە هەرچی شێوەیەک بکرێت
مرۆڤایەتی بە سەرتاپای چرکەکانی خۆیەوە
لەناو خۆتدا وەدی بهێنیت
لەناو یەک چرکەی درێژخایەنی ڕسکاوی تۆکمە و دوورەدەست!

## دوکانی جگەرە فرۆشی

(کۆپلەی هەڵبژاردە)

من هیچ نیم، هەرگیز بە هیچیش نابم.
حەزناکەم ببمە هیچ
چونکە من خەونەکانی هەموو دنیام لەناو خۆمدا هەڵگرتووە.

پەنجەرەکانی ژوورەکەم، ژووری یەکێک لەو ملیۆن کەسانەی
کە هیچ کەس هیچیان لەبارەوە نازانێ
– ئەگەر بشزانن، چییان لەبارەوە دەزانن؟
پەنجەرەکانی ژوورەکەم
دەڕواننە تەلیسمی شەقامێک بەردەوام قەرەباڵغ
شەقامێک کە هیچ بیرکردنەوەیەکی ناچێتەوە سەر
شەقامێک باوەڕ ناکەی چەند واقیعی:
واقیعێکی لێوانلێو تەلیسمی شتی ژێر بەرد و بوونەوەرەکان
لێوانلێو مردنێک کە ژەنگ بە دیوارەکان دەگرێت و
قژەکان سپی دەکا
لێوانلێو چارەنووسێک
کە جڵەوی پەیتوونی هەموو خەڵکی بەدەستەوەیە و
بەرەو ڕێگایەکی ناچیزە مل دەنێ.
ئەمڕۆ من بیرم پرژ و بڵاوە، وەک پیاوێک بیری کردبێتەوە:
شتێکی بیر کەوتبێتەوە و پاشان دیسان بیری چووبێتەوە.
من ئەمڕۆ تیا ماوم لەنێوان متووی خۆم بۆ ئەو دوکانی جگەرەفرۆشەی بەرامبەرمان (کە واقیعێکی دەرەکییە)
لەگەڵ ئەو هەستەی کە پێموایە هەموو شتێک خەونە
(کە ئەمەشیان هەر واقیعە، بەڵام واقیعی ناوەوەیە).

من هەموو شتێکم لەدەست دا
وەک ئەوەی ئێستا هیچ ئارەزوویەکم نەمابێ و
هیچ شتێک نرخی لەلام نەمابێ.

ئەو پەروەردەیەی وەرم گرت
لە پەنجەرەکەی پشتەوەڕا تووڕم هەڵدایە دەرەوە.
سەری خۆم هەڵگرت بەرەو دەشتەکان
بە خۆم و هەزاران خەونی خۆمەوە،
بەڵام لەوێ، حەیف
لە گیا و دار و بار زیاتر هیچی دیکەم نەبینی
ئەگەر تاک و تەرا خەڵکیشی لێ بووایە
هەموویان بەیەکتر دەچوون.

برێک لە پەنجەرە دووردەکەومەوە و
لەسەر کورسییەک دادەنیشم
بۆچوونەکانم بەرەو کوێ دەڕۆن؟
من چی بزانم ئاخۆ دەبمە چی؛ منێک کە نازانم کێم؟!
بوون بەوەی کە خۆم بیری لێ دەکەمەوە؟
بەڵام خۆ من دەمەوێ ببمە دەیان شت!
یەک دنیا خەڵک هەن واتێدەگەن دەتوانن ببنە ئەو شتانەی
کە نەیانتوانیوە ببینێ.
بلیمەتم من؟
لەم ساتەدا سەد هەزار مێشک لەناو خەونی خۆیاندا وەک من
خۆیان بە بلیمەت دەزانن؛ کەسیش نازانێ مێژوو ئاخۆ
هیچ یەکێک لەو خەونانە وەدی دێنێ – هیچ نەبێ یەکێکیان؟
..
دنیا هی ئەو کەسەیە کە دنیا داگیر دەکا
نەک هی ئەو کەسەی
خەون دەبینێ بەوەی کە دەتوانێ داگیری بکا!

**ئەلڤارۆ دی کامپۆس (١٥/١٠/ ١٨٩٠ – ١٠/١٩٣٥)، هاوچەرخ و هاوڕێی گەورە شاعیری پورتوگاڵ، پێسوا بوو، بەڵام لەگەڵ یەکتر زۆر جیاواز.**

**قوتابخانەی ئامادەیی تەواو نەکرد و یەکسەر چووە لەندەن، لەوێ (ئەندازیاری دەریاوانی)ی تەواو کرد، پاشان هەر لەوێ لە نیوکاسڵ لە دەزگایەکی دروستکردنی پاپۆڕ کەوتە کارکردن. دوای چەندین ساڵ دوورەوڵاتی ئینجا گەڕایەوە لشبۆنە.**

**لەگەڵ پێسوا لە گۆڤاری (ئورفی) کاری دەکرد، ئینجا لە ساڵی ١٩١٧ بووە سەرپەرشتیاری گۆڤاری (پورتوگال فوتووریست).**

**شێوازی ئەلڤارۆ دی کامپۆس شێوازێکی دڕ و ڕیالیست و وێنەگەرایە، هەرچەند لە داڕشتندا هەندێ جار بە لای پەخشانەشیعردا دەیشکێنێتەوە. ناوبراو لەسەرەتادا هێندە لە وڵاتی خۆی ناودار نەبوو؛ بەڵام فەرەنسییەکان بەرهەمەکانیان کردە فەرەنسی و شۆرەتی پەیدا کرد.**

**کامپۆس شاعیرێکی لیبراڵ و کراوە بوو، لەم بارەوە لە شیعرێکی خۆیدا دەڵێ: «هەر کونجێکی ڕوحم داڵدەیەکە بۆ خواوەندێکی جیاواز..». بەپێچەوانەوە پێسوای هاوڕێی، شاعیرێکی دنیایی و دنیاخواز بوو، تا ڕادەیەکیش ئەپیکۆڕسانی، تێر تێر ژیا. لەم بارەوە، لە شیعرێکی ناو دیوانی (لیسبۆنەی دووبارە سەرم لێی دایەوە) دەڵێ:**

**ئەو ژیانەی خەوم تێیدا لە خۆ خست**
**لەناومدا بێدار بووەوە.**

**ئۆکتاڤیۆ پاز، شاعیری مەزنی مەکسیک، بە یەکێک لە دامەزرێن و ڕێبەرانی ڕێبازی فوتووریزم لە قەڵەمی دەدا لە ئەدەبی نوێی پورتوگاڵیدا.**


**- Poesies et Proses d  Alvaro de Campos Publiees du vivant de Pessoa, tr. Dominique Touati et Biberfeld, Presentees par Jose Blanco et Teresa Rita Lope.**

**- Fernando Pessoa: Je ne suis personne, Ed. Christian Bourguois Ed. Paris: 1994.**

# داشی دامە

**حەکیم کاکەوەیس**
**(کەرکووک)**



بیست و چەند؟ بیستی چی، ئەوە سی و سێ ساڵە! سی و سێ ساڵ بەر لە ئێستا بۆ دواجار گوندەکەم جێ هێشت. هیچ شتێکم بە هیچ شتێکی منداڵ و مێرمنداڵ و هەرزەکاری ئەو سەردەمەی ئەوێ نەدەچوو. دواییش هیچ شتێکم بە هیچ شتێکی خەڵکی ئەو وڵاتەی ئەورووپا نەدەچوو. لە گوندەکەدا، بیرکاری پۆلیسێکی ڕەزاقورس بوو و هەر هێندەت دەزانی یەک دوو قوتابی بە دڵی شکاوەوە، یا بە دەرگادا دەردەپەڕاند، یا بە سەر دیواری قوتابخانەکەدا ئاودیوی دەکردن و پاش ماوەیەکی کەم، دەیکردنە پێشمەرگە، جاش، یا دامەزانی بلیمەت، یا پۆلیسی خاڵی پشکنین.

بیرکاری گیانلەبەرێکی تۆقێنەر بوو و لەناو قوتابخانەکەدا، هەندێ جار لەسەر شێوەی مامۆستا و هەندێ جار لەسەر شێوەی کتێب و دەفتەر و هەندێ جاریش لەسەر شێوەی دار، خۆی پیشانی قوتابییەکان دەدا و وای دەترساندن ئیدی ببڕای ببڕ ڕوویان لە قوتابخانە نەدەکردەوە! کەچی ئەو بیرکارییە دڕندەیە، بۆ من ببووە پشیلەیەکی نەرمونۆڵی دەستەمۆ و وەک هەویریش لەگەڵ هۆش و دەست و قەڵەممدا دەهات. وەها دەستم بە سەریدا دەڕۆیی، وەک دێو پەستابوومە ناو قوتووی چرایەکەوە و کەی کارم پێی هەبوایە دەرم دەکردە دەرێ. دەست لەسەر سینگ لە خزمەتمدا دەوێستا: فەرموو قوربان چ فەرمانێکت هەیە! من لە جیهانی بیرکاریدا پاشا بووم و کەس نەدەوێرا بیر لەوە بکاتەوە کوودەتام بەسەردا بکا. کوودەتایان کردبا، کێ مەملەکەتی بیرکاری پێ بەڕێوە دەچوو؟

کۆیلەکانی بیرکاری، بە چاوتروکانێک شیعریان لەبەر دەکرد، کەچی منی شای بیرکاری، کۆیلەی لەبەرکردنی شیعر بووم. دوو ڕۆژ هەوڵی لەبەرکردنی شیعرێکم دەدا، ئەوجا لە تاقیکردنەوەدا یەکەم بەیتیم بیر نەدەکەوتەوە تا ئەوانی دی بە دوایدا بێن. هەموو شیعرەکە وەک زریزە بە بیرێکدا شۆڕ دەبووەوە و بیرم نەدەکەوتەوە و

نەدەکەوتەوە...»

دواڕۆژی لەو گوندەدا مۆرێک بوو و بیرەوەرییەکانی بە مۆمی سوور خەتم کردبوو: کە باریان کرد، ئەو هاوەڵانەی کە بیرکاری، یەک دوو ساڵ پێشتر، یەک بە دوای یەکدا دەربپەڕاندبوون، لەبەر خۆرەتاوەکە دانیشتبوون و دامەیان دەکرد.

یەکێکیان پێشمەرگە بوو و بەهۆی گفتوگۆوە گەڕابۆوە. ئەوی دی کـە بەرانبـەری دانیشـتـبـوو، جاش بـوو و بەر لێبوردنی شۆڕش کەوتبوو. سێیەمیشیـان، کە ماوەیەک بوو ببـووە پۆلیسی خاڵی پشکنینی نێوان دوو شـار، بۆ سەردان گەڕابۆوە ئاواییەکە.

– کاکە ئێمە بار دەکەین.

– دە ئەو داشە بخۆ، دەی! ئەرێ بە خوا ئاغەم کرد! بار ئەکا و بار ئەکا، کـەرەکە بە کـوتەک هار ئەکا! دە بیـخۆ هەی لە گیانت خۆش بێ! چما وا دەزانی بە خێری نەنکم داشت دەدەمێ؟! چما ئەو داشەم لەو دەشتە دۆزیوەتەوە؟! ها؟!

ئەوەی بەرانبەری کە پێشمەرگایەتی بە سیمایەوە دیار بوو، بە دیار داشەکانەوە دامابوو. بە کزییەوە داشەکەی خـوارد و لەولاوەی دانا و بەرانبـەرەکـەشی دایە بەرێ: «یەک... دوو... سێ و ئەوەش ئاغـە!» بەردێکی ڕەشی سوورخنی خوارو خێچ، لە دووەم خانەی ئەو سەرەوە جێی خـۆی کـردەوە و ئاغـایانە لە خـانەکـانی دەڕوانی... قسەکەی دووپات کردەوە:

– جەماعەت بار دەکەین و هاتووم خواحافیـزیتـان لێ بکەم!

ئەوانیش کـە چاوێکیـان لە داشەکـان بوو و چاوێکیـان لەو، نیوەهەستان هەستان و دەستیان بۆ درێژ کرد.

– خوا حافیزتان بێ!

– بەخێر و خۆشی!

– خوا ئاگادارتان بێ!

ئەویش بە کزییەوە خواحافیزی کرد و گوتی: «خوا یار بێ ئێـوەش و منیش لە گـفـتـوگـۆیەکی تردا یەکـتـر دەبینینەوە!»

– «نا، ئەمـە ئاخـر گفـتـوگـۆیە و تەواو! هەمـوو شـتێ بڕاوەتەوە و ڕێک کـەوتین! وا دەزانی سـیـاسـەتیش بیرکارییە؟!» پێشمەرگەکە وای گوت و جاشەکە دوای ئەوەی کـــەمێ لە داشـــەکـــان ورد بووەوە، بە لاچاو تەماشەیەکی کرد.

دوای ئەو ماڵاواییە ساردوسڕە ئیدی چاوی بە گوندەکە نەکـەوتەوە. ئەو مـاڵاواییـە، سی و سێ سـاڵـی بە دوودا هاتن: کـەرکـووک... شـاخ... دیوانیـە... شـاخ... ئۆردوگـای زێوە... شـاخ... ئۆردوگـای ئەندیمشـک... شـاخ... شـام... تاران... شـاخ... ئەورووپا و ئیـدی لەوێ جێی خـۆی گـرتەوە و دایکوتا... چ شاخ بە دووی ئەورووپادا نەهات.

ئەو مـاڵاوایـیـە بووە تابلۆیەک و لە پەڕەی ڕوحـیـدا هەڵکەندرا. داش و خەتە سپییەکانی سەر چیمەنتۆکە، بەردەوام لەبەر چاوی بوون و دامەچییـەکـان، محـەمـەد و سەعید، هەمیشـە هەر ئەو دووە، ئەم بەر و ئەوبەریان لێ گرتبوون و هۆمەری پۆلیسیش لە نێوانیاندا دانیشتبوو و هەر جـارە و قسـەی بۆ یەکێکیـان دەکـرد. دوو ڕیز بەردی ڕەش، بەرانبــەریان لە دوو ڕیز بەردی سـپی گـرتبــوو. شـازدەی ڕەش و شـازدەی سپی. بەردە ئازاکـانی ڕیزی پێـشـەوە، چ ڕەش چ سـپی، زوو هێـرشـیـان دەبرد و زوو دەخـوران و لەکـۆڵ دەکـرانەوە و لە دەرەوەی خـانەکـاندا، بەبێ ناز بە لای یەکـدا کـۆمەڵ دەبوون. بەردە لاتەکـانی ڕیزی دواوە، کـتـوپڕ فـرسـەتیـان دەدی و دەبوونە ئاغـە و بەناو بەردی نەیار دەکەوتن! مـحـەمـەدی پێـشـمـەرگـە و سەعیدی جاش و هۆمەری پۆلیسیش قریوەیان دەهات... مـحـــمـــەد، دەبووە بەردێکی ســپی و دەکـــەوتە ناو خانەیەکەوە و سەعیدیش لە خانەیەکی بەرانبەردا دەبووە بەردێکی ڕەش و بۆ خـواردنی یەکـتـر، بە ڕقـەوە لە یەک ڕادەمــان. خـۆیان، بە ویســتی خـۆیان دەبوونە داش و یەکـتریان دەخوارد... ئەوان خەریکی ئەو گەمەیە بوون و خەڵکی گوندەکەش باریان دەکرد و دەگەڕانەوە و دەبوونە جووتیـار و بەردەوامیـش زاوزێیـان دەکرد. ڕایان دەکرد و تەسلیم دەبوونەوە و لە قـاوشی بەندیخـانەش زاوزێیـان دەکرد و زیاد دەبوون. لە دەمی گفتوگۆدا زاوزێیان دەکرد و کـاتی شـەڕ زاوزێیــان دەکـردو لە ڕەویشـدا هەر بەدەم ڕێوە، لە پەنا بەردو لە ناو کەلاوە کۆندا زاوزێیان دەکرد. ژنەکانیـان، لە پرسەدا ئاوس دەبوون و لە ڕەودا منداڵیـان دەبوو و منداڵەکان گەورە دەبوون و دڵدارییان دەکرد. کە گفتوگۆ کۆتایی دەهات، ئەو سێ دامە زانە لێهاتووەش لێک دادەبڕان و هەر یەکـە و لە خـانەی تەختــەیەکی گەورەدا، ئازایانە لە ڕیزی پێشەوە جێی خۆی دەکردەوە.

لە خەیاڵی ئەو پاشایەی بیرکاریشدا، شەڕ بووایە یا ئاشتی و گفتوگۆ، ژیان ناخۆش بووایە یا خۆش، هەمان دیمەن بوو... ئەو داشە بخۆ! ئەو چەکدارە بکوژە! ئەو کەلاوەیە بتەقێنەوە! تەسلیم بە! دوای عافوات بچۆرە ناو تەختەی دامەکەوە! پلکە حەمدێی بسک شۆڕ کوڕێکی بوو! کیژەکەشی کوڕێکی بوو.

ئەو دوارۆژەی گوندەکە، بەردەوام دەهاتە خەونی. دامە و داشی دامە و محەمەد و سەعید و هۆمەر، هەمیشە لایەنی زاڵی خەونەکانی بوون. گەلێ جار لە خەونەکانیدا، داشی ڕەش و سپی تێکەڵ دەبوون و ڕەش، سپی و ڕەشی دەخوارد و سپیش هەردوو ڕەنگەکەی دەخوارد و کتوپڕ بەردێکی نیوەڕەش و نیوە سپی، دەبووە ئاغە... گەلێ جاریش دەبووە داشە هارە و ئیدی لە گرتن نەدەهات!

چم بەخۆم کرد؟! کەی ئەم گەمە شێتانەیەی ناو کەللەسەرم کۆتایی دێ تا ئەم خەونانەش کۆتاییان بێ؟! ئەو داشە بخۆ! ئەگەر نەیخۆی نابێ؟! نا نابێ! لەو ڕۆژەوە یاسای بۆ دەرچووە و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاوکراوەتەوە، دامەچییەکان جێبەجێی دەکەن و کە گوتیان بیخۆ، دەبێ بیخۆی، جا بەردەکان گەورە بن یا بچووک، بەرد بن یا پشکۆ یا قەوانە فیشەکی دەمانچە و تفەنگ! داشیش کە خورا، ئیدی لە دەرەوەی گەمەکەدا تووڕ دەدرێ. نابێ تووڕ نەدرێ؟! ناکرێ بەردی سپی، لە بری ئەوەی شازدە بن، چواردە بن و بەرانبەر هەژدە یا بیست بەردی ڕەش گەمە بکەن؟! ناکرێ خانەکان، لە بری ئەوەی، هەشت بە هەشت، شەست و چوار بن، نۆ بە نۆ، هەشتاویەک یا دە بە دە سەد خانە بن؟ نابێ هەر ساتە و یاسایەک بۆ ئەو گەمەیە دانرێ و ڕەچاو بکرێ؟! ئەنجامی بەردی سپی ئەوەیە یەک داشی لێ بمێنێتەوە و ببێتە داشەهارە و لە باشترین گەمەیدا قایمە دەرچێ. قایمە بۆ سپی بردنەوەیە. داشەهارە، گۆگردئاسا لە گرتن نایێ! جرت بەم لا و فرت بەو لا! جارێ لە خانەیەکدا خۆی دەبینێتەوە چوار چاودێر بۆ پاراستنی بە دیاردەوەن. هەندێ جار دەکەوێتە تەنکاوەوە و زۆری نامێنێ بخورێ، بەڵام فریاڕەسی کڵاوسووری پەنای داشەکانی بەرانبەر فریای دەکەون و بەسەر خەتە سپییەکاندا دەربازی دەکەن.

دەربازی نەکەن گەمەکە کۆتایی دێ و ئەوەش نابێ ڕوو بدا! ئەنجامیش هەر ڕاکردنە... پشوو نەدەی! ئەی خوایە چۆن باوەڕم بە محەمەد کرد؟ ئەو، جارێ سپییە و جارێ ڕەشە! لەم دیوی شاخەکە سپییەو لەودیوی ڕەشە، بەڵام سەعید بەردەوام ڕەشە! لە بنار بێ یا لووتکە، لەم دیو بێ یا لەو دیو، لە دوورەوە لە هەموو کەسەوە دیارە ڕەشە، ڕەش! کە داشی ڕەش هەبن، دەبێ داشی سپیش هەبن، بەڵام تەنیا لەناو خانەکاندا نابن... دەکەونە سەر خەتەکانیش... جارێ بەم خانەیەدا دەکەون، جارێ بەودا!

مادام گەمە دەکەی، گەمەت پێ دەکرێ. ئەوە یاسای دەڤەری دامەستانە. هەر لە منداڵییەوە بە سێ ڕیسکان دەست پێ دەکەن. سێ ڕیسکان گەمەی منداڵانە، بەڵام خۆ ئامادەکردنیشە بۆ دامە... تەنیا یەک شت سێ ڕیسکانیان لێ تێک دەدا: سەگ هەڵبڕینت... سەگ ڕیاندن! کە دەڵێن ئەوە سەگە بەڕەڵایەکە، پێ بە خەتەکاندا دەخشێنن و بەردی سێ ڕیسکان پەرت دەکەن و دەست دەدەنە هێڕکە بەرد و دوی دەکەون. سەعاتێ دوو سەعات ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵانی پێ دەکەن. لە ئەنجامدا لە گوندەکە دەری دەکەن و ملی بەو دەشتەوە دەنێن. سەگی تاین، بستێ زمانی شۆڕ دەکا و لە ترساندا خەریکە بتۆقێ. لە حەژمەتدا، هەندێ جار کلکی خۆی دەگەزێ. بە هەر لایەکدا ڕادەکا، یەک دوو منداڵی بەرد بەدەست پێشیان پێ گرتووە. لە ئەنجامدا، دەیڕێێنن و دوای ئەوەش زۆر نابا دەیکوژن. بەر لەوەی بیتۆپێنن، لاقێکی یا دەستێکی دەشکێنن. ئەوجا لاقەکەی تری. ئیدی لە جێی خۆیدا مات دەبێ و تەنیا سەری بەم لاو ئەو لادا بادەدا. قەپ بە کلکی خۆیدا دەکا. سەگەکە، هەناسەی لەبەر دەبڕێ و ئەوانیش ئارام دەبنەوە و بەکاوەخۆ، بەرەو ئاوایی دەگەڕێنەوە. کەس باوەڕ ناکا ئەو منداڵە خەواڵوو و خاو و خلیچکانە، هەر ئەو هاروهاجانە بووبن کە کەمێ پێشتر پەلاماری سەگەکەیان دەدا. کەس باوەڕ ناکا ئەو کەلاکە سەگە، هەر ئەو سەگە بێ کە نەختێ پێشتر بۆ دەربازکردنی گیانی خۆی کلکی خۆی گەستبێ و ئەو هەموو ڕاکەڕاکەی کردبێ! ئەمە چ قەشمەری جاڕێکە!

دوای سی و سێ ساڵ، بە سەری ڕووتاوە و سەر و سمێڵی سپی و جانتایەکی ڕەشی سەفەرەوە گەڕایەوە. هەتا لە گوندەکە نێزیکتر دەبووەوە، بیرکردنەوەی چڕتر دەبوو: «هەر دەبێ ئەو هەموو کارەساتە، خەڵکی ئەم

دێیەی گۆڕیبێ. ئێستا جاشێتی شوورەییە! ئێستا دزی ڕیسواییە و سەگ هەڵبڕین شەرمەزارییە! ئێستا لە بری دامەکردن، ئەو خەڵکە خەریکی زانست و پیشەسازی و بازرگانین! ئێستا هەموویان، برایانە شانیان داوەتە بەرێ و کاروباری وڵات ڕادەپەڕێنن! ئێستا شەهیدەکان، وەک نێرگز سەریان دەرهێناوە و بۆ ئەو پێشکەوتنانە بزە دەکەن! بە دڵنیاییەوە محەمەدیش بۆتە نێرگز! ئا، سەعیدیش کوژراوە! ئەدی گۆزە لە ڕێی ئاودا ناشکێ؟!»

کە ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە سەر پردی سەر ئەو زێیەی نێزیکی گوند، کە دەیان جار ڕاوەماسی و مەلەی لێ کردبوو، کۆمەڵێ گەنجی نیوەڕووتی دی، کە دەوریان لە نێرەکەرێک دابوو. بە هەموویان بەرزیان کردەوە. کەرەکە خۆی ڕادەپسکاند و وەختابوو بێتە زمان. بە هەموویان، لەسەر پردەکەوە و بەسەر پەرژینەکەیدا، هاویشتیانە ئاوەکەوە و شڵپەیان لێ هەستاند! بەڵام کەرەکە کلکی خۆی نەدەگەست! زمانیشی شۆڕ نەبوو!

گەیشتە ئاوایی. دێیەکە، هیچ شتێکی وەکو خۆی نەمابوو. یەک خانووی سی و سێ ساڵ لەوەپێش نەمابوو. یەک خانووی قوڕ لەو دێیەدا نەبوو. بە مەزەندەی خۆی لەو جێیە وەستا کە ماڵە مامی لێ بوو. لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی. سێ پیرەمێرد سەریان خوار کردبوو و چوار منداڵیش بە دیاریانەوە وەستابوون و تەماشایان دەکرد.. بەرەو لایان چوو و سڵاوی لێ کردن. بێ ئەوەی تەماشای بکەن، بە چپە سڵاویان سەندەوە. یەکێ لە پیرەمێردەکان، بە خۆشییەوە هاواری کرد: بخۆ! دەی ئەو داشە بخۆ! ئەرێ وەڵڵا ئاغەم کرد! سڵاو لە تۆ سڵاو لە تۆ یار... سڵاو لە تۆ سڵاوی بۆندار... دە باشە، دەی: ئەوە یەک... دوو... سێ و ئاغە! ها ها ها!



# مەرگ و بیرەخەو

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

ساات لەدوای سااات هەوا تاریکتر دەبێ و ترووسکەی چاوی پەنجێرە بۆ بڕینی جەرگی شەو تیژتر دەبن. شەو بایەکی فێنک هەڵی کردووە، وڵاتی ناوەتە ژێر ڕکێفی خۆی. دەنگی زەنگوڵەی ڕانەمەڕێک لە دووری ئاوایی گوێچکەی شەو بە ئەسپایی ختووکە دەدا. لەنێو دار بەڕووەکانی بەر قەدی کێوە هەڵۆ لوورەی گورگێک دێتە گوێ. شوانە حەجمانی نییە، گۆچانەکەی لەقۆڵی کردووە، هەر دێت و دەچێ و دەدا بەڕانی خۆیدا:

– پەککوو ملی شەیتان شکێ، بیری مردنم بوو بیری ئەوم نەبوو. ناکرێ مێگەلەکەش بەجێ بێڵم، هەموو خەتای ئەو واوا لێ کراوە بوو، ڕۆژ نییە شڵتاخێک بە پیاو نەکا! ئەو هەرایەی ئێوارە لەسەر هیچ و خۆڕایی سازی کرد، هەر ئەوە بوو نەمردم، خودایە هەقی من و ئەو پیرە زەلیلەی لێ بستێنی!

خەوێکی قورس گوندی داگرتووە، شەوقی پەنجێرەیەک نابینی، دێ وا بە گۆمی مەنگی بێ دەنگیدا ڕۆچووە، دەڵێی زیندەوەرێکی تێدا ناژی. تەنیا لە قەراغ ئاوایی دەلاقەی دیوێک جار ناجارێک شەوقێکی کزی لێوە دەردەکەوێ، ئەویش هەرجارێ شەوبا هەناسە هەڵدەکێشێ پەنجێرەکە دەکرێتەوە و لەگەڵ وێستانی با، پێوە دەدرێتەوە. پەنجێرەکە لایلۆنێکی تێگیراوە، هێندەی تۆز و دووکەڵ لێ نیشتووە کە پێوە دەدرێ شەوقی نێو ژوورەکە نابیندرێ، کاتێ بە شنەی با دەکرێتەوە و پێوە دەدرێتەوە دەڵێی پیرە پیاوێکی بێ خەوە باوێشک دەدا. لەنێو دیوەکەدا ناڵە و نووزەیەک دێتە گوێ و بێ دەنگی ژوورەکە دەشکێنێ، لەنتەرێک لە تاقەیەکی چکۆلە وقورماویدا ترووسکەی دێ. لایەکی شووشەکەی بە دووکەڵ ڕەش داگیرساوە. جیکەجیکی سیسرکە بۆ ساتێکیش نابڕێتەوە. لە سووچێکی ژوورەکەدا جێوبانێک ڕاخراوە، پیرە پیاوێکی ڕەنگ بزرکاو و ڕەقەڵە ڕاکشاوە، پەیتا پەیتا دەناڵێنێ: «ئاخ سووتام، ئاخ خنکام.»

وەک مێوژۆکە دەلەرزێ، ئارەقەیەکی ساردوسڕ بە ڕوومەتییەوە لەبەر شەوقی لەنتەرەکە بریقەی دێ. تاو و یاوێکی بە تەوژم دایگرتووە، لێفەکەی لەخۆی کردۆتەوە، لای چەپییەوە لە پەنا دیوارەکەدا گرمۆڵە بووە. گۆزەیەکی لێو شکاو و ئاوخۆرییەکی فافۆن لە ژوور سەری سووچێکی بەرەکەی بۆ هەڵدراوەتەوە، گۆزەکە ئاوی دەڵاندووە و بە قەرای بستێک دەوری تەڕ بووە. دەم و لێوی پیرە پیاو وشک هەڵاتووە، لەدوێنێ شەوەوە ئاوی وێ نەکەوتووە. جارجار بەبێوازی سەری دەجوولێنێتەوە، دڵۆپێک ئارەقە بەڕوومەتیدا دێتە خوارێ و دەچێتە گۆشەی لێوی. بە دەم ناڵەوە زمانێکی پێدا دێنێ، دەنگی ناڵەی بەرزتر دەبێتەوە.

دروێنە دەکا، سەرپاڵەیە، بەری لە پێش هەمووانەوەیە، ئارەقەی زوڵاڵ و سوێری ماندوویەتی دەموچاوی شڵتان کردووە. گەنم خۆ لەبەر شان و باهۆ و گەوزی داسیدا ناگرێ، دوو سواڵەی باقەیەکە، لەتینووانا دەمی وشک بووە، گوێ بە تینوویەتی و ماندوویەتی نادا، تا بەرەکەی دەر نەکا شانی هەڵناهێنێتەوە. ئەوین لەدڵیدا هێلانەی کردووە، دڵی گەرمە، بەدەم دەروێنەوە گۆرانی دەڵێ، چریکەی لەنێو دڵی کێوەکانی دەوروبەریا بووە بە زایەڵە.

پشووی سوار بووە، قۆخەیەکی وشک لە گەروویدایە، پیرانی پێ بەستووە، هەناسەی وەختە ڕاوەستێ، دوای تاوێ کۆخە تاڵەکە گەرووی بەردا، لەگەڵ ئاخێک... مەلی بیری بە بەردی ناهومێدی پێکراو لەنگەری باڵی تێکچوو. بەجێی ئارەقەی گوڕ و تین ئێستا جواناو دەموچاوی خووساندووە، لە جێی چریکەی گۆرانی ئاخ ناڵەی ناهومێدی چنگی لە گەرووی گیر کردووە، بۆ قومێ ئاو وەختە ئیمان بدۆڕێنێ، لەبەر خۆیەوە دەراوێنێ: «شوانە، شوانە گیان، لەکوێی؟ ئاخ خنکام، ئاخ سووتام...»

نرکەیەک لە دڵییەوە هات. بوغز و خەم لەگەڵ دەستی مەرگ ئەوکی دەگوشن، نووزەی دەرنایە، وەک منداڵ هەنیسک دەدا، چاوی ئاوەڵایە تەم وەسەریان کشاوە، وشەیەک لەگەروویدا گیری کردووە، هەرچی دەکا بۆی نایەتە سەر زمانی. مەرگ و بیرەخەو لەسەر مێشک و ڕوحی مەچەکیان لێک توند کردووە، ئەمیان بەرەو پێشەوەی دەکێشێ و ئەویان بۆ دواوە، مەرگ دەستی شل دەبێ و بیرەخەو بۆ دواوەی دەگێڕێتەوە.

ئێوارەی هاوینە، وڵات تاریک داهاتووە، لە مەزراوە بەرەو ماڵ دێتەوە، گەیشتەوە نێو دێ، بە کۆڵانی ماڵی دڵدارەکەیدا دەڕوا، لەبەر دەرکەی ماڵەکەیان تارماییەکی دی، دڵی داخورپا، نزیکتر بۆوە، ناسییەوە، نازدارە، دیارە چاوەڕوانی ئەمە، نازدار ماندوو نەبوونی لێ کرد، لەنێو دەرگاکەدان، هەر یەکەی پاڵیان داوە بە بەرێکەوە، لە دوورەوە بۆنی هەناسەی یەکتری هەڵدەمژن. قەول و بەڵێن درا، هەردووکیان ڕازین.

پاییزە، جووتیار و سەپان هەموو لەکار بوونەتەوە، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا گوێچکەی دێی پڕ کردووە، ڕەشبەڵەک گیراوە، ئەم سەرەو سەری دیار نییە.

مێشکی خەریکە بتەقێ، وەهەناسەبڕکێ کەوتووە، ڕەشبەڵەک و چەمەرچۆپی شانیان لە یەکتری توند کردووە و لە گۆڕەپانی مێشکیدا هەڵدەبەزن! هەرچی دەکا بۆی لەیەکتر جیا نابنەوە، ئەم سەرەو سەری ئەو بیست و شەش ساڵە وێک هاتوونەوە، وەک دەزووی ئاڵۆزکاو سەروبنی بۆ نادۆزرێتەوە.

زۆرەبانی مەرگ و بیرەخەو هەروا بەردەوامە، مەرگ هەستاوەتەوە، بیرەخەو لەژێر چۆکیدا جووڵەی لێ براوە.

شوانە وەک خولخولە هەڵدەسووڕێ، مەڕەکانی ڕەپێچەک داوە، دڵی بە پرتاو لێ دەدا، بەرەو ئاوایی مێگەلی وەپێش داوە و لەبەر خۆوە ورتەی دێ:

– دوێنێ ئێوارە زۆر ناساغ بوو، مام لاوەی داماو دەک خەجاڵەتت خۆم، قەولم پێ دای هەموو ئێوارەیەک سەرت بدەم. تۆ هەر بۆ چارەڕەشی دروست کراوی، چەندەت کوێرەوەری و چەرمەسەری کێشا. دوای مەرگی پوورە نازدار حەوت ساڵت بە بێوەمێردی ڕابوارد، تا هێزت بوو خۆت بەرێوە هێنا...

نەوتی لەنتەرەکە تەواو بووە، بەپرتەپرت ئاهەنگێکی بەسامی ساز کردووە. لەئێوارەوە شەوبا جارجار پەنجەی ساردی بە پەنجەرە بچووکەکەوە دەنا و دەیکردەوە و لەشی لاوازی باوەشێن دەکرد، لەپڕ ئەویش خەوت، لەگەڵ خەوتنی شەوبا پەنجێرەکەش لەباوێشک دان کەوت و لەنتەرەکە کوژاوە و ژووری دار و دیوار داڕووخاو لەنێو جەرگی تاریکەشەودا بزر بوو.

**زستانی ١٣٧٤ هەتاوی (١٩٩٥ز)**



# دوو لاقەکان کەی دەکەون؟

کامیار ئەحمەدی
(سنە)

لەسەر ئەم پلیکانە تەنیایە، تەنیای تەنیا. سەردەکەوێ.

لەوکاتەوە من بیرم دێ و ئەو بیری دێ، بەس رێ دەکا و سەردەکەوێ.

ئەم دوو لاقە تەنیا دوو لاقی درێژی هەیە و هیچی تر، ئەگەر جوان گوێی بۆ بگری، دەنگی ژماردن دەبیستی، جوان گوێ بدە.

پێنج ملیۆن و یەک، پێنج ملیۆن و دوو، پێنج ملیۆن و سێ، پێنج ملیۆن و چوار...

نە ئەو هیچ کەسی دیکە نازانێ ئەم پلیکانەیە لەکەیەوە هەیە.

پلیکانەکان تەنیا پلیکانن، بەهیچ شتێکەوە هەڵنەواسراون، لەسەر هیچ شتێکەوە نین، بەهیچ شتێکەوە پاڵ نەدراون، لەنێو تاریکی و بۆشایی تەواو دان، تەنیا پلیکانن و بەس.

– هەی دوو لاق! بۆ هەموو کات سەردەکەوی؟

(ئەمە من لێم پرسی)

– کاتێک کە پلیکانەکان تەواو دەبن و لەو سەرەوە دەگەڕێیتەوە، دوای سێ چوار پلیکان کە ژماردت، دووبارە هەر سەرکەوتنە، وایە؟

– ناترسی بکەوێتە نێو تاریکییەوە؟

(ئەمە هیچ کەس لێی نەپرسی)
بەڵێ دەترسم، لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا شتێکە کە هەردوو لاقێک لە هەموو ژیاندا هەیەتی، ترس لە کەوتنە نێو ئەو تاریکییە.
- ئەی بۆ ناوەستی؟
(ئەمە من لێم پرسی)
نازانم دەی چەندە بوەستم؟ تا کەی بوەستم؟ ئەی بۆ نەڕۆم؟
دوو لاق هەر سەردەکەوێ و دەڕواو دەژمێرێ، دوو لاق هەر دەترسێ کە بکەوێ.
(دوو لاق دەبێ هەر بکەوێ؟)
(دوو لاق کەوت)
تۆ خەریکی چیت؟ تۆ خەریکی خولیای نووسراوی دوو لاقێک دەخوێنیتەوە؟ یان..؟

**بانە ٢٠٠٦/٧/٢٧**

## ئاسانسۆرەکە هێشتا لە قاتی هەشتە

دووکەڵەکە چاوی ڕاستی ئازار دەدا، دەرگای ئاسانسۆرەکە کرایەوە، جگەرەکەی کوژاندەوە و سەرکەوت، دەرگاکە داخرا، نازانم بۆ کوێ دەڕوا، چونکە من ئیزنی ئەوەم نییە بڕۆمە نێو ئاسانسۆرەکە.
یانی هەر لەنێو ئاسانسۆرەکە دایە، یانی هێشتا جگەرەکە بەلێویەتی؟
لە قاتی (٨) دابەزی، هێشتا جگەرەکەی بەدەستەوەیە، بەرەوماڵی (٨٤) دەڕوا.
زەنگی ماڵەکەی لێ دا، دەرگا کرایەوە، ژنەکە بە بزەیەکەوە وتی: (وەرە ژوورێ)
جگەرەکەی هەڵبڕی یەکسەر کردی بەچاوی ڕاستیدا.
ژن دەستی چەپی خستە سەر چاوی ڕاستی و پشتی لە پیاوەکە کرد و دەستی ڕاستی ڕادەوەشاند و هاواری دەکرد و.. ڕۆیشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت تا لەتاریکی ون بوو.
بەرەو ماڵی هەشتاو چوار دەڕوا، زەنگی ماڵەکەی لێ دا، دەرگا کرایەوە، جگەرەکە لە بەینی دوو ئەنگوستی دەستی چەپییەتی، بەو دەستەی تری چنگی خستە نێو قژە کاڵەکانی ژنەکە و چەند جار سەری کێشا بە دەرگاکە و وازی لێ هێنا.
ژنەکە قیژاندی و پشتی لە پیاوەکە کرد و.. ڕۆیشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت، تا لەتاریکی ون بوو.
لە قاتی (٨) دابەزی، زەنگی ماڵەکەی لێ دا، هەرچی لێی دا کرایەوە، جگەرەکەی تەواو بوو تووڕی دا، جگەرەکەی پێ نەماوە.
«جگەرەیەکم دەدەیتێ.؟»
دایگیرساند و ڕۆیشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت، تا لە تاریکی ون بوو.
ئاسانسۆرەکەش هێشتا لە قاتی (٨)ە.

**سنە ٢٠٠٧/٤/٢**

# هێسترێن من یێن رەشک

**سوزان سامانجی**
**وەرگەڕ ژ ترکی: رۆشان لەزگین**
**(ئامەد)**



رۆژ ل ئاڤــایە، ئەم دمــەشن. ژ چقلێن داران پەشکێن بارانێ دنسلن. ئەز ل دەر و دۆرا خوە دحەیرم. دەستێ من کر ناڤا دەستێن خوە. دجەمدم. ل سەر هەڤ دئاخڤە. نها بێ زانیبوویا کو چ تۆفان ل ناڤا من دقەومە. ئەڤ تاریتیا کو کەتمێ.. دخوازم ببێژم، لێ دەڤێ من ناگەڕە. ژ بۆ کو بگریم. دەست ب ئاخفتنێ دکم، دبێژم «رۆژا گرتنا من یا قامەیێ بوو. زارۆکەکی تفل ژ باڤێ من هەستە خواستبوو و یەکی ژی د پەی رە ب ناڤا سەری ڤە...» چاڤێن من زپیزوا، ئەو دەنگ دیسا دپخە، مینا کووچک. بێهنا عەراقێ و خوێندانێ ژێ دهات. گر ئەز بکاربم بقیرم، من هاوارەک لدار بخستا. سەرێ خوە بدایا سەر سینگا وی. وی یێ دەستێ من دیسا وسا ژ دل بگرتانا؟ ئەز نکارم ل روویی کەسی بنهێرم.

چاڤێن خوە تاری دکم. ئەم ل سەر بانکەکێ روونشتن. من ژ خوە رە گۆت، «هادێ هادێ!» دزانم. گر ئەز بکاربم ببێژم، وێ گلەکی تشت بگوهەڕن. قالا پرتووکەکە نوە دکە. نەفەسەکە کوور بەرددم، من دل دڤێ ئەز بقیرم و ببێژم. «بەس، بەس! هوش بە!» خوێزیا خوە دادقورتینم. وان حەبێن کونجییان کو ل بەریکا من نژیانە، دناڤ دەستێ خوە دە دپەلێخم. دبێژم «وسا ها!»

هەڤال ل کو نە؟ ڤایە، ئەز هین ژی ساخم!... ئەو هەیەجانا د وان کانتینێن ب دوویێ جغاران داگرتی. ئەم چقاسی ل بەندا وان مان کو بەلکی رۆژەکێ دەرکەڤن و وەرن. کو بیرئانینێن وان د کورتە- پستان دە زێدە دبوون و وێ دەمێ ژی ئەو رەشەسیێن ل بەر دەڤێ مە گوە ددان ل دەنگێ مە، من ئەوێ سمبێلداکەتی ژ وان چاڤێن وی یێن بەق ناس دکر. ل دەرێن خەو لێ مینا کۆرەمارەکی فشێنی ب سەر دکەت. من زێدە گوە نەددایێ. وێ ئێڤارێ بەرفەکە شل دباریا. دەنگێ فرێنێ. ل دوو وێ ژی «چت چت» من خوە د دەریێ ئاپارتمانەکێ رە ئاڤێت ئالیێ هوندر. بێ نەفەس و ب کۆرانکی دپێلەکانێ دە هلکشیام. بەرفێ د پووکاند. ئەو ژی ل بەر دەری سەکنین.

رۆناهیا فەنەرێ ل سەر روویێ دیواران دگەڕە. دەنگەکی ناس بە مرووز گۆت «ڤەناکم!» فیکین ب سەر تێلان

کەتیە. رنگێنی ب سەر دەریێ هەسنی کەت. من چۆک دا عەردێ. ئیجار ئەزێ خوە د ڤر رە بئاڤێژم خوارێ. لێ، د پەی رە... مینا کو ئانها بە، هەر تشت وسا ل بەر چاڤێن منە. ب تەنێ ئەزم؟ کی دزانە! مینا کێزکەکێ مە دناڤ دەستێ وان دە. ژ دایکا حاوا ژی ئوریانتر و ژ عیسا ژی بێچارەتر. سەرما، درجفم. مینا گوران زووره- زوور ب سەر وان کەتیە ل دەر و دۆرا من. خوە دکێشم سەر هەڤ. خرەخرا کو ب سەر گەوریيا وان کەتیە نێزیکتر دبە، من گۆت قەی ئاڤاهی ب سەر من دە هلوەشیا. دلێ من د قەلبە وەکی چیان. هەر وەکو ڤەدرەشم ژ من تری کو ئەوقاس ژی پاقر دبم. دخوازم ژ نوو ڤە بێمە دنێ. من دەنگ ژ خوە بری. گەر بپرسیا، منێ ژ وی یێ کو سۆندا هیپۆکرات خوەندیە رە قالا ڤێ یەکێ بکرا گەلۆ؟ پرانیا وان کەرن، نابهیسن، لێ دیسا ژی... ئەز، نە ئەزم. رادزێم. مینا کەڤرەکی کو دبن بیرێ دەبم. تایش دئاخفم.

ل پەی وان چاخێن هەسنی. ئەو روویێن بیانی. و دەنگی وان ژی وسا غەریب ئەم ب هەمان زمانی نەئاخفین. ئەو چاڤێن کو خەلەکێن مۆر دۆرا وان راپێچایە، چقاسی حەیوانی، تا دگرم... هێن ژی برینا من نەکەویایە. نێما کو ژێ دحەرکی، خەونێن من د هەرماندن. ب کولمان ب سەر دیواران کەتمە. ل دەر و دۆرا من هەر تم کوفێنا هنەکان. من نکاریبوو وێ عەرد هەژا د ناڤا خوە دە ب وی پسیکۆلۆگێ پووناس دمە فام کرن.

هێن ژی قالا وێ پرووکێ دکە ژ من رە. ئەز نکارم بەرێ خوە بدمێ و ببێژم، «تو ئەوقاس دئاخفی هەوو!» نها خوە بئاڤێژم هەمبێزا وی و ب قیرین و هاوار ژێ رە قالا وان خرەخران بکم... ئەزێ کارییم ببێژم؟

ئەزێ دیسا کاریبم بێ دودلی، حەزکرنەکە سادە بدمێ؟

ئەم ڤەگەریان مال، ئۆدە نیڤتاری یە، ئەو چەند پارچە- ئەشیاییێن مالێ کو چەند دۆستان دانە مە، ل بەر چاڤێن من ڤەدگوهێرن؛ مەزن دبن. موسلخا ئاڤێ دلۆپان دکە. ل سەر روویێ دیوار سیێن ب ساو ڤەدلیزن. من چۆک دا عەردێ و چاڤێن خوە ڤەکشاندن زکێ خوە. رابوو، مینا کو لنگێ ماسەیێ راست بکە، پێ رە خەبتی، لێ پاشێ ب سەر من دە زڤری و گۆت، «قەی تو ژ زەواجا مە پۆشمانی؟» من گۆت «نا!» ئەو دەنگێن کو ل دۆرا من مەزن دبن، ما ئەو نابهیسە کو... ل ناڤ ئۆدەیێ چوو و هات. پەردە کشاند. چاڤێن من دچن سەر وەرما ل ناڤرانێن وی. ل سەر لێڤێن وی بشرینەکە خاڤ. درانێن من دقرچن. ئاورێن خوە ژێ درەڤینن. چڤیکا دلێ من کەتیە کەمینێ. گر هار ببە و دەست ب پەنجکرنا دلێ من بکە....!

دپشکم. پۆلەنا ل سەر کولیکان ئالەرژی چێدکە. گۆت «ئیلا خێربە!»

چما خێر بە؟ بشرینا ل سەر روویێ وی حەلیا. ئەو خرەخر. پێشی ئەوێ چاڤبەق و دوو رە... دەنگێ زیلا دەری هات. دەنگی ڤی دەرگەڤانێ حیلەباز مرۆڤ زڤێر دکە. ل سەر روویێ دیوار سی دلڤن. خرەخر. دڤێ ژ بیر بکم. مەژییێ ترسێ بەلاوەلا بکم. ما وەختا ڤێ بوو. ژ بۆ چ من گۆت «ئەرێ» نها زێدە نەگرنگە. چما نینە؟ چ واتەیا ڤێ هەڤۆکێ هەیە ئێدی؟ دڤێ ئەز بەرێ خوە بدم ڤی «ئەزێ» ل ناڤ خوە. گەر ئەز نکاربم ڤێ یەکێ بکم، دڤێ ئەز بمرم. یا باش ئەوە کو ئەز ل ناڤ نڤینان قال بکم. د تارتییێ دە. نا! ئەزێ لامپە ڤێخم. ژ ڤێ مەرەقا قەرەواتێ ژی رحێ من دچە.

هندک مایە کو دناڤ نڤینان دە ژی بکە ستوویێ خوە ها! رەنگ ئاڤێتیە.

وی ژی د من دە درەخستیە. رۆژنامەیا د دەست دەخشە- خش دکە.

لێ ئەو خرەخر؟ وی بێناموسێ چاڤبەق تف کر ڤێ دەرا من. ئەرێ، ئەرێ.


عەینی تف کرن وێ دەرا من. دگۆت «ئەڤ رەشکە، رەشک!» دقیرم.

درجفم. «دە هادێ ببێژ! نەخوە عەینی ئەزێ دین بم ها!» تێ دەستێن من، موسلخا ئاڤێ دلۆپان دکە، ب نالین دبێژم، «ئێدی دەرخە ڤێ قەرەواتا دستوویێ خوە دە. «چاڤێن وی شلن. زەنگەلۆر د گەوریا وی دە ژێر و ژۆر دبە. چووم سەرشۆکێ. ڤەرشیام. ل بن ئاڤا گەرم جانێ من دبە. دناڤ هلما ئاڤا گەرم دە چاڤێن وی یێن شل دخوین. ئەو قاسی حەزکرن. وسا ژ دل ب خەولییێ جانێ من زوا دکە. ل سەر نڤینا کو بێ نزانم چەند رۆژن ڤەنەبوویە خوە درێژ دکم. ئەم هەڤ هەمبێز دکن. ب ئیسکە- ئیسک دبێژم «رەشکێ رەشکا مە ئەز، هادێ، راموسە! ماچ بکە ڤان هێسترێن من یێن رەشک!»

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (سیا بێدەنگیێ) رووپەلێن (٨٧- ٨٩) هاتیە وەرگرتن، کو د بنەرەت دا ب زمانێ ترکی هاتیە نڤیسین، چونکە چیروکنڤیس سوزان سامانجی وەکو کوردەکا خەلکا دیاربەکرێ ناڤەرۆکێن کورتە چیرۆکێن وێ هەمی ل بارەی کێش و پرۆبلەمێن کوردانە، لێ نڤیسین و دەربرینێن وێ ب زمانێ ترکینە، لەوما ژی دناڤ ئەدەبیاتێن کوردی دا جهەکی هەری هێژا هەیە.**

**هەژی گۆتنێ یە کو ئەڤ پەرتووکە ژ (١٩) کورتە چیرۆکان پێک دێت و ژ ئالیێ رۆشان لەزگین ڤە هاتینە وەرگەراندن بۆ کوردی و ل سالا (٢٠٠٢)ێ وەشانخانەیا ئارام ل ستەنبۆلێ چاپ و بەلاڤکری یە.**

**(رامان)**



# ژنی زیادی

**جەلال ئال ئەحمەد**
**لە فارسییەوە: یاسین ئەمین پوور**
**(بۆکان)**

من ئیتر نەمدەتوانی چیدی لەماڵی باوکم بمێنمەوە؟ لەو ماڵەدا کە بووم دەتگوت قورسایی دیوارەکانی لەسەر دڵمە. پێری ئەم ڕووداوە ڕووی دا، بەڵام بۆ مەگین من توانیم لەماوەی ئەو دوو شەوەدا تاقە چرکەیەکیش لە ماڵی باوکم ڕابوێرم؟ پێتان وایە خەو لە چاوم کەوت؟ تا کەڵەبابی بەیانی لەسەر پێخەفەکەم خۆم دەتلاندەوە و بیرم دەکردەوە. دەتگوت ئەم پێخەفە، پێخەفەکەی جاران نییە. نا! بۆم ببووە گۆڕ. لەوانە بوو گیانم دەرچێ. تا بەری بەیانی تێیدا گینگڵم دەدا و بیرم دەکردەوە. هەزار بیری بەکارنەهاتوو لەمێشکمدا دەهات و دەچوو. هەزار بیری بەکار نەهاتوو.

پێخەفەکەم، هەر ئەو پێخەفە بوو وا ساڵەهای ساڵ بوو لە سەری نووستبووم. ماڵ، هەر ئەو ماڵە بوو وا هەموو ڕۆژێ لە مەدبەقەکەیدا خەریکی چێشت لێنان بووم. هەموو ساڵێ کاتی بەهاران لە باخچۆڵەکەیدا گوڵە خاشخاشەم تێدا دەچاند. هێندەم لە حەوزەکەیدا قاپ و کەوچک شووشتبوو، دەمزانی کەی بەری ئاوەرۆکەی دەگیرێ و بێتو شێرەی ئەمباراوەکەی بۆ لای ڕاست بادەی ئاوەکەی بە فیرۆ دەچێ.

هیچ شتێک نەگۆڕابوو، بەڵام لەوانە بوو بخنکێم. دەتگوت بۆ من هەموو شتێک گۆڕاوە. لەماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا تەنانەت پەرداخێکیشم ئاو نەخواردبۆوە. دایکی داماوم ئەگەر لە خەفەتی من ئیفلیج نەبێ، شاکارێکی گەورەی خوڵقاندووە. باوکم دوێنێ هەستا چوو بۆ شاری قوم هەرکات ڕووداوێکی خراو ڕوودەدا، باوکم ڕوو دەکاتە ئەوێ. براکەشم هەر خۆی دەخواتەوە. کاتێ لەگەڵ من و دایکم، یان براژنم دەکەوت مەتەقی نەدەکرد. چۆن دەبێ پیاو خۆی

تێنەگـا بوونی ئەو هۆی ئەو گـشت دەردەیە؟ چۆن دەبێ هەست بەوە نەکا کە ئەم ماڵە جێی ئەو نییە؟ چۆن دەبوو تێنەگەم؟ چیتر نەمدەتوانی خۆم ڕاگرم. ئیمڕۆ بەیانی کە بەرچاییان خوارد و براکەم ڕۆیشت، منیش چارشێوەکەم دەست دایە و پێم پێوەنا. نەمدەزانی بەرەو کوێ دەچم. هەروا ڕووم کردبووە کووچە و کۆڵان و لەدەست دۆزەخی ئەم دوو ڕۆژە ڕام دەکرد. نەمدەزانی گەرەکمە چ بکەم. لەبەر درکەی ماڵی پوورمەوە تێپەڕیم. کاک سمایلیش لەسەر ڕێم بوو، بەڵام پێم خۆش بوو نەبچمە ماڵی پوورم نە ماڵی کاک سمایل، چونکە هیچ گرفتێکم بەوان چارەسەر نەدەبوو؟ ڕووم کردە بازاڕ، هەراوهۆریای بازاڕ هێنامییەوە سەرخۆ. هێندێکم بیر کردەوە. هەر چەندە بیرم کردەوە، دیم ناتوانم بگەڕێمەوە ماڵی باوکم بەو ئابڕووچوونەوە! پاش ٣٤ ساڵ خواردن و خەوتن لەماڵی باوکم و ژیان لەو ماڵەدا، ئێستا خۆم بەنامۆ دەزانی. هەروا بەڕێدا دەڕۆیشتم و بیرم دەکردەوە. پیاو بۆ شێت دەبێ؟ بۆ خۆی دەخنکێنێ؟ یان بۆ تلیاک دەکێشێ؟ خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ، بەڵام خۆ کەس تێناگا دوێ شەو و پێرێ شەو چ حاڵێکم هەبوو. لەوانە بوو بخنکێم. هەر شەوەی ١٠ جاران دەهاتمە حەسار. دە جاران دەچوومە سەربان.. چەندە گریام؟ خوا دەزانێ بەڵام مەگەر ئۆخژنم گرت! تەنانەت گریانیش سوکنایی بەدڵم نەبەخشی پیاو ئەو قسانە بۆ کێ بکا؟ بەڵام پیاو ئەم قسانە بۆ کەسێک نەکا دڵی دەتۆقێ. پیاو چۆن دەتوانێ ئەم دەردە هەڵگرێ پاش ٣٤ ساڵ ژیان لەماڵە باوکی، شوو بکا و پاش ٤٠ ڕۆژان سەرلەنوێ بگەڕێتەوە و بەریشی باوکی پێبکەنێ؟ عالەم سەبارەت بەمن ئەو قسانە هەر دەکەن، بۆ خۆم نەیڵێم. ئەویش خودا خۆی دەزانێ هیچ خەتایەک لەمنەوە ڕووی نەدابوو؟ ئاخر، خەتای من چ بوو؟ تەنانەت داوای کڕینی جووتێ گۆرەوی بێ قابیلەتیشم لێ نەکردبوو. ئەو خوا نەناسە خۆ هەموو شتێکی منی دەزانی. دەیزانی تەمەنم چەندە. جارێکیش چاوی پێم کەوتبوو باوکم پێی ڕاگەیاندبوو هەر جارێ ویستی دەتوانێ چاوی پێم بکەوێ. دەیزانی قژی سەریشم چییە و چۆنە. بۆ مەگەر خۆی چ چەپکە گوڵێک بوو. پیاوێکی نالەباری ڕیشن. بەو چاویلکە شووشە ئەستوور و دەسک ئاسنە و لووتە زلەوە. خوایە ئەگەر تۆش لێی خۆش بی، ئەمن گەردنی ئازاد ناکەم. ئاخر خۆ من نامەی خۆشەویستیم بۆ نەنووسیبوو. خۆ خۆشی هەموو شتێکی دەزانی ئەی بۆ وای لەمن کرد؟ ئەم بەسەرهاتە چی بوو بەسەر منی هێنا؟ خوایە لێی خۆش نەبی. ئەو نەعلەتییە چوار جاران هاتبووە لای باوکم و گوتبووی هەر دەمەوێ. ئەو کەسەی بۆتە هۆی ئەم بەسەرهاتە خوا بەنەعلەتی کا. ئەو بەنەعلەت بووە هەر خۆی هۆی ئەو گشت گیروگرفتە بوو. براکەم لە ئیدارە باسی منی بۆ کرد بوو. ئیدی هەر بۆ خۆی هاتە پێشێ. ڕۆژانی هەینی خۆی دەگەیاندە لای باوکم و دوو بەدوو دەشیان بڕی و دەشیان دروو. تا بڕیار وابوو ڕۆژی هەینی داهاتوو بێتو چاوی پێم بکەوێ. خوایە خۆت دەزانی! ئێستاش کە دەکەومەوە بیری ئەوکاتە ئازای ئەندامم دەلەرزێ. لە بیرمە ئەوکاتەی دەیویست لە پلیکانەکان وەسەرکەوێ و گوێم لە ترپەی لاقە شەلەکەی و دەنگی تەقوکوتی گۆچانەکەی دەبوو، لەوانەبوو دڵم داکەوێ.

دەتگوت نووکی گۆچانەکەی لە جێی زەوی لەسەر دڵی من دادەنێ. هەر نازانن لەو کاتەدا چ حاڵێکم هەبوو. بەلەقەلەق هات و ڕاستەوخۆ خۆی بە هۆدەکەدا کرد. چووە ئەو هۆدەی کاکم وا شوێنی میوان دانیشتن بوو. براکەم چەند ساتێک لەپاڵییەوە دانیشت. پاشان هەرای لێکردم ئاویان بۆ بەرم و هەر لەوکاتەدا براکەم بەبۆنەی جگەرە هێنانەوە هاتە دەرێ.

شەربەتم گرتبۆوە و دامنابوو. چارشێوەکەم بەسەر دادا و شەربەتەکەم لەسەر کەشەفێک دانا و چوومە ژوورێ. هۆدەکەی من و دایکم لەپاڵ هۆدەی براکەمەوەبوو. دایکم دڵخۆشی دامەوە. ئاخر دیبووی ڕەنگم چۆن گۆڕاوە و سپی هەڵگەڕاوم. من تا گەیشتمە بەر دەرگای هۆدەی میوانداریبیەکە نیوەی عومرم چوو.

چوار هەنگاو نەدەبوو، بەڵام بۆ من عومرێکی خایاند. باوکم لەماڵەوە نەبوو، براکەشم چوبووە خوارێ لای خێزانی جگەرە بێنێ و دایکیشم لەبەر دەرگای هۆدەکە وێستا بوو زوو زوو بەدەنگێکی نزم پێی دەگوتم: بڕۆ دایە گیان. بڕۆ هیوات بەخوا بێ، بەڵام بۆ مەگەر من دەمتوانی هەنگاو هەڵێنمەوە. کە گەیشتمە بەر دەرکەی هۆدەکە چیدی هێزم تێدا نەبوو. کەشەفەکە هێندە لە دەستما لەرزی بوو، پەرداخە شەربەتەکان نیوە ببوون و نەمدەزانی چ بکەم. بگەڕێمەوە و سەرلەنوێ شەربەت بگرمەوە، یان هەر بەم پەرداخە شەربەتانەوە بچمە

ژووریَ؟ پێستی سەرم ئارەقەی کردبوو. لەشم کەسیرە ببوو. لەوانە بوو دڵم لەکوتان بکەویَ. خوایە! ئەگەر خۆی قسەی نەکردایە لەپێشدا من چیم بکردبایە؟ هەروا ئەم پیَ و ئەو پێم دەکرد، خۆی دەنگی لیَ بەرزەوە بوو. ئەو بەنەعلەت بووە گوتی: «خاتوون ئەگەر شەرم دەکەی با خۆم بێمە خزمەتت».

خوایە خۆت دەزانی! پاش قسەکەی سەرلەنویَ ترپەی ئەو لاقە شەلانەی هاتە گوێم کە لەسەر ڕایەخەکەی دادەنا! هات و دەرکەکەی کردەوە. مەچەکی گرتم و سووک کێشامییە ناوەوە. هەنووکەش کە دەکەومەوە بیری ئەوکاتە شوێنی پەنجەکانی لەسەر مەچەکم دەسووتێتەوە. دەڵێی بازنەیەکی ئاگرین لە دەستمدایە. کێشامییە ناوەوە و کەشەفەکەی لەدەست وەرگرتم و لەسەر مێزەکەی دانا. لەسەر کورسیلەیەک داینیشاندم و خۆشی بەرانبەرم دانیشت. بیرم دەکردەوە نەکا چارشێوەکەشم لەسەر لابا؟ بەڵام نا. ئیدی ئەوەندەش بیَ شەرم نەبوو. خوالێی خۆش نەبیَ. چارشێوەکەم هەروا بەسەرەوە بوو. کاتیَ ویستم دانیشم، لەبیرمە داوێنەکەیم لەسەر مەمکم خڕ کردەوە، بەڵام سەروچاو و بەرۆک و ملم دیار بوو. دەم و چاوم گەرم داهاتبوو. نازانم حاڵم چ بوو وا ئەو سەرلەنویَ دەستی کردەوە بەقسە کردن و گوتی: «خاتوون! خوا خۆی ئیزنی داوە.» پاشان هەستاو بەدەوری کورسیلەکەیدا گەڕا. سەرلەنویَ دانیشتەوە. تێگەیشتم بۆ ئەم کارە دەکا. تینی لەشم زۆرتر بوو. نەمدەزانی چ بڵێم. ئاخر دەبوو لانی کەم قسەیەک بکەم بۆ ئەوەی وا تێنەگا لاڵم. هەرچەند بیرم کردەوە هیچ بەمێشکمدا نەهات. ئاخر بۆ کچێکی وەک من کە ٣٤ ساڵان لەماڵی باوکی جگە لە براکەی کەسی دیکەی نەدیوە و لای هەموو پیاوێک ڕووی گرتووە و تەنیا لەگەڵ ژنانی غەریبە ئەویش، یان لە حەمام، یان لە بازاڕ دواوە، چۆن دەبیَ کاتیَ پیاوێکی بێگانە قسەی لەگەڵ بکا نەپەشۆکیَ. خۆ من لەو کچە قوتابییە ڕووهەڵماڵدراوانە نەبووم بە هەزار پیاوی بێگانە ڕابگەیشتبایەم. ئەویش پیاوێکی بێگانە وا هاتۆتە خوازبێنی. قسەم بۆ نەهات. هەرچی خۆم دەپشکنی هیچم پیَ نەبوو بیڵێم، بەڵام لەناکاو خوا خۆی بە فریام گەیشت. هەروا کە چاوم بڕیبوو مێزەکە وەبیر شەربەتەکە کەوتمەوە. بە پەشۆکاوی گوتم: شەربەتەکە گەرم دەبیَ کاکە، بەڵام کاکەکەم نەتوانی جوان بڵێم. تفی زارم پەڕیبە قووڵایی ئەوکمەوە و وتەکەم بۆ تەواو نەبوو، بەڵام کە ئەو دەستی برد بۆ پەرداخە شەربەتەکە تۆزیَ غیرەتم هاتەوە بەر خۆم و گوتم: کاکە جگەرەتان بۆ بێنم؟ لە هۆدەکە هاتمە دەریَ. ئاخ چ حاڵێکم هەبوو! ئەگەر براکەم لەماڵەوە نەبوایە و من ناچار بوایەم جگەرەشی بۆ بەرم چی!؟ بەڵام خوا لێی خۆش بیَ. چ برایەکی دلۆڤان و خۆشەویستە! ئەگەر ئەوم نەبوایە چیم بکردابایە؟ کاتیَ منی دی کە بەترس و لەرزەوە لە پلیکانەکان دێمە خواریَ گوتی: خوشکیَ چ بووە؟ مەگەر کچی هەموو عالەم شوو ناکا؟ خۆی چووە سەریَ و جگەرەشی بۆ برد.

ئەو ڕۆژە هەموو شتێک کۆتایی پیَ هات. ئەمە یەکەم جار بوو چاومان بە یەک کەوت. خوا خۆی دەزانیَ کاتیَ کە لەگەڵی لەهۆدەکەدا بووم چەندم پیَ خۆش بوو تێی گەیەنم قژە سەرم هینی خۆم نییە و کڵاومووە، بەڵام بۆ مەگەر توانیم متەق بکەم؟ ئەم تاقە قسەیەشم کە کرد لەوانە بوو گیانم دەرچیَ. پاشان هێندیَ هاتمەوە سەر خۆم و دایکم لە باسەکە گەیاند. گوتی: هیچ نییە کچم! براکەت چاکی دەکا. ئاخر من دەمزانی ئەگەر هەر لەسەرەتاوە لە باسەکەی نەگەیەنین بەکار نایە. من دەبوومە خێزانی چۆن دەبوو نەزانیَ قژە سەرم هینی خۆم نییە و کڵاومووە. ئەو لە داهاتوودا خۆ هەر تێدەگەیشت، ئیتر بۆ لە سەرەتاوە تێی نەگەیەنین؟ ئاخر دەمزانی ئەگەر بچمە ماڵەکەی و لەم باسە بگا، ناگاتە چوار ڕۆژان دەستێکی تەڕم لەدوو دەدا و دەرم دەکا. بۆ کاتیَ زانی دەری نەکردم؟ منی داماو دڵەکوتەی ئەوەم بوو چۆنی تێگەیەنم. خوایە! ئەگەر تۆش لێی خۆش بی، من گەردنی ئازاد ناکەم. بۆ مەگەر من چیم کردبوو؟ چ فێڵ و تەڵەکەیەکم لەژێر سەردابوو ئەو ئاوای بەسەر هێنام؟ ڕازی بووم ساڵێک دەست ڕاگریَ و لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا قەرەواشی خوشکی و دایکی بکەم، بەڵام واشی لەگەڵ نەکردم. دەمزانی کە عالەمەکە لۆمەم دەکەن و دەڵێن فیسارکەس چل ڕۆژ لە ماڵی مێرددا نەبوو، گەڕاوە ماڵی باوکی. ئەگەر ماوەی ساڵێکیش لەماڵێدا بمابامەوە هەر باش بوو. نەک ئەوەی وا بیر بکەنەوە خۆشم دەویست ها! بەو خودایەی لە ژووری سەرە نا! ئەو دەم و فلچە جوانەی و ئەو لاقە شەلەی قەت نەچووە دڵمەوە، بەڵام ڕەنگ بوو بتوانم پیلانێک دارێژم و تۆڵەی لیَ

بکەمەوە. تا ساڵی دواتریش خوا گەورە بوو. بەم چەشنە ژیانەش ڕازی ببووم کە چیدی نانی ماڵە باوکم نەخۆم. شەکەت ببووم. ٣٤ساڵان هەموو بەیانیان لەماڵێکدا هەستان و شەو و ڕۆژ کردنەوە، هەروا ئاسان نییە! ئەویش چ کۆشک و تەلارێک؟

ساڵانێکی زۆر بوو، هیچ هەواڵێکی نوێ، هیچ هاتوچۆیەک، هیچ زەماوەندێک و خوا نەخواستە هیچ مردوویەکی، لێ نەچووبووە دەر. پاش ئەوەی براکەم ژنی خواست، تەنیا هەواڵی نوێی ماڵی ئێمە کێشەی شەوانەی ئەوان بوو. ئەمەش هەر مانگێ جارێک بوو. تەنانەت سریوەیەکیش لەماڵەکەماندا نەدەهات. تێناگەن من دەڵێم چی. گەرەکم نییە بڵێم ماڵە باوکم خراو بوو، ها. نا، باوکی داماوم، بەڵام من ئیدی شەکەت ببووم. دەمویست ببمە خاتوونی ماڵی خۆم. خاتوونی ماڵێ! بەڵام دایک و خوشکی خاتوونی ماڵێ بوون. ڕازی بووم قەرەواشییان بکەم، بەڵام تاقە ساڵێک دەست ڕاگرێ و دەرم نەکا، ئەوەشی لەگەڵ نەکردم. وردە وردە تێدەگەم بۆچی نیوەی مارەییەکەی یەک جێ دامێ. بە هەموویەوە ٧٥٠ تمەنی کردبووە مارەییم کە پێنج سەت تمەنی یەکجێ پێدام. هەمووومان بە کەلوپەلی ماڵێ دا و دایکە داماوەکەم چوار کوتە جیازی بۆ کڕیم. ٢٥٠ تمەنیشی مابۆوە. ئەویش کاتێ هێنامیەوە ماڵی باوکم گوتی کە حەدیەت تێپەڕ بوو، ئەویشت دەدەمێ.

من تازە تێدەگەم چەندە کەر بووم! وابیر دەکەنەوە دەمەقڕەمان بووە، یان من جنێوم پێداوە و ئەو ئەم پەندەی بەسەر هێناوم؟ لەماوەی ئەم چل ڕۆژەدا تەنانەت جارێکیش دەمەقڕە و کێشەمان نەبووە، بەڵام من هەر لەسەرەتاوە کە تێگەیشتم دەبێ لەگەڵ خەسوو ژیان بەرمە سەر تۆقیم. دەزانن بۆ؟ ئاخر مرۆڤ خۆی هەست بە بڕێ شت دەکا. دەمزانی کێشە ساز دەبێ زۆر جاران لەگەڵم هەڵدەکردن و هیچم نەدەگوت. بڕوا بکەن هێن لەبەر چاویان سووک ببووم، لەگەڵ قەرەواشێک بەو چەشنە نەدەجووڵانەوە. ٣٤ ساڵان لەماڵە باوکم بەو قەدر و حورمەتەوە ژیابووم و ئێستا ببوومە کلفەتی دش و خەسوو. دیسان هیچم نەدەگوت و ڕازی بووم. تەنانەت زەماوەندەکەشمان نەهاتن. دایک و خوشکی دەڵێم. لێمان گێڕانەوە، بەڵام نەهاتن! هەر ئەمە هۆی ئەم گیرو گرفتە بوو. ئەوەی کە مێردەکەم خۆی هەموو کارەکانی بەبێ دایک و خوشکی بردە پێشێ. خۆی دەیگوت دایکم و خوشکم کاریان بەسەرمەوە نییە، بەڵام درۆی دەکرد. بۆ مەگەر دەبێ؟ دایک شیلەی لەشی دەدا بە پیاو. چۆن دەبێ کاری بەسەر پیاوەوە نەبێ؟ لەدواییشدا خوا خۆی دەزانێ، هەر ئەو دایک و خوشکەی منیان لەبەر چاوی ڕەش کرد. زەماوەندەکەمان کورت و چکۆلە بوو. مارەیی و گوێستنەوەکەمان پێکەوە بوو. برا داماوەکەم پێشتر کەلوپەل و جیازییەکەمی برد بوو چنیووی و ماڵی ڕێکوپێک کردبوو. ماڵی چی تەنیا دوو هۆدەی هەبوو. جیازییەکەم هۆدەیەکی گرتبۆوە. شەو کە شامیان خوارد دەستیان نایە ناو دەستی یەکەوە و بردیانین. ئاخ! هیچ حەزی پێناکەم ئەو شەوە سەرلەنوێ بێنمەوە بیرم. خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ! کەیفەکەمان زۆر کەمی خایاند! تەنیا لەبیرمە پاش ئەم کارە هات ماچم کات، لە ئاوێنەکەوە چڕوچاوە بە چاویلکە داپۆشراوەکەیم دی. بەسرتە پێی گوتم: بۆ سەریشت کڵاوموویەکی جوانم بە دروست کردن داوە، خۆشەویستەکەم! نازانن لەناکاو چیم لێهات. ڕەنگ بێ دەبوو شاد بوایەم بەم وتەیە. شاد بوایەم بە هۆی ئەوەی کە لە باسەکە گەییوە و وەڕووی خۆی نەهێناوە و لەسەر ئەمەشڕا منی ویستووە، بەڵام کە ئەمەم بیست دەتگوت بە پەیاغێک کوتاویانە بەسەرما.

حەزم دەکرد لەژێر چاویلکەکانییەوە دەست بەرم و ئەو چاوە شیشلۆقانەی دەربێنم. قەحبەبابی نالەبار. نەتدەتوانی کاتێکی تر ئەم گرفتەم وەبیر بخەیتەوە! یاخوا خێر لەماوەی تەمەنی نەبینێ! تەنانەت تاقە تیکەیەک شامم لە ئەوک نەچووە خوارێ و خۆم دەخواردەوە ئەگەر لەو کۆڵان ئەم قسەیەی نەکردایە، نازانم چمان لێ بەسەر دەهات، چونکە من لە خۆما نەبووم، بەڵام خوا بەهاواری گەیشت. یانی بەهاوارمان گەیشت. لەڕێی ماڵێدا لەکۆڵانێک بە سرتە ئەمەی پێگوتم: گەرەکم نییە دایکم و خوشکم تێبگەن. دەزانی بۆ؟ بەدەست خۆم نەبوو پێم خۆش بوو ماچی کەم، بەڵام پێش خۆم گرت. هەموو ئەم ڕق و قینەی وا لە دڵما بوو تەواو بوو. دەتگوت خۆشەویستی ئەو بەو تاقە وتەیە چووە دڵمەوە. خوا بیباتەوە. هەنووکانە لەڕووی خۆم شەرمەزار دەبمەوە، بەهۆی ئەوەی کە ئاوا فریوم خوارد. چەندە شاد بووم. هەر لەو کاتەشەوە تێگەیشتم، بەڵام وەڕووی خۆم نەهێنا. کاتێ کە مێرد دڵی شاد بێ چۆن ژن دەتوانێ خەمگین و

ناشاد بێ. من گوێم نەدایە، بەڵام هەر لەو ڕۆژەوە بۆ بەیانی دەستی پێکرد. هەر ئەو شەوە چوومە خزمەت دایکی. خۆی پێی گوتبووم گلەیی لێ بکەم کە نەهاتۆتە زەماوەندمان. منیش پاش ئەوەی دەستی دایکیم ماچ کرد. گلەییم لێ کرد. وەی! وەی! چاوت ڕۆژی ڕەش نەبینێ، بەبێ شەرمییەوە دەمی هەڵماڵی بەمنی تازە بووک و کوڕەکەی گوت: هیچ حەز ناکەم ڕوخساری ئەو بووکە ببینم وا خۆم لە مارەکردنەکەیدا نەبووم تێدەگەن؟ لەمە بەدواوە ئیزنت نییە دەستی ئەم ژنەتیوە بگری و بیهێنییە هۆدەکەی من. هەر ئاوا. یاخوا خوا بیباتەوە. دیوتانە؟ هەر لەسەرەتاوە ئاوام لێ بەسەر هات، بەڵام ئەو سەگە پیرە هێندە بەدلۆڤانی لەگەڵم دەجووڵاوە و هێندە نازی دەکێشام هەموو ئەوانەی لەبیر بردمەوە. ئەو شەوە بەهەر چەشنێک بوو تێپەڕ بوو. شەوانە بە هەر چەشنێک بووایە تێپەڕ دەبوو. ئەوەی گرینگ بوو ڕۆژان بوون. کە مێردەکەم خۆی لەماڵەوە نەبوو. من لەگەڵ دوو دانە دێو لەماڵەوە بە تەنیا بووم. مێردەکەم لە نووسینگە کاری دەکرد.

بە ڕۆژ تا نیوەڕۆ کە دەهاتەوە و عەسرانە تا نوێژی شێوان من لەناخی دۆزەخدا دەژیام. بەلای هۆدەکەیاندا نەدەچووم. بەتاقی تەنیا کارم دەکرد و تا ئەو جێگایەی بمتوانیبایە لە هۆدەکەم نە دەهاتمە دەرێ. ئەو دوو هۆدەیەی خۆمانم ڕێکوپێک دەکرد. حەسارم جوان دەماڵی. قاپ و کەوچکم دەشووشت. خۆشی نەیدەهێشت بچمە ماڵە باوکم. منی نەزانیش گوتبووم باشە، بەڵام حەوتوویەک کە تێپەڕ بوو هێندەم پێ وت ڕازی بوو هەر دوو حەوتوو جارێک، شەوی هەینییان پێکەوە بچینەوە بۆ ماڵی باوکم. بچین شام بخۆین و بۆ خەوتن بگەڕێینەوە پاشان دوو حەوتوو جارێکم کرد بە حەوتووی جارێک چوونەوە، بەڵام هەمیسان بە ڕۆژدا دەترسام بچمە دەرێ. ئەگەر ئیشێکیشم نەبووایە، حەوتووی جارێک خۆ هەر دەبووایە بچووایەم بۆ حەمام. بەیانیان هەر شتێک پێویست بووایە دەیکڕی و دەیهێناوە و دەڕۆیشت. خواردن و خۆراکمان لەگەڵ یەک جیا بوو. بۆ خۆمان جیا و بۆ دایک و خوشکی بەجیا گۆشت و سەوزی و کەلوپەل و شتی تری دەکڕی. دەیهێناوە و دەڕۆیشت. شەوانە کاتی هاتنەوە سەرێکی لەهۆدەکەی دایک و خوشکی دەداو جار جارەش ئەگەر چایان ساز بووایە چایەکیشی دەخوارد و پاشان دەهاتەوە لای من. ئەوە خراو بوو خانووەکە هی خۆیان بوو. یانی هی دایکی بوو. لە حەوتووی دووەمەوە گوتیان دەبێ قاپ و کەوچکی ئێمەش بشۆی. بەوەش ڕازی بووم. هیچم نەگوت. لە دیوارەوە دەنگ بەرزبۆوە لەمنەوە نا، بەڵام بۆ مەگەر دەکرا پێش زوانیان بگری؟ کاتێ مێردەکەم لەماڵەوە نەبووایە هەزار عەیبیان لێ دەدۆزیەوە. هەزار جار لۆمەیان دەکردم. لەبەر هۆدەکەمەوە کە تێپەڕ دەبوون هەزار تەوس و تەشەریان پێدا دەدام و دەیانگوت: قژە سەرم هی خۆم نییە و دەم و چاوم گرۆتییە و تەمەنم چل ساڵە. بۆ مەگەر کوڕەکەی خۆیان چ چەپکە گوڵێک بوو؟ هەر ئەو باسی قژە سەرە هەموو شتێکی تێک دا. ئاخر چۆن دەبوو لە وانی بشارمەوە. لە ترسی ئەوەی وا لەم باسە نەگەن دەچوومە حەمامەکەی گەڕەکی ماڵی باوکم، بەڵام ڕۆژێ دایکی هاتبوو و لە کیسە کێشی حەمامەکەی پرسی بوو. ئەویش بە چ فیێڵێکەوە! خۆی نەناساند بوو. دڵی بۆ مێردەکەم سووتابوو کە بەڵێ ئەم داماوە ژنی پیری ترشاو و دەم و چاو گرۆێشی خواستووە. خوا ئەو کیسە کێشانە بەنەعلەت کات.

پێم وایە پێنج قرانی زیاتر دابوویە و ئەویش هەموو شتێکی پێگوتبوو و چیرۆکی قژە سەرمی بۆ گێڕابۆوە و گەمەشی پێ کردبووم. خوایە لێیان خۆش مەبە. مەگەر من چ خراپەیەکم بۆ ئەوان هەبوو؟ مەگەر ئەو کامەرانییە نەگبەتەی من و ئەو مێردە نالەبارەی دەستکەوتی من ببوو چ شوێنێکی ژیانی بەوان تەنگ کردبوو؟ بۆ ئێرەییان دەبرد؟ خوا دەزانێ چیهای پێکردم. ڕۆژی دوایی تر ئاوگری حەمامەکە ئەمانەی بۆ گێڕامەوە. تەنانەت لاسایی منیشی کردبۆوە کە چۆن قژە سەرم دادەگرم و لەسەر کۆشمی دادەنێم و بە سابوون دەیشۆم و بە شانە دایدێنم. من ئیدی نەچوومەوە ئەو حەمامە، بەڵام خۆم لێ گێل کرد و هیچم پێنەگوت. سەروملم خۆم دەمشووشت و نەچوومەوە بۆ ئەوێ. ئاخر چۆن پیاو لەگەڵ ئەو چەشنە مرۆیانە قسە دەکا؟ ئیدی کار لەکار ترازا بوو. ئەوەی وا نەدەبوو تێی بگەن. تێگەیشتبوون. ئیدی من کەوتمە ئەو شەوەزەنگە و ڕۆژم لێ ڕەش بوو. دوو سێ شەو بوو کە مێردەکەم دەهاتەوە لای دەدا ژوورەکەی ئەوان و ماوەیەکی زۆرتر لە جاران دەماوە.

شەوێکیش هەر لەوێ شامی خوارد و هاتەوە. دیسان متەقم لێ نەهات. چەند کەر بووم! دەتگوت تاوانێکی

گەورەم کردووە. دەتگوت تاوانبارم. دەتگوت لەباسی قژە سەرەکەدا فێڵم لێ کردووە و فریوم داوە! نەم هێنا دوو قسەی لەگەڵ بکەم، جگە لەمە ئەمانە هیچ نەبوون. زۆری بۆ هێنام وتی دەبێ تێکەڵ بین و جیا لەوان نان نەخۆین. لای وان شام و نەهار بخۆین.

لەوە بەدواوە پاروو لە ئەوکم نەدەچووە خوارێ. خوایە من چەند کەر بووم! ئەو هەموو پەندەیان بەسەر هێنام و من متەقم لێ نەهات! ئاخر بۆ هێندێ بیرم نەکردەوە. بۆ زۆرم بۆ مێردەکەم نەهێنا لە دایک و خوشکی جیا بێتەوە؟ ڕازی بووم لە تەویلەدا ژیان بەرمە سەر، بەڵام تەنیا بم. قوڕ بەسەرم! هەروا وێستام هەرچی وتیان وتم باشە. هەمووی خەتای خۆم بوو ٣٤دانە ساڵ لە ماڵە باوکم دانیشتم و ڕێی مدبەق و حەمام فێر بووم. ئاخر بۆ لەماوەی ئەم ٣٤ ساڵەدا نەچووم هونەرێک فێر بم؟ بۆ نەمخوێند؟ دەمتوانی مانگێ دراوێکی کەم بخەمە لاوە و وەک بەتول خاتوون مەکینەیەکی خەیاتی بکڕم و بۆ خۆم خەیاتی بکەم. کچە هاوسێکانمان دەچوون گۆرەوی چنین فێر دەبوون و لەماوەی ساڵێکدا مەکینەی گۆرەوی چنینیان کڕی و جگە لەوەی خۆیان بە خێو دەکرد، جیازی بووکێنییەکەشیان هەر خۆیان کڕییان. لەدواییشدا بەدوو ماشێن جیازییەکەیان بردن، ئەو برا داماوەم هەوڵی دا خوێندکاریم فێر کات، بەڵام منی هیچ و پووچ! منی قوڕ بەسەر! هەمووی خەتای خۆم بوو. تازە تێدەگەم. ماوەی ئەو دوو ڕۆژە بیرم لە وانە دەکردەوە وا ئەو هەموو بیرە پڕوپووچە مێشکی داگرتووم. ٣٤ ساڵ لەماڵە باوکم دانیشتم خەفەتم بۆ قژە سەرم خوارد. خەفەتی نالەباریم خوارد. خەفەتی شوو نەکردنم خوارد، بۆ مەگەر هەموو ژنێ جوان و لە بارە؟ بۆ مەگەر ئەو هەموو عالەمە هەیە قژە سەریان هینی خۆیان نییە، چ قەوماوە؟ بۆ مەگەر تەنیا من گڕوێم. هەمووی خەتای خۆم بوو. هەر دانیشتم و هەر گوێم دا لۆمە و لەتەری دایک و خوشکی. هەر هێشتم بچێتە لای ئەوان دانیشێ و خراپەی منی لە زوان ئەوانەوە گوێ لێ بێ. تا لەبەر چاوی کەوتم. تازە هەر ئەو لەبەر چاو کەوتنە بوو. دوایین شەو کاتێ لە هۆدەکەی دایکی هاتە دەرێ ئیدی جلەکانی دانەکەند و هەر ئەوکاتە لەبەر دەرکی هۆدەکە وێستا و گوتی: حەز ناکەی بچینەوە ماڵی باوکت؟ من لەناکاو دڵم داکەوت. دوو شەو لەمەوپێش شەوی هەینی بوو. لەگەڵ یەک چووبووینەوە ماڵی باوکم. بۆ شام لەوێ بووین و من لەپڕ تێگەیشتم چ باسە. وتم کەیفی خۆتە و ئیتر هیچم نەگوت. هەروا بێ دەنگ دانیشتبووم خەریکی گۆرەوییەکانی بووم پینەم دەکرد. سەرلەنوێ پرسییەوە من هەر ئەو وەڵامەم داوە. لەدواییدا گوتی: هەستە گیانەکەم. هەستە بابچین سەرێکیان لێدەین. منی کەریش هیوام بەخۆم دەبەخشی کە بەڵێ پێم وانییە وابێ. بوخچەکەم پێچاوە. چارشێوەکەم بەسەردادا و ڕێ کەوتم. لەڕێ متەقمان لێ نەهات. شاممان نەخواردبوو. قابلەمەکە لەسەر ئاگرەکە بوو. دەبوو دامگرتایە و بمبردبایە بۆ هۆدەکەی دایکی و بە یەکەوە شاممان بخواردبایە. دڵە خورپێم بوو. دەتگوت دەزانم دەیەوێ پەندێکم بەسەر بێنێ، بەڵام وەڕووی خۆم نەهێنا. ماڵە باوکم لەگەڵ ماڵە خۆمان زۆری مەودا نەبوو. کاتێ گەیشتین- لە دەرگاکەم دا- هەمیسان ئەو حاڵەم هەبوو کە ئەو ڕۆژە لەپشت دەرگای هۆدەی میوانداریەکە هەم بوو. ئەو دەستمی گرت و کێشامییە ناوەوە. پێم وایە لەو ڕۆژەش خراوتر بووم. وەک مێوژۆکە دەلەرزیم. براکەم هات و دەرگای کردەوە. هەر کە چاوم بە براکەم کەوت، دەتگوت گشت خەمەکانم لەبیر کردووە. لەبیرم چۆوە چ قەوماوە.

براکەم بە ڕووی خۆی نەهێنا. سڵاو و چاک خۆشی کرد و چووینە دالانی حەسارەکەوە کە گەیشتینە حەوشە براژنم لەوێ ڕاوەستا بوو. دایکم لە پەنجەرەی هۆدەکەیەوە سەری کێشا بوو بزانێ کێیە و ئەو دوا بەدوای ئێمە دەهات. کە گەیشتینە نیوەی حەسارەکە ئەو نەگبەتە بەدەنگێکی بەرز ڕووی کردە دایکم و ئەوان و گوتی: ئەوە فاتمە خاتوونەکەتان. دەیسپێرم بە ئێوە. چیدی مەیەڵن بگەڕێتەوە بۆ ماڵی من. پێش ئەوەی من هاتم بنەڕێنم ئاخر بۆ؟ من نامێنمەوە هەروا بەرت نادەم. بەو لاقە شەلانەیەوە چووە دەرێ و دەرگای حەساری زرم پێوەدا. من هەروا کە دەمنەڕاند: نامێنمەوە. بەرت نادەم دەستم کرد بە گریان و لالانەوە. دایکە داماوەکەم بە پەشۆکاوی هاتە حەسارێ بۆ لام و بردمییە سەرێ و پرسی ئەوە چ قەوماوە؟ من چۆنم دەتوانی تێیان بگەیەنم کە هیچ نەقەوماوە؟ نە کێشەیەک، نە قسە و باسێک؟ کە ژیر بوومەوە پێم گوتن کە کێشەم لەگەڵیان بووە. جنێوم بەدایک و خوشکی داوە و وام کردووە و وام کردووە، بەڵام بەدرۆ! چۆن دەمتوانی بڵێم هیچ نەقەوماوە و ئەو

قەحبەبابی هیچوپووچە هەر بەو ساکارییەی خواستمی، ئاواش هێناومییەتەوە بەر دەرگەی ماڵە بابم دایناوم و ڕۆییوە؟ بەڵام ئیدی کار لەکار ترازا بوو. ئەو کەرەگمتەیە ڕۆیشت و نەگەڕاوە. سبەینێ بەیانیش چووبووە ئیدارە بۆ لای براکەم و تێگەیاند بوو کە منی تەڵاق داوە و کە حەدیەم تێپەڕ بوو مارەییەکەم چەندەی ماوە دەمداتێ. گوتبووی یەکێ بنێرن کەلوپەلی فاتمە خاتوون خڕ کاتەوە و بۆتانی بێنێتەوە. دیوتانە؟ دایکیشم تێگەیی هەمووی ئەم باس و بەسەرهاتانە لە ژێر سەری دایکی و خوشکی دایە، بەڵام ئاخر من چۆنم دەتوانی دیسان لەماڵە باوکم بمێنمەوە؟ چۆنم دەتوانی؟ ئەم دوو ڕۆژە وەک بەندیخانە وابوو بۆ من. خۆزگە لە بەندیخانەدا دەبووم.

لەوێ لانی کەم پیاو کاتی دیتنی دایک و باوکی شەرمەزار نابێتەوە. ئەوەندە لە براژنی شەرم ناکات. ئەو دیوارانەی ماڵێ کە ئەو گشتە خووم پێ گرتبوون دەتگوت قورساییان لەسەر دڵمە. دەتگوت میچی هۆدەکە لەسەر سەرمە. نەدەمتوانی ئیستیکانێک ئاو بخۆمەوە. نە تیکەیەک نان لە ئەوکم دەچووە خوار. دایکە داماوەکەم! لە تاوی من ئیفلیج نەبێ باشە. برا داماوەکەم ڕەنگ بێ نە لەڕووی هەڵبێ بچێ کەلوپەلەکەی من بێنێ و نەکاری دیکەشی لەدەست بێ. ئاخر ئەو نەگبەتەی نالەبارە خۆی لە نووسینگە کار دەکا و لەهەمووی ئەوانە دەگا. بەچی دیارە پەندی بەسەر هەزار داماوی وەک من نەهێنابێ، بەڵام نا. هیچ قەحبەبابێک لەمن گێژتر و داماوتر نییە. دایک و خوشکی هەر بەڕوویاندا دەدامەوە کە ماڵی فلان کەس و فیسار کەس چوونەتە خوازبێنی بۆ کوڕەکەیان! بەڵام چ قەحبەبابێک دێ دەبێتە ژنی ئەو هیچوپووچە نالەبارە؟ جگە لەمنی قوڕ بەسەر؟ کە هەر دانیشتم و دەستم لەسەر دەستم دانا هەتا ئەم دوو ڕۆژە ژیانەشیان پێڕەوا نەدیم و لێیان شێواندم.

**سەرچاوە:**

**کتاب زن زیادی، انتشارات فردوس، تهران، چاپ هشتم.**



## د. ئازاد حەمە شەریف:
## وەرگێڕی بەتوانا نووسەری دووەمی دەقە.. زۆرینەی خوێنەرانی کوردیش بابەتی ڕاستەوخۆ و سیاسییان پێ گرنگتر بووە لە بابەتی هونەری و قووڵ

د. ئازاد حەمە شەریف لەسەرەتای هەشتایەکانەوە تا ئێستا بەهرەیەکە لەناو گیانی کولتوور و ڕۆشنبیری کوردیدا لە درێژبوونەوە و هەڵکشاندایە بەرەو جوانی و خەملێن. کەم دەردەکەوێت، هەرکاتێکیش دەرکەوت باش دەخوێندرێتەوە. فرەلایەن دەنووسێت. خۆی خەریکی هەر جۆرە نووسینێک بکات لە دڵەوە دەینووسێت و لە هەمان کانگاشەوە هەڵیدەبژێرێت بۆ کار لەسەرکردن و جوانکارییەکانی نووسین. بۆیە هەمیشە لەکارەکانیدا دڵخۆشی و سەرسامییەک بەرانبەر دەبەخشێت. ئەمەش خاڵی باش بیرکردنەوەیەتی لە بواری بەرهەمهێنان و بەرپرسیارێتی نووسین. لە نووسینەکانیدا، ئەو نیشانە و ڕووناکییە دەکاتە نوختەی ئامانج و بینین و دەیەوێت لەوێوە بڵێت: ئەی نەتەوەکەم دەمەوێت بتناسم و لێت بدوێم.

لەو لایەنانەی کە بەرهەمی تێدا پێشکێش کردووین، بەرهەمە ڕەخنەیی و وەرگێڕاوەکانی لە هەموویان گەشاوەترن. بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی. دەنووسێت و وەردەگێڕێت و لەهەرسێکیشیاندا جێگای سەرنج و بایەخە. ئەو بەرهەمانەی هەڵیبژاردوون بۆ وەرگێڕان و کارلەسەرکردن ئەوانەن کە لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانی زۆرترین کاریگەرییان هەبووە و بوونەتە هۆی گۆڕینی ڕوانینی خەڵک و ئاراستەکانی بیرکردنەوە.

ئەم هەڤپەیڤینە ویستوویەتی ئەم نووسەر و وەرگێڕە لە هەموو لایەنەکانی بەرهەمهێنانییەوە بدوێنێت.

**هەڤپەیڤین: ڕامان**

**ڕامان:** له هه‌شتاكاندا زیاتر ئایدیۆلۆژیا به‌سه‌ر هه‌ستی جوانناسی ئه‌ده‌بی كوردیدا زاڵ بوو، یان بڵێین كۆمه‌ڵگه‌ی كوردی زیاتر ئه‌و ده‌قانه‌ی وه‌رده‌گرت كه له خزمه‌تی جۆش و خرۆشی ئایدیۆلۆژیادا بوون. تۆ ئه‌و كاته ڕۆمانی (وێنه‌ی هونه‌رمه‌ند له تافی لاویدا)ت كرد به كوردی كه ده‌قێكه پڕاوپڕه له شیعر و جوانی، ده‌قێكه له‌پێناو هونه‌ر و جوانناسیدا به‌رهه‌م هاتووه؟

**د. ئازاد حه‌مه شه‌ریف:** زۆرینه‌ی میلله‌تی كورد به حوكمی ئه‌وه‌ی سه‌دان ساڵه له‌ژێر باری جه‌ور و سته‌می سیاسی و كۆمه‌لایه‌تی و ئایینیدا ده‌چه‌وسێته‌وه، هه‌میشه بابه‌تی ڕاسته‌وخۆ و سیاسی پێ گرنگتر بووه له بابه‌تی هونه‌ری و قووڵ. ئه‌مه‌ش وه‌نه‌بێت ته‌نیا له‌بواری ئه‌ده‌بدا ڕه‌نگی دابێته‌وه، به‌ڵكو له سه‌رجه‌م بواره‌كاندا هه‌روا بووه. هه‌ربۆیه‌ش كورد هێنده‌ی كاتی هه‌بووه بۆ به‌رگری و داكۆكی له‌خۆكردن، هێنده ماوه‌ی نه‌بووه بۆ بایه‌خدان به شتی هونه‌ری و په‌روه‌رده‌كردنی چێژ و هه‌ستی جوانناسیانه‌ی خۆی، به‌لام مه‌سه‌له‌كه له‌گه‌ڵ مندا زۆر جیاوازه، چونكه من له ڕێگای ئه‌ده‌ب و هونه‌ره‌وه سیاسه‌تم ناسی نه‌ك به پێچه‌وانه‌وه. هه‌ر له‌گه‌ڵ وه‌رگیرانم له به‌شی زمان و ئه‌ده‌بیاتی ئینگلیزی زانكۆی به‌غدا له ساڵی ١٩٧٦ دا، ئاشنایه‌تی په‌یداكردنم له‌گه‌ڵ شاكارنووسه ئینگلیزه‌كان، حه‌زی شیعر و هه‌ستی جوانناسی پاڵی پێوه‌نام به‌رهه‌می نووسه‌ره كاریگه‌ره‌كان بخوێنمه‌وه و به‌ڕاستیش شه‌یدای شێوازی نووسین و هه‌ستی ناسكی جوانناسیانه‌ی ئه‌وان ببووم كه تێكه‌ڵ به كێشه‌ی میلله‌ته‌كانیان كردبوو. هه‌ر بۆیه‌ش حه‌زم ده‌كرد نووسه‌رانی كوردیش شاكاری وا بنووسن كه دنیا بهێننه سه‌یر و سه‌ما، به‌لام كه ده‌مبینی نووسه‌رانی ئێمه به‌دوای بابه‌تی مردوو و زۆری و بۆری كه‌وتوون و زۆربه‌شیان ئه‌ده‌بیان یه‌كجار به به‌ربادی كردبووه ده‌راوی ده‌ربڕینی بیری كاڵ و ته‌سكی سیاسیانه‌ی خۆیان، من ده‌ستم كرد به وه‌رگێڕانی شاكاری كۆمه‌ڵه نووسه‌رێكی پابه‌ند به كێشه‌ی نه‌ته‌وه‌و میلله‌ته‌كانیان، به‌لام ئه‌وان وه‌كو نووسه‌رانی ئێمه ئه‌ده‌بیان له‌ناو ساكاری سیاسه‌تدا نه‌خنكاندبوو، به‌ڵكو وایان كردبوو كێشه‌ی میلله‌تانی خۆیان به‌وپه‌ڕی جوانی و ناسكی و هونه‌رییه‌وه به دنیا بناسێنن. (جێمس جۆیس) سه‌رده‌سته‌ی نووسه‌رانی ئێرله‌ندی بوو كه كێشه‌ی گه‌له‌كه‌ی له ڕێگای كۆمه‌ڵه چیرۆكی (ده‌بلنییه‌كان) و ڕۆمانی (وێنه‌ی هونه‌رمه‌ند له تافی لاویدا) و (یۆلیسیس) و (واگاهاتنه‌وه‌ی فینیگان) به دنیا ناساند. ئێستا و ئێستاش هه‌موو دنیا ئێرله‌ندا پتر له ڕێگای (جێمس جۆیس)ه‌وه ده‌ناسێت نه‌ك سیاسییه‌كانیان.

یه‌كێك له‌و هۆیانه‌ی پاڵی پێوه‌نام ئه‌و ڕۆمانه وه‌ربگێڕم لێك نزیكی هه‌ردوو كۆمه‌ڵگه‌ی ئێرله‌ندی و كوردی بوون. ئێرله‌ندا كه ڕێبازی ئایینی و زمان و كولتووری له‌هی ئینگلیزه‌كان جیاواز بوو، بۆ ماوه‌ی سه‌دان ساڵ له‌ژێر كۆت و زنجیری داگیركاری ئینگلیزه‌كان ده‌ینالاند. میلله‌تی كوردیش هه‌مان ده‌رد و ئازاری ئێرله‌ندای هه‌بوو، سه‌دان ساڵه له‌ژێر چه‌پۆكی ئه‌و دوژمنانه ده‌ناڵێنێت كه له هه‌موو ڕوویه‌كه‌وه لێیان جیاوازه. هه‌ر ئه‌وه‌ش وای لێكردم هێنده به‌و ڕۆمانه‌وه دڵگیر و سه‌رسام بم. ئه‌و كاریگه‌رییه‌ش هێنده به‌سه‌رمه‌وه دیار بوو، ته‌نانه‌ت مامۆستا (سهیله نیازی) كه له پۆلی چواره‌می كۆلیژ و دواتریش له خوێندنی ماسته‌ردا ئه‌و ڕۆمانه‌ی پێ ده‌گوتینه‌وه، ئه‌ویش هه‌ستی به‌و لێك نزیكییه ڕوحیه‌ی پاڵه‌وانی ئه‌و ڕۆمانه (ستیفن دیدالۆس) و من كردبوو. قه‌ت به‌ناوی (ئازاد) بانگی نه‌ده‌كردم و هه‌میشه پێی ده‌گوتم (ستیفن دیدالۆس). جا بۆ ئه‌وه‌ی باشتر له (جۆیس) بگه‌م، من بۆ ماوه‌ی شه‌ش مانگ خۆم خه‌ریكی لێكۆڵینه‌وه كرد تا به‌ته‌واوی له كۆمه‌ڵگه‌ی ئێرله‌ندی سه‌رده‌می (جۆیس) بگه‌م، چونكه به‌نیاز بووم ماسته‌رنامه‌كه‌م له‌سه‌ر ئه‌و كه‌ڵه‌نووسه‌ره بنووسم، به‌لام ڕژێمی به‌عس هێنده بێ ئاگا نه‌بوو له‌و كاره‌م، چونكه ده‌یزانی منێكی كورد ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر (جۆیس) بنووسم چی ده‌ڵێم و نووسینه‌كه‌م چ كاریگه‌رییه‌كی له پێكچوواندنی ئێرله‌ندا و كوردستان ده‌بێت، بۆیه ڕێگه‌ی به من نه‌دا له‌سه‌ر جۆیس بنووسم و دوای شه‌ش مانگ كاركردنی بێ وچانم له‌و بواره‌دا هه‌مان ئه‌و بابه‌ته‌ی منیان دا به قوتابییه‌كی عه‌ره‌بی به‌عسی تا له‌سه‌ر (جۆیس) بنووسێت، به‌لام خۆشه‌ویستی من بۆ جۆیس وای كرد كه له‌سه‌ر كاره‌كه‌م ڕشتتر بم و تا ئه‌و به‌رهه‌مه‌م نه‌كرده كوردی، دڵم دانه‌كه‌وت.

هۆیه‌كی دیكه كه پاڵی پێوه‌نام ئه‌و شاكاره بكه‌مه كوردی، ئه‌وه بوو كه ده‌مێك زۆر كه‌س له ناوه‌ندی ڕۆشنبیری كوردیدا ده‌یانگوت زمانی كوردی لاوازه و ده‌ره‌قه‌تی ڕۆمانووسین نایه‌ت، منیش دژوارترین و ئاڵۆزترین ڕۆمانی دنیام له ڕووی زمانه‌وانییه‌وه هه‌ڵبژارد

تا بیکەم بە کوردی بۆ ئەوەی ئەو ئەفسانە بێ بنەمایە پووچەڵ بکەمەوە. ئەوە بوو ساڵی ١٩٨٤ دەستم پێکرد و ساڵی ١٩٨٨ بڵاوم کردەوە.

هەڵبەتە هەر قورسی و ئاڵۆزی زمانەکەی بوو کە ئەو ڕۆمانە تا دەساڵ دوای وەرگێڕانە کوردییەکەی نەکرێتە فارسی، یازدە ساڵ دوای کوردییەکەی ئینجا کرایە هۆڵەندی. ئەمەش مایەی شانازییە بۆ کورد، چونکە فارس هێندە لە وەرگێران خێران، زۆر کتێب دوای مانگێک لە دەرچوونیان دەکرێنە فارسی، هەروەها نێوانی هۆڵەندا و ئینگلتەرا نزیکەی تەنیا سەد کیلۆمەترێکە و زمانی هۆڵەندی و ئینگلیزیش تارادەیەک لەیەکەوە نزیکن، بەڵام لێرەدا ئەم ڕۆمانە مەزنە پێش ئەوان کراوەتە کوردی.

ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت، عەرەبیش تا ڕۆژی ئەمڕۆش ئەم ڕۆمانەیان ڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە نەکردۆتە کوردی. ئەوەی کراویشە لە زمانی دووەمەوەیە و (ماهر البطوطي) ئەو ڕۆمانەی لە زمانی ئیسپانییەوە کردووە بە عەرەبی.

**ڕامان:** لە دەقدا هێزی هەست و هێزی شێواز زۆر گرنگن. ئایا لە وەرگێڕاندا چەند دەتوانرێت ئەو هێزانە بپارێزرێن، یان ئەگەر نەپارێزران، وەرگێڕ دەتوانێت لایەنێکی تر بکاتە پارسەنگ بۆ پاراستن و هاوسەنگی دەقەکە؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** وەرگێڕی بەتوانا نووسەری دووەمی دەقە. بمانەوێت و نەمانەوێت هەموو وەرگێڕانێکی ئەدەبی، دەبێتە هۆی لەدەستدانی بڕێک هێزی جوانناسی دەقەکە. ئەمەش دیاردەیەکی خۆ لێ لانەدراوە، چونکە هەموو نووسەرێک لەپشت وشەکانییەوە کۆمەڵێک ئاماژە و هێمای تایبەت بەخۆی حەشارداوە و کەم وەرگێڕ هەن پەیان پێ ببەن، بەڵام بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە، وەرگێڕی بەتوانا دەتوانێت لەزمانەکەی خۆیدا بڕێک لەو هێما و ئاماژانە بە دەقەکە ببەخشێتەوە و لەناو قاڵبی زمانەکەی خۆیدا هێندە بەجوانی دەقەکە دابڕێژێتەوە کە کەس هەست بەو کەلێنە نەکات و چێژێکی جوانناسی بەرزی پێ ببەخشێت.

**زۆر کەس لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا دەیانگوت زمانی کوردی لاوازە و دەرەقەتی ڕۆماننووسین نایەت، بۆیە دژوارترین و ئاڵۆزترین ڕۆمانی دنیام لە ڕووی زمانەوانییەوە هەڵبژارد تا بیکەم بە کوردی بۆ ئەوەی ئەو ئەفسانە بێ بنەمایە بڕەوێنمەوە.**

زۆر ڕۆمانی جوانی دنیا هەن کە وەردەگێڕدرێن، بڕێکی زۆر لە تاموچێژی خۆیان لەدەست دەدەن و بەمردوویی لە دایک دەبن. هەر بۆ نموونە دوو کەس ڕۆمانە هەرە ناسکەکەی (بانەکانی ویزەرینگ(؟)ی کیژە ڕۆماننووسی ئینگلیز (ئێمیلی برۆنتێ)یان کردۆتە کوردی، بەڵام هەردووکیان جوانی دەقەکە و هەستی ناسک و شێوازی پڕ لە جوانناسی ئەو دەقەیان کوشتووە. هەردووکیشیان بەبێ ئەوەی کەسێک بەسەر دەقەکانیاندا بچێتەوە خستوویانەتە بازاڕەوە، وەک بڵێی ئەوان هێندە لە کارەکانی خۆیان دڵنیا بن کە کەس بە شایەنی ئەوە نەزانن سەرە واوێکیان بۆ ڕاست بکاتەوە. ئەمە بەفیڕۆدانی کاتی خۆیان و خوێنەرە و بە ڕاستی پێویستە هیچ دەزگایەک شاکارەکانی دنیا بەبێ هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن لە چاپ نەدات، چونکە ئەمە غەدرکردنە لە خۆیان وەکو وەرگێڕ و غەدرکردنیشە لە نووسەری دەقەکان.

**ڕامان:** وەکو ئاگادارم زیاتر لە بیست ساڵە کۆمەڵە شیعرێکت هەیە بە ناونیشانی (گۆرانی کۆشی مەرگ) و ڕۆمانێکیشت هەیە بە ناونیشانی (یەک سەدەی تاریکی). ئایا ئەم بەرهەمانەت دەخەیتە خانەی لەبیرچوونەوە و چاپیان ناکەیت، یان هێشتا دەتەوێت مشتوماڵیان بکەیت و ئاستی هونەری و زمانیان بەرزتر بکەیتەوە؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** هەر لەساڵی ١٩٧٢ وەوە، من وەکو هەموو نووسەرانی دیکەی کورد بە شیعر دەستم بە نووسین کرد، بەڵام، بەپێچەوانەی زۆربەیان، من زۆربەی شیعرەکانی خۆم دڕاندن و تا ئێستا لە سێزدە شیعری خۆمم زیاتر بڵاو نەکردۆتەوە. وەنەبێت من شیعری وەکو شاعیرانی لای خۆمانم نەبێت، بەڵام من خۆم کەسێکی یەکجار هەست ناسکم، ئەگەر شیعری هەرکەسێکم بەدڵ نەبێت، بەوانەی خۆشمەوە، هەوڵ دەدەم ڕەشیان بکەمەوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من هەر لە سەرەتاوە ئەو هەستە جوانناسییەم لە لا ڕسکا بوو کە پێویستە ئەدەب

لەلای خوێنەر بیخوڵقێنێت. جا کە من شیعرەکانی خۆمم لەگەڵ شیعری کەڵە شاعیرانی دنیا بەراورد پێدەکرد، دەمبینی شیعرەکانی من زۆر ئاست نزمن لەچاو شیعرە بەرزەکانی ئەوان، بۆیە زۆر دڵڕەقانە، بەڵام ڕاستگۆیانە خەتم بەسەردا دەهێنان و زەوقی کەسم پێ تێک نەدەدان.

ئەوەی من بناسێت، دەزانێت من زۆر درەنگ بە نووسینی خۆم و خەڵکانی دی ڕازی دەبم، بۆیە تا بەتەواوی لە جوانی و پاکی بەرهەمێک دڵنیا نەبم، بە هیچ جۆریک ئامادە نیم بڵاوی بکەمەوە و زەوقی خوێنەری پێ تێک بدەم و کاتی بەنرخی کەسیش بە فیرۆ نادەم. نووسەری وا دەناسم بەیانییەکەی شتێک دەنووسێت، بۆ ئێوارەکەی هەڵپەی بڵاوکردنەوەی دەکات و لە هەمووی سەیرتریش ئەوەیە دەیەوێت بەرهەمەکەی نەمر بێت کە ئەمە لە دنیای نووسیندا ئەستەمە. من قەت پەلەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆمم نییە، با پێ بگەن و ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ ڕوحم گەورە بن، وەکو شەراب چەند کۆن بن هێندە تامیان خۆشتر دەبێت و ترسی ئەوەشم نییە کاتیان بەسەر بچێت، چونکە بەرهەمی نەمر پابەندی ڕۆژگار نابێ و لە هەموو ڕۆژگارەکاندا هەر گرەوی خۆی دەباتەوە. با لە هەموو تەمەنمدا یەک دیوانە شیعری چاکم هەبێت بەسمە، با لە هەموو تەمەنمدا یەک ڕۆمانی نەمر بنووسم زۆرە. لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، (ت. ی. هیوم) تەنیا بە شەش دانە شیعری کورتی بەهێز توانی جێگایەکی بەرز بۆ خۆی لەناو گۆڕەپانی شیعری ئینگلیزی و دنیادا بکاتەوە. (ئێمیلی برۆنتێ)ی دانەری (بەرزاییەکانی وێزەرینگ) بەو تاقە ڕۆمانەی گەیشتە ترۆپکی ڕۆمانی ئینگلیزی و دنیاش. ئێمەش با لەوانەوە وانە و پەند وەربگرین، کاتی زۆری و بۆری بەسەرچووە.

**ڕامان:** لەناو ئەدەبی کوردیدا کۆمەڵێک مانیفێستی شیعری تاک و کۆ ڕاگەیەندراون، ئایا چۆن دەڕوانیتە ڕۆڵی مانیفێست لە پانتایی ڕێڕەوی شیعردا. ئایا مانیفێست دەتوانێت تواناکانی داهێنان بەرەو ئاست و ئاراستەیەکی تری داهێنان ببات؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** یەکەم بانگەواز لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا (بانگەوازی ڕوانگە) بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٥/٤/١٩٧٠ لەلایەن (شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکە مەم فەخری بۆتانی، جەمال شارباژێڕی، جەلالی میرزا کەریم) جاڕی بۆ درا بوو. ئەو بانگەوازە جاڕی ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە شتێکی کۆن بوو لە ئەدەبی کوردیدا و بەهەناسەیەکی شۆڕشگێڕانەی سیاسی توندی دوور لە هونەر نووسرابوو، هێڵی ڕاست و چەپی بەسەر هەر نووسینێک دادەهێنا کە لەگەڵ ڕێبازی ڕووکەشی ئایدیۆلۆژیایی ئەو بانگەوازە نەڕوات. ئامانجی ئەم بانگەوازە بە هەموو حیسابێک هێنانەکایەوەی ئەدەبێکی پڕتازەگەری و ئایندەخوازی بوو، بەڵام ڕۆژگار سەلماندی کەوا نییە و بەو ئاراستەیەی خۆی کاری نەکرد.

دوابەدوای (بانگەوازی ڕوانگە)، (بەیاننامەی گرووپی کفری) لەلایەن (لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی) لە ڕێکەوتی ١٩٧١/٧/١٤ ڕاگەیەندرا. ئەو بەیاننامەیە زۆر پەلەیی و هەڵەشەیی و بێ سەروبەری پێوە دیارە و لەکۆمەڵێک هەڵچوونی شێتانە و دەستەواژەی ناپوخت بەولاوە هیچی تر نییە، وەکو دژەکردارێک لە بێ بەش بوونی ناوچەی گەرمیان لە ناوچەگەرێتی سلێمانی دێتە بەرچاو.

هەردوو بەیاننامەکانی پێشوو، بەبڕوای من کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە گۆڕینی ڕێڕەوی شیعری کوردی بەگشتی نەبووە، بەڵکو ئەوان ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوە و نووسینی ئەو کەسانە بوون کە ئەو بانگەواز و بەیاننامانەیان بڵاوکردۆتەوە. بەکورتی ئەوان نەبوونە هۆی دیارکردنی ڕێچکەیەک بۆ شیعری سەرجەم شاعیرانی کوردستان، بەڵکو دەستنیشان کردنی ڕێچکەی خاوەنەکانیان بوون.

ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٨ (ئەنوەر مەسیفی) شاعیر لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا (بەیانی دووەمی فۆرمی گران)ی بڵاوکردەوە کەپتر داکۆکی کردن بوو لە شێوازی نووسینی شیعری خۆی، نەک دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی نوێ بۆ شیعری کوردی بە گشتی، هەربۆیەش کاریگەرییەکەی زۆر سنووردار بوو.

ساڵی ١٩٩٩ د. فەرهاد پیرباڵ (مانیفێستی دووەمی وێران)ی بڵاوکردەوە، کە بە لای منەوە (مانیفێستی هەڵگەڕانەوە) بوو لە زۆربەی بەها شیعرییەکانی شیعری کوردی و جۆرێک بوو لە بنکۆڵکردنی بنەماکانی شیعری کلاسیکی و بێ بایەخکردنی بەرهەمە عەقڵییەکان لە پێناو بەرهەمە هەستییە ساتەوەختییەکان.

لە ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ دا (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر لە پێشەکی دیوانی (خەون وا خۆی گێڕایەوە)

(مانیفێستی شیعری) خۆی ڕاگەیاند. هەرچەندە ئەوەی (سەباح ڕەنجدەر) زۆر لەوانەی پێش خۆی ڕێکوپێکتر و قووڵتر و شیعریترە، بەڵام ئەویش تەنیا لەسەر شیعری خۆی دەچەسپێت و نابێتە پێودانگێک بۆ ئەوەی لەوێوە بتوانرێت ڕێچکەیەکی نوێ بۆ شیعری کوردی دیار بکرێت.

ساڵی ٢٠٠٧ (کەریم دەشتی) شاعیر لە کتێبی (بەرەو منداڵی بە جلی پایزەوە) دوو بەیاننامەی شیعری بڵاوکردەوە بە ناوونیشانی (بەیانی یەکەمی ئەزموونی شیعریم - سرووتەکانی نووسین) و (بەیانی دووەمی ئەزموونی شیعریم). هەردوو بەیاننامەکە بە زمانێکی شیعری جوان نووسراون، بەڵام هێندە خودیانە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان کراوە کە وای لەو ڕوانگە جوانە کردووە ناوی بەیانی شیعری بە گران لەسەر بوەستێت و پتر وەکو بەیانی ناخی شاعیر تەماشا بکرێت.

لە ئەنجامدا دەتوانین لەم هەموو بانگەواز و بەیاننامە و مانیفێستانەی سەرەوە، ئەوە هەڵبهێنجین کە تا ئێستاش لە ئەدەبی کوردی بەگشتی و بەتایبەتیش لە بواری شیعردا تیۆری شیعر بە کامڵی دانەڕێژراوە و ئەوەی تا ئێستاش کراوە هەوڵی تاک لایەنانە بووە و سەرتاپاگیر نەبووە، بۆیەش بەهەر هەموو ئەو بانگەواز و بەیاننامە و مانیفێستانە نەیانتوانیوە ڕێڕەوی شیعری کوردی بگۆڕن و تواناکانی داهێنان بەرەو ئاقارێکی تری داهێنان ببەن.

**بەیاننامەی گرووپی کفری زۆر پەلەیی و هەڵەشەیی و بێ سەروبەری پێوە دیارە و لەکۆمەڵێک هەڵچوونی شێتانە و دەستەواژەی ناپوخت بەولاوە هیچی تر نییە**

لە مێژووی ئەدەبی ئینگلیزیدا زۆر شاعیر مانیفێستی شیعریان بڵاوکردۆتەوە. هەر بۆ نموونە هەردوو شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیز (ویلیام وێردسوۆرس) و (ساموێل تایلەر کۆلریدج) ساڵی (١٧٩٨) (پێشەکی بۆ بەستەی لیریکی)یان نووسی، کە بە (مانیفێستی شیعری ڕۆمانسی) لە ئەدەبی ئینگلیزی دەدرێتە قەڵەم، بەڵام ئەوان ڕێچکەیەکیان بۆ شیعری ڕۆمانسی ئینگلیزی دیارکرد، نەک تەنیا بۆ شیعرەکانی خۆیان، هەربۆیەش ئەو مانیفێستەی ئەوان بووە هۆی گۆڕینی ڕێچکە و ئاراستەی شیعری ئینگلیزی. جگە لەمەش (ساموێل تایلەر کۆلریدج) ساڵی (١٨١٧) (بایۆگرافیای ئەدەبی) نووسی، کە ئەویش مانیفێستێکی شیعری ڕۆمانسییە و دەرکەوتن و ئاکار و خوڵقاندنی شیعری ڕۆمانسی بە ڕوونی دەستنیشان دەکات. بە داخەوە شاعیرانی ئێمە وەها نەبوون، چونکە وەک گوتم هی ئێمە زیاتر ڕوانینی خودین، نەک سەرتاپاگیر.

**ڕامان:** داهێنەر لە چ کاتێکدا دەبێتە دیاردە، بۆ نموونە: داهێنەر لە دەوروبەری (گۆران) دا هەبوون، بەڵام ئەوان نەیانتوانی ببنە دیاردە و تەنیا (گۆران) بوو بە دیاردە. ئەم بوون بە دیاردەیە لە ئەدەبدا چۆنە؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** گەلێ هۆکار لە بوون و نەبوونە دیاردەی هەر نووسەرێک بەشدارن. تەنیا داهێنەرایەتی بەس نییە بۆ بوون بە دیاردە. سەردەم و ڕۆژگاری نووسین، شێوازی نووسین، ڕاستگۆیی و ڕوانینی نووسەر، کاراکردنی کولتووری خۆماڵی و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی کاریگەر، پاڵپشتی دەسەڵات، یان چینی ڕەشورووت و تەنانەت پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نووسەر و پێوەندی چاک لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گەلێ هۆکاری تریش. لەسەردەمی گۆراندا، باو باوی فیکری سۆشیالیستی و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم بوو. ئەو سەردەمە، شیعرەکانی (گۆران) ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی هەموو بەشخوراوان و ڕەشورووتانی میللەت بوو. ئەو بە زمانێکی سادەی پڕ دەلالەت و جوان، بە کێشی خۆماڵی کوردی و بە بیری مرۆڤدۆستانەوە داکۆکی لە میللەتی خۆی دەکرد. لەپاڵ ئەمانەشدا، جوانی سروشتی کوردستان و داڕشتنەوەی ئەو جوانییە بە وێنە و ڕستەی کاریگەر و دڵڕفێن ڕۆڵی لە نزیکایەتی شیعرەکانی گۆران لە ڕوحی کورد هەبوو. بەبڕوای من ئەمانە هەموو ڕۆڵی خۆیان بینی کە (گۆران) لەناو ئەو هەموو شاعیرە داهێنەرانەی تردا ببێتە دیاردە و سەرقافڵەی شیعری سەردەمی خۆی.

**ڕامان:** فۆرمی شیعری قووڵ و ساکار چۆن لێک دەدەیتەوە و بۆچوونت بەرانبەر فۆرمە شیعرییەکان چییە، بەتایبەتیش فۆرمی شیعری کوردی؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** کۆمەڵگەی کوردەواری هەر لەسەرەتای پەیدا بوونییەوە تا چارەگی دوایی سەدەی بیستەم کۆمەڵگەیەکی سادە و ساکار بوو، بۆیەش بیرکردنەوە و ڕوانین و خەون و خولیاکانی خەڵکەکەش

ساده و ساکار بوون. شاعیران و نووسەرانیش بەهەمان شێوە زۆر بەساکاری دوور لە کێشمەکێشمی فیکری سەردەمەکان بە زمانێکی ساکار و ڕۆژانە شیعرەکانی خۆیان دەنووسی، جگە لە چەند شاعیرێکی وەکو (نالی) و (مەحوی) و (حەمدی) کە ئەوانیش لەژێر کاریگەری فیکری ئیسلامی و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا جۆرێک لە قورسی و گرانی بە چەمک و واتا شیعرییەکانیانەوە دیار بوو.

لە چارەکی دوایی سەدەی بیستەم دا کۆمەڵگەی کوردەواری بەرەو ئاڵۆزبوون چوو، بەتایبەتیش دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر سەرجەم خەڵکی کوردستان بە جێ هێشت، بەتایبەتیش نووسەران و ڕۆشنبیران. لەئەنجامی ئەو کەشە بارگاوییە ئاڵۆزەدا کۆمەڵێک شاعیر لە هەولێر پەیدابوون کە لە ژێر کاریگەری ئەو بارە خەمناکەدا دەیاننالاند و تا ڕادەیەکیش کەوتبوونە ژێر فیکری بوونگەرایی و نەبوونخوازی و بێهوودەیی ڕۆژئاوایی. بۆ ئەوەی ڕاز و نیازی دڵ و خولیا پەنگ خواردووەکانی خۆیان لەچاوی ڕژێم بشارنەوە، ئەو شاعیرانە دەستەواژەی نامۆ و وێنەی شیعری جیاواز و بابەتی لابەلا و هێمای کەس نەدیدە و ڕستەی ئاڵۆز و تێکشکاو و قسەی ناشیعری و کێشی لە ڕیتم تۆراویان بەکاردەهێنا. ئەو شێوازە شیعرییەی ئەو شاعیرانە لەلایەن کەم خوێنەری سەردەمی خۆیان هەرس دەکران، هەر بۆیەش شیعری ئەوان نازناوی (فۆرمی ئاڵۆز)ی پێوەلکێنرا.

سەرەتای ئەم دیاردەیە لەلای (عەباس عەبدوڵلا یووسف) بەدیار کەوت، کە بە هەر سێ دیوانی (ئاو) و (لم نیازمە) و (کلکی کتک پرسیارە). ڕێچکەیەکی دیکەی بۆ شیعری کوردی کردەوە. دواتر (ئەحمەد لەتیف خورشید ڕۆڕۆ) بە چەندین شیعری نائاسایی و ڕیزپەڕ هاتە گۆڕەپانی شیعرییەوە. ئینجا (هاشم سەڕاج) بە دیوانی (دووکەڵ) و (گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس) و (شالیس). (ئەنوەر مەسیفی) بە دیوانی (جل و بەرگ و چمکەکان). (محەمەد حەسەن باوەکر) بە دیوانی (دارستانەکانی خمبابا) و (هەڕمێن). (سەباح ڕەنجدەر) بە دیوانی (زێوان) و (ڕووەکەکانی خواوەند) و (خەون وا خۆی گێڕایەوە) و (شەڕی چل ساڵە) و (مردوویەک ئاگای لە هەمووانە). خۆیان وەکو شاعیری جیاواز بە گۆڕەپانی شیعری کوردی ناساند.

سەبارەت بەوەی من بۆچوونم بەرانبەر فۆرمی شیعری کوردی چییە، بێ پێچوپەنا ڕایدەگەیەنم کە هەر شیعرێک چێژی جوانناسیم پێ ببەخشێت و هەستەکانم بێنێتە جووڵە و سەما، چ بە فۆرمی سادەو ساکار نووسرابن، چ بەفۆرمی ئاڵۆز و نوێکار من بە شیعرێکی سەرکەوتووی دادەنێم.

**ڕامان:** ماستەرنامەکەت دەربارەی ڕەخنەی شانۆیی بوو، بەتایبەتیش شانۆی ئەمریکی نوێی پڕ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. ئایا ئەو ڕێبازە زانستیانەیەی لەم بوارەدا بەدەستت هێناوە، چەندیت لێی خستۆتە خزمەتی ڕەخنەی شانۆی کوردی و لەم بوارەدا چ کارێکت کردووە؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** شانۆی کوردی تا ڕۆژی ئیمڕۆش، یان تراژیدیا بووە، یان داستان ئامێز. زۆر بەکەمی شانۆی کۆمیدی سەری بە ماڵی کوردیدا کردووە، با هەر باسی شانۆی کۆمەڵایەتی ڕەخنە ئامێزیش نەکەین، چونکە ئەوەیان وەکو مانگی یەکشەوەیە جاروبار دەردەکەوێت. هەڵبەتە ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە سەدان ساڵە داگیرکەران لە کوردستان دروستیان کردووە، بۆتە هۆی ئەوەی کورد هەمیشە لەگەڵ تراژیدیا بژیت و بەرخودانی خۆیشی لە داستاندا بەرجەستە بکات، بەڵام ئێستا کۆمەڵگەی کوردەواری بەدەست سەدان کێشەی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت و کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش پەرە بە جۆرەکانی دیکەی دراما بدەین بە تایبەتیش کۆمیدیا و شانۆی کۆمەڵایەتی لە جۆری شانۆییەکانی ئارسەر میللەر و ئیبسن، چونکە تەنیا لە ڕێگای ئەوانەوە دەتوانین بە جوانی لە کێشە و ئارێشەکانی کۆمەڵگەی خۆمان بگەین.

هەوڵدانی من لەم بوارەدا بۆ چەند لایەنێک دەگەڕێتەوە. من بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە بەشی ئینگلیزی کۆلێژەکانی ئەدەبیات و زمان و پەروەردە بابەتی ڕەخنە و شیکردنەوەی دەقی شانۆییم بە قوتابیان و خوێندکاران گوتۆتەوە و دوو ساڵیشە وەکو مامۆستا لە بەشی شانۆی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین هەمیشە لەناو پۆلدا جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئاراستەی بیرکردنەوەی قوتابیان بەرەو کۆمیدیا و شانۆی ناتراژیدی بگۆڕم. لەلایەکی ترەوە بەخۆم چەند شانۆییەکی کۆمەڵایەتی ڕەخنەئامێزم نووسیوە لەو جۆرانەی میللەر و ئیبسن: لەمانەش (خەونەکانی

لاتێک) و (گۆڕەپانی دیموکراسی). ئەوەکەی دواییان، بەم زووانە دەخرێتە سەر شانۆ و تێیدا چەندین دەرد و کێشەی کۆمەڵگەی کوردەواریم خستۆتە بەر تیشکی سەرنج و ڕەخنە.

**ڕامان:** ساڵی پار زنجیرە وتارێکت لە مانگنامەی (بەدرخان) بڵاوکردەوە، لەم زنجیرە وتارەتدا کە لە دە بەش پێک هاتبوو هەمیشە جەختت لەسەر کوشتن و مردن کردۆتەوە. نیشانە و هێمای ئەم جەختکردنەوەیەت لە چییەوە هاتووە و سەرچاوەی گرتووە، یان پێشکێشکردنی ئەو پانۆرامایەت لەپێناوی چی بوو؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** هەڵبەتە بە گوێرەی کەسێکی وەکو من کە سەرجەم ژیانی تەرخان کردووە بۆ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە کولتوور و ئەدەب و فیکری ڕۆژئاوایی و ماوەیەکی باشیش لە ئەورووپا ژیانم بەسەر بردووە، زۆر ئاساییە کە جۆرە بەراوردکردنێک لە ناو مێشکی من و لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەیدا ببێت. لە ئەنجامی ئەو بەراوردکارییەش ڕوانینی نوێ و ڕەخنە پەیدا دەبێت بۆ گۆڕینی شێوەی ژیانی ڕۆژهەڵات و سوود بینین لە کولتوور و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی.

ئەم وتارانەی مانگنامەی "بەدرخان"یش کە باسیان لێوە دەکەیت بەمەبەستی هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد نووسراون کە ئەگەر بیانەوێت وەکو مرۆڤ بژین و گۆڕان لە کۆمەڵگە دروست بکەن، پێویستە ڕوانینێکی مرۆڤ دۆستانە و ژیان دۆستانەیان هەبێت نەک بە پێچەوانەوە، چونکە بەگشتی ڕوانین و کولتووری ڕۆژهەڵات مەرگ دۆستانە و وێرانکارانەیە. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەهەر ئاستێکدا بێت هەر لەگەڵ لە دایک بوونییەوە بۆ مردن و ژیانی ئەودیو ئامادە دەکرێت و بەچاوێکی زۆر بێ ڕێزانە لە مرۆڤەکانی ئەم سەرزەمینە و ژیانی ئەم سەر زەمینە دەڕوانێت. بەم جۆرەش هەم ژیانی خۆی و هەم ژیانی خەڵکانی دیکە دەفەوتێنێت، بۆیە ئەم زنجیرە وتارەی من زەنگی ئاگادارکردنەوەن پتر لەوەی شتێکی تر بن و دەمەوێت لەڕێی ئەوانەوە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەخەوی هەزار ساڵەیان بەئاگا بهێنمەوە.

**ڕامان:** هەقایەت بوونێکی دوورودرێژی لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. ئایا ئەو چیرۆکە هونەریانەی بۆ نموونە: (محەمەد مەولوود مەم، حوسێن عارف، عەبدوڵڵا سەڕاج، محەمەد موکری، شێرزاد حەسەن، جەلیل کاکەوەیس...تاد) نووسیویانە، چەند سوودیان لەم هەقایەتانە وەرگرتووە، یان بە بۆچوونی تۆ چیرۆک درێژبوونەوەی هەقایەتە، یان ڕادەی کارتێکردن و نزیکایەتییان چییە؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** وەک چۆن دەڵێن میللەتی کورد هەمووی بە سەلیقە شاعیرە، منیش دەڵێم لە ئەنجامی زۆری ئەو کارەساتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتوون و بە هۆی نەبوونی سەرچاوەیەکی دیکەی کات بەسەربردن لە زەمانی کۆندا، میللەتی کورد زۆر متووی هەقایەت بووە. هەقایەت نەک هەر تەنیا بناغەی چیرۆکی کوردی لەسەر هەڵنراوە، بگرە بیرکردنەوەی میللەتانی دواکەوتوو هەمیشە لەناو هەقایەتدا گوزارشت لە بوون و مانی خۆی دەکات. لەبارەی جیاوازی نێوان هەقایەت و چیرۆک، ساڵی (١٩٩٧) لە ژمارە (١٦)ی گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویست لێکۆڵینەوەیەکی تیۆرتەسەلم بڵاوکردەوە و دواتریش هەمان وتار، گۆڤاری (سروە) لە ساڵی (١٩٩٧) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر گرینگی بابەتەکە دووبارە بڵاوی کردووەتەوە. لەوێدا خاڵ بە خاڵ ڕوونم کردۆتەوە هەقایەت و چیرۆک لە چیدا هاوبەش و لە چیشدا لێک جیاوازن. چیرۆکنووسانی کوردیش هەر لە سەرەتای پەیدابوونی چیرۆکی نوێی کوردییەوە تا بە ڕۆژی ئەمڕۆش دەگات کەم و زۆر سوودیان لە هەقایەت و بەسەرهاتە خۆماڵییەکان بینیوە. لە هەمووان زیاتریش (محەمەد مەولوود مەم) و (حەسەن قزڵجی) پتر کەشوبای هەقایەتی کوردەواری بەسەر چیرۆکەکانیاندا زاڵە. تەنانەت (حوسێن عارف)، (عەبدوڵڵا سەڕاج)، (محەمەد موکری)، (شێرزاد حەسەن) و (جەلیل کاکەوەیس) یش نەیانتوانیوە بەتەواوەتی خۆیان لە چنگ جیهانی بەرفراوانی هەقایەت دەربهێنن و لەسەداسەد چیرۆکی وا بەرهەم بهێنن کە دابڕاو بێت لە دنیابینی و کەشوبای هەقایەت.

**ڕامان:** کەشی نوسین لەلات چۆنە، یان گۆرانی و مۆسیقای کوردی چەند توانیویەتی پەرە بە چێژت بدات بۆ بەهێزبوونی هەستی نووسین و پێکهاتەی دەروونیت؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** من چەندەی لەسەرەوەڕا مرۆڤێکی ڕەقەکار و توندخووم، سەدقاتی ئەوە هەست ناسک و دڵنەرمم. زۆربەی جاران کە بەیانیان لەخەو هەڵدەستم، بە شنە و گڤەی بایەک، چریکەی بلبلێک، گمەی کۆتر و کوکوختییەک، غاکە غاکی مراویەک،

تیتەتیتی تیترواسکێک، قریوە و حریتەی کەڵەژنێک، سەمای خونچەیەک، لارولەنجەی پەپوولەیەک، خۆبادان و عیشوە و نازی کیژۆڵەیەک، بزەی منداڵێک، تیشکی جوانی ناودرەختێک، رێژنەبارانێک، گرمە و لرمەی تریشقەیەک، داوەرینی گەڵایەک، سەرەتاتکێی پەلکەزێرینەیەک، تێفە مۆسیقایەکی خەمناک، یان بەجۆش و خرۆش، دڵم دەکەوێتە لەرز و سەما.

زۆرجاران چ بەدەم رێگاوە بێت، چ لەکاتی نووسیندا بەدەم خەیاڵەکانمەوە گۆرانی دەڵێم. ئەوەی باش من بناسێت، دەشزانێت دەنگم خۆشە، یان نا. لەکاتی تەنیاییمدا، لەسەفەرە دووردرێژەکانی رێگای هات و نەهاتم بەرەو ئەورووپادا، لە رۆژانی ناو بەندیخانەکانی رژێم، مۆسیقا و گۆرانی کوردی هەمیشە هاورێی رۆژانی بێکەسیم بووە. ئەوسا لەژێر لێوانەوە و بە دەنگێکی کز و خەمناک روحی برینداری خۆمم بە مۆسیقای کوردی سارێژ دەکردەوە. بێ گومان مۆسیقا و گۆرانی رەسەنی کوردی، هی گۆرانیبێژانی رۆژهەلاتی کوردستان، بەتایبەتیش (محەمەدی ماملێ) و (مەزهەری خالیقی) و لە باشووری کوردستانیش گۆرانییە رۆمانسییەکانی (زەکەریا)ی پێش خەلات وەرگرتن و گۆرانییە دەروێشییەکانی (بەهجەت یەحیا) ناخم دەهەژێنن و هەستی نووسینم بیراز دەکەنەوە و زمانم مۆسیقاوی دەکەن.

من هەمیشە پێش نووسین، یان جێبەجێ کردنی کارێکی گرنگ حەز دەکەم گوێ لە مۆسیقا بگرم، بەلام لەکاتی نووسیندا من خۆم چەند بەیتێک گۆرانی دەڵێمەوە. ئەمەش رەنگە شێتێتی بێت، بەلام بەلای منەوە جوانترین کەسانی دنیا شێتەکانن، چونکە ئەوان زۆر بەسادەیی و بەبێ دەمامک ناخی خۆیانمان لەم دنیا رواڵەتبازەدا بۆ دەخەنە روو.

**رامان:** ترسناکترین کردەی نووسین ئەوەیە رووداو نەکرێت بە هونەر. ئایا ئەدیبی ئێمە توانیویەتی رووداوی کوردی لە بەرگێکی هونەریدا پێشکێش بکات. بۆ نموونە: (عەبدوڵلا سەراج) رۆمانێکی بەناوونیشانی (کۆچڕەو کۆچڕەو) نووسیوە و کارەساتی کۆڕەوی کردۆتە بابەتی نووسینەکەی، (حوسێن عارف) رۆمانێکی هەیە بە ناوونیشانی (هێلانە)، (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) رۆمانێکی بە ناوونیشانی (بەهاری رەش) هەیە و ئەنفالیان کردۆتە بابەتی نووسینیان. ئایا ئەم رۆمانانە توانیویانە رووداوی کۆمەڵگای کوردی بکەن بە هونەر، یان ئەگەر رووداو نەکرا بە هونەر دەتوانرێت وەک هونەر تەماشا بکرێت؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** بە گوێرەی ئەوەی کە رووداو بکرێتە هونەر، ئەوە دەوەستێتە سەر توانا و لێهاتوویی ئەو نووسەرانەوە. (کۆچڕەو)ی (عەبدوڵلا سەراج) هێندە باسی کۆچڕەو ناکات بەقەد ئەوەی نووسەر مەبەستیەتی بیروڕوانینی خۆی سەبارەت بە ژیان و هونەر و چەندین چەمکی فەلسەفی و هونەری بخاتە روو، هەر بۆیەش لەکاتی خوێندنەوەیدا خوێنەر هەست بە هەژان ناکات.

(هێلانە)ی (حوسێن عارف) پتر لە رووی دەرەوەی کارەساتی ئەنفال دەدوێت. واتە ئەنفال وەکو خۆی ناگێڕێتەوە، بەڵکو وەکو کاریگەری ئەنفال لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی و کۆمەڵێک کەسی شۆڕشگێڕ و یاخی. ئەمەش وا دەکات هەست و ویژدانی خوێنەر بەتەواوی نەجووڵێنێت، هەرچەندە بەرگێکی هونەریشی بەبەردا کرابێت.

هەرچی (بەهاری رەش)ی چیرۆکنووس (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)ە، چونکە کارەساتی ئەنفال لەناوەوە دەگێڕێتەوە پتر بە ناخی کارەسات و رووداوەکاندا رووچووە و ئەمەش وای کردووە کە کار لە ویژدانی خوێنەران بکات، چونکە کارەساتەکان بەزیندوویی دەبینن. هەربۆیەش کاریگەری ئەو رۆمانە، بە بروای من، لەهەردوو رۆمانەکەی تر لەسەر خوێنەر زیاتر دەبێت.

**رامان:** زۆر نزیک بوویت لە چیرۆکنووس و رۆماننووس (محەمەد مەولوود مەم). لەو سەروبەندی کە نەخۆش بوو، لە سەردانێکدا بەئامادەبوونی برادەرێکت پێی گوتبووی: (دوای مردنم چاپکردنی بەرهەمە چاپ نەکراوەکانم بە تۆ دەسپێرم). ئایا دوای ئەوەی ئەو متمانەیەی پێدای، لە ئاست ئەو لێپرسراوییە چیت بۆ کردووە و کەمتەرخەمیت نەنواندووە؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** ئەوکاتە من و (سەباح رنجدەر) بەیەکەوە سەردانی (مەم)مان کرد، تازەش لە زیندانی بەعسییان بەربببووم و (مەم) خۆی لەرێی (ئیسماعیل بەرزنجی) یەوە داوای کردبوو سەردانی بکەم. ئەوە بوو ئێوارەکەی چووینە لای و باسی نەخۆشییە ترسناکەکەی خۆی و مردنی خۆی کرد و من زۆر دڵتەنگ بووم و دڵیم دایەوە و بەڵێنم پێدا کە بێمەوە سەردانی، بەلام ئەو دڵنیا بوو کە دەمرێت، بۆیە ئەرکی لە چاپدانی

بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی خۆی بە من سپارد. دواتر (مەم) مرد و من ڕاکردووی سەربازی بووم و لە ترسی دیسان گیرانەوەم هەرنەشمتوانی لە پرسەکەشی ئامادەبم، چونکە زۆر دەترسام بەعسییە کوردەکان زمانم لێ بدەن و جارێکی تر بکەومەوە دەست بەعسییان، بۆیە ئەو مەسەلەیە مایەوە تا دوای ڕاپەڕین کە (ئیسماعیل بەرزنجی) لە جیاتی هەموومان زۆر مەردانە و بەسەربەرزییەوە ئەرکی لەچاپدانی ڕۆمانی (ڕێگا)ی گرتە ئەستۆ.

ئەوەی کە بۆ (مەم) کراوە هیچ نییە لەچاو مەزنێتی ئەو نووسەرە گەورەیەی کورد. بە پێشنیار و هاندانی من و بەهاریکاری ئیجابییانەی ماڵی (مەم) توانیم وا بکەم کە مامۆستا (تاڵب محەمەد ئەحمەد) ماستەرنامەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکان و ڕۆمانەکانی (مەم) تەرخان بکات. هەر بەپێشنیاری من و داواکاری لە ماڵی (مەم) زۆربەی نامەکانی (مەم) لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ڕێکخران و کۆکرانەوە و لەلایەن (دەزگای ئاراس) ەوە لە دووتوێی کتێبێکدا بەچاپ گەیەنران. (پایزە خەون) کە لەلایەن (شاکر ئەمین کەریم) کرا عەرەبی و لە (گوڵان العربي) بڵاوکرایەوە، بەراوردی دەقە عەرەبی و کوردییەکە و پێداچوونەوە بە عەرەبییەکەشی بە من سپێردرا. خۆشم تا ئێستا سێ بابەتم لەسەر (مەم) نووسیوە: (هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە پایزە خەوندا) کە لە گۆڤاری (بەیان)ی ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە و (ڕۆمانی ڕێگا و ڕەهەندەکانی) کە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە لە گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژ (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ دا بڵاوکراوەتەوە. هەمان بابەت بەعەرەبیش (رواية الطريق وابعادها) لە گۆڤاری(گوڵان العربي) ژمارە (٤٨)ی ساڵی ٢٠٠٠ دا بڵاوکردۆتەوە. (چۆن "مەم"م ناسی؟) کە کۆمەڵێک بیرەوەری من و (مەم) ە و لە گۆڤاری (کاروان) ژ (١٨٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ دا بڵاوکردۆتەوە. ئێستاش کتێبێکی گەورەم لەسەر هەموو ئەو لێکۆڵینەوە و بیرەوەری و نامانەی (مەم) ئامادەکردووە بۆ چاپ بە ناوونیشانی (شاکارنووسانی کورد لە سەدەی بیستەمدا: مەم) و هیوادارم بەم زووانە دەزگایەک بەچاپی بگەیەنێت. ئێستاش لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژم لەسەر چیرۆکەکانی (مەم) لەبەردەستدایە و هیوادارم بتوانم بەم زووانە تەواوی بکەم.

**ڕامان:** (نالی، حاجی قادری کۆیی) لە شێوازی کلاسیکدا جۆرێک ئەدەبی تاراوگەیان بەرهەم هێناوە. دواتر شاعیرانی وەک: (جەلالی میرزا کەریم، عەبدوڵڵا پەشێو، فەرهاد شاکەلی، ئەنوەر قادر محەمەد....تاد) بەشی زۆری ژیانیان لە تاراوگە بەسەر بردووە. ئایا ئەوان توانیویانە لە شێوازی نوێدا جۆرێک ئەدەبی تاراوگەی کوردی بەرهەم بهێنن؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** لە دوو چاوپێکەوتنی پێشتریشدا کە یەکێکیان لە گۆڤاری (گوڵان العربي) ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٧ و دووەمیشیان لە (پاشکۆی برایەتی ئەدەب و هونەر) ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٩٩ دا ئەوەم دووپات کردۆتەوە کە مەرج نییە ئەوەی لە هەندەران بنووسرێت بە (ئەدەبی تاراوگە) لە قەڵەم بدرێت. دەنا وەکو خۆت گۆتەنی (نالی)، (حاجی قادری کۆیی) ش شیعری دوورەوڵاتیان نووسیوە کە باسیان لە هەستی غەریبیانەی خۆیان کردووە. بە بڕوای من، ئەو کاتە ئێمە دەتوانین بڵێین فڵانە شاعیر، یان فڵانە نووسەر (ئەدەبی تاراوگە)ی بەرهەم هێناوە، کاتێک ئەو شاعیرە، یان ئەو نووسەرە لە دوورە وڵاتیدا بەتەواوی تێکەڵی کولتوور و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتانە بوو بێت و کارێکی وای بەرهەم هێنابێت کە مۆرکی هەردوو کولتووری خۆماڵی و هەندەران لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی دابێتەوە. ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە، کە نووسەرانی کوردی هەندەران چ لەناو وڵاتدا بن و چ لەدەرەوەی وڵات بە هەمان هەناسە و خولیا و دنیابینی بابەتەکانیان دەنووسن، بۆیە زۆر کەم هەست بەجیاوازی نێوان ئەدەبی ئێرە و ئەوێ دەکەم. شاعیر و نووسەری وامان هەبووە و هەیە دوای ساڵانێکی دوورودرێژ ژیان بەسەربردن لە ئەورووپا و وڵاتانی ڕۆژئاوادا، هەر باسی (خەزێم شۆڕەکەی بەر مەڕی) و (دەسماڵ قاقانی) دەکات کە ئەمانە لە کوردستانیشدا نەک لە ئەورووپا باویان نەماوە، هەر بۆیە تا ئێستاش من گومان دەکەم ئێمە بەرهەمێکی وامان هەبێت ئەو ناوەی پڕ بە پێست بێت.

لە پاڵ ئەوەشدا، زاراوەی (ئەدەبی تاراوگە) یەکەم جار لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ کۆمەڵێک شاعیری عەرەبی لبنانی بەکارهات کە هەندێک لەوانە بە منداڵی و هەندێکیان باو و باپیرانیان لە هەندەران (بۆستن و بەرازیل) نیشتەجێ ببوون. ئەوان لەوێ لە ژێر سایەی کولتوور و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی گەورە بوون و بەو کولتوورە فرچکیان گرتبوو و گۆش

کـرابوون. دواتر لەوێ کـۆمـەڵەیەکـیـان دانا بەناوی (العصبة الأندلسية و الرابطة القلمية) و دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و هەوڵدان بۆ نوێکاری لە بواری ئەدەبدا. دیارترین نووسەرانی عەرەب (ایلیا أبو ماضي) (میخائیل نعیمة) و (رشید سلیم الخوري) و (جبران خلیل جبران) بوون.

جـا نازانم چۆن نووسـەرانی کـورد دەوێرن ئەو ناوە بیانییە بەسەر خۆیاندا ببڕن، لەکاتێکدا ئەو ناوە تەنیا بۆ ئەو کۆمەڵە نووسەرەی سەرەوە لە کاتێکی دیاریکراودا بەکاردێت؟.

**ڕامان:** (هێمن موکریانی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاودیوی باشووری کوردستان بوو، جۆرێک شیعری گەرموگوڕی تاراوگەیی و هەست بەنامۆییکردنی هێنایە بەرهەم. ئەگەر هەر لە وڵاتی خۆتدا نەتتوانی لە بەشێک بژی و بچیتە بەشێکی تر، ئایا دەکرێ ئەم شوێن گۆڕینە وەک تاراوگەکراو تەماشا بکرێت؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** بەبڕوای من زۆر هەڵەیە ناو لە شیعرە غەریبانەییەکانی (هێمن موکریانی) کە لە باشووری کوردستان نووسیبوونی بنێین شیعری تاراوگە. تاراوگە ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە جیاوازی کولتووری و ڕۆشنبیری بکات و لە ئەنجامی ئەوەشەوە هەست بە دابڕانی ڕوحی خۆی بکات لەناو ئەو کولتوورە جیاوازەدا و هەوڵی ئاوێتەبوونی ئەو دوو کولتوورە جیاوازەش لەناو ڕوحی خۆی بدات. ئەگینا ئەگەر مەسەلەکە تەنیا هەست بە نامۆیی کردن بێت بەبێ بوونی کولتوورێکی جیاواز و ئاوێتەبوونی دوو کولتووری جیاواز، ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە زۆربەی شاعیرانی ئیمڕۆی ناو کوردستان بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری کۆمەڵگەی کوردەواری تووشی نامۆبوون هاتوون و لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باسم کردن، ناکرێ ناو لەوانە بنێین شاعیرانی تاراوگە. زاراوەی (ئەدەبی تاراوگە) کەی و بۆ کێ و بۆ چی بەکارهاتووە، بۆیە ناکرێت هەر حاڵەتێکی جیاواز و ڕیزپەڕ و نامۆیی ببینین ئەو ناوەی بەسەردا ببڕین.

**ڕامان:** وەکو ئاگادارین زیاتر لە بیست و هەشت ساڵە خەریکی فەرهەنگ دانانیت. دەمێکیشە خەڵک باسی (فەرهەنگی پێشکەوتووی ئازاد) و (فەرهەنگی ڕووەکەکانی کوردستان) دەکەن. ئایا ئەو پڕۆژە ئایینده‌ییانەت بەچی گەیشتن؟ ئاخۆ بۆ تێروپڕکردنی فەرهەنگەکەت تا چەند سوودت لە فەرهەنگە کوردییەکان وەرگرتووە. ئەگەر سوودت وەرگرتووە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەت بۆ کردوون، یان نا؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** ئەمساڵ وا پێ دەنێتە ناو بیست و نۆیەمین ساڵ کە من خەریکی دانانی (فەرهەنگی پێشکەوتووی ئازاد)م. پێم وایە ئەگەر ساڵێکی تریش پێیەوە خەریک بم زۆر نییە، چونکە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)ی ئینگلیزی، ئەوەکەی بەریتانیا، نەک ئەوەکەی لای خۆمان کە بە ساختە ئەو ناوەی لێنراوە، نزیکەی (٧٧) ساڵ کارکردنی بەکۆمەڵی ویستووە و فەرهەنگی (وێبستەر) نزیکەی (٧٥) ساڵ و فەرهەنگی (ستاندارد)ی ئینگلیزیش نزیکەی (٥٠) ساڵ.

جگە لە زمانزانی، فەرهەنگ دانەری ڕاستەقینە پێویستی بە شارەزایی لە بواری ڕووەکناسی هەیە، گیانەوەرناسی، باڵندەناسی، مەگەزناسی، نەخۆشیزانی، دەرمانسازی، گەردوونناسی، دەروونناسی، زەوی ناسی، کۆمەڵناسی، فۆلکلۆرناسی، میکانیک، فەلسەفە، کیمیازانی، فیزیازانی، شوێنەوارناسی و تەلارسازی، دەیان زانست و بواری دیکەی هونەریش، بۆیە فەرهەنگ دانەر دەبێ هەیاسی دوڕناسی ئەم هەموو بوارانە بێت، نەک هەباسی پێخواس و بەکەیفی خۆی شەلم کوێرم وشە بێنێت و وشە ببات، چونکە هەستیارترین بواری نووسین دانانی فەرهەنگە. فەرهەنگ ئەو پێوانە ڕاستەقینەیەیە کە هەموو شتێکی دیکەی زمانی پێ پێوانە دەکرێت و پێ دەکێشرێت، جا ئەگەر پێوانەکە خۆی سەقەت و ناتەواو بوو، ئەوە هەموو شتەکانی تر بە ئاسایی لەنگ و شێواو دەبن.

من لە دانانی (فەرهەنگی پێشکەوتووی ئازاد) و (فەرهەنگی ڕووەکەکانی کوردستان)دا سوودم لە دەیان فەرهەنگی کوردی و بیانی وەرگرتووە، جگە لە دەیان نووسەر و پیرێژن و پیرەمێردی گوندنشینی ڕووەکناس و باڵندەناس و گیانەوەرناسی کوردیزان کە ڕاستەوخۆ وشەم لە دەمی ئەوانەوە گواستۆتەوە ناو فەرهەنگەکانم و ئاماژەشم بە یەک بە یەکی فەرهەنگ و کەسەکان کردووە. باوەڕ بکەن، جار وابووە بۆ ناوی گوڵێک، یان مێش و مەگەز و باڵندەیەک چەند مانگێک گەڕاوم و چەند کەسم بەسەرکردۆتەوە تا ناوەکەیم بەچنگ کەوتووە، یان وشەیەکم ساغ کردۆتەوە. بەکورتی، فەرهەنگدانان گەمەی

منداڵان نییه و بەداخەوه لای خۆمان وای لێهاتووه و کەس بایەخی پێنادات. ئەرکی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانە، ئەگەر ئەوان خۆیان بە خەمخۆر و دڵسۆزی زمانی کوردی دادەنێن نەیەڵن هیچ فەرهەنگێک بکەوێتە بازاڕەوە، یان بچێتە ناو خوێندنگاکانەوە بەبێ هەڵسەنگاندنیان لەلایەن لێژنەیەکی شارەزا و پسپۆڕەوە.

**ڕامان:** بۆچی هەمیشە بەرهەمی جۆرێک لە نووسەران وەردەگێڕیت وەکو (جۆیس)، (ئارسەر میللەر)، (کافکا)، (شێکسپیر)، (یوجین ئۆنێڵ) و (ئادامۆڤ) و تاد...؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** ئەو نووسەرانەی کە من بەرهەمەکانیانم وەرگێڕاون هەمیشە ئەو نووسەرانەن کە لەبەرەی میللەتدان، نەک بەرەی زۆردار و دەسەڵاتداران. ئەوان نووسەری زۆر مرۆڤدۆست و مێشک کراوەن و هەریەکەیان خاوەنی دنیابینییەکی تایبەت بەخۆیەتی. ئەو نووسەرانە نەک هەر لەلایەن میللەتانی خۆیانەوە بایەخ و گرنگی تایبەتیان هەیە، بگرە لەلایەن سەرجەم خوێنەرانی دنیا لە ڕیزی پێشەوە دێن. هەریەک لەوان خاوەنی پەیامێکی مرۆڤانەیە و هەریەکەشیان چەندین شاکاری نەمریان لەدوای خۆیانەوە بەجێ هێشتووە. بۆ نموونە (جۆیس) بە باوکی ڕۆمانی نوێی ئینگلیزی و (شێکسپیر) بە باوکی شانۆی ئینگلیزی و (ئارسەر میللەر) بە داهێنەری شانۆی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ و (کافکا) بە دەنگی خنکاوی مرۆڤی زوڵم لێکراو و (یوجین ئۆنێل) بە دامەزرێنەری شانۆی هاوچەرخی ئەمریکی و (ئادامۆڤ) بە شانۆنامەنووسێکی گرنگی شانۆی بێهوودەیی دەژمێردرێت. منیش بەرهەمەکانی ئەوانم بۆیە وەرگێڕاوە تا خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە بەرهەمە نەمرەکانی ئەوان بێ بەش نەبن.

**ڕامان:** جۆرێک لە سەرکێشی گەنجانە لە ژیان و کاری ئەدەبیتدا دەبیندرێت، ئەو کەشە لەناو کتێبدا کاری لی کردوویت و بووەتە بەشێک لە ژیانت، یان کاریگەری لە خێزان و منداڵی و دەوروبەرت وەرگرتووە؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** من بەمنداڵی لە گەڕەکی تەیراوە گەورەبووم، ئەو گەڕەکەی کە هەفتە نەبوو شەڕوهەرا و جار وابوو ڕاوەپێشمەرگە و کوشتنی جاش و هەتک کردن و تۆڵەکردنەوە و شەڕەچەقۆ و شەڕەگەڕەک و بەدووکەوتنی بەخۆوە نەبینێت. تەیراوەی ساڵانی شەستەکان مەکۆی شۆڕشگێڕان و پەناگەی سیخوڕ و جاشان و لانەی کەسانی یاخی و قۆناغی کەسانی بوودەڵە و حیزەڵە و دزانیش بوو. بەکورتی لە تەیراوەدا هەموو کەسایەتییە دژ بەیەکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری کۆببوونەوە.

لەناو خێزانێکیشدا لەدایک بووم کە ئەوپەڕی توندڕەو و سەختگیر و ڕەقەکار بوون. لەسەر بچووکترین شت ڕەنگە لێدانم خوارد بێت. نەبوونی و بێ بەری بوون لەهەموو شتێک و بەتایبەتیش لەسۆزی دایک و باوکیش سەربار. هەموو ئەمانە وایان لێکردم بەدوای جێگرەوە (بدیل) دا بگەڕێم.

زۆر چاکم لەبیرە کە دایکم لەسەر تۆپانێ کردن چۆنی کوتام و باوکم لەسەر یەکەمین جار چوونە سینەما چی بەسەرهێنام. هەڵبەتە من بۆ خۆشی نەدەچوومە سینەما، بەڵکو بۆ ئەوە دەچوومە سینەما تا لەم ڕێیەوە فێری زمانی ئینگلیزی و عەرەبی ببم، تەنانەت زۆریشم هەوڵ دا فێرە زمانی هیندیش ببم، چونکە ئەوسا بەزۆری لە سینەماکانی هەولێر فیلمی هیندی زۆر بەهەرمێن بوو. هەوڵەکانیشم هەروا دەرچوون، چونکە پێش چوونم بۆ زانکۆ بەهۆی زۆر چوونە سینەماوە دەمتوانی بە ئینگلیزی بەباشی و کەمێک بە عەرەبی پەتی بئاخڤم و سەدان ڕستەی هیندیشم لەبەرکردبوو.

ئەو دژەکردارانەی کە لەناو ڕوحمدا ڕسکان، بوونە هۆی یاخی بوونم لە کەشوبای ماڵەوە و گەڕەکەکەم. ئەو دنیایەی لە فیلمی سینەماکاندا دەمدیت زۆر گەورەتربوون لە ماڵەکەم، لە گەڕەکەکەم و تەنانەت لە شارەکەشم. ئەمانەش بوونە هۆی پەیدابوونی هەستێکی یاخی بوون لە هەموو شتە باو و ئاساییەکان. سەرەنجام ئەم هەستە لە سەرجەم بوارەکانی ژیانداکاری لە ڕەفتار و ڕوانینیشم کرد.

هەربۆیە تا ئێستاش من زۆر زوو لە شتە باوەکان بێزار دەبم و هەموو کاتێکیش خۆم بە مرۆڤێکی یاخی دەزانم و هەموو چێژ و خۆشیەکیش لەیاخی بووندا دەبینمەوە. تا ئێستاش بەدەگمەن بەرهەمی نووسەرێکم وەرگێڕاوە یان بەدڵم بووە ئەگەر لەنووسینەکەیدا جۆرێک لە یاخی بوون نەدۆزمەوە. بەکورتی، لەلای من یاخی بوون ژیانە.

**ڕامان:** ساڵانی هەشتا کتێبێکت لە بواری گەردوونناسی و فیزیا دا بە ناوونیشانی (بوونەوەرە هۆشمەندەکانی بۆشایی ئاسمان) چاپ کرد. کتێبەکە زوو

لەبازاڕدا نەما، چونکە ئەوسا ئەمە تاقە کتێب بوو لەو بوارە بە کوردی چاپ بکرێت. ئایا هێشتا سەروکارت لەگەڵ بواری فەلەکناسی و فیزیادا ماوە؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** جگە لە هونەر و جوانی سروشت، ئەوەی زۆر سەرسامم دەکات گەردوون و گەردووناسییە. کاتێک منداڵ بووم، ئەوکاتەی هەولێر لە بازنەی شەقامی شەستی ڕەتی نەدابوو، زۆرجاران شەوە تاریکەکانی هاوین، هەولێر بێ ڕووناکی و بێ کارەبا بوو. ئەوسا ئەستێرەکانی ئاسمان هێندە گەش و جوان بوون بەقەد ئەستێرەکانی شەوی گوندان. ئەوکات زۆر بەوردی لەئاسمان ڕادەمام، ئەستێرەکانم یەک بەیەکە دەژماردن تا دەگەیشتنە سەد و دوو سەد، ئینجا زۆربەی جاران لێم تێک دەچوون و سەرلەنوێ دەستم دەکردەوە بە ژماردنیان، بەڵام من هەمیشە لە نهێنی و ڕازی ئەو ئەستێرانە مات و سەرسام دەبووم. زۆر پرسیارم دەربارەی ئەو ئەستێرانە لە دایک و باوک و داپیرەم دەکرد، زۆربەی جار پرسیارەکانم بێ وەڵام دەمانەوە. تا گەورە بووم و ئەو خەون و خولیا و پرسیارانەش لەگەڵ من گەورە بوون.

ئەوسا و ئێستاش لە خۆم دەپرسی: ئایا ئێمە تاقە بوونەوەری هۆشمەندی ناو ئەو گەردوونەین؟ ئێستا و ئەوساش باوەڕم وابوو بوونەوەرانی تر لە گەردووندا هەن و هەموو ئەفسانە کۆنەکان و هەر هەموو کتێبە ئاسمانییەکان و هەموو بەڵگە زانستییە ڕاستەقینەکانیش (لەوانە کتێبە زانستییەکانی گەردووناسی سویسری "ئێریش ڤان دۆنکن") پێ لەسەر ئەوە دادەگرن (بەڵێ بوونەوەری هۆشمەند هەیە)، بەڵام بۆ نایانبینین. ئەم پرسیارە پێویستی بە گەڕان و سۆراغ کردن هەیە. ڕەنگە هۆی ئەمە پێکهاتەی چاومان بێت کە نەتوانێت ئەوان ببینێت، خۆ ڕەنگیشە ئەوان لە پێکهاتەیەکی وا دروست کرابن کە هەرکاتێک بیانەوێت خۆمان پیشان بدەن و هەر کاتەی نەشیانەوێت خۆیان لێمان بشارنەوە. لەوانەیە هۆیەکەی هی خێرایی جووڵانەوەی ئەوان بێت. لەوانەشە ئەوان خاوەنی تەکنۆلۆژیا و تەکنیکی وابن لەپاڵیشمان بن نەیەڵن ئێمە هەست بەوان بکەین و لەوانەیە و لەوانەیەی تریش. ئەمە بابەتێکی یەکجار قووڵە و دەیان ساڵە من لەم بوارەدا کار دەکەم و لە ئایندەدا ڕەنگە شتی سەیر و سەمەرە باس بکەم.

**ڕامان:** دەمێکە لە بواری پاراسایکۆلۆژیدا کار دەکەیت. گەلێ جاریش پێشبینی شتت کردووە. تا ئێستا لەم بوارەدا چیت بەچی کردووە و بۆچی بۆ ئەم بوارە هەستیارە پەلت هاوێشتووە؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** بێ گومان بواری گەردووناسی و دەروونناسی و پەنهانزانی پێوەندییەکی یەکجار توندوتۆڵ و پتەویان بەیەکەوە هەیە کە خۆی لە پاراسایکۆلۆژیدا بەرجەستە دەکات. منیش تاڕادەیەک لەو بوارانەدا شارەزام. ڕەنگە ئەوەی یارمەتیدەریشم بوو بێت کە بەئاسایی لەو بوارانە تێبگەم ئەوە بوو بێت کە من هەر لە منداڵییمەوە کەسێکی نائاسایی و سەیر بووم چ لە جۆری بیرکردنەوە و چ لە گوفتار و چ لە ڕەفتارمدا. بەمنداڵی زۆرجاران ئەجندەم دیوە و قسەشم لەگەڵ کردوون، بەڵام لەوە دڵنیا نیم ئەوە لە خەوندا بووە، یان لەڕاستیدا.

زۆربەی جاران کە بە منداڵی غارم دەدا، هەستم دەکرد دوای سێ چوار هەنگاوی خێرای یەکەمم قاچەکانم لە زەوی بەرز دەبوونەوە و قاچەکانم بە زەوی نەدەکەوتن و پێم لە هەوادا دەکوتا و لە غاردانەش هەر بەردەوام دەبووم، بەڵام ئێستا کەلەشم قورس بووە و هەست دەکەم ئەو توانایەی جارانم نەماوە.

من بەشەو زۆرکەم خەون دەبینم، ساڵێ چوار پێنج خەونێک، بەڵام هەر خەونێک ببینم لەسەداسەد ڕاست دەردەچێت. چاوەکانم کز و بێ تێن، بەڵام تەماشای چاوی هەرکەسێک بکەم مێژووی ڕاستەقینەی ئەو کەسە لەچاویدا دەخوێنمەوە. هەر کەسێک شتێکی باشی بۆ کردبم، یان خراپەی لەگەڵ کردبم، بەبێ ئەوەی کەس پێم بڵێ دەیزانم. کەسێک بیەوێت شتێکم پێ بڵێت، یان بیەوێت شتێکم لێ بشارێتەوە و نەیڵێت، من بە یەک تاقە تەماشا دەزانم چی لەناو دڵیدا هەیە.

ساڵی ١٩٨٠ کە سەربازبووم و بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ بەزۆری ڕاپێچی بەرەی جەنگ کرابووم، هەموو ڕۆژێک لەگەڵ دادوەر (شاکر شەریف) خەریکی پتر قایمکردنی سەنگەرەکانی خۆمان بووین بۆ ئەوەی لە تۆپبارانی ڕژێمی ئێران بپارێزرێین. قۆرتێکی وا قووڵ و قایمان لێدابوو هەموو سەربازەکان کە دەهاتنە تەماشای سەربان سوڕدەما. دوایین هەفتەی ئەو ٤٠ ڕۆژە دەتگوت کێچ کەوتۆتە کەوڵمەوە، چونکە لەناخەوەڕا دەنگێک پێی دەگوتم کارەساتێک بەڕێوەیە. نامەیەکم بۆ باوکم نووسی کە دەستبەجێ بگاتە فریام، ئەگینا فەوتاوم و هەموو

کاتێک هانی دادوەر (شاکر)یشم دەدا بۆ هەڵاتن، چونکە دەمزانی شتێکی خراپ لەو قۆرتەی ئێمە ڕوودەدات، ئەگەرچی قۆرتەکەی ئێمە لەهی هەموو سەربازەکانی تریش قایمتر بوو. ئەوەبوو بەخت وای هێنا باوکم لەو دەمە هاتە لامان و ئەوساش چونکە سەرەتای جەنگ بوو ئەوەی کەسێکی بەدوادا بهاتایە و بیگوتایە لەماڵەوە نەخۆشمان هەیە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئیجازەی پێدەدرا. هەر ئەو شەوە بە دادوەر (شاکر)م گوت ڕابکە، چونکە لەدڵمدا گەڕاوە کە بەم زووانە کارەساتێک لەوێ ڕوو دەدات. ئەوەبوو ئەویش هەڵات. تەنیا سێ ڕۆژ دواتر تۆپێکی قورسی ئێران ڕێک کەوتبووە ناو قۆرتی سەنگەرەکەی ئێمەوە و تفەنگەکەی منی لەناوەڕاستەوە کەرت کردبوو. من بە پاراسایکۆلۆژی دەمزانی لەو ماوەیەدا شتێک لەو قۆرتەماندا ڕوو دەدات، هەربۆیەش دەمەویست ئەو قۆرتە بەزووترین کات بەجێ بهێڵم.

تا ئەم دواییانەش تەلەفۆن و مۆبایلم نەبووە و ڕەنگە بەم زووانەش فرێیان بدەم، چونکە هەرکەسێکی دڵم ویستبێتی بیبینم لەکات و شوێنی خۆیدا وام کردووە بیبینم. تاقیکردنەوەشم لەم بوارەدا زۆرە. هەر کەسێکی ویستبێتم بچمە خەونییەوە، یان بێتە خەونمەوە کردوومە. زۆرجاران لە تاقیکردنەوە پرسیاری وا هاتۆتەوە هەر نەمخوێندۆتەوە و هیچیشم لێی نەزانیوە، بەڵام دوای یەک دوو خولەک وردبوونەوەو دامان وەک بڵێی کتێب لەبەرچاوم کرابێتەوە وایە و سەرلەبەری وەڵامەکە بە نوختەو فاریزەوە، تەنانەت ئەو ڕووپەڕەی کتێب کە پرسیارەکەی لێ هاتۆتەوە لەبەرچاوی مێشکم کراوەتەوە.

دوعا لە کەس ناکەم و دوعاش بۆ کەس ناکەم مەگەر زۆر ناچار نەبم، بەڵام تا ئێستا هەر دوعایەکی کردبێشم هەر هەمووی گیر بووە. دەستەکانم هێزێکی شاراوەیان تێدایە و هەر کەسێکی شێلابم دەستبەجێ تەندروستی زۆر گۆڕاوە و هەستی بە جیاوازی کردووە. لە تەیراوە لەناو سەرشۆرکێکی ماڵەوەمان کە مارێکی زلی تێدا بوو، چەند سەعاتێک بووراومەتەوە و مارەکە لەوێ بووە، بەڵام پێی وەنەداوم. بەمنداڵی تا بڵێی هاروهاج بووم، بیرمە دار و شتی پیسم لە شارە زەنگەسۆرە وەردەدا و بە جارێک هەشت تا نۆ زەنگەسۆرە پێی وەداوم و هیچم لێ نەهاتووە. نوێژ ناکەم، بەڵام هەمیشە قسەکانم ئاراستەی ئاسمان دەکەم. دەزانم هێزێک هەیە لە من گەورەتر و لەو گەردوونانەش گەورەتر ئەم هەموو گەردوونانە بەڕێوە دەبات، بەڵام ئەو هێزە بەتەنیا خوای ناو یەک تاقە کتێبی ئاسمانی نییە، بەڵکو خوایەکی هێندە گەورەیە کە بە هەموو کتێبە ئاسمانییەکانەوە ئینجا دەتوانن کەمێک ئەومان پێ بناسێنن.

هەشت ساڵیش دەبێت بەدەگمەن و بەزۆری ماڵەوە چوومەتە دکتۆر و بشچم دەرمان کەم دەخۆم و پێنج ساڵیشە هەڵامەتم نەگرتووە و نەخۆشیش بکەوم وادەکەم بەبێ دەرمان چاک ببمەوە. ساڵی ١٩٩٢ ئۆتۆمبێل زۆر بەخراپی لێی دام، کە لە نەخۆشخانە بووم دکتۆرەکان دڵنیا نەبوون کە دەمێنم، یان نا. ماڵەوەمان لەسەرم دەگریان، بەڵام من لەو کاتەدا پێم گوتن نامرم و چاکیش دەبمەوە. ئەوەبوو بەبێ دکتۆر چاک بوومەوە و بەڕای دکتۆرە پسپۆڕەکان دەبوایە تا دەمرم سەقەت بم، بەڵام هەر بەو پێیە شکاوەم چوار ساڵ پاشتر ٥٠٠ کیلۆمەتری ڕێگای نێوان تورکیا و یۆنانم کوتایەوە بەبێ ئەوەی بکەوم، یان ماندوو ببم.

بڕوایەکی پتەوم بەوە هەیە کە هێزە هۆشمەندەکانی گەردوون لە پشتمن، بۆیەش لە هیچ کەس ناترسم و باکیشم بە هیچ نییە. ساڵی ١٩٨٥ کە لە دائیرەی ئەمن گیرام هیچ نەترسام و نەش شڵەژام و لە ماوەی دوو کاتژمێردا توانیم وا لە بەڕێوەبەری ئەمن بکەم باوەڕ بکات کە من بێ تاوانم و تەنانەت جوێنیش بەو کەسانە بدات کە ڕاپۆرتیان لە دژی من نووسیبوو و بەبێ شەرەفیان دابنێت. هێزێکی گەردوونی هەیە کە وا دەکات لە زۆربەی کارەکانمدا سەرکەوتووبم و ساڵی ١٩٩٢ کە (کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان)مان دامەزراند، سەر لە ئێوارەی پێش ڕۆژی خۆهەڵبژاردن زۆربەی ئەندامەکان بڕیاریان دابوو کە دەنگم پێ نەدەن و پرتە و بۆڵەیان بوو، بەڵام هەر ١٥ کاتژمێر دواتر لە کۆی (٦٠) دەنگ (٥٨) کەس دەنگیان پێدام و بە خۆشم نازانم ئەوانە بۆچی بۆچوونی خۆیان گۆڕی.

لە مردن ناترسم، چونکە دەزانم گەشتێکە بەرەو شوێنێکی نادیار و بە ماڵەوەشم گوتووە ئەگەر مردم کەس بۆم نەگری، چونکە من ژیانی خۆم بەتەواوەتی ژیاوم و لە ڕۆژی مردنمدا ئاسایی بن و خۆیان تێک نەدەن و شیوەنم بۆ نەکەن و لەجیاتی ئەوە پێ بکەنن. دەیان کەس کە خۆشم ویستوون و دوعام بۆ کردوون چاکبوونەتەوە بەبێ ئەوەی خۆشیان پێی بزانن. هەرکەسێک باوەڕی تەواوی

به هێـزی دەروونی خـۆی هەبێت و نـاوه ناوه بگەڕێتـەوه باوەشی سروشت و خۆراکی سروشتی بخوات پێویستی به دکتـۆر و دەرمان نابێت و گەنج دەبێتـەوه. ڕۆژانه من بەلای کەمەوه دوو کـاتژمـێر به عـەقڵی نەفـامی مرۆڤـه خۆپەرستـەکـان پێدەکەنم. هەبوونی و نەبوونی و تاڵی و خـۆشی لای من هەریەکـه و پلەوپایەم بۆ ئەوه ناوێت خۆمی پێ بابدەم، بەڵکو بۆ ئەوەمە یارمـەتی کەسـانی پێویستی پێ بدەم. شەوانه که دەخەوم هیچ ترسی ئەوەم نییە ئەگەر بەیانی بمێنم، یان نا، چونکه دەزانم دنیا بەبێ من و هەرکەسێکی دیکەش هەر بەردەوام دەبێت.

هەمیشـه به گوێی دڵم نـەک مێشکم دەکـەم و قـەتیش تێنەکەوتووم. دڵم به ڕاستی هەرچییەکی خواستبێت بۆم بووه و چووینمه ناو هەر پرۆژەیەکـەوه، هەمـوو برادەرانـیش دەزانن، هەر دەبێت تێیدا سەرکـەوتوو بم. خـۆشم نازانم چۆن کـارەکـانی خۆم دەکەم و زۆرجاران دەنگێکی شاراوه پێم دەڵێت فـلانه کـار بکـەیت باشه و فلانه کـار نەکـەیت خـراپه. هەندێ جـار ئەو دەنگه لەناخـمـەوه دەبیـسـتم و هەندێ جاریش لەدەرەوەی خۆم و بەخۆشم نـازانم له کوێوه دێت، بەلام دڵنیام که ئەو دەنگه هەیه.

**ڕامـان:** لەدوای نەوەدەکـانـدا به نووسین و وەرگێـڕان و تەوەره باسەکـانت له باشووری کـوردستـانـدا تەکـانت به باسی زەردەشتناسی دا، بەتایبەتیش دوای بلاوکردنەوەی وتاری (با له ئاڤێستـاوه فـێـری زمـانی کـوردی ببین) له گـۆڤـاری (کـاروان) ژمـاره (١١٤)ی سـاڵی ١٩٩٧ و دواتریش به کـتـێـبـی (پوختـەیەک له بیـروباوەڕی زەردەشتی). دەتوانیت پێمان بڵێیت ئەو گەڕانەوەیەت بەرەو زەردەشتـایەتی گـەڕانەوەیه بەرەو ڕەسـەنایـەتی و سەرچاوەی فیکری کوردی؟

**د. ئازاد حەمـه شـەریف:** کـورد ئەگـەر بیـەوێت ببـێتـه میللەت، پێویستـه گـەوره و بچووکیـان له زەردەشت و ئاڤێستا بگەن. تا ئێستا زۆربەی کتێبه ئاسمانییەکانم خوێندۆتەوه، بەلام لەناو هەمـوو کـتێبه ئاسمانییـەکـاندا تاقـه کـتێبێکی ئاسـمـانی هەیه که ڕێزێکی بێ پایانی لەمـرۆڤ ناوه و هێنده بەگـەورەیی له مـرۆڤی ڕوانیـوه بردوویەته ئاستی ئەوەی که ئاهورامەزدای خودا پێویستی به یارمـەتیـدانی مـرۆڤ هەیه بۆ سـەرکـەوتن بەسـەر ئەهریمەنی دوژمـندا. ئەم ئایینـه ڕێسـایـەکی وای بۆ مرۆڤایەتی داڕشتـووه که کۆمـەڵگەیەکی پێشکەوتوو و ئاسـووده و ئارام و پڕ دادوەری پێ ببێـتـه بەرهەم، ئەو کتێبەش ئاڤێستـایه و ئەو ئایینەش زەردەشتایەتییـه و زەردەشتیش پێغەمبەری (بیری چاک و گوفتـاری چاک و کرداری چاک)ه.

بیـرو کـولتـووری زەردەشتـایەتی هەر لەبەر ئەوه گـرنگ نییــه کــه ئایینێکی مـرۆڤـپـەروەره، بەڵکو بۆ کـورد گرنگییـەکەی لەوەشدایه که سەرچاوەی بیـر و ڕوانین و زمان و کولتوورو دابونەریت و دەرمانناسی و ڕووەکناسی و مـێـژوو و جـوگـرافـیـا و شـوێنەوارناسی و زانیـاری جۆراوجۆر لەبارەی مرۆڤی ئەو سەردەمـانەی که پاشتـر بەشێک لەوان میللەتی کوردیان پێک هێناوه لەناو ئەو ئایینەدا پارێزراوه. ئێمه گەنجینەیەکی زۆر گرانبەهامان هەیه، بەلام وەکو هەر شتێکی دیکه لێدەگەڕێین خەڵکی دیکه بۆخۆیان بەتالان ببـەن و ئێمه خـۆی لێ بەخـاوەن ناکەین.

لەسەرانسـەری دنیـادا زانایان و لێکۆڵەرەوان شـانازی بەوەوه دەکـەن کـه شـتـێک له ئایینی زەردەشـتـایەتی دەزانن، ئێـمـەش مـوڵکی خـۆمـان به بێ نرخی سـەیر دەکـەین. هیگڵ و فـرێدریک نیـتـشـه کـرۆکی فەلسەفەکانیان لەسەر بناغەی بیری زەردەشتی هەڵنا و لەسـەرانسـەری دنیـا ناسـران. مـاری بۆیس و زێهنەر و کـاپادیا و مـاسـانی و دوشن کـیـمـن و سـۆکـۆلۆڤ و ڤینسینت و مۆڵتن و نانڤوتی و چۆکسکی و کێلینز و بیکیس و پانگبۆرن و مارتن و هێرتزفیلد و نیوسنەر و شێپـهێرد و ڕەسێڵ و کراینبرووک و دارمستـێتـەر و هینێلز و پیتەر کلارک و ڤێن کەتەڤامانەن و نیگۆشیان و هاشم ڕەزا و پورداود و د. عـەلی شـەریعـەتی و د. حوسێن وەحیدی و عیمادەدینی دەوڵەت شاهی و جەلیل دۆسـتـخـوا و م. ن. زاڵه و د. داود چەلەبی و حـامـد عەبدولقادر و فاروق ئەلدەملوجی و سەدان کەسی تر بەوه دەنازن که لەبارەی ئەو ئایینه مەزنه نووسراویان هەیه.

**ڕامان:** پارساڵ کـتـێـبێکی (ڕێکخراوی یۆنسکۆ)ت لەبارەی چۆنیـەتی وانەگـوتنەوه و بەرزکـردنەوەی ئاسـتی مامۆستایان و قوتابیان له ئینگلیزییەوه کرده کوردی و وابزانم تا ئێسـتـا ئەم کـتـێـبـه نەکـراوەته عـەرەبی. کـتـێـبـەکـەش هەمـووی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان بۆ مـامـۆسـتـایان و قوتابخانەکان کرایەوه. ئایا گرنگی ئەو کتێبه لەچیدایه؟

**د. ئازاد حەمـه شـەریف:** پرۆسەی پەروەرده و فـێرکردن له کوردستاندا چەندین ساڵه به ئاستەنگدا تێدەپەڕێت و

یەکێکیش لە هۆکارەکان کۆنی و دواکەوتوویی ڕێبازەکانی وانەگوتنەوەیە. زۆرکەس دەبنە مامۆستا و هەر نازانن چۆن وانە بڵێنەوە. ئەمەش وادەکات ئاستی فێربوون لە کوردستاندا دابەزێت. ساڵی ٢٠٠١ کە لە ڕێکخراوی (یۆنیسکۆ)دا بۆ ماوەیەکی کەم وەکو یاریدەدەری ڕاوێژکاری پەروەردەیی ئەو ڕێکخراوە کارم دەکرد، ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکە بەڕێز (د. پۆڵ ئاگاشی) رووی لێنام کە (٢٦) دۆکیومێنت لەبارەی چۆنیەتی وانەگوتنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان و مامۆستایان کە خاتوو (مادلین شێربان ئاگاشی) لە دەیان سەرچاوەی نوێوە ئامادەی کردبوو بکەم بەکوردی بۆ ئەوەی بەسەر مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دابەش بکرێن. منیش زوو بە زوو ئەو کارەم ئەنجامدا و ئەوان (٣٠٠) دانەیان لێ چاپ کرد و بەسەر سەرپەرشتیاران و مامۆستایان دابەش کرا.

لەبەر بەسوودی ئەو دۆکیومێنتانە بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، سێ ساڵ دواتر گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی) داوای لێکردم کە ڕێگا بدەم ئەو دۆکیومێنتانە بە زنجیرە لە گۆڤارەکەیاندا بڵاوبکرێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لەبەر بایەخ و گرنگی ئەو دۆکیومێنتانە سەرلەنوێ ئەو کتێبەم بە (١٠٠٠) دانە لە چاپ دایەوە و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمووی کڕیەوە تا بەسەر خوێندنگاکان دابەشیان بکات و ئەمساڵیش دیسان داوای (٤٠٠٠) دانەی تر کراوەتەوە بۆ ئەوەی بڕێکی زۆر لە مامۆستایان سوود لەو ڕێبازە نوێیانەی وانەگوتنەوە وەربگرن و بەمەش هەم ئاستی قوتابیان بەرەو پێش دەچێت و هەم پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا بەشێوەیەکی دروست و بێ گرێ و کێشە بەڕێوە دەچێت.

**ڕامان:** دکتۆرانامەکەت لە نوێترین بواری فیکر و ئەدەب نووسیوە کە بواری (دیستۆپیا/ دژە یوتۆپیا)یە. ئایا تێزی دکتۆراکەت باس لە چی دەکات و دەتەوێت چی بسەلمێنیت و بۆچی ئەو بوارە نوێیەت هەڵبژارد؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** دکتۆرانامەکەم لەسەرهەڵدانی بیری یوتۆپی و دیستۆپی و دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانیان لە ئەدەبی نوێدا. بەتایبەتی لە ڕۆمانی ئینگلیزی دەکۆڵێتەوە، هەروەها بە شوێن ڕەگوڕیشەی هەردوو ژانرە ئەدەبییەکەدا دەچێت هەر لە قۆناغە زووەکانەوە تا سەردەمی نوێ.

هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا، هەر کاتێک مرۆڤی سەرەتایی بە بارودۆخی ژیانی خۆی دڵتەنگ بووبێت، ئەوە بیری لە شوێنێکی نموونەیی کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە خەم و نەخۆشی و پیری و مەرگ بۆی ڕابکات، کەچی مرۆڤی هاوچەرخ بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە کێشە کۆمەڵایەتی و ژیانییەکانی خۆی لە ڕێگای تەکنۆلۆژیا و سیاسەتەوە چارەسەر بکات، بەڵام ئەوە نازانێت کە تەکنۆلۆژیا و سیاسەت ئازادی لە مرۆڤ داگیر دەکەن و لەسەرجەم بەها مرۆڤانەکانی دادەماڵن.

جا بە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە ساویلکانەیەی مرۆڤ، تەکنۆلۆژیا و سیاسەت لەجیاتی ئەوەی کێشەکانی مرۆڤ چارەسەر بکەن، چەرمەسەری پتریان بۆ مرۆڤ پەیدا کرد. هەربۆیەش مرۆڤی هاوچەرخ هەستی بە نائومێدی و بەزیوی کرد. سەرەنجام ئەم هەستانە ڕوانینی مرۆڤی هاوچەرخی گۆڕی و وای لێکرد کە دنیا بە وێرانەخاک ببینێت و کۆمەڵگەش بە دیستۆپیا بزانێت. لێکۆڵینەوەکەم بە شێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخاتە سەر ڕۆمانەکەی ماکینەی کات (١٨٩٥)ی ه.ج. وێلز و ڕۆمانی دنیای نوێی دلڕفێن (١٩٣٢)ی ئەلدۆس هەکسلی و ڕۆمانی هەزار و نۆسەدو هەشتاو چوار (١٩٤٨)ی جۆرج ئۆروێل وەکو نموونەی بەرزی ڕۆمانی دیستۆپی.

بەکورتی، بابەتی دکتۆراکەم لەبارەی زەوتکرانی ئازادی مرۆڤی هاوچەرخە لەلایەن هێزە شەڕخوازەکانی جیهان کە لە ڕێگای سیاسەت و تەکنۆلۆژیاوە وایان لە مرۆڤ کردووە تەنانەت گومان لە سێبەری خۆیشی بکات و لە هەموو کەسێک و هەموو شتێک بترسێت، چونکە تەکنۆلۆژیای سیخوڕی کردن بەسەر مرۆڤدا هێندە پێشکەوتووە کە تەنانەت دەزانرێت تۆ لەناو ماڵی خۆتدا چی دەکەیت و چی دەڵێیت و چۆن بیر دەکەیتەوە.

من بۆیە ئەو بابەتە قورسەم هەڵبژارد، چونکە ویستم لەسەر بابەتێک بنووسم کە تەنانەت بەگوێرەی خەڵکی ئینگلیزیش نوێ بێت. هەمووی چەند ساڵێکی کەمە بابەتی دیستۆپیا/دژەیوتۆپیا لە ڕۆژئاوا بۆتە بابەتی باس و لێکۆڵینەوە و منیش یەکەمین کەسم لەسەرانسەری عێراقدا لەسەر ئەو بابەتە ئاڵۆزە بنووسم و دکتۆرانامەکەشم بەڕای لێژنەی گفتوگۆ دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئەوانەی لەدوای من دێن و وەک

بیستووشتانە بەبابەتێکی زۆر گرنگ و سەرکەوتوو دانرا و هەربۆیەش پلەی "نایاب" لەلایەن لیژنەی گفتوگۆوە بەبڕوانامەکەم بەخشرا.

**رامان:** (قاسم عەزیز)ی شانۆکار برای دایکتە. تا چەند کاریگەری ئەو هونەرمەندە وای کردووە بەرێزت بەرەو رەخنەی شانۆیی و نووسینی دەقی شانۆیی بچیت؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** (قاسم عەزیز)ی خاڵم مرۆڤێکی بەهێز و کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش بوو لەناوەندی رۆشنبیری هەولێری ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا چ وەکو شانۆکار و چ وەکو رۆشنبیرێکی گۆشکراو بە فیکرو فەلسەفەی مارکسیزم مایەی رێز و خۆشەویستی بوو بۆ من. بە حوکمی ئەوەی چوار ساڵێک لە من گەورەتر بوو، ئێمە لەگەڵ یەکتری زۆر برادەرانە رەفتارمان دەکرد و زۆر رۆژان و شەوانی ماوەی فیراریم لە ماڵەکەی ئەو بەسەربردووە و گەلێ وتوویژ و دەمەتەقێی فیکری و فەلسەفی و هونەریمان پێکەوە کردووە. هەر لەوێش گەلێ کەسی رۆشنبیرم ناسی. لەمانەش: (رەهبەر جەلال) و (کەمال عەبدوڵڵا) و (ئەسعەد کەرکووکی) و... تاد کە هەندێک لەو زگورتیانە خانوویەکی (حاجی خیریە) یان بەکرێ گرتبوو، لەوێ ژیانیان بەسەردەبرد. بۆ یەکەمین جار من لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک مرۆڤی رۆشنبیری پەراوێزکراوی یاخی رووبەڕوو بوومەوە و ئەوسا زانیم ئەم ژیانە چەند قورسە بۆ مرۆڤی خاوەن باوەڕی راستەقینە.

خۆشەویستی (قاسم)ی خاڵم بۆ شانۆ لەڕادەبەدەر بوو، ئەو یەکێک بوو لە ئەکتەرە چاکەکانی شاری هەولێر و لە دراماى (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە) و شانۆییەکانی (گێچەڵەکانی حەمە وەی وەی) و (هەبوو نەبوو) و (قەل و رووتە) و چەندین بەرهەمی شانۆیی وەکو ئەکتەری سەرەکی، یان ناوەندی رۆڵی خۆی بینیوە و جێگای خۆشەویستی شانۆکاران و هامشۆکەرانی شانۆ بوو.

کاریگەری ئەو لەسەر من بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو و ئەو هەرگیز ناچاری نەکردووم کتێبێک بخوێنمەوە، یان بابەتێک بنووسم، بەڵام خۆشەویستی من بۆ ئەو و خۆشەویستی ئەویش بۆ شانۆ رەنگە کاریگەری خۆی لەسەرم جێ هێشتبێت بەبێ ئەوەی هەستیشم پێی کرد بێت.

**رامان:** وەرگێڕان و فەرهەنگ دانانی کوردی ئێستا لە چ ئاستێکدایە. ئەگەر دواکەوتووە، بەڕای تۆ پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی تەکانێک بەم بوارە بدرێت؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** هەرچەندە ئێستا خاوەنی دەزگایەکی وەرگێڕان و خانەیەکی وەرگێڕان و کۆڕی زانیاری کورد و چەندین دەزگای وەشاندنین، بەڵام ئەوەی بەچاوێکی زانستیانە و ئەکادیمیانە لە بواری وەرگێڕان و فەرهەنگ رابمێنێت دڵتەنگ دەبێت نەک دڵخۆش. هۆیەکەشی لەبەر ئەوەیە کە وەرگێڕان بەبێ بەرنامە دەکرێت و هەرکەسەی چەند وشەیەکیشی لە زمانێک زانی بەسەقەتی شتێک ئامادە دەکات و ناوی لێدەنێت وەرگێڕان. لە دوا لاپەڕەی ژمارە (١٣٠)ی گۆڤاری (رامان)ی خۆشەویست لە نووسینێکمدا بەناوونیشانی "قەیرانی وەرگێڕان" نیشانە و هۆکار و چارەسەرییەکانی ئەم قەیرانەم زۆر بە وردی خستۆتە روو.

لە وڵاتاندا هەر کەسێک زمانی وڵاتەکەی خۆی تێک بدات، وەک چۆن ئەو بەناو فەرهەنگ دانەرانەی لای خۆمان وایان کردووە، بەبێ سێ و دوو دەدرێنە دادگا، چونکە زمانی هەر میللەتێک موڵکی گشتییە و رێ بە کەس نادرێت لە نەزانییەوە بێت، یان بەئەنقەست زمانەکەیان تێکوپێک بدەن، بەڵام لای ئێمە زمانیش وەکو هەموو شتێکی دیکە رێزی لێ ناگیرێت، ئەگینا چۆن دەکرێت بەو دەردە ببردرێت.

لە نووسینەکەی گۆڤاری (رامان)دا گوتوومە و دیسانیش دەیڵێمەوە وەکو ئەرکێکی بەپەلە و گرنگ پێویستە دەزگای وەرگێڕان و خانەی وەرگێڕان و دەزگای سەردەم و دەزگای ئاراس و وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی پەروەردە و کۆڕی زانیاری کورد رێگا نەدەن هیچ کتێبێک، یان نامیلکەیەک لەچاپ بدرێت بەبێ ئەوەی کەسێکی شارەزا و زمانزان هەڵیان بسەنگێنێت و ئەگەر پێویستیشی بە پێداچوونەوە هەبوو با پێداچۆرەوەشی بۆ دابنرێت. ئەگینا وابڕوات ئێمە بەلێشاو کتێب و فەرهەنگی سەقەت بەچاپ دەگەیەنین و ئەمەش زیانێکی یەکجار مەزن بە ئاستی باوەڕپێکراوی دامودەزگا رۆشنبیرییەکانمان و نەوەی دوارۆژ و خوێنەرانیشمان دەگەیەنێت.

**رامان:** ساڵانێک بوو لە ئەورووپا بوویت، ئایا ئەورووپا فێری چی کردوویت و بۆ پێشخستنی ئەدەب و کەلتووری کوردی چ سوودێکت لە ئەزموونی ئەوێ بینی؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** لە ئەورووپا تەنیا یەک وانە فێربووم ئەویش ئەوەیە هەرکەسێک بیەوێت لە ژیاندا

سەرکەوتوو بێت و ببێتە داهێنەر پێویستە بەرهەمەکانی ئەو لە رووی کوالیتییەوە زۆر لە هی کەسانی دیکە جیاواز بن. مەبەستم لەوە ئەوەیە ئەگەر تۆپەڵە قوڕێک بدەیتە کەسێکی ئەورووپی و تۆپەڵێکیش بدەیتە کەسێکی رۆژهەڵاتی و پێیان بڵێیت شتێک لەو قوڕە دروست بکەن، لەئەنجامدا دەبینیت ئەورووپییەکە لەو قوڕە، یان جوانترین پەیکەر دروست دەکات، یان جوانترین باڵندە، بەڵام مرۆڤە رۆژهەڵاتییەکە یەکسەر دەچێت خەنجەرێکی دەسک پان، یان دەمانچەیەکی لێ دروست دەکات.

مرۆڤە ئەورووپییەکە دوای ئەوەی قوڕەکەی کردە پەیکەرێکی جوان، هەوڵ دەدات دەیان پەیکەری لەو ئاسای لەسەر دروست بکاتەوە و هەریەکەشیان بەرەنگێکی جیاواز بۆیاغ دەکات و دەیانباتە بازاڕ و دەیانفرۆشێتەوە و بەرە بەرە پەرە بەکارەکەی خۆی دەدات تا لە کۆتاییدا کارگەیەکی نایابی لێوە پەیدا دەبێت، بەڵام مرۆڤە رۆژهەڵاتییەکە دوای چەند ساتێک قوڕەکە تێکوپێک دەدات و رەنگیشە بەنێوچەوانی برادەرێکی دا بدات.

رەنگە کەسانی وا هەبن کە ئەم قسانەم دەخوێننەوە بڵێن ورێنە دەکات. منیش دەڵێم نەخێر ئەوەی من دەیڵێم راستییە و بەبەڵگەوە پێت دەڵێم کە کارگەی ئۆتۆمبێلی (ئاودی) کە بە پێنجەم ئۆتۆمبێلی چاک لە ئەڵمانیا دەژمێردرێت لەسەرەتادا لەلایەن کابرایەکی زۆر هەژارەوە بەچەکوچ و سندان دروست کرا. ئەم کابرایە بلیمەتە سەرەتا پایسکلی (NSU) واتە (نێکارس ئولم)ی دروست دەکرد کە بەناوی ئەو شارۆچکەیەی ئەڵمانیا کرابوو کە ئەو پایسکلەی لێ دروست دەکرا. تایەکان و سووکانی ئەم پایسکلە لەدار دروست کرابوون و ئێستاش نموونەکەی لە کارگەی (ئاودی) یە. بەرەبەرە پایسکل بوو بە مۆتۆڕسایکل و لەجەنگی یەکەمی جیهان بووە ماتۆڕی سێ تایە و دوای جەنگی دووەمی جیهان بووە ئۆتۆمبێلێکی وەکو تانک و دواتر پەرەی پێدرا و تا بووە ئەم ئۆتۆمبێلە نازدارەی ئێمرۆ کە پێی دەگوترێت (ئاودی) و بەهایەکەی لە پەنجا هەزار دۆلار بەسەرەوەترە. من کە لەو کارگەیە کارم دەکرد چوومە مۆزەخانەی کارگەی ئەو ئۆتۆمبێلە و لەوێ قۆناغ بە قۆناغ وێنەی پێشکەوتنی بەرهەمەکانی ئەو کارگەیەم گرتووە.

بەکورتی و بەکوردی دەڵێم شارستانی ئەورووپا لەسەر چۆنایەتی و فرەڕەنگی (Quality and Diversity) بنیات نراوە و هی رۆژهەڵاتییەکان لەسەر چەندایەتی و یەکڕەنگی (Quantity and Uniformity)، هەربۆیەش ئەوان هەردەم بەرەو پێشەوە دەڕۆن و ئێمەش بەرەو دواوە. لێرەدا مەودا نییە زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم، بەڵام هەرکەسێک مەبەستیەتی بەباشی لەقسەکانم حاڵی بێت کە جیاوازی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە چی دایە، با بچێت زنجیرە وتارەکانم لە مانگنامەی "بەدرخان" ژمارە (٧٦ تا ٨٦) بخوێنێتەوە کە هەر هەموویان لە ژێر سەردێری "کوشتنی جوانی لە رۆژهەڵاتدا" و "کوشتنی هزر لە رۆژهەڵاتدا" و "کوشتنی هونەر لە رۆژهەڵاتدا"و "کوشتنی ئازادی لە رۆژهەڵاتدا" و "کوشتنی کات لە رۆژهەڵاتدا" و"کوشتنی زانست لە رۆژهەڵاتدا" و "کوشتنی بەزەیی لە رۆژهەڵاتدا" و "کوشتنی جەستە لە رۆژهەڵاتدا" و "کوشتنی تاک لە رۆژهەڵاتدا" و "کوشتنی سروشت لە رۆژهەڵاتدا"ن.

ئەورووپا سوودێکی زۆری بۆ من وەکو نووسەر و رەخنەگر هەبوو، چونکە لەوێ فێری ئەوە بووم کە ئەگەر بمەوێت لە بواری خۆمدا نەمری بەدەست بهێنم، پێویستە رۆژ بەرۆژ و سات بەسات تواناکانی خۆم و ئاستی بەرهەمەکانم باش و باشتر بکەم و واش بکەم بەرهەمی من لەرووی کوالیتییەوە بە بەرهەمی هیچ کەسێکی تر نەچێت و لەبەرهەمی خەڵکانی تر نایابتر بێت و زۆری و بۆری بەرهەمم لەلا گرنگ نەبێت، بەڵکو جۆری بەرهەمەکانم لەلا گرنگ و بایەخدار بن.

**رامان:** لە پانتایی رۆشنبیری و گەشەییدا، وەرگێڕان خاڵێکی گرنگە. ئەو وەرگێڕانانەی لە ئینگلیزییەوە دەکرێن تا چەند گەوهەری وەرگێڕانیان تێدایە و ئەو کتێبانەی وەردەگێڕدرێن. ئایا بۆ فراوان کردنی ئاسۆی بیر و رۆشنبیری کوردی بەسوودن، یان نا؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** زۆر دەگمەنن ئەو وەرگێڕانەی کە هەست بە لێپرسراوێتی ئەدەبی و فیکری و زمانەوانی دەکەن. لەناو ئەو وەرگێڕانەی کە بەدڵسۆزییەوە بەرهەمی چاک لە ئینگلیزییەوە دەکەنە کوردی ئەو وەرگێڕانە هەریەکە و خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیەتی. (د. عەزیز گەردی) لە وەرگێڕانی دەقی نەتەوەیی و بابەتی میللیدا بالادەستە. (شێرزاد حەسەن) لە وەرگێڕانی تێکست و بابەتی ورووژێنەردا کارامەیە. (ئاوات ئەحمەد) لە

وەرگێڕانی دەقی فەلسەفی و دەروونناسیدا وەرگێڕێکی پڕ بەرهەمە. (سەلاح سەعدوڵلا) لە بواری وەرگێڕانی تێکستی دووورودرێژ (عەلی عوسمان یەعقووب)یش لەبواری وەرگێڕانی دەقی شانۆییدا چەند هەوڵێکی هەیە.
زۆر لەوانەی دەمێیننەوە بەتۆبزی ناوی وەرگێڕیان لەخۆیان ناوە و بەرهەمەکانیان فڕیان بەسەر وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە نییە. بەرهەمەکانی ئەوان کاری سەقەت و دوورن لە ڕوحی ئەو دەقانەی وەریان گێڕاون و زۆربەی جاریش لێکدانەوەی تێکستە ئینگلیزییەکانن و بەهەڵە ناوی وەرگێڕانیان بەسەر خۆیاندا هەڵکێشاوە. خاڵێکی تر ئەوەیە هەموو بەرهەمێک بۆ وەرگێڕان ناشێن. لە کردەی وەرگێڕاندا گرنگترین خاڵ هەڵبژاردنی بابەتە نەک ناوی نووسەری بابەتەکە. دووەم شت ئەوەیە وەرگێڕان پەیامە و هەر کەس نابێت بەهەوەس بێت دەست بداتە وەرگێڕان.
هەر هەموو ڕێنیسانسەکانی دنیا بە وەرگێڕان دەستیان پێکردووە، چونکە لە ڕێی وەرگێڕانەوە بیر و ڕوانین و چەمکی نوێ دێتە ناو زمان و کولتووری هەر میللەتێکەوە. هەر بۆیەش وەک چەند ساڵێک لەمەو پێشیش گوتوومە "وەرگێڕ باڵیۆزی ڕۆشنبیری نێوان گەلانە" و ئەو سینەیەیە کە میللەتە دواکەوتووەکان دەتوانن هەناسەی پێ بدەن ئەگینا دەخنکێن.

**ڕامان:** دە ناو لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا هەڵبژێرە کە خۆت حەز بکەیت بۆچوونت دەبارەیان دەرببڕیت؟

**د. ئازاد حەمە شەریف:** هەرچەندە من پێم خۆشە قسە لەبارەی بەرهەمی زۆربەی نووسەر و ڕۆشنبیرە کوردەکان بکەم، بەڵام لەبەرئەوەی پرسیارەکەتان لە چوارچێوەی دە ناودا گیرم پێ دەخوات، لە مردوو و زیندووەکان، لەبەر هۆیە دەستنیشان کراوەکانی بەرانبەریان ئەو دە کەسە بە شایستەی ئەوە دەبینم بۆچوونم دەربارەی نووسینەکانیان هەبێت:

**(١) محەمەد مەولوود مەم:** یەکێکە لە بناغەدانەرە ڕەسەنەکانی چیرۆکی نوێی کوردی.

**(٢) موحەڕەم محەمەد ئەمین:** دەنگی مرۆڤی چەوساوەیە لە ڕۆژگارێکی تاریکدا.

**(٣) حەسەن قزڵجی:** ڕاستگۆترین ڕەخنەگرە لە دڵی بە کرمێبووی کۆمەڵگەی کوردەواری.

**(٤) ئیبراهیم ئەحمەد:** زمانی بەرەنگاری مرۆڤی کلۆڵە لە سەردەمە لاڵەکاندا.

**(٥) گۆران:** شاعیری جوانی سروشت و داکۆکیکاری بەها مرۆڤایەتییەکان و زایەڵەی ڕەشوڕووتەکانە لە جیهاندا.

**(٦) حوسێن عارف:** واژیکەرەوەیەکی وردی ناخی مرۆڤی هاوچەرخە بە شێواز و ستایلێکی هونەری تایبەتی.

**(٧) شێرزاد حەسەن:** وروژێنەری وارِسکی (غەریزەی) متبووی نەوەی نوێیە.

**(٨) محەمەد موکری:** ڕاچڵەکێنەری جەستەی بە دابونەریت بەنج کراوی کۆمەڵگەی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتە.

**(٩) شێرکۆ بێکەس:** ئاواز و گۆرانی ناو دڵی کەژ و کێو و چەم و ڕووبار و دەشت و دەری کوردستانە.

**(١٠) کەژاڵ ئەحمەد:** ئازاترین دەنگی مێینەیە کە داوای ئازادی بۆ خۆی و ڕەگەزەکەی خۆی دەکات.

# ڕاوچی چرکە
## «فڕینی کات»

**عەبدوڵڵا قەرەداغی**
**(کەرکووک)**

لەو چوار بەیتەی پارچە شیعری «جوانی بێ ناو»ی (گۆران)دا، کە لەیەکەمین بەشی ئەم خوێندنەوەیەدا بە نموونە هێنرانەوە، دەکرێ چەندین خاڵی گرنگ بەدی بکرێن، بەڵام ئەوەی پێوەندی بەم بەشەی خوێندنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی (گۆران)ەوە هەیە مەسەلەی «کات»ە. هەرچەند بۆ ناوونیشانی لاوەکی «ثانوي» ئەم بەشە «فڕینی کات» پێشنیار کراوە، کە ڕەنگە بەو مەعنایە وەربگیرێ کە «کات»، لە گەرمەی ڕووداوێکی ئێجگار کاریگەردا، هێندە دەکەوێتە پەناو پەراوێزەوە کە هەستی پێ ناکرێ و بەمەش «چرکە» نامێنێ تا «ڕاو» بکرێ، بەڵام ئەوە ڕواڵەتی مەسەلەکەیە، جەوهەرەکەشی ئەوەیە کە «چرکە»یە لە شوێنی خۆی لە زنجیرەی «چرکە» یەک بەدوای یەکدا هاتووەکان دادەبڕدرێت و بە تەواوی دەبێتە بەشێکی شتێکی جیاواز: ئەو گیانە شیعرییە گشتییەی کە لەچوارچێوەیدا شاعیر هەوڵی داوە ئەو چرکەیە بپارێزێ و بەردەوامییەکی بداتێ. کە شاعیر دەڵێ:

**ڕاستە من ڕێبوارم، سەرپێی ئەڕوانم**
**بەڵام وا جوانیی تۆ کاری کرد لە گیانم**
جوانی بێ ناو ل٤٥

بەپێی هەمموو مەنتیقێک، ئەو «چرکە»یەی «ڕێبوار بوون»ی، بەچاوپۆشین لەوەی ئایا بە ڕاستی «ڕوانین»ەکەی «سەرپێی» بووە، یان نە، خولگەی خۆی بەجێ دەهێڵێت و لەو شوێنە تایبەتەدا جێگیر دەبێت کە دەیکاتە چوارچێوەی گشتی ئەو پرۆسەی کار تێکردنە: «کاری کرد لە گیانم».

چەمکی «چوارچێوەی گشتی»، ئاماژە بۆ دوو گۆڕانی گرنگ دەکات کە بەسەر ئەو چرکەیەدا دێن، یەکەمیان بەجێ هێشتنی سنووری خۆی وەکو (کات) کە: «ئێستا»یە و پەیداکردنی خاسیەتی لاستیکی بەشێوەیەک کە «وا»ی ئاماژە کردوو بۆ «ئێستا» ڕەگی «کاریگەری» بۆ ڕابردووی دوور، درێژ دەکاتەوە:

**ئەڵێی نەک هەر ئێستا، عومرێکی درێژە**
**بەو دەست و پەنجانەت برینم سارێژە**
جوانی بێ ناو ل٤٥

بەڵام ئەو «ئێستا»یەی، ئەو سەردەمەی نووسینی شیعرەکە بێ گومان لە پەنجا ساڵ زیاترە، لە ئەمڕۆی ئێمە و لەسبەینێی نزیک، یان دووری نەوەکانیشماندا، هەر



**گۆران**

بەو «ئێستا»یە دەمێنێتەوە. واتە تا خوێنەری ئەو شیعرە مابێ، ئەو گەشی و پاراوییەی ئێستا هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەمەش داهاتووی بینراو و نەبینراویش لەم بەیتەدا، لە پەناوە، دابین کراوە. ئەم «ئاشتبوونەوە» و «پێکەوە ژیان»ەی چرکە جیاوازەکان: «رابردوو، ئێستا، داهاتوو» یەکێکە لەو توانا دەگمەنانەی تەنیا بەداهێنانی راستەقینە دەتوانرێ بهێنرێتە دی.

پارچە شیعری «بۆ جوانی سەرەڕێ» لە ناوونیشانەکەی و لە یەکەمین بەیتیشیەوە روونە کە «چرکە»یەکی خێرا بەشێوەیەکی خێراتر راکراوە. «جوانی سەرەڕێ»، لە هەر گۆشەنیگایەکەوە بۆی بڕوانین، ناتوانین باس لەوە بکەین کە«کات»ی بینینی جوانی ئەو «جوان»ە زۆر کورت نەبووە. سەبارەت بەشێوەی بینینی ئەو جوانییە، بەرەچاو کردنی ناوونیشانی شیعرەکە، تەنیا یەکێک لە دوو سیناریۆمان لەبەردەمدایە: شاعیر و بابەتی شیعرەکەی لەو رێگایەدا رووبەرووی یەک دێن و ماوەی بینینی جوانی لەو حاڵەتەدا، تەنانەت ئەگەر هەردوو لایش لەسەرخۆ برۆن و بەهیچ شێوەیەک شاعیر چاوی نەترووکێنێ و لەجوانەکەی دوورنەخاتەوە، ئەوە هەر چەند دەقیقەیەکی ئێجگار کەمی لەبەردەمدا دەبێ بۆ بینینی ئەو جوانییە. لە دووەمین سیناریۆدا، دەکرێ بیر لەوە بکەینەوە کە جوانەکە لە شوێنێکی نزیک رێگاکە، وەکو کانی ژنان وەستا بێت، یان دانیشتبێ و شاعیر بەوێدا تێپەرِیبێت. لەم سیناریۆیەدا گۆڕانێکی گرنگ دێتە ئاراوە و لە دوو لایەنی پێکهێنەری ئەو چرکەیەدا تەنیا یەک لایەن دەجوولێتەوە؛ شاعیر. ئەمەش، بە رەچاوکردنی ئەو راستییەی کە شاعیرێکی شەیدای جوانی وەکو (گۆران) لە ئاستی داهاتنی هەلێکی گونجاوی رامان لەجوانی هەنگاوەکانی قورستر دەکاتەوە، دەتوانین ئەو ماوەیە بۆ سێ هێندەی ماوەی وێناکراو لە سیناریۆی پێشوودا درێژتر بکەینەوە، کە بەهەرحاڵ، ناکرێ لە دە دەقیقە تا چارەکە سەعاتێک زیاتر بێت، بەڵام لەم دوو سیناریۆیە، کامەیان لەگوزارش (راپۆرت)ی خودی شاعیرەوە نزیکترە؟

لە سێیەمین و چوارەمین بەیتی ئەم پارچە شیعرەدا دەتوانین سەرە دەزووەکانی وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزینەوە. سێیەمین بەیت، بە مەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ هاندانی «جوان»ەکەی شاعیر، داوای ئاسایی بوون (سڵ نەکردن)ی لێ دەکات و سەرە دەزوویەک دەخاتە بەردەستمان:

**ئەم دێیە جێ دێڵم: بێ نیشان، بێ شوێن پێ**
**ئەی پەری، سڵ مەکە، لامەدە بۆ لارێ**
بۆ جوانی سەرەڕێ ل٢٦

وێرای ئەوەی داخوازی: (سڵ مەکە) ئاماژە بۆ بەرتەنگی ژینگەی خانمە جوانەکە و پارێزگار بوونی خۆی و کۆمەڵەکەی دەکات، لە بنەرەتدا و لە روانگەی خواستی جوانبینانەی شاعیرەوە، جۆرە هەڵکێشانێکی ئاخی قووڵ بۆ نالەباری هەلومەرجی دیتنی ئەو جوانەش، لە پەناوە، بەدی دەکرێت، بەڵام سەرە دەزووی راستەقینە لە «لامەدە بۆ لارێ»دا بەدی دەکرێ، کە بەلای کەمەوە شاعیر لە رووبەرووبوونەوەی نیگاکان و دیتنی دەموچاوێک بە تەواوی و ئاماژەکانی دووچاو بێ بەش دەکات، بەڵام لەوەش خراپتر، (لامەدە بۆ لارێ) ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو (جوان)ە، بە دەم رۆیشتنەوە و بەهۆی دەرکەوتنی کەسێکی نامۆوە، شارێی بەجێ هێشتووە و پەنای بردۆتە بەر لارێ.. واتە ئەویش هەر لە حاڵەتی رۆیشتندا بووە، کە یەکەمین سیناریۆ زاڵ دەکات، بەڵام هێشتا هەموو راپۆرتەکەی شاعیر نەخراوەتە روو. لە چوارەمین بەیتدا هەڵوێستەکە ئاڵۆزتر دەبێتەوە:

**ئەو نیگا نیوکەچەی ئەو چاوە مەستانە..**

**شۆڕ مەکە بۆ بەر پێ، بەرز و گەش بڕوانە**
**ل٢٦**

ناتوانرێ بە دڵنیاییەوە بزانرێ ئایا باس کردنی ئەو «چاوە مەستانە»، لەلایەن شاعیرەوە، تەنیا خەملاندنە، یان بە کردەوە ئەو چاوانەی هاتۆتە پێش!، چونکە لە سایەی (لادان بۆ لارێ) و (بۆ بەرپێ ڕوانین) ئاسان نییە (مەستی چاو) جیابکرێتەوە. ئەم تێبینییە تازەیە (بۆ بەرپێ ڕوانینی)، سەرباری ڕۆیشتنی خانمە جوانەکە و (لادانی بۆ لارێ)، وێرای کەمکردنەوەی ماوەی بینینەکە، کێشەی نەرەخسانی هەلومەرجی ئاسایی بینین/یش دێنێتە ئاراوە، بەو مەعنایەی (لادان بۆ لارێ) شاعیر لە هەلی (ڕووبەڕوو بینین) بێ بەش دەکات و جوانەکە لە (لاوە) دەبینێ، بۆ بەرپێ ڕوانینیشی کارێکی ئەوتۆ دەکات کە بینینەکە هاو ئاست نەبێ، بەڵکو تارادەیەکی زۆر لە بینینی لەسەرەوە ڕوانین بچێ. لەمانەش بەولاوە، (بۆ بەرپێی ڕوانین)یش دەبێتە مایەی دابەزاندنی گلێنە (ڕەشێنە)ی چاو بۆ نزمترین ئاستی و پێڵووی چاویش بەشێوەیەک ڕووبەرێکی بەرینی چاو (بەشی سەرەوەی) دادەپۆشێ کە نزیکەی نیوەی نابینرێ.. دەرەنجامی هەموو ئەمانە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لەچاو ڕاپۆرتەکەی شاعیر، تەنانەت دووەمین سیناریۆی دانراویش گەلێک گەشبینانە بوو. ئەمە ئەنجامگیری سادە نییە، (گۆران) خۆیشی لەبەیتی پاشەوەیدا دان بە دەرنەکەوتنی بەشەکانی دەموچاوی خانمە جوانەکەیدا دەنێ:

**پەنجەی ناز بەربدە لە چمکی مشکی شەرم،**
**دەرکەوێ لێوی ئاڵ، زوڵفی خاو، کوڵمی نەرم**
**ل٢٦**

ئەمیش ئالۆزییەکی دیکە: «مشکی» پێ دەچێ «جوان»ەکە مشکییەکەی بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەستبێ کە بووبێتە هۆکارێکی دیکەی کەمکردنەوەی ڕووبەری بینراو لە دەموچاوی. دەشکرێ هەڵوەستەیەک لە ئاستی «مشکیی شەرم»دا بکەین. ئەم دانەپاڵەی «مشکی» بۆ لای «شەرم» چ دەگەیەنێ..؟

لە نزیکترین تێگەیشتنەوە دەست پێ دەکەین: وشەی «مشکی». دەکرێ ئەو وشەیە مەعنا ئاساییەکەی خۆی ببەخشێ و دەشکرێ کینایە بێت لە شتێک (لە داپۆشینی جوانی). ئەگەر بەشێوەی کینایە بەکارهێنرابێت، ئەوە «شەرم» ڕۆڵی بناغەی دەبینێ و «مشکی شەرم»، لەو حاڵەتەدا، بەگشتی، دەبێتە کینایە لەو شەرمەی لە ناخی خانمە جوانەکەدا پاڵی پێوە دەنێ بۆ (لارێ) لابدات و (چاوە مەستەکانی بۆ بەرپێ شۆڕ بکات). بەمەش (پەنجەی ناز بەردان لە چمک) ئەم (مشکی شەرم)ە، بە ئاسانی مەعنای (زاڵ بوون بەسەر شەرم- سەرهەڵبڕین- خۆ لەو نەریتە ڕزگارکردن، دەبەخشێ و ئەمانەش لەڕوانگەی شاعیرەوە، هەلێکی باشتر و گونجاوتری جوانی بۆ دەڕەخسێنێ، بەڵام ئایا، (گۆران)، (مشکی شەرم)ی وەکو کینایە بەکارهێناوە؟

بەهەموو پێوەرێکی کۆمەڵایەتی، ناتوانین باس لەوە بکەین کە لەو سەردەمەی شاعیردا، بەتایبەت لە دێیەکدا، توانراوە ئافرەت بەبێ سەرپۆش، بەتایبەت لەسەر ڕێیەکی گشتیدا، یان لە یەکێک لەڕێگاکانی خودی گوندەکەدا ببینرێ. (مشکی)ش جۆرە سەرپۆشێکە لەو ناوچەیەدا کە زێد و لانکی بەشێکی بەرچاوی سالآنی ژیانی (گۆران)ە، بەزۆری لەلایەن ژن و پیاویشەوە بەکاردەهێنرا.. واتە لە هەڵەبجە و دەوروبەری، بەتایبەت لە (هەورامان)دا، ئەگەرچی ئەمە ڕێگا لەوە ناگرێ ئەو وشەیە بۆ کینایە لەشەرم، یان بەربەستی شەرم- بەتایبەت بەوەی دەدرێتە پاڵ شەرمەوە- بەکاربهێنرێ، بەڵام کە بەربەستە فیعلییەکە، لە ڕوانگەی تایبەتی شاعیرەوە، - واتە سەرپۆش-، هەبێ، ئایا ئەو کینایەیە بەشێوەی (زیادە) و (بێ کەڵک) نایەتە پێش چاو؟

لەبەر ئەو هۆیە پێ دەچێ وشەی «مشکی»، لەو بەیتەدا، هەر بە مەعنای ئاسایی خۆی بەکارهێنرابێ. پاڵدانیشی بەلای وشەی (شەرم)دا بەشێوەی «مشکی شەرم»، لەو کاریگەرییە دەروونییەوە هەڵقوولاوە کە بەکردەوە چمکی ئەو مشکییە، لەگەڵ (لادان بۆ لارێ) و (چاوی مەست شۆڕ کردن بۆ بەرپێ)، بۆتە هۆکارێکی دیکەی شاردنەوەی جوانییەکی ئەوتۆ کە شاعیر پڕ بەدڵ بەهیوای تێرکردنی چاوەکانی لەو جوانییە بووە. هاواری ناخی شاعیر، لە داخوازی (بەردانی پەنجەی ناز لەچمکی مشکی شەرم) ڕوون و ڕاستەوخۆ و بێ پەردەیە: «دەرکەوێ لێوی ئاڵ، زوڵفی خاو، کوڵمی نەرم». «پەنجەی ناز»یش وەکو «مشکی شەرم» درانەپاڵ ڕێکی تێدا بەدی دەکرێ: (پەنجە) دراوەتە پاڵ (ناز). لە

هەردوو حاڵەتدا ڕێکخستنی دوو وشەی پێکهێنەری دەستەواژەکە بریتین لە: (شتێکی ماددی بینراو و هەست پێکراو «مشکی، پەنجە» و (خەسڵەتێکی تایبەتی مرۆڤ- بەتایبەت ژن- «شەرم، ناز»). ئەگەر بە باشی لەشتە ماددییە بینراو و هەستپێکراوەکان وردببینەوە (مشکی، پەنجە) دەبینین کە ڕۆڵی ئامێریش دەبینن: (مشکی: ئامێری بەهێز کردنی شەرم) و (پەنجە: ئامێری بەهێزکردنی- کاراکردنی- ناز)، بەڵام هەردوو دەستەواژەکەش پێچەوانە و تاڕادەیەکیش، هاودژی یەکن. ئەم خەسڵەتەش لە سروشتی هەریەک لە «شەرم» و «ناز» و ئەرکی هەریەک لە «مشکی» و «پەنجە»وە هەڵدەقوڵێ. شەرم پاڵ بە ئافرەتەوە دەنێ تاخۆی بشارێتەوە (گۆشەگیربێ، لە سێبەردا بمێنێتەوە)، کەچی ناز پاڵی پێوە دەنێ تا خۆی بنوێنێ (بێتە نێو کۆمەڵەوە، خۆی بخاتە بەر ڕووناکی). هەروەها (مشکی) سنوور بۆ شت (سەر) دادەنێت، کەچی (پەنجە) ئەو مشکییە لادەبات، سنوور ناهێڵێ، گۆڕان دەخوڵقێنێ. ئەم بەراوردکارییەش دەتوانێ وردەکارییەکانی هەڵبژاردنی ئەو وشە ئاماژە بۆ کراوانە و دروست کردنی ئەو دەستەواژانە، لەلایەن شاعیرەوە، بخاتەڕوو.

داخوازی (گۆران) لە (پەری)یەکەی، لە سێیەمین بەیتدا، بەوەی (سڵ نەکا) و (لانەدات بۆ لاڕێ)، لەیەکەمین بەشی هەمان بەیتدا، بەم شێوەیە زەمینەی بۆ خۆش کراوە: **«ئەم دێیە جێ دێڵم، بێ نیشان، بێ شوێن پێ»**. ئەم زەمینە سازییە، بە ڕوونی دیارە، هەوڵێکی هێنانەوەی پاساوی دەروونییە بەمەبەستی زەمینەسازی بۆ چاکترکردنی هەلومەرجی دیتنی پەرییەکەی، بەڵام ئەو پاساوە تەنیا لەو بەیتەدا بەدی ناکرێ، بەڵکو هەردوو بەیتی پێشووش، واتە بە دەروازەی پارچە شیعری «بۆ جوانی سەرەڕێ»شەوە، هەر ئەو پاساوە لە ئامێز دەگرن. بە وشەیەکی تر، ئەم پاساوە، لەناخی شاعیردا، هێندە پەنگی خواردۆتەوە و ناخی گەستووە کە ناچار بووە بیکاتە دەروازەی شیعرەکە:

**بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم**
**بەیانی، ڕۆژ هەڵهات، سوار ئەبم جێی دێڵم**

دەستنیشان کردنی «یەک شەو»، سکێچی سەرەتایی کاتە و گەلێکیش گرنگە، چونکە کەمی ماوەکە، بەشێوەیەکی سەرەتایی ڕادەگەیەنێ، بەڵام ئەم سکێچە ناتوانێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە: ئایا دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە ڕۆژی پاشەوەشی بدرێتە دەم؟ واتە: ئایا دەکرێ، بەگشتی، بیر لە بیست و چوار سەعات مانەوە بکرێتەوە؟ ئەوەی لە کوردەواریشدا باوە ئەوەیە شەو پێش ڕۆژ دەکەوێ. واتە: کە دەگوترێ شەوی شەممە مەبەست لەو شەوەیە کە لەنێوان هەینی و شەممەدایە.

لەم بەیتەدا دوو قەرینە یارمەتیمان دەدەن ئەو سکێچە بەرەو پۆرترێتێکی تەواو بەرین، یەکەمیان تەواوکەری (بۆ یەک شەو)ە لە یەکەمین بەشی بەیتەکەدا (لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم). ئەمە ڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێ کە سەردانی ئەو گوندە لە بەرنامەدا نەبووە و ون کردنی ڕێگا، یان مەبەست (ڕێی وێڵم) پاڵی بە شاعیرەوە ناوە ڕوو لەوێ بکات. ڕێبوار تەنیا لە حاڵەتێکدا بارگەی خۆی لەشوێنێکدا دەخات، پێش گەیشتنە مەبەست، کە چیدی کاتی ئەوتۆی بە بەرەوە نەمابێ تا بتوانێ، بەلای کەمەوە یەک قۆناغیش، زیاتر بڕوات. واتە.. لە کاتێکی درەنگی ڕۆژدا (دەمە و ئێوارە) گەیشتۆتە ئەو شوێنە. لە دووەمین بەشی بەیتەکەشدا ئەم دەستنیشان کردنە هەیە: «بەیانی، ڕۆژ هەڵهات»، واتە: لەگەڵ ڕوون بوونەوەی تەواوی دنیا. بەمەش «یەک شەو»ی ئەو بەیتە، بەکردەوە، هەر تەنیا «شەو»ەکە دەگرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، هەمان ئەو (ڕێی وێڵم)ەی کە یەکەمین هۆکاری یارمەتیدەری دەستنیشان کردنی کاتی ڕاستەقینەی لەو گوندەدا مانەوە بوو، بەڵگەی بوونی شتێکی دیکەشە: «ڕێکەوت»، چونکە سەردانی ئەو گوندە لە بەرنامەدا نەبووە و تەنیا ڕێکەوت ون کردنی ڕێ، یان مەبەست: «ڕێی وێڵم» بەرەو ئەوێی بردووە. ئەم ئەنجامگیرییە، بەشێوەیەکی مەنتیقی، بەرەو ئەنجامگیرییەکی دیکەمان دەبات: شاعیر «پەری جوان»ی خۆی لە «سەرەڕێ»دا دیتووە، چ لە دەرەوەی نزیکی گوندەکە بووبێ، یان لەناو خودی گوندەکەدا- پێ دەچێ لەناو گوندەکەدا بووبێ، بە قەرینەی «ئەم دێیە»،.. کەواتە ئەگەر ئەو ڕێکەوتە (ڕێی شاعیری لانەدایە بۆ ئەو دێیە) هەلی ئەوەش نەدەڕەخسا کە جوانەکە ببینێ، واتە هەر ڕێکەوت بابەتی ئەم شیعرەی بۆ (گۆران) هێنایە ئاراوە.

ئەو کەمی ماوەیە «یەک شەو- تەنیا شەوەکەش»ی سەردانی ئەو گوندە و بە «ڕێکەوت»یش، لەدەروونی شاعیردا- نەک لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا- پاساوی

شاعیره بۆ ئەوەی لەو «پەری- جوان»ە، لە دڵی خۆیدا ئەو داوایانە بکات کە لە بەیتەکانی (٣، ٤، ٥)دا خرانە ڕوو. هەمووان و شاعیریش پێش هەر کەسێکی دیکە، دڵنیان لەوەی ئەو داخوازییانە ناگەنە بەرگوێی (پەری)، بەڵام لەناخی شاعیریشدا پەنگ دەخۆنەوە، بۆیە ناچارە پەنا بەرێتە بەر میکانیزمی قەرەبووکردنەوە و ئەمەش وەکو لە درێژەی ئەم خوێندنەوەیەدا ڕوون دەبێتەوە، سەرمایەی ڕاستەقینەی ئەم پارچە شیعرە و هاوشێوەکانیەتی.

(گۆران)، وەکو ئەوەی بە کردەوە لەگەڵ (جوان)ەکەیدا قسە بکات، لە دووەمین بەیتدا پاساوەکە بەرەو ئاقارێکی دیکە دەبات.. پاڕانەوەی پەردەپۆش کراو بە باس کردنی ئەوەی چیدی، نەک هەر ڕەنگە سەر بەو گوندەدا نەکاتەوە، بەڵکو کە دوعاخوازیشی لێ دەکا، ئەوە هیچ نیشان و شوێن پێیەکیش بەجێ ناهێڵێ.. لێرەوە داوای (سڵ نەکردن)ی لێ دەکات:

**وەک ساوای یەک شەوە، کە دێ، پاش نەمانی**
**چۆڵ ئەبێ، بەیەکجار لەناو و نیشانی،**

**ئەم دێیە جێ دێڵم، بێ نیشان، بێ شوێن پێ**
ل٢٦

بەڵام ئەم پاساوە کە لەناخی شاعیر خۆیشیدا، پتر لە هاواری خنکاو دەچێت و هیچ زایەڵەیەکی نییە، ناتوانێ لەبەردەم تاقیکردنەوەی سەختی واقیعدا، تەنانەت واقیعی خودی شیعرەکەش، بەرگە بگرێ. ئەگەر شاعیر لەسەردانی ئەو گوندەدا، یان گوندەکە لە یادەوەری ئەو شەوەی شاعیردا بە «ساوای یەک شەوە» شوبهێندرا بێ، خودی شیعرەکە دەیسەلمێنێ کە نە ئەم و نە ئەو (بێ نیشان و بێ شوێن پێ) دەسبەرداری یەک نەبوون. شاعیر دەسبەرداری گوندەکە نەبووە، چونکە ویستی خۆی، بۆ بەیانی دوعاخوازی، ئا ئەمەیە:

**ئەمەوێ کە دەرچووم، لەم دێیە، بەیانی**
**خاتیرەم هەڵگرێ جوانترین نیشانی**
ل٢٦

دەزانرێ (جوانترین نیشان)ی گوندەکە کێیە!، هەمان ئەو (جوانی سەرەڕێ)یەیە کە ناوونیشانی شیعرەکەشە.. کەواتە ئەمە هاوکێشەیەکی هەڕەمەکی نییە:

نیشانی دێ= ناوونیشانی شیعر

لەو شیعرەدا هیچ لە بارەی گوندەکەوە نەوتراوە. هیچ سەرچاوەیەکیش، هێندەی من ئاگام لێ بووبێ، باسی لەم شیعرە نەکردووە بە مەبەستی ناساندنی شانۆی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە. گوێم لە هیچ گێڕانەوەیەکی سەردەمێکی ژیانی (گۆران) نەبووە باس لە ڕێگا ون کردن و بەناچاری ڕوو لە شوێنێکی نەناسراو کردن بکات. دوو گەشتنامە (دوو هاوینە گەشت)ە ناسراوەکەی شاعیریش لە هەورامان و قەرەداغ ڕەنگە بتوانرێ بەڵگەیەکی ڕوون بن بۆ ئەوەی تەنیا مەبەستی (گۆران) لە گەشتەکانیدا سەیرانێکی تایبەت بووبێ بۆ دۆزینەوەی بابەتی گونجاو بۆ شیعرەکانی.. هەمان گەواهی بۆ پارچە شیعری «دارچوالەی پشکووتوو»ش ڕاستە. دوور نییە بەشێکی زۆری شوێنەکان لە شیعرەکانی گۆراندا، بەو گوندانەشەوە کە تەنیا بە (دێ) دەیانناسێنێ، زادەی ئەندێشەی خۆی بن و هیچ بوونێکی واقیعییان نەبێ. لە تێکرای ئەو شیعرانەدا کە ناوی شوێن نەبراوە، ئەگەر بمانەوێ بەوردی پێکهاتەکانیان شی بکەینەوە، تەنیا ناوی شوێن دەبینین و ناتوانین وەسفی وردی شوێن بەدی بکەین(*).. مەبەست لە (ناوی شوێن)یش ناوی دێ و شار و جادەو...تاد نییە، بەڵکو چەند وشەیەکی وەکو (دێ) و (جادە) و (ڕێ) و (کۆڵان)...تاد.

هەر لەبەر ئەوەش هیچ لە بارەی ئەو گوندەوە نازانرێ، گوندەکەش دەسبەرداری شاعیر نابێ. ئەم دەسبەردار نەبوونە دەکرێ، بە ئاسانی، بەو شێوەیە تەعبیری لێ بکرێ کە لە باشترین حاڵدا دەتوانرێ ناوی «گوندی جوانی سەرەڕێ»ی لێ بنرێ.. واتە ئەو گوندەی بەو پارچە شیعرەی گۆران دەناسرێ و دەناسێنرێ.

بەڵام ئەمە دوا ڕەنگرێژی پێوەندی هەردوولا نییە. بەشێوەیەکی دیکە: ئەگەر شوێن تەماوی و نادیار و ناسەربەخۆیە (چونکە، یان بەشیعرەکەی گۆران، یان بەجوانی سەرەڕێ دەناسرێ)، کات (یەک شەو)، بەپێچەوانەوە، دەکرێ لە دووتوێی سۆز هەڵچووەکانی نێو هەر بەیتێکی ئەو پارچە شیعرە بەدی بکرێت. وردبوونەوەی زیاترمان لەدەستنیشان کردنی «کات»ەکە بۆ چرکەی بینینی «جوانی سەرەڕێ» دەگەڕێتەوە کە سەرچاوەی ئەو هەڵچوونی سۆزەیە و ئەگەر بەزمانی «جوانی ناسی»ی سەلیقی قسە بکەین، بێ گومان دەبێ ئەو شەوەش، یان بەشێکی بەرچاوی، شاعیر بەدەم

کاریگەری ئەو چرکەیەوە تلابێتەوە. ڕاستە لە ڕیزی پاساوەکاندا کە گومان لەوەدا نییە ڕووبەڕووی جوانی سەرەڕێ نەکراوە، بەڵکو ڕووبەڕووی ڕەنگدانەوەی ئەو جوانە لەناخی شاعیردا کراوەتەوە و هەر ئەمەش درێژە بەو چرکەیە دەدات، گۆران هەوڵ دەدات ئەو چرکەیە لەچوارچێوەی زەمەنی خۆیدا بەرجەستە بکات:

**سڵ مەکە لەمەیلی بەگەرمی ڕوانینم،**
**پیاوێکم جوانییە قیبلەگای ئایینم**

**سەرنجێک، من ئەیدەم لەو بەژن و باڵایە،**
**لە سینەی پاکەوە بۆ جوانیی تەنیایە**

بەڵام ڕاستەوخۆ پاش ئەم بەیتانە ئەو چرکەیە دەخاتە خزمەتی سبەینێ (بەیانی)، چ بەیانییەکیش!؟، بەیانی پاش دەرچوون، «کە دەرچووم لەم دێیە بەیانی».

جێی خۆیەتی لێرەدا، لەم شوێنەدا بەتایبەتی، سەرنجی ئەوە بدەین کە شەو (یەک شەو) نەماوە، شاعیر ڕاستەوخۆ بارگەی خۆی گواستۆتەوە بۆ (بەیانی). ئەم بەسەردا بازنەدانە، هێندەی بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە کە «یەک شەو»ی مانەوە پاساوێکی دەروونییە بە مەبەستی هاندانی (جوانی سەرەڕێ) بۆ بەزاندنی بەربەستی (سڵ کردن) و (شەرم)، دوو هێندەش زادەی ئەوەیە ئەو شەوە ئاسانترین وێستگەی دابڕانی پاش ئەو دیدارە کورت و ناکامەیە، چونکە هێشتاش، لە هەردوو ڕووی شوێن و کاتەوە، تەنیا چەند هەنگاوێک لە شوێنی ڕووداو و پاڵەوانەکەوە دوورە و هێشتاش برینەکە گەرمە.. شاعیر دڵنیا بوو لەوەی سبەینێ (بەیانی) لەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژدا، برینەکەی سارد دەبێتەوە و گەشتی ڕاستەقینەی ئەو گۆڕانە قووڵانەی مامەڵەی ناخ لەگەڵ وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوەدا.. ئەو گەشتە پڕ هەوراز و نشێو و شکست و شەونخوونییە لەو (بەیانی)یەوە دەست پێ دەکات.

لە سەرتاپای شیعرەکەدا، گۆران بە زمانی «ئێستا»ی زیندوو لەنێو هەر بەیتێکدا دەدوێ، بەڵام سبەینێ (بەیانی)ی نزیک و دوور، بە هەموو قورساییەکی، لە سۆز و ترسی شۆڕەی نێو ئەو سۆزەدا زیندووە و ئامادەیە.. هێندەش زیندوو و ئامادەیە کە تا دوا وێستگەی ژیان، بەگومانی شاعیر، بەجێی ناهێڵێ.. نەک هێندەش، تا ئەو دوا وێستگەیە (مردن) بە سیمای خۆی ڕەنگرێژ دەکات و چەندین جار، پێش ئەوەی بە کردەوە بێت، ئەو مردنە دەکاتە میوانی گوزارشتی شاعیر لەناخی خۆی. ئەو دوو بەیتەی کۆتایی ئەم پارچە شیعرە، پتر پێ دەخەنە گەرمەی ئەو ڕووبەرە گرنگەی کە «کات» بەرەو مەودا دەرک پێ نەکراوەکان لە شەقەی باڵ دەدات:

**چونکی ئاخ، ئەگەرچی ئێوە من ئەمرێن،**
**بەڵام تۆ، خۆت و (دێ)ت، لای من هەر ئەمێنن**

**تۆیش لەگەڵ، هەرجوانێک، ئەبینم، تا ئەمرم**
**ئەبیتە مرواری، بۆ ملوێنکەی شیعرم**
ل٢٧

پێشتر، لە هەشتەمین بەیتدا (یەک شەو)ەکە فڕی، ئێستاش لەنێوان هەموو جوانەکاندا (دێ)یەکەش فڕی لە دوا بەیتدا... ئایا تەنیا (جوانی) پایەدارە؟

*** ئەم لایەنە لە بابەتێکی سەربەخۆدا دەخەمە بەر ڕووناکی شیکردنەوەوە.**

# چەند سەرنج و بۆچوونێک لەبارەی چیرۆکی کوردی لە حەفتاکاندا

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**

(ڕەخنەگری ئەکادیمی لەڕێگا و بەهۆی میتودێکەوە بیردەکاتەوە و کار لەسەر دەقێک دەکات و لە میتودەکەی نزیک دەکاتەوە، بەڵام من لە ڕێگای چێژ و هەستەوە ئەم نووسینەم بنیاد ناوە، تکایە ئەم جیاوازییە لەبەرچاو بگرن).

لێدوان و قسەکردن لەسەر چیرۆکی حەفتاکان لەگەڵێ ڕووەوە کارێکی قورس و پڕ ئاستەنگە، قۆناغێکی تێکچڕژاو، بەرهەمێکی زۆری تێدا بڵاوکرایەوە، وەک بەری بەربەستێک بەردەی، ئاوا سەدان چیرۆک بڵاوکراونەتەوە لەهەر کەلەوە ئاوازێک هەڵدەستا، هەندێک بەپەلە پڕووزێ و هەڵپەی نوێخوازی و هەندێ جاریش خۆ دەرخستن و ناو دەرکردن، هەندێک بە تێگەیشتن و لێزانینەوە ژمارەیەک ناوی تازە لەگەڵ چیرۆکنووسانی لەوەو پێش چیرۆکیان بڵاوکردەوە، هەرچی بابەت هەیە تۆ بەخەیاڵتدا دێ، دەستی بۆ برا، هەرچی یاری و گەمەی نووسین و تەکنیکی نوێ لەو ڕۆژگارانەدا بەرچاو دەکەوت گورج بەکار دەهێنرا. ئەمە بەتایبەتی لەسەرەتای یەکەمی حەفتاکاندا هەستی پێ دەکرێت جۆرە پاشا گەردانییەک بوو، بەڵام دواتر هێور بووەوە و بنی نایەوە و ڕچە ڕێی ئاسایی خۆی گرت.

بێجگە لەمەش ئەم قۆناغە ڕووبەرێکی زۆری داگیرکردووە، لەنووسینێکی کورتی ئاوادا ناکرێ هەموو نموونەکان بەسەر بکرێتەوە و ئاماژەیان پێ بدرێ، ئەوەی کارەکە قورستر دەکات کەمی ئەو سەرچاوانەیە کە بە کتێب بەچاپ گەیەنراون، ئەوەی لەبەر دەستدان، بەگوێرەی تێکچڕژاوی قۆناغەکە و زۆربەی بەرهەمەکان کەمن:

* چیرۆکی هونەری کوردی، شێوە و شێواز و بونیادی- زاهیر ڕۆژبەیانی.

* چیرۆکی نوێی کوردی- حەسەن جاف.

* شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا- سەلیم ڕەشید ساڵح.

* هەندێ تێزو نامەی خوێندنی باڵا کە زۆربەیان وەک کتێب چاپ نەکراون.

لێرەدا لەلایەنێکی ئەم قۆناغە دواوم، ئەویش ئەو شێواز و تەکنیکە نوێیانەی لە چیرۆکی ئەم قۆناغەدا بەکارهێنراون و جیاوازییەکی دروست کردووە لەگەڵ سەردەمەکانی دیکەی چیرۆکدا. جا بۆ تێگەیشتن و ئاگاداربوون بەشێوەیەکی گشتی لەچیرۆکی ئەم قۆناغە و بۆ ئەوەی بزانرێ لە چ ئاستێکدایە بەگوێرەی قۆناغەکانی پێشوو، وا چاکە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەبەرایی و سەرەتا

و بۆ ئەوەی ســـەرهەڵدانی بدەینەوە، دواتریش هەر بۆ وەبەرچاوخستن و بیرهێنانەوە ئاماژەش بە سەردەمی خۆ چەسپاندن و نەشونماکردنی چیرۆکی کوردی بدەین.

ئێـــمـە دەبێ ئەو قـۆناغـانە لەیەک دانەبڕین، ئەوەی ئێـسـتـا لەبەردەست و چاودایە، زادەی هەوڵەکـانی ئەو پێشەنگانەن، بەڵام مخابن تاکو ئێستا وەکو پێویست لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی جددی و زانسـتـیـیـانەی بۆ نەکراوە، زۆر کێشە و لایەنی ئەو سەردەمانە بە تاریکی و نادیاری مـــاونەتەوە، کـــە دەبێ نەوەی ئێــســـتـــاو پاشەڕۆژیشـمـان لێ وەئاگا بێ، هەمووممـان ئەوەمان لەلا دیارە، هەر قۆناغ و سەردەمێک تەواوکەری ئەوی تریانە، ئەوەی نوێش لەســـــەر بەهـاو دەسکەوت و بەرهەمی پێشـووی دادەمـەزرێ. ئێـمـە دەبێ هەمـیـشـە یادی ئەو نووسـەرانە بکەینەوە کە بەشـداریـیـان لە دامـەزراندن و چەسپاندن و گەشەپێکردنی ئەم هونەرەدا کردووە.

تۆ بڕوانە تا ئێسـتـا لێکۆڵینەوەی جددی لەبارەی ئەو زاتانەوە نەکراوە، لەژێر کاریگەری چیدابوو دەستـیـان بۆ ئەم توخمە ئەدەبییە برد، بۆ نموونە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب تا چەند چیرۆکی (رؤیا)ی عەرەبی کاری تێکردووە، یان چ پێـوەندییـەکی بە (لە خـەومـا)کـەی نامـیق کـەمـالی شـاعـیـری گـەورەی تورکـەوە هەیە کـە (معـروف الرصـافی) کـردوویەتی بەعـەرەبی(١) ئەمـانە پرسیارن و تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە.

چیرۆکی کوردی لە بۆشاییەوە سەری هەڵنەداوە «هەروا خـۆڕسک و بێ ڕیشـە نەهاتۆتە ئاراوە»(٢)، ڕاسـتـە چیرۆک هونەرێکی ڕۆژئاواییەو لەوێوە تەشەنەی کردووە و گەیشـتۆتە ئێمە، ئێمەش وەکو میللەتێک بە قۆناغی جیـاجیـادا تێپەڕیوین تا بە ئەمڕۆ گەیشـتـووین، لەهەر قـۆناغـێکیـشـدا هەنگاوێ بەرەو پێـشــەوە چووە و گۆڕانکاری- باکەمیش بووبێ- بەسەردا هاتووە، جا بەو زمـانەی کـە پێی دواوە پێـویسـتـیـیـەکـانی خـۆیان پێ دەربڕیوە و ڕووداوی ڕۆژانەی خـۆیان، بەسەرهاتەکـانیان، هەڵسوکەوتی خۆیان پێ دەربڕیوە و گێڕاوەتەوە، ئەوەش لە ئاسـتـیـدا هیـچـیـان پێ نەکـرابێ، دەسـتـەوەسـتـان ڕاوەستاون، ئەوە ئەفسانەیان بۆ خۆیان خوڵقاندووە، بۆیە «چیـرۆک لەدایکبـووی ئەفـسـانەیە» لەگـەڵ ئەوەشـدا چیـرۆکی کـوردی وەک توخـمـێکی ئەدەبی کـاریگەری ئەدەبی میللەتانی دیکەشی بەسەرەوەیە.

لەلایەکی ترەوە تا ئێستا بە تەواوی سەرەتای چیرۆکی کــوردی یەکــلا نەکــراوەتەوە، لەو بارەیەوە هەریەکــە و ڕایەکی هەیە، (عـومـەر مـارف بەرزنجی) لەکـتـێـبەکـەیدا لێکۆڵینەوە و بیـبـلۆگـرافـیـای چیـرۆکی کـوردی(٤)، (حوسێن عارف) لەچیرۆکی هونەری کوردیدا(٥).

(لەخـەومـا)یان بەیەکـەم چیـرۆکی کـوردی داناوە، (د. کـەمـال مـەزهەر ئەحـمـەد) لەتێگەیشـتـنی ڕاسـتـیـدا چیرۆکەکەی (ع. ڕەحیمی) کە ساڵی ١٩١٨ لە(ژین)ی ئەستەمبوڵ بڵاوبۆتەوە، وای پێ باشە، ئەو ساڵە بۆ یەکەم چیـرۆکی کـوردی دابنرێت(٦)، هەروەها عـەبدولڕەقـیب یووسف و د. عـیزەددین مسـتـەفا ڕەسووڵ و حەسەن جاف ئامـاژەیان بە چیـرۆکی دیکە کـردووە، ئەنوەر مـحـەمـەد تاهیـر و شـەعـبـان مـزووری چیـرۆکـەکـەی (فـوئاد تەمـۆ) بەیەکەم چیرۆکی کوردی دادەنێن. ئەمە یەکلا نەکردنەوەی سـەرهەڵدانی چیـرۆکی کـوردی دەردەخـات، وا خـەریکە سـەدەیەکـیش بەسـەر سـەرەتاکـانی چیـرۆکی کـوردیدا تێـدەپەڕێ، بەڵام گـرنگ ئەوە نییـە کێ یەکـەم چیـرۆکی بڵاوکـردۆتەوە، گـرنگ ئەوەیە ئەو چیـرۆکـانە کـامـیـان بەسەرەتای چیرۆکی هونەریی کوردی دادەنرێت؟

ئەو گـۆڕانکارییـانەی بەسەر واقـیعی کـۆمـەڵدا دێن و بەرەو پێـشــەوەی دەبەن، کــاردەکــەنە ســەر هەمـــوو ئەو گــوتارانەی لەو واقــیــعــەدا دێنە بەرهەم، بێ گــومــان چیــرۆکــیـش بەشــێکە لە ئەدەب ئەو گــۆڕانکارییــانە دەیگرێتەوە.

ساڵانی سـیـیـەکـان، بەگـوێرەی ساڵانی دوای شـەڕی یەکـەمی جـیـهـانی ئارامـتـر بوو، بارودۆخ و واقـیـعێکی جـیـاوازی هەبـوو، ڕۆژنامـە و چاپەمـەنی کـوردی پەیدا بـوون، (دەنگی گـێـتی تازە) و (گـەلاوێژ) و گـۆڤـاری (هاوار) لەسـووریا هاتنە مـەیدانەوە و ڕۆڵێکی دیاریان لەهاندان و بڵاوکـردنەوەی چیـرۆکی کـوردی و وەرگـێـڕاو بینی و چیرۆکیش بێ ڕۆژنامە و چاپەمەنی نایەتە ئاراوە و مەرجی پەیدابوونی چیرۆکیش بەچاپ و چاپەمەنییەوە بەندە، گـەلاوێژ لە هەمـوویان تەمـەنی درێژتر بوو، بۆیە چیــرۆکـێکی زۆری تێـدا بڵاوبووەوە، ئەم قـۆناغـە، کـە لێکۆڵەران و ڕەخنەگــرانی ئەدەب ناوی بە قـــۆناغی (گـەلاوێژ) دەبەن. کـە «بەناوەرۆک لەگـێـروگـرفت و دەردەکـانی کـۆمـەڵ دەدوێن، لە زۆربەیاندا مـەبەسـتی نووسەرەکانیان ڕەخنەگرتن بووە لە دواکەوتوویی کۆمەڵ و

لەوانەی دەبنە هۆی دواکەوتنەکە، بەڵام لەڕووی تەکنیکەوە لاوازن، هەبوو گێڕۆدەی شێوەی ڕاپۆرت نووسی بوون و زۆربەیان کەوتوونەتە گێژاوی ڕۆمانسییەتێکی خەیاڵاوی ساکارەوە» (٧)

هەڵسووڕێنەرانی گۆڤارەکە، کە ساڵانێک ڕۆشنبیری دیاری ئەو سەردەمە بوون، هەر خۆشیان (عەلائەدین سەجادی، ئیبراهیم ئەحمەد) چیرۆکنووسی ئەو سەردەمە بوون، هەستیان بەگرنگی و ڕۆڵی چیرۆک کردووە، بۆیە بایەخیان بە گۆڤارەکەیانداوە و بەوەشەوە نەوەستاون هانی وەرگێڕانی چیرۆکیشیان داوە.

چیرۆکنووسە دیارەکانی ئەم سەردەمە، بێجگە لەو دوو زاتەی گۆڤارەکەیان هەڵدەسووڕاند کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی کورد چیرۆکیان تێدا بڵاوبۆتەوە وەک (شاکر فەتاح)، زۆری دیکە چیرۆکیان بڵاوکردۆتەوە هەروەکو (حوسێن عارف) ناوی لێناون- (ڕێبوارەکان).

ساڵانی پەنجاکانیش بەساڵانێکی ئاڵۆز و ئاوس دادەنرێ، سەردەمێک بوو تازە کۆماری کوردستان ڕووخابوو، ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسییەکان جموجووڵیان تێکەوتبوو، میللەت زۆربەی هەژار و نەخوێندەوار بوون، بەمانگرتن و یاخی بوون ڕقی خۆیان بەرانبەر بە ڕژێمی پاشایەتی دەردەبڕی، ڕۆشنبیران لەبەرەی گەل و نزیک لە چالاکی و بزووتنەوە سیاسییەکان، لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی (ژین) لە سلێمانی و (شەفەق) لەکەرکووک و (هەتاو) لەهەولێر دەردەچوون. هەندێ لە چیرۆکنووسانی سەردەمی (گەلاوێژ) و چەند ناوێکی تازە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا چیرۆکیان بڵاودەکردەوە، بەگشتی نەخۆشییەکانی کۆمەڵ و ڕەخنەگرتن لە بارودۆخە سیاسییەکە بابەتی سەرەکی چیرۆکی ئەم سەردەمە بوون، لەڕووی هونەرییەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نابینرێ هەر بە نەفەسی گەلاوێژەوە چیرۆک بڵاودەبووەوە، بەڵام لای دوو چیرۆکنووسی ئەو سەردەمە ترووسکەی گۆڕانێک وەدەرکەوت، کەچی چیرۆکنووسە عەرەبەکان، وەکو (عبدالملک نوری و فؤاد تکرلی) و یەک دووانی کە گۆڕانکارییەکی باشیان لە چیرۆکدا کردبوو، مەنەلۆژ و شەپۆلی هۆش و هەندێ شتی دیکەیان بەکاردەهێنا، لای چیرۆکنووسانی کورد لە چیرۆکەکانیاندا ئەو گۆڕانە نابینرێ، هەروەکو وتمان لای یەک دوو چیرۆکنووس نەبێ.

ئەویش (ئیحسان مستەفا، حوسێن عارف، مارف بەرزنجی)، کە یەکەمیان (هەولێری) و دووەمیان (سلێمانی) و سێیەمیان (کەرکووکی) بووە.

هەرچەندە (عومەر مارف بەرزنجی و حوسێن عارف) ئاماژە تەنیا بە دوو چیرۆکی (ئیحسان مستەفا) دەکەن، بەڵام لە سەرەتای پەنجاکاندا «چوار چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە» (٨)، ئەو چوار چیرۆکە و دوو چیرۆکەکەی دیکەی لەلایەن (مەحموود زامدار)ەوە کۆکراونەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیون و چاپ کراون. مەحموود زامدار لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نووسەردا کاتێ لێی دەپرسی (ئەی لەبەرچی چیرۆک؟) لەوەڵامدا دەڵێ: «هونەرێکی بەرزە و چاکترین هۆیە بۆ دەربڕینی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژی».

ئەم وەڵامە کورتە وەسفێکی ڕێک و گونجاوی چیرۆکی پەنجاکانە. چیرۆک بەگژ گیروگرفتی کۆمەڵایەتیدا چووە، ڕەخنەی لەبارودۆخە سیاسییەکە گرتووە و ڕەتی کردووەتەوە، کە دەشڵێت سایکۆلۆژی، نیشانەی ئەوەیە کە گۆڕان و بەرەو پێشەوە چوونێک لە ڕووی هونەرییەوە لەم قۆناغەدا هەبووە، بێ گومان چیرۆکەکانیشی تێپەڕینێکی دیاری چیرۆکەکانی گەلاوێژە و مەنەلۆژ و بیرهاتنەوە و هەندێ هونەری دیکەشی بەکارهێناوە و بەزمانێکی پاراو و بێ گرێ نووسراوە، چیرۆکەکەی حوسێن عارف (چای شیرین) و چیرۆکی مارف بەرزنجی (سەرلەبەیانی نەورۆزێک) لەم دوو نموونەیەدا جیاوازی چیرۆکی ئەم قۆناغە لەگەڵ چیرۆکی قۆناغی پێشوودا بە ئاشکرا دیارە، یەکەمیان گێڕانەوەکەی، گێڕانەوەی سەردەمەکە و گەلاوێژیش نییە، لە نموونەی دووەمیشدا، واتا لە چیرۆکەکەی (مارف بەرزنجی)دا بەکارهێنانی شەپۆلی هۆشە لەو ڕۆژگارەدا.

بەگشتی دەتوانرێ خەسڵەتەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە لەچەند خاڵێکدا کۆبکرێتەوە. «خەباتی نەتەوایەتی، مەسەلەی ئازادی، نەخۆشییەکانی کۆمەڵ، وەک هەژاری و قومارکردن و نەخوێندەواری و هەروەها مەسەلەی ئافرەت بەشێوەیەکی سادە و ساکار» (٩).

ئەگەر لە پەنجاکاندا، لە چیرۆکی چیرۆکنووسانی کورد و عیراقییەکاندا لەیەکچوونێک لەڕووی هەڵبژاردنی بابەتەکانیان، دەبینرێ بەڵام لەڕووی هونەرییەوە ئەوان زووتر دەستیان بۆ کەرەستەی نوێکردنەوە بردووە، کەچی

لەسالآنی شەستەکاندا، بەهۆی بارودۆخی کوردستانەوە و بەرپابوونی شـۆڕشی ئەیلوول لە هەڵبـژاردنی بابەتدا جـیـاوازییـەک کـەوتە نێـوانیـانەوە، چیـرۆکنووسـە عیراقییەکان کەوتنە بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆزەوە، لە هەمـــوو لایەکـــەوە تەنگیـــان پێ هەڵچنرابوو، لە ئاستیشیاندا دەستەوەسان بوون، بێ پەناو هیچ لەدەست نەهاتوو، بۆیە بەناو زاتی خۆیاندا شـۆڕبوونەوە و زیاتر بایەخیان بەمەسەلەی خودی دەدا، بەو جۆرە هەڵوێستی خۆیان لە چیرۆکدا دەردەبڕی، ئەمەش بە دەربڕینە کۆنەکە نەدەکرا، بۆیە روویان لە ئەزموونگەری و بایەخدان بەخود و خەمی تاک کردو ئەمانە بوونە بابەتی چیرۆکەکانیان، لەو رۆژگارەشدا بوونگەرایی و عەبەسیەت و بەرهەمی نوێی ئەورووپا لەڕێگای وەرگێڕانەوە دەکەوتە بەردەست، تەرزێکی نوێ پەیدا بوو، ئەمـە لەچیـرۆکی کـوردی شـەسـتـەکـاندا رەنگی نەدایەوە، جـێگای پرسـیـارە ئەم شەپۆلە لەسەرەتای حەفتاکاندا لەناو چیرۆکی کوردیدا بەسـەقـەتی سـەری هەڵداو زوو کـوژایەوە، بەڵام بابەتی چیرۆکەکانی چیرۆکنووسی کورد، رووی لەلایەکی تر کرد، شـۆڕشی کـورد دەسـتی پێکردبوو، ئازادییـەکـان زەوت کـرابوون، کـوودەتا یەک لەدوای یەکـەکـان باری وڵات و خەڵکەکەیان قورسـتـر دەکرد، چاپەمـەنی و بڵاوکراوەی کـوردی لەئارادا نەبوو، (عـومـەر مـارف بەرزنجی) لەم رووەوە دەڵێ: «لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٢ بەدواوە بەهۆی ئاڵۆزی باری سیـاسی وڵات و گەشەکـردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بەگـژداچوونی حوکـمی قاسـمـەوە سـەرجـەم لقـەکـانی ئەدەبی کـوردی هاوێژرایە سـەردەمـێکی شەوەزەنگ و تەنگ و چەڵەمەوە» (١٠)

چیرۆکنووسانی ئەم سەردەمە، زۆربەیان چیرۆکنووسانی پەنجاکان بوون هەر بۆ نموونە: (موحەرەم محەمەد ئەمین، کاوێس قەفتان، محەمەد مولوود مەم، مستەفا ساڵح کەریم، رەووف بێگەرد، محەمەد نووری تۆفیق، حوسێن عارف، مارف خەزنەدار) و زۆری تریش.

لەم قـۆناغـەدا بابەتی تازە هاتە ناو چیـرۆکـەوە، وەک بیـری نەتەوایەتی و مـەسـەلەی ئازادی، شـۆڕشی کـورد و بەرگـری لەخـاک و نیـشـتـمـان، دەبینین لەلایەکـەوە تاڕادەیەک لە بابەتەکـانی نـاو چیـرۆکی پەنجـاکـان جـیـــاوازییـــەک هەیە، لەڕووی هونەریشـــەوە لەو رۆمانسییەتە سادەیە دوورکەوتنەوەیەک دیارە، بابەتەکان پێوەندییان بە واقیعی ئەو رۆژگارەوە هەبوو، یانی بەرەو دەربڕینی واقیعی میللەتەکە هەنگاوی نا «د. عیـزەدین مـسـتـەفـا رەسـوول دەڵێ: «باس و خـواسی قـەزیەی نەتەوەیی بەخاڵ و هەنگاوی دەسپێکردنی قوتابخانەی ئەدەبی واقیعی کوردی دادەنرێت» (١١).

چیـرۆک کـەوتە دەربڕینی ئەو واقـیـعـە تاڵە، کوشتن و برین، دێ کاول کـردن، چ بە پێچوپەنا و چ بە رەمز، یان ئاشکرا، شـەسـتـەکـان، هەرچەند چاپەمـەنی کـەم بوو، هەرچەندە بارودۆخی سیـاسی نائارام و نالەبار بوو، زۆر لەلێکۆڵەران و رەخنەگران بەقاتوقڕی چیرۆکی دادەنێن، بەڵام سـەرەتای نوێکردنەوەی چیـرۆکی کـوردی، لە شەستەکاندا چەکەرەی کرد و هەر خێراش چەند دەنگێک دەرکـەوتن، چەند دەنگێکی دیار هاتنە مـەیدانەکـە و گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەر چیرۆکی کوردیدا هێنا، بە تەکنیکی نوێ و شـێـوازێکی جیـا لە چیـرۆکی لەوەوبەر چیرۆکیان بڵاوکردەوە، تا ئێستا بێجگە لە د. ئیبراهیم قادر محـەمـەد لە کتێبی (لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا) و (سابیر رەشید) چەند وتارێکی بە زنجیـرە لەم بارەوە بڵاوکردۆتەوە، کەسی وا ئـاوڕی لـە هـەوڵـی نـوێکـردنـەوەی چـیــــــرۆکـی ئـەو چیرۆکنووسانە نەداوەتەوە، ئەوانەش (سەدرەدین عارف، لەتیف حامد، ئەحمەد شاکەلی) بوون، کە بە ناوەرۆکی نوێ و شـێـوە گـێـڕانەوەیەکی نوێوە سـەرەتای هەنگاوی بەرەو نوێخـوازی و بەرەو پێـشـەوە چوونی چیـرۆکی کـوردییـە، چیـرۆکی (کـوێرە رێیـەکی ژیان)ی سەدرەدین عـارف نموونەیەکە بۆ ئەم بۆچوونە. نوێخوازی ئەم چیرۆکە لەوەدایە کـە بە بازنەیی نووسراوە، لە کۆتاییەوە دەستی پێکردووە لە گـێـڕانەوەدا فـلاشـبـاکی بەکـارهێناوە، د. ئیبراهیم قادر محەمەد لەم بارەیەوە دەڵێ: «خۆی لەکۆت و پێوەندی چیرۆکە تەقلیدییەکان رزگار کردووە» (١٢)، (لەتیف حـامـد)یش بەیەکێ لە دەسـپـێـشـخـەرەکـانی نوێکردنەوەی چیـرۆک دادەنرێت، ئەگـەر (سـەدرەدین عـارف) بەشـێـوەی تەقلیـدیش چیـرۆکی هەبێ، ئەوە (لەتیف حـامیـد) بەشێوازە کۆنەکە چیرۆکی نەنووسی، گـێڕانەوەیەکی بەکارهێناوە پێشتـر لەچیـرۆکی کـوردیدا بەکارنەهێنراوە، سێیەمیان (ئەحمەد شاکەلی)یە دواتر لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین.

لێـرەدا ئەوەمـان بۆ دەردەکـەوێ لەکۆتایی شـەسـتـەکـاندا

چیـــــرۆک گـــــوڕوتینی تێکەوت و نوێکردنەوە و وەرچەرخانەکە لێرەوە دەستی پێکرد و لە حەفتاکاندا گەشەی کرد و پەرەی سەند.

من پێ لەسەر ئەوە دادەگرم: چیرۆکی عێراقی کاریگەری لەسەر چیرۆکی کوردی زۆر بوو، چونکە سەرچاوەی ڕۆشنبیری چیرۆکنووسانی کوردی ئەو سەردەمە زمانی عەرەبی بوو، زمانی فارسی وەکو ئێستا لەنێو نووسەراندا بڵاونەببوەوە. بەدەگمەنیش تێیاندا هەبوو زمانێکی زیندووی جیهانی زانیبێ. چیرۆکی عێراقیش لەو ڕۆژگارەدا گەلێ هەنگاوی بەرەو تازەکردنەوە و نوێخوازی بڕیبوو، لە ڕێگای وەرگێڕانەوە ئاگایان لە ڕێبازە تازەکانی ئەدەب و تاقیکردنەوەی نووسەرانی جیهانی هەبوو. تەنانەت بەیانی (ڕوانگە)ش چاولێکەرییەکی بەیانی شیعری (٦٩)یە و کاریگەری گۆڤاری (الكلمة) و (الأديب)ی لبنانی بوو، ئەو دەستەیەش دوای بڵاوکردنەوەی (بەیانەکە) ئەوجا هەوڵی نووسینی ئەو جۆرە بەرهەمانەیان دەدا کە لە بەیانەکەیاندا بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵام ناتوانرێ بوترێ کاریگەری بەسەر ڕەوت و بزووتنەوەی ئەدەبی کوردییەوە نەبوو.

لەسەرەتای حەفتاکانەوە، بەڵکو یەک دووساڵیش پێش حەفتا بارودۆخە سیاسییەکە بۆ کورد هێورتر و ئارامتر ببووەوە، هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچوون، لەوانە گۆڤاری (ڕزگاری) کە یەکێ لە ژمارەکانی بۆ چیرۆک تەرخان کرد، بەڵام دوای ڕێکەوتنەکەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کەشوهەوایەکی لەبارتر هاتە گۆڕێ، جموجوولێکی چالاکانە لەناوەندە ئەدەبییەکەدا پەیدا بوو. (بەجۆرێ لە سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردییەوە تا ئەو دەمە هەلومەرجێکی ئاوا نەڕەخسابوو» ئیتر بەلێشاو بەرهەمی ئەدەبی بڵاوبووەوە، کە بەسەرەتای قۆناغێکی نوێی ئەدەبی کوردی دادەنرێت.

لەم قۆناغەشدا کۆمەڵێ ناوی نوێ، بێجگە لەوانەی لە قۆناغەکانی پێشوودا چیرۆکیان دەنووسی، هاتنە ناو کۆڕی چیرۆک نووسینەوە، بەڵام بەشێواز و تەکنیکێکی نوێوە، بە تێگەیشتنێکی ترەوە، بە تەرز و شێوازێکەوە کە خوێنەری پێ ڕانەهاتبوو، لەسەرەتاوە هەروەک سەرەتای هەموو قۆناغێکی نوێ، چیرۆکەکان پەلەپەلییان پێوە دیاربوو، هەرس نەکردنی ئەو شێواز و تەکنیکە نوێیانە، بەخراپ تێگەیشتن لە نوێخوازی، گەلێ چیرۆکی لەم تەرزە بڵاوبوونەوە کە بەزمانێکی تێکەڵوپێکەڵ و ڕستەی درێژی بێ مانا دەنووسران، لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی هەندێ نموونەی چیرۆکی چیرۆکنووسە عێراقییەکان بوو کە ئەوانیش بەکاڵفامی لەبوونگەرایی و عەبەسییەت چیرۆکیان دەنووسی و لە حەفتاکاندا دەستیان لێ هەڵگرت، ئەم دیاردەیە لەچیرۆکی کوردیدا زۆری نەخایاند و بەرەبەرە بەلاوەنرا، هەندێک لەوانە هەر لە نووسینی چیرۆک تەوەللا بوونەوە، هەندێکی دیکەش دوای بەخۆدا چوونەوە و بەباش لە هونەری چیرۆک گەیشتن بەرهەمی دانسقە و جوانیان بەشێواز و تەکنیکی نوێوە بەردەوام بوون، ئیتر هەریەکە و بەپێی بەهرە و تێگەیشتنی خۆی هەوڵی دەدا تا چیرۆکێکی نوێ بنووسێ، کە لەڕووی بابەت و شێوازەوە لەگەڵ چیرۆکی پێشوودا جیاواز بێ، دەبوایە وایان بکردایە، چونکە بارودۆخە کە لەگەڵ خۆیدا واقعێکی نوێی هێنابووە ئاراوە و بۆ دەربڕینی ئەو واقیعە نوێیە دەبوایە بەدیدێکی نوێ و کەرەستەی نوێ و زمانێکی گونجاو بنووسن(١٣)، یانی گۆڕانەکە هەموو ڕوویەکی چیرۆکی گرتەوە، لەو گۆڕانکارییانە بەکارهێنانی شێواز و تەکنیکی نوێ بوو.

لەبەر ئەوەی قۆناغی حەفتاکان مەدایەکی زۆری گرتۆتەوە کە تا ڕاپەڕینیش بەردەوامی هەبوو، چیرۆکێکی زۆریش لەم قۆناغەدا بڵاوبۆتەوە، بۆیە لەم چەند لاپەڕەیەدا، هەر ئەوەندە دەکرێ بەکورتی ئاماژە بۆ هەندێ دیاردە و ناوی چیرۆکنووسان بدەین، داوای لێبوردن لەوانە دەکەم ناوی چیرۆکەکانیان، یان ناوی خۆیانم نەهێناوە، لەبەر هیچ نییە لەوەی زیاتر نموونە زۆرەو ماوەی ئەو هەموو نموونە هێنانەوە و ناوبردنە نییە.

بەهرە و ڕۆشنبیری، شارەزایی لە فەلسەفەو تیۆرە ئەدەبییەکان، خوێندنەوەی قووڵ و بەدوادا گەڕانی بەردەوام و پەی بردن بە تەکنیک و شێوازی نوێ، کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی نووسەرانی جیهان، زانینی زمانێکی زیندوو، خۆشویستنی هونەرەکە، ئەمانە هەمووی هۆکار و یارمەتیدەرن بۆ نووسینی چیرۆکی چاک.

ئەگەر تەماشای ڕووبەری چیرۆکی ئەم قۆناغە بکەین، دەبینین هەندێک نەیانتوانیوە بەتەواوی دەست لەشێوە نووسینی قۆناغەکانی شەستەکان و پەنجاکان هەڵگرن، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە گۆڕانکارییەک لە چیرۆکەکانیاندا

بەدی دەکرێ وەک زمان و هەڵبژاردنی بابەتی سەردەم و هەندێ وردەکاری تر. زۆری تریش هەبوو دەستییان بۆ شێواز و تەکنیکی نوێ بردووە، بە بەکارهێنانی ئەو تەکنیک و شێوازە نوێیانە و دەست بردن بۆ هەندێ بابەت کە دەگمەن لە قۆناغەکانی تردا لە چیرۆکدا جێگایان بووبێتەوە، بە ئاشکرا جیاوازییەک کەوتە نێوان چیرۆکی ئەم قۆناغە و چیرۆکی لەوەوبەر. جیاوازییەکانیش لەمانەدا دەبینران:

بەگشتی ئەوانەی لەسەر چیرۆکی کوردی دواون، گێڕانەوەیان بەیەکێ لە کەموکورییەکانی داناوە، بەڵام کام گێڕانەوە مەبەست ئەو گێڕانەوەیە بوو کە ڕاپۆرت ئاسا واقیعێکت بۆ دەگێڕێتەوە، لەسەرەتاوە بێ پچڕان تا کۆتایی بەزمانێکی سادە و تەنیا ڕواڵەتت پێ نیشان دەدا و توخنی ناخ و جیهانی ناوەوەی کەسەکان ناکەوێ، دەستکاری زەمەن ناکات و واش باوە بەزۆری بە ڕاناوی من، یان ئەو دەگێڕدرێتەوە، گێڕانەوەی باوی چیرۆکی کوردی پێش حەفتاکان وابوو، (نموونە جوانەکانی لێ دەرچێ)، بەڵام گێڕانەوەیەک کاریگەرانە بێ، سەرنجی خوێنەر ڕاکێشێ خوێنەر نەتوانێ دەستی لێهەڵگرێ، دەبێتە هونەرێکی جوان، تۆ بڕوانە ڕۆمانەکانی (ئەریک ماریا ڕیمارک- هەموو شتێکی بەرەی ڕۆژئاوا کپە) (کۆستانتا ڤێرگیل گۆرگیو- کاتژمێری بیست و پێنج) لە تەکنیکی گێڕانەوە بەولاوە تەکنیکی دیکە تێیاندا نابینی. هەرچەندە لە چیرۆکی حەفتاکاندا ئەو تەرزە گێڕانەوە بێزارکەرە هەیە، بەڵام بەگشتی شێوەی گێڕانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات، جۆرەکانی دیکەی گێڕانەوە بەکارهێنراوە و هەوڵێکی زۆر دراوە دەست لە گێڕانەوە ساکارەکە هەڵبگیرێ، چونکە واقیعە تازەکە بەگێڕانەوە ساکارەکە ئەنجام نادرێ، بۆیە لە ڕێگای پەی بردن و شارەزابوون لە ئەدەب و تاقیکردنەوە و ئەزموونی نوێی ئەدەبی جیهانی و خوێندنەوەی بەرهەمی چیرۆکنووسانی عیراقی و ناسیاوی پەیداکردن لەگەڵ زۆربەیاندا کە هەنگاوی باشیان لەم بوارەدا نابوو بەهۆی سەرجەم ئەم هۆکارانەوە شێواز و تەکنیکی گێڕانەوەی نوێ کەوتە ناو چیرۆکی کوردییەوە. گێڕانەوە بەگەلێ شێواز و تەکنیک ئەنجام دەدرێ. لەوانە:

شەپۆلی هۆش. ئەم تەکنیکە هەروا لە پڕێکدا لە حەفتاکاندا نەهاتۆتە نێو چیرۆکی کوردییەوە. وەکو لەمەوپێش ئاماژەم پێداوە، لەقۆناغەکانی تریشدا بەکارهێنراوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر بەرتەسک و سەرەتایی بەکارهێنراوە، هەروەک چیرۆکەکەی شەهید (مارف بەرزنجی)، (د. ئیبراهیم قادر محەمەد)یش لەم بارەیەوە وتوویەتی لە مێژووی سەرتاپاگیری چیرۆکی کوردیدا (مارف بەرزنجی) یەکەم کەسە کە لە پەنجاکاندا پەی بەم شێوازە بردووە(١٤)، بەڵام لە حەفتاکاندا بە فراوانی و بەتێگەیشتنێکی ترەوە بەکارهێنزاوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کتێبەکەی (روبرت همفري)- تیار الوعي في الرواية الحديثة- کەوتە بەردەست. نموونەیەکی زۆر لەبەردەستدایە کە ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە. ئەحمەد شاکەلی و لەتیف حامد هەر بەگێڕانەوەیەکی جیاواز لەچیرۆکی پێشوو دەستیان بەچیرۆک نووسین کردووە، (ئەحمەد شاکەلی) لەنامەیەکدا بۆ د. ئیبراهیم قادر نووسیویەتی (من پەلەم بوو بۆ گەیاندنی هەموو جۆرە شێواز و تاقیکردنەوەیەکی نوێ، ئەو کاتە هەموو نووسینە ئاساییەکانی ئەو ڕۆژگارەم لەبەرچاو کەوتبوو، گێڕانەوەی سادە و حەرفی واوی نێوان ڕستەکان و وشەی زیادە. دەمویست وێنەیەکی ئەو هەڵچوونە دەروونییە بگەیەنمە خوێنەر و بیشڵەژێنم، ئەگەر حاڵیش نەبێ، لەخوێندنەوەی بابەتەکە و نەبوونی پێوەندی ئاسایی لەنێوان ڕستەکاندا سەری سوڕبمێنێ و باوەڕی بە شێوە ئاساییە باوە سواوەکە لەق بێ)(١٥)، ئەگەر وەک د. ئیبراهیم گوتوویەتی لەهەندێ چیرۆکدا نووسرابێ (لەبەرخۆیەوە وتی، لەدڵەوە و لەگەڵ خۆیدا کەوتە قسەکردن)(١٦)، کە زۆر لەم جۆرە دەبینرێ، ئەوا ئەمانە ناکەونە ژێر شەپۆلی هۆشەوە، بەکارهێنانی شەپۆلی هۆش بەپێویستی نازانین لێرەدا لێی بدوێین، مەرجی بەکارهێنانی خۆی هەیە، دەبێ لەبەکارهێنانیدا پەیڕەو بکرێ، وەکو (همفري) لە کتێبەکەیدا دەڵێ: (ئەو جۆرە تەکنیکە حاڵەتی سایکۆلۆژی کەسی ناو چیرۆک و کردەوە سایکۆلۆژییەکانی دەردەخات، پێش ئەوەی وەک دەربڕین پێ بگات)(١٧). هەروەها شەپۆلی هۆش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بەکارهێنانیاندا جیاوازی هەیە، هەرچەندە چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە بەکاریان هێناوە و گۆڕانێک بەسەر گێڕانەوەی چیرۆکدا هاتووە، بەڵام لە زۆر نموونەدا بەباشی بەکارنەهێنراوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کە لەیەک جیانەکراوەتەوە زۆری دیکەش

بەباشی و لەجێگای خۆیدا بەکاریان هێناوە، لەوانە (حوسێن عارف) لەچیرۆکی (تەتەر)دا، (دڵشاد مەریوانی) لە چیرۆکی دانهێل وشتی تردا، (سەلاح شوان) لە چیرۆکی (لاسارێک لەکاروانە وێڵەکەدا)، (ڕەووف بێگەرد) لەچیرۆکی (لە فەرهەنگی ئارەزووی ئەم شارەدا)، هەروەها (عەبدوڵڵا سەراج، محەمەد ساڵح سەعید، جەلیل کاکەوەیس، ڕەووف حەسەن) و زۆری تریش.

سەرکەوتن و باش بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە کەوتۆتە سەر شارەزایی چیرۆکنووسەکە. یەکێ لەوانەی ئەم شێوازەیان بەباشی بەکارهێناوە (حوسێن عارف)ە، لەبەر ئەوەی ناکرێ نموونە لە چیرۆکی هەموو ئەو چیرۆکنووسانە بهێنمەوە، بۆیە بۆ هەر شێواز و تەکنیکێک بێ هیچ مەبەستێک نموونەیەک، یان دوو دەخەمە بەرچاو. زاهیر ڕۆژبەیانی لەم بارەیەوە دەربارەی چیرۆکەکەی تەتەری (حوسێن عارف) دەڵێ: (بەکارهێنانی تەکنیکی شەپۆلی هۆش لەم چیرۆکەدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی کارامەیی و شارەزایی، دەشێ بڵێین ئەم چیرۆکە بە چیرۆکێکی نموونەیی ئەم جۆرە تەکنیکە دەژمێردرێ(١٨)، (دڵشاد مەریوانی) سەرکەوتووانە شەپۆلی هۆشی ڕاستەوخۆی لە چیرۆکی (دانهێڵ و شتی تریش)دا بەکارهێناوە. ئەوە دەردەخات کە گێڕانەوە لەم قۆناغەدا گۆڕانێکی بەسەرداهات و گێڕانەوە سادەکە باوی نەما.

لەو شێواز و تەکنیکە نوێیانەی کە لە حەفتاکاندا دەبینرێ (خەونە) بەکارهێنانی خەون لەلایەکەوە ئاستی گێڕانەوە دەگۆڕێ، لەلایەکیشەوە کار دەکاتە سەر بینای چیرۆکەکە و دەبێتە هۆی دەرخستنی باری دەروونی کەسەکە و پێشبینی کردنی ڕووداو و گەشت کردن و وەدەرخستنی هەندێ لایەنی ناوەرۆکی چیرۆکەکە، ئەمەشیان وەکو هەموو بەکار هێنانێکی تر سەرکەوتن لە بەکار هێنانیدا وەک دیاردەیەکی نوێکردنەوە دەکەوێتە سەر شارەزایی نووسەرەکە کە تا چەند لە شوێنی خۆیدا بەکاری هێناوە و تا چەند لە دەروونناسی و تیۆرەکانی فرۆید و یۆنگ گەیشتووە و پەی بە شیکردنەوەی دەروون دەبا. لێرەشدا نموونە زۆرە، نوورەدین ساڵح لەچیرۆکی (پێشبینی)(١٩)دا. (چ بەرخ و کاریلە هەبوون هەموو سەرمە قولانج هەڵواسرابوون و بەزمانی مرۆڤ هاواریان بۆ ڕزگاری خۆیان دەکرد، مرۆڤەکانیش ئاژەڵئاسا دەیانمڕان و کەڵبەیان لەیەکتری دەساوی..تاد).

(مستەفا ساڵح کەریم) لەچیرۆکی (بابلێین خەو بوو) لەدەفتەری کوردەواری ١٩٧٠ ب٣ د. ئیبراهیم قادر محەمەد (٢٠) هەروەها لەچیرۆکێکی سەلاح عومەر، جەلیل کاکەوەیس، محەمەد ڕەشید فەتاح چەند چیرۆکنووسێکی تر خەونیان بەکارهێناوە، (شێرزاد حەسەن، عەبدوڵڵا سەراج، غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا، ڕەووف بێگەرد) و زۆری تریش، ئەوەی لە بەکارهێنانی خەوندا بەزمانی خەون نەگێڕدراوەتەوە، شێوەیەکی مەنتیقی و بەڕیز وەک ڕووداوێکی لەواقیعدا ڕووی دابێ، گێڕدراوەتەوە، کەچی زمانی خەون پچڕ پچڕە هەندێ ناماقوڵیشی تێدەکەوێ وەک ئەو نموونەیەی لەسەرەوە هێناومانەتەوە، گومانی تێدا نییە بەکارهێنانی لە قازانجی گێڕانەوەدایە و دەبێتە هۆی ئەوەی لە چەند ئاستێکدا گێڕانەوە ئەنجام بدرێ، زۆریش وەکو مۆتیڤێک بەکاری بردووە و دیارە چ کاریگەرییەکی لەسەر چیرۆکەکە نابێ. شێوازێکی تر کە لە چیرۆکی حەفتاکاندا بەکارهێنرا (نامە) بوو وەک تەکنیکێکی نوێ و هەوڵێکی دیکەیە بۆ نوێکردنەوە و بەرەو پێشەوە بردنی هونەری چیرۆک. من وای دەبینم زۆرتر بۆ ڕۆمان لەبارترە وەک لە چیرۆکی کورتدا. نامە بێجگە لە کارکردنە سەر گێڕانەوە، کاری تریش ئەنجام دەدا لایەنێکی ڕووداوێک، یان مەبەست و دیدوبۆچوونی کەسێک ئاشکرا دەکات. (نەجیبە ئەحمەد) چیرۆکی هەر بەنامە نووسیوە(٢١)، هەروەها ئەم چیرۆکنووسانەش هەریەکە بە مەبەستێک کەڵکیان لەنامە وەرگرتووە. تاهیر ساڵح سەعید، (کاتێ لەیەک ناگەین)، محەمەد فەریق حەسەن لەچیرۆکی (خاچ)دا، (کاروانی بەرەو خۆر)ی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ڕەزا سەید گوڵ لە (دەنگی شمشاڵی شوان)دا.

هەوڵێکی دیکە بۆ نوێکردنەوەی چیرۆک بەکارهێنانی کەلەپوور و ئەفسانە و مێژوو بوو بەمەبەستی فراوان کردنی مەودای مەبەست و دەربڕینی قووڵ. ئەمە بابەتێکی فراوان و فرە لایەنە و لێکۆڵینەوەی وردی دەوێ تەنیا بەناوهێنانی حیکایەتێک، یان ئاماژەکردنێکی خێرا بە ڕووداوێکی مێژوویی و ناوهێنانی ئەفسانەیەک لەچیرۆکدا بەمە ناوترێ بەکارهێنان، گرنگ لەوەدایە (ئەو توانا و مەبەستە سەرەکییانەی لە ڕووداوێکدا، یان لە ئەفسانەیەکدایە

ئاوێتەی بینای چیرۆکەکە بکرێت)(٢٢)، یان کەشوهەوایەکی ئەفسانەیی پێ ببەخشێ، هەروەها لەبەکارهێنانی مێژوودا، بەکارهێنانی ڕووداوێک بۆ ئەوەیە مەبەستی ئەو ڕووداو و ناواخنەکەی بۆ سەردەمەکە بگوازێتەوە. بەهەرحاڵ چیرۆکی کوردی هەم لەمێژوو هەم لە ئەفسانەش کەڵکی وەرگرتووە، بەتایبەتی لە حەفتاکاندا بۆ نموونە مستەفا ساڵح کەریم لەچیرۆکی (قەڵای دمدم)دا، محەمەد نووری تۆفیق، محەمەد فەریق حەسەن، عەبدوڵڵا سەڕاج لەچیرۆکی (گەرماوەکەی داوێن گۆڕستانەکە)دا دوو ئەفسانەی کوردی تێکهەڵکێشی بابەتی سەرەکی چیرۆکەکە کردووە)(٢٣) ڕەووف بێگەرد لە چیرۆکی (بەیتی سمۆ)دا، لەم قۆناغەدا بەردەوام هەوڵ دەدرا بابەتی نوێ و شێواز و تەکنیکی نوێ بەکاربهێنرێ. هونەری سینەماش لایەنێکی ترە کە چیرۆک سوودی لێ بینی، بەتایبەتی مۆنتاژ و چاوی کامێرا. مۆنتاژ لە داڕشتنی چیرۆکدا سوودێکی زۆری هەبوو کە دوو ڕووداو، یان زیاتر لە شوێنی جیاجیادا ڕوودەدەن و پێکەوە دەخرێنە ڕوو، یان کەسێک لە جێگایەکدایە و لەزەمەنی جیاواز و شوێنی جیاواز دا بیروهۆشی لەوێدایە، من وابزانم سەرەتای بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانە چیرۆکنووسانی کورد ڕاستەوخۆ لە سینەماوە وەریان نەگرت و لەوێوە بەکاریان نەهێنا، چونکە کورد لەبواری سینەمادا لەو قۆناغەدا شارەزاییەکی نەبوو، بەڵکو بەکارهێنانی ئەم هونەرانەی سینەما لە چیرۆکدا لەڕێگای دەقی چیرۆکی عێراقی و عەرەبی و بیانییەوە شارەزای بوون، شەپۆلی هۆشیش کاریگەری لەشارەزابوونی ئەم تەکنیکەدا هەبوو.

چاوی کامێراش هەروا، ئەمەیان بەکارهێنانی ئاسانتر بوو، بۆیە لە زۆر چیرۆکی کوردیدا دەبینرێ. نووسەر وەک ئەوەی کامێرایەکی بەدەستەوە بێ دیمەنەکانمان لەسەریەکە پێ نیشان دەدا و تابلۆیەکی واقیعیانە دەخاتە بەر زەین و چاو، لەلایەکەوە ئاستێکی تر وەردەگرێ لەلایەکیشەوە ئەو شوێنەی چیرۆکنووس مەبەستێتی بەو هونەرە پیشانی دەدا، کە ڕەنگە ڕووداوێکی تێیدا بقەومێ، یان ڕێگا بۆ ڕووداوێک خۆش دەکا.

(محەمەد فەریق حەسەن، حوسێن عارف، ڕەووف بێگەرد، محەمەد ڕەشید فەتاح، تەها ئەحمەد ڕەسووڵ) چیرۆکنووسی تریش نموونەیان لە هەردوو هونەرەکەدا هەیە.

گەڕانەوە بۆ دواوە و بیرهاتنەوە، هەرچەند لە قۆناغەکانی تریشدا بەکارهاتووە، بەڵام لە حەفتاکاندا هونەری تر و گونجاوتر بەکارهێنراون، دەبێ ئەوەش بزانین گەڕانەوە و بیرهاتنەوە شەپۆلی هۆش نییە، نموونەیەکی جوانی ئەم تەکنیکەی بیرهاتنەوە کە سەرتاپای چیرۆکەکەی بەشێوەیەکی گونجاو بەکارهێناوە، چیرۆکەکەی محەمەد موکری-یە بە ناوی (سەگوەڕ)، کەسی چیرۆکەکە لەژووری ئیعدامدایە و سەرتاپا هەڵسوکەوتەکانی لەوەوبەری ڕۆژانی ڕابردووی لەگەڵ دۆست و دایکی و ناسیاوەکانیدا بەزمانێکی پاراوی بێ گرێ بیر دەکەوێتەوە.

کۆمەڵێ تەکنیک و شێوازی نوێ لە حەفتاکاندا بەکارهێنراون کە بەکارهێنانی هەر یەکێ لەم شێوازانە، دەهێنێ چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و بەباشی هەقی خۆی پێ بدرێ.

لە حەفتاکاندا شیعرو بەیت خرانە ناو چیرۆکەوە کە پێشتر بەکارنەدەهێنران. گەلێ چیرۆک بەش بەش دەکران هەر بەشەو ژمارەیەک، یان ناوونیشانێکی سەربەخۆی بۆ دادەنرا، بەڵام دەبێ هەموو بەشەکان یەک چیرۆک پێک بهێنن، ئەگینا دەچنە خانەی چیرۆکی یەکجار کورتەوە، ئەگەرچی ئەم کورتە چیرۆکە زۆر کورتە، یان ڕۆژانە چیرۆک و چەند ناوێکی تریشی بۆ دانراوە لە حەفتاکان بەولاوە زۆر کەس تاقی کردۆتەوە.

چیرۆک بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی حەفتاکان بەم لاوە ڕچە ڕێی خۆی گرت و نموونەی هونەری جوان لە بەرهەمی چیرۆکنووساندا دەبینرێ، ئومێد دەکەین نەوەی نوێ هەوڵی ئەو داهێنەرانە فەرامۆش نەکەن و بەچاوی ڕێزەوە بڕواننە بەرهەمەکانیان کە بەرهەمی سەردەمێکی ترە، ئەم هونەرە ناسک و زەحمەتەش لەسەر دەستی نەوەی نوێمان پۆشتەتر و ڕەنگینتری بکەین و بەهرەی لەبن نەهاتوویان ئەوەی نەکراوە ئەمان بیکەن، تەکان و گوڕێکی تری پێ بدەن، خەم و ئاوات خۆزگەی تاکی ئەم میللەتەی بەشێوەیەکی هونەری بەرز تێدا دەربڕن و لەگەڵ نەوەی دوای خۆیان دەسبەدەستی پێ بکەن.

**سەرچاوە و پەراوێزە:**


١- نشأة القصة وتطورها في العراق، عبدالاله احمد، بغداد، ١٩٦٩، ل٤١.

٢- شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، سەلیم ڕەشید ساڵح، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣-سەرچاوەی پێشوو.

٤- عومەر مارف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

٥- چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠، حوسێن عارف، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، ١٩٧٧ بەغدا.

٦- تێگەیشتنی ڕاستی، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کۆڕی زانیاری کورد بەغدا، ١٩٧٨، ل١٠٦.

٧- چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠، حوسێن عارف، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، ١٩٧٧، بەغدا،ل٧٣.

٨- دامەزراندن و ئەفراندن و پێشڕەوێک، مەحموود زامدار، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٩، هەولێر.

٩- چیرۆکی هونەری کوردی، حوسێن عارف.

١٠- لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل١٤٢.

١١- الواقعية في الادب الكردي- دارالمكتبة الوطنية عزالدين مصطفى رسول- صيدا بيروت، ل٢١٣.

١٢- لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا، ئیبراهیم قادر محەمەد، نامەی دکتۆرا.

١٤- لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا، ئیبراهیم قادر محەمەد، نامەی دکتۆراکەی.

١٥- سەرچاوەی پێشوو.

١٦- سەرچاوەی پێشوو.

١٧- تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ترجمة: محمود الربيعي.

١٨- چیرۆکی هونەری کوردی، شێوە و شێواز و بونیاد، زاهیر ڕۆژبەیانی ١٩٩٧ هەولێر.

١٩- نوورەدین ساڵح، گۆڤاری بەیان، بەغدا ١٩٨٨، ژ١٤٨.

٢١- نەجیبە ئەحمەد، پەپوولەکانی مەرگ، هەولێر ١٩٨٨، لەگۆڤاری نووسەری کوردستان لە شاخیش بلاوبۆتەوە، ژ١٦، ١٩٨٩.

٢٢- توظيف الاسطورة في القصة العراقية، فرج ياسين، بغداد ٢٠٠٠.

# کاریگەری چەمکی خەون لە نۆڤلێتی (خەونی جالّجالۆکەکان)دا

**شوکر سلێمان**

(ڕۆڵی من ئەوە نییە جیهان، یان مرۆڤایەتی بگۆڕم، چونکە نە هێندە چاکم و نە ئەو دانایەشم شیاوی ئەو کارە بم، بەڵام دەشێ ڕۆڵی ئەوە ببینم لە هەر کوێیەک بم خزمەتی ئەو بەها کەمانە بکەم کە ئەگەر جیهان لێیان بێ بەری بێت، ئەوە دەبێتە شوێنێک شایستەی ژیان نابێت، دیارە مرۆڤیش بەبێ ئەو بەهایانە چەندە خۆیشی تازە بکاتەوە شایەنی ڕێز نابێت..)

**«ئەلبێر کامو»**

## پێشەکی

(.. من کەسێکم هەمیشە لەناو خەونەکانمدا دەژیم، هەمیشە بەر لە خەوتن تکاو نزام ئەوە بووە، ئەی خوداوەندی خەونە خۆش و ناخۆشەکان فریام کەوە، ئاوڕێک لە منی تەنیاو بێ بەش بدەرەوە، منی بێ یار و هاودەم، منی هەمیشە ڕەشبین و بەدبین و هیوابڕاو.. ئەمشەو فەرامۆشم مەکەو خەونێک لە خەونە خۆشەکانی خۆتم بۆ بکە بەدیاری، ژیانم وشک و برینگە وەک بیابان.. هاوارم وەبەر تۆ هێناوە بۆ کەمێک باران، قاقڕە دەشتی ڕوحم.. دەپاڕێمەوە بۆ کەمێک سەوزایی، تاریکە ڕۆژ و شەوانم، سەر هەڵدەبڕم بۆ کەمێک ڕۆشنایی، ئیتر خواوەندی خەونەکان بە سەدەها شەو منی نائومێد کردووەو بە دەیەها شەویش سکی پێم سووتاوەو میهری نواندووەو یەکێک لە خەونە خۆشەکانی خۆی کردووە بە دیاریم، ئەو شەوانە شەوی دەگمەنی ژیانم بوون، شەوی وەدیهاتنی خولیاو حەزەکانم، خەون بۆ من سەفەر بووە بەناو ژیان و نهێنییەکاندا...)(١)

ئەم چەند دێرەی سەرەوە دەسپێکی نۆڤلێتی (خەونی جالّجۆڵەکەکان)ی (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووسە، ئەو پیاوەی هەمیشە ناتوانێ دەستبەرداری یادەوەری و خەونەکانی بێت و بۆ هەمیشە وا لە ڕابردوودا دەژیت و شەو و ڕۆژ ناتوانێ دەستبەرداری ئەو ڕۆژانە بێت کە نەخشی کاریگەریان لەسەر ژیانی ئەودا چێ کردووە، بۆیە لە نووسینەوەی هەموو چیرۆکەکان و نۆڤلێتەکان و تا ڕۆمانەکانیشی، یادەوەری شوێن پێ و کاریگەریان بە ڕووداو، یان بلّێین لە پانتایی دەقەکاندا بوونێکی بەرفراوانە. لە نۆڤلێتی (خەونی جالّجالۆکەکان)دا ئەم جارەیان خەون بووەتە بابەتێکی سەرەکی و ڕووداوێکی هەست بزوێن لە تێکستەکەدا، ڕەنگە ئەمەشیان هەر بۆ



**شێرزاد حەسەن**

یەک سەرچاوەی بابەت بگەڕێتەوە کە هەر دوو زاراوە (خەون و یادەوەری) دوو چەمکی دەروونزانی بن و ڕۆڵێکی کاریگەریشیان لە ژیانی هەر یەکێک لە ئێمەدا هەبێت، چونکە بە هەر دیوێک لەو دوو چەمکە بڕوانین، دەبینین پاشخانێکی مێژوویی لە ژیانی تاکەکاندا بەجێ دەهێڵێت و مرۆڤ هەروا بە ئاسانی ناتوانێ لە ژیان و بنیادی کەسایەتی خۆیدا دەستبەرداری ئەو پاشخانە مێژووییە بێت، یان زۆر بەئاسانی دەتوانین لە دووتوێی خوێندنەوەی کەسایەتی مرۆڤەکاندا کاریگەری ئەو چەمکانە بخوێنینەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەختی لەسەر دەکەینەوە کاریگەری چەمکی خەونە لە نۆڤلێتی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان)ی (شێرزاد حەسەن)دا، ئەمەش بەو واتایەیە کە تەواوی تێکستەکە بدەینە بەر سەرنجی خوێندنەوەو شرۆڤەیەکی وردو درشتی نۆڤلێتەکە بکەین، چونکە بابەتەکە ئەوەندە هەڵدەگرێت نەک هەر لە باری خوێندنەوەوە، بەڵکو سەرنجی ڕەخنەشی بخرێتە سەرو لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر بکرێت بە دیوێکدا کە زیاتر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەقەکە لەبەرچاو بگیرێ.

**بابەتی لێکۆڵینەوە**

چەمکی خەون لە نێو ئەو نۆڤلێتەدا پانتاییەکی دیار و بەرچاوی داگیرکردووەو هەر لە سەرتای دەسپێکی نۆڤلێتەکەوە، چیرۆکنووس کارەکتەری سەرەکی تێکستەکەمان بەوە پێ دەناسێنێ کە ئەو هەمیشە لەنێو خەونەکانیدا دەژێت، کەواتە بوونی ئەو جۆرە ژیانە لەنێو خەونەکاندا خوێنەر دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیاری یەک لەدوای یەک، بۆچی خەون؟بۆ ئەو کارەکتەرە ناتوانێ لەنێو خەونەکانیدا نەژێت؟ کاریگەربوونی کەسایەتی ئەو کارەکتەرە بە خەونەکان؟ دواجار کاریگەری خەون لەسەر ژیانی ئەودا چییە؟ ئەی لە خەونەکانیدا توانیویەتی دەسگیری ئەو هیواو ئومێدو نیازە لەدەستچووانەی ببێت؟ ئەی ئێستا وا لەکوێ؟ ئایا ئێمە دەتوانین بەبێ خەون بژین و هیچ حسێبێک بۆ خەونەکانمان نەکەین؟ هەموو ئەمانە پرسیاری کۆتایی خوێندنەوەی نۆڤلێتەکەن، هەر ئەمەش وای لە ئێمە کردووە بکەوینە سەوداسەری خوێندنەوەیەک کە دواجار بگەینە دەرئەنجامێک کە بزانین ئێمەی مرۆ چەندە بە خەونەکان کاریگەرین، ئەی خەوەن چ پێکهاتەیەکی لە ژیانی ئێمەدا چێ کردووە؟

**گریمانەی لێکۆڵینەوە**

چەمکی خەون لە دەروونزانیدا پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە، لێکۆڵڤانان و دەروونزانانی ئەو بوارە لە دووتوێی پێکهاتەکان و بنیادی مرۆڤدا بایەخێکی لە ڕادەبەدەر بە خەون دەدەن، (شێرزاد حەسەن)یش وەک چیرۆکنووسێک لە دووتوێی ئەو نۆڤلێتەدا کارێکی زۆری لەسەر چەمکی خەون کردووە، بۆیە ئەو دەقەشمان هەڵبژارد،چونکە باس لە دوو کارەکتەر دەکات کە یەکێکیان خەون هەموو ژیانی ئەوی داگیر کردووەو هەموو شەوێک لە پاڕانەوەی ئەوەدایە کە خوداوەندی خەونە خۆشەکان خەونێکی خۆشی دەقەبەڵ بکات و بیخاتە نێو دنیا سەوزەڵانەکانی بەهەشت و ئاوێزانبوونی ئەو دڵانەی بە چرۆیی و لە تەمەنێکی بەهاریدا وشک هەڵاتن و نەیتوانی بەکامی دڵ لێی بنۆشێ، لە لایەکی دیکەوە کارەکتەرێک بە پێچەوانەی ئەو بیر دەکاتەوەو هەمیشە ڕقی لە خەونە، بە تایبەتی ئەو خەونانەی کە کارەکتەری بەرانبەری هەم دەیانبینی و هەم لە گێڕانەوەشیدا هەست بە بێزاری و

سەرسوڕمانێک لە دیتنی ئەو خەونانەدا دەکات، گریمانەی ئەو لێکۆڵینەوەیەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە خەون چ ڕۆڵێکی لە ژیانی تاکەکاندا هەیە، ئایا هەموومان لەبەردەم دیاردەی خەوندا وەکو یەکین، بۆ هەندێک کەس بایەخ بە خەون دەدەن و هەندێک کەس بایەخی پێ نادەن، دواجار گریمانەکە ئەوەیە (دوانەی بایەخدان و نەدان بەخەون لای کارەکتەر بۆ ئەو پاشخانە مێژووییە دەگەڕێتەوە کە تێیدا ژیاوە.)

## ڕاڤەیەکی زانستی بۆ چەمکی خەون

بە هەر واتایەک لە خەون بڕوانین، ناتوانین دەستبەرداری ئەو واتا گشتییەی خەون نەبین کە ڕۆڵ و گرنگی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەکاندا هەیە، ئەمەش بۆ ئەو پاشخانە هزری و ئاوەزییە دەگەڕێتەوە کە تاک لە مێژووی دوورو درێژی خۆیدا بۆ خۆی چێی کردووە، خەون بووەتە وابەستەییەک بە ژیانی ئەوانەوەو لە مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیشدا دەور و گرنگی خۆی هەبووە، ئەمەش بۆ ئەو واتا فەلسەفییە دەگەڕێتەوە کە بۆ مرۆڤی چێ کردووە کە دەبێژێ: مرۆڤ لە دوو بەش پێک دێت گیان و جەستە، هەر یەکێک لەمانەش بەپێی ئەو واتایەی لە ژیانی ئەودا داگیری دەکات، شوێن و کاریگەری خۆی لە دووتوێی ئەو کار و کردەوەیەدا بەجێ دەهێڵێت.

مرۆڤ هەر لە کۆنی کۆنەوە بایەخێکی لە ڕادەبەدەری بە خەون داوەو نەیتوانیوە خۆی لە خەون ڕزگار بکات، هەر بۆیە خەون بووە بە یەکێک لەو چەمکانەی دوان و قسە لەسەرکردن لای ڕووناکبیران و دواتر وەکو زاراوەیەکی سەرەکی بووە چەمکی دەروونزانی، لێرەشەوە زانایانی دەروونزانی وەک سیگمۆند فرۆیدو یۆنگ و ئالفرێد ئادلەر و ئەریک فرۆم بە پێی بۆچوون و تێڕوانینی خۆیان کەوتنە شرۆڤەو لێکدانەوەو کاریگەری خەون لە ژیانی تاکدا، ئادلەر دەڵێ: هەموو مرۆڤێک خەون دەبینێ، زۆر کەمن ئەوانەی خەون نابینن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەمن ئەوانەی شتێک لەبابەت خەونەکانیان تێدەگەن، ئەو حاڵەتەش پێوەندی بە بارێکی تایبەتی مرۆڤ و چۆنیەتی باری دەروونی کەسەکانەوە هەیە، بێ گومان ئەمەش لە هەڵەو ڕاستی بەدەر نییە، لێرەدا چالاکییەکی کارامان لە چالاکییەکانی گشتی بۆ دەردەکەوێت کە هزری مرۆڤی پێ دەناسرێتەوە، خەون یەکێکە لەو دیاردانەی کە گرنگەو مرۆڤیش زۆر لە ژیانیدا پێوەی خەریکە، مرۆڤ هەمیشە بەرانبەر بە خەون سەری سوڕماوە، بۆیە دەیەوێ بزانێ ئەو خەونە بۆ کوێی دەبات و چ واتایەک دەدات، زۆربەی خەڵکان خەون لێکدەدەنەوەو دەیانەوێ ڕووداوی دوای خەونەکانیان بزانن، دەیانەوێ ئاسۆی دەرکەوتنی ئەو شتە بزرو ونانە بزانن لە ڕووی گرنگی و نهێنییەکەیەوە، ئەوان تەنیا بە ڕووکارەکەی ناوەستن، دەیانەوێ بزانن خەونەکە دەگاتە جێ یان نا، بۆیە وەک بیرێک دەیخزێننە نێو ژیانی هزری و دەروونییانەوە، ئەوان نوسەرتوون، کەواتە ئەمە دیاردەیەکی نامۆیەو ترسناکیشە، بایەخدانی مرۆڤ بە خەونەکانیان بە ڕێگەی جیاجیا لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ ڕاڤەو دەربڕینی بۆ کراوە، لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە کەسانێک هەن بەدوای خەونەکانیاندا وێڵن و بەدوای واتاکەیدا دەگەڕێن، ناشزانن بۆچی خەون دەبینن، لە لای ئەوان لێکدانەوەی سەیر سەیری بۆ دەکرێت، هەروەها جیاوازی لە ڕاڤەو لێکدانەوەی خەونەکانیاندا هەیە. (٢)

بە شێوەیەکی زانستیش بۆ ڕاڤەی خەون دوو تیۆری زانستی دەربارەی لێکدانەوەی خەون هەیە، ئەوانیش قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی فرۆیدو قوتابخانەی دەروونزانی تاکییە، لە نێوان ئەو دوو قوتابخانەیەدا تایبەتمەندانی دەروونزانی تاکی چاکتر توانیویانە لە لێکدانەوەی خەوندا شارەزاتر پەی بە نهێنی خەونەکان ببەن و ڕاڤەی ڕێکوپێک و نزیکیش لەو واتایەی کە بانگەشە بۆ ڕاڤەی خەون دەکات بکەن، بێ گومان لەو ڕاڤانەشدا بێ ئاگا نین کە بۆ خەون کراون. (٣)

لە ڕوانگەی فرۆیدەوە توانایەکی ڕاست و دروست دەبینین لەوەی کە خەون لە واتایەک پێکدێت کە تێگەیشتنەکەی تێگەیشتنێکی زانستییە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە ڕاڤەی فرۆید بۆ خەون نەگۆڕو جێگیربێت کە ڕاڤەیەکە خەون زۆر لە بوارە زانستییەکەی دوور دەخاتەوە، ڕاڤەکەش ئەمەیە بۆ نموونە دەلاقەیەک هەیە کە چالاکی ئاوەز لەکاتی ڕۆژ جیادەکاتەوەو لە شەودا چالاکی بە خەون دەبەخشێتەوە، بە پێی لیکدانەوەی فرۆید (ئەو) لە نێوان نەست و ئەو دیوی نەستدا قیت دەبێتەوە وەک دوو شتی دژ بەیەک لە دوو مەیدانی جیاوازدا. (٤)

ئادلەریش دەڵێت: لێرەدا دەتوانین بڵێین مەبەستی خەون لە پاشماوەی ئەو سۆزانەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەون دووبارە وەئاگای دێنێتەوە، خەون چییە، تەنیا کەرستەیەک نەبێت، یان ئامراز، کە هەست و سۆز دەورووژێنێ، لە هەڵکۆڵینی واتاو مەغزاکانیدا ڕەنگە شتی شاراوەی لە دواوە هەبێت، ئامانجی خەون لەو کاتەدا تەنیا ئاگەدارکردنەوەیە بۆ ئەو شتانەی کە هەست و سۆز لە دوای خۆیانەوە بەجێ دێڵن. (٥)

ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە هەمیشە ڕووبەڕووی فرۆید بە تایبەتی و قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی لە ڕاڤەی خەوندا دەکرێتەوە، ئەویش ئەو پرسیارەیە: (مەبەست لە خەون چییە؟)، یان (لە پێناوی چیدا ئێمە خەون دەبینین؟) ڕەنگە وەڵامی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی بەم شێوەیە بێت، (مەبەستی خەون بۆ تێرکردنی ئارەزووە خەفەکراوەکانی تاکەکەسە کە نەهاتوونەتە دی)، بۆیە لە دووتوێی ئەم تێڕوانینەوە ناتوانین بڵێین کە ئەوە بەسە بۆ لێکدانەوەی هەموو شتێک، بۆیە مرۆڤ دەپرسێ: (چییە ئەو تێر بوونەی کە خەون دەیهێنێتە دی، لە کاتێکدا خەون لە دنیای تاریکی دەروونداییە.)(٦)

## کاریگەری خەون لە ژیانی کارەکتەری سەرەکی نۆڤلێتەکەدا

پێش ئەوەی قسە لەو ڕووداوانە بکەین کە کارەکتەری سەرەکی نۆڤلێتەکە بۆمانی دەگێڕێتەوە، با کورتەیەک لەو خەونە بگێڕینەوە کە لە دەقی نۆڤلێتەکەدا هاتووە، چونکە بەبێ گێڕانەوەی ئەو خەونە، ناتوانین ئەو کاریگەرییانە دەستنیشان بکەین کە لە ژیانی کارەکتەرەکەدا هەن، بۆیە پێویست دەکات دەقی ئەو خەونە بۆ خوێنەر بگێڕینەوە کە لە دەقەکەدا هاتووە، (ژن و پیاوێک لەسەر جێگەی خەفتن لە شەوێک لە شەوانی هاوین لە ڕۆچوونی خەونێکی ناخۆشدا پیاوەکە وەئاگا دێت و خێزانەکەیشی کە ناوی پاکیزەیە وەخەبەر دێنێت، ئیتر لەو شەوەوە پیاوەکە خەوی لێ دەزڕێت و بەدەم خەوە ناخۆشەکانییەوە ناتوانێ لە شیرینی خەوێکی خۆشدا شەوەکان بە گزەنگی بەیانی بسپێرێت، بۆیە بووەتە عادەتی شەوانەی پێش خەفتن دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو خەونانەی لە شەوانی ڕابردوودا دیونی، ژنەکەیشی بەدەم گێڕانەوەی ئەو خەونانەوە تەواوێک بێزار بووە، هەندێک جاریش تکا لە پیاوەکەی دەکات کە چیتر ئەو پەڕتووکە هەڵەق و مەڵەقانە نەخوێنێتەوە، کە بوونەتە سەرچاوەی نەهامەتی و تێکچوونی خەوی پیاوەکەی، ئەو خەونە ناخۆشانەی ئەو بەدەمیانەوە هەراسان بووە، بەڵام پیاوەکە لە یەکێک لەو شەوانە هەر چۆنێک بێت بارودۆخەکە دەخاتە حاڵەتێکی ئاسایی و ژنەکە دەخزێنێتە نێو گەرمەی قسان و گێڕانەوەی بابەتێک لەو بابەتە زانستییانەی ئەو کە لە یەکێک لە کتێبەکاندا خوێندوویەتییەوەو دەڵێ دەزانی ژنەکە کاتێ جاڵجاڵۆکە لەگەڵ مێیەکەیدا جووت دەبێت، جاڵجاڵۆکە مێیەکە لەگەڵ سەرگەرمی جووتبوون و لێک ئالاندا هێدی هێدی مێیەکە نێرەکە دەخوات و بەبێ ئەوەی لە چێژو لەزەتی خۆیان بکەون، پاکیزەیش بە گێڕانەوەی ئەو بابەتە تەواوێک پەست دەبێت و تووشی سەرسوڕمانێک دەبێت، دواجار کارەکتەری نێو نۆڤلێتەکە بە هەر شێوەیەک بێت یەکێک لەو خەونە نەگریس و پڕ لە واتایانەی خۆی کە یەکێک لەو شەوانە دیویەتی بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە، بە گێڕانەوەی خەونەکە تەواو پاکیزە دەخزێنێتە نێو دنیای گوێ گرتنەوە، پیاوەکە دەست دەکات بە گێڕانەوەی خەونەکە، ژنەکە لەخەوما من و تۆ ببووینە دوو جاڵجاڵۆکە لە کەلاوەیەکی کۆن و پیس و نەگریسدا، تۆ هەمیشە بۆ پاراستن و ماخولانی من هەر



خەریکی چنینی دیواری تەون و قایمکردنی ئەو تخووبانە بوویت کە هەمیشە من دوور بخاتەوە لەو جاڵجاڵۆکانەی کە دەورەی منیان دەدا، تۆش زیرەکانەو ئازایانە لە نزیکبوونەوەی هەر یەکێک لەو جاڵجاڵۆکانە، پڵێنگ ئاسا پەلامارت دەدان و بە پەلەپروزێک وردو خاشت دەکردن و دەتکردنە پاروویەکی چەور و دەگەڕایتەوە سەر قایمکردنی ئەو زیندانەی کە منی دەستپاچەو وێڵت تێدا سەرگەرمی چوونە خوارەوەیەکی جووتبوون دەکرد، بەڵام لەگەڵ هەر تەکانێک و چێژێکی راموسـاندا من هێدی هێدی دەکەوتمە نێو قووڵایی هەناوی گەرمی تۆ و تۆش بێ باکانە لە لەزەتی شەهوانیەتی خۆتدا زیاتر و زیاتر منت هەڵوەدای نێو ناخی خۆت دەکردو دواجار لە لووتکەی ئەو چێژەدا منی داخدارو مەست بە لەزەت، بە وردو خاشییەوە کەوتمە نێو سکی تۆ و تۆش بێ باکانە لەو گەیشتن بە لووتکەیەدا ئارام و هێمن و بێ باک کەوتییە سەر لا تەنیشت و حەسانەوەیەکی ئەبەدی، چشدا لەو جاڵجاڵۆکانەی وان لە دەوروبەری کەلاوەدا.

من لەو خەوەدا کە کەوتبوومە نێو سکی تۆ و عەوداڵی ڕزگاربوون بووم، هەمیشە بەدەم ڕشانەوەو ئەو ئاوە لینجەوە هەڵدەخلیسکام و نەمدەتوانی تەکانێک بدەم، لەم هەڵسان و ڕابوون و تلانەوەیەدا تەواوێک کەوتمە گومان و دوودڵی لەو خەونەی وام لەنێو تەمتومانی وەئاگا نەهاتنەوەدا، تەواو کەوتمە نێو داوی ئەو خەونەی کە ڕاستییەک بێت و ئیتر وام لەنێو شەوارەی مەرگدا، ئازاری مردنێکی لەسەرخۆ و ئەبەدی، (دەنگێک کە بەر لەوەی هەموو گەردیلەکانم بسووتێن و بتوێنەوە دەیوت: ئارام بەو بنوو ئارام بەو بنوو! ئەگەر مردن و ئەگەر نووستن، گەر وڕێنەی نەخۆشی بێ، یان هی سەرەمەرگ، گەر ئەم دەنگە دادی ڕۆحی هیلاک و پەژموردەی خۆم بێ، یان دوا دوای کەسێکی تر کە من وام دەنێو هەناویدا، یان ڕاکشاو لە تەکیدا.. ئەو دەنگەی بە کوڵێ میهرەوە بە ئەوپەڕی خەمخۆری و سۆزەوە گەرەکی بوو بێ ئاگام بکات، کارەساتی جەرگبڕی ئەو شەوە، یان لەو خەوە، لە ئازاری نەبڕاوەی هەست کردنم بەوەی کە جگە لە دەعجانی هیچی دیکە نیم.. ئەو دەنگە پڕ تکایە کە بەدەر نەبوو لە فەرمان، بەدەر نەبوو لە میهر.. لە ترس.. لە دڵەڕاوکێ.. لە خۆشەویستی .. لە هیلاکی .. لە قەهر.. لە زرنگانەوەی پاش بینینی مۆتەکە.. لە شەرم و شکان.. لە ڕسوابوون و سۆز و گومان.. لە هەموو شت.. ئا ئەو دەنگە کە دواجار لە گوێمدا بوو بە نووزەیەکی غەمهێن.. ناچاری کردم کە هێدی هێدی  هێور ببمەوەو واز لە خۆم بێنم و.. چیتر نەمەوێ خۆ لەو گێژاوە.. لەو مەرگەساتە قوتار بکەم.. ناچار بووم کە بمرم.. کە بنووم.. کە بمرم.. کە بنووم..) (٧)

(بەرهەمی ئەدەبی نمایشی ئەزموونەکانی مرۆڤە، بەرجەستەکردنی ڕاکانی نووسەرە یاخود بنیادی کارە ئەدەبییەکان دووبارە بنیادی عەقڵی مرۆیی بەرهەم دەهێنێ، بەڵام ڕاڤەکردنی فرۆید بۆ خەون ئەم توانایە فەراهەم دەکات کە بەرهەمی ئەدەبی بریتییە لە جۆرێک لە بەرهەمهێنان نەک جۆرێک ڕەنگدانەوە، بەڵکو جۆرێک لە بەرهەمهێنان، بەرهەمی ئەدەبیش وەکو خەو بە بەکارهێنانی هەندێ مەتریالی سەرەتایی وەک: زمان، تێکستە ئەدەبییەکانی دیکە، شێوازەکانی تێگەیشتن لە جیهان، هەروەها بە سوود وەرگرتن لە هەندێ لە هونەرە جیاوازەکان ئەو ماتریالانە بۆ بەرهەمێکی نوێ دەگۆڕێن. ئەو هونەرانەی ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانە بە ئەنجام دەگەیەنن بریتین لە کۆمەڵێک شێوازی جۆراوجۆر کە پێیان دەوترێت (فۆرمی ئەدەبی).

تێکستی ئەدەبی لە میانەی مامەڵەکردن لەگەڵ مەتریالە کاڵەکانی خۆی حەزی لێیە ئەم مادانە بە شێوازە تایبەتییەکانی (پێداچوونەوەی مامناوەندی) خود دەربخات، بەڵام بەرهەمی ئەدەبیش دەکرێت تەواو وەکو دەقی خەون بە شێوەیەک لە شێوەکان شی بکرێتەوەو مانای شتەکان ئاشکرا بکات و هەڵبوەشێنرێتەوە تا ئەو ئەندازەیەی کە پرۆسەی ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات کە ئەمەی پێ دروست دەکرێت، یان بە شێوازێکی تر بە پێی بۆچوونی یەکێک لە خەونناسەکان، شیکردنەوەی دەروونی جۆرێکە لە (ڕاڤەناسی گومان ئامێز)ی دەروونی، تەنیا بایەخ بە خوێندنەوەی دەقی ناهۆشمەندی نادات، بەڵکو ئەو پرۆسەو کارەی خەونانە ئاشکرا دەکات کە دەقیان هێناوەتە ئاراوە، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش بە تایبەتی بایەخ بە (نیشانەکانی نەخۆشی) دەدات لە دەقی خەونەکاندا.

ڕەخنەگری ئەمریکایی (نۆرمان. ئان . هۆلاند) لە کتێبی (داینامیکییەتی وەڵامی ئەدەبی ١٩٦٨)دا کە شوێن پێی فرۆیدی هەڵگرتووە ئەم نووسەرە بەرهەمە

ئەدەبییەکان بە هۆکارێک بۆ بزواندنی باری دوو لایەنەی خەیاڵەکانی ناهۆشمەندی لەلای خوێنەر دادەنێت. لەبەر ئەم هۆیەش بەرهەمەکە لەزەتبەخشە لەبەر ئەوەی بەسوود وەرگرتن لە شێوازەکانی وێنەی دەرچوو قووڵترین نیگەرانی و ئارەزووەکانمان دەگۆڕێت بۆ واتای کۆمەڵایەتی ماقووڵ، ئەگەر کاری ئەدەبی نەتوانێ بە سوود وەرگرتن لە چوارچێوە و زمان ئەو ئارەزووانە نەرم و ناسک بکات، هەروەها ڕێگەمان بۆ خۆش نەکات تا دەسەڵات و هێز بەسەر بەرهەمەکەدا پەیدا بکەین، ئەوە ئەو بەرهەمە جێگەی ڕازیبوون نابێت، ئەگەر تەنیا بەرگرییەکانی ئێمەش بەهێز بکات، ئەوە دیسان جێگەی ڕازیبوون نابێت. (٨)

هەرچەند شێرزاد حەسەن بەوە ناسراوە کە لە چیرۆک و نۆڤلێتەکانی تا بە ڕۆمانەکانیشی ڕادەگات هەرگیز حسێب بۆ پاڵەوان ناکات، چونکە ئەو پێی وایە مەرج نییە دواجار پاڵەوان دوا کەس و دوا کارەکتەری سەرکەوتووی نێو دەقەکان بێت، دیارە ئەو هۆکارە بۆ بوونی جۆرێک لە ڕۆچوونی خودی خۆیەتی بەنێو بابەتە دەروونزانییەکان، ئەمەش بە تەواوی  بە دەقەکانی ئەوەوە دیارەو ئەو هەمیشە لە ناخی ناخەوەی کارەکتەرەکانەوە ڕووداوەکان شرۆڤە دەکات و تا ڕادەیەکی زۆریش قەرزارباری قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی فرۆیدە، لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕێک لەگەڵ بیروڕاکانی ڕۆلان بارتە کاتێ مەرگی نووسەر ڕادەگەیەنێت و تەنیا حسێب بۆ دەقی ئەدەبی دەکات، شێرزاد لەو نۆڤلێتەدا زۆر بە وردی چووەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە، کاتێک لە دووتوێی دەقەکەشەوە دەچینە نێو شرۆڤەی ئەو کاریگەرییە بەرجەستەیەی کە کارەکتەرەکە وەکو بوونێکی ئامادە کەوتووەتە نێو چوارچێوەی ڕووداوەکانەوە، دەبینین، ئەوەندەی مەبەست و خەیاڵی نووسەر لە پێکانی مەبەستەکانی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوەندە مەبەستی دیوی دەرەوەی خەونەکە نییە، بەڵکو لە دووتوێی چەمکی خەونەوە نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێ کە هەمیشە ژیانێک هەیە لەو دیوی ئەو زیندەگییەی کە ئێمە هەمیشە خۆمانی بە دەمامک دراوی تێدا دەبینینەوە، ژیانێک کە دواجار لە نمایشێک و خۆدەرخستنێک و درۆیەک بەو لاوە شتێکی دیکە نییە، بەڵکو ئەوەی دواجار ڕاستی و حەقیقەتی ئێمەی مرۆڤ دەخاتەوە بۆتەی سروشتی خۆیی و ڕاستی و ڕەوانی ئێمە نیشان دەدات، خەونەکانە. شتە چەپاو و خەفەکراوەکانی ژیانی ڕۆژانەمان بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ نمایش دەکاتەوەو ئاگەدارمان دەکاتەوە لەوەی چۆن و بە چ شێوەیەک خۆمان بخەینە دەرەوەی ئەو بازنەیەی کە سەرجەم ژیانی ئێمەی تۆڕ بەند کردووە.

لە سەرێکی دیکەوە نووسەر لە ڕێگەی دوو کارەکتەری نێرو مێوە خوێنەر دەخاتە بۆتەی دیالۆگێکی بێ دەنگ و هێمن لە کردەیەک کە بەدەر نییە لە ژیانی هیچ یەکێک لە ئێمەی مرۆڤ لەو بویەرەی کە تێیدا دەژین، بۆیە نقوم بوونی کارەکتەری سەردەست لە کۆمەڵگەدا لە دووتوێی ڕووداوە خەون ئامێزەکانی نۆڤلێتەکەدا، جۆرە واتایەکی دیکە بە خەونەکە دەبەخشێتەوە کاتێ نێری سەردەست بۆ گەیشتن بە لووتکە و لەزەتە شەهوانییەکانی خۆی، لەسەر شمشێری مردن بازبازانێ دەکات و چش دا لەو چوونە خوارەوەیەو ئەو قوتدانە پڕ لەزەتەی لە خەوەنەکەدا بەرجەستەکراوە. هەر لە ڕێگەی ئەو خەونەوە نووسەر ویستوویەتی کارەکتەری باڵای کۆمەڵگە بخاتە نێو قاوغی سروشتی خۆیی و هەر لەو ڕێگەیەشەوە واتایەکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات، کاتێ تاکی نێر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چەندە توندوتیژو شەڕانگێزە، کەچی لەئاست دامرکاندنەوەی لەزەتە شەهوانییەکانی خۆیدا لە لستنەوەی بنی پێوە دەست پێدەکات و سەردەکەوێ، دیارە درکاندنی ئەو حەقیقەتەش لە دووتوێی خەونێکدا کە نووسەر بە مەبەست و بە ئەنقەست تاکی سەردەستی خزاندۆتە نێو بازنەیەکی داخراو و زیندانی، ئەمەش زیاتر وەکو دەرخستنی ڕاستییەکی بویەرە کە سەودایی لەگەڵ کێشەکاندا کردووەو دەقاو دەق توانیویەتی بۆچوونێکی فرۆید بسەلمێنێ لە شرۆڤەکردنی خەون کە چەندە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری چەپاوی تاکی ئێمە هەیە، هەروەکو فرۆید دەڵێ (خەون ڕەنگدانەوەی هەڵچوونەکانی ژیانی ڕاستەقینەی ئێمەیە) چونکە (دەتوانرێت بگوترێت کە خەونەکان وەک ئەوەی تەسەور بکرێت هێندە پڕ لە خۆشی نین، بەڵکو ویژدانی ئێمە کەم، یان زۆر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کاتی بەدەستهێنانی ئارەزووە فراوانەکانمان دەیان پشکنێت، زۆر ئاشکرایە ویژدان بە شێوەیەک پەردە بەسەریدا دەدا کە ئێمە خۆشمان توانای دەستنیشانکردنمان لێیان نییە، هەر بۆیە خەون واتای

واقیعی خۆی لەژێر هۆیە جۆر بەجۆرەکاندا دەشارێتەوە، ئەم کارە دەبێتە بەرگری لە نیشانەیەکی دیاریکراو، بۆیە لە زۆر کرداری سۆزداریماندا زیاد لە پێویست هەست بە شەرمەزاری دەکەین.(٩)

### شرۆڤەی کەسایەتی نووسەر لە دەقدا

دەربارەی نووسەر و کەسایەتی نووسەر لەنێو دەقی ئەدەبیدا زۆریان گوتووەو باسەکانیش تا رادەیەکی زۆر بەلای شرۆڤەیەکی فەلسەفییانەدا کەوتووەتەوەو لەم رووەوە مشتومڕێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ئاراوە، (رۆلان بارت یەکەم بیریار بووە مردنی نووسەری راگەیاندووەو پێی وایە بەبێ دەقی ئەدەبی کەسایەتی نووسەر خودی نەبووەو هیچ واتایەکی نییە، (بۆچوونەکەی بارت کاریگەرییەتی خۆی کردووەتە سەر بیروباوەڕی پاش تازەگەری و شوێنکەوتووانی پاش تازەگەری، ویستوویانە بەدوای واتاکانی دەقدا بگەڕێن و نووسەریان خستووەتە پەراوێزەوە، تێشگەیشتن لە دەقێک پێویستی بە ناسینی نووسەر نییە، چونکە نووسەر (خۆ)یە، یان وەکو خاوەن ناسنامەیەک پەیدا ناکرێ و نییە، ئەگەر نووسەر (خۆ)یەک بێت، (نیتشە) گوتەنی ئەندێشەمان دایهێنابێت، ئەوە ناتوانین بیدۆزینەوە، بۆ وێنە ئەگەر بمانەوێ لە واتای هۆنراوەیەکی نالی بگەین، پێویست ناکات نالی بناسین، چونکە نالی بێ خۆیەو (خۆ)ی ئەو شتێک نییە پەیدا بکرێت، بەڵام هۆنراوەکە وەکو دەق شتێکە هەیەو دەتوانین لە واتاکەی بکۆڵینەوە.)(١٠)

لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری خودی نووسەر بەسەر دەقدا لە دووتوێی داهێنانی ئەدەبیدا شتێکی حاشا هەڵنەگرەو زۆر بە روونی ئەو کارکردە کۆمەڵایەتییە بەرجەستە دەبێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە نووسەر ژیاننامەی خۆی دەنووسێتەوە، بە پێچەوانەوە هەندێک جار حوکمی رەخنەگران زۆر قورس لەسەر نووسەر دەکەوێتەوە، کاتێ وا مەزەندەی رووداوەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکە دەکەن، کە بەشێکە لە رۆژگار و شەوگارەکانی زیندەگی نووسەر، بەڵام نووسەر لە دەقی ئەدەبیدا تەنیا شرۆڤەی بوبەر دەکات و لەنێو دەقێکی ئەدەبیدا وردی دەکاتەوە، کە رەنگە هەندێک جار ئەو دەقە ئەوەندە تێکەڵ بە فەنتازیای داهێنان و هونەراندن ببێت، دواجار نەتوانین دیوەکانی بە بارە کۆمەڵایەتییەکەوە بگرین، بۆیە زۆرجار لە دۆخێکی زۆر ناهەمواردا دەقێکی زۆر ناسک و پڕ لە جوانی سۆزداری دەخوێنینەوە لە چیرۆکێک، یان دەقێکی شیعریدا، لێرەشدا ئەگەر نووسەر هەر خەریکی رووداو و کارەکانی ژیانی خۆی بێت، دواجار ئێمە لە کۆپییەکی بوبەر بەو لاوە داهێنانێک نابینین کە خودی خوێنەر بخاتە دۆخێکی پڕ لە ئەندێشەو رۆچوون بەنێو سیحرەکانی ئەدەبدا.

بەلای مەتریالیزمی دیالەکتیکەوە توخمی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی داهێنانی ئەدەبدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەدەب و فەلسەفە لەسەر دوو ئاستی جیا هەردووکیان تەعبیرکردنن لە جیهانبینییەک، جیهانبینیش تایبەت نییە بەو رووداوانەی پەیوەستن بە تاکە کەسێکەوە، بەڵکو بە رووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە لایەکی دیکەوە دەشێ ژیاننامەی نووسەر گرنگییەکی گەورە بێت و ئەرکی سەرشانی مێژووناسی ئەدەبییە کە بە وردی لێی بتوێژێتەوە، تا لە هەموو بارەکاندا بزانێت تا چەند رووداوەکانی ژیانی نووسەر یارمەتی دەدات، بەڵام دەبێ ئەوەی لە یاد نەچێت کاتێک مەسەلەکە پێوەندی بە شیکردنەوەیەکی قووڵترەوە بێت، ئەو کاتە ژیاننامەی نووسەر دەبێتە هۆکارێکی لاوەکی و هۆکاری گەوهەری دەبێت لە پێوەندی نێوان کارە ئەدەبییەکەو جیهانبینییەکانی هەندێک لە چینە کۆمەڵایەتییەکاندا بدۆزرێتەوە.)(١١)

### دوا سەرنج

نۆڤلێتی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان) یاریکردنێکی جوانە بەخەون لەنێو تێکستێکی ئەدەبیدا، کە شێرزاد حەسەن لەو تێکستەدا سەد دەرسەد توانیویەتی گەمەیەکی فەنتازی لەنێو رووداوێکی کۆمەڵایەتیدا بکات و لە دووتوێی دەقەکەدا خوێنەر بخاتە دنیای رامان و بیرکردنەوەو حاڵەتی پرسیار، ئەو پرسیارەی رۆژانە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا رووبەڕوومان دەبێتەوەو هەندێ جار دەی چەپێنین و بە هۆی کۆمەڵێک وابەستەی کۆمەڵایەتی و دابونەریتەوە ناتوانین رووبەڕووی ببینەوە، یان ناتوانین ئازادانە دەربڕینی لێ بکەین، تەوزیفکردنی چەمکی خەونیش لەم نۆڤلێتەدا بەو شێوەیەی شێرزاد کردوویەتییە دیالۆگی نێو دوو کارەکتەری نێر و مێ،

خۆی لە خودی خۆیدا هێنانە ئارای کۆمەڵێک پرسیاری دیکەیە لەنێو تاکی خوێندەواری ئێمەدا، هەرچەندە ئەرکی ئەدەب لە ڕووی دەروونزانی و کۆمەڵزانییەوە گرنگ و پڕ بایەخە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە شرۆڤەو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسییانە بۆ دەقە ئەدەبییەکانی خۆمان بکەین، بۆیە دواجار دەقە ئەدەبییەکان تەنیا لەنێو بۆتەی ئیستێتیکایەکی ئەدەبی جواندا دەمێنێتەوەو هیچی دی.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

**(١) شێرزاد حەسەن، خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن، نۆڤلێت، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٦، ل٧.**

**(٢) ئالفرێد ئادلەر، بووژانەوەی سایکۆلۆژیەت لە ژیاندا، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٥، ل١١١.**

**(٣) ئالفرێد ئادلەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١١٢.**

**(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.**

**(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.**

**(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١.**

**(٧) شێرزاد حەسەن، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩٧.**

**(٨) تێری ئگلتون، شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، و: سەلاح حەسەن پاڵەوان، زنجیرەی کتێبی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ٩٧ – ٩٨.**

**(٩) فرانگ.س. کاپریز، دەروونزانی ڕەفتار، و: سۆران خورماڵی، لە بلاوکراوەکانی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ٥٦.**

**(١٠) د. محەمەد کەمال، نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٥، ل ١١٣.**

**١١- ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری، دەزگەی چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ساڵی ٢٠٠٦، ل ١٨٦ - ١٨٧.**

# ئەورووپا و ئەوانەی تر

فریدریک جەیمسۆن
لە تورکییەوە: یووسف عیزەدین
(ئوستورالیا)

بێ گومان خۆدان لە مەسەلەی ئەورووپا و باسکردنی، پانتاییەکی بەرفراوان داگیر دەکات؛ چونکە هەر لەناکاو دەیان بیرۆکە بەمێشکی ئینساندا گوزەر دەکات، بەڵام من هەوڵدەدەم لە باسەکەمدا زۆر پەل نەهاوم و لە سنوورێکدا بیهێڵمەوە.

سەرەتا ئاماژە بە چەند سەر دێڕێک دەکەم، کە دواتر لە یەکانگیری وتارەکەدا پێکەوەیان گرێ دەدەم. ڕەنگە وا هەست بکەن، بابەتەکان دابڕاو و پەرتەوازەن، بەڵام تەوەرە سەرەکییەکە وێکیان دەخاتەوە.

١- چەند بیرۆکەیەک سەبارەت بە یەکێتی ئەورووپا.

٢- مەرکەزیەتی ئەورووپا و کەسایەتی ناسیۆناڵ و نۆمینالیزم.

٣- ئەو ئەورووپایەی ئەوانەی تر نایبینن.

٤- سەبارەت بە مۆدێرنیزمی ئەورووپا.

٥- سیاسەت و کولتووری ئەمڕۆی ئەورووپا.

چەند ساڵێک لە مەوپێش، کە بەسەفەر چوومە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا؛ هاوڕێیەکم کەخەڵکی سەنگافوور بوو. بەمنی گوت؛ «سەیرکە هەر دەڵێی ئەورووپایین، تەنیا کولتوور و ئایین و زمان و داب و نەریتمان جیاوازە، لە ڕووی سیاسیشەوە گچکە دەوڵەتێکی سەربەخۆین، بەڵام خەڵکەکەمان کوێی بوویت، دەتوانێت سەفەری بۆ بکات و بۆی بچێت. زۆرێک لە خەڵکەکەی دەوروپشتی خۆمان؛ بە کەس و خزم و دۆستی خۆمانیان دادەنێین، گەرچی هەمووشمان دەزانین، ئێمە لە هیندستان و چین و ئوستورالیا جیاوازین».

ئەمە سەرەتایەکە بۆ گشتگیرکردنەوەی بیرۆکەکانم سەبارەت بە ئەورووپا، لەلایەکی دیکەشەوە دەزانم، ئەو ئینسانانەی کە لە دەرەوەی ئەورووپادان، بەزەحمەت لێم تێدەگەن، چونکە ئەوان پێیان وایە، ئەورووپا لەسەر بناغەی لێکچوون و هاوشێوەبوون دامەزراوە، لەکاتێکدا ئەورووپا لەسەر بناغەی جیاوازی دژەکان، بونیاد نراوە.

کەسێک لە هەر شوێنێکی ئەورووپادا بێت، دەتوانێت لیبنیز بهێنێتەوە ژیان؛ لیبنیز ئەو نووسەرە ئەڵمانییە بوو، کە بە فەرەنسی دەینووسی و لەگەڵ ئێنتەلکتوێلە ئینگلیزەکانیش، هەردەم دەمەتەقێی بوو. هەر بۆیە بووەتە سیمگەی هەر ئەورووپاییەکی ئێنتەلکتوێل، رەنگە زیاتر وەک سپینۆزای دژە هیگڵ حیسابی بۆ بکرێت، چونکە ئەو زیاتر دەیتوانی بەرگری بکات (کۆنژی) یەکێک بوو لەو کەسانەی کە هێندەی بە (دێلوزێ) موعجیب بوو، هێندەش بە لیبنیز؛ دیارە هۆکارەکەشی ئەوەبوو، کە خۆی بە نوێنەری ژاپۆنیا دەزانی.

بەرای کۆنژی، مۆنادۆلۆژی لیبنیز؛ رەنگدانەوەی بونیادی ئەورووپا بوو. هەر مۆنادایەکیش لەنێو خۆیدا دنیایەکی گشتگیرە، (بەپێی تێروانینی ئەو؛ هەموو ئەوانەی دیکەش دەگرێتە خۆی). شایەنی باسە ئەم مۆنادایانە سیستمێک نوێنەرایەتیان ناکات، بەڵکو لە هاوکاتییەکی زەمەنیدا پێکەوە هەڵدەکەن و دەژین. هەر مۆنادایەکی ناسیۆنالیستی بەشێوازی خۆی، گوزارشت لە یەکگرتوویی ئەورووپا دەکات و هەر ئەمەشە دەبێتە مایەی یەکگرتنیان، کە ناکرێت بەکۆنفیدراسیۆن، یان یەکێتی، یان هەر شێوازێکی دیکە کە لە ئێستادا باوە ناوی بنێین، چونکە ئەوەی ئەوانی پێکەوە گرێ داوە پێوەندییەکی دیکەیە. رەنگە بەرای کەسانێک، ئەوەی ئەورووپا پێکەوە گرێ دەدات؛ هەبوونی میراتێکی کولتووری هاوبەش بێت، ئەوەی کە منیش دەمەوێت لەم وتارەمدا پووچەڵی بکەمەوە، ئەو بیرۆکەیەیە.

ئەگەر ئاماژەیەک بەگەشەسەندنی سروشتی فرانکۆمۆرێتی بدەین؛ نابێت پێمان وابێت، کە هەنگاوێکی بەرەو دوایە.. لە چاو ئەوەی داروین لە چەرخی نۆزدەدا تیوریزەی کرد، کە دیارە لەلایەن گۆڵد و کەسانێکی ترەوە بووە جێی باس و گفتوگۆ.

تێروانینەکانیان لە رووی تیۆلۆژیکییەوە نەبوو، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ماتەریالیستیانەی داروین بوو، سەرباری ئەوەی هەنگاوێکی بوێرانەش بوو.

مۆرێتی-ش یەکێک بوو لەوانەی کە تیۆری گەشەسەندنی سروشتی کۆنی خستە ژێر پرسیارەوە و تەنانەت لە ئاست و بەهاشی هێنایە خوارەوە و ئەلگۆیەکی نوێی هێنایە ئاراوە، کە بەرای ئەوان مۆناداکان پووچێتییەکی ئیۆلۆکین؛ هەر میللەتێک زمانی لەمیانی گۆرانکارییەکانەوە نەختێک لەوی دیکە جیاوازە، هەروەک ئەوەی گەمە بە پێکهاتەکانی کرابێت. بەرای مۆرێتی، باشترین سیمگە بۆ ئەمە، تراژیدیای بارۆکە (هەر لە شێکسپیر و لۆپیتان-ەوە، تا راسیتی) و دواتریش رۆمانە بۆرژوازییەکان. بەو پێیە ئەزموونە نەتەوەییەکان، لەدەرەوە نەهێنراون.. تا لە ناوەوە گەراکانی بپیتێنرێت و دواتر بە چەشنی کۆڵۆنی زیاد بکات، چونکە هەریەکەیان بەجیا و ئازادانە گۆرانی بەسەردا هاتووە، هەر بۆیە لێرەدا دینامیکیەتی نەتەوەیی و جیاوازییەکانی دەبینرێتەوە و دەکرێت راڤە بکرێت. لە فەرەنسادا هەر لە چەرخی نۆزدەیەمەوە بەهۆی کۆچکردن لە باشوورەوە بۆ باکوور، کۆمەڵگایەکی هیگیمۆنی پێکهات.

بەڵام مەبەستی بنەرەتی ئێمە لەوەدایە کە مۆرێتی ئاماژەی پێدەکات، ئەویش هەر لە کولتووری کۆن و دنیای سیاسەتی گوبنی و پایەی ئایینی پرۆتستانت، یان کاتۆلیکەوە کە تا ئێستاش رێزدارن، بەڵام ئەوانە بە مەبەستی دابراندنی پێوەندییە هیومانیستییەکان، پایەداربوون.

کاتێکیش بیر لەو پووچێتییە ئیکۆلۆژییە بکەینەوە، دەڵێین ئەی بۆ ئەورووپا ئازادە، کە لێرەدا دەکرێت ئەو وڵاتانەش بخەینە پاڵی کە سەردەمانێک کۆڵۆنیای ئەورووپا بوون؛ وەک ئەمریکای لاتین و ئیسپان رەگەزەکان و دەوڵەتە کۆنەکانی ژێردەستەی ئینگلیزیش.

جا ئەوەی کە زۆر کامڵ و گرنگە، تەوەرەی پەیوەست بوونی ئەورووپایە بەیەکدییەوە، ئەوەی تا ئێستاش باسمان لێوە نەکردووە، کاپیتالیزمە، هەر لە ئیسپانیاوە بۆ هۆڵەندا و ئینگلتەرا و زۆر پانتایی دیکەی لەدایکبوونی ئاسیا (کە بەرای ڤالێری پرۆجێکشنێکی گچکەیە) تاقیگەی کاپیتالیزمە؛ مۆدێرنیزم دواتر هەموو دنیای تەنییەوە (لەراستیدا بەزەبری چەک، ئیمپریالیزم

لەگەڵ خۆیدا بردی و بڵاوی کردەوە). لە ئێستاشدا گلۆبالیزم و جیهانگیری، هەروەک مارکس ئاماژەی پێداوە، دوا قۆناغی کاپیتالیزمە، کە دنیا دەکاتە بازاڕی خۆی.

هەموو ئەمانە لەمڕۆدا ئێخەی مەرکەزیەتی ئەورووپا دەگرێت، کاتێک دەڵێین ئەورووپا شوێنی لەدایکبوونی کاپیتالیزمە، مەبەست لەوەیە کە ئەورووپا سەنتەرە؟

ئەمە ئاماژە پێکردنێکی شایستەیە، یان لەڕێی نایاساییەوە- کەسانێک لەمیانی گروپکارییەوە، خۆیان جیا دەکەنەوە؟ ئەمەش بەو واتایە دێت، کە ئەورووپا توانستی ئەوەی هەیە کە بەسەر ناوچەکانی دیکەی دنیادا زاڵ بێت و ببێتە گەورە و سەرداری خەڵکەکەی.

ڕەنگە ئەورووپا ئەو ڕایەی پێ پەسەند بێت؛ کە خەڵکانێک پێیان وایە، ئەورووپا لە ڕووی تەکنۆلۆژی پێشکەوتووە و لە ڕووی ئەنتەلەکتوێل و ئیکۆنۆمیکەوە، ناوچەیەکی بە دەسەڵاتەو بوێرە؟ کەواتە ئێمە تا ئێستاکەش، کاپیتالیزم و مۆدێرنیزم بە گەورەترین دەسکەوتی مێژووی مرۆڤ دەزانین، ئەگەر ئیپمریالیزم بێتە جێگەی کاپیتالیزم و توندوتیژی ڕەچاو بکات؛ ئەوە گۆشە نیگامان دەگۆڕێت و ناتوانین باس لە دینامیکیەتی ئیمپریالیزم بکەین و ئەو دەمە هەڵوێستێکی توند وەردەگرین و تەنیا ئەوەندەشمان لەدەست دێت؛ نەفرەت لە ئیمپریالیزم بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر تەنیا مەسەلەکە فراوانبوونی ئاستی کاپیتالیزم بێت، ئەوە ستایشی دەکەین، بەڵام بەداخەوە هەموو ئەم یاساو ڕێسایە تێکشکاو ناتوانین لەمڕۆدا باس لەوە بکەین، کە لەسبەینێدا چیمان لێ بەسەر دێت.

لەو شتانەی کە لە کاپیتالیزمدا دەبێت ستایش بکرێت، زانستە ڕۆژئاواییەکانە، ناشزانین تەنیا بڵێین زانستە ڕۆژئاواییەکان، یان زانستە کاپیتالیزمەکانە، چۆن بیر دەکەینەوە با بیر بکەینەوە، بەڵام دەبێت زانستەکان بە ئەورووپاوە بناسرێنەوە، شایەنی باسیشە زانستەکانی ڕۆژئاوا، بەرهەمی کاپیتالیزمە، ئەی باشە زادگەی فەلسەفە و هزر و ئەو بیرۆکانەی کە دەکەونە دەرەوەی ئایینەوە کوێیە؛ ئەمەش وەک نموونەیەک هەر لە کتێبەکانی هیگڵەوە لە باوەڕ بەیەک پەروەردگار لە مەسیحیەتدا و بیرۆکەکانی دەرەوەی ئایین، هەمووی ئەورووپایین و ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکان؟ ئەگەر نەتوانین بیسەلمێنین کەوابووە، ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئەسینا پایتەختی بازرگانی و ئیمپراتۆریەت و شوێنی فەلسەفە و هاتنە ناوەوەی پارە و بەکارهێنانی بووە، جگە لە دەزگای ئینتەلکتوێل و فەلسەفە؛ دەتوانین بڵێین لەوکاتەوە تا ئێستای ئێمە هاتووە.

جا نۆمینالیزمەکان، پێیان وایە کە مۆدێرنیزمی پرووسیا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە وابەستەی ئایین نییە، دیارە ڕاوبۆچوونیشیان هەر لەوەندەدا سنووردار نییە، چونکە لە شوێنێکی دیکەوە هێرش دەکەنە سەر ئەورووپا و دەڵێن، ئەورووپا نە لەم کاتەدا هەیە و نە لە هیچ کاتێکیشدا هەبووە، پێیان وایە سەرەتا خێڵ و هۆزەکان لە ئەورووپادا هەبوون و دواتریش دەوڵەتی نەتەوەییان دروست کردووە، کە ئەمەش لەهەر شوێنێکی تری دنیادا هەر وابووە و هیچ جیاوازییەکی نەبووە، بەڕای من لێرەدا پرۆگرامێکی نهێنی هەبووە، کە بۆ خۆی بیرۆکەی ئەورووپا بووە.

نۆمینالیزمەکان هێرشێکی ستاندارد دەکەنە سەر سیاسەت و سیستمی کاپیتالیزم و بەرانبەر بە فینۆمینێکی گلۆبال دەوەستنەوە و پێیان وایە بوونی نییە و نەبووە، بەڵام من لەگەڵ ئەو ڕاوبۆچوونەی ئەواندا نیم، چونکە ئەگەر مەرکەزیەتی ئەورووپا هەبێت، ئەی چۆن دەبێت خودی ئەورووپا بوونی نەبێت؟ دەتوانین بەشێوەیەکی تر باس لەمە بکەین؛ ئەورووپا لەلایەن ئەوانەی ترەوە ناسراوە و هەر ئەمەشە بنەمای بابەتەکەم، کە پێم وایە دەبێت لەناوەوە ئەنالیزەی ئەورووپا بکرێت، بەڵام با لە ئێستادا واز لەمە بهێنین، چونکە دەبێت باس لە پێکدادانی فینۆمینی لەگەڵ ئەوی تردا بکەین، بەڵام ناڵێین ئەم فینۆمینییە زادەی خەیاڵە، شتێکی شەخسییە، ئەوەی کە دەیلێین ئەوەیە کە دەبێت ئەورووپا لەنێوەندێکی فیکریدا جێ بکەینەوە، بۆیە لەوەوە دەست پێدەکەم کە سیفاتە کەسایەتییە نەتەوەییەکانی نێو ئەورووپا چۆنن و چۆن بیری لێدەکەینەوە؛ فەڕەنساییەکان هێندەی چینییەکان چەنەبازن، هەنگارییەکان خەمبار، یان خۆبەزلزان و لووت بەرزن، چیکییەکان لەچاو هەنگارییەکاندا نەرم و نیانن، ئەمە ئیدی بەو چەشنە ئیدامەی دەبێت.

لە ڕۆژگارێکدا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، ئەم شتانە

شیکاری بۆ دەکرا، هەر توریستێک سەبارەت بە پۆلێن کردنی خەڵکانی ئەورووپا، کتێبێکی ڕێبەریان پێ دەدا، لە ڕاستیدا گەرچی ئەم جۆرە شتانە لەمڕۆدا نەماون، بەڵام کە بیری لێدەکەینەوە هەست بە شەرمەزاری دەکەین، چونکە ئەمە شتێکە لە سروشت و بایۆلۆژیەتی ئینسان بە دوورە و تەنیا میراتێکی لە پێشینەی مێژوویییە، لەمڕۆدا و لەدنیای گلۆباڵ و میدیاتیکدا، بەرەو ئەوە دەچێت کە دنیایەک ستانداردی بۆ دابنرێت، هەر بەو پێیەش دەتوانین بڵێین ئەو شیکارانەی پێشوو، بەرەو لاوازی و هەڵوەشان چوون. هەمیشە نۆمینالیزم دەیەوێت بمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە کەسایەتیمان ناچێتەوە سەر ئەتنیک و ئەو شتە عەجاییبانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێک لەو تایبەتمەندێتییانە هەر دەبینرێتەوە، بەتایبەت کاتێک لەگەڵ گرووپێکی تردا دەچیتە سەفەر.

دەبینین هەر گرووپێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەڵمانەکان تا بڵێی لووت بەرز و قسە ڕەقن، فەرەنسایییەکان هێندەی دانتێل بەناسکی هەڵسوکەوت دەکەن و کەسایەتییەکی تێکەڵ و پێکەڵیان هەیە (بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ویستی ئەوان هەڵسوکەوت بکەیت، خراپت بەسەر دێنن)، ئیدی ئەم پۆلێنکردن و لیستە بەندییە کۆتایی نایەت؛ بەمەش ئێوە دەبنە نوێنەری کەسایەتییەکی نەتەوەیی یان دەروونی تایبەت، بۆ نموونە ئەمریکییەک هەموو شتێک لە پێناو ئەمریکادا دەکات، ئەمەش دەبێتە یۆتۆپیایەکی ئیدیال، تەنانەت دەشتوانین بڵێین، یۆتۆپیایەکی زۆر خراپیشە، چونکە ئیتر تۆ لە ناوچەوانتدا نووسراوە، کە ئەوە بیت و ئەوی تریش وات دەبینێت.

سەرەتا سارتر دەیگوت (جوولەکەیەک)، دواتر (ئەوی تریشی وەک جوولەکە دەبینی) پاشان ئەوە دەسەلمێنێت، کە لە رووی شوناسەوە خۆیشی جوولەکەیە، بۆیە لەمیانی ئەمەوە، دەبێت پرسیاری ڕەگەزپەرستێتی بخەینە ڕوو، تۆ بڵێی ئەوەی کە پێشتر باسمان کرد، لەگەڵیدا یەک بگرێتەوە یان جیاواز بێت. ڕاستییەکەی بە تەونێکی چنراوی ئاڵۆز دەچێت، کەدەبێت بەنێویدا ڕەت ببین، ئەمەش وامان لێدەکات کە بە خۆمان بێگانە بین و تا مەوداکانی ئەوی تر دەستنیشان نەکەین، خۆمان پێ دەستنیشان نەکرێت.

دەبێت پرسیارەکە زیاتر چڕ بکەینەوە؛ ئەگەر بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی یان ئەتنیکی کەسایەتییان هەبێت، هەموو ناوچەکان دەگرێتەوە! یان هەر تایبەتە بە ئەورووپا؟ جار جارە وابیردەکەینەوە کە بڵێین «ئەورووپا دژ بەوی ترە؟».

هێنری جێمس یەکێک بوو لەو ئەمریکییانەی کەوا بیری دەکردەوە، لەو سەردەمەی ئەویشدا زۆربەی ئەمریکییەکان هەروا بیریان دەکردەوە؛ تەنانەت بەشێکی زۆری ئەنتەلکتوێلە کۆلۆنیەکانیش هەر وا بیریان دەکردەوە. (هەر ئەمەش بوو، بووە مایەی ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزەکان بکەوێتە بەردەم ئاستەنگێکی سەخت، دواتریش ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە).

لەمڕۆدا ئەم تێڕوانینە لەجاران لاوازترە، لە سەردەمی جەنگی سارددا، کەسانێک هەبوون ڕەخنەیان لە (NATO) دەگرت، تا ئێستاش لەئەمریکادا کۆمپلێکسێکی گچکەکردنەوە هەیە و ڕاستە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە ئەمریکا، ئەو تێڕوانینە کلاسیکییە نەماوە کە ئەمریکای وەک وڵاتێکی وریا دەدایە قەڵەم؛ یان ئەو تێڕوانینەی کە پێی وابوو ئەورووپا لە هەموو ئیش و کارێکی دنیا حاڵی دەبێت، بەڵام وەک دەزانین لە ئێستادا باس لە یەکێتییەکەی فەرەنسا دەکرێت، نەک یەکێتی ئەورووپا.

لەمڕۆدا کولتوور و کەلچەری ئەمریکا پێگەیشت و دەتوانێت لەگەڵ ئەورووپادا هاوشان بێت، تەنانەت دەتوانین بڵێین لەمڕۆدا کولتوور و ئەنتەلکتوێلی باکووری ئەمریکا زاڵە؛ تۆ بڵێی ئەمە وەڵامدانەوەیەکی یەکگرتنی ئەورووپا بێت؟ گەرچی چین و ژاپۆنیا و تەنانەت ئینگلتەرەش شوێنێکی تایبەت و دیاریکەریان لەدنیادا هەیە.

سەبارەت بە سایکۆلۆژیەتی میللیش، پێویستە پارانتێزێکی بۆ بکەمەوە، چونکە دەمەوێت سەبارەت بەوە چەند شتێکی دیکە بڵێم؛ ڕەگوریشەی هەم سەیرو هەم فێرکارییە، ئەوەی کە سەبارەت بە سایکۆلۆژییەتی میللیش لە پرۆگرامی نووسینەکاندا نووسراوە، دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی نێوەڕاست و تایبەت بووە بەو سەرباز و بازرگانانەی کە ئەم وڵات و ئەو وڵاتیان کردووە، دواتریش هەر لە چەرخی شازدەوە بۆ نۆزدە،

کولتووری دنیا گۆڕانی بەسەردا هات و بەرەو پێش چوو.
ئەنترۆپۆلۆژیا تایبەتمەندییە میللییەکانی کردە کولتوورێکی دنیایی، کە بەپشت بەستن بە ئایینەکان تایبەتمەندییە میللییەکان دەستنیشان دەکرا و وەک یۆتۆپیایەکی غەیرە نهێنی، کەوتە ڕاڤەکردنی پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ. سامۆیل هینتیگتۆن لەکتێبی (پێکدادانی مەدەنیەتەکاندا)، دنیا بەسەر پازدە یان دوازدە ئاییندا دابەش دەکات، ئینجا لێرەدا ئەوەی بەلای منەوە سەیرە و وەک پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت؛ تۆ بڵێی هەر لە بنەڕەتەوە ئەم ڕێبازە ئایینیانە لەکوێوە سەرچاوەیان گرتبێت؟ کە ئەمەش یان دەبێت لەڕێی پسیکانالیزە و پێکهاتەکانی کولتوورەوە ڕاڤە بکرێت، یان لە ڕوانگەی میتافیزیکەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. سارتر پێی وایە هەر لەکۆنەوە مرۆڤ لەپێناو بەرهەمهێناندا پێویستی بە کۆمەڵکاری و هەرەوەز هەبووە، هەربۆیە چەندان ئەفسانە و زۆر بیروباوەڕی پڕوپووچی هێناوەتە نێو خودی ژیانەوە. منیش وەک خۆم، ئەم بیروڕایەم پێ ڕاستە، چونکە تایبەتمەندییە کولتووری و کەسایەتییەکانمان ڕەگوڕیشەیەکی دێرینیان هەیە و پەیوەستن بە ڕاهاتن و ڕام بوونمان بەرانبەر بە نەریتە کۆنەکان.

جا با سەبارەت بە ئەورووپا و ئەوی تریش شتێک بڵێین، بۆ نموونە ئاخۆ ئینگلیزەکان ئەورووپین؟ ڕاستییەکەی ئاشکرایە کە خۆیان پێ ئەورووپی نییە! لەکاتێکدا ئێرلەندییەکان، ئەورووپای کاسۆلیکیان بەدڵە و جێگەی قبووڵیانە. شایەنی باسە، تا ڕژێمی فرانکۆ کۆتایی پێهات؛ ئیسپانیا بەئەورووپا نەدەزانرا ئیدی پاش ئەوە مافی ئەوەی بەدەست هێنا کە بێتە نێو یەکێتی ئەورووپاوە. ئەگەر بێینە سەر باس و خواسی ئەڵمانیا، ئەوە دەبینین؛ تۆماس مان لە کتێبی (Apolitik Bir Adamin Dusunceleri)دا، لەجێی خستنە ڕووی تێڕوانینێکی نەتەوەییانە، زیاتر لە قووڵاییەکانی نەستییەوە، وەک کەسێکی بە نهێنی و لهێڵمی، بە مەبەستی بەرجەستەکردنی بیروڕاکانی دەستی داوەتە قەڵەم و کتێبەکەی لەشێوەی مۆنۆلۆگێکی دراماتیکیدا داڕشتووە و ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە ئەڵمانیاش لەنێو خۆیدا پارچەیەکی ئەورووپا نییە. تەنیا لە پێنج پارچەی ئەورووپا و شارستانێتییەکەی، فەرەنسا دەمێنێتەوە، (ئینگلتەرەش تەنیا کاروانسەرایەکی بازرگانییە)، لەکاتێکدا لای ئەو ئەڵمانیا ئەمە نییە و ئاماژە بەشتێکی تر دەکات: کولتوور، قووڵبوونەوە، بەڕێوەبردنی ئەورووپای ناڤین، ئیمەیجێکی فەنتازی بۆ هەڵدەبژێرێت. کە وەک ڕوحیەتی ڕووسی، شتێکی جودا و جیاواز دەبێت. ئینجا هەندێک نموونە هەن، کە ئەورووپا وەک کاراکتەر- ئیمەیجێک-یش دەخەنە نێو بازنەی بوون و نەبوونەوە؛ وەک چین و چەند شوێنێکی تریش. جێگەی سەرنجە کە بڵێین، ئەو ئەمەریکایەی کە هەموو کەس بۆ پارە بەدەست هێنان و قازانج کردن ڕووی تێدەکەن، سڵ لە ژاپۆنیای مۆدێرنیتە دەکاتەوە و وەک دوژمنێکیش دەیبینێت، ئەمە جگە لە ڤێتنام و تایوان.

ئەم بگرە و بەردەو قسە و باسەی کە لەمڕۆدا سەبارەت بە ژاپۆنیا لە ئارادایە؛ یەکێک لە مێژوونووسە بەڕێزەکانی ئەڵمان بەتوندی ڕەخنەی لێدەگرێت و دەڵێت:

«ئەمە چییە بەردەوام باس لە ژاپۆنیا دەکرێت؟ ئێوەی ئەمریکی لەگەڵ هەر ناوهێنانێکی ژاپۆنیادا، دەمرن و زیندوو دەبنەوە، بەڵام ئێمەی ئەورووپایی لە بوونی ژاپۆنیا، هەر ئاگاداریش نین، نە ئەوەیە بترسین و نە ئەوەشە خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین».

لە زۆربەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیادا، ئەو پێوەندییانەی کە لەنێوان بیرۆکە هاوبەشەکاندا بەرجەستە دەبن و سەرقاڵمان دەکات، ئەورووپا و ئەمریکایە. ڕەنگە ڕاستتر بێت بڵێین، دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە لێرەدا پرسیارێکی زۆر کلاسیکی خۆی دەسەپێنێت؛ بۆ لە ئەمریکادا سۆشیال نییە؟ (سۆسیۆلۆگی ئەڵمان وێرنەر سۆمبارت، لە وتارە بەناوبانگەکەیدا باسی لێوە دەکات)، بە ڕای من ئەمە هاوشێوەی ئەو پرسیارەیە کە ئەورووپا لە ئەمریکای دەکات و پرسیارێکی تایبەتە بە جودا و جیاوازی ئەورووپا و ناهەمواری ئەمریکا، چونکە لەوێ سۆشیال نییە و چ کرێکاران و چ بۆرژواکەی، سیاسەتێکیان نییە، ئەوەی کە وەڵامی ئەم پرسیارەش هێندەی تر سەختتر دەکات، ئینگلتەرەیە، چونکە هێندەی ئەوەی ئەورووپا ئەو دەخاتە دەرەوەی خۆیەوە، هێندەش ئینگلتەرە خۆی جیا دەکاتەوە، ئینگلتەرە زۆر نایەتە نێو سیاسەتەوەو زیاتر گرنگی بە بازرگانی دەدات، ئۆرستۆکراتیەت و جیاوازی نێوان چین و توێژەکانی، لە بەشەکانی دیکەی

ئەورووپا ناچێت. تەنانەت لەرووی فینۆمێنی کولتووریشەوە، دەتوانین بلێین، کولتووریکی باڵای هێناوەته بوون، لێرەدا زمانیش ڕۆڵی خۆی هەیە و زمانی ئینگلیزیش وەک زمانێکی هاوبەشی بازرگانی جیاوازییەکان ناهێلێت و دوژمنێکی نامۆ بەخۆی دروست دەکات.

ئەگەر ئەم جیاوازییانەی نێو خودی ئەورووپا، لەلایەک جێ بهێلین، دەبینین ئەمریکا وەک نموونەیەکی خراپ و دیسپۆتێکی حوکمڕان، دەڕوانێته ئەورووپا.

هەربۆیە ڕەنگە زەحمەت بێت بزانین، هۆکاری کۆچکردنی ئەورووپاییەکان بۆ ئەمریکا چییە؟ تەنگەتاوی سیاسییە، یان پەیداکردنی پارە و دۆزینەوەی شوێنێکی کەم ئایدیۆلۆژییە، یان ڕەنگە ڕاکردن بێت لەو بۆشاییە زەمەنییەی کە لە ئەورووپادا هەیە (بە حوکمی زۆر بۆ هێنانی ئەریستۆکراتی و پۆلۆتیکای چینی کرێکار) کە ئەمریکا لەیەک کاتدا دەکاتە بەرهەڵستکار و کۆنفۆرمیست بەربەرەکانێی دەوڵەتە گەورەکان، گونجانە لەگەڵ تابۆکان، لەئەمریکادا هەر لە ڕاستەوە تا چەپ، سەرجەم چین و توێژەکان لەکولتوورێکی ئەنتەلکتوێلدا کۆدەبنەوە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەفرەت لێکردنی ئەریستۆکراتیەتی ئەورووپایی و هەڵهاتن لێی. جا دەبێت هەر شتێک وەک ڕینکە گوتوویەتی؛ (لە نزیک خودایە)، بۆیە هەر شتێک بەدەر لە مەرکەزیەتی خۆی، بێ مەرکەزیەتەو دەکەوێتە دەرەوەی خۆی، ڕەنگە زۆر شوێنیش هەبێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی مەرکەزیەت لە هەوڵدان و پەلکوتاندا بێت.

ئەم ئەنکێتە سایکۆلۆژییە، سایکۆ جوگرافی کۆن کۆپی دەکاتەوە؛ وەک سێ خوشکەکەی چیخۆف، کە بەتاسەوە یادی مۆسکۆ دەکەنەوە. ئەمڕۆ ئەورووپا بە مەرکەزچێتی تاوانبار دەکرێت، لەکاتێکدا نەبوونی لە ئەمریکادا بۆتە مایەی باسکردنی میدیاکانی لەگلۆبالیزم، گەرچی ئەم بیرۆکەیەش وەک مەرکەزیەتێک دێتە پێش چاو، بەڵام لە ڕاستیدا بیرۆکە نییە، هێندەی ئەوەی کەباوەڕێکی بوونگەرایە و پایە ئیکۆنۆمییەکان پشتگیری لێدەکەن. ئەم گۆڕانکاریانەی نێو خودی کولتوور جوانترین شتێکی ئەورووپایە، کە فرە کولتوورییە و هەموو وڵاتانی ئەورووپاش هەست بەم گۆڕانە دەکەن.

ئینگلتەرە زۆر دەمێکە لە مەسەلەکە حاڵی بووە، فەرەنسا پاش جەزائیر و ئەڵمانیاش پاش زیاد بوونی ڕێژەی تورک لەنێو خودی خۆیدا، زیاتر ئەم ڕاستییەی لا ڕوون بۆتەوە. ئیتاڵیاش هەر پاش کشانەوەی لە ئەفەریقا، ئەو ڕاستییەی لا ئاشکرا بووە.

باشە دەتوانین بلێین، ئەورووپاش وەک ئەمریکای لێهاتووە؟ ئەمە شتێک نییە، کە نەشێت و نەکرێت. دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە ئەورووپا بە چەشنی ئەمریکا، کولتووری ستانداردێکی نییە و نەبۆتە دەزگا. فرە کولتووری بەپێچەوانەی کۆنە بیرۆکەی ناهاوچەرخی جوولەکەکانەوە، چاوی لە ئەمریکا کردووەو ئەوی کردۆتە نموونە، دەشکرێت بلێین ئەورووپا لە ڕووی ڕەگەزپەرستییەوە، نەرمترین ئەلگۆیە، بەڵام لاسایی کردنەوەی ئەمریکا-ش لەڕووی فرە کولتوورییەوە، لایەنی نێگەتیڤیشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە وەک ئەمریکا دەبێت بە تۆبزی فرە کولتووری بسەپێنیت، گەرچی هەر جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە و بەدیش دەکرێت.

بەماوەیەکی کەم پاش ڕووخاندنی دیواری نێوان هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا، چەند خەیاڵ و بیرۆکەیەکی ئایدیالیستیانە پەیدا بوو، بە مەبەستی دەستنیشان کردن و خستنەڕووی جیاوازییە کولتوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. هەربۆیە بڵاوکراوەیەکی وەک (Liber, Internationale) تەجاوزی چەشنە بابەتەکانی بڵاوکراوەکانی دیکەیان کردووە و بە ئاراستەی خستنەڕووی ئەو ڕاستییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، کاریان کردووە.

**سەرچاوە:**

**Cogito/yapikredi/istanbul, 2004.**

# ئەزموونگە

**عەبدوڵلا سەڕاج**
**(فنلاند)**

**(١ - ٢)**

ئەگەر ڕۆشنبیری بە گوێرەی «پییەر بۆردیۆ» مەعریفەت و بە گـوێرەی «فـوکـو»ش هێـز بێت، ئەوە بەلای منەوە «قـەڵەم» چەکی ئەو هێزەیە. هەرچەندەش لە دیداربینی و دیمانەکانمدا، بۆچوون و گۆشەنیگام بە وردی ڕۆخستووە، هەروەها لە سێ کـتـێبی: (١- بەرەو ئاسـتـانەی ڕۆمـان ٢- با لـە هونـەر بگەیـن ٣- پەیڤـســتـــان)دا درێژەم بەو هزرانەم داوە، کــە تژین لە دیدو هەڵوێســـتـی ئەدەبی و هونەریم؛ وەلێ ناو بە ناو برێ بابەت و دیاردەی ئەدەبی، هونەری و کـۆمـەڵایەتی... تاد، خۆیان دەسـەپێننە نێوان کـاتی نووسـینی دەقـەکـانم و ناکرێ خـۆمـیـان لێ نەبان بکەم، بەتایبـەتی لە پاش ئەزمـوونی زۆر و تەمـەنێکی نێوان حەفـتاو هەشتادا لە تەک نەخۆشییەکانی پاییزی تەمەندا، کە گرۆڵەی ڕۆژگار و ڕەوتی گۆڕان و گەشەکردن ڕوو لە نشـێوییـان دەکات. خۆ ئەگەر جوداوازییـەک لەو بۆچوون و دیدانەمـدا هەبێت، ئەوە دەیخـەمـە ئەسـتـۆی زەمان و یاسای پێشەوەچوونی مێژوو.

ئەم دەربڕینە جـۆراوجـۆرانەم بەوە دەچن کــە وەڵامی پرسیارگەلێک بن لە ناخمدا مەڵاسم دابن، بەڵام ئەوەی توند بە داوێکەوە ڕایەڵبـەندو ڕسـتـیـان بکات، هەسـتی جـوانی ویسـتنی هونەریمە بۆ ئەدەب و هونـەر وەک بەرهەم و هاوێژتەی ڕۆشنبــــیــــری کـــــۆمـــــەڵ و ژێرخــــانە ئابوورییەکەیەوە.

چەکــەرە لە نووسین دەکـەم و دەترسم، نەک لە خـودی وشـە و ڕسـتـەکـان، بەڵکو نەبادا کـرداری ئەفـراندنەکـە خیانەتم لێ بکات، بیرو هەستم، خولیاو نیازم بە چاکی و ڕەوانی نەگـەیەنێـتـە خـوێنەر. ترس و دڵە ڕاوکـەکـەم لەمەوەیە، ئەمەش ئازارێکە یەکسانی ڕوحکێشان.

شەو و ڕۆژ ئەو خەمە پیرۆزەم لەگەڵدایە. لە ئاگایی و زیندە خەونمدا مشتومڕ لەگەڵ گیانمدا دەکات. ئایا نووسین گـــوزارشـــتـی لە بـوونـەوەریم کـــردووە وەک مـــرۆیەکی هەستمەند؟ ئایا خوێنەرانم گەیاندۆتە پایەیەک چوون من هەست بە خـولیـاکـانم بکەن و تێکەڵی ویژدانم ببن؟ ئایا لە نیگای ئەزەوە دەڕوانن و ئەزمـوونەکـانم لەو بەرزەخـەدا دەژین؟ ئەو پرسـیـارە سـەرکـێـشـانەم لەلا زەق دەبنەوە و پاشــان: ئایا مـن پەنام بـۆ نووسین بردووە، یان پرۆســەی نووســینەکــە لە دیـوی ناوەوەمــدا ڕسکاوە؟ هەرچۆنێک بێت، نووسـینی هەر یەک لە بەرهەمـەکـانم، ئەزمـوونی جودابووە لەوانەی پێشووی، سندیبادانە کۆشاوم لە پاش هەر گـەشـتـێکی قـەڵەم، بیـر لە هەنگاو و گـەشـتی نوێـتـر بکەمەوە، ئاخـر نووسین، ململانێیـە، زۆرانبـازییە لەگەڵ

زەمەندا. چی لە زاییینی وشە مەترسیدارترو داهێنەرترە؟ ئەگەر ڕاستت گەرەکە، ویستوومە تەحەددای بەرهەمگەلی پێشووم، ڕکەبەریان لەتەکدا بنوێنم، تا ڕادەیەکیش فەرامۆشیان بکەم لە پێناوی گوژمێکی نوێ، کە جێیان بهێڵێ، بۆیە بابەتێکم بەچەند جۆرو شێوەیەک داڕشتووە. هەمدیسان پرسیارێک لە خۆم دەکەمەوە، ئایا ئەوەم بۆ لواوە؟ وەڵامی ئەمەیان و پرسیارانی لەمەوبەر بۆ ڕەخنەو دوارۆژ دەهێڵم. ماوە بێژم: نوێبوونەوەی نووسەر لە بڕشتی داهێنانەکانیدایە، چرووسان و هیشک بوونەوەشی چوون زنەکانی لە دزین و کۆپیکردنی بەرهەمی ئافریدەری دی دەردەکەوێ.

جمگەکانم لە تۆڵەی ڕۆژگار و تەمەندا دەزریکێنن. دیدەم کڵۆڵ بووە. گوێیەکانم، ددانەکانم هانایان بۆ ئامێری تەکنۆلۆژیا بردووە؛ کەچی ڕوحم هانی دەستم دەدات کە هەرگیز قەڵەم توور هەڵنەدات، وای لە خۆشبەختی خۆم، ئەوە لە پاش ساڵانی حەفتاکانمدا پتر و پتر نیشتیمانم خۆش دەوێ و بە نووسین -لە پاش خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی- پارێزگاری لێ دەکەم.

ئیتر بۆ خۆم بە دۆڕاو بزانم لە هەژماری قازانج و زیانی کۆتاییدا. لەوەشدا، بوونایەتی و مرۆڤایەتیم دەچەسپێ، کە هەڵگری پەیامە لەمەڕ پاکژی خودی خۆی و هەم سەدەکەی، دەنا (عەرزوحاڵ) نووسێکی ئاسایی دەبوو. گرنگ بەلامەوە، هونەرکار، چۆنایەتی ئەو پەیامە بگەیەنێ و چاوگی ئاو لە جەرگی تاوێردا بتەقێنێ، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕۆشنهزر کرایە سێبەر و پەراوێزی ژیان نەک تێهەڵکێشی تانوپۆکەی، کرایە جەڕو بزماری دەستانی قرێژ، ئیتر چی دەمێنێ؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارە بەسامەی خۆمدا، بە دڵنیاییەوە دەڵێم:

زمان، ئامرازی نووسین و هەم شوناسنامەمانە. ئێمە لە دووڕێیانی بوون و نەبووندا بەتەنیا دوو ڕەسەنایەتیی:

(١) پرسی زمانی یەکگرتوومان.

(٢) بۆتەی کولتوورمان.

بەدی دەکەین بۆ پاراستنی گیانی گیتۆ «GHETTO» بیمان لە نێوان: سێ دنگەی کۆنە ئیمپراتۆرییەتی تورکی، فارسی و عارەبیدا کە هەریەکەیان مەودایەکی ئەنترۆپۆلۆژی خۆی هەیە، بۆیە بە پێداویستی نووکەی دەزانم، ئەگەر پرۆژەیەکی مکووم و مەودا بەرین، هەناسە درێژ و زیرەک ئامانج دەست پێ بکرێ بۆ کاراکردنی ئەو جووتە بنەمایە نەتەوایەتییەمان، دیارە مەبەستم لە زمانی یەکگرتووە لە پاڵ کولتووری شارستانییمانە «CIVILIZATION».

* * *

زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانەکانم ئەللیگۆرین بە واتای: لە ڕووکەشدا شتێک دەردەبڕێ؛ کەچی شتێکی دیکەی نیازە لە نێوان دێرەکان و نەگوتراوەکاندا.

پاپەندبوونی جوانسازی بە تەکنیکەکان و ڕاگرتنی بەلانسی لەگەڵ بیروبۆچوون و هەڵوێستی نووسەر، چاوگی ئەو جۆرە داڕشتنە گێڕدراوانەن، چۆن گەواڵە هەوری ئاوس باران دەبارێنێ، یان قومری بۆ سروشت دەچریکێنێ، ئاوهاش هونەرمەند بە ڕەنگ و بە وشە، بە سۆزو بە ئاواز ناخی خۆی دەدەرێنێ. بەم جۆرەیە زاییینی سەمەندەرانەم لە نووسیندا، یان زاییینی وشە لەمندا، چونکە ئافریدەکار کۆڵێکی بەسەر شانەو هەرگیز پشوو نادات. ئەگەر نا.. ئەوە تەواوی پیرۆزییەکەی لە دەست دەداو لە سیزیفی و ئەفراندن دەکەوێ، لەبەر ئەوەی زمان- ئەدەبی و هونەری- دوو شت تێناپەڕێنێ:

**یەکەم:** وەکو نێوەندێک، یان ئامرازی دەربڕین.

**دووەم:** وەکو بۆتەی هەڵگری کولتوور.

هەر وشەو دەستەواژەیەک، لە تەواوی زمانەکاندا مەودای ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی گشتی خۆیان هەڵگرتووە؛ وەلێ نووسینی ئەدەبی بۆ «خۆیەتی» دەگەڕێتەوە. ئەز کە پەنا بۆ سەر لەبەرەکانی پێکهاتەی چیرۆک و ڕۆمان (کەسێتی- کات- شوێن) بە وێنە دەبەم، ئەوە لە پێناوی هونەری دەربڕینەکەیە بە پلەی یەکەم، ئەوجا دەراندنی هزر و هەڵوێست و گۆشەنیگا بە پلەی دووەم، بە واتای: زاڵکردنی دیوی جوانسازی (خودی) بەسەر دیوی هەواڵدەریدا (بابەتی)، ئەمەش ئامانجی ئیستێتیکایە. بەواتایەکی لەوەش ڕۆشنتر، ئەدەب دەنووسم نەک زانستەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی، مێژوویی، ڕامیاری... تاد. ئەز پسپۆر نیم لە کاروباری ڕەخنە، تەنیا ئەزموون و ئاگاداری چەندین دەساڵەی خۆم دەگەیەنمە خوێنەرانی هێژام.

وشەدانی (قاموس) زمانەکانی جیهان پەنگاوی هەزاران وشەی بێ لایەن و ناکاران، جا بۆ ئەوەی واتای هەر وشەیەک بتەقێنین دەبێ بزانین کو دەیخەینە کارایی

دەربڕینەوە، ئەوسا وزەی هەڵدەسەنگێنین بۆ:
(١) دروستکردنی بڕگەو ڕستە.
(٢) بۆ زەنگدانەوەی لەگەڵ وشەی پاش و پێشی.
(٣) چۆن بەسەر زاری خەڵکدا دەگوزەرێ.
(٤) چ کاردانەوەیەک لە خوێندنەوەدا دەخاتەوە.
واتا: دوو ئاستی گوێی (فۆنەتیک/ ئاواز) و ئاستی چاوی (شێوە/ قەبارە)ی هەیە.

نووسەر، لە توێی وشەکانیدا، لە نێوان دێرەکانیدا، لە ڕووپەلی کتێبەکانیدا هەمیشە دەژێتەوە و نەمرە. ئەو لە نووسینی هونەرییانەیدا، یادەوەری زەمەنەکان ڕاو دەکات و لەبەر دیدەمـاندا ورد ورد ڕایان دەگرێ، دەیانسـووڕێنێ بۆ دروسـتکردنی زەمـەنی (نـاخی) خـۆی کـە بەدەرە لە زەمەنی کرۆنۆلۆژی (دەرەکی).

لە لایەکی ترەوە، زەمەنە تایبەتەکانی خۆی تێهەڵکێش دەکاتە زەمەنی خوێنەرانی و بە پێچەوانەش، زەمەنەکانی ئەوان دەقـۆزێتـەوە بۆ هەوێنی زەمـەنە ناخیـیـەکـەی، کـە قـایـل نییە بە مەودای یەکەم (درێژی) و مەودای دووەم (پانایی) و مـەودای سێیـەم (قـووڵایی)؛ بەڵکو دەیەوێ خـوێنەرانی بهـاوێتـە چەقـگەی مـەودای چوارەمـەوە کـە زەمـەنێکی ڕێژەیی و ئـایندەییـە و هەست بە جـووڵانەوەی سـەرووی (جێ - کـاتی) بکەن، ئا بەم ئاکـارە جوانسازییەی، زەمەنە ونبووە تەریوەکان دەدۆزنەوە.

درەوشـانەوە (تجلی)یان پێدەبەخشێ. لە ئاکامیـشـدا هەنگاو بە هەنگاو، لە خـەمـۆکی و دڵەڕاوکـەی خـودی تاکییەوە، دەیانگوازێتەوە بۆ ڕەهەندی سەرفرازی کۆگیری و بە ئاراسـتـەی لۆژیکی هەڵبـژاردنی هەڵوێست و لێپرسراوێتی. ئەمەش چەسپاندنی مرۆڤایەتییەکەیەتی.

کـرداری نووسین، پێـوەنداری سـەربەسـتـیـیـە، هەر چەندەش سـنـوورێـک شک نـابـەم بۆ دابـین کـردنـی کـەرەسـتـەکـانی ئەو نووسـینە داهێنەرانەیە، چ لە ناوەرۆکەکانی و چ لە شێوەکانی و چ لە گێڕدراوەکانیدا، بۆیە دەبێـتـە گـۆڕەپانێکی بەرینی سـەرفـرازی قـەڵەم، هەروەها بۆ هەڵگرتنی ئەرکی لێـپـرسـراویشـە لەوەی دەینووسێ، لێـپـرسـراوی هونەری و هزریش وەک ئەوەی پرسیارگەلێکی لە نوای چاو دابن و بخوازێ وەڵامیان بە جۆرێک بداتەوە جیاواز لە پێوەندییە ئاساییەکان.

سـەربەسـتی دەربڕین لەلام کـۆپیکردنی ئەزمـوونی ژیان نییە وەک ڕوو دەدات، یان ئەوەی دەیبینین و لە کۆگەی یادەوەریماندا کـەڵەکـە دەبێت؛ بەڵکو تێکەڵی ئەندێشـە دەبێت. هەڵبـژاردن و تەتەڵەی بەسـەردا دێت. خسـتنە سـەریشی ڕەوایە. ئەو سـەربەسـتـیـیـەم لە نووسـیندا- بەتایبـەتی لە ڕۆماندا- دۆزییەوە و لە لام بووە بریکار و ئەلتـەرناتیـڤی تێکۆشـانی سـیـاسـی، هەروەها، لەم دەساڵەی پەناهەندەییمدا، ئەو سەربەستییەم بەرینتر بۆتەوە و پتر گـوتوبێژی پێداوم لەگەڵ خـوێنەرانمدا بۆوەی کـەشکۆڵی غـوربەتی هۆشـە پەرتبـووەکـە و ڕەوانە پەرتەوازەکەمیان بۆ هەڵڕێژم، بۆ ئەوەی ڕۆمان ببێتە چەق و جێ مەحەکی خۆ دۆزینەوەی مەعریفەتی مرۆی کورد و ڕێکردنی لە تەک کـاروانی شـارسـتـانیـدا. ئەوەم بە سەرگەرمییەکی دلێرانە و بەسەرکێشی زانی لە پێناوی کۆمەڵ و ئەدەب و هونەردا، بەگشت دامەزراوە و یاساو سیمبەندییەکانییەوەش، بەبێ سازشکاری و ئاسانکاری دەنا «بێ دەنگی»م لە کن شـیـاوتر بوو لە خـۆ هەڵخەڵەتاندن، بەنجکردن و مێشک شۆرین. هەمیشە چوون باڵندەی ئاسمان سترانی خۆم چریوە.

ئەوسـای دەقـێک بە خـوێنەر پێشکەش دەکـەم، کـە بەرهەمی هاوبەشی ئاگـایی «CONSCIOVSNESS» و نائاگاییمە، هەست بە خەم و نیگەرانی دەکەم لە باتی ئەوەی بەخـتـەوەر و خـۆشنوود ببم! چونکە نقـومی ئەندێشـەیەک دەبم، ئیـتـر لە پاش ئەو دەقـە، چیم بۆ دەنووسرێ، مەڵۆیەک بخاتە سەر شاراکەمەوە؟

پێـشـەکی پرۆسـەی داهێنان لە جـەدەلی: پێـوەندی و دابڕاندا دەبینم، پێـوەندی لەگـەڵ خـەڵک و کـولتـوور، دابڕانیش بە مـەبەسـتی دووبارە داڕشـتنەوە و ئەفـراندن، ئەوسای دەق دەبێـتـە ئامـێـزی تێـڕوانینی ڕەخنەیی، ئەوە ڕوو لە گۆڕانکارییە کـۆمەڵایەتی، ڕۆشنهـزری، ئابووری و... تاد. دەکات. دەقـێکیش ئەگەر لەسـەری نەنووسرا، ڕەخنەی زانسـتی لێ نەگـیـرا ئەوە کـز و مـەلوول لەسـەر ڕەفـەکـاندا گـەردی کـەمـتـەرخـەمی لێ دەنیـشێ مـەگـەر دڵسـۆزێکی جوانی. هەقـپـەرست بە تەنگیـیـەوە بچـێت وەکو بەسەر دەقەکانی (ئیبنوروشد) و (ئیبن خەلدوون)دا هات، کـە پاش دەمـێکی درێژ خـایەن، ئەویش لەلایەن ڕۆژهـەڵاتنـاسـان «ORIENTALIST»وە بایـەخ و بەهایان بۆ گـەڕاندرایەوە! سـەر لە نوێ زیندوو بوونەوە. دەبێ ڕەخنەگـر گـیـانی خـۆی ئازار نەدات و بە چاکی بەڵەدی تیۆر و یاساکانی زانستەکەی بێت.

بڕواناکەم، بە ئەرێ و نەرێ وەڵامی ڕەخنەم دابێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی ڕەخنەم بە (هەند) وەرنەگرتبێ؛ بەڵکو لەبەر ئەوەی بەسانایی ڕێز لە بۆچوونە جوداوازەکان دەگرم لە لایەک و لەلایەکەی ترەوە لە جیاتی وەڵامدانەوەش خۆم خەریکی داهێنانی دی کردووە. سەرەڕای ئەوەش، زۆر بەتەنگی ڕەخنەی بابەتی و ئەکادیمییەوە دێم و لە بارەی تیۆرییەکانی ڕەخنەوە خوێندنەوەم کەمتر نەبووە لە خوێندنەوەی دەقی ڕۆمانی جیهانی، لەوەش دڵنیام، کە ئافریدەکار، خۆی بەر لە هەمووان، ڕەخنەگری کارەکانی خۆیەتی. سەیریشم لەوە دەمێنێ، کە ڕەخنەگرانمان بەتایبەتی مامۆستایانی زانکۆ، زمانێکی زیندووی بیانی نەزانن وەکو ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی! سەرباری ئەوەش، گوێنەدان و دوورەپەرێزی زۆرینەیان لە بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری!

جیهانی ڕۆمان وەکو ئافریدەکراوێکی هونەری ڕەوانبێژی و هەم وەکو چڕبوونی ئەزموون و دیدو هەڵوێستیش واقیعێکی تایبەتی خۆی دێنێتە کایەوە، ئەگەرچی دەگەڵ واقیعی دەرەوەیدا تەریب وەستا، یان نا؛ وەلێ لە دیدی منەوە، دەشبێ ئەو واقیعە ژیاوە تێپەڕێنێ بەرەو فەلسەفەی ڕۆچوون و قووڵبوونەوەی خودی ژیانەکە، هەر بۆیە لە کاری هونەریدا- تایبەتی و گشتی- جێگەیی و کەونی- هەروەها سەردەمەکان تێهەڵکێش دەبن، لە ڕاستی بە دوور نییە ئەگەر بێژم: دەقی چاک و گەییو، خوێنەری باش و تیژ بین دێنێتە ئاراوە. هەر چۆنێک بێت، ژانی ئەدەبیم کۆشش و ڕەنجدان بووە بۆ بەرهەمهێنانی جوانتر و بە پێزتر. خۆشم هەمیشە بە خوێندکار و ئەزموونگەر زانیوە و نەگەیشتوومەتە ئەو دەقەی نیازم بووە.

لە ئەزموونی ڕوحی خۆمەوە، لە نووسینی نۆ ڕۆمانی نائاسایی، نا بەلزاکیدا کە دژە تەوژمی باوە فێربووم خۆدانە دەم شەپۆلی مەعریفەت- بە چەمکە جیاجیاکانییەوە- ڕێز لە هەر دەقێک بگرم؛ بەڵام ڕیزبەندکردنی ئەزموونە سەرکێشییەکەم بەکاری ڕاپورتی و تیۆری هاسان نەبوو، دەنا بۆ نووسیومن! لە توێیانەوە هەرچیم گەرەک بووە دەرکاندوومە. ئەمەش هۆکاری خۆ دوور گرتنمە لە دیمانەی گۆڤارو تەلەفزیۆنەکان. بۆم هەیە لەسەری بڕۆم، کە کارەکانم دەقاودەق کێشانی سیمای واقیعی ڕووت نەبوونەو هەڵگری ئایدیایەکی وشک و برینگ! بەڵکو گوزارشت لەسەرجەمی هەبوون و سەرپاکی هەستەکانمن لەسەردەمە جیاکاندا و ژینگە جۆراوجۆرەکاندا. دەخوازم کەسانی دیکەش هاوبەشی ئەو ساتە ناسک و بوونەوەرییەم بکەن، وەکو من، لەبەرزەخە چارەنووسسازەکاندا خۆیان بن، ئەمەش ژێدەری جوانی و ڕووگەی عیرفانە بەواتای: گەیشتنە ڕاستی، هەرچەندەش لە فەلسەفەکاریدا، خودی ڕاستییەکەش کاڵای ڕێژەیی دەپۆشێ؛ وەلێ خەمی سەرەکی ئافریدەکاری ڕۆمان دادپەروەری، یەکسانی و شکۆی مرۆیە لە سەرانسەری گەردووندا.

لەم بڕوایەشدا نیم، سەردەمێک بێتە ئاراوە- سەرەڕای بەربڵاوی تەکنۆلۆژیا- کە ڕۆمانی تێدا نەبێت، چونکە هەر سەردەمێک ئەفسانەی، فانتازیای هەبووە. ڕۆمانیش ئەفسانەی ئەمڕۆژی و فانتازیای ئایندەمانە بە لەبەرچاوگرتنی تەکنیکگەلی خودی ڕۆمان، هاوتەریب لەتەک ڕەوتاری شیعردا. دەشێ بێژم: ڕۆمان، بە شیعرکردنی هەڵشاخانی مرۆڤە بەرەو دوندی باڵاو باڵاتر. ئالێرەدا پرسیار لە خۆم دەکەم: ئایا چۆنم ویستووە ئاوها نووسینم بۆ ڕەخساوە؟

وەڵام: نەخێر. چونکی لە پاش هەر ئەزموونە ڕۆمانێکمدا، بە ناتەواوی دەزانم و تێدەکۆشم لە ڕۆمانی داهاتوودا کەلێن و ناتەواوییەکانی پڕ بکەمەوە. مخابن.. هەر هەڵەتەو بەهەڵەتێکی دیم دەسپێرێ، هەر گردۆڵکەیەک ئاماژە بۆ کەپک و لووتکەی هەورازی خۆی دەکات: دەشێ سەر بنێمەوە و نەگەمە ترۆپکی ئەو ئاواتە ورشەدار و پیرۆزە! وەی لە نائارامیم.. وەی لە نەهامەتیم! تەنیا فەرامۆشیم لەوەدایە، کە بەڵانسی ژوورەوەم لە پاڵ دەرەوەدا ڕاگرتووە. قەڵەمم نسکۆی نەداوە. وەکی دیکە، بەر بەرەکانیەکە لە ناخمدا، لەگەڵ نووسیندا، لەگەڵ خولگەدا درێژەی هەیە.

ڤانکۆخ گوتوویەتی: «هیچ لەوە هونەریتر نییە، کە مرۆڤت خۆش بوێ». ئەوی نووکە هەمیشە بیخوێنمەوە و کارم تێ بکات:

(١)- کتێبی پان و بەرینی بێ تخوێبی گێتییە و لێوەی فێر دەبم.

(٢)- ڕۆمانە؛ چونکە برناردشۆ گوتەنی: «تەماشای ئاوێنە دەکەی ڕوخساری خۆت دەبینی، لە ڕۆماندا ڕۆحت دەبینی.»

وەلێ، بەر لەهەر شتێ سەربەستی لەکارو نووسیندا، بڕیاری نەگۆڕی هەڵوێستگر و چۆنیەتی هەموارکردنی ناوەڕۆکم پەیڕەو کردووە.

ئەوانەم لەلا (بابەتی) بوونە لە دەراندنی گۆشە نیگاکانمدا، ڕەفتاری بە کەڵک و داهێنانی ئافریدەر بەڵگەی بوونی مرۆڤیمەو هەم هەڵگری پەیامەکەم؛ کەچی تاکە خەمۆکی و دڵەڕاوکەم پاش ئەفراندنەکەیە! وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، چۆنەکی دەقێکی لەوە جوانتر و سەرنجکێشتر بنووسمەوە. بە دیتنی من، چیرۆکگەلی پێک هێنەرانی ڕۆمان، کەڤاڵی وشەیێن خرابنە نوای چاوانەوە. ئەڵبەتە تابلۆی هونەری «بە وشەو بەرەنگ» کاریگەرترە لەسەدان لاپەڕەی بێ کاکڵ و فەلسەفەی پووچ و بەتاڵ و نابەکام. دە هەست ڕابگرە و بە نیگای ناخت بڕوانە ڕووناکی و سێبەرەکانی جوان جوان هەڵمژە.

**[بەفرە مافووری لەشەو جێماوەکە، جریوەی ئەستێرەکانی ڕەنگدەدایەوە. سەرمای بەیانی گازی لە گۆناکانی گرت و سووری هەڵگەڕاندن. چۆلەکەیەکی کز و مەلوول بوو لە بەفراو هەڵکێشرا بێت. شەرمەزار بوو چوون منداڵێ سواڵەیەکی نایابی شکاندبێ. ئەوسای هەورە خۆڵەکەوەییە داوێن زیوینەکان، ئاشتەوایی کوژەکە ڕوخساری ئاسمانیان دەشێواند. وشەکان لە قەفەزی دەمییەوە، مەلی تاراو بوون باڵە فڕەیان کردو تەلای ڕستەیەکیان بۆ دارشت: فێری بکە چۆن مستێ گەنم و جۆ دەچێنێ»]**

ترسم لەوەدایە، بڕێ خوێنەری هێژا نەگەنە ئاستی جوانکاری و خوازەو سیمبۆلەکان بەبێ ئەوەی پەنا بەرمە بەردەرکەی سانایی و فەرامۆشکردنی جۆرەکانی تەکنیک و دابەزینە پلەی نزم.

گەرەکمە پەلی خوێنەرم بگرم و پێکەوە بڵند هەڵکشێین، لەم پێناوەشدا- بەتایبەتی لە بەرایی نووسینمدا- باج و گومرگی خۆمدا، ئاخر لە پاش ئەزموونی چارەکە سەدەیەکی کورتە چیرۆک نووسین، لە پاش نۆ ڕۆمانی نۆژەن و کرداری پەخشان و وتاری ئەدەبی بەگشتی، بۆم دەلوێ بڵێم: دەقی ئەدەبی، تێڕوانینی جیهانە، هەڵویستی نووسەرە لەمەڕ ژیان، گوتوبێژیەتی لەگەڵ جمگەکانی گوزەران و بۆ پێشەوەبردن و جوانکردنی داهاتووی مرۆڤ لە کۆمەڵگەکەیدا، ئەوەشی سەربار بێت کە هونەر و ئەدەب، نە بڕشتی سۆزن بە تەنیا، نە بڕشتی هۆشن بەتەنیاو بەس؛ بەڵکو شیلەی کاری ژیاری سۆزو عەقڵە لە بۆتەی جوانی بوونەوەری مرۆڤایەتیدا. هونەرو ئەدەب بەو ڕووبارە دەچوێنم کە هەمیشە بەخوڕ دەڕوات و نەوەکان مەلەی تێدا بکەن، کەواتە لە دیوێکەوە هەڵقولاوی ناخەکی ئافریدەکارن، لە دیوەکەی دی، هونەرو ئەدەبەکە پێبەندی هەتا هەتایی هیچ ڕێچکەو تیۆرێک نابن، هەمیشە لە گەشەکردن و چوونە بەرەوەن.

لەوانەیەو شیمانە دەکەم، کە خوێنەری هێژا کەڤاڵەکانی ئەو بلیمەتەی، مەبەستم لە (ڤانکۆخ)ە لە وێنەدا دیتبێ. ئەز بەسەرجەمی ئەو کەڤاڵە مەزنانەی ڕەوانشاد بووم کە مۆزەخانەکانی «ئەمستردام» لە ئامێزی گرتبوون. لەسەر پاکیاندا، خۆشەویستی ئەوم بۆ مرۆڤ خوێندەوە، بەشێوەیەک لە کەڤاڵەکانی «ڕامبراندت» پتر بینەرە شەیداکانیان گل دەدایەوە، حەیران دەبوون چوون نوێژکەرانی بوودایی مەست و سەرسامی بلێزەی هێلە ڕەنگە ئارگۆنییەکانی بوون.

خەمی مرۆڤ، ئازارەکانی جەستەیی و دەروونییەکانی لە دوو توێی بەردە ئاشی زبرهاڕی سیاسەت و لەتەلڕی ئابووری و ڕواڵەتە نالەبارەکانی کۆمەلایەتیدایە، کە گەندەڵییان بەدەرن لە ویستی ئەو مرۆڤە و نەشتەرگەری کردنیان بە قەڵەمێکی نەبەز و دلێر بۆتە پەژارەو ئەندۆی ڕۆمانیش وەکو نەژادێکی نوێ لەپەرەساندنی گەورەکانی ئەدەبەکەمان بە گوێرەی ڕیتم و واتای ئەورووپییانەی نوێ، هەروەها دۆزی ئەم سەردەمەمان دادەپۆشێ کە گوزەرانمانی لە ناودا دژوار بووە.

وەرچەرخانی ڕۆمان ڕووەو ئەزموونەکانی نوێگری، پەیوەستە بە ئارەزووی تۆکمەی نووسەرەوە، بۆ پێناسەو چەمکێکی جوداو ناباو و خستنە گۆڕێ، کە مەودایەک بخاتە نێوان خۆی و واقیعە ڕاستەوخۆکەو هەم دوورە پەرێز بێت لە ئایدیای وشکی دۆگما، ئەویش بۆ ئەفراندنی واقیعێکی هەستی ئایندەیی قازاخترو پوختەتر لەوەی هەیە، ئەمەش گرێبەندی چەندین خاڵە، وا بەچڕی تۆماریان دەکەم.

(١) بنیادی ڕووداوەکان تێهەڵکێش بن و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە، وەکو کاروهۆکار نەک

کەڵەکەچنی زنجیرەیی، هەبێت.

(٢) هێنانە کـایەی سـەرگـوروشـتـەی خـودی نووسـەرەکـە«AUTOGRAPHY» لەمـەڕ دۆزینەوەی کـەسی ئافـریدەکـار لە ناخی خـۆیداو کـردنی بە تەوەری بنیادنانەوەی گەمەی گێڕانەوە+ گەمەی زەمەنەکان.

(٣) سـووتـاندنی سنوور، یان تواندنەوەی لە نێـوان ژانرەکـانی خودی ئەدەبداو هەم لە نێوان هونەرەکـاندا، لە نێوان واقیع و ئەندیشـەی فانتـازیاییدا بۆ پێکهـێنانی هارمۆنیا و هەماهەنگی گونجاو.

(٤) سـوودمـەند بوون لە لایەنی گـەشی ناوازە و بەفەڕی کولتووری کۆمەڵایەتی، سۆفیگەری و فۆلکلۆر بە داسـتـان و ئەفـسـانەشـەوە؛ چونکە ئەوانە هەڵگری (کۆهۆشی) گەلەکـەمـانن، گوزارشت لە مێـژینەی ڕوحی بیستراوو تۆمار کراومان دەکەن.

(٥) ڕۆچوونە قـووڵایی بن هەسـتـەوە بۆ هەڵچنینی گـەنجینەو مرواریی‌یە نقوم بووەکـانی نەسـتـمـان، لێـرەدا، نـاخـگۆیی «MONOLOGUE» حـــەزو ئـارەزووە تاسووقە متبووەکانمان دەردەهاوێژێ.

(٦) تـێـکـشـکـانـدنـی زریـزەبـەنـدیـی «CHRONOLOGY» زەمـەنەکـانی ئاسـاییی، بە تەکنیکەکانی: گەڕانەوە/ تەداعی/ پێشەوەچوون و... تاد. لە ڕابردووەوە بۆ ئەمێستایی و داهاتووش.

(٧) تەقـاندنەوەی وزەکـانی خودی زمـان بۆ گـەیشـتنە شیعرییەتی ڕستەی ئاهەنگێڕی ڕاچڵەکێنی ناباو.

(٨) نووسەر، لە بەرایییدا خۆی جێگەی پیرۆزی ڕەخنە پڕ دەکاتەوە.

ئەگەر بڕشتی قـەڵەمەکەی دابێتە سەر فیلتەری جوانی پاڵێـو، ڕەوسە لە قـرشەو زیوان دابڕێ و بەخـۆی وەڵامی پرسیارە بەجێکانی ڕەخنەی بابەتی بداتەوە.

(٩) سـڵ نـەکـــردن لـە تـۆڕەکــانـی چاودێـری «CENSOR». زراو نـەڕژان لـە چـاوی ســووری دەسـەڵات لە پێناو دەربڕینی خـەونە قـەرسـیلی و زیندەخەونە باڵدارەکاندا.

(١٠) نووسەر، لە ژیاندا خاوەندی فەلسـەفەیەک بێت و تێڕوانینی خۆی لە جوانکاریدا هەبێت.

(١١) ئەزمـوونگەری هەرگـیز ناگـاتە کـۆتایی؛ چونکە ساڵ بەساڵ ئەزموونە کـەم وێنەکان نۆژەن دەبنەوە. نوێی ئەوڕۆ، کۆنی سبەینێیە..

(١٢) دەرووی ڕۆمـانی نوێ بەزۆری واڵایە ڕووبەڕووی ئەگەرەکانی داهاتوو، بۆیە جەختم لەسەر ئەوەیە کە ڕۆمان داستانی سەدەکەمانە.

داهێـنانی ئەدەبی- بەتایبـەتی نـوێ- لە هیچ و لە بۆشـایی نایەتە کـایەوە؛ بەڵکو کـۆشـشی زۆری دەوێ. خـوێندنەوەی ڕۆچووی قـووڵ و چڕی گـەرەکـە لە پاڵ تێگەیشـتنی ڕەوتاری مێـژوو. زانینی یاساکـانی گۆڕان. ئاگـاداری لە شـەپۆل و ڕێبـازەکـانی نوێگەرییـەکـان ڕێخۆشکەرو پشتیوانن لەو ئاکارەدا.

لە ڕوویەکی دیکەوە، تەمـەن و سـەردەم پێـوانە نین بۆ نرخـاندنی ئەفـراندن. دەبینی بەسـاڵداچوویەک دەسـتی ڕەنگینی باڵاترە لە کەم تەمەنێک، بە نموونە: «ڕەسافی» و «زەهاوی» و گـەنجێکی ئەوڕۆ هەرگـیز نوێخـوازترو پڕ هونەرتر نین لە «مـوتەنەبی» و «نالی» و «مـەعـەڕی». بەلامـەوە، سـەرفـرازبوونی نووسـەر لەتەک تێـڕوانین و جیهـانبینی و هۆشیاریدا، ڕایەڵی کاریگەرن لە دارشتنی دەنگە تایبـەتە نوێبـەخـشـەکـەی. کـەوابوو داهێنان ڕێچکەیەکی تاکمەندی بڕکردنی کەسە بۆ هەڵکشان بەرەو یاڵ و ڕنووەکانی ئیستێتیکا، جا لە شیعردا بووبێت، یان لە گـشت ژانرەکـانی «GENRE» ئەدەب و هونەردا. لە ئاکـامـدا پرۆسـەی ئەفـراندن- بەگـشت چمک و لایەکـانییـەوە- دەکـاتە دڵسـۆزی و ئەڤین چ بۆ وڵات و سـروشت، چ بۆ خـێـزان و دلبـەر، چ بۆ پەرستگەی وشـە. ئالێـرەدا ڕۆڵی ڕەخنەگـر دەردەکـەوێ، نەک تەنیـا لە شیکردنەوە، ڕاڤەکردنی دەقەکەو هەڵگۆازتنی لایەنەکانی ڕەوانبـێـژی «RHETORIC»، جـوانکاری تەکنیک و شێوازەکانی دەربڕین و بەس، بگرە ڕەخنە لێپرسراویشـە- بە گـــوێرەی ڕەوشی ڕەخنەی نوێ- لە گـــڕێدانی ئەو سەرکەوتنە ئەدەبی و هونەرییە بە کۆی نەسەقی ڕۆشنبیری و هزری سـەردەمـەوە. پەردەلادانە لەسـەر خـوازەو هێـما نەگوتراوەکانی نێوان دێرەکان و بەستنەوەیان بە هەبووی واقیعـە پێشـێل کـراوەکەوە، ئەمەش لە تەک (تەئویلی) دەقـەکـانـدا، ئەرکی کـۆمـەڵایەتی، ڕامـیـاری و ڕەوشتکاریشە لە پەیامی نووسەردا.

دەشێ دەقـێک بانگەشـە بۆ نوێخـوازی بکات؛ کـەچی پاش ئەرکی ئارکیـۆلۆژی هەڵوەشـاندنەوەی، دووربێت لە بەهاکانی ئازادی، عەقڵمەندی و نوێکاریش.

وێناکردنی کرۆکی کێشەی ڕۆشنبیریمان دەوەستێتە سەر

ئەوەی چەندە هۆشمەندیمان- لەو پێناوەدا- لە ناهۆشمەندیمان جودا دەکەینەوە؟ ئەمە پرسیاری بۆچوونە ناو کۆمەڵگەی ژیاری خۆ هاویشتنە دەم ڕووباری تیژپەڕی بە جیهانی بوونە. بۆ هەڵسەنگاندنی شوێن پێمان لەو هاوکێشە نا بەرابەرەدا ئەوەیە دەسپێک دەردی دواکەوتنمان پەنجە نیشان بکەین و ئەوسا لە چارەسەر بگەڕێین.

لە نووکەوە، دان بە جێماویمان لە دەرهاوێژی دەرەکی بنێین، زۆر بەتایبەتی لە کۆمەڵانی باکوور و ڕۆژئاوایی. شەرم نەکەین لەوەی مەتەرێزی خۆپاراستنمان- ڕووبەڕووی ئەو گوژمە هەڵتەکێنەرە- لاواز و خۆنەگرە، سەرباری ئەوەش، ژیاری ئەوڕۆ بەگشت ڕووەکانی ڕۆشنبیرییەوەی، جیاوازە لە جۆری ژیاری و ڕۆشنبیرییەکانی پێشینە، بۆیە کۆمەڵگەی داهاتوو تەژی گۆڕان و ململانێیەکە لەسەر بناغەی: شۆڕشی تەکنیک، شۆڕشی پێوەندی و تەقینەوەی زانیاری و مەعریفەت دادەمەزرێ.

ئەڵبەتە زاڵبوونی ئەولایەنانە دەگەیەنێ، کە ڕۆشنبیری ئەوان دەمێکە خودانی بەهێزترین ئامێرگەلی پێوەندین. جا قەبارەی دۆزەکەمان لێرەدایە: چۆنەکی بەخۆ بکەوین لەو گشت ئاڵۆزی و سەختییەی کایەکەی پێچاوەتەوە. هەنگاوی بەرایی و چارەسەریش لە مانەی خوارەوە دەبینم:

(١) دیموکراسی ڕاستەقینە لەگشت بوارەکانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و... تاد.

(٢) لادانی وشکە هزری قەتیسماو، کە پاشماوەی بارودۆخی سستمی گوندایەتی و دەرەبەگایەتییە.

(٣) دارشتنی پرۆژەیەکی درێژخایەنی ئابووری و پەروەردەیی بۆ بنبڕکردنی نوشووستی و ئەزبەرکردنی تووتییانەی قوتابیان.

(٤) بووژاندنەوەی گیانی توێژینەوە و گومان و پرسیار هەڵخستن. ئەگەر هاتو بەراوردێکی چاپکراوی خۆمان لەتەک بلاوکراوەی دەوروبەر- چ جای ئەورووپا- ڕابگرین وەکو یۆنیسکۆ ناوبەناو دەیکات، ئەوجا هەژاری و بەسەزمانی خۆمان بەزەقی بەدی دەکەین! ناشەوێ بەدەرخستنی خشتەی ڕێژەو ژمارەکان، جەستەی ڕۆشنبیریمان قەمچیژەن بکەم کە هۆکاری بنەڕەتیش بۆ کەمتەرخەمی سیاسەتمدارانمان دەگەڕێتەوە، پاشان ڕێکخراوو سەندیکاو یەکێتییەکان.... تاد. لە مانەوەی پلەی نەخوێندەواری بەو ڕێژە بەرزە.

(٥) پەرچڤەکردن «وەرگێران» بەهانامانەوە دێت ئەگەر بەربلاوتر کرا ڕووەو زانست و تەکنۆلۆژیا نەک هەر ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بگرێتەوە وەکو بەرچاوییە! بایەخدان بە ڕۆشنبیری منداڵان و گۆڕینی بەرهەمگەلی سوودبەخش و کاریگەر بۆ پایەکانی تەمەنیان، ئەوە کەسێتی زارۆکان دروست دەکات. دیارە گۆڕانکاری و چوونە ناو سەدەوە بەوە ناپێودرێ گوایە ئامێر و کەرەستەی تەکنۆلۆژی بەکاردێنین؛ بەڵکو دەبێ وەڵامی نەوەکانمان لەلا هەبێت: چ کارئاسانییمان بۆ سازاندوون لەبەرەنگاری ژینگەی نوێیاندا؟ داهێنانمان لە پانتایی ژیاریدا چی بووە؟

سەرلەبەری ئەو خاڵانەی دەراندمن، بەهۆشی واڵاو گەشبین ئەنجام بدرێن، کە گیانی ڕەخنە لە خۆگرتنی لە باوەش گرتبێت، مافی مرۆڤیش- بە جووتە باڵەکەی نێرومێ- بە ڕەوا بزانێ. ئەدی گەلێکی وەکو کورد، کە سەدان ساڵە سەربەخۆیی ڕامیاری و ئابووری- و... تاد بەخۆیەوە نەدیبێت، چۆن دەتوانێ بە نیوە خوێندەوارییەکی کەل و کەتەرەوە پێ بهاوێتە سەر نەخشەی ئەم سەردەمەوە کە هێشتا بڕیاری پێشەکی و قالبی ئایدیای پووچی داخراوی بەسەردا بالا دەستە؟ بێجگە لە چاودێری دەربڕین و مەقەسی ڕەقیبان لە هەزارەی سێیەمدا.

چاودێری کردنی ئەفراندن بەگشت شێوەکانییەوە، بەڵگەی ناژیاری سەردەم و دەسەڵاتەکەی دەگەیەنێ. گۆڕین و پەرچڤەکردن، بە هەردوو دیوی: هێنانە سەر زمانی خۆیی و خستنە سەر زمانانی دی، کاری پەلەو ویستراوی ئیستاکییە، هەرچەند پەلەی لێ بکرێ هێشتا کەمە بۆ ئاڵوگۆڕکردن و کاردانەوە لە داهێنانی یەکدی، بەتایبەتیش بۆ گەلێکی وەکو کورد پێداویستێکی ژیاریشە لەمەڕ موتوربەکردن و هەم بۆ بەرەوبردنی ئاستی ئەدەبی، هونەری و زانیاری و... تاد. خۆشحاڵانە لە پاش ڕاپەڕین برێ قەڵەمی بە ئەمەک خۆیان داوەتە بەر ئەو ئەرکە نیشتیمانییە کە شایانی ڕێز و شکۆن؛ بەڵام پەرچڤەکردن لە کوردییەوە بۆ زمانانی ڕۆژ هەڵاتی ناوین و دوور، هەر نەبێ بۆ زمانانی دراوسێ- وەکو بەردەستیلەی پرۆژەکە- پاشان بۆ زمانانی ئەورووپایی، ئەمە کەمتەرخەمییەکە لە ئاستیدا بێ دەنگ بوون

دروست نییە.

ئەرکەکەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانگەڵێک، شارەزایی چاکیان لە زمانانی بیانی هەیە. بۆ ئەوەی هاوکێشەی: وەرگرتن و.. دانەکە، لاسەنگ نەبێ. بریا پرۆژەیەکی کۆک بۆ ئەو کارە بەفەرە ڕۆدەنراو دنەی بۆ دەکرا. حەیف! هەندێ دەزگا هەن تاک لایەن، بۆ هێنانە سەر زمانی کوردی کار دەکەن! ئاخر لە مێژووی شارستانیماندا، لەسەر گۆی ئەم زەوییەدا دەهەزار زمان هەبووە؛ کەچی ئەوڕۆکە، لە پاش هەرەسهێنانی چەندین ئیمپراتۆرییەتی زلهێز، تەنیا شەش هەزار زمانی گفتوگۆ پێکراوی لێماوەتەوە! دووبەشی ئەو زمانانەی ماویشن لە گیانەڵا دانەو پاش چەند سەدەیەکی تر، زۆر زۆر کەمیان لەبەر ڕۆژگاری تەکنۆلۆژیا و بەجیهانیکردن، تاکو تەراخۆیان لە ململانێی ژیارییەکاندا ڕادەگرن. «THE CLASH OF THE CIVILIZATIONS» ئەوڕۆکە تەنیا دووسەد زمان ماونەتەوە- کە ژمارەی بێژەرانیان لە یەک ملیۆن و پترن- ئەوانی دی، مەگەر خۆیان بپەستنە ناو فەرهەنگە دێرینەکانەوە چوون مۆمیای فیرعەونان، یان بە هەڵکەندراوی پیتەکانیان بەسەر تاشە بەردو بە قەدپاڵی ئەشکەفتدا بدیننەوە.

خۆ زمان تەنیا وشە ڕۆنان و گرامەر و ڕەوانبێژی نییەو بەس، ئەو گیانە نەتەوایەتیەشە، کە پرشنگی زێڕین و پیرۆزی خۆی دەهاوێتە دەروونی هەر تاکێکمانەوە و لە چێوەی خێزان و کۆمەڵدا تانوپۆی بوونەوەریمان دەچنێ. لە ڕێگەی زمانیشەوە کولتووری ژیاریمان دەگەیەنینە سەرجەمی مرۆڤایەتی.

فەرامۆشکردنی دیوەکەی تری پەرچڤە مەگەر ناوێزە بەرهەمێکی کوردی وەرگێردرابێتە سەر زمانانی فەرەنسی، ئینگلیزی، سوێدی، ئەڵمانی و... تاد، لاسەنگی بەپرۆژەکە داوە. جێگەی خۆیەتی و مایەی شانازیشمانە ئەگەر ئاماژە بۆ دەسترەنگینی هێژایان: (ئیسماعیل دەروێش، ئەحمەدی مەلا، شێوەکار حەمید دەرویش) بکەم لە ڕێکخراوی هونەرمەندانی پاریس «AAPKT» لە دوایین گەڕێی سەدەی ڕابردوودا، لە دەزگای بڵاوکردنەوەی «HARMATTAN»دا برێ شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی کوردییان گەیاندە کتێبخانەی فەرەنسی وەک ئاگاداربم، بەپێچەوانەش، کە خاڵێکی هەرە درەوشاوەی ئەو ڕێکخراوەیە «INSTITUTE».

ئەدیب لە کرۆکیدا- بەر لە بابەتەکەی- هەڵگری سێ شتە: ژیری، فەلسەفە و ڕاستگۆیی. بەو سێیە دەکارێ دەربڕی ژینگە، کۆمەڵ، بارودۆخی مێژوویی و ڕووی پرشنگداری ژیارییەکەی بێت.

ڕەوتاری جەمسەری ئەفراندن و داهێنانی نووسەر لە زۆرانبازی هەمیشەییدایە لە نێوان: (خود)ی خۆی و (بابەتە)کەی، یان با بێژم لە نێوان: (ئەو)ی ناوەکی و (ئەوان)ی دەرەکیدا. ئەوجا هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان ئەو جووتەدا بۆ ئەوەی هیچ تایەکیان لە پرۆسەکەدا بەسەر ئەوی دیدا زاڵ و دەسترۆ نەبێت ئامانجی ڕاستینەی هونەر دەپێکێ و هەم کارشێوەکەی دەخەمڵێنێ؛ وەلێ لەلاربوونی پارسەنگی ئەو ڕێژەیەدا، بە نموونە: زاڵبوونی خودێتی نووسەر، لەوانەیە لە قۆڵێکەوە تووشی تەمتومان، پەنگانی سۆزی تاکی و بەرەڵابوونی هۆشی بکات. لە قۆڵەکەی ترەوە، دەسترۆیی بابەتی بەسەر خوددا، بەرەنگاوی قۆرتەکانی رووکەشی، تەقلیدی و وشک بوونەوەی دەکات.

لە ئەزموونی دەساڵی بەراییمدا، خودی ناوەکی دوو هەندەی پانتایی بابەتی دەرەکی لە چیرۆکەکانمی گرتبوو، ئەوەش دەگەڕێنمەوە بۆ ئازادییە تەمەن کورتەکەی پاش ڕێککەوتنامەی یازدەی ئاداری (١٩٧٠) و ڕاچەنین و ململانێی خودی ئەدەب و هونەر لە نێوان کۆن و نوێدا، بۆیە تەوژمەکە سەرکێشانە، کەم ئەزموون و تا ڕادەیەکیش دەراندنی پەنگاوەکانی ناخ بوو، زۆرینە نیگەران بوون و دژوار تێکستەکانیان وەردەگرت. ئەو دیاردەیە لە کاتی بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆکەکانمدا بە دی دەکرا، هەروەها لە زۆرینەی بەرهەمی ئەو قۆناخەی ساڵانی حەفتاکاندا؛ کەچی دڵنیابووم لەوەی ڕۆژێ دێ خوێنەرانم بگەنە ئەو ئاستەی بەڵەدی تەکنیک و ئەزموونە نوێکارییەکەم بن، هەر واش دەرچوو. ئەڵبەتە دەشبێ ئاماژە بۆ ڕۆڵی فاشیستانەی ڕژێمی بەعس و سیمبۆل و هێماو خوازەکانم بکەم لە خۆشاردنەوەم لە چاوی زەقی سانسۆر بەبێ خۆ دۆڕاندن، یان لایەنی بێ دەنگی گرتن. تووشەڕێی یەکەمم هەڵبژاردو هەرچیم بۆ لوا دەراندمن. هەنووکە، ئەو تێکستە بزێوو بە ئەمەکانەم هەوێنی شانازی و کەیفسازیمن لەو دەیان ساڵە سەخت و سامناکەدا.

لە پاش ڕاپەڕینە مەزنە بەهارییەکە، قەڵەمەکەم

هاوسەنگی سروشتی خۆی وەرگرتەوە. خۆشبەختانە دەزگای (ئاراس) هەردوو بەشی پێش و پاش ڕاپەڕینی لە کۆ چیرۆکێکی یەک بەرگیدا گەیاندە بەر دیدوڕەوانی خوێنەرانی هێژا. خۆزگە هەمان کاری پیرۆزی بۆ ڕۆمانەکانم، دیداربینی و دەقە شانۆییەکانم- لە ژیانمدا- ئەنجام دەدا.

پێشکەوتن، لە مێشک و جۆری بیرکردنەوەدایە نەک لە ڕواڵەتی درۆزنی دەرەکی. هەیە مێشکی پووکەوە تەنراوی چەندین خەڵتەی نەگونجاو لەگەڵ گیانی سەردەمدا؛ کەچی ئینتەرنێت و مۆبایلی هەیە!

ئەوەو زاراوەی «شالاوی فیکری» لەمەڕ بە جیهانیبوون جێ لەقە؛ چونکی دەبێ جوداوازی لەنێوان ئەرێ و نەرێی ئەو بارە بکەین. لووتبەرزی ڕۆژئاوا و نەژاد پەرستییەکەی، لە شۆڕشە مەعریفییەکەی داماڵین.

بەها هونەری و فەلسەفی و سەرفرازییەکانی لە کۆلۆنیالی و دەستگرتنی بەسەر سامانی گەلاندا دابڕین. بەلامەوە، دەشێ موتوربە کردن چێ بێت لە نێوان ئێمەو سەردەمی ژیاری و قازانجیش لە نێوان کولتووراندا بەرابەربێت و عەقڵمەندانە هەنگاو بۆ ئەو گۆڕانکارییە حەتمییە بنێین، یەکەم بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەییمان، دووەم بۆ خۆ گونجاندن و گەشەکردن لەگەڵ ڕووی گەشی بزاڤەکەدا بۆ ئەوەی نەبادا ببینە ئاردی پڕاوی ناو دڕک و دەوەنان، ئەم تێهەڵچوونەمان- بە مەرجی عەقڵمەندی بیری ڕەخنەییەوە- لە دنیای شارستانی هەنگاو بە هەنگاو نزیکمان دەکاتەوە، شەقڵی خۆمانی تێدا دەبینین، ئەگەر... نا... ڕاست و ڕەوان دەتوێینەوە. چاکە بەچی ئەوەمان بۆ دێتە دی؟

بەخۆ ڕۆشنبیرکردن، لەبەر ئەوەی گەلانی پێشکەوتوو چەند سەدەیەکە ئەو ئەرکەیان ئەنجام داوە؛ وەلێ پێوانەی زەمەن لە ئەفراندندا ڕۆڵی ئەوتۆ ناگێڕێ ئەگەر چەڵەنگ هەنگاوەکانمان نەناو نەبووینە سوارچاکی مەشقگەیەکە. هۆکاری لە کاروان جێماویمان، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پەرتبوونی جیۆپۆلەتیکی خۆمان لە لایەک و داگیرکەرانی زێدمان کە هەڵگری بیری تاریکی متکردن و چەوساندنەوەن لە لایەکەی دیکەوە. لەم ڕووەوە دەرکە لە خۆ کلۆمکردن دژی مەنتیقی مێژوو گەوجییە.

دانان بەهەردوو چەمکی (هۆشداری) و (باوەڕ) لەوڕۆدا، ڕەوتی ژیاریمان بە ئاراستەی دروستدا دەبات.

یەکەمیان- مەبەستم لەهۆشدارییە- ئەوە مرۆڤی- لە هەستی مجرۆیی و نەتوانایی بەرانبەر بە سروشت- پشت ئەستوور کردووە بەشێوەیەک سروشتەکەی بۆ کەڵک و مرازی خۆی ڕەخساندووە، هەروەها گیانی سەرکێشی و پشکنینی لەلا بزواند بۆ گەڕان بەدوای نادیار و نەزاندراوی سەرزەمین و ژێر زەریاکان و پانتایی ئاسمان، بەوەش بەڵگەی پێشکەوتنی هەمیشەیی خۆی چەسپاند، کە سەربەستییەکەی مەودایەکی بنەماییە لە خودی بوونەوەرییەکەیدا، چەمکی دووەمیش- مەبەستم لە باوەڕە- ڕێبازێکە بۆ نەگلانی مرۆڤەکە و پاراستنی لەو چورتمانەی دینەڕێی و ئازادییەکەی زەوت دەکەن و هەڕەشە لە ژیارییەکەشی دەکەن. ئەو جووتە چەمکە واتایەک بە بوونی مرۆڤ دەدەن. شێوەی ژیانی دەنەخشێنن. لە ئاژاوەی ئابووری دەبنە سوپەری دژ بە دڵەڕاوکەو دەردەکانی دیکەی دەروونی سەردەمەکەی.

نوێخوازی، تازەگەری و... هەر چۆنێک ناوی لێنرابێت، بە دیتنی من، جمکی سەردەمایەتییە. دەربڕینی گیانی سەدەکەیە لەلایەن مرۆڤەوە و دۆزەخی هەنووکەیی دەخاتە ڕوو لە بارەی سەربەستی و یەکسانی، لەمەڕ ژیان و مەرگی مرۆڤ، لە هەڵوێستیدا بەرانبەر بە ژیان و کەون و سەرپاکی بوونایەتی.

ئا لێرەدا، دەبێتە شۆڕشێک لە ڕووی تێگەیشتنە کۆنەخواز و بیرە چرووکە بەسەرچووەکاندا، هەروەها لە بارەی شێوەو تەکنیکەکانیدا بەرهەمی پێشووتر جێدێڵێ و ڕەهەند و پانتاییەکی بێ سەرحەدی لە پێشدایە. لە ڕەوتە شۆڕشگێڕانەکەیدا کەسیرەیی دڕی پێ نادات.

لە خەستکردنەوەی سەرتۆپی ئەوانەی سەرەوە دەشێ بڵێم: ئامانجی ڕۆمان بەگشتی نیگارکێشانی واقیعێکی دیاریکراوە بۆ خوێنەر بەشێوەیەکی تەکنیکی جوان، بە زانایی و دانایییەکی باش لە گەوەکانی ژیان و کۆکردنەوەیان لە دیمەن و تابلۆی سەرنجکێشدا. نکووڵی لەوەش ناکەم، کە چیرۆک، پاشان ڕۆمان پتر ڕوویان لە توێژی ڕۆشن هزرانەیە- هەرواش دەمێنێ- بە پێچەوانەی شێعرو شانۆیی، کە ڕوویان لە زۆرینەیە. دەشێ بەراوردێک، لەسەردەمان و شوێنانی جیاجیادا، لە نێوان هەردوو هەستوەری: چاووگوێ. بینین و ژنەوتن بکەین.

ڕاستگۆیی و هەقیقەت دوو کۆڵەکەی بنچینەیین، کە ئەدەبیان لەسەر شوێنگیر دەبێ! ئەڵبەتە بە پاڵپشتی

کـۆڵەکـەی سـێـیـەمی کـۆک و پتـەوی (جـوانناسی).
هەرسێکیان لە بەراییدا لە ناخی ئافریدەکار دەڕسکێن، پاشـان لەگـەڵ ئەوانی دی کـۆمـەڵ و ژینگەدا دەیانخـاتە ئاراوە.

ناوەرۆکی ئەدەب بابەتەکەی تەنیـا بە کـۆنی و نوێیی ناپێورێ؛ بەڵکو بەو شێوازانەی کاریگەرن لە هەژاندنی خوێنەرو بیسەرەکەی، بە نموونە: لەسەرانسەری مێژوودا مرۆڤ بۆ ئەڤین، جوانی، مـیهر، دڵسـۆزی و... بە دڵ و دەروونەوە چڕیوە؛ بەڵام چۆن گوزارشتی لەو هەستـانەی کـردووە؟ ئەمـەیان بایەخـمـەندە لە هونەر و ئەدەبدا. دیسـان، لەگـەڵ ئەوەدا نیم گـوایە سنوور لە نێـوان جـۆرەکـانی ئەدەب و هونەردا نامـێنێ، هەرچەندەش لەیەکدی وەربگرن.

بە نموونە: ڕۆمـان لە زمـانەکـانی شـیعـر، شێوەکـاری، دراما، مۆسیـقا و سینەماو... تاد کەڵک وەردەگرێ، هەروەها دەقئـاوێزی لە نێوان ئەو هونەرانەو زانستی دی دەکات؛ لێ ڕۆمان هەمیشە بە ڕۆمانی دەمێنێ، شیعر و چیـرۆکیش بە ڕواڵەتی خـۆیانەوە دەمـێنن، بەو پێـیـەش تێکستی شانۆیی و سینەمایی و ڕەخنەیی و... تاد.

خەڵاتی ئەدەبی و زۆر بڵاو کردنەوە هەرگیـز پێـوانەی نرخی هونەری دیاری ناکـەن. لەوانەیە زۆرجـار هاندەری ناجـۆر لە پاڵ ئەوانەدا هەبن وەکـو: مـیـدیا، ڕیکلامی سیـاسی، ئایدیای تەنگبین، پارە، شـارچێتی، جـاروبار ڕەخنەی نادروستیش ڕۆڵی نێگەتیڤ یاری دەکات، چ لە بێ دەنگ بوونی لە ئاست دەقە پوخت و پەسندەکـان، چ بە لادانی لە ڕێبـازی بابەتی و ئەرکی زانسـتی خـۆی. خـەڵاتکردنی ئەدیبـان و هونەرمـەندانیش تووشی هۆکـارەکـانی بڵاوکـردنەوە دەبن، بەتایبـەتی هۆکـاری سیاسی. «مشتێ نموونەی خەروارێکە» لە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی سـاڵی «١٩٠١»دا، دوو کـەڵە نووسـەری وەکـو (برناردشـۆ) و (تۆڵسـتـۆی) پشـتگوێ خـران و درایە (بریدۆم)ی شـاعیری کـەم ناسراوی فـەرەنسی. جەنابی ئەلفرید نۆبل، بەهۆی داهێنانی دینامێتە کوشندەکانی- وەکـو قـابیل- برا بچـووکی خـۆی و چوار هاوڕێی و ملیۆنانی کوشتبوون. پاش چەند ساڵێک، کە برناردشۆ ئاگـادارکـرا بۆ وەرگـرتنی ئەو خـەڵاتە، بەر لە (سـارتر) ڕەفـزی کـرد و گـوتی: «دەبوایە زووتر پێم ببەخشـرابایە، ئێـسـتـا لە ڕۆخی ئارامـیدام و پێـویسـتـیم بە کـەڵەکی پەرینەوە نەماوە.»

بیرەوەری ٢٥ ساڵ لەمەوبەر

(٤)

# کتێبی «گەڕۆکە ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» و خۆئامادەکردن بۆ جەژنی سەری ساڵ

مارف خەزنەدار

-١-

کتێبی «گەڕۆکە ڕووسەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» کتێبێکی پڕ کەڵک و بەنرخە، بیرەوەرییەکی تایبەتی هەیە لە ژیانی خوێندەوارییمدا. دەست خستنی چاپی ڕووسی و گۆڕینی کوردییەکەی لاپەڕەیەکی گرنگ و بایەخدارە لەمێژووی جموجۆڵی ڕۆشنبیریمدا.

ڕۆژی یەک شەمووی دوا هەفتەی مانگی ئاغستۆس بوو، لەبەیانییەوە تا پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ لەناوچە و ئاوایی زیلینۆ گۆرسکی بووین. ئەم ئاواییە، یان شاخی سەوزە لە دەرەوەی شاری سانت پیترسبۆرک بوو. لەگەڵ یانینای هاوسەرم لەڕووسیا هەموو جوانییەکەم لە دیمەنی ئەودا دەدی. ئەو ڕۆژە ئەوەندە تەڕ و تووش بوو ڕێژنەی باران ماوەی حەسانەوەی ناو دارستانی نەدەدا. وێنەی دڵدار و دلبەرانی هەڵتووترکاو لەبن داران ئاسایی بوو. ئەمانە مشەماکانیان دەکرد بە پەردە لەترسی باران و لەژێریدا دەستیان لە ملی یەکتری دەکرد، ئاو بەخوڕ لە قەراغی مشەکانیانەوە دەهاتە خوارەوە، ئەم دیمەنە بۆ خۆی مایەی ئاسوودەیی بوو، چونکە ئاو دڵی خۆشەویستانی گەرم دەکردەوە. ئەو ڕۆژە لە هەموو جێیەک باران بوو. لەناو دارستان، لەسەر ڕێگە، باران هێڵی ئاسن و شەمەندەفەری دەشووشتەوە، لە هەموو ئەو ماوەیەی نێوان ئاوایی زیلینۆگورسکی و شاری سانت پیترسبوک. شار هەندێ چۆڵ دەکەوتە بەرچاو، بۆنی گەرماوی لێ دەهات وەکو تازەبووکێک بوو گەرماوێکی خۆشی کردبێ و چاوەنۆڕی ناتری گەرماو بێ و بورنوسی لەبەر بکا. ئاسمان هەور و نیوە تاریک، وردە باران تێکەڵ بەشنەبای نەرم بوو، پیاو تا دەستی بۆ دەمودەچاوی نەبردایە هەستی بە شەونمی سەر ڕوومەتی

نەدەکرد.

ڕۆژێ وا خەڵکی هەوڵ دەدەن زوو بچن بۆماڵەوە، یان خۆیان بکەن بە سینەمایەک. ئێمە بڕیارمان نەدابوو چی بکەین، لەچەند و چووندا بووین. لەپڕ چاوم بە کۆگایەکی کتێب فرۆشتن کەوت. چووینە ژوورەوە. ئەم نامەخانە گەورەیە هەمووی چوار پێنج کڕیاری لێ نەبوو. بە ئارەزوو سەیری کتێبەکانمان دەکرد، بە دەگمەن ڕێک دەکەوت کتێبێکی پێویستم چنگ بکەوێ لەم جۆرە کۆگایانەدا، چونکە کۆگای گشتی کتێب فرۆشتن بوون، کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی و مێژووی ڕۆژهەڵات و فەلسەفە و شتی تری لەم بابەتەیان کەمتر تێدا چنگ دەکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار کتێبی زۆر بەنرخ و پێویستم لەم جۆرە کۆگایانەدا دەست کەوتووە.

یانینا وەک زۆرجاری تر کتێبێکی بەرگ سپی بەدەستەوە بوو بەپێکەنینەوە بەرەو ڕووم هات و گوتی: فەرموو ئەمە کتێبێکە باس لەناوچەکانی لای ئێوە دەکا، خاوەنەکەشی دۆستە. کتێبەکەی بەدەستەوە گرتبوو، ئەویش من ئاسایی لەوە دەترسا نەوەکو یەکێکی تر خۆی بۆ خۆش کردبێ، چونکە هەر ئەم دانەیە لە نامەخانەکەدا مابوو. لەوکاتەدا مەسەلەی ئەم کتێبە بەلامەوە سەیر بوو. ساڵێک پێش ئەوکاتە، واتە لە ١٩٦٥دا چاپ کرابوو، دەبوو پێش دەرچوونی بەساڵێک ئاگادار بوومایە، چونکە کەتەلۆگی هەموو چاپەمەنییەکی پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتناسییەوە هەبوایە بە دەستم دەگەیشت. بەتایبەتی کتێبێک بەناوی «گەڕۆکە ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» بێ و خاوەنەکەی دۆستی بەڕێزم بۆریس مووسێیێڤیچ دانتسیگ بێ.

-٢-

ئەو شەوە زۆر بەختیار بووم، لە خۆشیاندا خەو نەدەچووە چاومەوە. نوێژم بۆ سروشت دەکرد، چونکە ئەگەر تۆف و باران نەبوایە لە سەیرانی دەرەوەی شاری سانت پیترسبۆرگ زوو نەدەگەڕاینەوە، ئەم زوو گەڕانەوەیە بووە هۆی ئەوەی چوونمان بۆ ئەو کۆگایەی کتێب فرۆشتن ئەوەی بۆ یەکەمین جار چوومە ناویەوە، چونکە وام زەن نەدەکرد لەو کۆگایەدا کتێبێک بدۆزمەوە لەوانەی من بۆیان دەگەڕێم.

لەپاش زیاتر لە دە ساڵ ئەمجارەیان لەبەغدا ڕۆژێکیان لەسەلاح خالیسی مامۆستامەوە هەواڵێکم پێ گەیشت گۆیا لەوەزارەتی ڕاگەیاندن لیژنەیەکی بەرز دانراوە بۆ سەرپەرشتی کردنی وەرگێڕان لەزمانانی ئەورووپاییەوە بۆ زمانی عەرەبی. لیژنەکە کۆمەڵێک کتێبی دەستنیشان کردووە بۆ وەرگێڕان، یەکێ لەو کتێبانە ناوی «گەڕۆکە ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا»یە. خۆی و جەبرا ئیبراهیم جەبرا ئەندامێکی تری لیژنەکە منیان دەست نیشان کردووە ئەم کارە بگەیەنمە ئەنجام.

لە هەموو شتێک سەیرتر ئەوە بوو وەزارەتی ڕاگەیاندن خۆی ئەم کتێبەی نەبوو، ئیتر چاوەنۆڕی وەرامی من بوون، ئەگەر منیش نەمبوایە، ئەوە لە ڕووسیا داوایان دەکرد. لەو کاتەدا سەلاح خالیس زۆر بەختیار بوو کە چیرۆکی دەست خستنی ئەم کتێبەم بۆ گێڕایەوە.

دەستم دایە کتێبەکە و لە وەرگێڕانی بوومەوە بۆ زمانی عەرەبی. چاپکردنی کتێبەکە زۆری نەخایاند، چونکە بەلای وەزارەتەوە شتێکی گرنگ بوو و کتێبەکەیان لەپلەی یەکەم دانابوو، واتە ئەو کتێبانەی دەبێ زوو بکەونە بازاڕەوە. بۆ ئەم مەبەستە کتێبی پلە یەکەمیان بۆ بێرووت دەنارد بۆ چاپ کردن. بەڵێ! کارگێڕی «نێوەندی عەرەبی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و فرۆشتن» لە بێرووتەوە هاتبوو بۆ بەغدا و دەستنووسی پاکنووسی کتێبەکەی منی بردە بێرووت بۆ چاپ کردن. مافیای ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا کەوتە جووڵە، بەڵکو کارێکی وا بکا بتوانێ وەزارەتی ڕاگەیاندن کتێبەکە ڕابگرێ. کەسانی چڵێس و ماڵانگەڕ کەوتنە پیلاندانان، وایان دەزانی هەلێکی ئەوتۆیان چنگ کەوتووە نرخی تەواو نابێ. بەدەم و نووسین کەوتنە بەدگۆیی لەبابەت کتێبەکەوە، وایان دەزانی گەنجینەیەکیان دۆزیوەتەوە. بێ ئابڕووانە ئەوەیان دەگێڕایەوە کە خاوەنی کتێبەکە دانتسیگ بەنەژاد جوولەکەیە، کە جوولەکە بێ دەبێ سەهیۆنی بێ، کە سەهیۆنیش بێ دیارە لە دۆزەخیش جێی نابێتەوە. من ئەم زانیارییەم لە سەلاح خالیس بیست. بە بزەوە کاربەدەستانی وەزارەتی ڕاگەیاندن ئەوەیان دەرخست کە ئاگاداری ئەوەن دانتسیک بە نەژاد جوولەکەیە. ئیتر ئەم جارەش ڕوو ڕەشی و چاو شۆڕی و ڕەنگ زەردی بۆ مافیای ڕۆشنبیری کوردی مایەوە. ڕاستی ئەم زانا ڕووسە گەورەیە ئەو بوو بە نەژاد جوولەکە بوو، خوێنەواری ڕووسانە بوو، لێکۆڵینەوەکانی زانستییانە بوون، هەندێ جار بۆنی «ئەنتی سامیتیزم»ی لێ دەهات وەکو ئەورووپاییەکان دەڵێن.

هەر چۆنێ بێ هەندێ لەکارگەرانی وەزارەتی ڕاگەیاندن لە بەغدا لەم ڕووەوە لە مافیای ڕۆشنبیری کوردی بەهۆشتر بوون، هەڵوێستی ئەوان لەم مەسەلەیە زانستیانە و مەردانە بوو، هەڵوێستی ئەوانەی ئێمە چڵکاو خۆرانە و نامەردانە بوو.

کتێب لەچاپ دەرچوو و بڵاوکرایەوە. لە پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان لە ئۆقیانووسەوە تا کەنداو بەچاو دەبینراو بەنرخێکی هەرزان دەفرۆشرا. دەسکەوتیش خشتێکی پتەو بوو خرایە سەر دیواری باڵەخانەی کولتووری گێتی. باسی کورد لەکتێبەکەدا هاتووە، وەکو هەموو نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەر شۆڕیش بۆ پیاوی خراپ مایەوە.

-٣-

ئێمەی خاوەن قەڵەم و خوڵقێنەری بەرهەمی داهێنراو وەکو ئەو ئاوەین لەسەرچاوەوە هەڵدەقوڵێ، ماوەیەکی دەوێ تا دەگاتە ئەو جێیانەی دێراویان لێ دروست دەکرێ و بۆ پێگەیاندنی کشتوکاڵ سوودی لێ وەردەگیرێ. زۆرم کردبوو، بەبێ پسانەوە بەرهەمەکانم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووناکییان دەدی. لەو سەردەمەی خانەنشین کرام و ژیانی گۆشەگیریم بۆ خۆم هەڵبژارد. هەندێ لە بەرهەمەکانم چاوەنۆڕی ڕووناکی بوون. بەمن بوایە ڕووناکییان نەدیایە و چارەنووسیان وەکو خۆم بوایە، بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەک لەبیری خەڵکی بچوومایەتەوە. من بایەخم بەو نووسینانە نەدەدا کە باسی منیان تێدا بوو، وەک بڵێی خۆم هەڵدەخەڵەتاند، وامدەزانی ئەگەر ئاگاداری هەواڵێک نەبم لەبابەت منەوە لە چاپەمەنیدا بڵاوکرابێتەوە، ئەوە هەواڵەکە نەبووە، یان لەبیر خەڵکی چوومەتەوە.

لەنیوەی دووەمی ساڵی ١٩٨١ و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ میدیای کچم لەپۆلی شەشەمی کۆلێژی پزیشکی بوو لە بەغدا. لەسەرەتادا لەوە دەترسام دوورخستنەوەم لەزانستگا کارێکی ڕەشبینی بکاتە سەری و لەخوێندن دوابکەوێ، کەچی بەپێچەوانەوە، بەژیانی خانەنشینی من ڕاهات و هەندێ جار پێشی خۆش بوو، وابیری دەکردەوە وەکو ئەم ڕووداوە لە چاکەی من بووبێ.

یارانی نزیک سەریان لێ دەدام، دۆستە ڕووسەکانم کارگەرانی باڵیۆزخانەی ڕووسیا لە بەغدا فەرامۆشیان نەدەکردم، لەگەڵ ئەوەشدا هاتوچۆی ماڵمان زۆر گەرم نەبوو. هێزی نان خواردنمان وەکو جاران بە بۆن و بەرامە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو ڕوویەکەوە لەماڵ بایی ئەوەندە میوان و هاتوچۆ و خواردەمەنی و ژیانی کۆمەڵایەتیمان هەبوو تووشی ڕەشبینی و قووچانەوەی تەواو نەبین. ئەو ساڵ و نیوەش لەژیانی ماڵەوەمان شەقڵ و ئەدگاری تایبەتی خۆی هەبوو، بیرەوەری لەبیر نەکراوی بۆ دروست کردین.

پێوەندیم لەگەڵ مامۆستا و هاوڕێ عەرەبەکانم، مامۆستایانی زانستگای بەغدا لەپێشان بەهێزتر بوو. یەکتری بینینمان لەگەڵ مەهدی مەخزوومی و شاکر خەسباک و عەلی جەواد تاهیر و عەبدولئیلاه ئەحمەد و سامی سەعید ئەلئەحمەد و خالید جادر و هی تر زۆر بوو، هەر چەندە لەژێرەوە هەوڵم دەدا ژیانی کۆمەڵایەتیم تەڕ بێ و پێوەندیم لەگەڵ یارانی بە وەفا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر بێ، ئەوەندە ئارەزووم دەکرد لەسەرەوە ناوم لەگۆڕێ نەبێ و لەبیر خەڵکی بچمەوە. لەوە دڵنیابووم لە نووسین نەوەستاوم، دەربەستی ئەوەش نەبووم یەکێک بڵێ لەگەڵ دوورخستنەوە لەزانستگا، لەنووسین چووەوە. زۆریش ڕێی تێدەچێ پیاو بیر لەوە بکاتەوە ئەوانەی لە زانستگا دەریان کردم بیریان لەوە کردبێتەوە ئەمە دەبێتە هۆی وەستانی مێشکم، بەم جۆرە قەڵەمم وشک دەبێ، ئیتر بۆ ئەوان خۆشی تریلیلییە.

ئاهەنگی سەری ساڵی ١٩٨٢مان گەرم بوو. خێزانی بەڕێزم خۆی بۆ ئەم ئاهەنگە ئامادە کردبوو، بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی ساڵانی پێشوو گەرمتر بێ. مەبەستی ئەوەبوو منداڵەکان هەست بە کەموکوڕی نەکەن، (میدیا) لەدوا پۆلی کۆلێژی پزیشکی بوو، (بنیاد)ی کوڕم تازە چوو بووە قوتابخانەی سەرەتایی و لە پۆلی یەکەمدا بوو. میوانمان زۆر بوون. جگە لە ماڵی ئەبوو سەباحی هاوسێی مەسیحیمان، کۆمەڵێک مامۆستای زانستگای بەغداو چەند دیپلۆماسی و کارگەرێکی باڵیۆزخانەی ڕووسیا لەماڵمان بوون.

# بیرکردنەوەی ماتماتیکییانە لە چیرۆکی «سفری ئەفسانەیی»دا

ئارام سدیق
(سلێمانی)

**سەرەتا**

ئەزموونی چیرۆکنووسینی «عەتا محەمەد» یەکێکە لە ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی چیرۆکی کوردی کە شایانی لەسەر وەستان و قسە لەسەرکردنی بەردەوامە، نەک لەبەر ئەوەی عەتا توانیویەتی چیرۆکنووسانی کورد تێپەڕێنێت، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە نییە، بەڵکو ئەو ئەزموونە، بۆیە قسە هەڵدەگرێت لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی خۆی هەیە و عەتا بەردەوام دەیەوێت جیا بنووسێت و جیا بیر بکاتەوە و هەوڵی دەستەمۆکردن و نووسینەوەی پەی پێ نەبراوەکان دەدات.

ئەزموونی چیرۆکنووسی عەتا محەمەد، ئەگەرچی لە سەرەتاوە لەسەر هێڵێکی تایبەت ئیشی کردووە، بەڵام دەکرێت لە چەندین لایەنەوە خوێندنەوەی جیاجیا و لە چەندین دەلاقەوە لەو ئەزموونە بدوێین. هەر لە گەمە کردنەکانییەوە لەنێوان خەیاڵ و واقیع تا سەفەرکردنی ئەندێشەیی بە مێژوودا و هەڵدانەوەی لاپەڕە فەرامۆشکراوەکانی نێو ڕۆشنبیری کوردی و چەندین لایەنی تر، بۆیە دەکرێت عەتا وەک چیرۆکنووسی لاپەڕە فەرامۆشکراوەکانی مێژووش ناو ببەین، چونکە ئەو لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا هەوڵی نووسینەوەی ئەو لاپەڕە فەرامۆشکراوانە دەدات، کە مێژوونووسان نەیاننووسیوەتەوە و ئێمەی خوێنەریش توانای پەی پێ بردنیانمان نەبووە.

ئەم نووسینە نایەوێت لەسەر کۆی ئەزموونی "عەتا محەمەد" قسە بکات، بەڵکو ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیە، قسەکردنە لەسەر چیرۆکی (سفری ئەفسانەیی) کە چیرۆکێکی نوێی عەتا و ئەزموونێکی تایبەتی ئەو چیرۆکنووسەیە، کە ئەم جارە عەتا لەگەڵ



عەتا محەممەد

گــەڕانەوەیدا بۆ مــێــژووی بابان، بیــرکــردنەوەیەکی ماتماتیکییــانەی خۆی دەخـاتەڕوو، کە بیرکردنەوەیە لە "سفر" و هەوڵدان بۆ کەشفکردنی نهێنییـەکانی بوونی "سفر". لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی لەسەر ئەم چیرۆکە بوەستین.

**سەفەر بە مێژووی باباندا**

عەتا محەمەد یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی بەشێکی زۆری بەرهەمــەکــانی گــەڕانەوەیە بـۆ مــێــژووی بـابان و سەفەرکردن بە دنیای بابانییەکاندا. عەتا لە ڕۆمانەکانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک) و (گێلاسی خوێن) و چەندین چیرۆکدا، سەفەرێکی ئەندێشەیی بە مێژووی بابانەکـاندا دەکـات. بێ گـومـان لێـرەدا ناتوانین لەو دوو ڕۆمانە بدوێین و ئەوە بۆ دەرفەتێکی تر هەڵدەگرین، بەڵام ئەوەی مــەبەسـتــە لێــرەدا قــســەی لەســەر بکەین، ئەو گەڕانەوە و لەبیــرنەکـردنەی عــەتایە بۆ مــێــژووی کــورد بەگـشـتی و دنیـای بابانەکـان و مــێــژوویان بەتایبــەتی.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە بۆ عەتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مـێژووە فـەرامـۆشکراوەی بابان؟ ئایا لە ڕوانگەی عـەتاوە فـەرمـانڕەوایی ئەو مـیـرنشـینە گـرنگە بۆی، یان عەتا دەیەوێت ڕەخنە لە کۆی حوکمڕانی ئێستای کوردی بگرێت لە ڕێی گەڕانەوەیەوە بۆ بابان؟

بێ گومان ئەمانە هەمووی پرسیارن و دەکرێت بەدوویدا بڕۆین. بەو بەڵگەیەی فـەرمـانڕەوایی لە کـوردسـتـاندا لە هەمان سنووردایە و لەو بازنەیە دەرنەچووە کە بابانەکانی تێدابوون. بەڕای من عـەتا دەیەوێت هەم بوون و گـرنگی بـابـانەکــان بخــاتەڕوو، هەم ئەو لاپەڕە نەنووســراوانەش بخاتە ڕوو کە مێژوونووسان فەرامۆشیان کردوون، چونکە ڕەنگە فـەرامـۆشکراوترین مـیـرنشین تا ئێـسـتـا، بابان بووبێت بەوەی کە پانتاییەکی زۆر کەمی لەنێو مێژووی ئێمە داگیر کردووە.

لێـرەدا بە پێـویـستی دەزانم قـسـەیەکی "ڕاجەر سکۆلز" بهێنمەوە لەبارەی پێوەندی نێوان چیرۆک و مێژووەوە کە دەنووسێت: لە ڕوانگەی ئێـمـەوە چیـرۆک شتـێکی تەواو جـیـاوازە لەگـەڵ بەڵگە مـێـژووییـەکـان. پاشـان هەمـان نووسەر دەنووسێت: چیرۆک لە دیدی منەوە تەنیا دروست نابێت، بەڵکو دروست دەکرێتەوە، واتە بەری نەناسراو و ناڕاســتی هێــزی خـەیاڵی مـرۆڤـە. بە وردبوونەوە لەم قـسـانەی "ڕاجەر سکۆلز"، لەوە تێـدەگەین کە چیـرۆک چەند بەرهەمی خـەیاڵی مـرۆڤـە، هێندە ڕەگێکی لەنێـو حەقـیـقـەتدا هەیە. ڕەنگە ئەم قسەیە بۆ هەر چیرۆکـێک بەشـێـک لەڕاسـتی تێـدا بێت و ئەوەش حـاڵەتێکی ئاساییە. گـابریل گـارسیـا مـارکیز لە ڕۆمـانی سەدساڵ تەنیـاییـدا، چەند پشتی بە ڕاستی و ڕووداوی مێژوویی بەسـتـووە بۆ بیناکردنی ئەو ڕۆمـانە، دە هێندە پشـتی بە خــەیاڵ و فــەنتــازیا بەســتــووە و هەر ئەو پشت پێ بەسـتنەشی بە خـەیاڵ و فـەنتـازیا کـردی بە یەکێک لە بنیادنەرانی ڕیالیزمی جادوویی.

عەتا لەم چیرۆکەدا سەفەرێکی ئەندێشەیی بە مێژووی باباندا دەکـات، چیــرۆکــەکــە باس لەوە دەکــات کــە چیـرۆکنووس سەرەتا ویسـتـوویەتی چیـرۆکـێک لەبارەی بابانەوە بنووسێت، بەڵام پاشان هەوڵی داوە چیرۆکـێک لەبارەی سفرەوە بنووسێت، چونکە لە نێو ئەو میرنشینەدا بایەخ بە ســفــر نەدراوە و ســفــر یەکــێک بووە لە لەبیرکراوەکانی ئەو میرنشینە. چیرۆکنووس دەنووسێت: (ئەو میرنشینەی بەپێچەوانەی ڕای مێژوونووسانەوە، کە

زۆر شت لەبارەی پرشنگ و درەوشانەوەی دەگێڕنەوە، بێ دەنگترین میرنشین بووە، چونکە ئەو ڕژێمەی میرنشینەکەی لەسەر بیناکرابوو، ژمارە سفر پێگەیەکی لە بیرکردنەوەیدا نەبوو). واتە چیرۆکنووس هەوڵی داوە قسە لەسەر ئەو خاڵە پەراوێزکراوە بکات لەنێو ئەو میرنشینەدا، کە ئەویش پەراوێزخستنی سفرە.

عەتا لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ مێژووی بابان، دەشگەڕێتەوە بۆ لای نالی و وەکو پاڵەوانێک لەنێو چیرۆکەکەیدا دەبینرێت، کە یەکێکە لەو کەسانەی بابان ئەرکی گەڕانی بەداوی نهێنی سفردا پێ دەسپێرێت.

نالی پاش گەڕانێکی زۆر بە کتێبخانەکانی ئەستەمبوڵدا نهێنی سفر لەخاڵی بەیازێکدا دەدۆزێتەوە، یان لە دۆزینەوەی نزیک دەبێتەوە و لە قەسیدەیەکدا دەینێرێتەوە بۆ بابان، بەڵام کەس توانای کردنەوەی ئەو کۆدانەی نێو قەسیدەکەی نالی نابێت و ناتوانرێت میرنشینەکە لەو تەنگژەیە ڕزگار بکات کە تێی کەوتووە، بۆیە بۆ هەتا هەتایە نهێنی سفر لەو قەسیدەیەدا بە نادیاری دەمێنێتەوە. چیرۆکنووس بە سوود وەرگرتن لە مێژووی بابان و نالی وەک کاراکتەرێک، چیرۆکێکی نوێی بیناکردووە و تێدەگەین کە عەتا بەپێی قسەکەی "ڕاجەر سکۆلز" بەسوود وەرگرتن لەمێژووی بابان، چیرۆکێکی نوێ و فەنتازی نووسیوە.

## بیرکردنەوەی ماتماتیکییانەی چیرۆکنووس

کاتێک باس لە بیرکردنەوەی ماتماتیکییانە دەکەین لەم نووسینەدا، مەبەستمان لە بیرکردنەوەی چیرۆکنووسە لەگەڵ ژمارەکاندا. بیرکردنەوەی ماتماتیکییانە ئەو بیرکردنەوەیەیە کە مرۆڤ بەدوای نهێنی و سیحری ژمارەکاندا دەگەڕێت. عەتا لەم چیرۆکەدا بەدوای بیرکردنەوە لە سفردا دەگەڕێت و دەیەوێت نهێنی سفر لە ڕوانگەی خۆیەوە بخاتەڕوو.

بۆرخیس نموونەی ئەو نووسەرانەیە کە بیر لە شتە سادەکانی ڕۆژانە دەکاتەوە و زۆرجار ڕووداوی زۆر ئاسایی کردۆتە چیرۆکی زۆر جوان و لەو چیرۆک و ڕووداوە سادانەوە پرسیاری گەورەی ورووژاندووە. عەتا محەمەدیش لەو چیرۆکنووسانەیە زۆرجار بە بیرکردنەوە لە شتی سادەی ڕۆژانە، پرسیاری گەورەی ورووژاندووە و ئەو بۆرخیسییانە لە دنیای کوردی دەڕوانێت و شتی سادە لای ئەو مانای قووڵی تێدا حەشاردراوە و ئەو شتەکانی دەوروبەر بە سانایی نابینێت. عەتا هەوڵی کەشفکردنی پەنهانەکان نادات، بەڵکو لەنێو ئەو شتە سادانەی دنیای کوردیدا بەدوای پەنهانی تردا دەگەڕێت. چیرۆکی "سفری ئەفسانەیی" نموونەی ئەو چیرۆکانەیە، کە چیرۆکنووس بە بیرکردنەوەیەکی ورد و سادە لە سفر، هەوڵی فرەگێڕانەوە دەدات و خوێنەر پەلکێشی ئەو دنیا پڕ تەلیسمەی ماتماتیک دەکات و چیرۆکنووسیش ساتێک ماتماتیکییانە بیر لە بوون و نەبوونی سفر دەکاتەوە، ساتێکیش چیرۆکنووسانە.

عەتا محەمەد لەو چیرۆکنووسانەیە خاوەنی بیرکردنەوەی فرە ڕەهەند و فرە دیدە بۆ هەموو شتەکان، عەتا بە تەنیا لەم چیرۆکەدا ماتماتیکیانە بیر ناکاتەوە، بەڵکو ئەو لە کتێبی (تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان)یشدا لە چیرۆکی (وێنە و ئاوێنە -٣-)دا، بیر لە ژمارە سێ دەکاتەوە. سێ وەک ئەوەی ئەو وەک چیرۆکنووسێک دەیبینێت و باس لە گرنگی سێ و پێگەی سێ لەنێو ژمارەکاندا دەکات. عەتا لەگەڵ ئەوەی بیر لە ژمارە سێ دەکاتەوە، بەڵام لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی ئەو ڕوانینە باوەدایە کە ئێمە بۆ "سێ" هەمانە. ئەو دەنووسێت: (نزیکترین لێکچوون لە سێ گۆشەوە، بازنەیە، هەر چۆن (ڕۆیشت) هاومانایەکی تری (هاتن)ە، نەوەک دژی بێت). چیرۆکنووس لەو چیرۆکەدا زیاتر لەو بارەیەوە دەدوێت و پێی وایە سێ گۆشە نزیکترین پێوەندی لەگەڵ بازنەدا هەیە. هەروەها دەڵێت: ڕۆژێک تۆپەکانی بلیاردم بازنەیی نەبینی. تێکەڵکردنی پێوەندی نێوان تەنە ئەندازەکان لە چیرۆکدا، ئەو مانا سادانە بەدەستەوە نادەن کە ئێمە پێشتر بۆ ئەو شتانە هەمان بووە و بیستوومانن. بەڵکو بیرکردنەوەی چرکە ساتییانەی چیرۆکنووس لەوکاتەدا ئەوە دەخاتەڕوو کە دەتوانرێت دنیا بە ڕەنگی تر و لە فۆرمی تردا ببینین و دەکرێت ئەو ڕەنگ و فۆرمانەی شتەکانی دەوروبەرمان وەریان گرتووە، دروست کراوبن و ڕاست نەبن. هەروەها پێدەچێت چیرۆکنووس ئەوەش بخاتەڕوو کە هەر مرۆڤێک ئازادە چۆن فۆرم بۆ شتەکان دادەنێت و چۆن دنیا دەبینێت.

لە چیرۆکی سفری ئەفسانەییشدا هەست بە هەمان بیرۆکە دەکەین، بەڵام ئەم جارە کێشەکان قووڵتربوونەتەوە. بەو پێیەی کە "سفر" دەکرێت

نائاسایيترين ژماره بێت، چونكه (وەک چيرۆكنووس ئاماژەی پێداوه) خاڵی نێوان بوون و نەبوونە. لێرەدا زياتر لەسەر ئەم بابەتە ناوەستم، بەڵام دەمەوێ ئاماژەش بەوە بدەم كە ئەم بيركردنەوە ماتماتيكييانەی چيرۆكنووس لەم چيرۆكەدا و لە (وێنە و ئاوێنە -٣)شدا، يەكێكە لە جوانييەكانی ئەزموونی چيرۆكنووسيی عەتا و ئەوەندەی تر ئەزموونە تايبەتەكەی دەوڵەمەند دەكات.

## سفر بێ دەنگی دەشڵەقێنێت

سفر ئەو ژمارەيەيە كە چيرۆكنووس لێی دەدوێت و دەيەوێت نهێنی ئەو ژمارەيە لەنێوان بوون و نەبووندا ديارى بكات. عەتا دەنووسێت: (سفر پڕ سيحرترين ژمارەيە، بەو پێيەی شوێنێكە لەنێوان بوون و نەبووندا. وەک ئەوەی هەبوويەكی نەبووبێت، يان بە پێچەوانەوە نەبوويەكی هەبووبێت و جياوازە لە "بۆشايی"). لێرەوە تێدەگەين كە چيرۆكنووس بە دوای پرسياری بوون و نەبوونی سفردا دەگەڕێت، چونكە سفر بووەتە ئەو ژمارەيەی كە بێ دەنگی دەشڵەقێنێت. عەتا دەيەوێت بەدوای حەقيقەتی سفردا بگەڕێت هەر وەک چۆن "ڕاجەر سكۆلز" دەڵێت: شكاندن و شيتەڵكردنی حەقيقەت، بەشێوەيەكی ئامانجدار و دڵخواز، كاری چيرۆكنووسە. عەتاش لەم چيرۆكەدا لە هەوڵی شكاندن و شيتەڵكردنی ئەفسانەی سفردايە.

چيرۆكنووس ئەوە دەخاتەڕوو ئايا سفر بەرجەستەكەری ناشوێنە بەو پێيەی ئەو لەيەک كاتدا بەرجەستەكەری بوون و نەبوونە. هەروەها عەتا ئەوەش دەخاتەڕوو كە سفر وەک هاومانای هيچ، يان نەبوون سەير دەكرێ، چونكە لەو ميرنشينەدا (مەبەستی بابانە) وا دەزانرا (شتێک) هەيە، يان نييە و ناكرێت (شتێک) هەبێت و لەهەمان كاتيشدا نەبێت، وەک سفر. قسەكردن لە سفر بەردەوام بەرەو قەيرانمان دەبات، چونكە وەک پێشتريش خستمانەڕوو، سفر ئەو ژمارەيەيە كە زۆرترين پەنهانی لەگەڵ خۆيدا هەڵگرتووە. بۆيە نووسينی ڕۆمانێک بەناوی (سفر پەرستان) لەلايەن (ئالان نادۆ)وە، كارێكە بۆ گەڕان و قسەكردن لەسەر نهێنی ئەو ژمارە ئەفسانەييە.

نهێنی سفر نە لای ماتماتيک زانەكان و نە لای "ئالان نادۆ" و لای "عەتا محەمەد"يش هەر بە پەنهانی دەمێنێتەوە و عەتا لە كۆتايی چيرۆكەكەدا دەنووسێت:

مرۆڤ شوێنی ئەو شەڕە بێ ئامانەيە كە ژمارەكانی تر لەگەڵ سفردا دەيكەن، هەربۆيە كاتێک نالی لە ڕێگای بەيازێكی كۆنەوە دەگاتە (سفر)، لە ترسی (يەک) و سفركوژان، دەبوايە خۆی ون بكات. لێرەدا ونبوونی نالی واتە ونبوونی نهێنی سفر و پەنهان هێشتنەوەی ئەو نهێنييەی مرۆڤ دەيەوێت كەشفی بكات و ناتوانێت. ڕووخانی بابانيش لای عەتا لەم چيرۆكەدا، پێوەندی بە نەبوونی سفر و بايەخ نەدان بووە بە سفر، بۆيە سفر هەتا هەتايە ئەو ژمارەيەيە كە بێ دەنگی دەشڵەقێنێت و توانای كەشفكردنی نهێنييەكانی ئەستەمتر دەبێت.

## سفر لەنێوان گومان و يەقيندا

يەكێكی تر لە گەمە جوان و سەرسوڕهێنەرەكانی عەتا محەمەد لەنێو چيرۆک و ڕۆمانەكانيدا دەيكات دروستكردنی ڕووبەری گومانە لەنێو دەقدا، كە ئەو وەک چيرۆكنووس هەوڵ دەدات زۆرترين ڕووبەری گومان دروست بكات. لای عەتا زۆرجار يەقين تا ئاستی نەبوون كاڵ دەبێتەوە. ئەم خاڵە كە عەتا بەشێوەيەكی وشيارانە كاری تێدا كردووە، دەكرێت وەک جياوازترين خاڵ تەماشا بكرێت لەنێوان و عەتاو چيرۆكنووسانی تری كورددا كە چيرۆكنووسانی تر لە ڕێگەی ڕەنگڕێژكردنی كاراكتەر و دياريكردنی سيما و وەسفكردنی شوێنەوە هەوڵی بەرهەمهێنانی ڕاستی دەدەن، كە لای عەتا زۆر پێچەوانەيە و ئەو زۆرجار كاركتەرەكانی بێ ناو وەک (شاعيرەكە، كوڕە گەنجەكە، ناسخەكە و پيرەمێردەكە) دەيان ناسێنێت و سيمای ڕاستەقينەيان ناخاتە ڕوو، هەروەها لە وەسفی شوێنيشدا عەتا بەردەوام هەوڵ دەدات شوێن لە چيرۆک و ڕۆمانەكانيدا بايەخێكی ئەوتۆی نەبێت و بەتايبەت لەچيرۆكی سفری ئەفسانەييدا شوێن ڕەگەزێكی گرنگی چيرۆكەكە نييە، بەڵكو بيركردنەوە لە سفر و دروستكردنی خاڵی گومان ڕەگەزێكی سەرەكی چيرۆكەكەيە.

قسەكردنی عەتا لەسەر سفر لەم چيرۆكەدا تەنيا لەوەدا كورت ناكرێتەوە كە ئێمە سفر تەنيا وەک ژمارە ببينين. سفر لەم چيرۆكەی عەتادا بەكاربراوێكە بۆ سڕينەوەی يەقين و دروستكردنی خاڵی گومان. سفر گومان نييە، بەڵكو خاڵی ناكۆكی نێوان گومان و يەقينە. ئەو خاڵەيە كە چيرۆكنووس لێيەوە كۆی سستم و كولتووری كوردی خستووەتە ژێر پرسيارەوە. نووسەر لای وايە بابانەكان

بۆیە نەیان توانیوە بەردەوامی بە میرنشینەکەیان بدەن، چونکە هەموو شتێک لایان یەقین بووە و خاڵی گومان لای ئەوان نەبووە، یان هیچ شتێک لای ئەوان هەڵگری گومان نەبووە، یان خاڵی گومان زۆر لاواز بووە، بۆیە کاتێک کۆی سستمێک لە گومان خاڵی بێت بەرەو رووخان دەچێت و ناتوانێت بەردەوامی بەخۆی بدات، رەنگە ئەم حاڵەتەش لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت کە ژیان لە گۆڕاندایە و هیچ شتێک تاسەر وەک خۆی نامێنێتەوە و دەبێت مرۆڤ لەگومانەوە بگاتە یەقین نەک بەپێچەوانەوە.

**کۆتایی**

قسەکردن لەسەر ئەم چیرۆکە بە تەنیا بە نووسینێکی ئاوها کورت کۆتایی نایەت، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەم پێ دا، ئەزموونی چیرۆکنووسی عەتا، هێندە دەوڵەمەندە کە دەکرێت لە دەیان رەهەندی جیا جیاوە قسەی لەسەر بکەین و ئەوە خەمساردی رۆشنبیر و رەخنەی کوردییە کە چیرۆکنووسێکی وەک عەتا نزیکەی دوو دەیەیە بەرهەمەکانی بە بێ دەنگی تێدەپەڕێت. ئەم چیرۆکە لەو چیرۆکە تایبەتانەیە کە دەکرێت وەک نموونەیەکی بالای چیرۆکی نوێی کوردی قسەی لەسەر بکرێت، بەو دەلیلەی وەک پێشتریش خستمانە روو، بیرکردنەوەیەکی ماتماتیکییانەی تێدایە، کە لە چیرۆکی کوردیدا شتێکی نوێیە و عەتاش توانی بەم چیرۆکە ئەزموونەکەی دەوڵەمەندتر بکات.

**سەرچاوەکان:**

**(١) عەتا محەمەد، سفری ئەفسانەیی، چیرۆک، گۆڤاری رامان، ژمارەی (١٣١) رۆژی ٢٠٠٨/٤/٥.**

**(٢) راجەر سکۆلز، (چیرۆک، واقیع، حەقیقەت)، وەرگێرانی: حیکایەتی سەردەم، گۆڤاری سەردەم -پاشکۆی حیکایەتی سەردەم، ژمارە (٧) ئابی (٢٠٠٧).**

**(٣) عەتا محەمەد، تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان، چیرۆک، لە بلاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج -سلێمانی ساڵی (٢٠٠٧).**

# پێوەرێن داشکەستنێن دیدگەهان د ئەزموونا شعرییا (سەلیم بەرەکات)یدا

ئەحمەد قەرەنی

سەلیم بەرەکات ناڤەکێ بەرنیاسە ل جەم زۆربەی خویندەڤانێن باشوورێ کوردستانێ، لێ د هەمان وەخت دا کێم خویندەڤانێن کورد یێن عەرەبیزان هەنە کو هنەک ژ ژیان و چەندەک ژ بەرهەمێن وی ئاگاداربن و ئەڤ مەسەلەیە ل جەم خویندەڤانێن تەنێ کوردیزان پتر لێل و تاریک دبە... لەوما ژی مە ب پێویست دیت کو هنەک ژ ژیانا ئەڤی کەلە نڤیسکاری بەحس بکەین ب تایبەتی پشتی من شعرا وی یا درێژ (مەهاباد بەر ب ئۆلمپیادا خوەدێ دە) خویندی کو ژ ئالییێ (ژان دۆست) ڤە ژ زمانێ عەرەبی ڤە هاتبوو وەرگەڕاندن بۆ زمانی کوردی و چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (١٩٩٦)ێ ژ ئالییێ وەشانخانا ئاڤەستا ڤە ل ستەنبۆلێ هاتبوو چاپ و بەلاڤەکرن.

سەلیم ل سالا (١٩٥١)ێ ل قامشلۆ ژ دایکبوویە و هەر ل وێرێ خویندنا خوە یا سەرەتایی و دواناوەندی تەمام کرییە و، ل دویڤرا چوویە شامێ و ل بەشا ئەدەبیاتا عەرەبی تێ وەرگرتن، لێ خوەندنا خوە ب داویی نە ئانییەو چوویە بەیرووتێ و ل وێرێ ل رۆژنامەیێن عەرەبی دا کار کرییە. یەکەم کتێبا وی ل سالا (١٩٧٣)دەرچوویە.

بەرهەمێن سەلیم بەرەکاتی چ شعر بن یان ژی رۆمان ئاستەکێ بلند و پڕ رامان هەیە چونکە د ناڤ زمانەکێ تایبەت ب خوە ڤە دنڤیسیت، کو دروستکرنەکا نوبە و کەرستەیێن وی پەیڤێن زمانێ عەرەبی یێن کەڤن و نوینە، لێ ژ ئالییێ ناڤەرۆک و بۆچوونێن خوەدا ل دۆر دۆزا مرۆڤێ کورد و کێشە و پرۆبلەمێن وی دزڤڕیت، چ وەکو نەتەوە یان ژی وەکو هەڤوەلاتییەکێ دیل و ئەسیرێ چەندین هزرێن مرۆڤکۆژ و کەلتوورێن خوەسەپاندن و چەوساندنێ. لەوما ژی ب رەئی و بۆچوونا گەلەک ژ رەخنەگر و تەنانەت خویندەڤانان ژی کو بەرهەمێن سەلیم بەرەکاتی پرەکا مەعریفییا پەیام هەلگرە کو دۆزا مللەتێ

کورد دناڤ ئافراندنێن ئەدەبی دا دگەهینتە خوێندەڤانی عەرەب و ب رێکا وی ڤە لەوانەیە بگەهتە مللەتێن دی ژی.

د دیوانا خوە یا یەکەمین دا (هەر یەکی دەرباس بە، وێ ژ بۆ من بقیرە و هەر یەکی دەرکڤە ژی) سەلیم ئەرکێ خوە یێ نەتەوەیی خویا دکە و دبێژە کو ئەو زمانی عەرەبی بکارتینە ژ بۆ دەولەمەندکرنا ناسنامەیا خوە یا نەتەوەیی. لێ تشتێ گرنگ ئیرۆ ئەوە کو زمانی کوردی گەلەک قەلسەو، تەنانەت ل کوردستانێ ژی ب چەند دیالێکتان تێ نڤیسین و چەند رێنڤیس ژی تێن بکارئانین لەوما ژی بەرهەمێن سەلیم بەرەکاتی ب عەرەبی دوو مفا و سوودێن وێ هەنە:

١- زمانی عەرەبی زمانەکی زەنگین و ل گەلەک روویێن جیهانی بەلاڤ و لکارەو، ئەو بەرهەمێن پێ دهێنە چاپکرن- نەمازە یێن د پەیسکەکا ئافراندنا بلند دا بن- ب ساناهی دهێنە بەلاڤکرن و هەژمارەکا زۆرا خەلکی دخوینن.

٢- بەرهەمێن سەلیم بەرەکاتی د بنەرەت دا بەحسا ئێش و ژان و خەون و هێڤیێن گەلێ کورد دکە، ئەو کوردێن عەرەبیزان بن یەکسەر خوە لێ دکەنە خوەیی و باشتر ژ خەلکێ دن ژی تێدگەهن.

٣- پرۆسسا پەیوەندی و وەرگێرانێ دناڤبەرا زمانێ عەرەبی و زمانێن دن یێن جیهانی ب تایبەتی زمانێن زیندی یێن مەزن و پێشکەفتی گەلەکا خورت و ئەکتیڤە، ئەڤە ژی خەسلەتەکا دی یا قەنجە کو بەرهەمێن ب ناسنامە کوردی بن و زمانی عەرەبی تێن نڤیسین ساناهیتر بگەهنە خەلکی دیکە ژی.

ئەڤ مفا و قەزەنجێن سلال وێ باشتر و مەزنتر بن، ئەگەر یەکێک ژ دەزگەهێن بەلاڤکرنێن کوردی سەرجەم بەرهەمێن سەلیم بکەتە کوردی و هەر وەسا ڤەکۆلین و چاڤپێکەفتنێن تایبەت ب وی ڤە بهێنە کۆمکرن و چاپکرن ژ بۆ کو هزرەکا کوردی و ئافراندنەکا تازە و ئەزموونەکا هەرە مودێرنا ئەدەبی ب رێکا زمانێن بیانی چێ ببە.

زمان شەنگستەکێ سەرەکییە دبنیاتێ شعرێ دا، لێ ئەگەر هزرکرن و گەریان دناڤ جیهانا هەست و ئاشۆپان دا ب زمانەکی بهێتە ئەنجامدان و، دارشتن ب زمانەکی دن بیت کارەکە ب زەحمەتتر دبە و، ئەنجامێن وێ ژی ژ بۆ خوێندەڤانان ب گشتی و رەخنەگران ب تایبەتی چەند جار قۆرسترو پر کێشە و ئاستەنگ دبە. لەوما ژی ئەڤ شعرا سەلیم بەرەکاتی کو ب ناڤێ (مەهاباد بەر ب ئۆلمپیادا خوەدێ دە) کو وی ب زمانێ عەرەبی نڤیسیبوو و من ژی وەرگەراندنا وێ ب کوردی خویند، ومن هەست کر کو روحا وێ مایە و کوردی یا وێ ژی خوەش خوینە و ناڤەرۆکا وێ ژی هنەک هێماو وێنەیێن زیندی تێدا مانە، هەر چەند سەدی سەد وەکو دەقا عەرەبی نییە، لێ هەر چاوا بە ژبۆ کوردەکی ساناهیترە کو ب کوردی ڤەخوینە، نەکو ژ بۆ زمانەکێ دن کو خوێندەڤانێ وی ژ دیرۆک و پرسا کوردان شارەزابیت و، د هەمان وەخت دا ئەو دەق ژ زمانێ عەرەبی هاتبێتە وەرگرتن.

هەر ژبەر ئەڤێ ئەگەرێ من تام و چێژەکا زۆر ژ ئەوێ بەشا کوردی یا شعرا سەلیم وەرگرت، لێ نزانم کو ئەو وەرگەراندن ب ئاگەهداریا سەلیم هاتبوو کرن یان ژی ئەوی دەستکاری د رەشنووسا وێ دا نەکرییە پێش کو چاپ ببیت.

ئەڤ شعرە ل سالا (١٩٨٨)ێ هاتیە نڤیسین و ئەو روودان و بوویەرێن د ئەڤێ سالێ دا ب سەر کوردستانێ هاتین ژ هنەک روو و مەجالێن خوە ڤە نزیکبوون ژ کارەسات و روودانێن سالا (١٩٤٦- ١٩٤٧)ێ کو ل مەهابادێ قەومین. ژ بلی ئەڤێ پەیوەندیێ ژی (شعرا سەلیمی) شعرەکا ڤەکرییە و چەندین رامان و دید و بۆچوونێن نەهاتینە گۆتن ب خوە ڤە د هەلگریت، و ب ساناهی ئامانج و مەبەستێن خوە ب دەستڤە بەرنادەت، هەروەکو دبێژیت:

**و ئەز،**
**کۆچەری ب کۆچەری- ب عەینی شڤا خوە،**
**ب جۆت سۆلێن وەرزشی و چەپکێن لال**
**یێن ل سەر دەرەنجەییان ژ بیرکری**
**ل وێ هنداما کو تو کەس**
**هلنەکشیابوویێ-**
**ئەز خویدانا ل سەر ئەنیا تە زوا دکم ئەی فریشتە،**
**و هەستییێن خوە**
**ددم بەر هەردو باسکێن تە**
**دا کو خاکا ل پشت تە دوەشە**
**بجڤینم**
**باهۆز ب باهۆز و جوانی ب جوانی**
**ل هێڤیا کو ئەز تیرا داوی بئاڤێژم**
**ئالییێن خوینا داوی**
**پشت رە**
**ئەزێ خوە بژمێرم،**
**نالین ب نالین**
**ژ مەهاباد تا مەهاباد.**

وەکو خویایە کو قارەمانێ د ئەڤێ شعرێ دە رۆلەکێ سەرەکی دبینە، لبسکڤانەکێ بێچارەیە ب شڤەکە شکەستی و گۆملەکەکی تۆزگرتی و جۆتەک سۆلێن وەرزشی دچە سەر جهێ یاریزان ل سەر وی رادوەستن، دا

کو ئاسنێ گران هەلبگریت، ئەو تەماشەڤانێن ل سەر پەیسکێن یاریگەهێ ژی هەموو بێچارە دیارن. د ئەڤی وێنەی دا رەوشا مللەتی کورد ل سالا (١٩٤٦) خویایە کو لیسکڤان و تەماشەڤان هەموو بێچارە و مەزلووم دیاربوون، لێ ئەڤ کارەساتە ب هەستەکا نازک و شاعرانە هاتینە دەربڕین و ئەو زمانێ پێ هاتینە داڕشتن کارێ هونەری بەرەڤ ئەڤراز دبەت:

**لێ لیسکڤان- ئەڤانا- یێن ژ گومانێن**
**کو دیرۆکێ ب سەر کاڤلێن دیرۆکێ دە بەلاڤ دکن**
**ئەون ئەمانەتا بەربانگێ د ناڤ مە دە**
**تا کو ژ وان رە**
**ئەم مالن هێژایی هەستییێ وان ببینن**

ئەڤ سەروبەرێ لیسکڤان تێدا، گەلەک قورس و زەحمەت تێتە بەرچاڤێن خویندەڤانی و، هەر یەک حەز دکە کو ئەنجاما یارییێ بزانیت، لێ شاعر چەندین حالەتێن هزری و هەستەوەری درێسیت و جیهانەکا ئالتەرناتیڤا ئەنتیکە دروست دکەت:

**و لیسکڤان**
**نها بەربانگێ دخن ئازموونێ**
**ب دارێن خوە یێن درێژ**
**ب گۆگێن خوە**
**ب قەڤازتنێن خوە**
**و ب هەسنێ خوە یێ سڤک**
**وەکە زەرتاڤەکە بارکری ل سەر کەرەکی**

ئەڤە دەربارەی لیسکڤانی و رەوشا وی دناڤ یاریگەهێ، لێ تەماشەڤان ژی د حالەتەکی دن دا دژین، کو یا فەرە وەسا نەبیت و بەرەڤ ئالیەکی دن هاتبا خەملاندن و دروستکرن لێ دیدگەها شاعری ئەڤی وێنەیی ئارگۆنیک دکێشیت:

**لێ خاک**
**ئەوە هەلکە هەلکا تەماشەڤانێ بینچکیایی**
**دەما بەر ب حەوشێ دە باز ددە ب قرینان:**
**«ڤێ راستییێ راوەستینن!»**
**و قسەکرن چ یە ئەگەر قسە بکم؟**

ژینگەها شعر تێدا هاتیە گرێدان، تەنێ عەرد و چیا و سروشتێ کوردستانێ نییە، بەلکو گەلەک ژ ئەوان روودان و بۆچوونان دناڤ ناخ و هەستێن کوردان دا دروست دبن:

**و وەکە باڤەکی هین نەگهشتیە باڤیتییێ**
**ئەزێ سەروبن بکم**
**ڤێ ئێڤارا هێز دکە خوە دا کو ببەزە**
**و د کوورانیا هوندرێ خوە دە**
**قەڤازتنێن خوە و ئێڤارێ**
**ددم بەر هەڤ**

ژ بلی رەوشا یاریکەر و تەماشەڤانان، حالەتێ ناڤبژیڤانی ژی سەرنجا شاعری راکێشایە کو رۆلێ وی چیە و چاوا هزر دکە و د ئەنجام دا چ ب دەستێ وی ڤە دهێت:

**و ئەز تو سەرکەفتنێ ناخوازم**
**لێ دخوازم لیسک ب بەشدارێن خوە**
**تەمام ببە**
**دا کو یێن زیانکار گۆتنان نەکن**
**ل سەر هاکەمەکی پەریشانیا سەرکەفتنا خوە**
**دیاری تو کەسی ناکە**
**و ناهەژمێرە دەربێن کو دمرینن**

ئەنجاما دوماهیا یاریێ ناهێتە زانین، لێ بەلێ شاعیر جاروبار ئەوان ئێماژەیان ددە کو لەوانە سەدەما کۆتاهییێ نە ب دلێ لیسکڤانی بە، لەوما کارتێکرنا هەژماران دبیتە پرا پێکڤە گرێدانا گەلەک روویدانان:

**پشت رە، ل سەر مەرشێ خوە پال دان**
**د بن خوناڤا تۆلاز دە**
**ژ سبەهەکە رژیایی ژ مسینەکی کەڤری**
**و بالا خوە دانە دەرکەتنا من ژ دەری**
**پشتی کو ل پێش دەریزانێ**
**جۆتەک سۆلێن وەرزشی دانین**
**و گۆملەکەکی خەنقی**
**و من ئەڤ یەک کر سەدەمەک**
**دا کو ژ سەرکەفتنا خوە رە تەسلیم ببم**
**ب قەیدن ژ هەژماران**

د ئەڤان چەند هەژماران دا پرسێن مەزن هەنە، لێ خوە دێین وان دیارنینە، لێ ئەگەر مری ژی بن لێ ئەو هەر دزیندی نە، چونکە ئەو خوەشبەز و پێشبڕکی یێن جاران دهاتە کرن و ئۆلمپیا دێن نهو ژی ئەنجام ددەن، ژ بۆ دیارکرن و نیشاندانا هێزا مرۆڤی و هویرییا هزرکرن و رێزگرتنا شیان و توانایێن خەلکێ دیکەیە کو نموونە و میناکێن وان تێدا بەشدار دبن. لێ د ئەڤێ ئۆلمپیادا سەلیم بەرەکات بەحسی ژێ دکەت یان ژی ب دووربینا هەستان وێنەیێن وێ دکێشیت ئۆلمپیادا ماف و ئازادییا مرۆڤانە، کو کێرفێ وان پێوەرەکە د دەستێ دادوەرێن لاواز و بێهێزدا و هەموو شارەزایی و پسپۆرییا وان دبن لنگێن یاریزانێن بێچارە و خوەدێ ژێ ستاندی د هەڕشن و ژ ناڤچووینە لەوما ژی یاریزان و دادوەر و تەماشەڤان دبازنەیەکێ ڤالادا دزڤڕن و ب ئومێدا سەرکەفتنێ نینە.

# بەرزاییە هەواگرەکان، یان بەرزاییەکانی وەزەرینگ

کەریم سۆفی

لە دانیشتنێکی ئاساییدا لە ٢٠٠٧/٩/٢٥ لەگەڵ چەند برادەرێک، باس هاتە سەر ڕۆمانێکی ژنە ڕۆماننووسی ئینگلیز (ئێمیلی برۆنتی-١٨١٨-١٨٤٨) بەناوی (بەرزاییەکانی وەزەرینگ). دیاربوو یەکێک لەو برادەرانە کە نووسەر و چیرۆکنووس (جەبار جەمال غەریب) بوو، دەرچووی کۆلێژی ئاداب- بەشی زمانی ئینگلیزی، وتی: «کاتی خۆی وەکو دەرسیش لە کۆلێژ ئەم ڕۆمانەمان خوێندووە و بۆ زمانی عەرەبیش بەناوی (مرتفعات وذرینگ) وەرگێڕدراوە.

برادەرەکەی تر ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس (خەبات ڕەسوولی)، دیاربوو ئەویش ئەم ڕۆمانەی پێشتر بە فارسی بینیبوو، بۆیە وتی: «منیش کاتی خۆی بەزمانی فارسی ئەم ڕۆمانەم خوێندووەتەوە بەناوی (بلنديهای بادگير) واتە (بەرزاییە هەواگرەکان).

دیارە لە کردەی وەرگێڕاندا، وەرگێڕانی ناوونیشان کارێکی ئاسان نییە و لەهەموو حاڵەتێکدا وەرگێڕ تێیدا سەرکەوتوو نابێت، ئینجا ناوونیشانی چیرۆک بێت، یان ڕۆمان، یان کتێب بەگشتی. هەر ئەمەش وای کردووە، کە هەندێ جار ڕۆمانێک، یان چیرۆکێک، یان بابەتێک، یان زاراوەیەک بە چەند جۆر وەربگێڕدرێت. بۆ نموونە: ناوونیشانی ڕۆمانێکی گابرێل گارسیا مارکیز بە چەند جۆر وەرگێڕدراوە (سەد ساڵ تەنیایی) و (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)، (سەد ساڵ گۆشەگیری)، (سەد ساڵ گۆشەنشینی)، ئینجا مەسەلەکەش وەنەبێت تەنیا هەر لەکردەی وەرگێڕاندا زەحمەت بێت، بەڵکو جاری وا هەیە خودی ڕۆماننووس، یان چیرۆکنووس بەزمانی نووسینەکەی خۆی جۆرە زەحمەتییەک دێتە ڕێی تا

ناوێک بۆ ڕۆمـــان، یان چیـــرۆک و بابەتەکـانی دەدۆزێتـەوە. ڕەنگە هەر ئەمـــــەش وای لە چیــــرۆکنووس و ڕۆمانـنووسێکی وەکو عـەلی ئەشرەفی دەروێشیان کردبێت کە لە پرسیارێکدا کــە (چۆن و لە چ کــاتێکدا ناو بۆ چیرۆکەکەت هەڵدەبژێری؟)

لە وەڵامــدا دەڵێت: «لە کــۆتایی نووسین و لەناوەڕاست و جاری واشە لەکاتی بیـرکـردنەوەی بەر لەنووسین، ناوەکــە هەڵدەبژێرم. جــاری واش هەیە چەند ناوێک هەڵدەبژێرم و لەناویاندا یەکێکیــان هەڵدەبژێرمـەوە، بۆ (ساڵەکانی هەوراوی) دە ناوم لەبەرچاو گرتبوو»(١)

لێرەدا من (ساڵە هەوراوییـەکـان، یان هەورایییـەکـان، هەورییەکان)م پێ دروستترە لە (ساڵەکانی هەوراوی)، چونکە (ابری- هەوری) سـیـفـەتێکی حـاڵـیــــە و نسبەتەکەی بۆ (هەور) دەگەڕێتەوە و لە زمانی کوردیشدا لەم جۆرە حاڵەتانە، سیفەتەکە کۆدەکرێتەوە نەک ناوەکە.

هەر هەمـان ڕۆمـانی دەروێشـیـان لە دیمانەیەکـدا کـە (ناسری وەحـیدی و محەمـەدی حەمەباقی) بۆ گـۆڤاری ڕامـان لەگـەڵیـان سـازداوە، لێی دەپرسن: «ئایا ڕۆمـانی (ساڵە تەماوییەکان)...تاد» دەروێشیـانیش لە وەڵامدا دەڵێت: «ڕۆمانی (ساڵە تەماوییەکان)(٢)...تاد» واتە لێرەش بەجۆرێکی تر وەرگێڕدراوە!

هەر لەم بەستـێنەوە، چیـرۆکـێکی تۆلسـتـۆی ١٨٢٨- ١٩١٠ گـەورە ڕۆمانـنووسی ڕووسی هەیە، ئەوەندەی من ئاگـاداربم تاکـو ئێسـتـا لەلایەن پێنج کەسـەوە بۆ زمـانی کوردی وەرگێڕدراوە و بەم ناوونیشانانە بڵاوکراونەتەوە:

١- (ڕاســـتی دەشـــاردرێتـــەوە، بەڵام بزر نـابێ) لە ئینگلیــزییــەوە: نەوزاد تەقــیــەدین. گــۆڤــاری ئەدەبی بێگـانان- بەشی یەکـەم- ١٩٨٢، ل٢٥، وەرگـێــڕ لە پەراوێزی وەرگـێـڕانەکـەیدا دەڵێت: «لە ئینگلیـزییـەکـەدا ناوونیشانی چیرۆکەکە ئەمەیە:

(God sees the Thruth But waits) واتە (خـوا ڕاسـتی دەبینێ، بەڵام چاوەڕێ دەکـا) دەبینین لێـرەشـدا چیرۆکەکە ناوونیشانێکی تری بۆ زیاد بووە!

٢- (بەندکـراوێکی بێ تاوان) لە فـارسیـیەوە: کەریم سۆفی- گۆڤاری بەیان ژ(٨١) تەمووزی ١٩٨٢.




٣- (کـۆچی هەتا هەتایی) لەعــەرەبیــیــەوە: نەجم عـەبدوڵڵا مـحـەمـەد، کـتـێـبی گـوڵـبـژێرێک لەچیـرۆکی بێگانە، ١٩٧٩.

٤- (ویژدان) لەفـارسـیــیـەوە: شــوان ئەفـراسـیــاب (نەورۆڵی)، گۆڤاری هەڵەبجە، ژ(٣، ٤) سەرماوەرزی ١٩٩٩.

٥- (خودا ڕاستیێ دبینت، لێ بێهنا خوە ل سەرفرەھ دکت) لە ئینگلیزییەوە- لوقمان ئاسیهی، گۆڤاری ڕامان ژ(٤٣) ٥/١/٢٠٠٠.

دەبینین هەر پێنج وەرگـێڕانەکە لەزمـانی بنەڕەتییـەوە ئەنجـــــــام نەدراون؛ هەروەها نـازانـین لـەچەنـدەمـین زمـانەوەشن؟ باشـە دەبێ کـامـە لەم نـاوونیـشـانـانە، ناوونیشانی بنەڕەتی چیرۆکەکە بێت؟ چونکە چیرۆکەکە لە بنچینەدا بەزمانی ڕووسی نووسراوە.

ئەم پێـشـەکـیــیـەم بۆیە هێنایەوە تا خـوێنەرانی بەڕێز هەردوو نـاوونـیـــشــــانی ئەم ڕۆمــــانەی ســــەرەوەیـان لەبەرچاوبێت. دیارە کـاری وەرگـێڕان وەکـو لە زۆر بۆنە و بواردا قسەی لەسەر کراوە، بەتایبەتی کە قسە دێتە سەر وەرگێڕان لەزمانی دووەم، یان سێیەمەوە، دەکرێ و ڕێی تێدەچێ زیاتر ئەگەری هەڵەی وەرگێڕانی لێ بکەوێتەوە. پێش هەمـوو شـتـێکیش ناوونیـشـانی کـتـێب لەکـاری وەرگێڕاندا زۆر گرینگە.

ئەم ڕۆمــــانەی ســـەرەوە لە بنەچەوە ســـەر بە ئەدەبی ئینگلیزییە و بەزمانی ئینگلیزیش نووسراوە، واتە لەسەر بەرگی کـتـێـبەکـە نووسـراوە: (Wuthering Heights) واتە (بەرزایـیــەکــانی وەزەرینگ)، کــەچی ڕۆژنـامــەی ڕۆژنامـە لە ژمـارە (٣٨)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٥ لاپەڕە (١٤) ڕیکلامی بـۆ ئەو ڕۆمـــــانە کـــــردووە و بەرگی

کتێبەکەشی بە ئینگلیزی بڵاوکردووەتەوە کە نووسراوە (Wuthering Heights) کەچی بە (بەرزاییە هەواگرەکان) بڵاوی کردووەتەوە، ئەمەش هەڵەیە و ڕەنگە ئەم هەڵەیەش لەبنەڕەتەوە لەدووحاڵەتدا سەرچاوەی گرتبێت: یەکەم لەزمانی سەرەکییەوە وەرنەگێڕدراوە کە زمانی ئینگلیزییە! دووەم کە کراوە بە فارسی، بەهەڵە وەرگێڕدراوە و (Wuthering) بە (Weathering) تێگەیشتووە و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش وەرگێڕدراوە.

ئەگەرچی ئەم دوو وشە ئینگلیزییە لە گۆکردنیش تا ڕادەیەک لەیەکترییەوە نزیکن، بەڵام کە تەماشای سپێلەکەیان دەکەین، دەبینین لەڕووی واتاوە دوو وشەی لێک جیان. بۆیە ئەم وەرگێڕانە کوردییە، بەدەردی هەڵە وەرگێڕانە فارسییەکەوە چووە و وەرگێڕ بە وردی لەناوونیشانە ئینگلیزییەکە ورد نەبووەتەوە، یان هەر نەیبینیوە، بۆیە دووچاری ئەم هەڵە واتاییە بووەتەوە.

هەر لەم بەستێنەوە حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەم ڕۆمانەی ئێمیلی برۆنتی لەلایەن بەڕێز (حامید جیهانی)یەوەش بەناوونیشانی (بەرزاییەکانی ودرینگ) وەرگێڕدراوە کە لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی سەردەم، پرۆژەی (١٠٠) ڕۆمان، زنجیرەی (١٦) پێدراوە و لەچاپخانەی گەنج، هاوینی ٢٠٠٧ چاپ کراوە.

لێرەدا ئەگەرچی ئەم وەرگێڕانەش زۆر دروست نییە، چونکە (Wuthering) بە (ودرینگ) وەرگێڕاوە لە جیاتی (وەزەرینگ، یان وێزەرینگ).

جێی ئاماژە پێکردنە کەکاک (جەبار سابیر)یش هەستی بەمە کردووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئەم ڕۆمانە (بەرزاییەکانی وێزەرینگ)ی (ئەمیلی برۆنتی)یە ڕۆمانەکە ناوەکەی مانای بەرزایی، یان گردێک دەگرێتەوە کە هەمیشە ڕەشەبای هەیە» (٣)

جەبار سابیر زیاتر لەسەری دەڕوا و دەڵێت: «وێزەر مانای ڕەشەبا دەگرێتەوە، بەڵام کە (ing) چووەتە کۆتایی هەر ناوێکەوە، دەبێتە شوێن. واتە ئەو شوێنەی ڕەشەبای هەیە» (٤)

لێرەدا وشەی (Wuthering) وشەیەکی سەربەخۆیە و ناوی شوێنێکی تایبەتە، چونکە فرمان نییە تا بەزێدەکردنی (ing) ببێتە ناو، یان چاوگ، یان شوێن بۆ نموونە تەماشای ئەم وشانە بکە: (بەیانی: morning، شت: thing، ئێوارە: evening، باڵ: wing...تاد)، بەڵام هەندێ لەم وشانەی کە فرمانن، دەکرێ بەزێدەکردنی (ing) واتای ناو، یان چاوگ بگەیەنن بۆ نموونە:

(دەشوا: wash ــ شووشتن: washing، دەڕوا: go ــ ڕۆیشتن: going...تاد)

هەروەها زۆرجاران (ing) دەچێتە سەر (ناو) و دەیکات بە (ئاوەڵناو) بۆ نموونە: تەمەن: age ــ بەتەمەن: age ing، گا: bull ــ لووتبەرز- بەفیز bulling.

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر کاکڵەی مەبەستەکەمان لەم وتارەدا، ئاماژە بە شیعرێکی (نەزەند بەگیخانی) دەکەم کە بەناوی (بەرزاییەکانی ئەزمڕ، بەرزاییەکانی وەزەرینگ) کە لەپەراوێزی هەمان شیعردا دەڵێت: «وەزەرینگ شوێنێکە لە یۆرکشیەر و لەزمانی ناوچەکە واتای (زریان) دەگەیەنێ» (٥)

ئینجا لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە وشەی (وەزەرینگ- Wuthering) وەکو ناوی شوێنێکی تایبەت بەکارهاتووە، هەرچی واتایەک بگەیەنێت، دەبێ وەکو خۆی بنووسرێتەوە. نەک بەهەڵە بە وشەی (Weathering- ئاووهەوا) بخوێندرێتەوە و بەسەقەتی وەربگێڕدرێت، بەتایبەتی لێرەدا ڕێنووسە ئینگلیزییەکەی هەردوو وشە لێک جیان و واتای (با و هەواش)



ناگەیەنێت.

مـایەوە لێـرەدا ئامـاژە بە فـرە وەرگـێـڕانی ئەم ڕۆمـانە بکەین کـە لەلایەن چەند کـەسێکەوە وەرگـێـڕدراوەو هەر وەرگـــێــــڕانەش بەجـــۆرێکە، ئەمـــەش یەکـــێکە لە کارەساتەکانی دنیـای ئەمڕۆی وەرگـێڕان، هەروەکو کاک جەبار سابیر ئاماژەی پێ داوە «ئەم ڕۆمانە لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا چوار کەس وەریان گێڕاوە و ئاگاشی لێیە کە دوو کـەسی تریش لە شاری سنەوە وەریان گـێـڕاوە، بەڵام جـارێ چاپ نەبووە» (٦) ســەیرەکــە لەوەدایە زۆربەی وەرگێڕانەکان ناوونیـشـانیـان لێکتر جیـان. سـەیری ئەم ناوانە و وەرگێڕانەکانیان بکە:

أ- «داسـتــان هادی لەئینگلیــزییـــەوە کـردوویەتی بە کـوردی و مـەتنە ئینگلیـزییـەکـەشی بەرانبـەری داناوە.. بەڵام کـورتەیەکی ڕۆمـانەکـەی کـردووە نەک هەمــووی، ســــەرباری ئەوەش ناوەکــــەی گــــۆڕیوە بە (گــــردە ڕەشەباوییەکان)»(٧).

ب- کەسێکی تر بەداخەوە ناوەکەی کردۆتە (بانەکانی باسەرە)»(٨).

ج- (بەرزاییە هەواگرەکان) ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە (٣٨) لـە ٢٠٠٧/٨/١٥ وەکــــــــــو هـەواڵ بـڵاوی کردووەتەوە.

د- (بەرزاییەکانی ودرینگ) و: لەفارسییەوە: حامید جیهانی.

هـ- (بانەکانی وێزەرینگ) و: لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح غـەفـور، چاپخـانەی دەزگـای ئاراس، هەولێـر- کوردستان، ٢٠٠٧.




**پەراوێزەکان:**

**١- بڕوانە ڕۆژنامــەی ســتــایل، ژ(٦٥) لە ٢٠٠٧/٣/١٥، عـەلی ئەشرەفی دەروێشیـان لە دیمانەیەکدا، سازدانی (مـستـەفا شێخە).**

**٢- بڕوانـە کــــتـــــێــــبی (دیـالۆگ) بەرگی(٣) ئـا: ئازاد عـەبدولواحیـد- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێـر ٢٠٠٠، ل١٠٥.**

**٣- بڕوانە کــوردســتــانی نوێ (ئەدەب و هونەر) ژ(٥٨٨) لە ٢٠٠٨/٦/٥، ل٧. فـرە وەرگـێـڕان، یان فـرە شـێـواندن؟ جـەبار سابیر.**

**٤- هەمان سەرچاوەی (٣).**

**٥- بڕوانە گۆڤاری ڕامان، ژ(١٢٤) ئەیلوولی ٢٠٠٧، ل٥-٦.**

**٦- هەمان سەرچاوەی (٣).**

**٧- هەمان سەرچاوەی (٣).**

**٨ هەمان سەرچاوەی (٣).**

# بارگۆڕینی فەلسەفە

مۆریتس شلیک (ڤیێننا)
لە ئەڵەمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - بەشی فەلسەفە)

لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گرەو لەسەر ئەو پرسیارە کراوە: فەلسەفە لە قۆناخێکی دیار و دەستنیشانکراودا چ بەرەو پێشچوونێکی بەخۆیەوە دیوە، قۆناخەکە لەلایەکەوە بەناوی بیرمەندێکی مەزن و لەلایەکی ترەوە بەهۆی «سەردەمەوە» سنووردار کراوە. واهاتووەتە پێش چاو ئەو هەلومەرجە گریمانە کرابێ، دەربارەی بەرەو پێشچوونە فەلسەفەییەکانی مرۆڤایەتی تاوەکو فلانە بیرمەند تارادەیەک روون و ڕەوان و ئاشکرایی هەبووبێ، بەلام ئیتر لەوێ بەدواوە گومان و ئەگەر کەوتۆتەوە: کام لەو دەسکەوتە نوێیانە ئەو سەردەمەی دوایی داوینەتە دەست؟

لەم پرسیارانەوە ئەو بڕوایەمان بە فەلسەفەی ڕابردووی نزیک دەردەکەوێ و مرۆڤ ئەو وێنەیەی لە مێشکدایە کە گوایە ئەو ئەرکەی کە سپێردراوە و لە ئەستۆیە تەنیا فۆرمۆلەکردنێکی شەرمنانەی ئەم پرسیارە بێت:

ئایا فەلسەفە لەو قۆناخەدا بەگشتی بەرەو پێشچوونێکی بەخۆیەوە دیوە؟! خۆ ئەگەر مرۆڤ لەوە دڵنیابێت کە دەسکەوتەکان هەبوون و لە ئارادابوون، ئەوا دەشزانێ ئەوان چین و لەچی پێکهاتوون.

ئەگەر ڕابردووی دوور بەکەمترین ئەگەر و گومانەوە سەرنج بدرێت و ئەگەر مرۆڤ پتر ئارەزووی ئەوە بکات لە فەلسەفەکەیدا پەرەسەندنێکی بەرەو ژوور چوو دان پێدابنێ، ئەوە دەبێ هۆکارەکەی لەوەدا هەبێ کە هەموو ئەوەی بووە بە مێژوو بەدەستی ڕێز بە سینگەوەگرتن بەرانبەری ڕادەوەستێ، ئەمەشی بێتەسەر کە تیۆری و ڕێبازە کۆنترەکانی فەلسەفە بەلای کەمەوە توانیویانە کاریگەرییە مێژووییەکەیان ساخ بکەنەوە، هەربۆیە لەکاتی سەرنجدانی بایەخە مێژووییەکەیدا براوەتەوە سەر

بنەمایەکی بابەتیانە و بەتایبەتی کە بوێری ئەوە لە ئارادا نەبووە لەنێوان هەردووکیاندا جیاوازی بکرێت.

باشترین مێشکی بیرمەندان بەدەگمەن بڕوایان وابووە کە ئەنجامەکانی فەلسەفەکردنی سەردەمی پێشوو نموونە پێشڕەوە کلاسیکییەکانیش بەجێگیر دەمێننەوە و جێگایان پێ لەق ناکرێت و ئەوە لەوەوە ڕوون دەبێتەوە، لەبنەڕەتدا هەموو سستەمێکی نوێ سەرلەنوێ لەسەرەتاوە دەست پێدەکاتەوە، هەموو بیرمەندێکیش سەرگەرمی دۆزینەوەی زەمینەیەکی پتەوی تایبەتی بەخۆی دەبێ و نایەوێ بەسەر شانی ئەوانی پێشووتریدا سەربکەوێ. دیکارت وا هەستی کردووە کە خۆی ئەوپەڕی سەرەتایەکی دەست پێکردنە (ناهەقیشی نەبووە). سپینۆزا لەو باوەڕەدا بووە (ئەوپەڕی ڕاست بووە) کە هاوردنی فۆرمی بیرکاری (ماتماتیکی) بۆ ناوەوە بەیەکجارەکی میتودەیەکی فەلسەفەیی دۆزیوەتەوە، کانت قەناعەتی وابووە بەهۆی ئەو ڕێگایەوە کە گرتوویەتییە بەر فەلسەفە بەتەواوەتی ڕێڕەوێکی دڵنیایی لێکراوی زانستییانە دەگرێتەبەر. فرە نموونەی تر لەبەر دەستدایە، هەموو بیرمەندە گەورەکان چاکسازییەکی ڕیشەیی فەلسەفەیان بەناچاری و پێویست داناوە و خۆیشیان هەوڵی ئەوەیان داوە.

ئەو چارەنووسە تایبەتییەی فەلسەفە ئەوەندە باس و گازندە کراوە ئەوە ناهێنێ بەتێکڕایی قسەی لەسەر بکرێت، گومانی بێ دەنگ و پاشەکشێ کردن وادێتە بەرچاو گونجاوترین هەڵوێست بێت کە لەگەڵ ڕەوشەکە دێتەوە. هەموو هەوڵێک کە بۆ کۆتایی هێنانی ئاژاوەی سستەمەکان و گۆڕینی چارەنووسی فەلسەفە بدرێت، وەک شارەزایی دوو هەزار ساڵ فێرمان دەکات، ناتوانرێ بە گرنگ و بایەخدار دابنرێت. بەڵگە و نیشانێکی ئەوە کە مرۆڤ لەکۆتاییدا سەر سەختترین کێشەی وەک کێشەی «دیدەڵۆس» (١)ی چارەسەرکردووە، هیچ دڵنەواییەکی سەرناسێک ناداتەوە لەوەی لێی دەترسێ، ڕاستەوخۆ، کە فەلسەفە هەرگیز ناکرێ ببێ بە «کێشەیەکی» ڕاستەقینە.

من ڕێگا بەخۆم دەدەم دەربارەی ئاماژە پێدان و ڕوونکردنەوەی پاشاگەردانی و ئاژاوەی بیروبۆچوونە فەلسەفەییەکان کە نیشاندران دەرفەتی هیچ ئەگەر و گومانێک نەدرێت، منیش لەگرنگی و بایەخ و بەپێزی ئەو باوەڕ و بڕوایەم کە حەز دەکەم دەری ببڕم ئەو پەڕەکەی ئاگادار و هۆشیارم.

من بەتایبەتی ئەو باوەڕەم هەیە کە ئێمە لەناوەڕاستی بارگۆڕینێکی گومان هەڵنەگری دواجارەکی فەلسەفەدا وەستاوین، پشت ئەستوور بەڕاستی بابەتەکە مافی ئەوەمان هەیە ململانێیە بێ سوود و بێ بەرەکەی سستەمەکان وەک کۆتایی پێ هاتوو ببینین. سەردەمی تێنەپەڕ، من وای دادەنێم، ئەو ئامرازەی لەبەردەستدایە هەموو ئەو جۆرە ململانێیە لە بنەڕەت و بنەماوە بێ بایەخ و ناگرینگ بکات، ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە ئەو ئامرازە بە بڕیار و باوەڕەوە جێبەجێ بکرێت.

ئەم ئامرازانە بەوپەڕی هێمنی و بەبێ ئەوەی لەلایەن زۆربەی زۆری ڕێبازە فەلسەفەیی و نووسەرانەوە هەستی پێ بکرێت، داهێنراون و ئیتر بەوە ڕەوشێک پەیدابوو لەگەڵ هەموو ئەوانی پێشووتردا بەراورد ناکرێت. ئایا بەڕاستی ڕەوشەکە بێ وێنەیە و ئەو بارگۆڕینەی هاتۆتە ئاراوە بەڕاستی دواجارەکییە، تەنیا ئەوکاتە دەتوانرێ بدیترێ و تێی بگەیشترێ ئەگەر مرۆڤ ئەو ڕێگایە نوێیە بەخۆی بناسێنێ و لەو سۆنگە و ڕوانگەوەوە کە بەرەو ئەوەی دەبەن، هەر لە ڕابردووەوە تەماشایەکی ئەو هەوڵ و کۆششانە بکات کە لە هەرە کۆنەوە وەک هەوڵی فەلسەفەیی دانراون.

ڕێگاکان لەمەنتیقەوە دەست پێدەکەن. لایبنیتس بە تەمومژاوی و لێڵی دەسپێکەکەی دیوە، لەم دە ساڵانەی دواییدا گۆتلۆب فرێگە و بێرتراند ڕەسڵ مەودا گرنگەکانیان کردۆتەوە تاوەکو بارگۆڕینە بەلایەکدا خەرانە کە لودڤیگ ڤتگنشتاین لە (تویژینەوەیەکی مەنتیقی فەلسەفەیی- ١٩٢٢ز)(٢)دا وەک یەکەمین کەس بە گوڕ و تەوژم بەرەو پێشی برد.

وەک ئاشکرایە بیرکاران (Mathematiker) لەم دە ساڵانەی دواییدا چەندین میتودەی مەنتیقییان پەرە پێداوە، یەکەم جار بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکانی خۆیان کە بەهۆ و یارمەتی فۆرمە بۆ ماوەکانی مەنتیق نەدەکرا بەلایەکدا بخرێن، بەڵام ئەو مەنتیقە بەو جۆرە پەیدابووە (بڕوانە: «نووسینەکەی کار ناپ لەم بەرگەی ئەو گۆڤارەدا»(٣) هەر لە زووەوە دەست ڕۆیشتوویی خۆی بەسەر فۆرمە کۆنەکاندا ساخ کردۆتەوە و بێ ئەگەر و گومان دەستبەجێ ئەوی لەجێگای خۆی لەقاندووە و لابردووە. ئێستا ئایا ئەو مەنتیقە ئەو ئامرازە گەورە و گرنگەیە کە پێشتر لەبارەیەوە گوتم،

لەدەستی دێ و لەتوانایدایە لەبنەڕەتدا هەمـوو کێشـە و ململانێی فەلسـەفەکانمان بۆ لابەرێت entheben، ئایا ئەو چەند ڕێوشـوێنە، ڕێسـایەکی گـشـتـیـمـان دەخـاتە بەردەست کە بەیارمەتییـەکەیەوە هەمـوو کێشـە و پرسە کـلاسیکییـەکانی فـەلسـەفە بەلای کـەمەوە لەبنەڕەتەوە دەکرێ چارەسەر بکرێن؟!

خـۆ ئەگـەر ئەو بەو جـۆرە بێت، بەکـەمی نەبێ، مـافی ئەوەم نەدەبوو بێژم بەتەواوەتی ڕەوشێکی نوێ داهێنراوە، ئەوە دەبوو وادابنرێ کـە تەنیـا بەرەوپێـشـچـوونێکی هێـواشی پلە بەپلەی هەروەک ئەوەی تەکنیکی بووبێ بەدی هێنراوە وەک نزیکەی دۆزینەوەی مۆتۆڕی بەنزین و ئینجا لەدواییدا چارەسەرکردنی کێشەی فڕینی شیاوەکی و ئاسـان کـردووە. ئایا دەبێ ئەوەندە بە بەرز و بایەخەوە بەهای ئەو مـیـتـودە نوێیە بخەملێنرێ: بەهۆی دارِشتنی ڕووت و پەتی میـتودەیەک هیچ جارێک ناتوانرێ شتێک لەبنەڕەتدا بەدی بهێنرێت. نابێ وابیـر بکرێتەوە کـە ئەو خۆی بارگـۆڕینە گـەورە و گـرانەکـەیە، بەڵکو بەتەواوەتی شتێکی تر بووە کە بەهۆیەوە یەکەم جار دەرفـەتی کردنی بەدەست هاتووە و هان دراوە، بەڵام لەنێو چین و توێژێکی ئەوپەڕی قـووڵتـردا قـەومـاوە: ئەوە تێگەیشتن و ئاگـادار بوونە لە جەوهەر و بنەڕەتی بابەتی مەنتیقی خۆی.

ئەوە کە بابەتی مەنتیقی بەواتایەک لە واتاکان فۆرماڵ و ڕوخسـارەکـییە هەر لە زووەوە فـرەجار دەربڕاوە، لەگـەڵ ئەوەشدا جەوهەری فـۆرمە ڕووت و پەتی و بێ گـەردەکـان بەڕاسـتی ڕوون و ئاشکرانەبوون. ڕێگای بەرەو ڕوون و ڕەوانی لەو بارەیەوە، لەو ڕاستییە کردەکییەوە دەردەچێ، هەمـــوو زانـینـێـک، دەربڕینـێـک، بـاسکردنێکە. ئەو بە تایبـەتی ئەو ڕاسـتـیـیـە کـردەکـیـیـە دەردەبڕێ کـە لەودا زانراوە، ئەمـــەش دەکـرێ بە فـــرە شـێـــوازێک و بەهەر زمانێک و بەهەر سستەمێکی هەڕەمەکی سیمبۆلییانە بێت جێبەجێ بکرێت، هەمـوو ئەو جۆرانەی باسکردن کە لەتواناداین، ئەگـەر بەجۆرێکی تر ئەوان بەڕاسـتی هەمـان زانین دەربـبـڕن، پێـویـسـتـە لەبەر ئەوە، ئەوان شـتـێـکی هاوبەشی ناوکـۆیـیـان هەبێت و ئەو ناوکـۆیی و هاوبەشـە فۆرمە مەنتیقییەکەیانە.

ئیـــتــر هەمـــوو زانـینـێـک تەنـیـا بەهۆی ڕوخـســـار و فـۆرمـەکـەیەوە زانینە، ئەو بەهۆیەوە شـتـە کـردەکـیـیـەکـە زانراوە کە باس دەکرێت، ڕوخسارەکە خۆی لەلای خۆیەوە نـاکــرێ جــارێکی تر بـاس بکرێت، لە زانـینـەکــەدا ئەو گرینگ و بایەخدارە، هەمـوو ئەوانی تر تێیدا نابنەڕەتی و کـەرەسـتـەی ڕێککەوتی دەربڕین، لەوە بەو لاوە کـە ئێـمـە وەک ڕەنگ Tinte ڕسـتـەیەکی پێ دەنـووسین، شـتـێکی تر نین.

ئەم تێگـەیشـتـنە سـاکـارە چەند ئەنجـامـێکی ئەوپەڕی گــەورە و گــرانی هەیە. بەهۆیەوە لەپێــشـــدا کــێـــشـــە کلاسیکییـەکـانی «تیـۆری زانین» بەلایەکـدا دەخرێن. لە جێگای توێژینەوەکـانی «هێـز و توانـای زانینی» مـرۆڤ، ئەوەندەی ئەوان نـەکـــرێ بدرێنە دەست ڕەوانشـــــوناسی (ســـایکۆلۆژی) ئاگـــاداربوون و بیـــرکـــردنەوە لە بارەی جـەوهەری دەربڕینەکـە، لە بارەی بـاسکردنەکـە، واتە لە بارەی هەمـوو «زمـانێکی» شیـاوەکی لە توانا دا بوودا بە واتا گـشـتـیـیـەکـەی وشـەکـە دەردەکـەوێ. پرسـیـارەکـان دەربارەی «بڕکردن و دەسـتـبەکاری و سنوورەکانی زانین» پەکیـان دەکەوێ و نامێنن، هەر شتێک بکرێ دەربـبڕدرێ، دەکـرێ بزانرێت، ئەوە هەمــوو ئەو شـتـەیە کـە دەکـرێ پڕ واتایانە لەبارەیانەوە بپرسرێ، ئیـتر بۆیە هیچ پرسیارێک نییە کە لە جەوهەر بنەڕەتدا نەکرێ وەڵام بدرێتەوە، هیچ کـێـشـەیەک نـیـیـە کـە لە بنەڕەتدا نەکـرێ چارەسـەر و بەلایەکـدا بخـرێ. ئەوەی تا ئێـسـتـا بەو جـۆرە دانراون، بەهیچ جۆرێک پرسیاری ڕاستەقینە نەبوون، بەڵکو چەند وشـەیەکی بێ واتای لە تەنیـشـت یەکـەوە ڕیزکـراو بوون، ئەگەر لە ڕوخساری دەرەوەیاندا لە پرسیار چووبن، چونکە لەبەر ئەوەش واهـاتوونەتە بەر چاو پەیڕەوی ڕێســــاو ڕێوشـوێنەکـانی ڕێزمـانیـان کـردبێ، بەڵام ئەوی ڕاست بێ لەچەند دەنگێکی بۆش و بەتاڵ پێک هـاتوون، چونکە ئەوان بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ڕێساو ڕێوشـوێنەکانی سێنتاکسی مەنتیقییەوەن، ئەوانەی شیکردنەوەی نوێ پەردەی لەسەر لادان.

لەو جـێگایەی هەمـیـشـە کـێـشـەیەکی پڕ واتا هەبێ، مـرۆڤ دەتوانێ تیـورییـانە ئەو ڕێگایە نیـشـان بدات کـە بەرەو چارەسـەرکـردنەکـەی دەچێ، ئیـتـر دەردەکـەوێ نیـشـاندانی ئەو ڕێگایە لەبنەڕەتەوە لەگـەڵ دەرخـسـتنی واتایەکە گونجاوە و دێتەوە؛ باسکردنی پراکتیکییانەی ڕێگاکە دەکرێ، وەک شـتـێکی سروشـتی، بەهۆی چەند دۆخێکی ڕاستەقینەوە بۆ نموونە بەهۆی کەموکوڕی توانای مـــرۆڤ ڕێی لێ بگـیـــرێ، کـــاری ســـاغ کـــردنەوە (Verifikation) کە لەلای ڕێگای چارەسەرکردنەکە یەکـجـارەکی کـۆتایی دێت، هەمـیـشـە لە هەمـان جـۆرە:

بریتییە لە بەدەرکەوتنی شتێکی کردەکی دیاریکراو کە بەهۆی ئەزموونێکی ڕاستەوخۆ جێگیرو دەستنیشان دەکرێت Konstatiert. بەو ڕێگایە بەڕاستی لە ژیانی ڕۆژانەدا و لە هەموو زانستێکدا ڕاستێتی (یاخود هەڵەیی) هەر دەربڕینێک ساغ دەکرێتەوە. کەوابوو لەتاقیکردنەوە و ساغکردنەوەی ڕاستییەکان کە بەهۆی سەرنجدان و زانستی ئەزموونییەوە دەکرێن بەولاوە شتێکی تر نییە. هەموو زانستێک (ئەوەندەی ئێمە لەو وشەیەدا لەناوەرۆکەکەی، نەک لەو هەوڵانەی مرۆڤ بۆ قازانج و دەسکەوت دەیدات بیر بکەینەوە) سستمێکی زانینەکانە، واتە سستمێکی ڕستە ڕاستییە ئەزموونییەکانەو تێکڕای زانستەکانیش، دەربڕینەکانی ژیانی ڕۆژانەشیان لەگەڵدا بێ بریتین لە سستمێکی زانین؛ لەدەرەوەی هی ئەودا دەڤەرێکی تری ڕاستییە «فەلسەفەییەکان» نییە، فەلسەفە سستمێکی چەند کێشە و دەستەواژەیەک نییە، ئەو هیچ زانستێک نییە.

کەوابوو ئیتر ئەو چییە؟! ئێستا ڕاستە ئەو زانستێک نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا شتێکە بایەخدار و گەورە و گران، ئەو لە ئێستا بەدواوە، وەک چۆن جاران وەک شاژنی زانستەکان بەشکۆمەندی ڕێزی لێنراوە، بەڵام لەهیچ شوێنێکدا نەبووە و نەنووسراوە کە شاژنی زانستەکان دەبێ خۆیشی زانستێک بێت. ئێمە ئێستاکە لەودا- هەر بەهۆی ئەوەوە گۆڕانە گەورەکەی سەردەم بە ئاڕێ نیشان کراوە- لەجیاتی سستمێکی زانینەکان سستمێکی کردار دەبینین؛ ئەو بەتایبەتی ئەو تاکە چالاکییەیە کە بەهۆیەوە واتای دەربڕینەکان جێگیر و دەستنیشان، یان پەردەیان لەسەر لادەدرێ. بەهۆی فەلسەفەوە ڕستەکان ڕوون دەکرێنەوە، بەهۆی زانستەکانیش ساغ دەکرێنەوە. لە زانستدا بابەتەکە بریتی دەبێ لە ڕاستی دەربڕینەکان و لە فەلسەفەدا ئەوەیە دەربڕینەکان بەتایبەتی چ مەبەستێک دەردەبڕن. ناوەرۆک دەروون و گیانی زانست سروشت ئاسا لەوەدا حەشار دراون، بەو ڕستانەی دواجار چ مەبەستێکی هەیە و دەردەبڕێ. چالاکی فەلسەفەیی ڕوونکردنەوەی واتا، ئیتر بریتییە لە ئەلفەوە تا یای(٤) زانینی زانستییانەیە. مرۆڤ بەڕاستی ئەوەی زانیوە کاتێک وتوویەتی: فەلسەفە بناخە و بنەما هەروەها تەواوکەری کۆشکی زانستەکان دەستەبەر دەبێ، ئەو بۆچوونە هەڵە بووە کە گوایە بنەما و بناخە لە چەند «ڕستەیەکی فەلسەفەیی» دادەنرێت (لە ڕستەکانی تیۆری زانین) و دامەزراندنی خانووەکەش بەجووتێک ڕستەی فەلسەفەیی (ناوبراو بە میتافیزیک) کە وەک تاج وان تەواو دەکرێت.

لەوەدا کە کارو چالاکی فەلسەفە دانانی ڕستە نییە و ڕوونکردنەوەی واتای دەربڕینەکان، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی دەربڕینەکانەوە ناکرێ، دەکرێ بە ئاسانی تێبگەیشترێ. خۆ ئەگەر من بەلای کەمەوە دەلالەت و واتای وشەکانم بەهۆی چەند ڕستەیەکی شرۆڤەکردن و چەند پێناسەیەکەوە بەم پێیە بەیارمەتی وشەی نوێ ئەمە بکەم، ئەوە پێویستە پتر دەربارەی دەلالەتی ئەو وشانەی تر بپرسین و بەم پێیە بەردەوام ئەو پرۆسەیە ناکرێ بەبێ کۆتایی هاتن درێژە بکێشێ، ئەو هەمیشە کۆتاییەکەی خۆی تەنیا هەر لە نیشاندان و بەدەرخستنە ڕاستەقینەکاندا، لە دەرخستنی ئەوەی مەبەستە، لە کردارە ڕاستەقینەکاندا دەبینێتەوە، واتە تەنیا ئەوانە کە هیچی تر بەرگەی ڕوونکردنەوە ناگرن و پێویستیان پێی نییە؛ دوا ڕوونکردنەوەی واتا بەردەوام لەوە بەدواوە بەهۆی چەند کردار و ڕەفتارێکەوە دەبێ، ئەوانە چالاکی فەلسەفە دیار و دەستنیشان بکەن.

هەڵەیەک بووە لە هەڵە گەورەکانی سەردەمی ڕابردوو، کە مرۆڤ بڕوای کردووە، واتای تایبەتی و دوا ناوەرۆک دیسانەوە جارێکی تر سەرلەنوێ بەهۆی چەند دەربڕینێکەوە دادەڕێژرێنەوە و فۆرمۆلە دەکرێن، واتە لە توانادا هەیە لە چوارچێوەی زانیندا باس بکرێن و بخرێنە بەرچاو darstellen: ئەوە هەڵەی «میتافیزیک» بووە.

هەوڵ و کۆششی میتافیزیک هەر لەکۆنەوە بۆ ئامانجێکی پێچەوانەی ژێر ئاراستەکراوە، بڕوانە نووسینەکەم (لە بەرگی ٣١ی گۆڤاری توێژینەوەی کانتدا)(٥) ناوەرۆکی خەسڵەتە ڕووت و بێ گەردەکان [هی «جەوهەری» شتەکان] بەهۆی زانینەکان دەربېردرێن، ئیتر شتێک بگوترێ کە لەوتن و دەربڕین نایەت. خەسڵەتەکان ناکرێ بگوترێن، بەڵکو تەنیا هەر لە ئەزموونی ژیاندا Erlebnis ڕوون و شرۆڤە دەکرێت زانین ناتوانی لێرەدا هیچ شتێک دابهێنێ.

بەم پێیە میتافیزیک دەکەوێ، نەک لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی ئەرکەکەی سەرشانی سەرەڕۆییەک بێ و ژیر مرۆڤ بەپێی پێویست پەرەی بۆ نەستاندووە (بەلای کەمەوە وەک کانت وتوویەتی)، بەڵکو چونکە ئەو ئەرکە

خۆی بەهیچ جۆرێک نییە و لە ئارادا نییە. لەگەڵ پەردە لادان لەسەر بەهەڵە پرسیار کردن لە هەمانکاتدا لەمێژووی ململانێ و نیزاعی میتافیزیک دەگەیشترێ.

بەگشتی پێویستە تێگەیشتنەکەمان ئەگەر ئەو ڕاست و دروست بێت، دەبێ پشت ئەستوور بەمێژوو خۆی ڕەوا بکات، پێویستە نیشانی بدات کە لەتواناییدا هەیە لەبارەی گۆڕانی واتاو دەلالەتی وشەی فەلسەفەوە تا ڕادەیەک لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیدا بکات.

ئەوە ئێستاکە بەڕاستی ڕاستییەکەیە. ئەگەر لەسەردەمی کۆندا و بەتایبەتی تاوەکو سەردەمی نوێی لەگەڵ بێ، فەلسەفە بە ئاسانی لەگەڵ هەر توێژینەوەیەکی زانستی تیۆرییانە وەک یەک بووە (identisch)، ئەوە ڕوون دەکاتەوە زانست لەقۆناخێکدا خۆی بینیوە، تێیدا پێویست بووە ئەرکی سەرەکی سەرشانی لەڕوونکردنەوەی چەمکە بنەڕەتییە تایبەتییەکانیدا دیوە و جیابوونەوە و ڕزگاربوونی زانستەکان لەدایکی هاوبەشیان فەلسەفە دەربڕینێکی ئەوەیە کە واتای چەند چەمکێکی بنەڕەتی بەپێی پێویست ڕوون کراونەتەوە بۆ ئەوەی بەسەرکەوتووانە پتر بتوانن بەوان کاربکەن. خۆ ئەگەر دواتر و سەردەمی ئێستاش بۆ نموونە ئاکار و ئیستێتیک و هەندێک جار دەروونناسی خۆیشی بەچەند لقێکی فەلسەفە بژمێردرێن، ئەم دیسیپلینانە ئەوە نیشان دەدەن کە تائێستا بەپێی پێویست چەمکە بنەڕەتییە ڕوون کراوەکانیان لەبەردەستدا نییە و پتر کۆشش و تەقەللایان بەشێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی واتای ڕستەکانیان دەکرێن لەکۆتاییدا:

ئەگەر لەنێو زانستێکی سەقامگیری تۆکمەدا لەناکاو لەخاڵێکدا ئەو پێویستییە ناچارییە سەرهەڵبدات، سەرلەنوێ بیر لە دەلالەتی ڕاستەقینەی چەند چەمکێکی بنەڕەتی بکرێتەوە و بە هۆیەوە ڕوون کردنەوەیەکی قووڵی واتایەکە بدرێتە دەست، ئەم دەسکەوتە دەستبەجێ وەک شتێکی گرنگ لەفەلسەفەدا هەستی پێدەکرێت؛ هەموو لەو بارەیەوە یەکن، بۆ نموونە کارەکەی ئاینشتاین کە لەشیکردنەوەیەکی واتای چەند دەربڕینێک لەبارەی کات و شوێنەوە دەستی پێکردووە و هەنگاوی ناوە خۆی کارێکی فەلسەفەیی بووە. لێرەدا دەتوانین ئەوەشی بخەینەسەر کە تێکڕای هەنگاوە بەرەو پێشچوونە بەلایەکدا خەرانە، قۆناخ خولقێنەرەکانی زانست هەمیشە لەو جۆرە بوون کە ئەوان ڕوون کردنەوەیەکی واتای ڕستە بنەڕەتییەکان دەگەیەنن و ئیتر بۆیە هەر بۆ ئەو کەسانە لواوە و ڕەخساوە کە لە چالاکی فەلسەفەییدا بەتواناو بەهرەدار بوون: ئەوە بەو واتایە: توێژەری گەورە و مەزن هەمیشە فەیلەسووفیش بووە.

خۆ ئەگەر ئەو چالاکییە گیانیانەش زۆرجار ناوی فەلسەفەیان پێوە بووبێ کە نەک زانینی ڕووتی بێگەرد، بەڵکو ژیان بەسەر بردن مەبەست و ئامانجیان بووبێ، وا دێتە بەرچاو هەروەها بەسووک و ئاسایی تێی بگەیشترێ ئیتر مرۆڤی داناو دنیا دیتە بەوە خۆی لەپێش و بەردەوام ئاپۆرەی خەڵکی تێنەگەیشتوو بەدەردەخات abhebt، ئەو واتای دەستەواژە و پرسیارەکانی دەربارەی پێوەندییەکانی ژیانن، ئەوانەن دەربارەی ڕاستییە کردەکی و حەز و ئارەزووەکانن دەزانی لەوانی تر چاکتر بەڕوونی نیشانیان بدات.

بارگۆڕینە مەزن و گەورەکەی فەلسەفە گەڕانەوە و لادانێکی یەکجارەکی لەو چەند ڕێگا هەڵە و چەوتانە دەگەیەنێ کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە گیرانەبەر و دەبوو بەرەو هەڵسەنگاندنێکی ناوەکی و هەڵسەنگاندنێکی بەهاو بایەخی چەوت و هەڵەی فەلسەفەیان بردبایە: من مەبەستم لەو هەوڵانەیە کە بۆ ئەوە دراوە کارەکتەرێکی ئیدوکتیڤانەی پێ ببڕدرێ و ئینجا باوەڕ بەوە بکەن ئەو لەچەند ڕستەیەکی بێگەردی سروشت گریمانەیی پێکهاتووە. ئەو بیرۆکەیە تەنیا سروشتی ڕێ تێچوون بۆ ڕستەکانی بەڕەوا بزانێ لەلای بیرمەندانی پێشوو بە دوور بووە، ئەوان ئەویان وەک بابەتێک کە لەگەڵ کەسایەتی فەلسەفە ناگونجێ، ڕەت کردۆتەوە. لێرەدا هێزێکی پاڵنەری زگماکی تەندروست بە سوودی ئەوە خۆی دەربڕیوە کە دەبێ فەلسەفە دوایین هەڵوەستەی زانین بەجێ بهێڵێ. ئێستا پێویستە ئێمە بەسەربەستی لەو دۆگمایەیدا کە بە پێچەوانەوە لەبەرانبەردا دانراوە، گوایە فەلسەفە بێ قەید و مەرج چەندین ڕستەی بنەڕەتی پێشیانەی ڕاست پێشکەش دەکات و دەخاتە بەردەوام دەربڕینێکی بەدبەختی ئەم هێزە پاڵنەرە زگماکە بەدی بکەین، بەتایبەتی ئەو بەگشتی لەچەند ڕستەیەک پێک نەهاتووە، بەڵام هەروەها ئێمە باوەڕ بەشکۆ و ئابڕووی Wurde فەلسەفە دەکەین و وای دادەنێین کە کارەکتەری گومان لێکراو و ڕێ تێچوونی ڕووت و پەتی لەگەڵیدا نایەتەوە و ناگونجێ و ئێمە بەوە دڵخۆشین کە بارگۆڕینە گەورە و مەزنەکە ڕێگا

لەوە دەگرێ ئەو جۆرە کارەکتەرەی بدرێتە پاڵ. بەسەر کرداره واتا بەخشەکاندا کە فەلسەفە دیار و دەستنیشان دەکەن چەمکی ڕێ تێچوون، یان گومان هەڵگرتن و دڵنیانەبوون جێبەجێ ناکرێت. بابەتەکە بریتییە لە چەند ڕێسا و ڕێوشوێن دانانێک کە بە هەموو دەربڕینەکان واتای خۆیان وەک دوایین شت پێدەبەخشێ.

ئێمە، یان ئەو واتایەمان لەبەردەستدایە، ئەوکاتە ئێمە دەزانین مەبەست لەو دەربڕینانە چییە، یان ئێمە ئەومان نییە و لەبەردەستدا نییە، ئەوکاتە تەنیا چەند وشەیەکی دەلالەت بۆش و بەتاڵ لەبەردەم خۆماندا دەبینینەوە هیچ جۆرە دەربڕینێک نابینین، سێیەم لە ئارادا نییە و قسەکردن لە دەستبەکاری ڕێ تێچوونەنانەش لەکردن نایەت. بەم پێیە دوای بارگۆڕینە گەورەکە فەلسەفە کارەکتەر و کەسایەتییە دواجارییەکەی روون و ڕەوانتر لە جاران نیشان دەدات.

تەنیا بەسایەی ئەم کارەکتەرەوە دەکرێ ململانێی سیستەمەکانیش کۆتایی پێ بهێنرێت. من دووبارەی دەکەمەوە ئێمە دوای روونکردنەوەی مەبەستەکان بۆمان هەیە ئامادەبین ئەمڕۆ وەک لەبنەڕەتدا کۆتایی هاتبێ، ببینین و من هیوادارم، ئەوە هەروەها لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە لە قۆناخی نوێی ژیانیدا بتوانێ هەمیشە روونتر بێتە بەرچاو.

بەدڵنیاییەوە جۆرە ململانێیەکی پاشەکشێ ڕوودەدات، هەروەها بەدڵنیاییەوە هەروەها بە درێژایی سەدان ساڵ زۆر کەس لە ڕێڕەو و ڕێگا باو و لەگەڵ ڕاهاتووەکاندا پتر دێن و دەچن، نووسەرانی فەلسەفەش تاوەکو ماوەیەکی دوور و درێژ دەمەتەقێی زڕە پرسیارە کۆنەکانیان دەبێت، بەڵام لەکۆتاییدا هیچی دیکە گوێیان لێ ناگیرێ ئەوان وەک ئەو ئەکتەرانەی سەر شانۆیان لێ دێت کە ماوەیەکی دوور و درێژ هەر خەریکی نمایش کردن دەبن، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن کە بینەران وردە وردە خۆیان دزیوەتەوە، ئەوکاتە هیچ گرنگ و پێویست نامێنێ لەبارەی «پرسیارە فەلسەفییەکانەوە» قسە بکرێت، چونکە لە بارەی هەموو پرسیارەکانەوە فەلسەفییانە قسە دەکرێ، واتا: بە پڕ واتایی و روون و ڕەوانی.

### پاشکۆ لەجیاتی پێشەکی وەرگێڕ

١- فرەدریش ئەلبێرت مۆریتس شلیک لە ١٤ی نیسانی ١٨٨٢ لە بەرلین- ئەڵەمانیا لەدایک بووە. خوێندنی دواناوەندی لەبەرلین تەواو کردووە. لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا بووە بە قوتابی زانکۆ لە زانکۆکانی هایدلبێرگ، لوزان، بەرلین فیزیک، کیمی، بیرکاری و فەلسەفەی خوێندووە. ساڵی١٩٠٤ز بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر مارکس پلانک لە فیزیک تیۆری- ئۆپتیکدا نازناوی دکتۆری پێ بەخشراوە، ساڵ و نیوێک وەک مامۆستای فیزیک لە زانکۆی گۆتنگن دەرسی وتۆتەوە و لەوە بەدواوە بەیەکجارەکی پشتی کردۆتە فیزیک و رووی لە فەلسەفە کردووە. لە ساڵی ١٩١٠ز بەتوێژینەوەیەک بەناوی جەوهەری ڕاستی بەپێی مەنتیقی نوێ پلەی پرۆفیسۆری پێ دراوە. لە زانکۆی ڕۆستۆک و کیل (باکووری ئەڵەمانیا) وەک مامۆستای فەلسەفە چالاک و دەستبەکار بوو.

لە زانکۆی ڤیەننا لە جێگای لودڤیک بولتسمان و ئیرنست ماخ دامەزراوە. ئەو بابەتەی ساڵی ١٩٢٢ لە ڤیەننا پێی سپێردراوە بریتی بووە لە مێژووی تیۆری زانستە ئیندوکتیڤەکان.

پێوەندییەکی گەرموگوڕی زانستییانەی لەگەڵ زاناکانی سەردەمی خۆیدا بەتایبەتی لەگەڵ ماکس پلانک، ئەلبێرت ئاینشتاین، ماکس بورن، داڤید هیلبەرتدا هەبووە.

هەر لەسەرەتای چالاکییە فەلسەفییەکەیدا بەدژی میتافیزیک و پشت ئەستوور بەزانستە ئەزموونییەکان ناسراوە. تیۆری زانین بابەتی سەرەکی بووە کە بەخامە ڕەنگینەکەی چەندین شاکاری فرە ڕەنگی لە کایە جۆر بەجۆرەکانیدا تۆمار کردووە. شاکاری ڕێبازی گشتی تیۆری زانین ڕاستی ئەم قسەیە ساغ دەکاتەوە: All-gemeine Erkenntnislehre. لەم کایەیەدا بە ئەڵقەیەک لەو زنجیرە پرشنگدارە دادەنرێت کە لەلایەن (داڤید هیوم- ١٧١١- ١٧٧٦ز) دەستی پێ کردووە بە (ئۆگوست کۆنت- ١٧٨٩-١٩٥٧ز)دا تێپەڕیوە و لەلایەن هیلهولتز و ئیرنست ماخەوە درێژەی پێ دراوە و گەیشتۆتە لای شلیک.

لەسەرەتای چالاکی ژیانی فەلسەفەیدا بەرهەم و جیهاندیدی خۆی بە تیۆری زانینی ڕیالیستییانە ناوبردووە. لەچوارچێوەی توێژینەوەی جەوهەری زانین و ڕەخنەگرتنی لە کێشەکانی هەڵکەوت (واقیع) سێ دەڤەر و کایەی ڕێئالیستی هەڵکەوتی لەیەکتری هەڵاواردووە و جیاکردۆتەوە:

**یەکــەم**: هەڵکەوت خــۆی، کــۆی خــەســڵــەت و تایبــەتمەندییــەکــان، شــتــەکــان لەخــۆیاندا. لێــرەدا بە ئاشکرایی جێ دەستی فەلسەفەی کانت بەرچاو دەکەوێ.

**دووەم**: چەمکە چەندییــەکــانی زانســتی ســروشت (فــیــزیک) کــە هەڵکەوت پابەندییــانە و لەکــوێ تێکراییەکەیاندا جیهانی چەمکەکانی فیزیکیان لێ پێک دێت. ئەمەش ئەو لایەنە ڕوون دەکاتەوە کە پلانک و ئاینشتاین سوودیان پێ گەیاندووە.

**سێیــەم**: بۆچوونەکــانی ســەرنجــدان و وردبوونەوە کــە بەهۆیانەوە چەمکە چەندییــەکــانی زانســتی ســروشت (فیزیک) لەهۆش و هۆشیاریدا بەرجەستە دەبن(٦).

وەک لەنووسینەکــە خۆی دەردەکــەوێ بەشی سێــیــەم تەواوکــاری دەڤــەری یەکــەمــە، بەتایبــەتی ئەو حــوکم و بڕیارەی ئەو بەشەی هەڵکەوت Wirklichkeit کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بە هۆشیاری ناودەبرێت.

شلیک لە فەلسەفەکەیدا کە بەشێکی گرنگی تیۆری زانین پێک دەهێنێت، پێــوەندی نێــوان چەمکی زانین و سمبۆل و هێماکان تاووتوو دەکات. دەگاتە ئەو ئەنجامەی چەمکەکــان لە ســیــمــبــۆل بەولاوە نین کــە ســەر بە ئەو هەڵکەوت و دەوروبەرەن کــە دەزانرێ و پەی پێــدەبردرێ سوودیان لێــوەدەگیــرێ و بەکــاردێن، ئەوان بە جــۆرێکی ڕێکخــراو و بەشــێــوازی دیاریکراو لە دەســتــەواژە و دەربڕینەکــاندا بەدەردەکــەون و بەم هۆیەوە چەند بنەڕەت و پێکهاتەیەکی Strukturen هەڵکەوت دەردەبڕن.

بڕیار و حــوکــمــدان لەچەند دەســتــەواژە و دەربڕینێک بەولاوە نین کــە ســەر بەپێکهــاتن و پەیدابوونی پێوەندی نێوان بابەت و کەرەسە و شمەکەکانی دەوروبەرن. لێرەوە ڕاستی و ڕاستــەقینە بەم پێــودانگە بریتییــە لە ئەوپەڕی ڕوون و ڕەوانــی ئــەو پــابــەنــدی و ســـــــەر پــێ بــوونــەی هەڵکەوت و بەهۆی ئەمەوە بڕیار و حوکمدانەکان دەبن بە بەشێک لە شتە ڕاستە کردەکییەکان Tatsachen.

شلیک لە چەند بەرهەمێــکیــدا ڕادیکاڵانە هەڵوێــستی خــۆی بەرانبــەر بەهەندێک لایەنی فــەلســەفــەی کــانت و قــوتابخــانەی مــاربورگی کــانیــانیــزمی نوێ دیار و دەستنیشان کردووە.

٢- هەبوونی دوو جــۆر دەســتــەواژە و بڕیار، بڕیاری شــیکاری و لێکدراوە، شــتــێکی ئاسایی و پەسندکــراو بووە، بەڵام ئەوەی کانت هێناویەتییە سەر خوانی باس و تاووتوو کــردن و پێی لەســەر داگــرتووە، هەبوونی جــۆرە بڕیارێکە، جۆرە دەستــەواژە و حوکــمێکە کــە لەبنەڕەتدا لێک دراوە، بەڵام لەخۆیدا پێشییــانەیە. ئەو بە بڕیاری لێکدراوی پێــشــیــانەی Synthetische Urteile apriorie ناوبردووە. ئەم جــۆرە بڕیارانە لە زانســـتــە ســروشــتی و فــیــزیکیــیــەکــاندا هەن و دەست بەکــارن، لەمیــتــافــیــزیکدا ئەم جۆرە بڕیار و دەســتــەواژانە بەپێی ســروشــتی ژێری مــرۆڤ بەشــێــوازی زانینی لێکدراوی پێشییانە هەیە(٧).

لە هەمــوو دەســتــەواژە بڕیارێکدا کــە پێــوەندی نێــوان بنەوبار (Subjekt –Pradikat) پێک بێت (لێــرەدا مەبەست لە دەستــەواژە بڕیاری/ ئارێیە)، ئەو پێوەندییە بەدوولادا شیاوەکییە و دەگونجێ و لەکردن دێت:

- بار/ب/ وەک شــتــێک کــە لە چەمکی /ت/ دایە (بەشــێــوازێکی شــاردراوە و نادیار) ســەر بە بنە/ت/ دەبێت.

- یــان /ب/ لــەدەرەوەی چــەمــکــی /ت/ دا دەبــێ، ئەگەرچی ئەو لەگەڵ هەمان شتدا گرێ دراوە.

لە نموونەی یەکــەمــدا بڕیارەکــە بە شــیکاری و لەوەی تریاندا بەلێکدراو ناودەبرێت(٨)

بڕیارە شیکارییەکان (ئارێیەکان) ئەوانەن کە تێیاندا گــرێدرانی بار بە بنەوە بەهۆی وەک یەکــیــیــەوە و (وەک یەکی بنەڕەت و جەوهەر) ئەوی تر کە تێیدا گرێ درانەکە بەبێ وەک یەکییەکە بە هزردا هاتووە بە بڕیاری لێکدراو ناودەبرێت. جۆری یەکەم دەکرێ بە بڕیاری ڕوونکردنەوە Erlauterung ئەوی تر بە بڕیاری فــراوانکردن Er-weiterung ناو ببــرێن، چونکە یەکــەمــیــان بەهۆی (بار)ەکەوە هیچ شتێک بۆ (بنە) زیاد ناکرێت و ناخرێتە سەری، بەڵکو تەنیا بەهۆی تاووتووکردنی بۆ ئەو بەشە چەمکانەی تێیدایە شی دەکرێتەوە. ئەوەی لە ئەنجامدا دەردەکەوێ، پێشەکی لە پێشەکییەکاندا هەبووە و گریمانە کراوە. کە مرۆڤ دەڵێ:

**سوکرات مرۆڤە**
**هەموو مرۆڤێکیش دەمرێ**
**کەوابوو سوکرات دەمرێ**

هیچ شــتــێک لە ئەنجــامــدا نیــیــە کــە پێــشــتــر لە پێشــەکــیــیــەکەدا نەبووبێ. ئەگــەر سوکرات مــرۆڤ بێ، بەپێی پێناســە مــردن لەگــەڵ ژیان بەشی ســەرەکی ئەو بوونەوەرە پێک دەهێنن کە بەمرۆڤ ناو دەبرێت. لەم جۆرە بڕیارانەدا ئەو شــتــە، ئەو هاوردەیە دووبارە دەبێــتــەوە کــە

پێشەکی لەگریمانەکەدا هەبووە و گریمانە کراوە. ناوەکەشی لەوەوە کەوتۆتەوە ئەگەر بڕیارەکە، پێشەکییە گریمانە کراوەکەی تاووتوو و شی بکرێتەوە لەسەرەتادا ئەو ئەنجامەی تێدا بەدی دەکرێت و هەست بە بوونی دەکرێ کە وادەزانری لە ئەنجامەکەدا بۆ یەکەم جار دەرکەوتووە. لەو پرۆسە مەنتیقییەی ئەم بڕیارانەدا شتێکی نوێ دەستگیر نابێ، بگرە هەر ئەوە دووبارە دەبێتەوە کە لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی نادیار گریمانە کراوە.

بەپێچەوانەوە جۆری دووەم کە بە لێکدراو ناودەبرێت باریک بۆ بنە زیاد کراوە و خراوەتە سەری کە لەسەرەتاوە تێیدا نەبووە و ئەگەر تاووتوویش بکرێت ئەو ئەنجامەی تێدا هەست پێ ناکرێت، لە پێشەکییەوە مرۆڤ شتێکی نوێی دەست دەکەوێ مەودای پێشەکی و چەمکەکە فراوانتر دەکات بۆیە ئەو ناوەی پێ بڕاوە.

بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ بڵێ:

**هەموو لەشێک قورسە**

بە شیکردنەوە و توێ توێ کردنی چەمکی لەش (بار)ی قورس بەدەست ناهێنرێ. قورس وەک (بار) لەسەرەتادا لەچەمکی لەش (بنە)دا نییە. (بار) شتێکی ترە جیاوازە لەوەی مرۆڤ کاتێک لەچەمکی لەش ورد دەبێتەوە بە بیریدا بێت هەموو بڕیار و حوکمەکانی ئەزموون و شارەزایی بەتێکڕایی چەند بڕیارێکی لێکدراون(٩). بە پێچەوانەوە بڕیارە شیکارییەکان پێویستیان بەوە نییە، ئەگەر بویسترێ ساغ بکرێنەوە پەنا بۆ ئەزموون و شارەزایی ببردرێ. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەیاددا دێت ئایا بڕیار و دەستەواژە و هاوکێشەکانی بیرکاری (ماتماتیک) چین، شیکارییە، یان لێکدراو؟ ئەگەر مرۆڤ بیر لەو هاوکێشەیە بکاتەوە کە کانت باسی کردووە:

١٢ = ٧+٥

ئایا چەمکی بۆچوونی پێنج و حەوت کە بەیەکەوە کۆبکرێنەوە بەناچاری وێنەی (١٢)ی تێدایە، یان نا؟! یان (١٢) وەک ژمارە و چەمک و بۆچوون لەو پێشەکییە دەکەیتەوە کە بریتییە لە کۆی دوو ژمارەکە (٥ و ٧) بەیەکەوەن؟! ئایا (١٢) هیچ شتێکی خستۆتە سەر چەمکی بۆچوونی کۆی هەردوو ژمارەکە؟ یان خۆی هەر لەسەرەتاوە لەبۆچوونەکەدا هەبووە؟ بۆ ئەگەر بڵێی (٥+٧) دەبێ یەکسەر (١٢) بەبیرو مێشکدا بێت؟!

بابەتێک لەو بابەتانەی کانت باسی کردووە و لەلایەن زۆربەی ڕابەرانی ڕێبازی کۆڕی ڤیەننای پۆزیتیڤیزمی مەنتیقییەوە، بەتایبەتی لەلای موریتس شلیک، ڕەت و ڕەخنەکراوە، هەبوونی دەستەواژە و بڕیاری لێکدراوی پێشیانەیە، چ لە فیزیک و ماتماتیک و چ لە میتافیزیک و لەتیۆری زانیندا.

٣- ئەو جۆرە بڕیارانە وەک کانت بۆی چووە، لێکدراون چۆن زانین فراوان دەکەن، ئەنجامەکانیان لەچاو پێشەکییەکانیان شتی نوێی تێدایە و دەداتە دەست ئەوی لە بڕیارەکەی کانت نوێیە ئەوەیە ئەم دەستەواژە و بڕیارانە پێشیانەن، واتە نە پێوەندییان بە ئەزموون و شارەزاییەوە هەیە و نە بۆ ساغ کردنەوەیان پەکیان لەسەر ئەزموونی شارەزایی دەکەوێ و کەوتووە. ئەو بڕیارانە، ئەو دەستەواژە و حوکمانە خۆیان مەرجی شیاوەکی بوون و لەکردن هاتنی شارەزایین بۆیە ناکرێ بۆ ساغ کردنەوەیان پشت بە شارەزایی و ئەزموون ببەسترێ. کانت نموونەی دەستەواژەو (هۆیەکی) بۆ پاساودانی بۆچوونەکەی هێناوەتەوە(١٠).

بەلای شلیکەوە ئەم بۆچوونە ڕاست نییە، چونکە بڕیار و دەستەواژە شیکاری و لێکدراون. هەموو دەستەواژەیەکی شیکاری پێشییانەیە، چونکە هەمان گوێیە و شتی نوێ ناهێنێ، ئەوی لە ئەنجامدا دەردەکەوێ، لەسەرەتادا لە پێشەکییەکەدا هەبووە، بۆیە ناکرێ باسی دەستەواژەیەکی لێکدراوی پێشیانە بکرێت، چونکە ئەو جۆرە دەستەواژانە پشت بە ئەزموون و شارەزایی دەبەستن و دوای پەنابردنە بەر ئەزموون ساغ و پشت ڕاست، یان پووچەڵ دەکرێنەوە، ئیتر شتێک نییە پێی بگوترێ بڕیار و دەستەواژەی لێکدراوی پێشیانە، بەڵکو ئەوەی هەیە دەستەواژە و بڕیاری لێکدراوی پاشیانەیە کە بەهیچ جۆرێک لە مەنتیق و بیرکاریدا (ماتماتیک) ناکرێ هەبن، چونکە دەستەواژە و هاوکێشەکانی مەنتیق و بیرکاری تەنیا هەر فۆرم و ڕوخسارن و هەمان گۆیین، واتە تاوتوو لۆژین tauto logisch هیچ شتێک دەربارەی دەوروبەر و هەڵکەوت (واقیع) نابێژن، بەڵکو چەند چوارچێوە و داهێنانێکی ڕوخسارەکی مێشک و ژیری مرۆڤن.

لەلایەکی ترەوە هاوکێشە و دەستەواژەکانی فیزیک و زانستی سروشت لێکدراوی پاشیانەن و دوای ئەزموون و شارەزایی Erfahrung دێن و پشتی پێ دەبەستن. زانستە ئەزموونییەکان لەوەدا ڕێئالیستین کە شت دەڵێن

و بگرە بنەڕەت و بنەما ئەندازیاری و فیزیکی جیهان بە شێوازێکی سادە و ساکار و ئاسان بەهۆی چەند قانوونێکی گشتی هەمەکییەوە allgemeine شرۆڤە و باس دەکەن.

بەلای شلیکەوە پێوەندییەکی توند و تۆڵی دەستیاوی لەنێوان فەلسەفە و زانستدا هەیە. لەو جێگایەی زانست کۆتایی دێت فەلسەفە دەست پێدەکات. هەردووکیان بەپێی ناوەرۆک و ڕوخسار، بەپێی بابەت و میتودە ناتوانن دەستبەرداری یەکتری بن، پەرەسەندنی پرۆسەی شارستانییەت بەلایەنە بەپێز و فرە ڕەنگەکانییەوە، بەسەرکەوتن و ساتمەکردنییەوە، بە بەرەو پێشچوون و وەستانییەوە ساغی کردۆتەوە کە ئەو پێوەندییەی نێوان زانست و فەلسەفە هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ. دەبێ زانا بەبێ بنەماکانی هزری فەلسەفە چۆن بتوانێ بابەتەکانی خۆی تاووتوو بکات، فەیلەسووفیش لەلای خۆیەوە ناکرێ دەستبەرداری میتودە و دەسکەوتە شۆڕش ئامێز و سروشت سەرتاپاگیرەکانی ببێ. ئەگەر مرۆڤ لە سۆنگەیەکی فەلسەفەیی، بەتایبەتی لە ڕوانگەیەکی تیۆری زانینەوە سەرنجی ئەم پێوەندییە دوو لایەنییە بدات بۆی ساغ دەبێتەوە کە توێژەی گەورەی زانستی هەمیشە لە هەمانکاتدا فەیلەسووف بووە(١١). ئەگەر فەیلەسووف لە بابەتی ئیپستمۆلۆژیدا (تیۆری زانین) ناکرێ دەستبەرداری زانینی سروشت ببێ کە بابەتی توێژینەوەی سەرەکی ئەو زانستە سروشتییەیە کە بە فیزیک ناودەبرێت، لەلایەکەی دیکەوەش توێژەری زانستی سروشت هەست دەکات کە پرسیارەکانی لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا وردە وردە سروشتێکی گشتی و هەمەکییان پێ دەبڕێ و ئەم سروشت پێ بڕانە دەیباتە نێو جیهانی تیۆری زانین و فەلسەفەوە، شۆڕشە زانستییەکەی هایزنبێرگ دەربارەی بنەمای دەستنیشان نەکراو و شۆڕشی تیۆری ڕێژەیی ئەلبێرت ئاینشتاین دەربارەی ئەتیر و بزووتنەوە و کات و شوێن و ڕەهەندی چوارەم ڕاستی ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە.

٤- زانین خۆی لەخۆیدا وەک بابەتێکی تیۆری زانین کە لەم سەردەمەدا شان بەشانی مەنتیق گرنگترین لقی فەلسەفەیە، لە بڕیاردان، لە حوکمدانێک بەولاوە نییە. زانین هەمیشە شێواز و جۆرێکی بڕیاردانە. کە مرۆڤ دەربارەی بابەتێک شتێک دەزانێ، بەو واتایەیە کە بڕیارێک دەدات. بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە جۆرە زانینێک دەربڕێ دەبێ دوولایەن بە ئاشکرا بگرێتە خۆی:

**یەکەم**: ئەو بابەتەی کە دەزانرێت.

**دووەم**: ئەوەی وەک چی دەزانرێت(١٢).

بەم بڕیارە ئەو لایەنە دەستنیشان دەکرێت کە زانین هەمیشە پرۆسەیەکە پێوەندییەک وەک پرد لەنێوان بابەتەکاندا هەڵدەبەستێ، ئەگەر چالاکی ئەوکەسەی شتەکە دەزانێ وەک بکەر بخرێتە سەر هەردوولا. بە پێچەوانەوە وا زانین و ناسین، سەرنجدانی ڕووت و پەتی لەگەڵ ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەدا دێتەوە. بڕیاردانەکان نیشان کردنی ڕاستییە کردەکییەکانن Tatsachen بۆچوون وەک هەست کردنیش بەرجەستە کردنی ناوەرۆکی ئەزموون و شارەزاییە.

چەمک و بڕیارەکان دەچنەوە سەر یەکتری و پێک دێن و لەیەکتری دەکەونەوە، چەمکەکان چەند چوارچێوە و پێکهاتەیەکی هزرین وەک هێما و نیشان و سیمبۆلی شمەک و بابەتەکانی کە لە پرۆسەی هزردا دەخرێنە سەریان. بڕیارەکانیش لەلای خۆیانەوە سروشتێکی سیمبۆلییان هەیە ڕاستە کردەکییەکان نیشان دەکەن -be zeichnen، ئەگەر ئەو نیشاندانە ڕوون و ڕەوان بوو، هەر نیشانێک لەگەڵ تاکە نیشان کراوێکیدا بێتەوە و دروست و گونجاو بێت، ئەوە بڕیاردانەکە ڕاست دەبێت. ئەمە بووە مەبەستی شلیک کە لەتێزی پرۆفیسورییەکەیدا وتوویەتی:

«بڕیارێک کاتێک ڕاست دەبێت ئەگەر هاتو ڕاستییەکی کردەکی دیارو دەستنیشانکراو بە ڕوونی نیشان بکات(١٣)».

کەوابوو بە ڕوونی و ئاشکرا خستنە سەر نیشانە و خەسڵەتێکی جەوهەری ڕاستی و دروستی داناوە و ڕەنگرشتنی بڕیار و حوکمدانە. لەلایەکی ترەوە بڕیارەکانیش خۆیان دەبن بە دوو بەشەوە:

**یەکەم**: بڕیاری پێناسەکردن.

**دووەم**: بڕیاری (مێژوویی) باس و وەسف کردن(١٤).

ئەم دوو جۆرەی بڕیاردانە لەخۆیاندا لەوەوە کەوتوونەتەوە کە یەکەمیان بڕیاری شیکاری پێشیانەن و دووەمیان بڕیاری لێکدراوی پاشیانەن. هەر یەکێک لەم بڕیارانە ئەرک و ڕۆڵی دیاریکراوی خۆی لەپرۆسەی فرە ڕەنگی زانیندا هەیە.بۆ نموونە:

بڕیارە لێکدراوییەکان کە باس و وەسف کردن وەک ئەرک دەگرنە ئەستۆ یەکگرتنی بابەت و کەرەسەکان لەگەڵ

فاكتێک (ڕاستەقینەیەک Tatbestand) نیشان دەکەن، بڕیارە شیکارییە پێناسەییەکان بەپێچەوانەوە گرێدان و یەکگرتنی نیشانەکان لەگەڵ چەمکێکدا نیشان دەکات(١٥).

بەم پێیە دوو جۆری زانینیش هەیە، زانینی باسکردنی وەسفی کە پتر چەمک لەخۆی دەگرێ و زانینی سەرنجدان و ڕامان کە بەسووسە (حدس Tntuition) پشت ئەستوورە. زانین و چەمک و بڕیاردان توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن و هیچیان بەبێ هیچیان نابن (Korrelativ). چەمکەکان بۆ کارئاسانی بڕیاردان داهێنراون، کاتێک مرۆڤ لە پڕۆسەی زانیندا، بەتایبەتی زانینێک کە بە بنەمای زانستی پشت ئەستوور بێت، بابەتەکان بەهۆی چەند چەمکێکەوە و چەمکەکان بەچەند وشەیەک نیشان دەکات، ئەو کارەی بەو مەبەستەیە لەبارەیانەوە بیربکاتەوە و قسەیان لێ بکات بۆ ئەوەی لە بارەیانەوە بڕیار بدات، زانین لە بڕیاردان دەربارەی بابەتێک بەولاوە نییە.

**پەراوێز:**

**١- دیدەڵوس Dadalus یەکەم کەسە، بەپێی نووسراوە یۆنانییەکان، کە لەسەردەمی کۆندا دوو باڵی دروست کردووە و هەوڵی فڕینی داوە. -وەرگێڕ-**

**2- Wittgenstein, Ludwig., Tractatus Logico- Philosophicus. 1922.**

**٣- مەبەستی شلیک ئەم توێژینەوەیەیە:**

**- Carnap, Rudolf., Die alte und die neue Logik. In: Erkenntnis. Bd. I. S.12-26. Leipzig 1930-1931.**

**ئێمە ئەم شاکارەمان کردووە بە کوردی و لێرەدا بڵاومان کردۆتەوە:**

**- بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان.. هەولێر ٢٠٠٥. لاپەڕە ١٣٥-١٥٦. - وەرگێڕ-**

**٤- نووسەر نووسیویەتی (Alpha und Omega) ئەم دووانە یەکەم پیت و دوا پیتی زمانی یۆنانین بەرانبەر بە ئەلف تاوەکو یای کوردی و لە A تاوەکو Z لە ئەڵمانیدا. - وەرگێڕ-**

**٥- مەبەستی نووسەر ئەم نووسینەیە:**

**- Erleben, Erkennen, Metaphysik., kant-studien, Bd.31. S.146.**

**٦- بڕوانە:**

**- Schick, Moritz., Allgemeine Erkenntnislehre. Suhrkamp 1979. S.330 ff.**

**7- kant, Immanuel., kritik der reinen Vernunft. Werke in 6 Banden. Bd.2. Koneman 1995. S.61-62.**

**8- kant, I. Ebenda. S.56**

**9- kant, I. Ebenda. S.57**

**10- kant, I. Ebenda. S.58**

**11- Schick, Moritz, Ebenda. S.8.**

**12- Haller, Rudolf., Neopositivismus. Eine historische Einfubrung in die Philosophie des Wiener kreises. Darmstadt, 1993, S.104 ff.**

**- هەروەها لەلای شلیک (ژمارە-٦) ل١٠٣.**

**13- Schlick, Moritz., Das Wesen der Wahrheit nach der modernen Logik. In: Philosophische Logik. (Hrsg) von: Philippi, Bernd. Stw 598. Frankfurt am Main 1986. S.96.**

**14- Haller, Rudolf., Ebenda. S.105.**

**15- Schlick, Moritz., Allgemeine Erkenntnis... S.97.**


**سەرچاوە:**

**- Schick, Moritz., Die Wende der Philosophie. In: Erkenntnis. (Hrsg) von Rudolf Carnap und Hans Reichenbach. Leipzig 1930-1931. Bd. I.**

# پاولۆس
# نهێنی گەڕانەوەی لەناکاوی فەلسەفەی هاوچەرخ
# (سلاڤۆی ژیژک، جۆرجیۆ ئاگامبێن و ئالێن بادیۆ) بۆ پاولۆس

**ئازاد حەمە**
**(سوێد)**

**(١ – ٢)**

**دەروازەیەک**

لەم سالآنەی دواییەدا چەند بیرمەندێکی ڕۆژئاوایی، چەند فەیلەسووفێکی کۆنتنێنتاڵ، بە خەزێنەیەکی فەلسەفی ماتریالی و ئێتەیستی (ئیلحادی) و شێوە هزرێکی سیاسی ماوی، یان لینینی و ئەنتی فاشیستی و ئەنتی کاپیتالیستی (دژە سەرمایەداری) و ئەنتی-نیتشەیی و ئەنتی- پۆست مۆدێرن و هزر ئەفلاتوونی لەناکاو و بەڕێکەوت بەوە دەچێ پێویست بۆ سەر پاولۆس (سانت پۆل) گەڕانەوە، بە قسەی خۆیان بۆ سەر هزری ئایینی و تیۆلۆژی (لاهووتی) ئەم پیاوە بیریارەیە ئەگەرچی هزرە ئایینی و تیۆلۆژییەکە لەلایەن ئەو پۆلە فەیلەسووفەوە (سلاڤۆی ژیژک، جۆرجیۆ ئاگامبێن و ئالێن بادیۆ) پتر بەر بەکاربردنی سیاسییانە کەوت تا فەلسەفییانە، بەلآم ئەم گەڕانەوەیە مانای فەلسەفەییشی لەژێرەوە هەر هەبوو، چونکە گەڕانەوەکە لەلایەن فەیلەسووفەوە بوو نەک لەلایەن سیاسییەوە، هەروەها بۆ سەر ئەو شتەش بوو کە پێی دەڵێن تیۆلۆژی(لاهووتیات، ئەو زانستەی لە ئایین دەکۆڵێتەوە). بەم جۆرە گەڕانەوەکە وەرچەرخاندنێک بوو لە هزری ئایینی و تیۆلۆژی هاوچەرخ، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو فەلسەفە، بەهۆی موغامەرە فەلسەفییە دژە- تیۆلۆژییەکانی نیتشەوە، لەتیۆلۆژیا و ئایین ڕەنجابوو، بەلآم ئەم گەڕانەوەیەی ئەم سێ فەیلەسووفە کۆنتنێنتالە ڕۆژئاوایە، کە هەریەکەیان سەر بە ڕەوتێکی فەلسەفین (فەلسەفەی چیکی، فەلسەفەی ئیتالی و فەلسەفەی فەرەنسی)، دۆستایەتی نێوان فەلسەفە و ئایینی تا ئەندازەیەک گەڕاندەوە شوێنی خۆی. گەڕانەوەکە کە نە ئایینی بوو، نە تیۆلۆژی مەغزای فەلسەفی بەرینی بۆ دۆزینەوەی هزرێکی ڕادیکالآنەی سیاسی هەبوو، خۆی هەر ئەوەش بوو نهێنی گەڕانەوەکە. واتە، لە ڕێگای ئەم گەڕانەوەیەوە بۆ پاولۆس گەلێک واتا: وەک خود، ڕووداو، ئەڵبەتە ڕووداوی شۆڕشگێڕانە، تاکگەری، ڕاستی و گەردوونای تا دەگاتە زەمەنی کەهەنووتی و تەبشیر و دۆزیش، ئەڵبەتە دۆزی سیاسی کە ڕووداو دروست دەکات، بەرباس کەوتن. هەروەها ئەم گەڕانەوەیە لەگەلێک ڕووی فەلسەفیشەوە دەرگای خستە سەر پشت بۆ توێژینەوەی فەلسەفی شێوە تیۆلۆژی سێکولاریست ئامێز کە پاولۆس وەک کەسێک، یان تاکێکی مێژوویی، یان بیرمەندێکی کەهەنووتی و

پارێزەری پەیامێ نیشان بدرێ. نووسەرەکان کە گەڕانەوەکانیان ئەنجام داوە (بادیۆی فەرەنسی و ئاگامبێنی ئیتاڵی و ژیژکی سلۆڤێنی) هەر هەموو فەیلەسووفن، نەک تیۆلۆژیست (لاهووتی)، ئیێتەیستن (بێ ئیمانن، مولحیدن) نەک ئایینی، هەروەها ئۆنڤێرسالیستن (گەردووناوین) نەک پۆست مۆدێرن و مولتیکولتوورالیستێ ڕێژەگەر و ئەڵبەتە ناشیانەوێ نیتشە ئاسا ڕەفتار لەتەک پەیامەکەی (پاولۆس)دا بکەن و نەش خودی ئایین. بەم جۆرە ئەوی ئەم سێ فەیلەسووفە لە توێژینەوەکانیاندا کاریان بۆ کرد فەلسەفەی ئایینی لێ دروست نەبوو، بەقەد ئەوەی فەلسەفەی سیاسی، سیاسی ڕادیکاڵانە، سیاسی شۆڕشگێڕانەی لێ بەرهەمهات. بەواتایەکی تر، هەوڵی ئەم فەیلەسووفانە، بەتایبەت ژیژک وبادیۆ، بۆ لە ئایین خستنی پاولۆسە و بردنەوەیەتی بۆ باوەشی فەلسەفە و بیرباری و زمانەوانی، هەروەها خستنەڕووی پاولۆسیش وەک «بیرمەندی خودگەرا» (سوبژێکتیڤ) و تاکی شۆڕشگێڕی ئیتەیست (بادیۆ وتەنی) و ئەنتی- سەرمایەداری. هەروەها لەبری ئەوەی ئایین، یان تیۆلۆژیا ببێ بەسەرچاوە بۆ گەڕانەوە و بۆ خوێندنەوەکانی ئەم سێ فەیلەسووفە ڕۆژئاواییە، ئەوە فەلسەفە، شیکردنەوەی دەروونی، سیاسەت، سیاسەت وەک بوارێک بۆ هزراندن، زمانەوانی و ئێتمۆلۆژی (ڕیشەی وشەزانی) بوون بەسەرچاوە.

کەوابێ ئەم کورتە نووسینەی ئێمە توێژینەوە لەم گەڕانەوەیە دەکات بەمایەی وتنی، بەڵام ئەوەی ئامانجە لەم نووسینەدا گێڕانەوەی گەڕانەوەکە نییە، بەڵکو خستنەژێر پرسیاری ئەو گەڕانەوەیەیە. ئەو پرسیارانەش لە دووتوێی ئەم نووسینەدا کاریان لەسەر دەکرێ، بەشێکیان لەمانە بریتی دەبن لە یەکەم پرسیار بەم جۆرە خۆی دادەڕێژێ: بۆ گەڕانەوە بۆ پاولۆس؟ ئەم پرسیارە لەخۆیدا پشکنینێکە، یان گەشتێکی فەلسەفییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پێویستی و مەرامەی لە پشت ئەم گەڕانەوەیەدا ئامادەیە. دووەم پرسیار کە بووە بە مەراق بۆ ئەم نووسینە و لەو سەرەتا فەلسەفییەش خۆی والآ دەکات کە بۆ نووسینەکە ئامادە دەکرێ ئەمەیە: ئایا گەڕانەوەکەی ئەم سێ بیرمەندە بۆ پاولۆس بۆنی جۆرە کۆششێکی ئەنتی نیتشەیانەی لێ نایەت؟ هۆی ئەوەی بەم جۆرە پرسیاری دووەم دادەڕێژین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نیتشە لە نێوەندی ئەکادیمی فەلسەفی و تیۆلۆژی ڕۆژئاوادا وەک دوژمنی سەرسەختی پەیامی ئایینی پاولۆس، هەروەها وەک تێکدەری پێوەندی نێوان فەلسەفە و ئایین (تیۆلۆژیا)ش تەماشا دەکرێ. هەرچی سێیەم پرسیارە کە بۆ ئەم نووسینە مەبەستە گەشتی بەنێودا بکات ئەمەیە: پاولۆس چ هزر و چ دیدێکی فەلسەفی پێیە کە دەکارێ بەو فەیلەسووفانەی ببەخشێ کە دەگەڕێنەوە سەری؟ ئەمە لە کاتێکدا ئەو بیرمەندانەی (ژیژک، ئاگامبێن و بادیۆ) دەگەڕێنەوە سەر پاولۆس پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەتەک بیری ئایینی، یان چاترە بێژین تیۆلۆژیا (لاهووتناسی) نییە، چونکە ئەم بیرمەندانە بەرەچەڵەک هەڵگری بیرو ئەندێشەی فەلسەفی نا- لاهووتی و عیلمانی و تەنانەت بیری سیاسی چەپیشن، بۆ نموونە ژیژک پۆست مارکسیستە و لاکاناسێکی سیاسیشە و بادیۆش هیوایەکی گەورەی بەشۆڕشی بەلشەفی و شۆڕشی کولتووری ماو بووە و هەرچی ئاگامبینە نیو- مارکسیستێکی ئیتاڵییە لەسەر ڕەوتی فوکو و جوانکاریناس و مافناسێکی بەتواناشە.. باشە ئەی بۆ گەڕانەوە بۆ پاولۆس و بۆ پرسیارە لاهووتییە ئەبەدییەکان؟ ئەمەیان دواتر ڕوونکردنەوەی بۆ دەکرێ، بەڵام دوا و چوارەم پرسیار کە بۆ ئەم نووسینە کورتە بووە بە ئامانج بۆ توێژینەوە ئەوەیە کە ئەم جۆرە گەڕانەوە و توێژینەوە فەلسەفییانە بۆ ئێمەی کورد چ فێربوونێ بەدەستەوە دەدەن؟ ئێمە لێرە گلەیی زۆر لە نووسینی ئایینی، یان با بڵێین تیۆلۆژی (لاهووتی) کوردی دەکەین، کە توانا و ئامادەبوونی لە پلەی سفرە. نێوەندی ئەکادیمیمان کە تا بڵێی کۆلاپساوییە (دارماوە) شوێنی پۆلی تیۆلۆژی تێدا ونە، ئەمە و ئەم نێوەندە ئەکادیمییە لەبەر ئەوەی کەموکوڕی لە ڕادەبەدەر ئێپستمی (مەعریفی) هەیە و لە هزراندن بووەتەوە، توانای ئەوەی نییە هیچ پردێک لەنێوان ئایین لەلایەک و ئەوەی پێی دەڵێن توێژینەوەی ئێپستمۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژی لەلایەکی دی دامەزرێنێ. هەروەها ئەوەش کە جێی بایەخی نێوەندی ڕۆشنبیری ئیسلامی کوردی نییە، ئەوەیە توێژینەوەی (دیراساتی) تیۆلۆژی شوێنی تێرامان نییە و دروستکردنی پردیش لەنێوان ئایین و فەلسەفە، یان ئایین و هزراندن شتێکە لە زۆنی فەرامۆشیدایە.

کەواتە هەندەسەی ئەم نووسینە بەم جۆرە دەست

پێـدەکـات. سـەرەتا ئەوە ڕوون دەکـەینەوە پاولـۆس (یان سانت پۆل) کـێیە؟ لە ڕێگای ئەو پرسـیارەوە ئەو لایەنە ڕوون دەکەینەوە کە بۆ گەڕانەوە بۆ پاولۆس؟ واتە تەوەری یەکـەم، کـە گـەلێک کـورت و چڕە، بۆ ڕوونکردنەوەی کـەسـێـتی پاولۆس تەرخـان دەکـرێ، کـە ئامـانج لێی ناسـاندنی پاولۆسـە و دواتر دێینە سـەر ناواخنی نووسـینەکـە و ئەوەش لە ڕێگای کـارکـردن لەسـەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تر کە هەر یەکەی تەوەرێک دێنێتەکایەوە. بۆ نموونە تەوەری دووەم بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم تەرخان دەکرێ، واتە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو داڕمانە فەلسەفەییەی هاتە سەر پێوەندی نێوان ئایین و فـەلسـەفـە پاش نیـتشـە. لێرەدا نیـتشـە بەوە تاوانبار دەکەین کە فەلسـەفەی لەوە دوورخسـتەوە قسە لەسەر ئایین بێنێتە پێشەوە، باوەڕ، یەزدان، هەروەها پرسیارە ئایینیە ئەبەدییەکان، کە سروشتی ئەبەدی مرۆڤیش ڕوون دەکەنەوە، تەوەری سێیەمیش بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سێیەمی نووسینەکەمان بەکار دەبەین. کەواتە ئامانجی گەڕانەوەکەی ئەم سێ بیرمەندە هاوچەرخە (واتە ژیژک، بادیۆ و ئاگامبێن) بۆ پاولۆس لە تەوەری سێیەم دەبێ بە بابەتی نووسـینەکـەمـان و ئەم تەوەرە خـۆی وەک بنەڕەتیترین تەوەری نووسینەکەش نیشان دەدات، چونکە لەم تەوەرەیەدا هزراندنی فـەلسـەفی ئەم سێ بیـرمـەندە ڕۆژئاواییـە تایبـەت بە بیـری ئایینی پاولۆس بەر باس دەخرێ. هەرچی تەوەری چوارەمـە ئەوە بۆ ڕوونکردنەوەی پرسـیـاری چوارەم بەکـاردەبرێ. واتە لـەم تەوەرەیەدا گفتوگۆی ئاستی نووسینی لاهووتی لەنێوەندی ڕۆشنبیری کوردی، کە پێمان وایە لە پلەی سفردایە، دەکەین.

لێرەدا ئەوەش ڕوون دەکەینەوە کە ڕاستە لەناو ئێمەی کـورد لاوازی توێژینەوە یەکـێکە لە ڕووە دیارەکـانی نێوەندی ڕۆشنبیری و نێوەندی ئەکادیمی کوردی، بەڵام خودی ئەوەی پێی دەڵێن توێژینەوەی تیۆلۆژی و ئایینیش لەناو ئێمەدا هیچ گروندێکی ئەکادیمی و ڕووناکبیری نییـە، بەڵکو ئەوەی هەیە کـۆمـەڵێک نووسـینی سیـاسـییـانەیە، کـە لەژێر ناوونیـشـانی «ئیـسـلامی سـیـاسی»دا دەنووسـرێ، جـا ئەوە بەرەی پێنووسی ئیسـلامخـوازەکـان بێ، یان دژەکـانیـان، هەر هەمـوو لەلایەک تێکدەری ئاگایی سیاسی ئیسلامین، چونکە خودی ئیسلام و بیری ئایینی تاریک و قەترانی دەکەن و لەلایەکی تریش گێژەن و ئاژاوەی سیاسی دروست دەکەن، نەک گفتووگۆی هزری.

## تەوەری یەکەم: پاولۆس کێیە؟

ئەم ناوە، واتە پاولۆس، گـوایە یۆنانیـیـەکـەیە کـە تا ئێـسـتـاش بەکـاردەبرێ، بەڵام لە زمـانەکـانی تردا گـۆڕکـردنەکـەی جیـایە. بۆ نموونە لە زمـانی سـوێدی بە پاولۆس گۆ دەکرێ، بەڵام لە ئینگلیزی و فەڕەنسیدا بۆ نموونە وەک پۆڵ، یان سـانت پۆل ناوزەد دەکـرێ و لە ڕووسیشدا بە ئاپۆستۆل پاڤل بانگ دەکرێ، بەڵام ئێمە لە میانەی نووسینەکەماندا پاولۆس بەکار دەبەین، بەڵام با بزانین پاولۆس (یان سانت پۆل) بەخـۆی کـێـیـە؟ پاولۆس کـە لە سالّی (١٠) لە دایک بووە پەیامنێری مەسیحی و گـەڕیدە بیـریاری تیـۆلۆژییـە و لەسـەر ئەو پەیامـەی دەسـتی دایە بڵاوی کـاتەوە، کـە پەیامی مەسیحیگەرا بوو، لە سالّی ٦٧ی زایینی، لە ڕۆما و لەسەردەمی نێرۆس قـەیسـەری ئەو دەمە لە قەنارە درا. لێرە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین ئەم لاهووتییە یەکێکە لە نووسەر و ڕووناکبیرانی «وەسیتنامەی نوێ»ی مەسیحی.

ئەم بیـرمـەندە مـەسیـحیـیـە کە دوو ناو بووە بنەماڵە جـووەکـەی کـە نـاوی «سـاولۆس» (یان سـۆل)یان لێناوە، پاشـهـەڵگرتنەوەی پەیامی مـەسـیـحی ناوی پاولۆس (سانت پۆل)ی لێدەنرێ. ئەم پیاوە لاهووتییە لەسەرچاوە تیـۆلۆژیەکـاندا وەک پاولۆسی خـەڵکی تارسـۆس بانگ دەکرێ، چونکە شوێنی لەدایکبوونی تارسۆس بووە، کە ئەو دەمە تارسـۆس دەکـەوتە سیـسیـلای ئەوکـاتەوە کە تورکـیـای ئەمـڕۆ دەکـات. هەروەها زۆربەی سـەرچاوەکـان پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە پاولۆس بەخۆی ڕیشـەی جـووی تێـدا بووە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەی کـە خـولیـای بڵاوکردنەوەی پەیامی مەسیح دەبێ و خوێنی مەسیحی لە لەشیدا دێ و دەچێ، لەوە دەکەوێ ئایینی جوو بەسەریەوە کـاریگەر بێ. لە گـەشـتـێکیـشـدا بۆ دیمەشق، کـە بە گـەشـتـەکـەی پاولۆس بۆ دیمەشق بەناوبانگە، بۆ بەسەرکردنەوەی کاروباری سیناگۆکان لای دیوارەکانەوە چاوی بە ڕووناکی عیسا دەکەوێ و کتوپڕ دەکەوێتە سەر زەوی و بینایی لەدەست دەدا و گـوێی لێ دەبێ دەنگێ قـسـەی بۆ دەکـات (سـاولۆس، سـاولۆس بۆ دوام کەوتووی؟) ئەمیش (واتە پاولۆس) لە دەنگەکە دەپرسێ

«تۆ کێی؟ ئەویش دەڵێ: من عیسام، ئەو کەسەی تۆ دوای کەوتووی» پاولۆسیش لە وەڵامدا دەڵێ چیت دەوێ؟ ئەمیش (واتە مەسیح) پێی دەڵێ «هەستە سەرپێ و برۆ ناو شار، ئەوکات دەزانی چی پێویستە بکرێ»، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت دێتەوە هۆشی خۆی و بینای بۆ دەگەڕێتەوە و ئەوانەش کە لەو سەفەرەدا لە تەک پاولۆس دەبن شایەتی لەسەر دەنگەکە دەدەن، بەڵام کەسەکە نابینن. ئەمە کە بە قسەی ئالیێن بادیۆ رووی داوە، کە پاشان دێینەوە سەری، مەسەلەی مەسیحی بوونەکەی پاولۆس بەبێ ئەملاو ئەولا لەسەر ئەم رووداوە وەستاوە. زۆریشی پێ ناچێ پاولۆس و هاوکارەکانی رێگای دیمەشق دەگرنەبەر. لەوێ پاولۆس، کە هێشتا هەر ناوی ساولۆسە، واتە ناوە جووەکەی پێوەیە، خەریکی بڵاوکردنەوەی پەیامی مەسیحی دەبێ و عیساش وەک کوڕی یەزدان ناوزەد دەکات. هەر دوای ئەو رووداوەش کە باسمان کرد کە ناوبراو ناوی خۆی لە ساولۆسەوە دەکات بە پاولۆس، واتە لەجووەوە بۆ مەسیحی و بە داکۆکیکەرێکی گەورەش لە کلێسەی مەسیحی و باوەڕی عیسا لە رادەبەدەر قینی جووەکانی دیمەشق هەڵدەستێنێ، بۆیە دیمەشق بەجێ دێڵێ و لەگەڵ هاوڕێکانیدا روو لە ئۆرشەلیم دەکات.

ئەمە بەخۆی شێوەی دەست پێکردنێکی سەخت بوو، چونکە ئەو شێوە دەست پێکردنەی پاولۆس، هەروەها ناوگۆڕینەکەشی لە ساولۆسەوە بۆ پاولۆس کە بەخۆی بریتی بوو لەگۆڕینی ئایینەکەی بە ئایینی تر لەوەدا بوو لە دیمەشق خوێنی بخاتە کاسەوە. جووەکان، ئەوانەی پێشتر پاولۆسیان دەناسی، ئەڵبەتە وەک ساولۆس و وەک کوڕی بنەماڵەی جوو، سەیریان پێدەهات کە ساولۆس باس لە عیسا دەکات و ئەمجار وەک کوڕی یەزدانیش لە قەڵەمی دەدات، بۆیە چاویان بەرایی نەدەهات ساولۆس ببینن بووە بە مەسیحی و ئەمجار ناوی خۆشی بۆ پاولۆس، بۆ ناوێکی عیسایی گۆڕیوە. ئەمە کە ژیانی خستە مەترسییەوە وای لە پاولۆس کرد، لە ترسی جووەکان ئۆرشەلیمیش جێ بێڵێ و بگەڕێتەوە شوێنی لەدایکبوونی (واتە تارسۆس، کە ئەمڕۆ دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ناوەندەوە، کە تورکیای ئێستا دەکات). پاولۆس پاش ئەم رووداوە، کە دواتر لە روانگەی فەلسەفییەوە باسی دەکەین، دەبێ بە بوێژەرێکی توندی مەسیحی و گەریدەیەکی ئایینی کە ئامانجی بنەڕەتی ناساندنی بیرۆکە ئایینییەکانی عیسا دەبێ و تەنانەت هەندێک لەم رووەوە بە کۆپی دووەمی عیساشی دەزانن. گرنگیش لەم بوێژەرەییەی پاولۆس ئەوەیە ئەم پیاوە پێی وابووە تیۆلۆژیای مەسیحی بریتییە لە باوەڕکردن بە عیسا، هەروەها بە دادپەروەری عیسا و بەس. ئەڵبەتە پاولۆس، سەبارەت بەوەی کە عیسا دادپەروەر بووە بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە کە ئەم لایەنە پێوەندی بە باوەڕی عیساوە هەبووە بە یەزدان، ئەم باوەڕەش وەکی تر سەرچاوە لەو دیتنە تیۆلۆژییەوە هەڵدەگرێ کە یەزدان تەنیا لە رێگای باوەڕەوە مرۆڤەکان جیادەکاتەوە نەک شتێکی تر، بۆیە باوەڕهێنان بە یەزدان بۆ عیسا و تەنانەت بۆ پاولۆسیش مەسەلەیەکی بنەبڕ و زێدەبایەخدار بووە. وەلێ بلیمەتی و دانایی پاولۆس، کە خۆی لەو هزرە ئایینییەدا قەتیس دەکات کە پاولۆس هەڵگری بووە، بۆ گەلێک لەنێوەندە تیۆلۆژییەکان بۆ ئەو نامانە دەگەڕێندرێتەوە کە لەماوەی سالانی ٥٠ و تا کاتی مردنی نووسیوونی. بەواتایەکی تر، پاولۆس لەنێوەندی تیۆلۆژیی رۆژئاوا بە ئێپیستلەکانی (نامە ئینجیلییەکانی) ناوداره، کە ئەوەش بریتییە لەو نامانەی (نامە بۆ رۆمانەکان، نامە بۆ کۆرینتییانەکان، نامە بۆ ئێپێسیانەکان. نامە بۆ گەلاتییانەکان، و..تاد) پاولۆس بۆ کلێسە جۆراوجۆرەکانی نوسیوە کە لە بنەڕەتدا باشترین سەرچاوەن، نەک هەر بۆ ئەوانەی بیانەوێ لە هزری تیۆلۆژی ئەم پیاوە بگەن، بەڵکو لەوەش بگەن کە پێی دەوترێ «وەسیەتنامەی نوێ»، چونکە هەر خودی ئەو نامانە دواتر بوون بە بناغە بۆ «وەسیەتنامەی نوێ».

هەرلێرەدا با ئەوەش بڵێین، نامەکانی پاولۆس، یان فێربوونە تیۆلۆژییەکانی کاریگەرییەکی مەزنیان بەسەر نووسەرانی وەسیەتنامەی نوێشەوە بەجی هێشتووە و زۆربەی ئەوانەش کە پەرەیان بە هزری مەسیحی داوە (بۆ نموونە ئاگوستینۆس، لوتەر، کالڤن..تاد) پاولۆس بەسەرچاوەیەکی گەورە دەزانن، چونکە ئەوانەی سەرگەرمی دیتنی ئایینی و تێگەیشتنی یەزدانین لەو نامانەدا بیرياری تیۆلۆژی بەدی دەکەن، کە زۆربەیان بەزمانی سادە و سۆزئامێز و رەوانبێژی نووسراون(*)، تەنانەت هەندێک لەسەرچاوەکانیش باس لە جۆرە لادانێکی پاولۆس دەکەن لە هەندێک لە فێربوونەکانی

عیسا. هەرچۆنێک بێت ئەو مەسیحییەتەی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا هەیە لەگەڵێک ڕووی تیۆلۆژی و هزرییەوە بۆ وانە و فێربوون و نامەکانی پاولۆس دەگەڕێتەوە، یان هەندێک لە ڕووناکبیرییە ئایینی و تیۆلۆژیستە مەسیحییەکان بۆ ئەوە دەچن گەر پاولۆس نەبووایە هزری ئایینی مەسیحی بەم ئاستە تیۆلۆژییەی ئەمڕۆ نەدەگەیشت. لە نامەکانیدا، بۆ نموونە وەک ڕۆمەرەکان، فیلیپەر و گەلاتەرەکان، گەلێک شتی ڕوحی و یەزدانی بەرباس دەخات کە تا هەنووکەش بۆ فەیلەسووف و تیۆلۆژەکانی ڕۆژئاوا بابەتی گفتوگۆن. لە ڕێگای ئەم نامانە و نامەکانی تریشییەوە مەسیحییەت وەک شتێ دێنێتە بەرباس کە شوێنێکە بۆ لە ئامێزگرتنی گشت کەسێک، بەڵام ئەم ئەمە لە ڕێگای خستنەرووی باوەڕەکانی عیساوە دەکات، چونکە پاولۆس لە زۆربەی نامەکانیدا باس لە یەزدان و خوڵقان و شتە باشەکان دەکات. هەر ئەو نامانەش، یان چاترە بڵێین ئەو ڕاڤەکردن و مانایانەی لە نامەکاندا هەن بوونەتە سەرچاوە بۆ گفتوگۆی فەلسەفی گەلێک لە بیریارانی ڕۆژئاوا، جا ئەوانە مەسیحی بن، یان جوو. ئەڵبەتە هۆی گەڕانەوەی ئەو سێ بیرمەندەش، کە ئێمە لای سەرەوە ناومان هێنان، بۆ سەر پاولۆس دیسانەوە بۆ هێزی بەها ئامێزی و ئەو ڕەوانبێژی و فەلسەفە ئایینییە دەگەڕێتەوە لەنامەکانی (پاولۆس)دا پەنهانن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بۆچوونی قوتابخانەی جیا جیا بۆ نامە و فێربوونەکانی نەبێ. مەبەست، گشت ئاراستە کلێسەییەکان (ئارتەدۆکس، پرۆتستانت و کاتۆلیک) وەک یەک تەماشای هزری ئایینی ئەم پیاوە ناکەن و لەسەر یەک ئاست دۆکترینە (عەقیدە) ئایینییەکانی ڕاڤە ناکەن. بەواتایەکی تر، بۆچوونی جیاجیا بۆ دێتنە ئایینییەکانی پاولۆس تا بڵێیت هەیە، چونکە ئەم پیاوە ئایینییە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو دێتنە ئایینییەی کە لە دواجاردا بووە بە پەناگەی مەسیح دەکات بە بناغە و مەسیحیەتیش دەکات بەپاڵپشت، ئەمەش لەسەرێکی ترەوە کارێکی وا دەکات بۆچوونەکانی وەک خۆی شوێنی ڕەزامەندی گشت تایفە و ئیتنییەک نەبێت.

دواتر ئەوەی لە ژیانی هزری ئایینی پاولۆس زێدە گرنگە، ئەوەیە پاولۆس کەسێکی ئایینی تەقلیدی نەبووە و لە کونجی کلێسەکاندا دانەنیشتووە، بەڵکو ئەو خواناسی و عیساناسییەکەی بەیەکتر تێکەڵ کردووە، بەهۆی گەڕان و سەفەرەکانیشەوە ئەوەی گەیاندووە. بگرە زۆرجاریش لەو گەڕان و سەفەرانەی دەردەسەری و مەینەتی زۆری چەشتووە، بەڵام هیچ کات کۆڵی نەداوە و لەسەر گەیاندنی پەیامەکەی بەردەوام بووە. پەیامی ڕاستەقینەی ئەم کە ڕوونکردنەوەی دۆکترینە (عەقیدە)کانی یسوس (عیسا) بووە، بەڵام ئەمە لەلایەن پاولۆسەوە ڕێگایەکیش بووە بۆ ڕوونکردنەوەی دانای زانین و توانای خاڵق (یەزدان)یش. ئەو تێکەڵکردنەش لەدانی مانا بە بوونی زانایی و دانایی لەلای عیسا و خالق لە نامەکانیدا (بۆ نموونە لەنامە بۆ ڕۆمەرەکان) بەڕوونی دیارە.

سەرباری ئەوەی لای سەرەوە تایبەت بە پاولۆس وترا ئەوەش دەڵێین، عیسا (مەسیح) و پاولۆس لە ئەدەبیاتە تیۆلۆژییە هاوچەرخەکاندا بەجۆرێک تەماشا دەکرێن کە دوانە ڕاگری سەرەکی ئایینی مەسیحی بوونە، بەڵام بۆ شیکردنەوەی ئەم لایەنە گەلێک ئارگۆمێنتی (بەڵگە) جیاجیا بەکاردەبرێ و گشت ئارگۆمێنتێکیش کار بۆ ڕاڤەکردنی لایەنێکی ئەم مەسەلەیە دەکات، چونکە کەسێتی مەسیح و کەسێتی پاولۆس، هەروەها دەربەدەری و دواتر شێوەی مردنی هەریەک لەم دوو کەسەش مانای خۆیان بۆ ڕوونکردنەوەی ئارگۆمنێتەکان هەیە، بەڵام ئەوی کە دەشێ لە ڕیزی ئارگۆمنێتەکان وەک خاڵی جیاکارە ببینرێت ئەوەیە مەسیح بناغەدانەری مەسیحییەتە، نەک پاولۆس و پاولۆسیش ڕوونکەرەوە و داکۆکیکەرە لە پەیامی مەسیحی. واتە مەسیح و پەیامەکەی نەبایە نە پاولۆس دەبوو نە قوتابییەکانی مەسیحیش و دواتر پاولۆسیش. ئەمە و ئەوەی پاولۆسی دروستکرد پەیام و شێوەی مردنەکەی مەسیحە، چونکە شێوەی مردنەکەی مەسیح جۆرە ئەفسانەییەکی لە پاش خۆی بەجێهێشت، کە دروستبوونی پاولۆس شتێکی حەتمی بێ. ئەوەش کە زۆر سەیرە لەم بەینە ئەوەیە کە پاولۆس دەستی دایە بڵاوکردنەوەی پەیامێک کە پێشتر تا ئەوپەڕی دژایەتی دەکرد، بەڵام دوای ئەو ڕووداوەی دیمەشق پاولۆس سەرلەبەر بوو بە بوونەوەرێکی ئایینی تر و ڕۆڵی مەزنیشی لە بووژانەوەی باوەڕی ئایینی مەسیحیدا بینی.

## تەوەری دووەم:
## فەلسەفەکردن بەچەکوش: ڕۆڵی نیتشە لە تۆراندنی ئایین لە فەلسەفە

لەتەوەری پێشـوودا ئەوەمـان زۆر بە پوختـی بەرچاو خست کە پاولۆس (یان سانت پۆل) مژدەبەری مەسیحی و گەریدە تیۆلۆژیی سەرسەخت و باوەڕ کاری ئایینی بێ هاوتا بوو بووە و لەڕێگای نامە و وەعز و ژوانەکانییەوە لە تەک خەڵکی سادە و گشت کۆمەڵگا تا دەگاتە حوکمڕان و قەیسەرەکان، ئەوەی ڕوونکردووەتەوە مەسیح نوێنەری ڕاستەقینەی یەزدان و باوەڕئامێزێکی بێ وێنەیە، بەڵام لەم تەوەرەیەوە دێینە سەر لایەنێکی تر کە بەخۆی ئەم لایەنە دەرگا لە گفتوگۆ فەلسەفییەکانی نووسینەکەشمان دەکاتەوە. سەرەتای گفتوگۆکانیش بە قسەکردن لەسەر شێوازی فەلسەفەکردنی نیتشە دەخەینە سەرپشت. ئەو شێوازەش لە فەلسەفەکردن کە ئەم بیریارە ئەڵمانییە سەرسەختە دەستی داوەتێ لە ئەدەبیاتی فەلسەفیدا بە فەلسەفەکردن بە چەکوش ناودەبرێ، بەڵام لێرەدا ئێمە تەنیا ئەو لایەنانە لەم شێوازە فەلسەفییە بەرچاو دەخەین کە پێوەندی بە نووسینەکەمانەوە هەیە. واتە ڕۆڵی فەلسەفەکردن بە چەکوشی نیتشە لە تۆراندنی ئایین لە فەلسەفە.

بۆ زۆربەی ئەوانەی بایەخدەرن بە دیتنە فەلسەفییەکانی نیتشە بۆ ئەوە دەچن فەلسەفەکردن بە چەکوش ئەو جۆرە هزراندنە فەلسەفییە بوو نیتشە لە قۆناغێک لە ژیانی فەلسەفی خۆیدا خۆی لەسەری ڕاهێنا، ئەمەش وای کرد نیتشە ئەم جۆرە فەلسەفەکردنە بکات بە شێوازێک، هەروەها بە شیاوێکیش لەبەردەم فەلسەفاندندا. خستنەوەی ئەم شیاوەییەش لەبەردەم فەلسەفاندن بە زیانی فەلسەفە کەوتەوە، چونکە ئایین لەسەر ئەم شێوە هزراندنەی فەلسەفە خۆی لەسەر ڕاهێنا، لە فەلسەفە تۆرا. مەرام لەو چەکوش لێدانە کە لەبنەڕەتدا داکوتینەوەی هزری میتافیزیکی بوو، یان ڕاهێنانی فەلسەفە بوو لە گۆشەگیرکردن و بندەست کردنی ئایین لەپاش خۆی هیۆمانیزمی مولحیدی (ئێتەیستی) بەجێ هێشت، بۆیە ئایین لەپاش ئەم هەوڵە نیتشەگەراییەوە دووچاری کۆچەری بوو (نۆمادیزم). ئایین کەوتە دەرەوەی هزراندنە فەلسەفییەکان و لەوە کەوت جێی بایەخی بیریاران بێ، بەڵام ئەم کۆچەرییەی (گەڕۆکییەی) ئایین ناچار کرا لەسەری ڕابێ، پاشان بەختی نیتشەشی پێوە گلا، چونکە نیتشەش ئایین ئاسا لە فەلسەفە تۆرا، بەتایبەت پاش ئەوەی نیتشە کەوتە بەر چەکوش خستنی واتای ڕاستییەوە، هەروەها بلاوکردنەوەی پەتای ئەنتی- ئەفلاتوونی. نیتشە کە وردە وردە لە فەلسەفە دوورکەوتەوە و خۆی لە فەلسەفە تۆراند، سەرەتای ئەم تۆراندنەی ئەوکاتە دەست پێکرد، کە نیتشە بانگەشەی مەرگی یەزدانی دا. ئەم بانگەشەیە کە هیۆمانیزمی بێ ئیمانی لەپاش خۆی جێهێشت، ئەرکی فەلسەفەی ئایینی ئاڵۆز کرد. نیتشە لەهەرزەکاریدا لە ڕێگای خێزانە دیندارەکەیەوە ئایینییانە پەروەردە دەکرا، زۆری پێنەچوو بوو بە دوژمنی هەرە گەورەی بیری ئایینی و کڵێسەی مەسیحی و گشت ئەو باوەڕە ئایینییانەی هێزی میتافیزیکی بیر مرۆڤ دەخەنەوە. ئەم جۆرە بینینە کە جۆرە فەلسەفاندنێکیشی خستەوە و توندبوو، هەروەها زۆرترین گرژیشی خستە نێوان پێوەندی ئایین و فەلسەفەوە، چونکە نیتشە ڕەخنە ئایینییەکانی لەمەسیحیەت بۆ ڕەخنەگرتن لە یەزدان بوو. بەواتایەکی تر، ڕەخنەگرتنەکانی نیتشە لە مەسیح سەرچاوە لەو ڕەخنانەوە دەگرێ کە نیتشە لەیەزدانی دەگرێ، چونکە بۆ نیتشە ڕەخنەلێگرتن لە یەزدان سەرووی ڕەخنەلێگرتن لە مەسیحە، بۆیە نیتشە هاتنی پاولۆس بەشتێکی بێ کەڵک و زیاد دەزانێ. واتە بۆ نیتشە ئەوەی پێی دەڵێن مەسیحی بوونی نییە، چونکە ئەوەی هەبوو بە قسەی نیتشە مەسیح بوو، ئەویش بەسەر خاچەکەوە ڕوحی دەرهات. هەر لەبەر ئەو هۆیە باس لە مەسیحییەت لەپاش لەخاچدانی مەسیح بۆ نیتشە شتێکی بێ مانایە.

سەربارى ئەوەی لای سەرەوە تایبەت بەم تەوەرەیە ئاماژەی پێکرا، ئەوەش دەڵێین کە لەپاش مردنی نیتشە بەولاوە، واتە لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، فەلسەفەی ڕۆژئاوا کەم تا زۆر لەگەڵ دیتن و تەماشاکرنەکانی نیتشە لە گفتوگۆی بەردەوامدا بووە، بەڵام ئەم گفتوگۆیە چەند ئاقارێکی وەرگرت، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: هەڵگرتنەوەی جیهانبینی فەلسەفەی نیتشە تایبەت بە ڕەخنەگرتنی فەلسەفەی نەریتی ڕۆژئاوا کە پێش گشت شتێک ڕەخنەگرتنی فەلسەفەی پاش- سوکراتی لەخۆ گرت، واتە کەوتنە ژێر کاریگەری نیتشە

له ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەفلاتوون بووە بە مۆدەی فەلسەفی.

دووەم: ڕەخنەگرتنی فەلسەفەی تازە (مۆدێرن)، کەواتە فەلسەفەی پاش سەدەی نۆزدە بە ئاسانی کەوتە ژێر کاریگەری بینینی فەلسەفی نیتشەوە لە ڕەتکردنەوەی دوو سستمی بەهای ڕەوشتی یەکێکیان ئەفلاتوونی (ئەڵبەتە مەسیحیش) ئەوی تر مۆدێرن. بەواتایەکی دیکە، نیتشە ئەو دوو جۆرە فەلسەفە ڕۆژئاواییەی کە پێی هەرس نەدەبوو کە یەکێکیان فەلسەفەی نەریتی بوو و ئەوی تریش فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا بە تۆخی لەناو فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوادا ڕەنگی دایەوە و ماناشی بۆ هاتنە کایەوەی شەپۆلی فەلسەفەی پاش تازەگەری دی.

سێیەم: لەژێر کاریگەری فەلسەفەی نیتشە پەتای ڕەتکردنەوەی ڕاستی و ڕق لە زانست لەناو فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوا بڵاوبووەوە و هەردوو ئاراستە فەلسەفییە فەرەنسییە ناودارەکەی ساڵانی پاش ١٩٦٠کانیش، کە پاش- بنەماخوازی و پاش- تازەگەری دەگرێتەوە، تا ئەوپەڕی لەم ڕووەوە لەسەر تەماشاکردنە فەلسەفییەکانی نیتشە مشەخۆر بوون.

پاش ئەو چەند دێرەی تایبەت بە مۆدێلی هزراندنی فەلسەفی نیتشە لای سەرەوە وترا، لێرەوە دەمانەوێ بێینە سەر کرۆکی ئەوەی لەم تەوەرەیەدا پێویستە بەرباس بخرێ و بۆ ئەو مەبەستەش دەڵێین، لە ڕووی فەلسەفییەوە لەسەردەمی هاوچەرخدا ئەو دەمەی باس لە پاولۆس دەکرێ، ئەم باسە بەجۆرێ لە جۆرەکان بە نیتشەوە گرێ دەدرێتەوە. نیتشە، لە بەشێک لە نووسینەکانیدا، کە خۆی وەک دژە جەمسەری پاولۆس نیشان داوە ئەمە جەمسەری نیتشەیانەشی لەپاش خۆی خستووەتەوە کە ئاکامەکەی بووە بە دوورکەوتنەوەی فەلسەفە لە ئایین، وەکی تریش دوورەپەرێزی فەلسەفە لە لێکۆڵینەوەی تیۆلۆژی، بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندی نێوان فەلسەفە و پاولۆس لەم نووسینە کورتەدا دوور نارۆین و تەنیا دەگەڕێینەوە لای نیتشە. بۆ ئەوەی لە نیتشەشەوە دەست پێ بکەین، سەرەتا ئەو بینینە لای خوێنەر دروست دەکەین کە بەم جۆرە خۆی دادەڕێژێ: ئەوەی نیتشە لەم ڕووەوە ئاواتخوازی بوو نەهاتە دی. واتە ناحەزی نیتشە بەرانبەر بە دید و پەیامی مەسیحی و خودی پەیامنێرەکانیشی وەک خۆی تاسەر لەناو فەلسەفەی ڕۆژئاوادا کاریگەر نەبوو. کەمترین نموونەش لەم ڕووەوە ئاوڕدانەوەی ئەو سێ فەیلەسووفەیە کە بە بەردەوام ناویان لە دووتوێی ئەم نووسینەدا گۆ دەکەین. گەڕانەوەکەی ئەم سێ فەیلەسووفە سیاسییە کە پایەکیان لەناو هزری سیاسی چەپە (یان مارکسییە) و پایەکەی تریشیان لەناو ڕەخنەی ڕادیکاڵ و میلیتانتی (جەنگاوەر)ی فەلسەفەیە (بەتایبەت بادیۆ) و تا بشڵێیت فەلسەفەکەیان خۆی لە ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری گلۆباڵدا دەبینێتەوە، نیشانەیەکە لە شکست هێنانی بیری ئەنتی تیۆلۆژی نیتشە. ئەم سێ فەیلەسووفە، بەتایبەت بادیۆ و ژیژک، کە بەهیچ جۆرێک نیتشەیان ناوێ و لەکارە فەلسەفی و سیاسییەکانیاندا توانجی توندیشی تێدەگرن، ئاوڕدانەوەکەیان لە پاولۆس واتابەخشەو مەرامی نەک هەر فەلسەفی، بەڵکو سیاسیشی لە پشتەوەیە. واتە نیتشە کە لە تەک بۆچوونی بۆ یەزدان بەتایبەت و ئەمجار بۆ ئایین تا ئەم دواییەش لە تەک بیری فەلسەفی ڕۆژئاوا هارمۆنی بوو، پاش ئاوڕدانەوەی ئەو سێ فەیلەسووفە ئیتەیست (مولحید، بێ ئیمان) و ڕادیکاڵە سیاسییە بۆ پاولۆس جۆرە دابڕینێک کەوتە بەکاربردنی بیری نیتشەوە.

بۆ زێتر چوونە نێو دیتنەکانی ئەم تەوەرەیە دەڵێین، نیتشە کە دوژمنی گەورەی مەسیح بوو هێرشکەری گەورەش بوو بۆ سەر ئایین، بەواتایەکی تر میتافیزیک، هەروەها ئەوەی نیتشە هەرگیز بۆی هەرس نەدەبوو مەسیح بوو. نیتشە ئەم پیاوەی (واتە مەسیحی) وەک کەسێ وڕێناوی و شەڕئامێز لە قەڵەم دەدا. ئەمە و بەباوەڕی نیتشە ئەوەی مەسیح دژایەتی دەکات و خۆی لێ دوور دەخاتەوە لە شتە بە بایەخ و بەهادارەکانە(١). ئەوەی لێرەدا گرنگیشە دەستی بۆ ڕاکێشرێت ئەوەیە، هێرشی سەرەکی نیتشە بۆ سەر مەسیح لە کتێبی «ئەنتی کریست، ١٨٨٨» (دژە مەسیحی)ەوە دەست پێدەکات و لەوێدا نیتشە زۆرترین هەوڵ دەدات میراتی تەبشیری مەسیح و پەیامە میتافیزیکییەکەی ڕەت بکاتەوە. واتە ئەوەی مەسیح لێی دەترسێ و سڵی لێ دەکاتەوە نیتشە بایەخدار و نرخداری دەکات، یان ئەوەی مەسیح بە شتی ڕەوشتی دەزانێ و بەهاداری دەکات، نیتشە لەبنڕا پووچی دەکاتەوە و بێ مانایەکەی ئاشکرا دەکات. واتە نیتشە

خۆی دەخاتە ناو یاریی ڕەوانبێژی سەیرەوە، لەلایەک ئەوانە بێ هێز و بەتاڵ نیشان دەدات کە بۆ مەسیح فۆندەمێنتاڵن (بنەڕەتین) و لەلایەکی ترەوە ئەوانە ئامانجدار و هێژا دەکات، کە مەسیح سەرنجیان ناخەتە سەر. ڕاستیشە نیتشە پاولۆسی بە یەکەم تیۆلۆژی مەسیحی لە قەڵەم داوە و پێشی وا بووە پاولۆس بەهرەی تیۆلۆژی هەیە(٢) بەڵام نیتشە ترسێکی لەم بەهرە تیۆلۆژییەی پاولۆس هەبووە. ئەگەرواش نەبایە نیتشە بۆ ئەوە نەدەچوو کە ژینالۆژیای (بنەچەی) هزری ڕۆژئاوا لە پاولۆسەوە دەست پێدەکات و بە ئاگۆستینۆس و لۆتەردا تێدەپەڕێ و لووتکەی خۆشی لە (کانت)دا دەبینێتەوە.(٣) نیتشە کە بە باوەڕی ئێمە لە پاولۆس دەترسا، ئەوە دەشێ بۆ ئەوە بگەڕێنرێتەوە کە پاولۆس بیریاری تیۆلۆژییە و کەسی ئایینی ئاسایی نییە. واتە نیتشە دەرکی بەوە کردووە پاولۆس مەسیحییەکی ڕاستەقینەیە و پارێزەری پەیامێکە و پێچەوانەی عیساشە(٤). کەواتە نیتشە بە وردی هەستی بەوە کردووە کە پاولۆس توانای هزری هەیە. ئەم توانایەش وای لە نیتشە نەکردووە داکۆکی لە پاولۆس بکات، بەپێچەوانەوە ئەو (نیتشە) لەبەر ئەوەی حەزی بە ئایین و ئەمجار بە مەسیحییەت نەبووە و نەیتوانیوە لەگەڵ ئەوەی لە زاری پاولۆس بەردەبێتەوە کۆک بێت. هەربۆیەشە نیتشە بۆ ئەوە دەچوو کە سەرکەوتن لەوەدا نییە پاولۆس دێ و سەرلەنوێ هەقایەتی ڕاستەقینەی مەسیح دەگێڕێتەوە(٥). ئەم دیتنەی نیتشە ئاماژەیە لەسەر ئەوەی پاولۆس کار لەسەر ئەنجامدانی هیچێ دەکات و خۆشی بە شتێکەوە سەرگەردان کردووە دەمێکە نییە. بەڵگەشمان لەسەر ئەمە ئەوەیە نیتشە لە «ئەنتی کریست»دا وشەی مەسیحییەت بە هەڵە تێگەیشتنی وێنە دەکات، بەڵام پێی وایە ئەوەی هەیە تەنیا وشەی مەسیحە و ئەمەش (واتە وشەی مەسیح) بەسەر خاچەکەوە مرد (٦) کە وابێ بۆ لەمەولا، نیتشە وتەنی، شتێک نییە ناوی عیسا و مەسیحییەت بێ. کەواتە نیتشە دەیەوێ بپرسێ بۆ پاولۆس هاتووە؟ بۆ پاولۆس بەدووی پەیامێکدا وێڵە، کە پێشوەخت نەماوە؟ ئەگەر پاولۆس هاتووە تا بوون لە ڕێگای مەسیحەوە (یان ئایینەوە) مانادار کات، (واتە پاولۆس) ناتوانێت ئەمە بکات، چونکە بوون بەهۆی باوەڕەوە ڕاڤەناکرێ، هەروەها بوون لە خودی خۆیدا بێ مانایە. ئەم جۆرە دیتنە نیتشەیانەیە بۆ بوونی مرۆڤایەتی بۆچوونی هیچگەرایی خستەوە کە ئامانج لێی لە ئایین خستنی (وەکی تریش لە باوەڕخستنی) مرۆڤ بوو، بەڵام ئەگەر پاولۆس هاتووە تا بانگەشە بۆ ڕاستییەک بکات ئەوە پاولۆس لەمەشدا هەر سەرکەوتوو نییە، چونکە مەسیحییەت، بەپێی تێگەیشتنی نیتشە، ناتوانێت بنیادێک بۆ ڕاستی دانێت. هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی نیتشە ناتوانێت هیچ توانایەک لە هزری مەسیحی (پاولۆس)دا ببینێتەوە، کاتێک نیتشە پێی وابێ ئیمانداری لاوازییەکە، یان کەم بینینە لە کەسێتی. ئا لێرەوە ئێمە بۆ ئەوە دەچین کە لێدانی، کوتینەوەی، ڕاستی بۆ نیتشە زۆر ماناداربووە. چونکە لەلای نیتشە بە کوتینەوەی ڕاستی بناغە بۆ کوتینەوەی مەسیحییەت وەک ئایین دادەنێ و لەلایەکی تریشەوە بۆ کوتینەوەی ئەفلاتوونیزم وەک فەلسەفەی ئایدیالیستی کە بە باوەڕی نیتشە خەڵاتی بێ مانای میتافیزیکیای ڕۆژئاوایە(٧). کەواتە نیتشە لەواتای ڕاستیدا وێنەی ئایدیالیستی مەسیح دەبینێتەوە و بۆ ئەوەش دەڕوات کە مەسیحییەت خۆی لەسەر بنیادنانی ڕاستی دادەمەزرێنێ. بۆیە ئەوانەی پاش نیتشە (نیتشەخوازەکان مەبەستە) لەسەر ڕاستی هاتنەگۆ، بەتایبەت فەیلەسووفانی پاش تازەگەری فەڕەنسی، کەوتنە کوتینەوەی سەرو گوێلاکی ڕاستی و بەرهەمی ئەو کوتینەوەیەش بوو بەواتای ئاوابوونی ڕاستی کە جۆرە فەلسەفەی نەک هەر ئەنتی مەسیحی دروستکرد، بەڵکو فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەفلاتوونیشی خستە مەترسی ئاوابوونەوە. بۆیە ئەو فەیلەسووفانەی نیتشە خوازبوون (دولۆز، ڤاتیمۆ، فوکو، لیوتار، دێریدا...تاد) بەتایبەت نەوەی ١٩٦٠کان، وەکی تر دژە ئەفلاتوونیش بوون، چونکە بنیادی دژە مەسیحی فەلسەفەی نیتشە ڕیشەی دژە ئەفلاتوونی هەیە. ئەم ئاراستەیەش کە بەکوشتنی شیاوی لەبەردەم هزراندنی فەلسەفی ئەفلاتوونیدا دەستی پێکرد هزری فەلسەفی هاوچەرخی ڕۆژئاوای دووچاری نەخۆشی «دژە ئەفلاتوونی» کرد کە بناغەی بۆ ڕەتکردنەوەی میتافیزیک خۆش کرد. واتە نیتشە بەرانبەر بە بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنتی- ئەفلاتوونی بەرپرسیارە.

لەو چەند دێرەی لای سەرەوە ویستمان ئەوەش بڵێین،

ئەو درمەی (پەتایەی) نیتشە ویستی فەلسەفەی ڕۆژئاوا پێوەی بێ وەک خۆی بڵاو نەبووە و تەشەنەشی نەکرد.. ڕاستە ماوەی ئەو ئاوەڵناوانەی نیتشە لە نووسینی «دژە مەسیح» بەکاری بردبوون (دەجال، بێ فەڕ، وڕێناوی) بەشێک لە فەیلەسووفانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت فەیلەسووفانی کۆنتنێنتالی فەرەنسی پێوەی سەرگەردان بوون و بگرە ئەو ئاوەڵناوانە ڕۆڵی گەورەشیان لە دروستکردنی تیۆلۆژیای هیچگەراش دی، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بۆچوونەکانی نیتشە سەرلەبەر گۆڕانیان هاتەسەر و گەلێک بۆ ئەوە چوون کە هزری نیتشە ناکۆنکرێت و سوفستاییە و شێوازێک لە نووسینی هۆنراوە ئامێزی و وتارئامێزی پێوە دیارە. ئەڵبەتە لووتکەی ئەم شێوازەش لە دوو نووسینیدا دەکرێ بەدی بکرێ یەکەم «دژە مەسیح» (١٨٨٨) و ئەویتریش «ئاوا دوا زەردەشت» (١٨٨٦) کە نیتشە لە یەک دەم و وەختی دەروونییدا نووسیونی. واتە لەپاش ئەو دوو کارە فەلسەفییەی نیتشەوە باسی ئایین، یان مەسیحییەت و باسی یەزدان هێزی خۆی لەدەست دا، بەڵام ئەم دۆزە فەلسەفییەی نیتشە خولقاندی زۆری نەخایاند دووچاری پەرچەکردارییی فەلسەفی بوو، ئەوەش بەهۆی ئەوەی وردە وردە ئایین بۆ فەیلەسووفانی ڕۆژئاوا بووەوە بەبابەتی فەلسەفی. ئەڵبەتە پێش ئەم هەوڵەی ئەم سێ بیریارەش دیریدا و ڤاتیمۆ، کە بەخۆیان کاریگەریی گەورەی فەلسەفەی هیچگەرایی نیتشەیان بەسەرەوەیە، لە کتێبێکدا کە بەسێ قۆڵی لەتەک گادامێر بەناوی «ئایین» لە ناوەندی ١٩٩٠کان نووسیویانە، گەلێک لەو پرسیارە ئایینییە ئەبەدییانە سەرلەنوێ دەخەنەوە ژێر ڕاڤەکردن، کە ماوەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا پشتی لێ کردبوو، بەڵام ئاوڕدانەوە سێ قۆڵییەکەی دیریدا، ڤاتیمۆ و گادامێر لە بابەتی ئایین لەکتێبی ناوبراودا زۆر لە ئاوڕدانەوەکانی ژیژک و بادیۆ و ئاگامبێن لە پاولۆس جییان، بەڵام بۆ ئێمە ئەم دوو جۆرە ئاوڕدانەوەیە نیشانەن لەسەر ویستی فەلسەفەی هاوچەرخ بۆ باس هێنانە پێشەوە لەسەر وتنە ئایینی و وتنە پیرۆزەکان. واتە وردە وردە ئەو تابۆ فەلسەفییەی نیتشە بەدەوری پێوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە دروستی کرد، ڕووی لە پووکانەوە نا. لەو وتنانەی لای سەرەوەدا ویسترا ئەو بینینەش لای خوێنەر دروست بکرێت کە هزری تیۆلۆژی نیتشە کە هزری هیچگەرا و نێگەتیڤ بوو، هزری تیۆلۆژی ئیلحادی لەپاش خۆی خستەوە، چونکە بۆچوونە فەلسەفییە وتارئامێزەکانی نیتشە تایبەت بە پاولۆس و پەیامەکەی هیچگەرایی و نێگەتیڤیێتی تیۆلۆژی دروستکرد، لەپاش خۆشییەوە گەلێک لە فەیلەسووفانی ڕۆژئاوا پێوەی گلان. غەدریش لە نیتشە ناکەین ئەگەر ئەوە دووبارە کەینەوە کە لەسەرەتای ئەم تەوەرەیەدا درکاندمان کە لەپاش نیتشەوە پێوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە تێکچوو، بەڵام گەڕانەوەی ئەم سێ بیریارە بۆ سەر پاولۆس ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئایین نییە، بەڵام مانای بۆ ئاوڕدانەوە لە ئایین، یان وتنە ئایینییەکان بێ ئەندازە هێنایە کایەوە.

بۆ داخستنی ئەم تەوەرەیە بە پێویستی دەزانین کۆی تێگەیشتنەکانمان تایبەت بەشێوازی فەلسەفی نیتشە لەپێوەندی بە پەیام و فێربوونەکانی پاولۆس لای خوارەوە لە چەند وتنێکدا کورت و چڕ کەینەوە:

* نیتشە بۆ ئەوەی دەگە لە بیری ئایینی مەسیحی بدات، دێتە سەر بیرۆکەی مەرگی یەزدان. بەمە نیتشە هاتن و فێربوونەکانی پاولۆس تایبەت بە یەزدان دواجار پەیامی مەسیحی پووچ و بێ ناواخن دەکات، چونکە کە یەزدان نەبێ نە مەسیح مانای هەیە و نە هاتنی پاولۆس کە بەخۆی هاتنی پاولۆس هەمیشە لای نیتشە ناوی یەزدان و مەسیح بیر دەخاتەوە. کەواتە شتێک کە نەماوە و بێ بەهایە.

* بەباوەڕی نیتشە مەسیحییەت گەلێک بە مەسەلەی باشە و خۆشەویستییەوە سەرقاڵە، بەڵام نیتشە وای بۆ دەچێت ئەم شتانە بەو ئەندازەیەی مەسیحییەت قسەی لێ دەکات بوونیان نییە. بۆیە هەمیشە ڕەخنەکانی نیتشە لە مەسیحییەت لە هەمان کاتدا ڕەخنەن لەواتای وەک باشە، نەمری، شتی یەزدانی، خۆشەویستی، نەزاکەت و...تاد. ئەم شێوە تەماشاکردنە فەلسەفییەش لە تەک بیرۆکەی مەرگی یەزدان، کە نیتشە لە (ئاوا دوا زەردەشت)دا بانگەشەی بۆ دەکات، ماهییەتی ئەو فەلسەفەیەشمان بۆ شی دەکاتەوە نیتشە لەژێر سایەی چەکوشەکەیدا بەرهەمی دێنێت.

* ڕەخنەی نیتشە لە ڕەوشتی مەسیحی کە پاولۆس هەڵگریەتی بوغزاوی و کینەئامێزە، چونکە ناوی مەسیح ناوی یەزدان بیر نیتشە دەخاتەوە، بۆیە نیتشە تا

ئەوپەڕی بەرانبەر بە پاولۆس ڕقاوی و داخ لە دڵە.

* بەپێی ڕوانینی فەلسەفی نیتشە مەسیحییەت ژەهری بە ئیرۆس داوە. جا ئەگەر ئەمە وابێ ئەوە نەک بەس ئەوین بۆ یەزدان، بەڵکو سەرتاپای ئەویندارى کە ئەوەش گشت ژیان دەگرێتەوە بیمارە.

* گرفتی سەرەکی نیتشە لە تەک مەسیحییەتدا ئەوەیە کە نیتشە نە ئایین و نە ڕەوشت لە مەسیحییەتدا دەبینێتەوە. ئەم بۆچوونە توند و زەبری نیتشە نەک هەر ڕەشبینی ئایینی لەپاش خۆی خستەوە، بەڵکو تیلۆژیای ئیلحادیشی لەپاش خۆی خستەوە.

* نیتشە لە نووسینی «ئەنتی کریست» و «ئاوا دوا زەردەشت» زۆر بە ئاشکرا زەبرییەک دژ بە ئایین و یەزدانی مەسیحی بەکاردەبات، بەڵام پەیتا پەیتا ئەوەش بە خوێنەرانی خۆی دەڵێ کە ئامانجی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی مێژووی مرۆڤایەتییە، بەڵام نیتشە پێی وایە مرۆڤ ئەو دەمە دەکارێ مرۆڤایەتیی نوێ دروست بکات کە مرۆڤ بکارێ ڕۆڵ لە مانادان بەژیان ببینێ.

* زێدە گرنگە لێرە ئەوەش بوترێ، نیتشە کە دێتە سەر باسی یەزدان دەگاتە ئەو باوەڕەی پێویستی مرۆڤ بۆ یەزدان پێوەندی بەوەوەیە کە مرۆڤ ئەم پێویستییە بۆ لێکدانەوەی جیهان، لێکدانەوەی بوونی خۆی لەم جیهانە بەکار ببات. بەپێی ئەم تیۆرییەی نیتشە بێ مرۆڤ پێویستی بە یەزدانە، تا لە ڕێگای بوونی یەزدانەوە مانا بە بوونی خۆی لە ژیاندا ببەخشێت. بۆیە نیتشە وای بۆ دەچێت کە ناوی یەزدان لەلایەن مرۆڤەوە وەک ناوی باش گۆڕدەگرێت، هەروەها ئەم ناوە بەکاردەبرێت بۆ گەیشتن بەوەی پێی دەڵێن باشە، بەڵام نیتشە کە هەوڵی کوشتنی یەزدانی مەسیحی دەدات لەبەر ئەوەیە کە ئەم یەزدانە نوێنەرایەتی بەها کۆنەکان دەکات. ئەم بەهایانە کە بێ مانان بە بۆچوونی نیتشە دەبێ لەبنرا نەمێنن. بۆیە کوشتنی یەزدان لە فەلسەفەی نیتشەدا کوشتنی ڕەوشتییە. ئەم جۆرە کوشتنە پێوەندی بە بەها نوێکانەوە هەیە، کە مرۆڤ لە ڕێگای ڕاستی تازەوە خولقاندوونی. واتە بەها نوێکان داوا لە مرۆڤی نوێ دەکەن کوودەتا بکاتە سەر بەها کۆنەکان و سەرەتای ئەم کوودەتایەش بە مەرگی یەزدان دەست پێدەکات. دەمانەوێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کە نیتشە لە دوو کاریدا بە تەواوەتی کار بۆ مراندنی یەزدان دەکات یەکێکیان «زانستی دڵخۆش» و ئەوی تر «ئاوا دوا زەردەشت»، بەڵام نیتشە پێی وا نییە کوشتنی یەزدان کارێکی ئاسان بێ، بۆیە ئەم ئەرکە بە مرۆڤی باڵا دەسپێرێ. واتە لە ڕوانگەی نیتشەوە ئەرکی مرۆڤی باڵایە کار بۆ کوشتنی یەزدان بکات. هەربۆیەشە نیتشە بایەخی زۆر بە مرۆڤی باڵا دەدات، چونکە ئەم مرۆڤە باڵایە گشت ئەو توخم و بەها تازانەی تێدایە لە یەزدانی مەسیحی، یان کەسی مەسیحیدا ئامادە نییە. کەواتە بایەخی نیتشە بە مرۆڤی باڵا، پێوەندی بە ڕەخنەکانییەوە هەیە بۆ یەزدان. مرۆڤی باڵا کە ئامانجە لای نیتشە، ئەم ئامانجە نایەتە دی گەر مرۆڤ هەنگاو بەرەو مرۆڤی باڵا نەنێت. مرۆڤی باڵا کە فۆرمێکە لە هیومانیزم، پێویستە هەموو هەنگاو بەرەو بوون بەم مرۆڤە بنێن.

* بۆ نیتشە ڕاستی بێ مانایە ئەگەر مرۆڤایەتی، مرۆڤایەتی مرۆڤ، بە قۆناغی کولتووری باڵا نەگەیەنرێت. ئەوەش کە ئەمە دەکات مرۆڤی باڵایە. واتە مرۆڤی باڵا دوا ئومێدی فەلسەفی نیتشەیە، بەڵام ئەوەی ئەم مرۆڤە نوێیە، کە مرۆڤی باڵایە، سەرکەوتوو و باڵا دەکات ئەوەیە کە خۆی دروستکەری گشت شتەکانی خۆیەتی، لە هەمووشی سەیرتر ئەم مرۆڤە باڵایە دەتوانێت بێ یەزدان هەڵبکات، چونکە ئەم، واتە (مرۆڤی باڵا) لەوە باش گەیشتووە کە یەزدان بۆ لاوازەکانە (کۆیلەکانە).

### تەوەری سێیەم:

### تێکشکاندنی ڕقی فەلسەفی بەرانبەر بە پاولۆس: هزراندنی فەلسەفی لە گەڕانەوەی ژیژک، ئاگامبێن و بادیۆ بۆ پاولۆس

لای سەرەوە، لە تەوەری دووەمدا، ئەوەمان بەچڕی نیشان دا چۆن تەماشاکردنی فەلسەفی نیتشە ڕقی (بوغزی) فەلسەفی لەپاش خۆی بەرانبەر بە پاولۆس جێهێشت و چەند فەلسەفەی سەد ساڵی ڕابردووی ڕۆژئاواش بەو ڕقە فەلسەفییەی نیتشەوە گلا. لێرەوە دێینە سەر قۆناغێکی تری فەلسەفی کە بەشێوە هزراندنی دی دەست پێدەکات، ناوەڕۆکی ئەم هزراندنەش لە تێکشکانی تەلیسمی ئەو ڕقە فەلسەفییەی نیتشە و بەگشتیش هێنانە گۆی بۆبیەتی (واتە بۆ؟) دوورکەوتنەوەی فەلسەفە لە هزری پاولۆس بریتی دەبێ. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیە دەڵێین کە سەردەمی نوێی

ڕۆژئاوا خــەریکە وردە وردە بایەخ بۆ تیــۆلۆژیا و بۆ خوێندنەوەی ئایین و باوەڕ پەیدا دەکاتەوە. ئەم بایەخە کە مــاوەیەک بوو بەهۆی نووسین و ڕاڤــەکــردنی بیــریار و ڕووناکبیرانی شارستانی ڕۆژئاواو، کپ کرابوو، ئەوەتا وا سەرلەنوێ لە ڕێگای فەیلەسووف و ڕووناکبیرانی هەمان شارستانییەتەوە مانای بۆ دەگەڕێنرێتەوە. کەم کەسیش لە ئێمە دەتوانێ گومان لەوە بکات فەلسەفە و ئایین، یان فەلسەفە و تێکستە تیۆلۆژییەکان، لە ڕۆژئاوا هەمیشە لەتەک یەکدا لەپێــوەندیدا نەبوویێتن. بۆ ئەوانەش کــە لەبواری فــەلســەفــەدا کــاردەکــەن ئاســانە لەوە بگەن فەیلەسووفەکان لە ڕۆژئاوا بەردەوام قسەی خۆیان لەسەر ئایین، یان هەمیشە لەسەر تێکستە تیۆلۆژییەکان هەبووە و تیۆلۆژیستەکانیش لە هەمان کاتدا قسەی خۆیان لەسەر نووسین و تەوژمە فەلسەفییەکان بەردەوام هەبووە، بەڵام ئەم پێوەندی و قسـەکـردنانە لەگەڵ گەشـەی تەکنیک و هاتنە دنیای ئاراستە فەلسەفییە سێکولاریستی و پۆست سێکولاریستی و هیچگەراکان ڕەوتی تری وەرگرتووە و بگرە جـۆرە گـرژی و توندییــەکــیش کـەوتووەتە نێــوان فەیلەسووف و تیۆلۆژیستەکانیشەوە. ڕەنگە بەشێک لە هۆیە سـەرەکـییـەکـانی ئەو گـرژی و توندییە لە سەدەی ڕابردوودا بۆ ئەو مانفێستە فەلسەفییە بگەڕێتەوە کە فـەیلەسـووفـێکی وەک نیـتشـە لە دوو کـاری فـەلسـەفی خـــۆیدا (ئاوا دوا زەردەشت، ئەنـتی کـــریست- دژە مــەســیــحی) بانگەشــەی بۆ کــردووە و لووتکەی ئەو بانگەشەیەشی لە گوزارەی (مەرگی یەزدان)دا بەرجەستە کـردووە. هەر لەم قـۆناغـەشـەوە بیـرکـردنەوە و وێنەگـەلی فەلسـەفی هیچگەرا و ئەنتی-ئایینیش سەریان هەڵداوە. کە بە بۆچوونی ئێـمـە، نیـتـشـە لەسـەرهەڵدانی ئەمـانەدا بەرپرسیاری یەکەمە. ئەوەش کە نیاشە لە هەندێک کاری بە پاولۆس و ئایینی مەسیحی وتوونی پێمان وایە ڕۆڵی ســـەرەکی لە ســـەرهەڵدانی تەوژمی لە تیـــۆلۆژیای هیچگەراشدا دیوە کە تا ئەمڕۆش فەلسەفەی هاوچەرخ پێوەی دەناڵێنێت. بۆیە ئەوەی لەم بەشەدا کاری لەسەر دەکرێ ئەو لایەنە نییە کە لای سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، بەڵکو ئەوەیە کــە چۆن و بۆ سێ فــەیلەســووفی نوێی ڕۆژئاوا (ئیتالیا، فەڕەنسا و سلۆڤینیا) دەگەڕێنەوە سەر هزری ئایینی پاولۆس؟ بە باوەڕی ئێـمـە گـەڕانەوەی ئەو سێ فەیلەسووفە بۆ سەر تێزە ئایینییە (تیۆلۆژییە)کانی

پاولۆس هەر بریتی نیـیــە لە گــەڕانەوە بۆ ســەر ئایین، بەڵکو پێش هەمـوو شـتـێک ئەم گەڕانەوەیە بریتـیـیـە لە گـەڕانەوەی فـەلسـەفـە بۆ گـفـتـوگـۆ تیـۆلۆژییـەکـان (لاهووتییەکان) و کردنەوەی شیاوی لەبەردەم هزراندنی فەلسـەفیدا، بەڵام پێویستـە خوێنەری ئەم نووسینە ئەو پرسیارەی لا دروست ببێت کە ئەوە کامە فەلسەفەیە ئەم گـەڕانەوەیە ئەنجام دەدات؟ یان کـامـە فـەلسـەفـەیە ئەو شیاوییە لەبەردەم هزراندندا دەکاتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیـارە لێرەو بەکورتی هەر ئەوەندە دەڵێین کە ئەو فەلسـەفەیەی شیاوی لەبەردەم هزراندن بەسەر پاولۆسەوە دەکاتەوە بەگشتی فەلسەفەی ڕادیکاڵانەی سیاسییە و پشـتی بە شیکردنەوەی دەروونیش بەستووە. دواتر ئەوی ئەم فـەیلەسـووفـە چەپە ڕادیکاڵە دژە سـەرمـایەدارییـانە کــاری لەسـەر دەکـەن زۆر لەو هەوڵە فـەلسـەفـیـیـە بە ڕوحیکراوەوە نزیکە کە سێ دەیەیەک لەمەوبەر میـشیل فـوکـو هەنگاوی بۆ نا، کـاتێک ویسـتی مـانـای ڕوحی بۆ دیاردەی شـۆڕشی ئێـران و بەتایبـەت کـەسـایەتی ئیـمـام خـومـەینی بدۆزێتـەوە. سـەرەڕای ئەوەی وترا دەمـانەوێت ئاماژە بەوەش بکەین کە فـەلسـەفـەی سیـاسی ئەم سێ بیـــریارە ڕۆژئاواییــە لە یەک جـیـــاوازن، بەڵام لەوەدا هاوشـێــوەن کــە ئەنتی (دژە) ســەرمــایەداری و ئەنتی گـڵـۆبالیست و بیر چەپگەرائامێز و نا- نیـتشـەخوازن. ئەڵبــەتە ئەم لایەنانەش جــۆرە شـیـــاوێکی بۆ هزراندن دروست کردووە، یان هێناوەتە پێش، کە فـەلسـەفە بێـتـە وتن نەک هەر لەسـەر ڕووداو و دیاردە سیـاسـیـەکـان، بەڵکو کـۆمەڵایەتی، ئیـتیـکی و تیـۆلۆژییەکـانیش، بەڵام گـرنگە بزانین ئەو یەکگرتنەوە فـەلسـەفـیـیـەی لەنێـوان پاولۆسی تیـۆلۆژ و هەڵگری پەیامی مەسیحی و ئەم سێ فەیلەسووفە دژە سەرمـایەداری جیـهـانی و ڕادیکاڵـیـە سیاسی و خاوەن هزرە فـەلسـەفـییە تایبـەت بەجوانکاری لەسـەر چ بنەمـایەکی هزری ئەنجام دراوە. خـۆی ڕاستـە یەکگرتنەوەی فەلسەفی و سیاسی زۆر لەنێوان بۆچوون و دیتنی بادیۆ و ژیژک بەتایبـــەت و ئەمــجـــار ئەوان و ئاگامبێن-دا هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم یەکگرتنەوەیە مـشـتـومـڕی جـیـای فـەلسـەفی و سـیـاسی و تەنانەت تیـۆلۆژیشی، خسـتـووەتەوە، بە پێـویسـتی دەزانین لە دووتوێی ئەم تەوەرەیەدا بەجـــۆرێک کـــار لەســـەر وەڵامــدانەوەی ئەو پرسـیــارەی لای سـەرەوە بکەین کــە

بەشێک لە توخمەکانی ئەو جیاوازییەی هەڵگرتبێت کە لە مشتومڕەکانی تایبەت بە دیتنی ئەو سێ بیریارەدا بۆ پاولۆس هەن.

هەروەک لای سەرەوەش وترا هەڵوێست و گەڕانەوەی ئەم فەیلەسووفانە بۆ پاولۆس لە نیتشە جیایە، چونکە ئەم سێ فەیلەسووفە گەڕانەوەکەیان بۆ سەر پاولۆس لەسەر بناغەی دژایەتیکردنی ئایین، یان تیۆلۆژیا، یان مەسیح نەبووە (٨). ئەم سێ بیریارە کە لە گەڕانەوەکانیاندا بۆ پاولۆس هەندێک بینینی هاوبەشیان هەیە، بەتایبەت ژیژک و بادیۆ، بەپێویستی دەزانین پێش ئەوەی بێینە سەر بیرکردنەوەی هەر یەکێکیان ئەو بیرکردنەوە و هاوبەشانە لای خوارەوە بەرچاو خوێنەر بخەین، ئەڵبەتە بەشێک لەو بۆچوونانە ئەمانەن:

١- پاولۆس لەخودی خۆیدا بریتیە لە ڕووداوێک.

٢- پاولۆس کەسێکی یاخییە.

٣- پاولۆس خوڵقێنەرە.

٤- پاولۆس خودێکی جەنگاوەرە.

٥- پاولۆس فیگۆرێکی مێژووییە.

٦- پاولۆس ئەو هێزەی تێدایە کە دەشێت وەبەرهێنانی سیاسییانەی تێدا بکرێت تا سەرمایەداری جیهانی پێی ڕەت بکرێتەوە.

٧- دۆزینەوەی توخمی فەلسەفەی باشە لە پاولۆس و بەکاربردنی ئەمەش بۆ بەربەرەکانیکردنی خراپە (شەڕ، بەدی).

٨- کۆبوونەوەی نا-ئایینییانەی ئەم سێ بیریارە لەدەوری پاولۆس.

٩- کۆکبوونی ئەم سێ فەیلەسووفە لەسەر دروستکردنی پرۆژەی گەردووناوی بەهۆی بیری پاولۆسەوە.

١٠- ئەم فەیلەسووفانە، بەتایبەت بادیۆ و ژیژک، لەمیانەی خوێندنەوەکانیان بۆ پاولۆس ڕەخنەی زۆری فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە و ڕێژەگەری کولتووری و دیاردەی مۆڵتی کولتوورالیزم دەگرن. هەر ئەم فەیلەسووفانە، بە تایبەت ژیژک و بادیۆ، پێیان وایە گەلێک لە بۆچوونەکانی ئەم ئاراستە فەلسەفییانە ڕاستی ڕووداوەکان وەک خۆیان شی ناکەنەوە.

پاش خستنەرووی بینینی هاوبەشی ئەو سێ فەیلەسووفە، بەتایبەت ژیژک و بادیۆ، تایبەت بە پاولۆس ئێستا بەباشی دەزانین ئاوڕ لە دیتنی هەریەک لەم فەیلەسووفانە بۆ پاولۆس بەجۆری تاک تاک بدەینەوە. بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا بە ئالێن بادیۆ دەست پێدەکەین و دیتنی ئەم فەیلەسووفە فەڕەنسییە بۆ پاولۆس دەستنیشان دەکەین.

سەبارەت بە بادیۆ سەرەتا دەمانەوێ ئەوە بڵێین کە بادیۆ لەلای فەیلەسووفی ماتماتیکەر (بیرکار) و سیاسییە و لەلایەکی تریشەوە ڕۆماننووس و شیعر دۆستی بێ وێنەیە. ئەم فەیلەسووفە کە پێی وایە فەلسەفە خۆ بە خۆی، واتە بەتاکو تەنیا، ناتوانێت ڕاستی بەرهەم بهێنێت و پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت ڕاستی فەلسەفی تەنیا بەهۆی سیاسەت، زانست (بیرکاری)، شیعر (هونەر) و دڵدارییەوە دەکرێت بەرهەم بێت. ئەوەش کە زێدە سەرنجڕاکێشە لە تێگەیشتنی فەلسەفی ئەم فەیلەسووفە فەڕەنسییە ئەوەیە وەک نەوەی خۆی (نەوەی ١٩٦٠کان) بیرناکاتەوە، واتە هیچگەرا و پۆست مۆدێرن و پاش بنەماخواز نییە، بەڵکو لەبری ئەوە ئەفلاتوونییە و باوەڕی گەورەشی بەو فەلسەفەیەیە کە بەهۆی یەکگرتنەوەی نێوان بیرکاری و سیاسەت و خۆشەویستی و شیعرەوە دروست دەبێت.

بەڵام ئەوەی پێوەندی بەگەڕانەوەکەی بادیۆوە بۆ پاولۆس هەیە، وا هەست دەکەین ئەم گەڕانەوەیە لە هەردوو گەڕنەوەکەی ژیژگ و ئاگامبێن بەرینتر و وروژێنەرترە، چونکە بادیۆ پاولۆس وەک بیریارێکی تیۆلۆژی، جەنگاوەر، شۆڕشگێڕێکی ماوی، ڕاسیۆنالیست و شاعیرێکی بیریاری وەک مالارمێ دەبینێت. ئەم بینینە کە لەڕیشەدا سیاسییە پێوەندیی ئەوتۆی بە ئایینەوە نییە. بەڵگەش لەم ڕووەوە زۆرە، بەڵام بەرچاوترینیان ئەوەیە کە بادیۆ لەکتێبی «سانت پۆل: پێکهێنانی گەردووناوی» داکۆکی لێدەکات کە گوایە پاولۆسی لەبەر مەبەستی ئایینی هەڵنەبژاردووە(٩).

لە هەموو ئەو ئاوەڵناوانەش سەیرتر کە لای سەرەوە گۆکرا ئەوەیە بادیۆ پاولۆس وەک گەردووناوییەک دەبینێت، یان وەک ئەو کەسەی دەبینێت توانای پێکهێنانی گەردووناوی هەیە. ئەڵبەتە بادیۆ لە کتێبی ناوبراودا بەڕوونی باس لە«گەردووناوی» پاولۆس دەکات، وەکی تریش بادیۆ لە فەلسەفەکەیدا بایەخی

تایبــەت بەگــەردوونی (ئۆنێــڤــێــرســاڵ) دەدات و لەم ڕووەوەشەوە هەشت تێزی هەیە کە پێمان وایە شیاوە لێرە و بۆ ڕوونکردنەوەی زێدەتری دیتنی بادیۆ بۆ گــەردوونی بخرێنە ڕوو. بۆیە ئێمە لای خوارەوە و لەسەر زاری خۆی پوختەی ئەو هەشت تێزە بەردەست دەخەین:

**تێزی یەکەم:** هزر ئامرازی ڕاستەقینەی گەردوونییە.

**تێزی دووەم:** گشت گەردوونی تاک (سینگۆلار)ە.

**تێــزی ســێــیــەم:** هەمــوو گــەردوونی لەڕووداودا دادەمەزرێت

**تێــزی چوارەم:** گــەردوونی ئینتــیــالی (ئەوەلی) وەک بڕیارێکی لەمەڕ بڕیارنەدراو خۆی دەخاتەڕوو.

**تێــزی پێنجــەم:** گــەردوونی بنەمــای فــەرمــانی (ئیمپلیکەتیڤی) هەیە.

**تێزی شەشەم:** گەردوونی تاک مانایە.

**تێـــــزی حـــــەوتەم:** هەمـــــوو گـــــەردوونی تاکی (سینگۆلاریتی) ناکامڵ، یان والاّ دەمێنێتەوە.

**تێزی هەشتەم:** گەردووناویەتی (نۆنیڤێرسالیتی) هیچ نییە لە پێکهاتەی باوەڕئامێزی زیاتر. ئەم پێکهاتەیەش لای بادیۆ نا-پایانی فــرەیە (چەند بارەیە، مــۆڵتی پلە)(١٠)

وا هەست دەکەین ئەوەی کـتـێـبـەکـەی بادیۆی لەسەر پاولۆس (ســانت پۆل: پێکهــێنانی گــەردووناوی) بخوێنێتەوە ئەو دیتنەی لا دروست دەبێ کە هەلومەرجە تایبەتییەکان لە نامەکانی پاولۆس ڕاستی بەرهەمهێنەر نین، بەڵکو ئەوەی ڕاســتی بەرهەمــهــێنەرە ڕووداوە. ئەڵبەتە ڕووداوی خودی. ڕاستیش، کە بەخۆی لای بادیۆ تابلێیت واتای فەلسەفی هێژا و نەمریشە، لەم بەینەدا مانای خۆی بۆ شیکردنەوەی کەسێتی پاولۆسیش هەیە. پاولۆس وەک خــودی بە بۆچوونی بادیۆ دروســتکەری ڕاستییە، ئەڵبەتە ڕاستی سیاسی نەک ئایینی، بەڵام ئەم ڕاستییە ڕووداوە. بەم جۆرە سیاسەت کە لای بادیۆ لە پێوەندیدایە بە ڕاستییەوە، ئەم ڕاستییە بە ڕووداوەوە گرێ دراوە و ئەڵبەتە ئەم ڕووداوەش بریتییە لە ڕووداوی شۆڕشگێڕانە(١١). ئەوەش کە وادەکات بادیۆ بەم جۆرە بیر بکاتەوە کە تیۆلۆژیای پاولۆسە کە لە دیدگای بادیۆ ئەم تیــۆلۆژیایە ڕووداوێک ئامــادە دەکــات، ناوبراو بە ڕووداوی شــۆڕشگێــڕانەی ناودەنێت(١٢). هەر تایبــەت بەم لایەنە ئەوەش گرنگە بوترێت، هەلومــەرجی ڕوودانی ڕووداو بۆ بادیۆ باسی ســیــاســیــیــە و بابەتی تێــڕامــانی فەلسەفیشە، چونکە بەپێی ئەندێشەی فەلسەفی بادیۆ بۆ ئەوەی ڕووداو هەبێت پێویستە هەلومەرجەکان شیاو بن، بەڵام با بزانین لە بینینی فەلسەفی بادیۆدا چی بەڕووداو لە قــەڵەم دەدرێت؟ بەپێی ڕوونکردنەوەی جاسۆن بارکەر بێت، کــە ڕاڤــەکــەرێکی بەتوانای بیــری بادیۆیە، لە کتێبێکی بەناوی «دەروازەیەک بۆ ئالێن بادیۆ» ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەو شتـەی لای بادیۆ بە ڕووداو لە قـەڵەم دەدرێت دەبێت دۆزی (باری- سیچوەیشن) بژێت(١٣)، یان دۆزێک لەپشت دروستبوونییەوە بێت.

بۆ زێتــر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە دەمــانەوێت بچینەوە سەر کتێبەکەی بادیۆ (سانت پۆل: پێکهێنانی گەردووناوی) چونکە بادیۆ لەو کتێبەدا پاولۆس بەکەسی ڕادیکاڵی شــۆڕشگێــڕ لە قــەڵەم دەدات و پێی واشــە مــەسیــحبــوونەکەی پاولۆس ڕووداوێکی شۆڕشگێڕانەی پوخــتی لەپشــتــەوەیە. هەر ئەم حــاڵەتەش وا لە بادیۆ دەکــات پاولۆس لەو کــتــێــبــەدا وەک کــەسی ســیــاسی شۆڕشگێڕ بەخوێنەر بناسێنێت تا کەسی ئایینی. بەواتای دی، بادیۆ لەو نووسینەیدا پاولۆس وەک بیــریــاری ئایینی بەخــوێنەر ناناســێنێت، بەڵکو وەک بیــریاری ســیــاسی. ئەمــەو ئەوەش دەڵێین، بادیۆ لە تیــۆلۆژیای پاولۆســدا گــەلێک شت دەبینێـــتــەوە کــە پاولۆس باوەڕی بە جەنگاوەرییــە و ئەم جــەنگاوەرییــەش بەرهەمــهــێنەری ڕووداوە. شوێنی وتنە کە بادیۆ ئەم لایەنە لە فەلسەفەی سیاسی خۆشیدا زۆر بەکار دەبات. دووەم شت کە بادیۆ لە پاولۆسی دەبینێتەوە ئەوەیە پاولۆس پێی وایە مەرگی عــیــســا لەناو ژیانە. ئەمــەش وا دەکــات بادیۆ باس لە مــەرگی عــیــســا و پاولۆس بکات، چونکە هەردووکــیــان بەجــۆری ســروشــتی نەمــردوونە، عــیــســا لەخــاچ درا و پاولۆسیش لە قەنارە درا. هەرچی سێیەمیشە کە بادیۆ لە پاولۆسی دەبینێتــەوە ئەوەیە بەپێی دیتنی بادیۆ پاولۆس فیگۆری شۆڕشگێڕە و ئەنتی فەیلەسووفیشە. ئەم لایەنە کە بەرهەمی بینینی شۆڕشگێڕانەی فــەلسەفی سیاسیی بادیۆیە لە بارەی پاولۆسەوە، خۆی وەک دیتنی دەگمەن و تایبەت نیشان دەدات.

بەڵام تایبــەت بەخاڵی دووەم دەمانەوێت ئەوەش بڵێین بادیۆ پاولۆس وەک پارێزەرێکی ڕادیکاڵێــتــێتی پەیامی

مەسیح تەماشا دەکات. ئەم ڕادیکالێتێتییە بە قسەی بادیۆ لە ناخی پەیامەکەی پاولۆس-دا جێگیرە. هەروەها لەبەر ئەوەی بادیۆ لە توێژینەوە فەلسەفییەکانیدا بەگشتی سەرگەرمی دۆزینەوەی جۆرە ڕادیکالێتێتی سیاسییە، بۆیە بۆ بادیۆ ئاسانە جەخت لەوە بکات ڕادیکالێتێتی سیاسی لە هزری پاولۆسدا ئامادەیە. هەر سەبارەت بە خاڵی دووەم پێویستە ئەوەش بوترێت بادیۆ لە مەرگی پاولۆس فەلسەفەیەک دەخولقێنێت ناوی دەنێت ژیان لەناو مەرگدا. واتە لە خاچدانەکەی عیسا ژیانە لەناو مەرگدا، لە قەنارەدانەکەی پاولۆسیش ژیانە لەناو مەرگدا، بەڵام بابزانین ئەم ژیانەی بادیۆ باسی لێوە دەکات چ جۆرە ژیانێکە؟ ئەڵبەتە بەپێی ڕاڤەکردنەکانی بادیۆ بێت تایبەت بەهزری پاولۆس ئەم جۆرە ژیانە ژیانی نوێ، ژیانی ڕووداو ئامێزە. هەروەها ئەم شێوە ژیانە دیسانەوە ئەو شێوە ژیانەیە کە ژیانێک بەهۆی شەهیدبوونەوە دێنێتە کایەوە. لێرەدا دەمانەوێ بڵێین بادیۆ بەهۆی پاولۆسەوە خۆی دەخاتە ناو جەنگێکەوە دەشێ ناوبنرێت جەنگی نێوان چێژوەرگرتن و قوربانیدان. کورتەی ئەم جەنگەش بەم شێوەیە خۆی بەرچاو دەخات: بە بۆچوونی بادیۆ چێژوەرگرتن جۆرێکە لە مەرگ لە ژیاندا، بەڵام قوربانیدان جۆرێکە لە ژیان لە ناو مەرگدا. پاولۆس کە قوربانی بەژیانی خۆی دەدا، هەروەک عیسا، بەمە دڵسۆزی (فایدەلیتی) خۆی بۆ مەرگ نیشان دەدات، بەمەش پاولۆس شیاوییەک بۆ تۆمارکردنی ڕووداوێک دێنێتە پێش. واتە بە مەرگی خۆی ڕووداوێک دەخولقێنێت. ئەم ڕووداوە ڕووداوی هێنانە ئارای ژیانی نوێ یەقینی دەکات. ئەم ژیانە کە لەپاش مەرگەوە دەست پێدەکات چێژوەرگرتنێک لەدوای خۆی دروست دەکات. هەر ئەم ژیانە کە لەدوای مەرگەوە دروست دەبێت شتی تریش تۆمار دەکات کە ناودەنرێت ئاشتی، ئاشتی ڕاستەقینە نەک ئەو ئاشتییەی ئەمڕۆ سستمی سەرمایەداری باسی لێوە دەکات.(١٤)

ئێمە بە بێ گومان لەگەڵ بەشی زۆری ئەو بۆچوونانەی بادیۆ هاوڕا نین، کە لای سەرەوە خرانە ڕوو. هۆی ئەوەش بەکورتی بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە لەلایەک ئەوەی بادیۆ دەیڵێت زۆر لە قسەی ئەو سەرکردە توندڕەوە ئایینیدانە دەچێت کە دەیانەوێت لە ڕێگای خۆتەقاندنەوەوە ڕووداوی ئیلاهی دروست بکەن و باشە بێنن و چاکە بڵاوبکەنەوە. گەر ئەم بینینەی ئێمە ڕاست بێت ئەوە زۆر بە ئاسانی دەڵێین ئەوەی بادیۆ لە بارەی پێوەندی نێوان ژیان و مەرگەوە دەیڵێت هێپۆتێزی هەڵەیە و بەم شێوەیە مەرگ شی ناکرێتەوە و شەهیدبوونیش لەژیاندا ڕاڤە ناکرێت، چونکە لە ڕێگای خۆکوشتنەوە نە چاکە بڵاودەکرێتەوە و نە ڕووداوی مێژوویش دروست دەبێت. ئێمە دەزانین و دڵنیاین ڕووداوی لە خاچدانەکەی عیسا، یان لە سێدارەدانەکەی پاولۆس ناشێت بەکارە تیرۆریستییە خوێن ئامێزەکان بەراورد بکرێت، بەڵام ناشکرێت بادیۆ بۆچوونی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی خۆی بەسەر ڕووداوە ئایینییەکان بەگشتی بکات. لەلایەکی تریشەوە باوەڕمان بەو دیتنە نییە ڕووداوی مەسیح توانای ئەوەی تێدابێت موراڵی میلیتانی (جەنگاوەری) دروست دەکات، چونکە ئەگەر ئەوە وا بێت کە ڕووداوی لە خاچدانەکەی مەسیح ڕووداوی شۆڕشێگرانە و جەنگاوەرهێنەرانەیە ئەمە بەو مانایە دێت خۆ بە کوشتن دان دەشێت بۆ لەمەولا وەک ڕەوشتێک تەماشا بکرێت و زۆرینەش ئامادەبن لاسایی ئەم نەریتە بکەنەوە، یان هەڵگرنەوە. ئەمەش وا نییە و ئەگەریش وابێت ئەوە ئەم دیاردەیە تابڵێی دیاردەیەکی مەترسی دروستکەرە. مەترسییەکەش لێرەدا لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکات کە خەڵک بۆ مەرگ دەژی نەک بۆ ژیان، بەڵام لە هەندێک لای تریشەوە بۆ ئەوەش دەچین بادیۆ بەرانبەر بەو لاوازییەی لەهزری تیۆلۆژی و سیاسی جیهاندا هەیە دەیەوێت بە قوربانیدان و خۆکوشتن زیندوو بکاتەوە و بیشیکات بە بیرۆکەی شۆڕشگێڕانە ئامێز. ئەمەش کە ئێمە بۆی دەچین گەروا بێت مانای ئەوەیە ئەو شێوە ڕاڤەکردنەی بادیۆ تایبەت بە مەرگی عیسا، یان پاولۆس بەردەستمانی دەخات بێ هیچ گومانێک نا-پەسەند کراوە.

هەرچی بەخاڵی سێیەمەوە تایبەتە ئەوەیە بادیۆ وەک ئەنتی فەیلەسووفێک پاولۆس دەبینێت، بەڵام ئەمە تەنیا پاولۆس نییە کە ئەمەیە، بەڵکو کەسانی تریش لای بادیۆ ئەمەن وەک: لاکان، ڤیتگنشتاین، پاسکال، لیوتار و ..تاد.. کەواتە بادیۆ پاولۆس لەگەڵ فەیلەسووفەکاندا کۆدەکاتەوە. ئەم لایەنە کە تێزی تازەیە لەفەلسەفەدا تا بشڵێی سەرنج ئامێزە، بابەتی ئاوڕدانەوەی ئەم نووسینە نییە.

بەڵام لەوە سەرنج ئامێزتر ئەوەیە تێزی سەرەکی بادیۆ تایبەت بە پاولۆس لەوێوە سەر دەردێنێت کە بۆ پاولۆس رووداو شتێکی تیۆلۆژییە و ئەڵبەتە ئەم رووداوە سیاسیشە. مەبەستی بادیۆ لەمە ئەوەیە پاولۆس بۆ نموونە رووداوێک لە پشتییەوەیە هەروەک ئەوەی شۆڕشی بەلشەفیش لەخودی خۆیدا رووداوێکی لەپشتەوە بوو، یان رووداوێکی لەناخی خۆیدا حەشاردابوو. ئەم بۆچوونە سیاسییانەی بادیۆ بۆ رووداوی بوونی پاولۆس ئەوە روون دەکەنەوە مەسیحییەت بۆ بادیۆ رووداوێک ئامادە دەکات، یان بەرهەمهێنەری رووداوێکە، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێت لەوە بگەین کە بۆ ئەو شتە بۆ بادیۆ بە رووداو لەقەڵەم دەدرێت کە شوێنێک داگیردەکات، بۆ نموونە مەرگی عیسا، یان پاولۆس، یان شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئەمانە هەر هەموو لەدیدی بادیۆدا رووداون، چونکە شوێنێک داگیردەکەن، بەڵام بۆ نموونە بادیۆ شۆڕشی قوتابیانی مای (ئایاری ١٩٦٨) بە رووداو لەقەڵەم نادات، چونکە بە قسەی خۆمی ئەم رووداوە شوێنێکی بۆ خۆی داگیرنەکرد و دۆزێک لە پشتییەوە نەبوو. وەلێ ئەوەی لەو رووداوانەی کە شوێنێک بۆ خۆیان داگیر دەکەن ئەوە گرنگە کە خاڵی هاوبەشی نێوانی ئەم رووداوانە ئەوەیە، بە قسەی بادیۆ، راستی بەرهەمهێنەران. راستی لای بادیۆ کە تاک لایەنییە، بەڵکو مۆڵتی پلە (چەندبارەیە) یەکێکە لە کۆڵەکەکانی پێکهێنانی فەلسەفەش، بەڵام ئەوەندەی لە بادیۆ گەیشتووین بۆ روودانی رووداو، بۆ بوونی رووداوێک بە رووداو، دەبێت دۆزێک هەبێت، یان بارێک لە ئارادابێت. دۆزیش لە دیدی بادیۆ ئەو جێیەیە شتێک دەتوانێت بۆ خۆی شوێنی تێدا دابین بکات.(١٥)

سەرباری ئەوەی وتراش، بۆ بادیۆ پاولۆس دژە سەرمایەداری گڵۆباڵ و دژە رێژەگەری کولتووری و دژە کۆمۆنیتاریستیشە، بەڵام بابزانین هۆی چییە بادیۆ ئاوا دەڕوانێتە پاولۆس؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە سەرمایەداری بەتایبەت سەرمایەداری ئەمڕۆ شتی کوشندە و بەدە و سوودی زۆریشی لەگڵۆبالیتی و رێژەگەری وەرگرتووە. ئێستاش کە بازاڕ بووە بە شوێنێک بۆ کۆبوونەوەی گشت دژەهێزەکان بەوە دەچێت بۆ بادیۆ ئەم پاولۆسە رۆحانییە باشترین ئامرازبێت بۆ رەتکردنەوەی ئەم شوێنە کۆلێکتیڤە پیرۆزە. ئەم بازاڕە، بازاڕی سەرمایەداری هاوچەرخ، کە تابلێی سەرنجڕاکێش و ڕازاوەیە دژی گشت بەها و بایەخێکە، هەربۆیەشە بادیۆ و پاولۆس دەکات بە گژ ئەم بازاڕەدا، یان وەک چەکێک بۆ شەڕ کردن لەتەک ئەم بازاڕەدا بەکاری دەبات. پاولۆس کە لەسەر دەستی بادیۆ بووە بەهێزی تاک (سینگۆلار)ی گەردوونی (ئونیڤێرساڵ) تاکە هیوایەکیشە لەبەردەستیدا بۆ رەتکردنەوەی بەدیییەکانی سەرمایەداری گڵۆباڵ. ئەوەندەی ئاگاشمان لێ بێت ناسنامەی پاولۆس بۆ بادیۆ و ئەڵبەتە بۆ ژیژکیش، بابەتی تێرامان بووە، چونکە پاولۆس کە جوو بووە و وازی لە جووبوونی خۆی هێناوە و بەعیسایی و بگرە بە هەڵگری پەیامی عیسایش، ئەمە بۆ بادیۆ ئەوە دەگەیەنێت کە پاولۆس شۆڕشگێڕە و گوێنەدەرە بە ناسنامە. ئەڵبەتە بادیۆ ئەم بیرۆکەیە بۆ رەتکردنەوەی تیۆری ناسنامەی هاوچەرخیش بەکار دەبات، کە ئەم تیۆرییە خۆی لەسەر فەلسەفەی سیاسی رێژەگەرانەی مۆڵتی کولتوورالیزم بنیاد دەنێت کە ناوەرۆکەکەی، بە قسەی سلاڤۆی ژیژک، ئەم دیتنەیە: «تۆ شتی خۆت بۆ خۆت و منیش شتی خۆم بۆ خۆم». ئەم لایەنە کە پێچەوانەی خواستی سیاسی و فەلسەفی بادیۆیە بەقسەی بادیۆ، لەگەڵ بۆچوونی پاولۆسیشدا یەک ناگرێتەوە، چونکە پاولۆس خاوەنی بیری ڕادیکاڵانەیە. با ئەوەش بڵێین بادیۆ کە لەبواری سیاسیدا رەخنەی لە «سیاسەتی ناسنامە» هەیە، لەم رووەشەوە لەژێر کاریگەری پاولۆسدایە، چونکە بادیۆ ئەوەی لە پاولۆسدا دیوەتەوە کە پاولۆس لەپێناوی گەیاندنی پەیامێکدا وازی لە ناسنامەی خۆی هێناوە (مەبەست لەجووەوە بووە بە مەسیحی). ئەمەش وای کردووە بادیۆ تێگەیشتنی لەبارەی بابەتی خودەوە لای خۆی پێک بهێنێت، چونکە خود بەپێی فەلسەفەی بادیۆ رووداو شی دەکاتەوە. رووداو بەپێی ئەو فەلسەفەیە کە خودییە (سوبژێکتیپە)، (تاکی)شە (سینگۆلاریشە) و هەروەها خود و رووداو لەم فەلسەفەیەدا لەتەک یەکدا ئامادەن، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین بۆچوونی بادیۆ بۆ خود (سوبژێکت) بە بۆچوونییەوە بۆ بوون گرێداوە(١٦) نەک شتێکی تر.

# فەنتازیای دەسەڵاتی پیاوانە: خۆرهەڵات دەجمێ، بێ دەنگ و دەستگیر دەکرێ

لێنا گێمزۆی
لە سوێدییەوە: هەندرێن
(سوێد)

ئەنتروٚپۆلۆژی (کە لە سوێددا هەم بە سۆسیال ئەنتروٚپۆلۆژی و هەمیش بە کولتوور ئەنتروٚپۆلۆژی ناودێر دەکرێ) وەک زانستێک جیاوازی تایبەتی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ترادسیۆنی بواری ڕاڤەکاریدا پێک هێنا.

لەگەڵ ئەو بوارانەی کە کولتووری ڕۆژئاوایی نین، جیهانبینی خۆی فۆرمۆلە کرد. هەر لەو ڕاڤەکردنە سەرەتاییە ئەنتروٚپۆلۆژیانەی سەبارەت بەو کولتوورە نامۆیانە «وەک ڕاڤە بەناوبانگەکەی Malinowskis لەمەڕ Trobriander»ەکاندا ڕاڤکردنەکانی ئەو بەشە پەلی کێشا تا ئەو دنیایەی کە ئەمڕۆ بە جیهانی سێیەم و چوارەم ناودەبرێت. هاوکات ئەو ئەنتروٚپۆلۆژییە نوێیە کولتووری ڕۆژئاوا و ئەورووپاش ڕاڤەدەکات، هەندێک جاریش برەوترین دەربڕینێکی وەک «subkultur»ەکانی شارە گەورەکان، وزەی کاری ئەتۆمی و کۆمپانیای کۆمپیووتەری نێودەوڵەتان ڕاڤە دەکات. وێڕای ئەمەش، میتود و تیۆری ئەنتروٚپۆلۆژی لە ڕاڤەکردنی ڕۆژئاوادا، لە بەیەک گەیشتن لەگەڵ بیانییەکان، نارۆژئاواییەکانەوە گەشەی کرد. قورسایی ئەو میتودە بۆ ئەو کەمە لێک گرێدانەوەی سەبارەت بە تێگەیشتنی خودی مرۆڤەکان بۆ واقیع دەگەڕێتەوە. ئامانجی ئەنتروٚپۆلۆژی لە بەردەوامی هاوژیانیکردنی لەگەڵ مرۆڤەکانی ئەو کولتوورانەی کە ڕاڤەیان دەکات ئەوەیە، تاکو بتوانێ «دیدگەی -per spectiv–ەکی ناوەکی» دەستەبەر بکات.

بەهەمان شێوە ئەنتروٚپۆلۆژی فێمێنتیزمیش لەمەڕ فرە جیاوازی مەرجە زیندووەکانی ژن جیهانی زانیاری خۆی ئەفراند.

ئەو کۆمەکییەی کە ئەنتروٚپۆلۆژی فێمێنیزمی بەخشییە فێمێنیزمی ڕۆژئاوا و زانستی ژن، ئەو زانیارییانە بوون کە چۆن ژیانی ژنانی کولتوورە بیانییەکان لەکن ئێمە فۆرمی خۆی وەردەگرێ. ئەو بەرەوڕووبوونەوە تیۆرییانەی

ئەنترۆپۆلۆژی ژن، فێمێنیزمی ڕۆژئاوای ڕووبەڕووی کارێک دەکاتەوە کە بە مانایەک دەبێ ئەوە شی بکاتەوە کە چۆن زانیاری ئەنترۆپۆلۆژیانە دەکارێ سەبارەت بە «ژنانە» و «پیاوانە» پەرە بە تێگەیشتنمان بدات. ئەنترۆپۆلۆژی ژن بە بڕوای فێمێنیزمانە دەتوانێ بە ڕێگەی پرسیار ئەفراندن، یان ئاوەڵاکردنی ڕێگە تازەکان بۆ تێگەیشتن، بەهۆی ئەوەوە کە خۆی لە جەم ڕۆژئاوادا بهێڵێتەوە، خۆی ئامادە بکات.

## سرووت و ئایین

ئەنترۆپۆلۆژی فێمێنیزمی، هاوچەشنی زانستی ژنان لەسەر پێوەندییەکی ڕەخنەیی لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆژیدا وەستاوە. کاتێ ئەنترۆپۆلۆژی ژن لەسەرەتای حەفتاکاندا گەشەی کرد، بە ڕەخنەگرتن لە Androcentralism (١)، لە ئەنترۆپۆلۆژی ترادیسیۆنییەوە هەنگاوی یەکەمی دەست پێ کرد. بەم کارە توانی دیدگەیەکی پیاوانە بەدی بکات، واتا ئەوە پیاوە ئەو پرسیارە تیۆریانەی فۆرمۆلە کردووە و لە ڕاڤەکردنیشدا خولیای ئەوە بووە کە تەنیا جەخت لەسەر پیاو و چالاکی پیاو بکاتەوە.

سەرتاسەری ئەو بوارانەی کە ئەنترۆپۆلۆژی ڕاڤەی کردوون، ئەوە- خزمایەتی-، سیستمی بەرهەمهێنان، سرووت، ئایین، بوون. بەشی ژنان تەنیا تیکە تیکە باس کراون، یان بتەواوی پشتگوێ خراون. لە بەشەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەهەمان شێواز ئەنترۆپۆلۆژی ژن دەستی بە «دیارخستن»ی ژنان کرد. ئەوان بوون کاری ژنانیان شی کردەوە. کایەی ژنان لە سیستمی خزمایەتی، پێوەندییان بە سرووت و ئایین و تاد، ڕاڤەکرد. ئەنترۆپۆلۆژی ژن پرسیارگەلێکیان لەوانە کرد: ئاخۆ دەکرێ کام زانین بۆ تیۆرییەکانی ئەنترۆپۆلۆژی مانا بەخشبێ؟ ئەم کارە ئەنترۆپۆلۆژییە بە پێداویستی بزاڤی ژنانەوە بەسترابۆوە کە دەبوو سەرەڕای کولتووری ڕۆژئاوا، زانیاری لەسەر مێژووی ژنان و مەرجەکانی ژن لە کولتوورەکانی تردا هەبێت.

لەو ساڵانەی دواییدا ئەنترۆپۆلۆژی خۆی بەرانبەر بە ڕەخنە لە خۆگرتن بینیەوە و لەوە ورد بۆوە کە خودی چەمکەکانی خۆشیان تەواوکەری جیهانبینی ڕۆژئاوان. لە ئەمریکا ڕەش پێستەکان و ئەو ژنانەی کە حەز لە ژنان دەکەن (Lesbisk) ڕەخنەیان لە سپی پێستەکان گرت، هاوکاتیش ڕەخنەیان لەو فێمێنیستە هاوڕەگەزخوازانە گرت کە سەر بە چینی نێوەڕاست بوون کە لە بزاڤی ژنان و لێکۆڵینەوەکاندا دەست باڵان. فێمێنیستەکانی جیهانی سێیەم دەنگیان بەرزکردەوە و داوایان کرد لە گفتوگۆیە نێونەتەوەیی و کۆنفرانسەکانی ژناندا دەنگی پایەی خۆیان هەبێت. لە هەمان کاتدا ئەنترۆپۆلۆژی لەو ساڵانەی دواییدا بەشێوەیەک لە شێوەکان تەواوکەری ڕاڤەکردنەکانی خۆیەتی.

ئایا ئەنترۆپۆلۆژی بەشێوازی خۆی دەخوازێ پێوەندی باڵادەستی کولتوورەکانی تر لەنێوان ڕۆژئاوا و جیهانی سێیەم، یان جیهانی چوارەمدا وێنا بکات؟

ئەنترۆپۆلۆژی بە کام شێوازی تازە دەتوانێ پەرە بسێنێ، تاکو بە ئازادی دەنگ بە مرۆڤەکانی ئەو کولتوورە بدا کە ڕاڤەی دەکات؟

## ئاوێنەیەکی نێگەتیڤ

ئەو مشتومڕەی نێوان ئەنترۆپۆلۆژەکان، وێڕای چەندان نووسەر، بەهرەی لە کتێبە ناودارەکەی ئەدوار سەعید، «Orientalism» وەرگرت. سەعید تێزەکەی بەوە ئاراستە دەکات کە سەیرکردنی زانست و ئەدەبی ڕۆژئاوا لە ئەوانی تر، لەم دۆخەدا لە «خۆرهەڵاتییەکان»دا وێنەی خۆی لە ئاوێنەیەکی نێگەتیڤ پیشانداوە، بۆ ئەوەی ڕووی باشتری ڕۆژئاواو بڕیاری ڕەوایەتی ئیمپێریالیزمی ڕۆژئاوا سەقامگیر بکات.

دەقەکان لە کۆلۆنیالییەوە مێژووی خۆرهەڵات وەک ڕووخانی بەربەری لە ڕێز و بەخشندەیی کولتوورەکان وێنە دەکێشێ، کە لە یۆنانی کۆن، فیرعەونییەکانی میسر، یان ئیسلامی: کلاسیک پێک هاتووە، کەچی لەو کولتوورە هاوچەرخانەدا هیچ بەهایەک سەریان هەڵنەدایەوە.

ئەوان لە بری ئەوە بڕوایان وایە کە «پیاوە سپییە ڕەچەڵەک ڕەسەنەکان» لە سەدەکانی ڕووخان، سیاسەتی باج، زۆرەملێ و بێ توانایییدا ڕزگاریان بووە. هەروەها سەعید هێرش دەکاتە سەر شێوازی ڕەفتاری ڕەوانبێژی، کە نووسەرانی ڕۆژئاوای وەک چالاک پیشانداوە و ئەوانەی کە ئەوان لەسەریان دەنووسن بە کلۆڵ نیشان دەدرێن. ڕەوانبێژی «Retorik» خۆی لە خۆیدا دەبێتە ڕەفتارکردنی دەسەڵات، چونکە ئەوە لە خوێنەر دەشارێتەوە کە ئەوانەی پیشانی دەدات، دەکرێ لەمەڕ کولتووری خۆیان ڕاوبۆچوونی تریان هەبێت، هەروەک چۆن بۆ نووسەرەکە ڕەوایە، بەم جۆرە بۆ ئەوانی تریش ڕەوایە.

ئەو ڕەخنەی کە سەعید لە ئەنترۆپۆلۆژیەکاندا دەیگرێ ئەوەیە، کە ئەو لە خۆرهەڵاتناسی «Orientalism»دا ڕێگای هیچ ئەلتەرناتیڤێک پێشنیار ناکات، کە

دەنگەکانی تر دەربڕێت، هیچ ئومێدێک بەدی ناکات بۆ شیانی ئەو کارە. لە کن ڕۆژئاواییەکان هیچ مۆتیڤێکی تر نییە، بێجگە لە باڵادەستی نەبێت، هیچ مشتومڕێکی ناوەکی نییە لەمەڕ ئەلتەرناتیڤی بە وێناکردنێکی تر، لەسەردەمی کۆلۆنیالیدا تا ئەم دۆخەی ئێستا هیچ گۆڕانێک لە ئارادا نییە (لە کوێوە ئەو هەموو دەقە ڕاڤەکراوانە هێنراون.)

وێڕای ئەمەش ئەگەر پێویست بێت ئەوە بەوردی ڕاڤە بکەین، کە چۆن ئەنترۆپۆلۆژەکان سەبارەت بەم کارانەی کردوویانە و بەمەش یارمەتی خۆرئاوایان داوە بۆ ڕەفتارکردنی دەسەڵات، هاوکات ئەنجام بدەین کە ئەنترۆپۆلۆژی ئیمڕۆ لەگەڵ ئەو دەقانەی کە لە ماوەی کۆلۆنیالە ئیمپیریالیستەکاندا بەرهەم هاتوون، بەراورد بکرێن.

## پشتگیریکردنی پێوەندی دەسەڵات

سەبارەت بەوەی کە چۆن دەکرێ پرسیار «Etnocentrism» (٢)، واتا ئەو دیدگەی کە تەواوکەری خودی کولتوور و هەڵسەنگاندنی ڕۆژئاوایە، پشتگوێ بخرێت، خۆی لە خۆیدا هەر لە دەستپێکی سەدەکانەوە کاکڵەی پرسیاری ئەنترۆپۆلۆژییە. بەلای ئەنترۆپۆلۆژییە مۆدێرنەکانەوە دەرکردنی بیانییەکان ڕەخساندنی زەمینەیەک بوو، تێگەیشتن لە بیانییەکان و ڕەخساندنی زەمینەیەک بوو، بۆ پێوەندی ئاڵوگۆڕکردن (Kommunikation) لە دەرەوەی سنووری کولتوورەکاندا، نیازێکی زیندووە.

دیارە ئەنترۆپۆلۆژی ناتوانێ خۆی بخاتە دەرەوەی پێوەندی باڵادەستییەوە، بەڵام ڕەنگە ئەوە سەخت بێت، بڵێین کە تاکە ئەلتەرناتیڤ کە هەبێت، ئەوە «پشتگیریکردنی» پێوەندی دەسەڵاتە.

ئەنترۆپۆلۆژی لە شەست و حەفتاکاندا ڕووی کردەوە ئەفریقا و ئاسیاو ئەمریکای لاتین، بەنیازی ئەوەی کە دەنگێک بداتە ئەو گەلانە- لە ڕێگەی ئەوەی بە دیدگەیەکی- ناوەکی ئەنترۆپۆلۆژیانەوە لەسەر کولتوورەکانیان بنووسێت، بەمە مرۆ بتوانێ وێنەیەکی پێچەوانە بەو وێنەی ڕۆژئاوای داگیرکەر ببەخشێت. هەندێ جار لە ڕۆژگاری ڕابردووی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیدا ببێ بە هاووڵاتییەکی دووانەیی لەو دنیایە زەنگینەدا، هەروا هەوڵ بدەی دەنگێک بە گرووپی هەڕەشە لێ کراوی گەلان ببەخشی، سەبارەت بەمە خەڵکانێکی زۆر بە گەرمی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ژیان.

دەکرێ بڵێین ئەمڕۆ مشتومڕی شەستەکان گەیشتە چڵەپۆپەی ئەزموونکاری- ئەو ئەزموونکارییە نوێیەی کە بە ناوی خولیای پۆستمۆدێرن- دەستنیشان دەکرێ- مرۆ بەو چەمکە کۆنە ئاساییە لەسەر ڕەنگدانەوەی بکەری قسەکەر و «بنەماشکێنی dekonstruktion و re-flexivitet» دەدوێت.

زۆر لە فێمێنیستەکان، ئەنترۆپۆلۆژەکان* لە «Androcentrism» ئەوەیان ڕوون کردەوە کە چۆن پێوەندی دەسەڵات لە نێوان پیاو و ژن لە نووسراوەی ئەنترۆپۆلۆژییەکاندا خۆی لە شێوەی وێناکردن، یان تەواو بەلانراو دەنوێنێ. هەروا خاڵی دەست پێ کردنی هاوبەشانەی ئەنترۆپۆلۆژییە پۆستمۆدێرن و فێمێنستەکان، سەبارەت بە دەنگی باڵادەستی «پیاوانە»ی مەیلی پۆستمۆدێرنەکان، دەرفەتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاگایی ڕەخساند.

ئەو ئەنترۆپۆلۆژەی کە بیەوێت جۆرە ئەنترۆپۆلۆژییەک بخولقێنی، کە ڕێگە نەدات ئەو پێوەندییەی دەسەڵاتە کۆلۆنیالەی بنیادکراوەیە خۆی دووبارە بکاتەوە، هەڵبەتە ناتوانێت پرۆژەی فێمێنیزم بەهەمان شێوە ببینێت، لەبری ئەوە وەک گرێدراو بە کولتوورێکی ئیدۆلۆژییەوە سەرنج دەدا، کە لە مەودایەکی ڕەخنەییدا دەمێنێتەوە.

## ژن وەک «ئەوی تر»

بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە داڕشتنی «ئەوی تر» و پێوەندی دەسەڵات، هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنەوە بەسەر گفتوگۆیە فێمێنیستیەکاندا باڵادەست بوو. یەکێک لەوانەی کە لە سەدەی بیستەمدا بۆ یەکەم جار بە جۆرکردنی «ئەوی تری»ی فۆرمۆلەکرد و بە پێوەندی دەسەڵاتی بەستەوە، سیمۆن دی بۆڤواری سازێنەری فێمێنیزم بوو.

سیمۆن دی بۆڤوار لە کتێبی «ڕەگەزی ئەوی تر»دا ئەوە نیشان دەدات کە چۆن پیاوی کولتووری ڕۆژئاوا خودی خۆی وەک سۆبژێکت (Subject) پێک دێنێ، بە ڕێگەی ئەوەشەوە ژن وەک «ئەوی تر» دەسازێنێ.

ژن وەک هەموو نێگەتیڤە تایبەتییەکان وێنادەکرێ، بەمەش ژن دەبێتە بیانی. سۆبژێکتی پیاوانە نایەوێ ئەو بناسێت:

وەک بێ ئاوەز، گیانەوەرانە، سێکسوالیتیتێکی بێ کۆنترۆڵ تەماشای دەکات. بەم جۆرە چۆن پیاوی ڕۆژئاوا وەک پاتریارکێک ترادسیۆنی ژن بەهەمان پێوەدانگ لەگەڵ ئەو وێناکردنەی ڕۆژئاوادا لە ڕاڤەکردنی خۆرهەڵاتیانەکەی ئەدوارد سەعیددا وێنەی دەبیندرێ. لە هەردوو باردا ئەو پێوەندییە ملکەچکراوانەیە کە بە دژی

«ئەوی تر» جێگیرکراوە.

ئەو هاوتەریب. پەرەلێلەی نێوان «ئۆرێنتالیزم» و سێکسیزم هێشتا بەردەوامە، چونکە ژن و کولتوورەکانی تر ملکەچ کراون، وەک دوو دۆست لە ژووری پراکتیکی و مینتالیتێتدا لەگەڵ یەکتردا یەک خراون.

لە نووسراوەکانی ڕۆژگاری کۆڵۆنیالیدا میتافۆرە سێکسییەکان لە خزمەتی پیاوی سپییە و بالادەستی پیاوی سپییە و لەسەر کولتوورەکانی تر بەباشتر دانراوە. کێشوەرەکان بە جەستەی ژن دەچن کە پیاوانی کۆڵۆنیالی دەیاندۆزنەوە، ئەو کیشوەرانە دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و سوودیان لێوەردەگرن. سەعید ئۆرێنتالیزم وەک فەنتازییەکی «پیاوانە» دەنوێنێ، کە لەوێوە خۆرهەڵات، بێدەنگ و بە چەق کراوە، پێشکەش دەکرێ. سەعید لە بەردەوامی نووسینەکەیدا دەڵێ پیاوە سێکسوالەکانی ئەورووپا بۆ بە سیمبۆلکردنی پیاو لە پێوەندی دەسەڵات لە نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا، سوود لە ژنانی خۆرهەڵات وەردەگرن.

## پێتاندنی دوو ڕەگەز

ڕەخنەی فێمێنیستەکان لە ئەنترۆپۆلۆژی و ڕەخنەی سەعید ئاسا لە زانست و ئەدەبی ڕۆژئاوا هاوتەریبە. دەنگی ژن لە ئەنترۆپۆلۆژیدا بێدەنگە، ژیانیان نەبینراوە، فێمێنیستەکان وایان ڕاگەیاند، ئەمەش تەواو ئاشکرایە. ئەوان سەبارەت بە تێکستەکانی سەدەی پێشوو نەپەیڤین، بەڵکو سەبارەت بەو تێکستانەی کە هاوکارە زانستییەکانیان نووسیویانە پەیڤین.

بەم جۆرە ژنە ئەنترۆپۆلۆژییەکان ئەو تێکستە بالادەست و بڕواپێکراوانەیان خستە ژێر پرسیار. ئەو ژنە ئەنترۆپۆلۆژیانە بە هەڵوەشاندنەوەی دەنگی بالادەستی پیاوانە لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیدا دەستیان بە کارکردن کرد. پرۆژەکەیان ئەوە بوو کە دەنگێک بە ژن بدەن تاکو بێنە پێشەوە و ئەنترۆپۆلۆژی (Androcentrism)، واتا دیدگەی سەردەستانەی پیاوانە ڕەت بکەنەوە. ئەوە ئاشکرایە کە چۆن ئەنترۆپۆلۆژی پرۆژەیەکی گرنگی ژیانە، کە ڕزگار بوون لە «Etnocentrism» بە واتای فێمێنیستانە، مانای وایە بێتە پێشەوەی «Androcentrism». لێرەوە ئەنترۆپۆلۆژی و فێمێنیزم دەبوو یەکتریان بپیتاندبوایە، زاو و زێیان بکردبا.

زۆر لە فێمێنیستە ئەنترۆپۆلۆژەکان پیتاندنی ئەو دوو ڕەگەزە دەجۆشێنن. بەگشتی ئەنترۆپۆلۆژی دەخوازێ سەبارەت بەو پرسیارانەی ڕەخنە لەخۆگرتن کە بۆ نموونە: پێوەندی دەسەڵات لە تێکستەکاندا چۆن ڕەنگی داوەتەوە، ئەزموونی فێمێنیستەکان بەکاربهێنێت.

ئەنترۆپۆلۆژی ئەزمووندار چۆن دەتوانێ خۆی نیشان بدات، گفتوگۆ کە نەیتوانی خۆی بەیان بکات، ڕەنگە بتوانێ لە جیاوازی نێوان فێمێنیزم و ئەنترۆپۆلۆژیدا، نێوان ڕەخنە لە «Androcentrism» و «Etnocentrism»دا خۆی نیشان بدات. ئەنترۆپۆلۆژەکان کە دەخوازن دوور لەباری کۆڵۆنیالی سەبارەت بە ڕەخنە لەخۆگرتنیان بنووسن، لەسەر پێوەندی خۆیان لەگەڵ «ئەوی تر»دا گفتوگۆ بکەن. فێمێنیستەکان بۆ خۆیان وەک ژن «ئەوی ترن» و لەو ڕەوشەدا لە خوارەوە دەنووسن. ئەو پێوەندییە خۆسەپێنەرانەی نێوان پیاو و ژن لە ڕۆژئاوا لە دنیای ئەکادیمیشدا، ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ژن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بوارێکی بۆ خۆی ڕەخساند. مەبەست لەوە واتا ژن بۆ جۆرایەتییەکی وەک «ئەوی تر»ی بەکارهێنا، بیانی بوون هەر تەنیا نەبوو بە پرسیاری دیدگەیەکی تیۆرییانە، بەڵکو لە ژێرەوە لە پێناوی دەسەڵاتدا بوو بە یارییەکی بەڕاستی. لەو ڕەوشەی ئێستاشدا لەنێوان ڕەگەزەکاندا خۆی لە ڕۆژێکی ئاواڵەدا ڕادەگەیەنێ.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری Bang، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٩٣/ ١٩٩٤.**

**سەرنج:**

**گۆڤاری Bang گۆڤاری یەکێک لە بزاڤی فێمێنیستەکانی سوێدە کە ئاوڕ لە کولتوورەکانی تر دەداتەوە.**

**ئەو گۆڤارە تا ئێستا وێڕای «ژمارەی تایبەت» لەسەر «ژنانی دنیای ئیسلام»، وتارگەلێکیان لەمەڕ ژن لە دنیای ئیسلامیدا هەم لەلایەن خودی فێمێنیستەکانی سوێد و هەمیش لەلایەن ژنانی عەرەب و فارس بڵاوکردۆتەوە، بەڵام تاکە وشەکیش، نەک تەنیا لەلای فێمێنیستەکانی سوێد، بگرە لە لای ژنی کوردیش، لەمەڕ وێنەی ژنی کورد، لەو گۆڤارەدا نییە.**

**١- Androcentrism: بالادەستی پیاوانە وەک دیدگە.**

**٢- Etnocentrism: خولیای بڕیاردان لەسەر کولتووری «ئەوی تر» لە ڕوانگەی خۆتەوە.**

ئەزمـوونی ڕیژیسـۆر

# یارییەخەونێک
# لە ڕەباتەوە بۆ زانستگای کەمبریا

د. فازیل جاف
(سوید)

یەکێک لەو گرفتە سەختانەی کە دێتە پێش ڕیژیسۆری (پێداگۆگ) مامـۆسـتـا ئەوەیە کـە هەمـیـشـە مـاوەیەکی کـەمـی بەدەسـتـەوەیە و بوارێکی تەسکی لەپێـشـە بۆ کـارکـردن لەسـەر تێکست. ئەکـتـەری قـوتابی بە بەراورد لەگـەڵ ئەکـتـەری شـانۆدا کـەمـتـر خـۆی بەخـوێندنەوەی تێکست و قـووڵبـوونەوە لەناو جیـهـانی شـانۆنامـەکە و ناخی کەسایەتییەکان خەریک دەکات. ئەکتەری قوتابی بەگـشـتی پەلەی ئەوەیەتی خـێـرا بچـێـتـە ناو پرۆسـەی پرۆڤەوە بێ ئەوەی تەواو کۆنترۆڵی کەرەستە و بابەتەکەی بکات، یان بێ ئەوەی چارەسـەری هونەری گـونجـاوی دۆزیبێتەوە، هەڵپەی تاقیکردنەوەی فۆرم و شێوازیەتی، هەروەکـو ڕیژیسـۆری ڕووسی ئەناتۆلی ئیـڤـرۆس دەڵێت: تەنیا پشت بە تەفسیرێکی سەرەتایی گشتی دەبەستن. ئەکـتـەرانی قـوتابی هەڵپـەی ئەوەیانە کـە فـۆرمـی سەرنجڕاکێشی جۆراوجۆر بدۆزنەوە. ڕەنگە هەندێک جار فۆرمی جوان و سەرنجڕاکێش بخوڵقێنن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێکهاتەکـانیـان بۆش دەردەچن و گـوزارشت لەبێ مانایی دەکەن.

گەلێک سەختە مامۆستا بزانێت قوتابیانی نواندن کەی دەگـەنە ئاسـتـێکی چاکی تێگەیشتن لە دەق و تا چەندە لێی دەگـەن، ئەو کـارە لە تیـپـە شـانۆییـەکـان و لەگـەڵ ئەکتەری پیشەکاردا ئاسانترە.

دەرهێنانی هەرکـارێکی شـانۆیی لە قـوتابخـانە و کۆلێـژەکانی شانۆدا، خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە مەشق و ڕاهێنان لەشێوەی «ئیـتـود»دا، واتە لەشێوەی ڕاهێناندا، بۆیە هەمـیـشـە دەبێت مـەترسی ئەوەت هەبێت کـە بگەڕێیـتـەوە بۆ دەسـتـپـێـک و سـەرلەنوێ دەست پێ بکەیتەوە، ئەمەش باشـترین ڕێگایە بۆ چارەسـەرکـردنی هەڵە و کێشەی ناو هەر دیمەنێک. بەمەرجێک کە دەبێت هەمووان تا ئاستێکی باش شارەزای بابەتەکە بن، ئەگینا ڕاهێنانەکـان لاسـەنـگ دەبێت و بەرەو پێشـەوە هەنگاو

نانێت، بەڵام گرفتی سەخت لێرەدا ئەوەیە کە زەحمەتە بزانیت قوتابییەکان چەند لەدەقەکە تێگەیشتوون و چەندە کاریان لەسەر کردووە.

پاش کارکردن بەشێوەی ئیتود لەسەر هەر دیمەنێک دەچینە سەر دیمەنێکی دیکە، پاش ئەوەی دەگەینە ئەو باوەڕەی کە نەبز و ڕیتم و ڕوخسار و دیمەنەکەمان دۆزیوەتەوە.

هەرچۆنێک بێت، وەکو ئیڤرۆس دەڵێت: شێوازی کارکردن لە شێوەی ئیتوددا گەلێک پراکتیکییە، پاش شیکردنەوەی کاریگەرانە دەبێت هەموو شتێک ڕوون بێت تاکو ئەکتەر بتوانێت لەسەر شانۆ بوەستێت و دەست بە ئیرتیجال بکات.

**وانەیەکی بەکەڵک**

وانەیەکی سوودبەخش و بە کەڵک کە لە ئیڤرۆسەوە فێر بووم و هەمیشە هەوڵ دەدەم بە قوتابییەکانی ڕابگەیەنم ئەویش ئەوەیە کە دەبێت بەشێوەیەکی سایکۆفیزیۆلۆژی بیربکەیتەوە. واتە هەوڵ بدەیت کە هەموو شتێک لەچوارچێوەی کردار و پێکدادانداندا خۆی بنوێنێت کە کاری شانۆیی بەم شێوەیە ئەنجام دەدەین، هەست بە هیچ بێزاری و وەڕسی و سڕبوونێک ناکەین، ئەو شتەی کاری لەسەر دەکەین لە ئاسمانەوە نایەتە خوارێ، بگرە هەموو شتێک لە ژیان خۆیەوە سەر هەڵدەدات.

هەموو بیروبۆچوون و شیکردنەوەیەک دەبێت یەکسەر بخرێتە قاڵبی ئیتودەوە، مەشق و ڕاهێنانی لەسەر بکرێت، واتە لە تیۆرەوە یەکسەر بۆ پراکتیک، دەبێت نرخ و بایەخی تیۆری لە پراکتیکدا تاقی بکرێتەوە و دەربکەوێت. هەر وەکو ئیڤرۆس دەڵێت: وەکو ئەوە وایە وشەیەک بەزمانێکی بێگانە فێر ببی، بەڵام بێ ئەوەی بەکاری بهێنیت.

**شیکردنەوەی کاریگەر**

لەکارکردن لەگەڵ ئەکتەراندا دەبێت جیاوازی لەنێوان شیکردنەوەی دەق بەشێوەیەکی ئەدەبی و شیکردنەوەی کاریگەردا بکەین، شیکردنەوەی کاریگەر شێوازێکی شانۆییە لە شیکردنەوەدا. شێوازێکە کە شانۆنامەکە بەرەو نمایش و بەرجەستەکردن دەبات. ئیڤرۆس بەم شێوەیە شیکردنەوەی کاریگەر دەست نیشان دەکات: دەبێت تەواو ئاگاداری ئەوە بیت کە ئەو شتە لەکوێوە دەستی پێ کرد؟ چۆن پەرەی سەند؟ چۆن کۆتایی هات؟.

کارکردن لەشێوەی ئیتودا یەکسەر پاش کاری شیکردنەوە و لێکدانەوەی تێکست ڕێگایەکی مسۆگەرە بۆ شیکردنەوەی کاریگەر. دیارە هیچ دیمەنێک چەندە جوان و نایاب و ڕێکوپێک خۆی بنوێنێت خۆی لە خۆیدا



تەواو و کامڵ نییە، تاکو بەدیمەن و بەشەکانی دیکەوە نەبەسترێتەوە، ئەمەش لەقۆناخی کۆتاییدا دەردەکەوێت، واتە لەسەرجەم و گشتگیری کارە هونەرییەکەدا دەردەکەوێت.

گەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە تەماشای پرۆڤەکان بکەین، یان ڕاستتر بڵێم لەدیدێکی گەشبینانەوە تەماشای مەسەلەی پرۆڤە لەگەڵ قوتابیاندا بکەم، دەکرێت بێ سێ و دوو بڵێم کە پرۆڤەکردن لەگەڵ قوتابیاندا خۆشتر و بەتامترە، چونکە ئەکتەری قوتابی هەمیشە بەرچاوکراوەتر و دڵ و دەروونی واڵاترە، دەتوانیت وەکو ڕێژبسۆر گەلێک بیروبۆچوونی نوێی لەگەڵدا تاقی بکەیتەوە، دەکرێت ئەویش بۆ تۆ سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی ئیلهام بێت.

هەستکردن بە خۆشەویستی بەرانبەر بە قوتابییەکان سەرچاوەی کاری پێداگۆگییە، ئەگەر ئەم خۆشەویستییەت مسۆگەر کرد، زۆر بە وردی گوێت لێ دەگرن، زۆر جار خۆت بەرانبەر بەچەند ئاستێکی جیاواز دەبینیت، ئاستێکی جیاواز لە بەهرە و توانا، لەتێگەیشتن و زانیاری و شارەزایی و ئەزموونی هونەری و ژیان، دەشبێت هەموویانت وەکو یەک خۆش بوێت، پاشان ئەوانیش تۆیان خۆش دەوێت، ئەمەش بوارێکی چاک بۆ



کارکردن دەخولقێنێت کە ڕەنگە لە شانۆ گەورەکاندا مەحاڵ بێت، بەڵام من پاش ئەزموونی خۆم دەتوانم بڵێم کارکردن لەگەڵ قوتابیانی شانۆدا خۆشترین کارە، مەگەر خۆت کەشێکی ئاڵۆز دروست بکەیت. کاری مامۆستای شانۆ، بەتایبەت وەکو ڕیژیسۆر گەلێک سەختە، لەکاری سەرکردەیەکی سیاسی دەچێت، ڕەنگە هەندێک جار بێزار بیت و تاقەتی هیچت نەبێت، بەڵام نابێت ئەوە پیشان بدەیت، چونکە لەوە زیان بەخشتر نییە قوتابییەکانت بزانن کە تۆ لە کارەکەت بێزاریت، متمانەت لاوازە، یان ناتوانی چیدی بەرەو پێشەوە بڕۆیت. دەبێت خۆشەویستی و باوەڕ و متمانەیان مسۆگەر بکەیت، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین، کە مەترسی خراپ حاڵی بوون و کرچوکاڵ تێگەیشتن لە تێکست هەمیشە هەیە. خۆ ئەگەر وەکو مامۆستا پێت وابێت کە پێویستە کاتێکی زۆر بۆ کارکردن لەسەر دەق تەرخان بکەیت، ئەوە دیسانەوە تووشی کێشەی کات دەبیت، کە پاشتر هەست دەکەیت کاتێکی زۆرت بۆ سۆراخ و پشکنین و قوولبوونەوە تەرخان کردووە، بێ ئەوەی جارێ دەست بەکاربیت و دەستت بە پرۆڤە کردبێت.

ژمارەی ئەکتەرانی شانۆنامەکە لە مەغریب شازدە ئەکتەر بوو جگە لە تەکنیکارانی کە قوتابی سینۆگرافیا و ڕووناکی و جلوبەرگ بوون، ئەم ژمارەیە بۆ شانۆنامەی یارییە خەونێک خراپ نییە، بەڵام لەکەمبریا بیست و پێنج کەسێک دەبوون. ئەمە جگە لە چەند قوتابییەکی بەشی بەرهەمهێنان و تەکنیک، وەکو ئەوانەی کە لەگەڵ سینۆگرافیا و ڕووناکی و جلوبەرگ و دەنگدا کاریان دەکرد.

## بەراوردێک

ئەگەر قوتابییەکانی هەردوو کۆلێژ بەراورد بکەم، دەتوانم تایبەتمەندی و لایەنی بەهێز و پۆزەتیڤی هەردوو لایان دەستنیشان بکەم، بەمەرجێک لایەنی پۆزەتیڤی هەر لایەنێک ناکاتە ئەوەی بڵێین لایەنی دووەم نێگەتیڤە. نەخێر ئەوەندە نەبێت کە هەر یەک لەو دوو کۆلێژە سیماو میتودی کارکردنی خۆی هەیە. پاش ئەزموونی دە ساڵ لە سازکردنی ووۆرکشۆپەکانم و دەرهێنانی چوار شانۆنامە لەوێ، دەتوانم هەندێک تایبەتمەندی قوتابیانی ئەوێ دەستنیشان بکەم، لەوانەش هەستی بەرجەستەکردنی فیزیکی و ڕیتمیکیان گەلێ بەرزە. ڕەنگە ئەمەش بۆ فرە کولتوورییان بگەڕێتەوە کە تێکەڵە لەکولتووری عارەبی و ئەفریکایی و ئەورووپایی و ئەمازیغی. سەرەڕای ئەوەی کە سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان گەلێک جودایە و لەشارێکەوە بۆ شارێک دەگۆڕێت، بۆ نموونە کولتووری شاری کازابلانکا و مەڕاکیش گەلێک گەلێک لە یەکترەوە جودان، بەهەمان

شێوە کولتووری ڕەبات و فاسیش هەروایە.

لەکاتێکدا کە قوتابییانی ئینگلیز درەنگتر دەگەنە قۆناخی فۆرمی جەستەیی، چونکە لەلای ئەوان بایەخدان بەدەق و پشکنین و کارکردنی لەگەڵ مانای شاراوە و بن دێردا گەلێک گرنگتر و کاتێکی زیاتری دەوێت. قوتابییەکانی کەمبریا تایبەتمەندییان لەوەدایە کە لەبنەڕەتدا قوتابی شانۆی موزیکاڵن و باش دەسەڵاتیان بەسەر گۆرانی و سەمادا دەشکێت. لەمەشدا وەنەبێت قوتابییە مەغریبییەکان لەم بوارەدا بێ بەهرە بن، بگرە بەهرەی ئەوان لەم ڕووەوە خوڕسکە، لەکاتێکدا لای قوتابییە بەریتانییەکان ئەم تایبەتمەندییە سیمایەکی سەرەکییە و بەشێکی سەرەکی کارەکەیانە و چاک خۆیان لەسەری ڕاهێناوە.

ئەکتەری مەغریبی بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی بەریتانیا وەکو مرۆڤ خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندتر و گەییوترە، لەبەر ئەوەی ئامادەبوونیان لەسەر شانۆدا خۆی دەسەلمێنێت و هەست دەکەیت کە ئەمانە ئەکتەرێکن خاوەن ئەزموونی ژیانن، لەو دیمەنانەدا کە کەمترین ژمارەی بەشدارانی تێدایە، چاکتر نمایش دەکەن، چونکە تێیدا جەخت لەسەر ڕۆڵی تاک دەکرێت، لەکاتێکدا لای قوتابییەکانی بەریتانیا هەست دەکەیت لەناو ژیاندا کەمتر قاڵبوونەتەوە، بۆیە ئامادەییان وەکو قوتابیانی مەغریب بەهێز نییە. ئەوان باشتر کار لەسەر دیمەنەکانی گرووپی گەورە دەکەن و دەتوانن کومپۆزیسیونی گەورە دروست بکەن، دیارە لەمەدا شارەزاییان لەبواری شانۆی موزیکاڵ زۆر یارمەتییان دەدات. لەنووسەرێکم پرسی: بۆچی قوتابییە ئەکتەرەکانی مەغریب خاوەنی بوون-وجوودی بەهێزترن لەسەر شانۆدا؟ ئەویش هەروەکو من پێی وابوو کە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەیان دەوڵەمەندترە، کە ژیانی ڕۆژانەیان سەختە و ڕۆژانە دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و هەژاری سەری تێکردوون، لەکاتێکدا قوتابییەکی بەریتانی ئەم کێشانەی ئەوانی نییە و کەمتر بیر لە مسۆگەرکردنی ژیان دەکاتەوە.

## کارکردن لەگەڵ گرووپ

کێشەیەکی دیکەی ڕێژیسۆری پێداگۆگ لە مەسەلەی چۆنیەتی ئەکتیڤکردنی گرووپ و چالاککردن و بەشداری پێکردنی هەموو قوتابییەکان خۆی دەنوێنێت. قوتابییەکان دەیانەوێت هەموویان بەشدار بن، هەرکەسە و دەیەوێت ڕۆڵێک ببینێت، ئەمەش واتە دەقێ هەڵبژێریت کە جێگای هەموویانی تێدا ببێتەوە، ژمارەی نێر و مێش لەبەرچاو بگیرێ، بۆیە ناتوانی هەروا بە ئاسانی کام شانۆنامەت پێ باش بوو هەڵیبژێریت. دەبێت شانۆنامەیەک هەڵبژێریت کە بە کەڵکی تیم و بابەت و میتودی وۆرکشۆپەکەت بێت، لەهەمان کاتدا ژمارەی ڕۆڵەکانی لەگەڵ ژمارەی ئەکتەرەکان بگونجێت. تۆ کە لە شانۆیەکدا کار دەکەیت ئەم کێشەیەت نایەتە ڕێ.

دیارە شانۆنامەیەک لە چەشنی شانۆنامەی یارییەخەونێک، یان شانۆنامەکانی مۆلییر و شەکسپیر ئەم کێشەیەت بۆ چارەسەر دەکەن، سەرەڕای ئەوەش کێشەی کات سەرهەڵدەدات، ئەگەر لەمن بپرسی چۆن ئەم گرفتە چارەسەر دەکەم؟ ئەوە دەڵێم بەپلان دانان هەوڵ دەدەم بەهیچ جۆرێک نەهێڵم کات بە فیڕۆ بڕوات.

## دەبێت بەردەوام هەمووان ئەکتیڤ بن

ستراتیژی ڕێژیسۆری مامۆستا دەبێت ئەوە بێت کە بەردەوام هەمووان ئەکتیڤ بکات، نەهێڵێت گرووپێک کار بکات و ئەوانی دیکە بێ کار بن، یان گرووپێک کار بکەن و ئەوانی دیکە تەماشایان بکەن، ئەمە تەنیا بەوە دەبێت کە هەر قوتابییەک لە هەموو ساتێکدا بەشدار بێت. تەکنیکی دابەشکردنی قوتابییەکان لەشێوەی گرووپی جیاواز و کارکردنیان لەگەڵ یەکدیدا تا ڕادەیەک سەرکەوتووە. تەنانەت کاتێک کە مامۆستا لەگەڵ گرووپێک کار دەکات و گرووپێکی دیکە لەلایەکی ترەوە سەربەخۆ کار دەکات تەکنیکێکی سەرکەوتووە، چونکە ئەو گرووپانەی کە دوور لە مامۆستا و بە هاریکاری یەکدی کار دەکەن، هەست بەئازادی هونەریی دەکەن و باوەڕ و متمانەشیان بەخۆیان دەبێت.

فیولا سپولین کە لە ئەمریکا مامۆستایەکی گەورەی شانۆیە، دەڵێت ڕێژیسۆری مامۆستا دەبێت بەشداری بەهەموو قوتابییەک بکات و ڕێز لە بەهرەی هەموویان بگرێت، هەرچەند قوتابی بەهرەمەند دەردەکەوێت زیاتری پێیە، بەڵام تەنانەت ئەوانەی کە ئەوەندەیان پێ نییە و بەهرەیان کەمترە، دەبێت بە هەمان شێوە ڕێز لە بەهرەکەیان بگیرێت. وەنەبێت قوتابی هەردەم بزانێت مامۆستا چی دەوێت، سپولین دەڵێت: وەکو مامۆستا دەبێت وا لەگەڵ قوتابیدا کار بکەیت وەک خۆی دەیەوێت، نەک وەکو ئەوەی تۆ دەتەوێت.

## کەشی لەبار و گونجاو

لەهەردوو وۆرکشۆپەکانی مەغریب و کەمبریادا کەشێکی گونجاو و لەبار هاتە گۆڕێ، کەشێک کە دەتوانی ناوی لێ بنێیت کەشی وۆرکشۆپ و ڕاهێنانی کاریگەر. تەنانەت جێبەجێ کردنی میتودێک یان سیستمێکی شانۆیی لە چوارچێوەی وۆرکشۆپدا دەبێت بە شێوەیەکی کۆنکریت و دۆگما نەبێت، بۆ ئەوەی بکرێت لێک بدرێتەوە و بەشێوەیەکی شەخسی کاری لەسەر بکرێت.

ئەوەی ڕاستی بێت لە سپولینەوە فێری شەفافیەت و



دەستبەجێ پلان گۆڕین بووم، کاتێ بزانم ڕاهێنانەکانم بەو شێوەیە نییە کە دەمەوێت، یان بەم شێوەیەی ئێستای ئەنجام ناپێکێت. ئێستا وابزانم جێگای خۆیەتی ئاماژە بەم پلان گۆڕینە بدەم کە لە کەمبریادا ناچار بووم پەنای بۆ بەرم.

### پلان گۆڕین.. نموونەیەک

مەشقکردن لەسەر ئێتودەکانی بیومیکانیک بەو شێوەیەی کە بەرنامەم بۆ دانابوو، بەڕێوە نەدەچوو، من پشت ئەستوور بووم بەوەی کە قوتابییەکان شارەزاییەکی باشیان لەو ڕێبازەدا هەبوو، بەپێی ئەوەی کە ئەوان قوتابی «ڕۆبیرت لیچ» بوون، لیچ پسپۆڕێکی لێهاتوو و بەناوبانگی میتودی میرهولدە ، لەم بوارەدا چەندین کتێبی ئەکادیمی بڵاوکردۆتەوە، نەک هەر لە بەریتانیادا، بگرە لە زۆربەی وڵاتانی ئینگلیزی زمان بە سەرچاوەی سەرەکی دەژمێردرێت. خۆشی ڕێژیسۆر و پێداگۆگێکی لێهاتووە، بەڵام وا پێ دەچوو شێوەی دەرس گوتنەوەی مەشقکردنمان تارادەیەک جودا بێت. هەرچۆنێک بێت قوتابییەکان بەر لە سێ ساڵ بە کۆرسی بیومیکانیکدا تێپەڕ ببوون، واتە بۆ ماوەیەکی زۆر بەلای ئەم ڕاهێنانەدا نەڕۆیشتبوون. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لیچ لە مەشقەکاندا ئازادییەکی زۆری پێ بەخشیبوون کە ئێتودەکان بەگشتی شێوەی ئیرتیجالیان وەرگرتبوو.

ڕەنگە ئەمەش هەڵە نەبێت، چونکە ئێتودەکانی بیومیکانیک دەکرێت بەچەندین شێواز و بۆ چەند مەبەستێکی شانۆییانە لە ڕاهێناندا بەکاربهێنرێن، وەکو ئیرتیجال، یان تەنیا مەشق و ڕاهێنانی جەستەیی، بەڵام پێم وایە مەبەستی میرهولد بەر لە هەموو شتێک بۆ ئەوەیە وەکو میتودێکی نواندن و دەرهێنان بەکاربهێنرێت. بەرنامەم لە هەردوو کۆلێژدا لە ڕەبات و لە کەمبریادا بەم شێوەیە دەستی پێدەکرد: سەر لەبەیانی کاتژمێری یەکەم تەرخان کرابوو بۆ بیومیکانیک وەکو ڕاهێنانی فیزیکی، کاتژمێری دووەم بۆ ئێتودەکان وەکو میتودەیەک بۆ بنەماکانی نواندن. ئەمجا پرۆڤەکردن لەسەر تێکست، کاتژمێری یەکەم دوای نیوەڕۆژ کردن بۆ لایەنی تیۆری میتودی نواندن، پاشان دیسانەوە گەڕانەوە پرۆڤە کردن.

چەند قوتابییەک لە باسەکانیاندا کە بە باسی دیپلۆم ناو دەبرێت، ئاماژەیان بەوە کردبوو، کە لەیارییە خەونێکدا زیاتر لە بیومیکانیک نزیک بوونەوە و وەکو میتودێکی نواندن چاکتر کەڵکیان لێ وەرگرت.

### مەجازیەت... شێوازگەری

ئەو میتودەی کە وەکو ڕێژیسۆر پشتی پێ دەبەستم، لە ناوەرۆکدا مەجازییە، دەشکرێت بەجۆرێکی دیکە دایبڕێژم: میتودێکە شێواز دەبەخشێتە ناوەڕۆک. بۆ

ئەمەش دەبێت یەکسەر ڕەفتار لەگەڵ جەوهەردا بکەیت، نەک لەگەڵ واقیعی ڕۆژانەدا، دیسانەوە بەراوردە بەناوبانگەکەی مییرهولدتان بە بیر دەخەمەوە کە دەڵێت: جیاوازی نێوان ئەو دووانە وەکو جیاوازی نێوان ڕەز و شەرابە، ئەوان واتە ڕیالیست و ناتورالیستەکان ڕەز پێشکەش دەکەن، ئێمەش شەراب. لەشانۆی مەجازدا جەخت لەسەر جەوهەر و ناوەڕۆک دەکرێتەوە، ئەمەش پێبەندە بە بۆچوون و دید و دنیابینی هونەرمەند لەشێوازێکی هونەریدا. واتە بەرجەستەکردنی جەوهەری واقیع بە ڕوانگە و دیدی هونەرمەند خۆی، نەک وەکو خۆی و بە هەموو وردەکارییەکییەوە، هەر لەم دیدەوە شێوازگەری خۆی دەسەلمێنێت.

قوتابیانی هونەری نواندن لەنێوان ئەم دوو تێرمەدا «ڕیالیزم و مەجازییەت» گەلێک جار تووشی شڵەژان دەبن و دەکەونە گومانەوە، چونکە بەدوور لە هەموو شیکردنەوەیەکی فەلسەفی و ئێستێتیکی و تێرمی واقیعی بەرەو ژیانی ڕۆژانەیان دەبات، مەجازیش بەرەو شاعیرییەت و ڕەمزییەتیان دەبات. بۆ یەکەمیان ستانیسلاڤسکی و میتودە سایکۆلۆژییەکەی کلیلە، بۆ دووەمیشیان مییرهولد و میتودەکەی کلیلە.

پێم وایە باشترین شێوە بۆ بەشانۆییکردنی واقیعی و ژیانی ڕۆژانەمان ئەوەیە کە واقیع لە شێوازدا بەرجەستە بکەین، واتە واقیعێکی مەجازیانە پێشکەش بکەین، ڕەنگە تێرمی ڕیالیزمی مەجازیانە باشتر بگونجێت لەگەڵ ئەو شێوازەی کە من کاری لەسەر دەکەم، هەر بۆیە پەنا دەبەمە بەر هەردوو کەڵە ڕێبەری شانۆ و دامەزرێنەری میتودی ڕیالیزم مەجاز و هێما. واتە ستانیسلاڤسکی و مییرهولد.

### لایەنی پەروەردەیی

ئەمەش لەڕووی پەروەردەییەوە کارێکی وەنەبێت ئاسان بێت، بە تایبەتی کە تۆ مامۆستایەکی میوانیت و دەبێت لەماوەیەکی دیاریکراودا «پێنج هەفتە» شانۆنامەیەکی دوور و درێژی وەکو یارییە خەونێک لەسەر بنامەی وۆرکشۆپێک بگەیەنیتە نمایش. دەفەرموو کێ دەتوانێت فریای شیکردنەوەی هەموو ئەم پرسیارە ئاڵۆزانە بکەوێت، ئەگەر وەکو مامۆستایەکی خۆپەرست بیربکەیتەوە، دەبێت هەموو کاتەکەت بۆ دەرهێنانی شانۆنامەکە تەرخان بکەیت و وەکو ڕۆبۆت ڕەفتار لەگەڵ ئەکتەرەکانتدا بکەیت، تاکو بەرهەمێکی پەسەند دوای خۆت بەجێ بهێڵیت، بۆ ئەوەی هەر نەبێت وەکو ڕێژیسۆرێکی سەرکەوتوو ستایشت بکەن، بەڵام لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی خۆت وەکو مامۆستا و پێداگۆگ دەدۆڕێنیت، کە لە ڕاستیدا ئەمە ئەرکی سەرەکی تۆیە و بەپلەی یەکەم بۆ ئەم مەبەستە بانگ کراوی. پێوەندی نێوان ڕیالیزم و مەجازییەت، پێوەندییەکی ئاڵۆزە.

یەکەمیان سەرچاوەی ناوەڕۆک و مانایە، بۆیە دەبێت لەوێدا بۆ جەوهەر بگەڕێیت.

دووەمیان زمانی هونەری و ئێستێتیکایە، فۆرم و ڕوخساری ناوەڕۆکە. هەر ئەمیانە کە ناوەڕۆک لە دوو مەودا و ڕەهەندا دەکات بەشانۆ. ئەم دوو ڕەهەندەش میزانسین و ڕیتمە.

### ڕیتم و میزانسین

بەشێکی زۆری ڕاهێنانەکانم لەسەر ئەم چەمکە دەڕۆن، بەرجەستەکردنی واقیع بە ڕیتمی چەسپاو و لە میزانسینی جوان و پڕ مانادا، لەم ئەرکەیاندا میتودی مییرهولدم پێ دەوڵەمەندترین میتودە.

وەنەبێت مییرهولد یەکەم کەس بێت پەنای بۆ ئەم چەمکە بردبێت، نەخێر بەر لە ئەو کەسانی وەکو «فاگنەر» لە ئۆپێرا و «جۆرج فوکس»ی ئەڵمانی لەبواری ئێستێتیکدا، کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە و لەسەریان نووسیوە، بەڵام لەلای مییرهولد بووە بەچەمک و بناغەی میتودی نمایش و ئەکتەر و ڕێژیسۆر.

کاری شانۆکار لەبنەڕەتدا بەشێوازکردنی واقیعە، تەنانەت ئەوانەی کە زۆر خۆیان بەواقیعی دەزانن، هەندێک جار بێ ئاگا لەوەی کە دەیکەن، واقیع لەشێوازێکی مەجازیدا پێشکەش دەکەن، دەشبێت هەر وابێت، چونکە واقیع وەکو خۆی لەسەر شانۆدا پەسەند ناکرێت و کەس بەرگەی ناگرێت، واقیع دەقاودەق وەکو خۆی لەسەر شانۆدا هونەر نییە، ئەمە تەنیا لەفیلمدا پەسەند دەکرێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر لە فیلمدا وانەبێت، فیلمەکە قبووڵ ناکەین. هەر بۆیە فیلم چەندی هونەرە ئەوەندەش پرسیارێکە و هەردەم دێتە پێشێ، بەڵام شانۆ سەد لەسەد هونەرە و پرسیاری وا قبووڵ ناکات.

ئەم بە شێوازکردنە کارێکی حەتمییە لە شانۆدا، چونکە دراما لە بنەڕەتدا ئەرکێکی شیعری هەیە، بەڵام بەپلەی جیاواز ئەنجامی دەدەین، هەر ئەوەندەی باس لەواقیع بکەین و بیخەینە سەر شانۆ، شێوازی دەدەینێ، بەڵام هەرکەسە و بەپێی توانا و شارەزایی و تێگەیشتن و ئەزموونی خۆی، ئەمجا مەسەلەی دەستڕەنگینی و وەستایەتی و کارامەییش دێتە پێشێ، مەسەلە تەنیا تێگەیشتن و لایەنی تیۆری نییە، شارەزایی ڕێژیسۆر لە بواری ڕیتم و مۆسیقا و میزانسین و فەزا و پێکهاتی سەر شانۆدا لەچەمکی مەجازییەت و شێوازگەریدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## سەبیحە عەزیز ئەحمەد مەلا بەکر

سەبیحە خانی دایکم کچی عەزیزە فەندی هەولێرییە، بە گوێرەی دەفتەری نفووس ساڵی (١٩١٣) لە کۆیە هاتۆتە دنیاوە، وەک لە (فەتحوڵلافەندی - فەتحوڵلا عەبدوڵلا پیرۆت)ی خەزوورم بیستوومە لە دایکبووی ساڵی (١٩٢٠)ە، بەڵام خۆی دەڵێ من دوو ساڵ لە (فەتحوڵلافەندی) بچووک ترم.

ئۆدە سەبیحە لە وەرامی پرسیارێکدا گوتی: باوکم (عەزیزەفەندی هەولێری) لەگەڵ (عەزیزەفەندی)یەکی دی لە کۆیە مامۆستا بوونە، ئەویش بەر لەوەی باوکم ژن بێنێت، ئەو سەردەم تازە (گرانییە گەورەکە) بەسەر چوو بوو، دیسان ئۆدە گوتی: باوکمیان وەک مامۆستا بۆ کۆیە ناردبوو، وەک لە دەمی باوکمەوە بیستوومە، لە کۆیە لە فەقیرخانە قوتابییانیان فێری خوێندن کردووە، لە کاتی وانە گوتنەوەدا لەبەر نەبوونی کەرەستەی خوێندن قوتابییان لەسەر زەوی دانیشتوونە، دیارە هەر قوتابییە پارچە لبادێ، یان حەسیرێ، یان ڕایەخێکی لە گەڵ خۆدا بۆ قوتابخانە هێناوە، ژمارەیان (١٠ تا ١٥) قوتابی بووە، دایکم گوتی: لەوانەی ناویانم لە بیر ماوە: (جەمال عەلی قۆرچی - جەمال ئەفەندی) و (قادری حاجی ئاوڕەحمانی - قادرەفەندی) و (کەمالی وەهابە کەڕی)، دوای ئەوە باوکم لە کۆیە ماوەتەوە و خوازبێنی دایکم (بەدریە سولەیمان هەولێری) کردووە و بە بووکی بۆی هاتۆتە کۆیە، ئۆدە گوتی: چونکە مامەکانم مامە قاسم و ئیسماعیل و بەکر و میکائیل و سولەیمان، حاشایان لە باوکم کردبوو؟ بە حسابی ئەوان باوکم وازی لە کارو کاسبی هێنابوو، پارەی حەرامی (مەبەست لە پارەی



**سەبیحە عەزیز ئەحمەد مەلا بەکر**

مامۆستایی)ە لە حکوومەت وەرگرتووە! عەزیزەفەندی باوکم جاری یەکەم قورئانی لای مەلا خەتم کردووە و لە سوختەخانەدا خوێندوویەتی، بەر لەوەی بە سەربازی بچێتە (ئەدەنە) و لەوێ لە تەک سەربازی، مەکتەبی مامۆستایان تەواو بکات، شایانی باسە باوکم تورکی ئەستەنبۆلیشی زۆر چاک دەزانی.

دیسان ئۆدە گوتی: سێوە کاتبی (مەلا حەوێز ئاغا) بوو، شەوان کاتێک ئاغا لە دیوەخانەکانی (حاجی ئەسعەد)، یان (حاجی کاکەمین) بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، سێوە (لۆکس)ی بۆ ئاغا هەڵدەگرت و لەپێشی دەڕۆیی، زۆرجاریش بە ڕۆیشتنەوە گۆرانی بۆ دەگوت، بۆ نموونە: شلەوخانان، جەبارە و جەبارە، خەڵکی ئەوکاتە هاوینان لەسەربان دەنووستن، بۆیە گوێمان لەو گوتنانە دەبوو، ئەوکاتە ماڵی مەلا حەوێز ئاغا لای گەرماوی (حەسەن ئاغای) بوو، ژنە گەورەکەی کە ناوی (حەلیم خان) بوو، خوشکی (حەمەزیاد ئاغا) بوو، بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، ئنجا مەلا حەوێز ئاغا ژنی دووەمی (سەعادەت خانی کچی عەلیاغای هەولێری) هێنا، بەو بۆنەیەوە حەوت شەو و حەوت ڕۆژان شایی بوو، شەوان چەندین لۆکس پێ دەکران، مەلا ئەسعەد و سێوەش دانیشتبوون گۆرانییان دەگوت. تەنانەت تاژی و توولەکانی ماڵی ئاغاش بەو بۆنەیەوە قوماشی (گوڵ باتمان)یان لەبەر کرابوو، ئەم ژنە تازەیەیان کە منداڵی کەوتە زگ، (دۆڵ و زوڕنا) لێدرا، هەتا منداڵەکە بە ناوی (سەردارئاغا) لەدایک بوو، ئەو دۆڵ و زوڕنایە زۆربەی شەوان بەردەوام بوو. یەکێک لەو گۆرانییانەی ئەو شەوانە لە لایەن سێوە و مەلا ئەسعەدەوە دەگوتران:

**جەبارە و جەبارە**<br>**جەبارە و جەبارە**<br>**جەبارەی نەورۆزی**<br>**چەندە قیت و قۆزی**<br>**لە چاوان ئاڵۆزی**<br>**بکەن قیمە قیمە**<br>**بێ مەکان ناژیمە**

هەروەها ئۆدە سەبیحە گوتی: لە کۆیە ژنێک بە ناوی (مێرەمێ میرانی) هەبوو، ژنێکی بچکۆلانەی بەژن کورت بوو، پێستی سپی وەک بەفر، هەمیشە تاس و کڵاوی کوردی لەسەر بوو، زۆر دەنگخۆش بوو، مێردی ئەو ژنە ناوی (میران) بوو کاری چایەچی بوو، کوڕێکی هەبوو بە ناوی (برایم) و دوو کچیشی هەبوو بەناوی (ناجیە) و (ئامین) ئەوەی دوایی لە ماڵی ئاغاکان بوو، وەک دایکی گۆرانی و لاواندنەوەی پرسەکانی دەزانی، مێرەم ئەگەر کەسێک بمردایە دەچوو، گۆرانی پێدا هەڵدەگوت، کاتێک دوو جوولەکەی کۆیی بە ناوی (ڕەحمین و شەمعون)ی برای، بە مەبەستی بازرگانی بۆ (قەڵادزێ) چوو بوون، لە ڕێگە جەردە ڕێگەیان پێ گرتبوون و هەردوویان کوشتبوون، جا یا مێرەم لە پرسەکەیان لە بیرمە دەیگوت:

**قللی قللی قللی**<br>**چوویە دەرێ بە پشتی نەبەستی**<br>**هاتییەوە بە دری شکستی**

ئۆدە گوتی: کەسێکی دی هەبوو بە ناوی (مچەی حەبە کشمیش) و بە (مچە ژنانی) بەناوبانگ بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، جلی (کەوا و چاکەت)ی کۆییانی لەبەر بوو، (مشکی) لەسەر بوو، بە هاوین (کەوا)ی سپی لەبەر دەکرد، پیاوێکی چوارشانەی قەڵەو، بەڵام جوان بوو. هەمیشە لەناو ژنان بوو، کەس شەرمی لێ نەدەکرد، گۆرانی دەگوت و سەمای دەکرد و دەسرۆکەی ئاڵاو واڵای

بەسەر سەری خۆی دادەدا، بستەی لێدەدا. یەکێک لە گۆرانییەکانی مچە ژنانی:

**بەللار و بەللار**
**مارمان ماراوسێ چیغمان جیایە**
**حەیفم بۆ بالآت شەو بە تەنیایە**
**ئەی بەللار و بەللار و بەللارت بم**
**بە فیدای مەمکۆلەی گوڵ هەنارت بم**
**مار لە مەریوان در لە دوو جێگە**
**خۆم غەریب ماوم لەو سەرە رێگە**

لەبیرمە مچە ژنانی دەیگوت: خوای گەورە بۆ نەتکردم بە پیاو؟ بۆ خۆم ژنێکم دێنا. ئۆدە درێژەی بە قسەی دا و گوتی: کە من بە بووک چووم، ئەو گۆرانی بۆم دەگوت، بەتەمەن گەورە بوو، سەر و سمێڵی لە خەنە دەگرت. مچە ژنانی بە سواری ولاخ دەهاتە کۆیە و لە ماڵە ئاغاکان میوان دەبوو، ژنی جوانی دەدیت پێی هەڵدەگوتن. شایەری چاک بوو، شاباشی وەردەگرت.

ئۆدە گوتی: لە کۆیە جەلال بەگ و جەلیل بەگ هەبوون، کە کوڕی حاجی عەولابەگی بوون، زۆر برادەری باوکت و ئەوان بوون، ئێستاش لە کۆیە ئەو بن تاقە هەر بە ناوی حاجی عەولابەگی ماوە، لە بیرمە کە بووک دەگوێزرایەوە، مام سێوە و (باوکت - ئەحمەدی حەمە مەلا) و جەلال بەگ و جەلیل بەگ و کاک عەونی شاعیر و وەستا عەبدەی ئاسنگەر و کاک عومەری مام عەولا، لەسەر بانی ماڵی زاوا دەوەستان و گۆرانییان بەو بۆنەیەوە دەگوت.

هەروەها ئۆدە سەبیحە گوتی: کەسێکی دیکەش هەبوو بە ناوی یا (ئامینەی خەلەف چاوەش)ی ئەویش لە شین و پرسەدا گۆرانی دەگوت.

ئۆدە گوتی: ژنێکی دی هەبوو بە ناوی (فەقێ گوڕێ) لە قوتابخانە (کرێکار) بوو، مەولوودی دەخوێندەوە و جار جارەش وانەی (ئایین)ی بە قوتابیان دەگوت، لە پرسەشدا لاواندنەوەی دەکرد.

ئۆدە گوتی: کەسێکی دی هەبوو بە ناوی (دەروێش) لای کاک (مستەفا)ی هیرانێ بوو، لەبەر دەنگخۆشی ئیزنی نەدەدا، مەگەر ناو ناوە شەوێک بۆ کۆیە ئیزنی دابوایە بۆ دیتنی هاوسەرەکەی، ماڵی لای ماڵی (فەتاحی کاڵەکدروو) بوو، شەوان حاڵی دەگرت، دەنگی هەتا بلێی خۆش بوو، کە لە مەولوودان دەیگوت، ژن دەگریان!

هەروەها ئۆدە گوتی: هەموو چوارشەموانێک خەڵکێکی زۆر لە کۆیە دەچوونە سەر (دەرماناوێ ئاشان)، لە هەوراز قەسری (حەمە زیادئاغا)ی بوو، ئەو ناوە هەمووی ئاشی ئاو بوو، ئینجا لێرە شایی دەگەڕا (مام قادری حەمامچی) شیرێکی بەدەستەوە دەگرت و سەرچۆپی کێشی دەکرد و گۆرانیشی دەگوت، خەڵکەکە خواردنی ئەو ڕۆژەیان لەگەڵ خۆدا دەبرد. لە بیرمە کەسێکی دی هەبوو، بە ناوی (مام ساڵحی قالەی وەتمانی) هەر لەو شوێنە بەشدار دەبوو، ئەمەیان دەنگی زۆرخۆش بوو، گۆرانی لە ناو شاییدا دەگوت، منداڵ و گەورە و بچووک شایی ڕەشبەڵەکیان دادەمەزراند، خەڵکەکە بۆ ئەو ڕۆژە چی جلوبەرگی ئاڵاو واڵایان هەبوو دەیان پۆشی، یەکێک لە گۆرانییەکانی مام ساڵحی قالەی وەتمانی دەڵێ:

**هەرگر**
**وەبانان وەبانان**
**هەرگر وەبانان دا**
**لەبانی باژێڕی**
**زوو خۆتم نیشان دا**
**هەرگر هەرگر هەرگر**
**هەرگر وەبانان دا**



**لەبانی باژێری**
**کەچەر بە کووچان دا**

ئۆدە سەبیحە گوتی: ئێمە بۆ (ئۆمەرخوچان) نەدەچووین، بۆ ئێمە دوور بوو. کەسێکی دی هەبوو هی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بە ناوی (میرزا غەفوور) ئاغا لەسەری کرد، کچی خۆی بداتە (کائاغای) برازای، دوو ڕۆژی بۆ دانابوو، ئەو میرزا غەفوورەش چەند ڕۆژێک بوو، ژنێکی کۆیی کارەکەری ماڵانی بە ناوی (ئایشیلە) خواستبوو، ئەو ژنە بە ماندووبوون و کارکردنی ماڵان لە هەموو ژیانی (٣٠) لیرەی کۆکردبووەوە، هەمیشە لە گیرفانی کەواکەی دابوو، دوای ئەو مەسەلەیە شەوێک لە نیوەشەودا میرزا غەفوور بە خۆی و ماڵ و منداڵییەوە بزر بوو، بەڵام ئەوەی لەو ناوە زەرەرمەند بوو، هەرگیز تا مردنیش ئەوکارەی لە یاد نەچوو، ئایشیلە بوو، کە (٣٠) لیرەکەی تێدا چوو!

ئۆدە سەبیحە گوتی: مانگی ڕەمەزانان (عەزیز زەینەل)ی (زوڕناژەن) و (حەمە عەبۆ)ی (دەهۆڵ کوت) بە بەردەمی ماڵماندا دەهاتن و بەو بۆنەیەوە مانگێک لە جادە و کۆڵانی کۆیە دەهۆڵ و زوڕنایان لێدەدا، عەزیز زۆر برادەری باوکت بوو، تۆش کە منداڵ بووی، کاتێک گوێت لەو زوڕنا و دەهۆڵە دەبوو، بە دەست و قاچ سنگمت دەکوتا، تا بتبەم بەرانبەریان بوەستیت، کە بۆ لایانم دەبردی ئارام دەبووی و لەو ژەنینەیان تێر نەدەبووی، باوکت بەرانبەر بەوە پاکەتێکی جغارە کە ئەوکاتە قوتووی تەنەکە بوو، بۆ مام عەزیز زەینەلی دەکڕی.

ئۆدە دیسان گوتی: ماڵی (مام ڕەحمین) جوولەکە هەبوو لە کۆیە، حەوت کچی هەبوو، ناویان: ساریێ، حیلوە، مەتانە، لەیلا، ڕەیحانە و ئەوانی ترم بیر نەماوە، ژنەکەشی ناوی (عەزیزە) بوو، کوڕەکانی: شەمعون، هاروون، مامە حایە بوون. باوکت زۆر کەیفی بەو کچە جوانانەی مام ڕەحمین دەهات و حەزی لە (حیلوە) کردبوو، شەمووان ئەو ماڵە بە میوانی دەهاتنە ماڵمان و باوکت (کەباب)ی بۆ دەکڕین، کوڕەکان (بلوول)یان لێدەدا و لە حەوشی ئێمە کە ئەو کاتە جاریێ هەر لە ماڵی بابە گەورەی (حەمە مەلا) بووین، شایی ڕەشبەڵەکیان دەکرد.

ئۆدە سەبیحە گوتی: لە کۆیە کەسێکی دی بە ناوی (مام تایەرە کەڕ) هەبوو، هەمیشە کتێبێکی پێ بوو، شتی ناو ئەو کتێبەی بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، پیاوێکی ڕدێن سپی بەژن کورت، لە پیرییان ڕدێنی لە عاردی دەخشا یەکێک لەو قسانەی زۆر دووبارەی دەکردەوە و خەڵکی لەبەریان کردبوو:

**وادی بە وادی**
**خواردنی کاردی**
**کاردی بە ساردی**
**لەسەر لبادی**

ئۆدە سەبیحە گوتی: کاتی خۆی مەئموورێکی گەورە نەقلی کۆیە ببوو، ئینجا کاتێک دوای ماوەیەک ئەو مەئموورە لە کۆیەوە بۆ شوێنێکی دی نەقڵ دەکرێت، کچەکەی بە ناوی (ئانییە) بزر دەبێت، دواتر زانرا ئەو کچە بە دوای کەسێک کەوتووە بە ناوی (سەیدە) کە خزمەتکاریان بووە، جا ئەو مەسەلەیە هۆنراوە و گۆرانی بەسەردا دەگوترا:


**ئانییە و ئانییە**
**کچی حەکیم خانییە**
**سەیدە لە کاروانییە**
**پەنیر لەناو ڕانییە**
**کشمیش لە گیرفانییە**

ئۆدە گوتی: دایە گەورە(*) بۆی گێڕامەوە ساڵانێک پاش ئەو ڕووداوە، دایک و باوکی کچە کیسەیەک لیرەیان بۆ (جەمیل ئاغا) ناردبوو، بۆ ئەوەی بیداتە (ئانییە)ی کچیان، لەو نامەیەدا نووسیبوویان: ئێمە دەمرین و کەسمان نییە لەو کچە زیاتر، تکایە ئەو لیرانە بدەنە دەستی. هەر دایە گەورە گێڕایەوە گوتی: دوای چەندین ساڵ ڕۆژێک ژنێک هاتە بەردەمی ماڵمان (تەشی و تیرۆگ) و ئەوانەی دەفرۆشت، ناسیمەوە (ئانییە) بوو، بەڵام زۆر تێک چووبوو، گوتم: بۆ وات بەسەر هاتووە؟ گوتی: کوڕ و کچم لە (سەیدە) هەنە، بەخێوم ناکەن، بۆیە وا دەرە بە دەرە دەگەڕێم نان پەیداکەم.

**تێبینی:**
**شایانی باسە ئەوە (٥ - ٦) مانگە ئۆدە سەبیحە ئیفلیجی ناو جێگەیە، بەڵام بیر و هۆشی لەسەرەخۆیە.**
**(*) دایە گەورە (فاتمە پیرۆت) دایکی (ئەحمەدی حەمە مەلا) و نەنکی منە. (نووسەر)**

# زمان
# هزر و کولتوور

**هاشم سەڕاج**



کتێبی زمان، هزر و کولتوور. چوار لێکۆڵینەوەی دەگمەن و دانسقەی لەخۆ گرتووە و بابەتەکانی بریتین لە «سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییانە- لە نووسینی یەدوڵڵا موقن، هزری ئوستوورەیی هەمان نووسەر، زمان، هزر و کولتوور- پۆل هێنلە، زمانی شیعرەکانی بابا تاهیر، جەنگیز مەولایی، ئەم کتێبە لە وەرگێڕانی «ڕەحیم سورخی»یە و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی چاپی کردووە، هەوڵدەدەم پوختەی بابەتی توێژینەوەکان بخەمەڕوو. وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکدا دەربارەی چەمکی سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییانە و چەند پێناسەیەکی تایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ئاماژە بەگوفتارێکی «مۆنتسکیۆ» دەدات کە پێی وابوو ڕێکخراوی سیاسی ئاسیایی لەسەر دوو هۆکاری سروشتی بەرچاو؛ هەبوونی پێدەشتی بەرین و ناهەمواری کەشوهەوا و سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییانە دامەزراوە، ئەم تێڕوانینەی مۆنتسکیۆ بووە بناغەی تێڕوانینی زۆربەی نووسەر و بیرمەندانی ئەورووپا لە «هیگل»ەوە تا «جۆن ستوارت میل».. دەگەڕێنەوە سەر توێژینەوەکەی «یەدوڵڵا موقن» کە دەسپێکی بابەتەکەی بە بەرهەمە بەناوبانگەکەی «کارل ویتفۆکل» بەرهەڵا دەکات کە «سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییانە»یە. جەخت لەسەر ئەوە دەکرێ کە لە «سەدەکانی شازدەیەم و هەڤدەیەمدا، بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیی و بازرگانییەوە دەسەڵات و بازرگانی ئەورووپا سەرانسەری جیهانی داگرت».. بەڵام بابزانین ئەم لێکۆڵینەوەیە چۆن ڕەوشی سەرەڕۆیی لەژیار و شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتیدا دیاری دەکات و خاڵی هاوبەشی ئەم کۆمەڵگایانە، واتا کۆمەڵگای «ڕۆژهەڵاتی»، یان «ئاسیایی».. لە دەسەڵاتی دیکتاتۆرییانەی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها لە ڕوانگەی چاودێرانی ڕەخنەگر (دیکتاتۆرێتی «ڕۆژهەڵاتی» بێ بەزەییترین شێوەی دەسەڵاتی تۆتالیتێر دەنوێنێ)، بەڵام چەمکی سەرەڕۆیی بۆ وەسف کردنی حکوومەتە ئاسیاییەکان لە کتێبی «سیاسەت»ی ئەرستۆدا بەم شێوەیە وەسف دەکرێ «ڕەوشتی بەربەرەکان زیاتر حەزی لەکۆیلەتییە تا ڕەوشتی یۆنانییەکان، ڕەوشتی ئاسیاییەکانیش، پتر هۆگری کۆیلەتییە تا ڕەوشتی

ئەورووپییەکان، هەر بۆیە ئاسیاییەکانیش حکوومەتی سەرەڕۆ بەبێ نارەزایەتی دەربڕین پەسەند دەکەن».. لەسەردەمە نوێیەکاندا ماکیاڤیلی لەبەرهەمە بەناوبانگەکەیدا «فەرمانڕەوا» دەنووسێ:

تاکە کەسێک بەسەر وڵاتی تورکدا زاڵە و ئەوانی دیکە هەموو بەندەی ئەون، ئەو وڵاتەکەی بەچەند میرنشین دابەش کردووە و فەرمانڕەوایەک بۆ هەر کامیان دەنێرێ و بە ئارەزووی خۆی لایان دەبات و دایان دەنێ، ئەمانە بەندەی ملکەچی خۆیانن. توێژەرانی هزری سیاسی وای بۆ دەچن کە بۆچوونەکانی ماکیاڤیلی لەسەر جیاوازی پێکهاتەی حکوومەتی عوسمانی لەگەڵ حکوومەتە ئەورووپاییە سەرەتاییەکان، یەکەمین هەوڵە بۆ پێناسەی شوناسی «ئەورووپا» و دەستنیشان کردنی لایەنە جیاوازەکانی لە «نا ئەورووپاییەکان».. پاش ماکیاڤیلی «بۆدە» ١٥٣٠-١٥٩٦- فەیلەسووفی سیاسی و کۆمەڵایەتی فەڕەنسی، دێ و خاڵی جیاکەرەوەی حکوومەتە ئەورووپییەکان لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی لەوەدا دەبینی کە لە حکوومەتە ئەورووپاییەکاندا ئابڕووی کەسەکان ڕێزی لێدەگیرێ و سامان و داراییان دەپارێزرێ، کەچی لە حکوومەتی عوسمانیدا سوڵتان دەسەڵاتی بەسەر گیان و ماڵی ژێر دەستەکانیدا هەیە و سنووری بۆ نییە» بەڵام فرانسیس بیکۆن «١٥٦١-١٦٢٤» ئەم جیاوازییە لەنەبوونی چینی نەجیب زادەکان دەبینێ، لەحکوومەتی عوسمانیدا جی، هارینگتۆن «١٦١١-١٦٧٧» تیۆریزانی سیاسی بەریتانی پێی وابوو کە لە تورکیای عوسمانیدا هیچ کەس بێجگە لەسوڵتان مافی خاوەنێتی زەوی نییە».

تێبینییەکانی«بێرنییە»ی پزیشکی فەڕەنسی «لەسەر وڵاتانی ئاسیا» کە بە سەفەر چووبووە تورکیا و ئێران و هیندستان کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر هزرڤانانی سەردەمی ڕۆشنگەری و بەتایبەتی لەسەر «مۆنتسکیۆ» (١٦٨٩-١٧٥٥) هەبوو.. وەک لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە «پی. بەبل- ١٦٤٧-١٧٠٦» فەیلەسووفی فەرەنسی و پێشەنگی ڕۆشنگەری، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٧٥٦دا وشەی «سەرەڕۆیی» بە واتا ئەمڕۆییەکەی بەکارهێنا.

ئەورووپا لەسەردەمی کۆندا پتر لە بارودۆخی سستمی فیۆدالیزمدا ژیاوە، کەچی ئاسیا کە مۆنتسکیۆ لە «ڕوحی یاساکان»دا جەختی لەسەر دەکات هەمیشە ئیمپراتۆریەتی مەزنی هەبووە.. «هەربۆیە لە ئاسیادا دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام دەبێ سەرەڕۆیانەبێ. مۆنتسکیۆ دەڵێ: یەکەمین تایبەتمەندی سەرەڕۆیی ئەمەیە کە ڕژێمێکی سیاسی بێ پێکهاتەیە! نە پێکهاتەی سیاسی- دادوەری هەیە و نە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.. مۆنتسکیۆ مەبەستی ئەوەیە کە سەرەڕۆیی بێ یاسایە. «ئەگەرچی لە حکوومەتی سەرەڕۆدا ئایین دەوری سەرەکی دەگێڕێ و دەبێتە سەرچاوەیەک لەسەرووی سەرچاوەی سیاسییەوە و لە هێندێ بواریشدا دەبێتە مایەی نیشتنەوەی بێ بەزەیی سوڵتان و هەمیش تاڕادەیەک ترسی ژێردەستەکانی کەم دەکاتەوە، سەرەڕای ئەمانەش ناوەرۆکی ئەمەیان سۆزە، چونکە لە ڕژێمی سەرەڕۆدا دین بۆ خۆشی سەرەڕۆیە و ترسێکە کە لەسەر ترسەکانی پێشوو کەڵەکە دەبێ «ڕوحی یاساکان» کتێبی پێنجەم، بەشی چوارەم».. مۆنتسکیۆ لەکتێبی شەشەم، لەبەشی دووەمی «ڕوحی یاساکان»دا دەڵێ: لە حکوومەتی سەرەڕۆ هەموو کەسەکان یەکسانن، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی کە کەرامەت و ڕەوشتی مرۆڤانەیان هەیە، واتە وەک ئەو دۆخەی کە مرۆڤەکان لە دیموکراسیدا هەیانە، بەڵکو تاکەکان بۆیە لە حکوومەتی سەرەڕۆدا یەکسانن، چونکە هەموویان بەهیچ و بەسووکی سەیر دەکرێن، چونکە لەشکر دەزگایەکی زۆر سەقامگیرە و بۆ شێوانی بارودۆخی گشتی کە سیمای سەرەکی حکوومەتێکی سەرەڕۆیە، زۆر مەترسیدارە، شتێکی زۆر پێویست بۆ حکوومەت پاسەوانە تایبەتییەکانن کە سەر بەسوڵتان خۆین و بانگیان دەکات و لەتاریکی کۆشکدا ڕایاندەگرێت.. هەروەک چۆن سەرەڕۆیی بێ پێکهاتەی سیاسی و دادوەرییە هەر بەو جۆرەش بێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە مۆنتسکیۆ دەڵێ: پاشاکانی ئەورووپا جیاوازی نێوان پارێزگاکان دەزانن و بایەخیان بۆ دادەنێن، بەڵام سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی نە تەنیا ئەم جۆرە جیاوازییانە درک پێ ناکات، بەڵکو کاتێ بیانناسێ هەوڵی لەناوبردنیشیان دەدات، هەروەها

«هیگڵ-١٧٧٠-١٨٤٠» دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئادەم سمیت و مۆنتسکیۆ- سەبارەت بەمێژوو دەڵێ: «چین، ئێران، تورکیا و بەگشتی ئاسیا، وڵاتی سەرەڕۆیانە. ئاسیا بۆتە گۆڕەپانی خوو خدەی دزێوی ڕژێمە ستەمکارەکان»... هیگڵ جۆری حکوومەتە ئاسیاییەکان بەم شێوەیە وەسف دەکات:

«حکوومەتی وڵاتانی ئاسیایی دەکرێ بە تیۆکراسی وەسف بکرێن.. ئیمپراتۆری چین و مەغۆلستان هەرێمی «سەرەڕۆیی تیۆکراسی»یە.. دەوڵەت لە بنەڕەتدا باوک سالارییە. فەرمانڕەوا باوکێکە کە بەسەر لایەنە ویژدانییەکانی فەرمانبەرانی خۆیدا دەڕوانێ، تەنانەت کاروباری ئایینی و بنەماڵەش بە یاسا دەوڵەتییەکان ڕێکدەخرێن و تاک هیچ جۆرە شوناسێکی ئەخلاقی [سەربەخۆی لەحکوومەتی تیۆکراسی]دا نییە».. سەبارەت بە هەمان بابەت چەندین بیروبۆچوونی هەریەک لەمارکس و ئەنگلس و میخاییل باکونین دەخرێتە ڕوو.

بابەتی دووەمی ئەم کتێبە توێژینەوەیەکە و لە «چوارچێوەی هزری ئوستوورەیی» دەکۆڵێتەوە. نووسەر پێی وایە بۆ ئەوەی چوارچێوەی هزری ئوستوورەیی بناسرێ، دەبێ لەگەڵ چوارچێوەی هزری زانستی- ئەزموونیدا بەراورد بکرێ.. «هزری زانستی- ڕەخنەگرانە، بەردەوام هەوڵ دەدا لەنێوان کاریگەری هەستی و تەنانەت کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا، توخمی نەگۆڕ لە توخمی بگۆڕ و دیاردەی سەرەکی و بنەڕەتی جیابکاتەوە».

هەروەها لە هزری زانستیدا سنووری نێوان «زەین- سەبجێکت» و «بابەت- ئۆبجێکت» فۆرمێکی چەسپاوو سەقامگیری نابێت، بەڵکو بەردەوام بەهۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەی زانستی ڕووی لەگۆڕانە، بەڵام تایبەتمەندی هزری ئوستوورەیی شێوەی سۆزاوی یەکەیەتی، «لەهزری ئوستوورەییدا تاک پاژێکی جیاوە نەبووی کۆمەڵگایە و کۆمەڵگاش لە بەستێنی سروشتدایە و بەهێزەکانی سروشتەوە بەندە» «چونکە هزری ئوستوورەیی لەجیهانی وێنەدا دەژی جیهانێک کە بەتەواوی بە بابەتی دەزانێ».

هاوکات هزری ئوستوورەیی خاوەندی ئامرازی ڕاڤە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕەخنەییانە نییە، ناتوانێ لەزیندانی دریاردە دەرباز بێت، هزری ئوستوورەیی بەردەوام لەگەڵ سرووش و وەهم دەژی و [دوور نییە جۆرێک لە چێژ و ئارامی بەگیانی مرۆڤ ببەخشێ- ه.س] زۆرجار کاریگەری خەونەکان لەهەستەکان گرنگترن.. نووسەری ئەم بابەتە چەند نموونەیەک دەخاتەڕوو، بابلییەکان وەک یۆنانییەکان، شەو لەشوێنێکی پیرۆزدا ڕۆژدەکەنەوە تاکو ڕێ پیشاندەریی خواکانیان لەخەوندا پێ بگات، فیرعەونەکانی میسر لە بەڵگەکانی خۆیاندا تۆماریان کردووە، خەون ئەوانی تێدەگەیاند چی بکەن، لەڕوانگەی مرۆڤی سەرەتاییەوە وەهمیش واقیعییە. واتا لەهزری ئوستوورەییدا لەنێوان خەو و بەئاگاییدا جیاوازییەک نییە «هزری ئوستوورەیی لەنێوان وێنەی شتێک و شتەکە خۆیدا جیاوازییەک دانانێ» واتا وێنەی کەسێک لەگەڵ خۆی جیاواز نییە.

وەک لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە ئەشکبووسی کۆشانی لەکاتی شەڕ لەگەڵ ڕۆستەمدا دەپرسێ کە ناوت چییە؟ دەبینین ڕۆستەم دەترسێ ناوەکەی خۆی بە ئەشکبووس بڵێ تەنانەت ناوی خۆی بە «مەرگ تۆ» ڕادەگەیەنێ. لێرەدا نووسەر- لەمەڕ چەمک و بابەتگەل و تەشق و سرووتەکانی «سیحری ڕەش» کۆمەڵێک حاڵەت دەخاتەڕوو بێ ئەوەی ئاماژە بەم زاراوەیە بدەن کە پێوەندییان بەو جۆرە ئەفسوونەوە هەیە لە هەمان کاتدا پاژێکن لەپێکهاتەی هزری ئوستوورەیی.. وەک پێوەندی وێنەو ناو و کەلوپەل و پۆشاکی کەسێک بە کەسەکەوە «هەر بەڵایەک بەسەر وێنەکە بێت بەسەر ئەویش دێت»، ئەم شێوە تەقسە سەرەتاییە لەکتێبی «لقی زێڕین»ی جەیمز فریزێردا بەدوور و درێژی باسی لێوە دەکرێ و لەکردەی جادووگەریشدا سەر بە سیحری ڕەشە.. نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند نموونەیەکی تر دەخاتە ڕوو.. وەک: ئەگەر دوژمن ناو، یان وێنە و تەنانەت تاڵەموو، یان نینۆکی کەسێک بەدەست بێنێ، کەسەکەی بەدەست هێناوە، بۆ نموونە ئەگەر خەنجەرێک لەوێنەکەی ڕۆبچێ، ئەو خەنجەرە لە لەشی ئەو کەسەشەوە ڕۆچووە، ئەم دیمەنە ئوستوورییە چیرۆکی (هەڵچوون)ی «سەلاح عومەر»ی چیرۆکنووسم بیر دەخاتەوە. کە زۆر بەکارامەیی و چێژی ئەفسانەیی لەسەر ئەم بابەتە

کاری کردووە. کاراکتەری چیرۆکەکە.. لەژوورێکی کشوماتدا بەشێنەیی [وێنە] کە چەقۆڕێژ دەکات تا ئێش و ئازار بە کەسە ڕاستەقینەکە بگەیەنێ. جا نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە بەردەوام دەبێ و دەڵێ ڕێ نەدانی وێنەکێشانی وێنەی ڕوخساری کەسەکان لەکۆمەڵگای سەرەتاییدا لەسەر ئەم بیرۆکەیە دامەزراوە، یان ئەگەر تاڵەموو، یان نینۆکی کەسەکە لەناو بچێ، خودی کەسەکەش لەناودەچێ، سێبەری کەسەکەش ئەم دەورەی هەیە.. میسرییەکان ناوی عەشیرەتەکانی دوژمنی خۆیانیان لەسەر گۆزەکان دەنووسی و لەهەندێ بۆنەی تایبەتیدا گۆزەکانیان ورد و خاش دەکرد، پێیان وابوو لەناوبردنی ناوی دوژمنەکانیان زەبرێکی کوشندەیان پێ دەگەیەنێ، چونکە هزری ئوستوورەیی جیاوازییەک لەنێوان وێنەی کەسێک و خودی کەسەکە دانانێ، بەڵام لەمەڕ خاڵی «هۆبەندی» «هزری ئوستوورەیی بەشێوەیەکی سروشتی پێوەندی هۆ و بەرهۆ دەناسێ» «بەڵام جیاوازی نێوان هۆبەندی ئوستوورەیی وهۆبەندی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ بەرانبەرکێ «تقابل»ی چەمکی بابەتی لەهزری ئوستوورەیی و هزری زانستیدا» یان بەدەربڕینێکی تر کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە «هزری زانستی پێی وایە گشت لە باژەکان پێکهاتووە و لەڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەم پاژانەوەیە کە لە گشت تێدەگات، بەڵام بۆچوونی ئوستوورەیی، هەم لە هزردا و هەم لە کردەوەشدا، لەنێوان گشت و پاژەکاندا هیچ جیاوازییەک دانانێ، واتا گشت پاژی نییە و کەرت ناکرێ و بەسەر پاژەکاندا دابەش نابێ. هاوکات نووسەر لەڕووی کات و شوێن و ژمارە و فەزا و مەودای فیزیکییەوەش ئەم حاڵەتی جیاکاری زەینییە دیاری دەکات، بابەتی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە زمان، هزر و کولتوورە کە پۆل هێنلە نووسیویەتی و (ڕەحیم سورخی) لەفارسییەوە کردوویە بە کوردی.. پۆل هێنلە لەم نووسینەیدا ئاماژە بە ڕێبازی هۆمبۆڵت و ڕێبازی ساپیر- وۆرف دەدا و هۆمبۆڵت پێی وابوو زمانە جۆراوجۆرەکان، «تەنیا لە دەنگ و هێماکاندا جیاوازنین، بەڵکو لە جیهانبینیەکانیشدا جیاوازن» پاشان نووسەر دەربارەی تیۆری ڕێژەیی زمان و کولتوور و مەعریفە، لە هەوڵ و دەسپێشخەرییەکانی هەریەک لە لوسین لیڤی- بروڵ و ئێرنێست کاسیر دەدوێ کە بەر لەهۆمبۆڵت ئەنجامیان داوە، پۆل هێنلە لە بواری زانستیشدا هۆگریی ئەو زماناس و دەروونناسانە دەخاتە ڕوو کە هەڵوەدای حاڵەتی ئافازیا «زمان گرتن»ن، یان حەزیان لێیەتی- ئەنجا بەگوفتارێکی ئیدوارد ساپیر پێوەندی نێوان زمان و ئەزموون دەورووژێنێ.. ساپیر پێی وایە «زمان بەپێی پێکهاتەی ڕۆاڵەتییانەی خۆی، ئاست و سنووری ئەزموونیشمان بۆ دەسنیشان دەکات، چونکە ئێمە نائاگایانە چاوەڕوانییە شاراوەکانمان کە بەهۆی هەبوونی زمانەوە تێیدا بەدی هاتوون دەگەڕێنینەوە بۆ هەرێمی ئەزموون، زمان ئەزموونمان بۆ دەخاتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە» پاشان بینجامین لی وۆرف لەسەر ئەو بۆچوونەی ساپیر دەڕوا و دەڵێ: زمان جۆرێک لۆژیک و چوارچێوەی گشتی ئاماژە پێکردن پێکدێنێ و بەم شێوەیە هەر زمانێک سیما «شکل» بەهزری قسەپێکەرانی بەکارهێنەرانی خۆی دەبەخشێ. پاشان دەڵێ: لەهەر شوێنێک کە کولتووریک و زمانێک پێکەوە هەڵیان دابێ، گەلێ پێوەندی گرنگ لەنێوان لایەنە گشتییەکانی ڕێزمان و تایبەتیەکانی ئەو کەلتوورەدا بەگشتی، لە ئارادا هەیە، بینجامین لی وۆرف بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی خۆی زمانی سوور پێستە ئەمەریکییەکان و بەتایبەت زمانی هۆپی لەگەڵ زمانە ئەورووپییەکاندا بەراورد دەکات، بەڵام بۆ کاری پێوەندی نێوان زمان و هزر و کولتوور و پێناسەکردنی هەریەک لەم بابەتانە و وۆرف دەڵێ: دەکرێ بە بەراوردکردنی وشەکانی دوو زمان لەگەڵ یەکتردا، تایبەتییەکانی هەر کام لەو دوو زمانە دیاری بکەین، خەسڵەتێکی ئاشکراتری زمانەکان شێوەی گەردانکردنیانە، جیاوازییە مۆرفۆلۆژییەکان و شێوەی پێکهاتنی ڕستەش توخمێکی زمانییە کە دەکرێ لەناوەرۆکی زمان جیا بکرێتەوە.. جا بەم شێوەیە پێناسەی کولتوور دەکرێ «بە هەموو ئەو پلانانە دەگوترێ کە بەشێوەیەکی ئاشکرا، یان شاراوە، چ ژیرەکی چ نا ژیرەکی، یان دژە ژیرەکی وەک سەرمەشقی ڕێبەری کردنی ڕەوشتی خەڵک لەهەموو سەردەم و دەورانێکدا ئەفرێنراون».

دواتر پۆل هێنلە دەڵێ دەکرێ پرسیارەکەی وۆرف ڕوونتر بکرێتەوە

و بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکرێ: چ پێوەندییەک لەنێوان میکانیزمەکانی زمان وەک وشەسازی، مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی لەگەڵ تێگەیشتن و ڕێکخستنی ئەزموون، یان لەگەڵ نموونە بەربڵاوترەکانی ڕەوشتدا لە ئارادا هەیە؟ بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان زمان و هزر ڕوون بکاتەوە وۆرف دەڵێ: زمانەکان بەئاشکرا لەڕووی وشەوە لەگەڵ یەکتردا جیاوازن و ئەم جیاوازییە بەشێوەیەکی گشتی، بە جیاوازیی ژینگەی قسەکەرانی ئەو زمانانەوە گرێ دراوە بۆ نموونە.. زمانەکانی ئیسکیمۆ وشەی جۆراوجۆریان بۆ جۆرە جیاوازەکانی بەفر هەیە، کەچی لە زمانە ئەورووپییەکاندا تەنیا وشەیەک بۆ بەفر لە ئارادایە، بەڵام زمانی ئازتێک لەم بوارەوە تەنانەت لەزمانە ئەورووپییەکانیش هەژارترە، چونکە ڕەگی یەک وشە بۆ سەرما، سەهۆڵ و بەفر بەکاردێنێ، ساپیر پێی وایە کە وشەکانی زمانێک بەئاشکرا، ژینگەی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی گەلێک دەنوێننەوە. دەشڵێ لەڕاستیدا گشت وشەکانی زمانێک «ڕەشنووسێکی ئاڵۆزن لەهزر، بیرۆکە و ئەو حەز و پیشانەی کە سەرنجی ئەو گەلەیان بەرەو لای خۆیان ڕاکیشاوە».. هەروەها لەزمانی- نوتکا-دا کە لە لێواری دەریاکانی باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکا دەژین گیانلەبەری دەریایی بەوردی پێناسە دەکرێ و ڕەمزی بۆ دادەنرێ.

هێندێک لەگەلانی بیابان نشین زانیاری زۆریان لە بارەی دانەوێڵە و گیانی تری شیاوی خواردنیان لا هەیە. پاشان جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە وشەکان ژینگەی گەلێک نیشان دەدەن، چونکە کولتوور بەتایبەت لەشوێنێکدا کە پیشەسازی گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردبێت، بەچڕی بەژینگەوە بەندە. پاشان دەڵێ: تێگەیشتن لەژێر کاریگەری سستمی زەینیدایە، هەروەها برونێر و گودمەن بەم جۆرە کاریگەرییەکانی سستمی زەینیان لەسەر تێگەیشتن کورت کردووەتەوە: دەکرێ تاکەکان بەرانبەر بەدیتنی شتەکان و بیستنی دەنگەکان بەهەمان شێوە هەستیار بکرێن لەبەرانبەر هێندێ دیاردەی وەک: پەڕینی ئەژنۆ، یان بژۆڵ، یان هاتنی لیکاودا دەبن.. سەبارەت بە هەمان بابەتی جیاوازی ژینگە ئاماژە بە گەلی- ئاواهۆ- دەدرێ.. بۆ نموونە لەزمانی گەلی ئاواهۆ دا ناوی ڕەنگەکان لەو ڕەنگانە دەچێ کە بە «سپی» «سوور» و «زەرد» ناویان دەبەین، بەڵام هیچ وشەیەکی کە هاوتای «ڕەش» «خۆڵەمێشی» «ڕەساسی» «خەنەیی»، «شین» و «سەوز» بێت لە ئارادا نییە، بەڵام دوو وتە هەن لە «ڕەش» دەچن، یەکیان ڕەشێکی تۆخە و ئەوی دیکەیان ڕەشێکی کاڵترە وەک ڕەنگی ڕەژوو..


بۆ ئەو ڕەنگانەی کە لای ئێمە بە «خۆڵەمێشی» و «خەنەیی» ناودەبرێت.. لەو زمانەدا تەنیا یەک وشە و بۆ «شین» و «سەوز»یش تەنیا وشەیەک هەیە.. واتا دابەشکردنی شەبەنگی ڕەنگەکان لای گەلی ئاواهۆ لەگەڵ دابەشکردنەکانی ئێمە جیاوازە. ئەمانە نموونەگەلێک بوون بەهەمان زمانی وەرگێڕی کوردی گوێزرانەوە تا خوێنەر جۆرێک لە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم کتێبە پەیدا بکات.. پاشان لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ناواهۆیی و پاشگرەکانی زمانی وینتوو دەدوێ و شێوازی ئاخاوتنی زمانی ناوەنجیی ستاندەری ئەورووپا لەگەڵ زمانی هۆپیدا بەراورد دەکا و بەدوای جیاوازییەکاندا دەگەڕێ و یان لە زمانی ناونجی ئەورووپیدا دووجۆر ناو لە یەکتر جیادەکاتەوە. ناوی تاک [یان ناوی شیاوی ژماردن] وەک «یەک دار، یەک داردەست، یەک پیاو» و ناوی گشتی «یان ناوێک کە نەژمێردرێ». ئەم لێکۆڵینەوەیە بابەتگەلێکی زۆر و زەبەندی زمانی لەخۆگرتووە و لێرەدا کۆتایی بەم بابەتە دێنم هەڵبەتە دوایین لێکۆینەوەی ئەم کتێبە چەند تێبینییەکە لە بارەی شێوەی ساخکردنەوەی چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: زمان، هزر و کولتوور، و: ڕەحیم سورخی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٦.**

# فەرهەنگی کوردی- کوردی (هەراشان) و چەند سەرنجێک

تاریق سالح



هەبوونی فەرهەنگ لەنێو هەر زمانێکدا گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەتی بۆ زمانی کوردی کە هێشتا نەبۆتە خاوەن زمانێکی ستاندارد و یەکگرتوو بۆ نووسین. لەلایەکی تر شێوەزار و زاراوەی جیاجیای هەیە، کەواتە بوونی فەرهەنگ بۆ زمانێکی وەها دوو بەرانبەر گرینگی و تایبەتمەندی خۆی دەبێت، بە تایبەتی ئەو فەرهەنگە (کوردی بۆ کوردی) بێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەنێو زاراوەکاندا ناوی جیاجیا بۆ تاکە وشەیەک هەیە، واتە وشە هەیە زۆر ناوی جیاجیای هەیە، بەڵام هەمان ماناشی هەیە، بۆ نموونە، وشەی خنجیلانە کە: (ژیکەڵە، شەنگ، جوان، ناسک، ڕێکوپێک، جان، خشۆک، بەدەو، ڕەند، زیبا، قشت)یشی پێ دەوترێت. ئیتر لەم سۆنگەیەوە بوونی فەرهەنگێکی ئاوەها گرینگ و پێویستە بەتایبەتی لەم چەشنەی فەرهەنگی هەراشان کە د. کوردستان موکریانی لە پێشەکییەکەی بۆ گەوران دەڵێ: «فەرهەنگی هەراشان تاکە فەرهەنگێکی کوردی- کوردییە، کە بۆ منداڵانی تەمەن نۆ ساڵ و بەرەو ژوور بەشێوەی فەرهەنگەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو داندرابیت» (١)

ئەم فەرهەنگە جیا لەفەرهەنگەکانی تر کە زیاتر بۆ منداڵان نووسراوە لە هەمان کاتدا وشەکان بەشێوەی ئەلفوبێ ڕیزکراون و بۆ هەر وشەیەکیش جگە لەوشەکە بەزاراوەی تر ئەوە بەشێوەیەکی سادە و ساکار واتای وشەکە بەنیوە دێڕێک، یان دێڕێک ڕوون کراوەتەوە و ڕستەشی بۆ بەنموونە هێنراوەتەوە، وێڕای بوونی وێنە لەو شوێنانەی کە پێویست بووە، هەموو ئەمانە ئاسانکارییەکی باشن بۆ زیاتر تێگەیشتن لەواتای وشەکانی نێو فەرهەنگەکە.

لەفەرهەنگی هەراشان، هەوڵ دراوە وشەکان لە ڕووی ڕێزمانیشەوە تیشکیان بخرێتە سەر کە بۆ هەر وشەیەک نیشانەی (ن- بە کورتکراوەی ناو و نیشانەی/ ئان- بە کورتکراوەی ئاوەڵناو بەرانبەر وشەکان دانراوە) و ئام - نیشانەی ئامرازە و ئاک- ئاوەڵکارە ج- جێناوە چ- چاوگ دیسانەکە ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی خوێنەر، یان ڕاستتر بڵێین: منداڵان ئەوانەی لە نۆ ساڵ و بەرەو ژوور کاتێک سەیری وشەکان دەکەن، بزانن کامەی ناوە و کامەی ئاوەڵناوە، یان..تاد کە

من پێم وایە نەک هەر بۆ منداڵ، بەڵکو بۆ گەورانیش ئەمە پێویستە و سوودی هەیە، چونکە مەرج نییە هەموو خوێنەرێک پسپۆڕی زمان و ئەدەبی کوردی بێ و وشەکان بناسێ، بۆیە لیژنەی ئامادەکاری فەرهەنگ کە لە کۆمەڵێک مامۆستا پێک هاتووە، بەم کارەیان فەرهەنگەکەیان ڕازاوەتر کردووە و خزمەتێکیشیان بەزمانەکەی خۆیان کردووە.

وتمان فەرهەنگەکە بەشێوەی ئەلفوبێ ڕیزکراوە، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین: کە ئەو تیپانەی ئاماژەیان پێ کراوە، وەک:

ئا/ ئە/ ب/ پ/ ت/ ج/چ/ح/خ/د/ڕ/ز/ژ/س/ش/ع /غ/ف/ڤ/ق/ک/گ/ل/م/ن/و /ی تەواوی تیپەکانی ئەلفوبێی ڕێنووسی زمانی کوردی نین، چونکە ئەلفوبێی ڕێنووسی زمانی کوردی هەر ئەو (بیست و حەوت) تیپە(پیتە) نییە. بۆیە هەریەک لەپیتەکانی: (ڵ/ر/وو/ۆ/ێ) هۆی نەبوونی ئەم پیتانەشی لەنێو ئەلفوبێیەکانی تردا بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە ئەم پیتانە ناکەونە سەرەتای وشە، بەڵام وشەشیان لێ پێک دێت، وەک: دۆ/ دەشنێ/ دوور/ کردن/ لێڵ.

ئێمە وای دەبینین ئەم وشانە بەهیچ شێوەیەک لەزمانی کوردیدا لەسەرەتای وشە نایەن، واتە لەزمانی کوردیدا هیچ وشەیەک بەدوو (وو) نانووسرێ، کەچی زۆر بەداخەوە ڕۆژانە بەدەیان و سەدان هەڵەی لەم جۆرە دەبینین کە هەندێکیان پسپۆڕییان لەبواری ئەدەبیاتدا هەیە. کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی هەولێر پۆست لەگۆشەیەکی زمانەوانی بەتێروتەسەلی باسی ئەم وشانەم کردووە، لەوێدا وتوومە: بەهیچ شێوەیەک وشە لەزمانی کوردی نە بە (ر)ی سووک و نە بە (ۆ)ی قەڵەو نە بە دوو (وو) و نە بە (ێ)ی قەڵەو و نە بە (ڵ)ی قەڵەو دەست پێ ناکات. هەربۆیەش ئەمانە نابنە تیپی، یان پیتی فەرهەنگی، چونکە لەفەرهەنگدا مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەلفوبێیانە دەکرێ کە دەکەونە سەرەتای وشەوە، بۆیە ئەلفوبێی کوردی بۆ باری فەرهەنگی لە ٢٧ تیپ- پیت پێک دێت، بەڵام بۆ بواری نووسین ئەوە ٣٢ تیپ- پیتە.

پێویستە ئاماژە بەو لایەنانە بدەین، (هەروەک لە فەرهەنگەکەدا هاتووە) کە کۆڕی زانیاری کوردستان لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئەم فەرهەنگەی داناوە و پەسندی کردووە، لەوانە:

١- نەبوونی فەرهەنگێکی (کوردی-کوردی) بۆ منداڵانی تەمەن نۆ ساڵ بەرەو ژوور.

٢- بایەخدان بەزمانی کوردی.

٣- بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان دەنووسن: زمانی کوردی بە بارێکی نائاساییدا تێدەپەڕێت و هەرکەسێک بە ڕێنووسی تایبەتی خۆی دەنووسێت و هەریەک لە خۆیەوە زاراوەیەک دادەتاشێت و دواتر دەنووسن، ئەی کۆڕی زانیاری لەکوێیە؟

٤- بۆ بەشداری کردن لە بووژانەوەی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پەرەسەندنی.

لە بەشێکی کتێبەکەدا کە هەر لە پێشەکییەکەیدایە د. کوردستان موکریانی دەڵێ: «لەدوای ڕەچاوکردنی زۆربەی تێبینییەکانی هەڵسەنگێنەران، سەرلەنوێ چەند جارێک لەم ڕووانەوە بەباری فەرهەنگەکەدا چوومەوە:

١- باری ڕێزمان.

٢- لایەنی لێکدانەوەی وشەکان، هەوڵدراوە لێکدانەوەکە تەنێ لێکدانەوەی وشە بە وشە نەبێ بۆ ئەوەی منداڵیش تێی بگات.

٣- جۆری ڕستەکان و چۆنیەتی و چەندییەتی دەربڕینی مەبەست.

٤- لەڕووی ڕێنووسەوە، وشە ناسادەکان ئەوانەی واتایەک دەبەخشن گەر شێوەی تیپەکان ڕێگە بدەن بەیەکەوە بنووسرێن: نموونە: وشەی جێبەجێکردن.

٥- وەرگێڕانی سەدان وشە لە فەرهەنگەکانی هۆڵەندی و ڕووسی و ئینگلیزی بۆ سەر زمانی کوردی تاکو لەم فەرهەنگەدا بوونیان هەبێ. لەوانەش وشەی: ئەلبوم- ئەتڵەس- میکرۆسکۆب..تاد.

٦- ڕێزبەندی وشەکان بەپێی ئەلف و بێی کوردی.

٧- بۆ دڵنیابوون لەو لایەنانەی کە ڕاست کراونەتەوە سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە فەرهەنگەکە» .ل٩.

حەزدەکەم سەرنجێک لە بارەی خاڵی چوارەمەوە بدەم، یان ڕاستترە بڵێین زیاتر ئەو خاڵە ڕوون بکەینەوە، چونکە هەروەک د. کوردستان ئاماژەی پێداوە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێنووسکردنی وشە ناسادەکان تا ئێستاش هەڵەی زۆر دەکرێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی چۆنیەتی لێکدانی ئەو وشانە بە دروستی ڕوون نەکراوەتەوە، یان خەڵکی لەبارەیانەوە نەیخوێندووەتەوە، ئەوە کامەیانە؟ نازانم! بەڵام بەگشتی ئەگەر وشەی ناسادە چ دارژاو، یان لێکدراوە وەک

چاوگ بەکارهاتبوو ئەوە بەسەریەکەوە دەنووسرێ و بەیەکەوە دەلکێنرێ وەک: ئامادەکردن/دادگاییکردن/ دەست پێشخەریکردن /هەڵسەنگاندن/ شیکارکردن..تاد وەک دەبینین ئەم وشانە، چونکە چاوگن و چاوگیش کات و شوێنی تێدا نییە واتای کار ناگەیەنێ، بۆیە وشەکان بەیەکەوە دەلکێنرێن، بەڵام ئەگەر هەر خودی ئەم وشانە بکەینە کارێکی دارِژاو، یان لکێدراو، ئەوە لەبەر ئەوەی جێناوی لکاویان دەکەوێتە ناوەڕاست، بۆیە بەسەریەکەوە نانووسرێن، وەک: ئامادەم کرد /دادگایی کرد/ دەست پێشخەریت کرد /یا دەست پێشخەریمان کرد/ هەڵی سەنگاند /هەڵتان سەنگاند/ شیکارمان کرد /یا شیکارم کرد/ یا شیکاریان کرد..تاد.

سەبارەت بە ناوی فەرهەنگەکە ئەوە د. کوردستان موکریانی دەڵێت: «لەدانیشتنێکی ئاسایی چەند ئەندامێکی کۆڕی زانیاری کوردستان و بە ئامادەبوونی د. وریا عومەر ئەمین باس هاتە سەر ناولێنانی فەرهەنگی بەردەست، ناوێک بێت لەگەڵ پلەی خوێندنی منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵ بگونجێت، لەو نێوانەی پێشنیارکران: قوتابی، فێرخواز، فێریار، خوازیار. د. وریاش پێشنیاری (هەراش)ی بۆ ناولێنانی فەرهەنگەکە کرد، لیژنەی فەرهەنگ لەدوای لێکدانەوەی ئەم نێوانە لەڕووی واتا و ڕێزمانەوە نێوی (فەرهەنگی هەراشان)ی پەسند کرد». لێرەوە وەک نووسەرێک و ئەدیبێک دەستخۆشی لە لیژنەی ئامادەکاری فەرهەنگ و ئەوانەی کاری هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەشیان کردووە، دەکەم و بەتایبەتی د. وریا عومەر ئەمین کە بەڕاستی ناوێکی شیاوو پڕ بە پێستی بۆ فەرهەنگەکە هەڵبژاردووە، بەوەی کە ناوەکە ڕێک لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی دەگونجێ، ئەمەش ئامانج و پلانی فەرهەنگەکەیە. لەلاپەڕە ٣١٠ی فەرهەنگەکە واتای هەریەک لە وشەی (هەراش و هەراشان) لێکدراوەتەوە، بەوەی کە هەراش (ئان) واتە ئاوەڵناوە و پێگەیشتووە بە گەشە و بە منداڵێک دەوترێت کە لە ڕاپەڕاندنی کاروباریدا ئەوەندە پێویستی بە یارمەتی دایک و بابی نییە، بۆیە دەڵێن: منداڵەکە لە خەم ڕەخسیوە، هەراش بووە و پێگەییوە. هەراشان نێوی ئەو فەرهەنگەی بەردەستتانە نێوەکەی لە (هەراش+ان) نیشانەی کۆ دارِێژراوە. خۆزگە ئەم چەند دێرەی سەرەوە کە بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی مانای وشەی هەراش نووسراوە لە بەشی دواوەی بەرگی فەرهەنگەکە ئاماژەی پێ بکرابایە و نابێ ئەوەش لە یاد بکەین سەرباری ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە لەبارەی وشەی (هەراش- هەراشان) ئەوە من وای بۆ دەچم کە واتای تریشی هەبێ بۆ نموونە: وشەی (هەراش) بەمانای ئەو شتە دێ کە کاتی خۆی لەلادێکان بۆ سەرگرتنی خانوو بەکاردەهێنرا، بیرمە گەلێ جار دەیانوت دەچینە (هەراشان و هەندێک هەراش) دەهێنین دەیخەینە سەر کاریتەکان و سەری خانووەکەی پێ دەگرین، کە وابزانم مەبەستیان لە (هەراش و هەراشان) ئەو (قەمیش و قامیشەڵانی نێو چەمەکان و بنە تەڕاش و کەبەرۆک) بوو، دەیان هێنا دەیانخستە سەر خانوو دەیانگوت: ئەمە نارِزی و خۆڕاگرە، بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە. کەواتە وشەی هەراش وێڕای ئەو واتایانەی بەڕێزانی لیژنەی ئامادەکاری فەرهەنگ ڕاڤەیان کردووە، ئەوە واتای تریشی هەیە، هەرچەند ئەو وشەیە لە هەموو ناوچەیەک بەکارناهێنرێ، بەڵام لە هەندێ ناوچە هەیە، کەواتە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت. ویڕای ئەمە لە فەرهەنگی گەنجینەی کەلەپووردا لاپەڕە ٦١ هەراش بۆ دەغڵ و دانی هەراش واتە زۆر ورد نەبوو لەگەڵ گەورە و پێگەیشتوو بەکارهێنراوە، بۆیە ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ وشەی هەراش کە بۆتە نێوی فەرهەنگێکی وا گەورە هەبووایە، پێم وایە کارەکە چەند جوانە ئەوە جوانتر و دەبوو.

لەدوا پەیڤی پێشەکییەکەی د. کوردستان موکریانی دەڵێ: «هەر تێبنییەکتان هەبوو دەتوانن بۆمانی بنێرن و پێشەکی سوپاس بۆ هارکاریتان»ل١٠. بۆیە ئێمەش بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکە هەندێ سەرنج و تێبینی دەخەینە ڕوو:

* لە لاپەڕە١١ی فەرهەنگەکەدا باس لە وشەی (ئاخ) کراوە کە بەناو ناسراوە و ١-مانای (خۆڵ)ی لەبەرانبەر دانراوە،کە ئێمە وای دەبینین وشەی (ئاخ) ڕاستە بەمانای خۆڵ دێت لەهەمان کاتدا بەمانی (گڵ و خاک)یش دێت: ئاخا وەڵاتێ من... و لەلاپەڕ (١٢٧) هەمان فەرهەنگ لە لێکدانەوەی وشەی (خاک) ئەوە: گڵ، خۆڵ، ئاخ. نووسراوە ئێ باشە کە خاک بەمانای (گڵ و خۆڵ و ئاخ) بێ ئەوە (ئاخ)یش بەمانای (خاک و گڵ و

خـــــۆڵ) دێت. بـۆ باسـی دووەم و سێیەمی هەمان وشە ڕەنگە شتێکی تر بێ.

* وشـــەی (ئاخـــافتن) چ، واتە چاوگە و وشەکانی (ئاخاوتن، گوتن، پەیڤین، وتووێژکـردن)ی لـەبەرانبـەر دانراوە، کــە ئەمـــانە ڕاستن، بەڵام واتای تر و وشـــەی تریش هەیە بۆ نموونە: (قـسـەکـردن) کـە ئاخـافتن چاوگـــە بـەهەمـــان شـــێـــوە (قسـەکردن)یش چاوگە و ڕەگـەکەی دەبێـتـە (قـسـە کـە) کـە دەڵێین: دەئاخڤم واتە (قسە دەکەم) و گوتن بەکـــارهاتووە، بەڵام لە کـــوردیدا (وتن)یشمان هەیە، (کە ڕەنگە هەر گوتن بێ و (گ) فـڕێدرابێ) دەبوایە ئامـاژەی پێ بـکرابایە، کـە هەر ئەو دوو چاوگـەن لەنێـو زمـانی کـوردی ڕەگـەکـانیـان یەکـە و دەبێـتـە (لێ) واتە (گـوتن- وتن دەبێـتـە: دەڵێم) واتە (دە+ لێ+م جـێناو) هەمـــوو چاوگەکانی زمانی کوردی کە ڕەگیان وەردەگـــرین، بەشـــێک لە تیــپی چاوگـەکـە دەمـێنێـتـەوە بۆ نموونە: خـــواردن- ڕەگی دەبێـــتـــە /خـــۆ/ نووستن دەبێتە /نوو/ گرتن دەبێتە /گـر/.. واتە پیـــتێک، یان چەند پیتێک لەبنجی وشەکە دەمێنێتەوە وەک، بەڵام تەنیـا و تەنیـا چاوگی (گـوتن- وتن ڕەگەکەی دەبێتە/لێ) کەواتە نابێ تەنیا گوتن بنووسین و وتن و قـــــــەکــــردن نەنووسین لەکـاتێکدا هەمـان مـانایان هەیە، چونکە ئامانجی فەرهەنگەکە کوردی بۆ کـوردییـە، واتە هەمـوو مـاناکـانی وشەیەک کە بەشێوەزارە جیاوازەکان هەیەتی. وێڕای ئەمە وشەی (بێژتن) کـە ڕەگـەکەی دەبێـتـە (بێـژ) هەمـان مـانای ئەمـانی هەیە، پێـــویســـتـــە ئەویش ئاماژەی پێ بدرابایە.

* لە لاپەڕە ١٦ ئامـاژە بە وشـەی (ئاشنا) کراوە، لە تەکی (ئان) واتە ئاوەڵناو نووسـراوە لەگەڵ ١-هاوەڵ، دۆست: دەمــێکە من ئاشنای ئەوم. دەتـوانین وشـــەی (ناســـیـــــار/ ناسیـاو/هاوڕێ)ی بۆ زیاد بـکەین. بۆ وشـەی (ئاوات)ن، سـەرباری ئەو وشانەی ئاماژەیان پێدراوە، دەتوانین (هـیــــــــــوا)ش دابـنـێـین، ل٢٠. ئاودەست(ن) جگە لە وشـە ئامــاژە پێــــدراوەکـــان دەتـوانین وشــــەی (ئەدەبخـــانە)ش بەکـــاربهـــێنین، هەرچەند وشـەی ئەدەب لە بنچـینە عـــەرەبی بێ، بەڵام مـــۆرکـــێکی کـوردانەی وەرگـرتووە و لای زۆربەی خەڵک بەکاردێ، هەمان لاپەڕە.

* وشــــــەی ئاوس(ن) دەتـوانین (هاوس)یشی بۆ زیاد بـکەین کــە هەمان واتای هەیە، ٢٠.

* لەنێـو ئەو وشـانەی بە پیــتی (پ) دەست پێ دەکـــەن وشـــەی (پێـــشـــەکی) واتاکـــەی لێک نەدراوەتەوە. بەهەمـــان شـــێـــوە بۆ وشـــەی (بەرایی)(ن) ســــەرەتا، لەپێـشـدا، دەسـتـپـێک نووسـراوە ئامــاژە بە پێــشـــەکی نەدراوە کــە زۆرجــــــــار لـە بـری بـەرایی، یـان دەستپێک دەنووسرێ پێشەکی.

* لە لاپەڕە ٩٤ ئاماژە بەواتاکانی وشەی (تازە)- ئان- کراوە، کە ١- نوو، نوێ. ٢-تازە، وەک ئاوەڵکار: ئێـسـتـا، هەنووکـە، نووکە، نهـۆ بۆی دانراوە، وشـەیەکی تر هەیە پێم وایە زۆر کوردی و میللیانەیە و ئێستاش لەنێـودانیـشـتـوانی دێهـاتەکـاندا بەکـــاردێ، ئەویش (ئەلعـــان) کـــە بەواتای تازە، ئێـســتـا دێت لەگـەڵ ئەوەی هەندێ جار هەنووکەش دەکەنە (هەوکــــە) واتە نوونەکـــە ناڵێـن، دەبـوایە ئەمـــانیش ئامــــاژەیان پێ بدرابایە.

* بۆ وشەی (تاسان) کۆمەڵێ وشە نووسـراوە کـە وشـەی (وڕبوون)یش دەچێتە پاڵ هەمان واتا، بەڵام ئاماژە بە (هوڕبوون) کـــراوە بە (وڕبوون) نەکراوە. هەمان لاپەڕە.

* وشـەی تاکـو (هەتاکـو)شی بۆ بەکـاردێ. ل٩٥. لاپەڕە١٧١ وشـەی ڕەو بە مانای سڵەمینەوە، ڕەوینەوەو ڕەڤ هاتووە (هەندێک جار ئاژەڵ لە ترسی دڕندان دەسڵـەمێتەوە و ڕەوی تێ دەکەوێت).

ئەگـەر بلێین: (ئاژەڵەکان ڕەویان کردووە) کەواتە لێرە (ڕەو) بەمانای ڕۆیشتن هاتووە، پێــــویست بوو ئاماژەی پێ بدرێت. ل١٧٣.

لێـرەوە جـێی خـۆیەتی ئامـاژە بە خـاڵێک بدەین ئەویش مـەبەسـتی ئێـمـەیە لە خـسـتنەڕووی ئەم چەند سەرنجەی سەرەوە کە بۆ مـەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەیە نەک ڕەخنە گـرتن، لەبەر ئەوەی هیچ کارێک بێ کەموکورتی نابێ و کاری فەرهەنگیش هێندە سانا نییە. بۆیە جارێکی تر دەستخۆشی لە بەڕێزانی ئامـادەکـاری فـەرهەنگەکـە دەکـەم، ئومـێـد دەکـەم سـەرنجـەکـان بە سینگێکی فـراوان وەربگرن هەروەک لە پێشەکی فەرهەنگەکە ئاماژە بەوە دراوە کـە ئەوەی سـەرنج و تێـبـینی هەبێ ئامــــاژەی پێ بدات و بۆیان بنێـرێ، بۆیە لێـرەوە من ئەم چەند سەرنجەی خۆم لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم بۆیان دەنێرم.

**ژێدەر: فـەرهەنگی هەراشان: کۆکردنەوە و داڕشـتنی کـۆمـەڵێک مـامـۆسـتـا: بڵاوکـراوەی کـۆڕی زانیـاری کـوردسـتـان: چاپخانەی دەزگای ئاراس: هەولێر ٢٠٠٧.**

# فۆڕمالیزمی ڕووسی– Formalisme Russe

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(زانکۆی سەلاحەدین– کۆلێژی زمان)**

دەتوانین بڵێین لەسەروبەندی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ ، فۆڕمالیزمی ڕووسی تاقە تیۆرییەکی هونەری بوو کە دژایەتی مارکسیزمی دەکرد. لەمەشدا دژایەتی و ناکۆکییەک هەبوو، چونکە فۆڕمالیزمی ڕووسی پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ فوتوریزمی ڕووسیدا هەبوو، کە ئەمەی دواییان لەلایەن کۆمۆنیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە دەستی بەسەردا گیرا، فۆڕمالیزم وەک تیۆرییەکی هونەری بەهەموو هێزی خۆی دژایەتی کۆمۆنیزم و مارکسیزمی کرد.

ئەم ڕوانینەش هی لیۆن ترۆسکی-یە کە لە کتێبی (ئەدەب و شۆڕش)دا ئاماژەی پێ کردووە کە گرنگی فۆڕمالیزم وەک (قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی)یان (تیۆری فۆڕمالیزم) پیشان دەدا. پاشان دەبینین، لەدوای شۆڕش مارکسیستە ڕووسەکان زۆر پێ لەسەر ئەم دژایەتی کردنە داناگرن و کەم بایەخ سەیری دەکەن، یەکێکی وەک لووناچارسکی– Lounatcharski، لەبارەی فۆڕمالیزمەوە دەڵێ: «سەوزەیەک بوو سەر بەهیچ وەرزێک نەبوو».

بەڵام لەسەروبەندی بەهێزبوونی ستالینیزم لەساڵی ١٩٣٠ ، فۆڕمالیزمی ڕووسی و هەموو ئەوانەی وەکو ئەمان بیریان دەکردەوە بە (تاوانی ئایدیۆلۆژی)یان لەقەڵەم دەدان و وەک بەربەستێک و کۆسپێک لەپێش شۆڕش سەیریان دەکردن.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەوەی لێی دڵنیاین ئەوەیە کە فۆڕمالیزمی ڕووسی لەسەروبەندی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا سەری هەڵداو پاشان گەشەی کرد. ئەمەش وەک ئەنجامێکی سروشتی ئەو گۆڕان و تەقڵە لێدانە گەورەیە بوو کە شۆڕش لەگەڵ خۆی هێنای.

لەم بارەیەوە ترۆتسکی دەڵێ: فۆڕمالیزم وەک لەباربردنێکی ئایدیالیزم بوو کە بەسەر کێشە هونەرییەکاندا پەیڕەوکرابێ، واتە وەک دوا پەناگای ئایدیالیزم بوو لەوڵاتێکی ماتەریالیزمی. ڕاستە هیچ شتێک فۆڕمالیزمی ڕووسی لەگەڵ مارکسیزم کۆ نەدەکردەوە، بەڵام یەکێکی وەک ڤیکتۆر ئێرلینج– V.Erlich لەگەڵ ئەو ڕایەدا بوو کە هەندێ تەکنیکی تیۆری هونەری فۆڕمالیزم لەگەڵ سەردەمی پیشەسازی سۆڤیەتی دەگونجێ، پاشان دەبینین وردە وردە، دژایەتی و ناکۆکی بەهێز لەڕەتکردنەوەی فۆڕمالیزم سەرهەڵدەدا، تا ئەو ڕادەیەی بواری قبووڵ کردنی تێدا نامێنێتەوە و فۆڕمالیستەکانیش زۆر خراپ بەرگرییان لەخۆیان دەکرد.

لێرەوە وەک دوا گونجان و بەیەکەوە ژیان، ئەرڤاتۆڤ– Arvatov و گرووپە کۆمەڵناسەکان کە ناویان لەخۆیان

نابوو گرووپی ((سۆسیۆلۆگە فۆرمالیستەکان) هەوڵیان دەدا خۆیان لەگەڵ مارکسیزمدا بگونجێنن، بەڵام لەدوای ۱۹۳۰ هیچ بوارێک جگە لە ئایدیۆلۆژی مارکسیزم لەیەکێتی سۆڤیەت، بۆ هەموو ڕێباز و بزووتنەوە فیکری و ئەدەبی و هونەرییە جیاوازەکان نەمایەوە.

لێرەوە سەردەمێکی دیکە لەژیانی فۆرمالیزمی ڕووسی دەردەکەوێ، دامەزرێنەرەکان کە هەموویان نووسەری جوان و سەرنجڕاکێش بوون پەرت و بڵاوەبنەوە و نووسینەکانیان زۆر کەمی لێ چاپ و پەخش دەکرێ، بەڵام فۆرمالیزمی ڕووسی نامرێ.

ساڵی ۱۹۲۰ ڕۆمان جاکۆبسن ڕوودەکاتە پراگ و هەموو شێواز و میتودی ڕوانین و لێکۆڵینەوەی فۆرمالیزمی ڕووسی لەگەڵ خۆی دەبا. ساڵی ۱۹۲٦ (بازنەی زمانەوانی پراگ) دادەمەزرێنێ کە لەهەوڵەکانی ستروکتورالیزمی زمانەوانی- Structura Lisme-Linguistique (= زمانناسی بنیادگەری) لەدایک دەبێ. لێرەوە، بەتایبەتی لەساڵی ۱۹۵۵-ەوە جارێکی دیکە فۆرمالیزمی ڕووسی دەکەوێتە ناو سەردەمێکی دیکەی خۆ دۆزینەوە و گرنگی پێدان، بەتایبەتی لەلایەن فۆرمالیست و دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆژئاواییەوە. لەدایکبوونی فۆرمالیزمی ڕووسی دەگەڕێتەوە بۆ دوو بازنەی ئەدەبی و زمانەوانی. یەکەمیان (بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ)یە کە لە ساڵی ۱۹۱۵ لەلایەن چەند قوتابییەکەوە دامەزراو سەرۆکەکەیان ڕۆمان جاکۆبسن بوو، گرووپی دووەم (کۆمەڵەی تۆژینەوە لەزمانی شیعری) بوو کە بەکورتکراوەی (opaia) ناسرابوو و مەڵبەندی سەرەکییان شاری پێترسبۆرگ بوو. تەواوی ئەندامەکانی ئەم گرووپە قوتابییەکانی فەیلەسووف بۆدوین دو کورتنێ- B. De Courtenay بوون. هەرە ناسراوترینیان ئیاکوبنسکی- Iakoubinski و ڤیکتۆر چکلۆڤسکی- V. Chklovski و بۆریس ئەیشنبۆم- B. Eichenbaum بوون، ئەوەی ئەم دوو گرووپەی کۆدەکردەوە، بایەخدانیان بوو بەزانستی زمان و لێکۆڵینەوە لەشیعری نوێ و فوتوریزم، ئەمانە بە چەشە و ئارەزوویەکی بێ سنوور گرنگییان بە شیعری مایاکۆڤسکی و شیعرە ئازادەکانی خلێبنیکۆڤ V. khlebnikov و ئەخماتۆڤا و ئەوانی تر دەدا. لەگەڵ ئەمەشدا هەموویان لەناوەوە لە ڕوانینیان لە زۆر ڕووەوە تەباو کۆک نەبوون. بۆ نموونە: ڤیکتۆر ژێرمونسکی هەستی دەکرد زیاتر بەلای شیعری ڕەمزیدا دەشکێتەوە. شیعرەکانی ئاننا ئەخماتۆڤا- Anna Akhmatova زۆر سەرنجی ڕادەکێشا.

فۆرمالیزمی ڕووسی بەشۆڕشێکی میتۆدۆلۆژی (منهجی) لەقەڵەم دەدرێ، چونکە تا ئەوکاتە بواری لێکۆڵینەوە و داهێنان لە ئەدەب و زمان و هونەر لەناو چوارچێوە و جیهانبینی نەریتخواز و کلاسیکی مابووەوە، ڕەخنەگرەکان پێیان وابوو دەبێ هەمیشە گرنگی بەواقیع بدرێ و لەڕوانگەی واقیعییەت بۆ شت و پێوەندییەکان بڕوانرێ، لەبەر ئەوەی پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان (ژیان) و (ئەدەب)دا هەیە و ئەمەش وەک (هۆ و ئەنجام) وایە، مەحاڵە ئێمە بتوانین لەو پێکهاتەیە ڕزگارمان بێ، هەر لەبەر ئەمە دەبێ لەم ڕوانگەوە بڕوانین. هەر لەو سەردەمەشدا فەلسەفە و جیهانی ئەدەبی لیۆن تۆلستۆی، کە بە یەکێ لە ڕابەرەکانی ڕیفۆرمی ئایینی دەژمێردرا، قورسایی لەسەر کۆمەڵ زۆر بوو، زیاتر پاڵپشتی و پشتگیری ئەم ڕوانینەی دەکرد.

بەڵام هەموو ئەمانە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ گرووپی ڕەمزییەکان (سەمبۆلیستەکان) دەشکێ، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و داهێنانی ئەدەبی ئاراستەیەکی دیکەی جیا وەردەگرن، بەرەو ئەو پێوەندییانە دەچن کە لەنێوان هونەر و ژیانی ڕوحی و میتافیزیکی و نهێنییەکانی زمانی شیعری و ڕەمز و مێتافۆر و وێنە و دیاردەکانی تر هەیە، لەناو دەزگاکانی وەشانی موساژێت- Musagete، گرووپێک لە شاعیرانی لاو یەکیان گرتبوو و لەناو ئەمانەدا شاعیری ناسراو و ڕۆماننووسی ناسراو بۆریس پاستێرناک-یش هەبوو. ئەمانە بە سەرپەرشتی بیێلی- Biely کۆ دەبوونەوە، هەڵبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە (مۆرفۆلۆژی شیعری ڕووسی)، دەتوانین بڵێین یەکەم بڵاوکراوەی ئەم گرووپە، ئەو کتێبە بوو کە لە ساڵی ۱۹۱۰ بە ناوی (سەمبۆلیزم) بڵاویان کردەوە.

لەم کتێبەدا کە گرنگییەکی زۆر بەمۆرفۆلۆژی بەراوردکاری شیعری لیریکی ڕووسی و پێناسەی شیعر دراوە، شیعریان بەشێوەیەک پێناسە کردووە وەک «خەباتێکی بەردەوام و هەمیشە ئامادە لەنێوان کێش (= ڕێگایەکی ئیجباری) و ڕیتم (= یەکێتی ناوەوە) کە پاڵ بە شاعیرەوە دەنێن بەرەو (مخالفە- infraction) کردنێکی ڕیتمی بڕوا» ئەمەشیان لەسەر بنچینەیەکی وردی لێکۆڵینەوە پیشان داوە. پاشان فۆرمالیستەکان لە


ڕەمزییەت دووركەوتنەوە، چونكە ئەمانەی دوایی، واتە ڕەمزییەكان زۆر كەوتبوونە ژێر كاریگەری بۆدلێر- Baudelaire، ئەمەش وای لێ دەكردن لە فوتوریستەكان (ئایندەخوازەكان) دووربكەونەوە، چونكە ئەمانە، واتە فوتوریستەكان- سەرەتای كاركردنیان بۆ بایەخدان بە لێكۆڵینەوە لە زمانی شیعری و تایبەتمەندییەكانی زمانی شیعری دەگەڕێتەوە.

بەڵام لەگەشەسەندنی فۆرمالیستەكاندا هەرگیز ناكرێ ڕۆڵ و قۆناغی ڕەمزییەت لە بیر بكرێ.

یەكێ لەو بەرهەمە نایابانەی فۆرمالیستەكان كەلە ساڵی ١٩١٧ بڵاوكراوەتەوە، كتێبەكەی چكلۆڤسكی-یە بەناوی (دوو لێكۆڵینەوەی تیۆری لەزمانی شیعری) كە تێیدا زۆر بەوردی لە شیعر و زمانی شیعری و تایبەتمەندی زمانی شیعری و وێنە و مێتافۆر و نەوەكانی شیعری و شاعیرایەتی...تاد دەكۆڵێتەوە.

فۆرمالیستەكان ڕۆڵێكی زۆر مەزنیان گێڕاوە، نەک هەر لە نوێكردنەوەدا، بەڵكو ئەوان ڕوانین و چەشە و جیهانبینییەكی تازەشیان داهێناوە، لەداهێنانی ئەدەبی و هونەری. كارەكانیان گەلێک زۆرە، ئێمە لێرە چەند دانەیەک پێشان دەدەین كە دەشێ هەرە گرنگتریان بن، كارەكانی فۆرمالیستەكان دابەشی سێ بوار دەكرێت: تیۆری، تەتبیقی، تێكستی ئەدەبی و هونەری.

بێجگە لەم كتێبەی سەرەوەی چكلۆڤسكی، ڕۆمان جاكۆبسن ساڵی ١٩٢١ كتێبی (شیعری ڕووسی) بڵاوكردەوە. ئەیشنبۆم كتێبی (بەناو ڕایەڵی ئەدەب) ساڵی ١٩٢٤ بڵاوكردەوە، هەروەها كتێبی (كێشەكانی زمانی شیعری) هەمان ساڵ. چوار نامیلكەكەی (پۆیێتیكا)ی تینیانۆڤ لەساڵی ١٩٢٦ و ١٩٢٨. كتێبی (تیۆری پەخشان)ی چكلۆڤسكی لەساڵی ١٩٢٥. لە بواری لێكۆڵینەوەی تەتبیقی، كتێبی (شیعرییەتی دیستۆیڤسكی) كە لەلایەن باختین- Bakhtin نووسراوە و بەهەمان ئاراستە نووسراوە ئەگەرچی ئەو لەناو بازنەی فۆرمالیستەكانیشدا نەبووە. كتێبی (تۆلستۆی لاو) و كتێبی (ماتریال و شێوازی ڕۆمانی شەڕو ئاشتی) تۆلستۆی لەنووسین: ئەیشنبۆم. نووسینەكانی تینیانۆڤ و جاكۆبسن و ڤینۆگرادۆڤ و تۆماچڤسكی و ژێرمونسكی لەبارەی: ئەخماتۆڤا و مایاكۆڤسكی و خلێبنیكۆڤ و پووشكین و لێرمنتۆڤ و نیكراسۆڤ و... تاد.






# زنجیرەیەک بۆ شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**
**(سوێد)**

هونەری وەرگێڕان یەکێکە لە گرنگترین و گرانترین هونەرەکانی دنیای نووسین و شارستانییەت و پێشکەوتن، هەر لە دێر زەمانەوە پێگەیەکی گرنگی لە دنیای ئەدەب و هونەر و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و دەوڵەمەندکردنی دیدی مرۆڤایەتیدا هەبووە. هونەری وەرگێڕان زۆر گرانە و تەنیا بە زانینی زمانی دایک و زمانێکی تر، مرۆ نابێتە وەرگێڕ، وەرگێڕان هونەرە، هونەری ئاشنابوون بە کولتوورێکی تر، بەشێوازەکانی بیرکردنەوە، بە چۆنیەتی بەکارهێنانی دیالێکت و هەڵبژاردنی وشەکان، بەچۆنیەتی گوزارشت و خوێندنەوەی پشتەوەی وشەکان، بە ماناکان و هەست کردن و گوێزانەوەی ئەتمۆسفێری نەژادی بەرهەمەکە. وەرگێڕان زمانزانینە و توانەوەیە لە زماندا. وەرگێڕی باش دەبێت زمانی خۆی، بۆن و بەرامەی خۆی، گۆرانی خۆی، ڕیتم و ئاوازی خۆی لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکەدا بدۆزێتەوە، هەڵبکشێ و دابکشێ و بە ئاسانی بەنێو ڕووداوەکاندا بڕوات. وەرگێڕی باش دەبێت زۆر بە باشی ڕووداوەکان، شوێنی پاڵەوانەکان بزانێ و وەک ماڵی خۆی تێیاندا تەراتێن بکات و ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ کەسایەتییەکان بکات و زۆر بە باشی یەکتر بناسن، لە یەک زویر بن، بە شەڕ بێن، دەست بکەنە ملی یەکتر، پێکەوە گۆرانی بڵێن، پێکەوە بن، گفتوگۆ بکەن و هەندێ جار بە بێ دەنگیش لە تەنیشت یەکەوە دابنیشن. ئەگەر وەرگێڕانیش نەبوایە، دەمێک بوو ئەدەب، شانۆ، فەلسەفە و هەموو بوارەکانی تری نووسین، تەنانەت شارستانییەتیش مردبوون. هەموو وڵاتانی جیهان، دامودەزگا کولتوورییەکان، زانکۆ و پەیمانگاکان و تەنانەت قوتابیانی دواناوەندییەکانیش ئەو ڕاستییە دەزانن. یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی بەرەوپێشەوەچوون و گەشانەوەی سەدەی بووژانەوە (ڕێنیسانس)یش لە سەدەی پازدەی ئەورووپادا، گەڕانەوە و وەرگێڕانی کولتووری گرێکییەکان بوو.

ئێمەی کورد چیمان بۆ وەرگێڕان کردووە؟ چەند دەزگا و کۆلێژی تایبەت و دارایی و پسپۆڕ و گۆڤاری تایبەت و زنجیرە و... تاد.. مان بۆ وەرگێڕان تەرخان کردووە؟ بەم سەرەتایە دەمەوێ بڵێم چی؟ بێ گومان نامەوێت باسی هونەری وەرگێڕان بکەم، لە هەمان کاتدا نامەوێ ڕەخنە لە کەسیش بگرم و پەنجەی کەمتەرخەمی بۆ دەزگا و لایەنە بەرپرسیارەکان ڕاکێشم، نەخێر، بەڵام دەمەوێت ئاماژە بە تەقەللایەکی دانسقەی پرۆژەیەکی وەرگێڕان بکەم، پرۆژەی زنجیرەی شانۆی جیهانی کە دەزگای ئاراس بڵاویان دەکاتەوە. شانۆ یەکێکە لە گرنگترین توخمە سەرەکییەکانی هەموو نواندنێکی شانۆیی و مێژووی شانۆی جیهانیش هەر لە گریکەوە تا ئەمرۆ لەسەر بنەماکانی ئەو شانۆنامانە ڕۆنراوە کە بە درێژایی مێژوو نووسراون. یەکێک لە قەیرانەکانی شانۆی کوردیش، نەک هەر شانۆ، بەڵکو هەموو بوارەکانی ترمان، نەبوونی ئەدەبێکی زیندوو و پیەسی شانۆی جیهانییە بە زمانی کوردی. شانۆی خۆماڵیش نەک نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ پێداویستییەکانی ڕەوتی شانۆی کوردی دابین بکات، بەڵکو هیچ بوونێکی ئامادە و بەردەوامی نییە و لەوانەیە زەمەنێکی تریش چاوەڕوان بین تا دەبینە خاوەنی شانۆنامەی خۆماڵی خۆمان.

شانۆی کوردی، وەک هەموو بوارەکانی تر، پشتی بەو شانۆنامانە بەستووە کە بەدەستی دوو، یان سێ و بە کۆمەڵێ هەڵەوپەڵە و سانسۆرکارییەوە لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە وەرگێڕدراون.

ماوەی ساڵ و نیوێکە سەرپەرشتی زنجیرەیەکی شانۆی جیهانی دەکەم کە لە دەزگای ئاراسەوە بڵاودەکرێتەوە، دەزگای ئاراس بە سوپاسەوە هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابین کردووە و تا ئێستا توانیومانە حەڤدە ژمارە، حەڤدە شانۆنامە لە حەڤدە کتێبی سەربەخۆدا، بە حەڤدە لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵەوە و لە حەڤدە زمانی جیهانییەوە ڕاستەوخۆ بڵاوبکەینەوە.

بێ گومان ئەم پرۆژەیە بێ هەڵە و کەموکورتی نابێت و نییە، بەڵام بنەمایەکی گرنگە، دەسپێکی گەورەی هەنگاوێکی جیددییە و لەگەڵ هەموو ژمارەیەکی نوێ و کتێبێکی نوێشدا هەڵە و کەموکورتییەکانی کەمتر دەبنەوە. ئەوەی تا ئێستا بەلای ئێمەوە جێی داخ بووە ئەوەیە کە جگە لە لاوێکی شانۆکار لە یەک دوو ستووندا، کەسی تر لەو هەموو شانۆکارەی کورد نەهاتن ڕای خۆیان لە بارەی ئەو پرۆژەیەوە دەربڕن و هەڵە و کەموکورتییەکانمان بۆ ڕاست بکەنەوە و ڕێنوێنیمان بکەن، بەهەرحاڵ ئێمە لە کاری خۆمان بەردەوام دەبین و چاوەڕوانییەکانمان لە ئاستێکی بەرزدایە و دەمانەوێت ژمارەکانی ئەم زنجیرەیە لە کۆتایی ئەم ساڵدا بگاتە ٢٢ کتێب.

زنجیرەی شانۆی جیهانی شانازییە بۆ دەزگای ئاراس، شانازییە بۆ من، شانازییە بۆ هەموو ئەو ئازیزانەی کە بە وەرگێڕانەکانیان بەشداریمان دەکەن و بمانەوێ و نەمانەوێ وەک تەقەللایەکی بەسوود، گەورە و دەوڵەمەند دەچێتە ناو مێژووی شانۆی کوردییەوە، دەچێتە ناو مێژووی بزاوتی وەرگێڕان و هەوڵەکانی دەزگای ئاراسەوە.